تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

سالح قەفتان

مێژووی گەلی کورد
و
نەتەوەی کورد تورکمان نییە

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردى - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

چاپی سێیەم
2005

مێژووی گەلی کورد

لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ

&

نەتەوەی کورد تورکمان نیە

نوسینی

صاڵح قەفتان

چاپی سێیەم

سلێمانی ٢٠٠٥

کتێب: مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ

نوسەر: صاڵح قەفتان

چاپخانە: ئۆفێستی شڤان

چاپی سێیەم : ساڵی٢٠٠٥

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

ژمارەی سپاردنی (٣٦٩)ی ساڵی ٢٠٠٤ ی وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستانی پێسپێردراوە

نوسەر

صالح قەفتان

ڕونکردنەوەیەک

لەسەر (مێژووی گەلی کورد لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ)

لەساڵیادی کۆچی دوایی مێژونووسی گەورەی گەلەکەمان، مامۆستا (صالح قەفتان)دا سەری ڕێز بۆ ئەو ئەمرە ماندوو نەناسە دائەنەوێنین. پێمخۆشە لەم بۆنەیەدا لەچاپدانەوەی بۆ جاری دووەمی ئەم بەرهەمە دەگمەن و بەنرخەی مامۆستا بکەم بەدیاری بۆ گیانی پاکی مامۆستای پایەبەرز صالح قەفتان کە لە(١٩٦٨/٨/٣٠)دا کۆچی دوایی کردوە، بەهیمەت و تەقەلای هەموولایەك بەمرازی خۆمان گەیشتین و توانیمان جارێکیتر بەدیدەی خوێنەری کوردی شاد بکەینەوە. ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێت کە ئەو بەرهەمو رەنجەی مامۆستای مێژونووس هەمیشە بەزیندویەتی ئەمێنێتەوە، لەچاپدانەوەی بۆ جاری دووەم دیارییەکی گەورەیە بۆ نەوە تازەپێگەیشتووەکانی نەتەوەکەمان و خوێنەران، کەئەم کتێبە لەسەردەمی خۆیدا سودێکی زۆری لێبینراوە، واتە لەکۆتایی ساڵەکانی شەستەکاندا رەواجێکی زۆری هەبوو، بگرە تا ساڵی نەوەتەکانیش. کە پێموایە ئەکرێ لەزانکۆ لەبەشی مێژوو وەك سەرچاوەیەك سودی لێوەربگیرێت.

ئەگەرچی من پسپۆڕی بواری مێژوو نیم، بەلاَم ئەوەندەی لەمێژووی کورد شارەزام و ئەوەندەی ئەو کتێبە مێژووییانەم خوێندۆتەوە وئەوەندەی سودم لەو کتێبە بینیوە، دڵنیام وئەزانم کە سەرچاوەیەکی گرنگ و دەگمەنە ئەتوانرێ بەسەرچاوەیەکی مێژوویی نەتەوەی کورد

دابنرێت... لەساڵی هەشتاکاندا کە وەك کتێبێکی دانوسقە و دەگمەنی مێژووی کورد شان بەشانی شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسیی و کوردوکوردستانی ئەمین زەکی بەگ ومێژووی ئەدەبی عەلادین سجادی وچەند سەرچاوەیەکی گرنگی ئەو ساڵانە بوو، کە خزمەتێکی گەورەیان بە خوێندکارانی کورد کرد. لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا هەر بەو گرنگی و بەنرخییەی ماوەتەوە، مێژووی گەلی کورد لەکۆنەوە.. یەکێکە لەو شاکارە بەنرخ و دانوسقانەی کە هەمیشە گرنگییەکی خۆی ئەبێت لەئێستا و لەداهاتوودا، وەك لەرابردوودا هەیبوو.. ئەوەی زیاتر هانیدام ئەوە بوو کە زۆربەی زۆری کتێبە مێژووییەکان یەك لەدوای یەك لەچاپ دەدرێنەوە. بۆیە جێی خۆیەتی وەك وەفا و ئەمەکێك بۆ ئەو کەڵە پیاوە، ئەو ئەرکە بگرمە ئەستۆ و جارێکی تر بەچاپی بگەیەنینەوە، بەچاپکردنەوەی وەك دیارییەك بۆ رۆحی پاکی مامۆستا صالح قەفتان، بۆ ئەم مەبەستە لەگەڵ خاتوو گوزیدە قەفتانی کچیدا دیدارێکمان سازدا و رێکەوتین، کە ئەویش زۆرخۆشحاڵ بوو. لەگەڵ ئەوەی کە لەبیری ئەوەدا بووە کە چۆن و بەچ رێگەیەك ئەو کتێبەی باوکی چاپ بکاتەوە. کاتێکیش من ئەو پێشنیارەم کرد و ئامادەیی خۆمم دەربڕی کە ئەوئەرکە ئەگرمە ئەستۆ، پێشنیارەکەی زۆر بەدڵ بوو. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج و تێبینی من بوو ئەوەیە ئەم کتێبە بەرێنوسی ساڵەکانی شەستەکان وحەفتاکان نوسراوە، بۆیە من پێم باش بوو کە هەوڵ بدرێ لەگەڵ رێنوس و زمانی ئەدەبی ئەم سەردەمەدا یەك بخرێتەوە، بەڵام ئەوەی کە من توانیم و پێم باش بوو و وە ئەو دەسەڵاتەشم تیا هەبوو، کەمێك

گۆڕانکاریم تیا کرد، بەڵام زۆرتری نەویست، بۆیە بەلامەوە باش بوو لەچاپی سێیەمدا تێبینی ئەوە بکرێت و بەهەند وەربگیرێت...

وەك سەرچاوەیەکی مێژوویش کە ئەکرێ بە بەڵگەو سەرچاوەیەکی گرنگ دابنرێت، لەهەمان کاتیشدا هەوڵ ئەدەم کە بتوانم بەرهەمەکانی تری مامۆستا صالح قەفتان لە بەرگێکی تردا هەموو کۆبکەمەوە وبتوانم چاپیان بکەم. کە بەرهەمێکی زۆری هەیە. هەروەها زۆر سوپاسی هەموو ئەو کەسانەی کە ڕێنمایی و ئامۆژگاریی و تێبینییان هەبوو لەسەر چاپدانەوەی ئەم کتێبە، بەتایبەتی خانوادەی خوالێخۆش بوو. بەڵام لەچاپی سێیەمدا بەباشمزانی کە یەکێك لەبەرهەمە گرنگەکانی تری نوسەر لەگەڵدا چاپ بکەم، کە ئەمەش سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ ئەم ساتەوەختەی کە مەسەلەی کورد و کەرکوك گەیشتۆتە ئاستێکی گرنگ و چارەنوساز و چەسپاندنی مافەڕەواکانی گەلی کورد.

فازیل هیمەت

٢٠٠٤/٨/٣٠

سەرەتا

ئەم نوسراوەی ئێستا لەبەر دەستایە باسی مێژووی کورد ئەکا لە زۆر کۆنەوە هەتا ئەمڕۆ، بە درێژی‌و بەپێنوسێکی ڕەوان، هەموو ئەو پلەو ڕووداوانەی بەسەر گەلی کوردا هاتوە ئەیخاتە پێش چاو، وەکو هەموو نوسراوێکی‌تر ئەمیش لایەنی تەواوو ناتەواوی هەیە. لایەنی تەواوی زۆر تیایە بەلای منەوە هەرە گرنگیان ئەوەیە کە نوسەر بە هەستێکی نیشتمانپەروەرێتییەوە مێژووەکەی نوسیوەتەوە، بەڵام ئەم هەستە وای لێ نەکردووە لەرێ لابدات‌و دەمار بیگرێ و لەخۆیەوە رووداو دروستبکات‌و بەخۆرایی بەشانوباهوی نەتەوەو مێژووە کەمانا هەڵدات، لەبەر ئەوە ئەبینن پەتی نوسینی زانستی بەرەڵڵا ناکات، وە لەو شوێنانەی ئەهێنێ، شانازی ئەکات و بەسەریا هەڵئەدات وە لە شوێنی تریش پلاری رەخنە ئەهاوێ‌و نازایانە ئەو نەخۆشی و ناتەواوییانە دەستنیشان ئەکات کە لە مێژەوە بوونەتە هۆی دواکەوتن‌و یەکنەگرتنی میللەتی کوردو نیشتمانەکەی. لایەنێکی گرنگی تریش هەیە، ئەوەش ئەوەیە، کە هەتا ئەمڕۆ هەرچی لەسەر مێژووی کۆن‌و سەدەکانی دوای پەیدابوونی ئیسلامی مێژووی کورد، بە جۆرێکی وەها ئاڵۆزاو نوسراوەتەوە مەگەر پسپۆرێك سەری لێدەرکات بەڵام نووسەری ئەم کتێبە لەبەر ئەوەی ماوەیەکی درێژ مامۆستا بووە توانیوێتی ئەم مێژووە دووروودرێژە بەجۆرێکی وەها رێکوپێك بنووسێتەوە کەهەموو خوێندەوارێك بە ئاسانی تێیبگات‌و روخسارو وێنەی کۆن‌و نوێی میللەتەکەی بەرووونی بێنە بەرچاو، هەر لەبەر ئەمەشە ئەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئەم نوسراوە یەکەمین هەوڵدان‌و بەرهەمە لەم لایەنەوە، ئەشێ لەقوتابخانەکاندا بخوێنرێت.

ڕەنگە قورسترین لایەنی ناتەواوی ئەم نوسراوە کەسەرنج زۆر رائەکێشی ئەوەبێ، کە نووسەر زۆر بەکورتی لە مێژووی نوێی گەلی کورد دواوە، بگرە هیچی دەربارەی بزوتنەوەی رزگاری کورد لە کوردستانی عێراق لەسەردتای

سەددی بیستەمەوە نەنوسیوە. لێرەدا جێی رەخنەو لۆمەیە، نەك تەنیا لەبەر ئەوەی مێژووی نوێی گەلەکەمان وەك ئەو سووتەمەنییە وایە کە ئاگری خەباتی رزگاری ئەمڕۆی کورد جۆش ئەداو نەك هەر لەبەر ئەوەش ئەو مێژووە داستانی بزوتنەوەی رزگاری راستەقینەی کوردە، بەڵکو لەبەر ئەوەش نووسەر لەوسەردەمە پڕ لە رووداوانەدا ژیاوەو بگرە بەشداری بەشێك لەو رووداوانەیکردوە بەتایبەتی سەردەمی بزوتنەوەکانی شێخ محمودی نەمر، لەبەر ئەوە نەیتوانی زۆر بەدرێژی لەسەر ئەو ماوەیە بنووسێو شتی نوێمان زۆر بداتێ، بەمە سامانێکی مێژوویی گەورەی لەدەستداین، چونکە ئەمڕۆ پێویستیمان زۆر بەو باسو رووداوانە هەیە کە لە دەروونو سنگی ئەم و ئەوەدا شارراونەتەوەو هێشتا نەخراونەتە سەرکاغەز. ئەو باسانە کە نوسینەوەی هێندەی تر کونو قوژبنی مێژووی نوێمان بۆ رووناك ئەکاتەوە. لەبەر ئەوە ئەمە بەهەل ئەزانم کە داوا لە هەموو ئەو کەسانە بکەم کە شتێك دەربارەی مێژووی نوێمان ئەزانن (جا زۆربێ یان کەم)بیخەنە سەر کاغەز پێش ئەوەی لەگەڵ خۆیانا بیخەنە گۆڕەوە. دوایی هیوامانە کە بڵاوکردنەوەی ئەم نوسراوە هاندەرێك بێت بۆ نوسەری تر چییان هەیە دەربارەی مێژووی کورد بیخەنە بەردەست چونکە میللەتەکەمان زۆر پێویستی هەیە بەشارەزایی لە مێژووەکەی. دواشت ئەمەوێ بڵێم: کە ئەم کتێبە لە کۆنەوە نوسراوەتەوە، بێ ئەوەی دەستکاری بکەین، بڵاومانکردەوە. چونکە ئەم جۆرە نوسینە پلەیەکە لە پلەکانی نوسینو ئیملای کوردی.

دکتور کاوس قەفتان

بەغدا/ ئابی ۱۹٦۸

****

پێشەکی

بەدیار چاوەمانەوە ئیمڕۆ دنیای ئینسانیەت لەهەمولایەکەوە مشووری حاڵی خۆی ئەخوات، لەم عالەمەدا هەر نەتەوەیەك لە نیشتمانی خۆیا بۆ خۆشیی پاشە ڕۆژی، خەریکی پێکەوەنانی کۆشك و سەرای ژیندەگانیو شارستانییە، کەچی بەرامبەر ئەمە ئێمە کولانەیەکمان پێکەوە نەناوە لەناحیەی زانستیدا بۆ داگیرساندنی چرای هۆشیاری لە مێشکی مرۆڤی نەتەوەکەمانا، لە مێژووەکەی (ئەمین زەکی بەگ) بەولاوە ئەسەرێکی بەنرخی ترمان نەهێناوەتە کایەوە. هەمووشمان ئەمانە ئەزانین و پێی لێ ئەنێین کە لەم ڕووەوە چ کڵۆڵییەکمان بەسەرهاتووە. خۆزگە لەناو ئەم عالەمەدا بەتەنیا ئێمە لە کەمتەرخەمیدا ئەوەندە پێشکەوتوو نەبووینایە!.

لەزۆر دەمێکەوە مەراقم بوو کە مێژوویەکی میللی بنووسمەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی بە تەواوی شارەزای زمانی بێگانە نەبووم تا لە موتالای ئاساری ئەوانەوە ئەوەی پێویستە بۆ نووسینی مێژوویەکی وەها پەیدای بکەم و ئەمتوانی تەقەلایەك بدەم، چونکە هەموو ئەیزانین کە مێژوو نووسین شتێکی ئاسان نییەو، هەر قسەی وشك کەڵك و مەسلەحەتی عیلمی تیانییە. هەواڵی ڕابوردوو خوێندنەوە، ئەگەر لەسەر بناغەیەکی ڕاست و دروست نەبێت و وریاییەکی ئەدەبی و کەڵکێکی زانستی نەبەخشێت، چ قازانجێکی ئەبێ؟ مادام لە خوێندنەوەی (مێژوو) مەبەست ئەوەیە کە ڕووناکییەك بۆ ئەفکار پەیدا بێت و لە تەجرەبەی کۆن بۆ حاڵی حازر کەڵك وەرگیرێت و بۆ وریایی و قایمکاری پاشەڕۆژ خۆ حازربکرێت و ئەمەش ئەبێ لەسەر بناغەیەکی زانیاری و وردبوونەوەیەکی جوانەڕوەری مێژوویی بنیاتبنرێت، ئینجا ئەو کەڵکە دەسگیر ئەبێ.

کەوابوو بەپێی ئەم تێبینیانە بۆ ئەوەی بتوانم مێژوویەکی میللی بنووسمەوە، لە چاوەڕوانیکردنی هەڵێك بەولاوە هیچ دەردەتانێکی ترم نەمابوو،

بەردەکەتدا تێکۆشینی (ئەمین زەکی بەگ) نەیهێشت ئەم ئاواتە ببەمە گڵەوە.
هەر کە مێژووە بەنرخەکەی دەرچوو ئەم فرمانە بۆ من گەلێك ئاسان بوو، چونکە ئەم پیاوە بزور گەوارە، ئاساری تەئریخی، جوغرافی و ئەتنۆگرافی هەموو نەتەوەکانی ڕۆژاوای نزیکی زۆر بەسەلیقەیەکی زانیارانە پشکنیوەو، لە کتێبەکانیا ناوی نەتەوەکانی هێناوە، وە ڕووداوەکانی لە دوای بژاردن بەیان کردووەو لە ئەنجامی کارا گەنجینەیەکی عیلمی و مێژوویەکی هونەرومەری نەتەوەی (کورد)ی ئەوتۆی بەرهەمهێناوە کەمانەندی نەبێت و هەرئەوەی پێ ئەوێ کە لەسایەی موتالاکردنی ئەم گەنج و جەواهێرانی عیلمییەوە کەسێك بیەوێ مێژوویەکی میللی بۆقوتابیانی مەکتەب (مەدرەسی) بەرهەم بێنێت و بیخاتە کایەوە تاکو پەیڕەوکاری ئەو سەرداری زانستییە ببێ، بەڵکو بەو بۆنەیەوە چرای هوشیاربوونەوەی نەتەوەکەمان لە ئاسۆگەی (ئەمەل) دەرکەوێ؟! ئەنجا منیش بەهیوای دەسودشاندنێکی وەهام، بەڵام لە ترسی غەڵەتکردن زۆر بەشێنەیی ئەم چەندوەختە خەریك بوومو، دووەم شەڕی جیهانیو حاڵەتی خووی خۆمو مەترسی دەستدرێژی (دەوری بائید) زۆر دوایخستم، بەڵام نەبەزیم و لە تەقەلادان دوانەکەوتم، هەتا ئاواتم بەجێهاتو ئەم نووسراوەم بەرهەمهێنا، وە بە ناوی (مێژووی نەتەوەی کورد)دوە ناومناو پێشکەشی کۆمەڵی لاوانم کرد. جا دوایی وتەم و لە پاداشتی ئەم ئەرکەما ئەوپەڕی نیازم ئەوەیە کە لە پێناوی هۆشیار بوونەوەی (گەلەکە)، ئەگەر کەڵکێکم بوو بێت، ئەوەم بەخزمەتێکی (مەعنەوی) بۆ حیساب بکرێ خۆم بە بەختیار ئەژمێرم.

نوسەر

سلێمانی ١٦/٤/١٩٥٩

سەرەتا:

پەیدا بوونی ئادەمیزاد لەسەر زەمین

لەسەر ئەم زەمینە هەندێك تیرەی ئینسان هەیە هێشتا بەڕووتی ئەژین، هیچ هۆیەکی مەدەنییانە نازانن کە بەو هۆیەوە خۆیان بژێنن. ئەکشتوکاڵ ئەزانن، ئەحەیوان بەخێوکردن. وەك ڕوت وانە، کێوییانە ئەژین بەڕاوی حەیوان وە یا بەری دارو درەخت بەرەگیا کۆ ئەکەنەوە، ئەوە ئەخۆن. ئینجا ئادەمیزادەکانی سەر ئەم زەمینە لە پێشا هەموو وەها بوون، کەس نازانێ باسی ڕابوردوویان چلۆنبووە، بەڵام کە نووسینو خوێندنیان داهێنا ئەوسا توانییان باسو هەواڵی خۆیان بنوسنو بگێڕنەوە. لەبەر ئەوە مێژوو نووسەکان هەواڵی مێژوویی ئادەمیزادیان کردووە بە دوو بەشەوە، ئەوانەی کە نوسینیان ئەزانیوە ناویانناون (ئینسانی پێش مێژوو)، وە ئەوانەی کە نوسینیان بووەو باسی خۆیان نوسیوە ئەوانەشیان ناو ناوە (ئادەمیزادی دەوری مێژوو)...ئینجا ئێمە لە پێشا جارێ باسی ئینسانی پێش مێژوو ئەکەین لە دوایی ئەوە ئەچینە باسی مێژووەکەی خۆمانەوە لەم کتێبەدا، چونکو وەها ئەکەین کتێبەکەمان بەناتەواو دائەنێین؟! لەدوای ئەم چەند وتەیە ئینجا سەرەتایەکیش ئەنووسین لەبارەی مێژووی نەتەوەکەمانەوە. پێشئەوەی بچینە ناوەڕۆکی باسەکەمان، ئەگەر بێتو لەسەرەتای ئەم کتێبەمانا دەربارەی هەواڵو نیشتمانی ئێستای (کوردان)و سنووری وڵاتەکەمان زانیارییەك بدەین، ئینجا دەسبکەین بە گێڕانەوەی مێژووی ڕابوردوومان، بەوە لە مێژووی نەتەوەکەمان چاکتر تێئەگەین. هەرکاتێك ڕوانیمانە هەواڵی تەئریخی میللەتانیتر ئەبینین هەموو نەتەوەیەك بۆ ساغکردنەوەی ڕەگەزی قەومایەتی خۆی تەقەلای داوەو شتێکی پێکەوە نووساندووە. کەواتە ئێمەش بۆ نووسینی مێژووی خۆمان پێویستە وەك ئەوان بکەین. مادام ئیمڕۆ نەتەوەیەك هەیە بەزمانو کردەوەیەکی تایبەتی میللی خۆیەوە ئەژیو ناوی (کورد)ە لە وڵاتی ئەژادیا لەپێش

میژووەوە جێگیر بووەو کردویە بە نیشتمان بۆ خۆیو تا ئێستا ئەو وڵاتەی پاراستووەو بەڕەوشتوخوو بەزمان جیایە لە میللەتانیتر، گومان نامێنی کە ئەمیش وەك میللەتەکانی تر ڕابوردوویەکی هەیەو لە ژیانا وەك ئەوان لەگەڵ ژێرەو ژوورو ئاڵۆزی ژیانا جنگی لێکداوەو خەباتیکردووە.

دەوری بەرد:

وێنەی ئالەتی دەستکردی ئینسانی پێش مێژوو، کە لە ئێسك کردوویەتی، ئەم تاقمە بەردە ڕێکخراوو تیژکراوانە ئادەمیزادە زۆر کۆنەکان دروستیانکردووەو لە باتی شەڕیان پێکردووەو هەندێکیان بۆ شتی تریش بەکارهێناوە.

ئادەمیزادی کۆن:

ئەمە سێ وێنەی ئادەمیزادی زۆر کۆنە کە لەسەر زەمین بەینێك ژیاوە. ئینجا نەماوە:

١ وێنەی یەکەم ئادەمیزادی

١

هەرە كۆنە لە (جاوە) دۆزراوەتەوەو ناونراوە (كنثرۆبۆس) يەعنى جۆرێك لە مەيمون.

٢- لە شوێنى (نياندەرتاڵ) ناوا لە ئەڵمانيا ئەم وێنەيە دۆزراوەتە كە لەعێراق و جێگاى تريشا بينراوە.

٢

٣- ئادەميزادێك كە بە (كرۆمانيۆن) ناونراوە، دۆزراوەتەوە كە لە چاو ئەوانەى لاى سەروو ئادەميزادى هەرە تازەيەو دانراوە بە (نەژاد)ى ئادەميزادى ئێستا.

٣

دەورى ئەشكەوت:

لە نيوەى دەورى بەردى كۆنا (نياندەرتاڵەكان) لەناو بەفرو سەرما خزاونەتە ئەشكەوتەكان. بەوە ماڵيى بوون و ترسى درندەشيان لە كۆڵ كەوتووە، ئاگريان ئەسوتان، لەم دەوردا ئادەميزاد گەلێك شت فێر بوو، رێكوپێك قسەى كردووە، وێنەى حەيواناتى رەسمكردووە لەسەر ديوارى ئەشكەوتەكان كە راويانكردوون و گۆشتيشيان خواردوون، ئەشكەوتەكانى ئەوروپا پڕن لەو رەسمانە.

ئادەمیزادی پێش مێژوو:

ئادەمیزاد زۆر درەنگ و بەرێکەوت تووشی (ئاگر) بووە، جارێ لێی ترساوە، توخنی نەکەوتووە. ئینجا کەزانی لێی جیا نەبوەتەوە.ئادەمیزادی دەوری بەردی کۆن بەڕاو خۆی ژیاندووە، چونکو هێشتا فێری کشتوکاڵ نەبوەو ئاژاڵ بەخێوکردنیشی نەزانیوە. بەڵام وردە وردە کاسەو کەوچك دروستکردن فێربووە، ئەویش لەدوای هەزاران ساڵ سەری گرتووە.



ئینسانی پێش مێژوو چۆن ژیاوە؟![1] کاتی پێش مێژوو

لەپێش هەموو شوێنێکی سەرزەمینا (مێژوو) لە (عیراق)و لە (میسر)دا گوشادبووە، ئەویش لەسەرەتای سێهەم هەزار ساڵی پێش میلادبووە، واتە ئەو کاتە دەسکراوە بە خوێندن‌و نووسین. ئینسانی پێش ئەو کاتە شتی بەردەستی خۆی لە (بەرد) دروستکردووەو بەجێیهێشووە. لەو بەردانەوە ئەزانین کە ئینسان لەوێدا ژیاوە. ئەمانە بەردیان تیژکردووەو کردوویانە بە چەك کە خۆیانی پێ بپارێزن. بۆیە زاناکان ئەم دەورەیان ناو ناوە (دەوری بەرد). جارێ لەمە زیاتر ئینسان هیچی تری نەزانیوە، تەنانەت وەکو حەیوانات ژیاوە هەتا نوسین فێربووەو هەواڵی خۆی نووسیوە، بۆیە مێژوو نووسەکان پەیدابوونی نوسینیان داناوە بە (دەوری پێش مێژوو)، یەعنی داهاتنی نوسین. ئینجا دەوری پێش مێژوو زۆر گران کەوتووەتە سەر ئادەمیزادو زۆر بەناخۆشی ژیاون. بەڕاوی حەیوانات‌و کۆکردنەوەی بەری دارو درەخت و بەرە گیا ژیاون. ئەم دەوری پێش مێژووە زۆر درێژە، لەسەدا، نەوەدو پێنج (٩٥٪)ی هەموو کاتی ژیانی ئینسان ئەگرێتەوە هەتا ئیمڕۆ. ئەم دەورە بەردینەش کراوە بە دوو بەش، هەر دەورە بەشتومەکی تایبەتی خۆی جیابووەتەوە، بەپێی شتو مەکێك کە ئینسانەکان توانیویانە دروستی بکەن بۆ خۆیان، وە ناونراون بە (دەوری بەردی کۆن)و (دەوری بەردی تازە).

---

[1] ئەم باسە لە کتێبی مێژوویی (طە باقر) چاپی پێنجەم وەرگیراوە، چاپی ١٩٥٦ی م.

دەوری بەردی کۆن:

لەم دەوردەدا مرۆڤ زۆر کێویی بووە، بۆ ژیان تەقەلایداوە، خواردەمەنی کۆکردنەوە لەبەرە گیاو دارودرەخت، وە بە شوێن حەیوانا عەمودالبووە بۆ ڕاوکردنی. خۆی هیچ خواردەمەنییەکی پێک نەهێناوەو دانەنیشتووە لە جێگایەکا. نە کشتوکاڵی زانیوە، نەحەیوان ماڵیکردن. لەبەر ئەوە ئەگونجێت بەم دەوری بەردی کۆنە بڵێین: (دەوری کۆکردنەوەی خواردەمەنی). وە چونکو



هێشتا بە ئاگری نەزانیوە، خواردەمەنییەکانی بەکاڵیی خواردووە. بەڵام لەدەوری بەردی تازەدا ژیانی ئابووری ئینسان لە بنەڕەت گۆڕاوە، چونکە فێری کشتوکاڵ بووە، ئاژەڵی ماڵیی کردووە. خانوو بەردی پێکەوە ناوە، کاشیو کاسەی

لەقورِ دروستکردووە. جاران کە خواردەمەنی لە کێوان کۆ ئەکردەوە، ئیستا خۆی خواردەمەنی پێك ئەهێنا.

ئینسان لەدەوری بەردی کۆنا:

سروشت شتی بەکەڵکی بەخشیوە بە ئینسان. مرۆڤ بەزیرەکیو زرەنگی خوڵقاوە، لەبەر ئەوە چارەی سەختی ژیانەکەیکردووە. هەر بەو هۆیەوە (ئیشتەجیێ)شی پێکهێناو توانی بەسەرسروشتا زاڵبێ شتی هەرە کۆنی لەبەرد دروستکردووە، پاچی بەردینی گرتووە بەدەستەوە. لەپاشا گەلێك جۆر ئالەتی چاکتری لەو بەردانە پێکهێناوە. لە خۆیەوە پێویستیی تری لێ زیادکردووە، ئەمجا توانی بە کێردی بەردین حەیوان سەر ببڕێت، گۆشت پارە پارە بکات. لە تووكو خوری حەیوان (جلی) عادی دروستبکاو بیکاتە بەر خۆی، بەئالەتی بەردین داری بڕیوەو ڕەگی دەرهێناوەو لە (ئێسك) سووژنی دروستکردووە.

دۆزینەوەی ئاگرو بەکار هێنانی:

بەدەگمەن لەسەر زەمین ئاگر بەر ئەبێتەوە. زۆر ئەگونجێت لە ڕێکەوتێکی وەهادا ئینسانی کۆن زانیبێتی کە ئاگر هەیە. ئەمجا ئینسان تێگەیشتووە کە شتێکی باشە، تێکۆشاوە هەتا فێر بووە ئاگری کردووەتەوە، وە لەوە زۆر قازانجی دیوە. ئێستا عەشایرە پاشکەوتووەکان دار لە یەك ئەخشێنن ئاگر ئەکەنەوە.. لەدوای فێربوون ئینجا خۆی بە ئاگر گەرم کردووەتەوە، چێشتی پێلێناوە، لەدەوری دانیشتوون، لەم کۆمەڵایەتییانەوە گەلێك شت فێربوون، پێکەوە دانیشتنو قسەکردن ڕیگای بۆ کرایەوە، زمان و قسەکردن پێشکەوت.

سەرو شوێنی ئادەمیزادی کۆن (بینە):

ئینسان لە دەوری بەردی کۆنا زۆر بەسەختی ژیاوە، بەمەینەتەوە تێکۆشاوە تا لەناونەچێت. جگە لەسەرو شوێنە بێفەڕەکەی، درندەی زۆر بەهێزیش دوژمنی بووە، کەرکەدەن، فیلی ماموٚث، ئەسپی ڕوبار، پۆلە گاکێوی درندە، ورچ و شێر، لەدەوری ئەشکەوتەکانا پەلاماری ئینسانیان ئەدا. وا دەرئەکەوت کە ئینسان دەرەقەتی ئەم جانەوەرانە نایەت، کەچی لەسەر ئەوەشا ئادەمیزاد بەهۆی تواناکانیەوە توانی لەناو ئەم کێوییانەدا خۆی بژێنێ بەلکو بەسەریشیانا زاڵ بێت.

دەوری بەستەڵەک:

لەم کاتی پرمەینەتی ئینسانەدا سەرزەمینیش تووشی (سەهۆڵ بەندان)بووە، لەدوای سەرمایەکی بێ ئەندازەدا بەفرێکی زۆر باریوە، بوومتە سەهۆڵبەندان. باکووری (ئۆراسیا)ی گرتوومتەوە هەتا (٤٠°) دەرەجە عەرضی شیمالی، وە لە ئەوروپادا هەتا شاخەکانی (ئالپ) هاتووەو ئەمەریکای شیمالیشی داپۆشیوە. ئینسانەکان لەتاوانا بەرەو جونووب ڕایانکردووە، خزاونەتە ناو ئەشکەوتەکان و ئەو جێگایانە کە خواردەمەنییان تیادەسکەوێت. ئەم سەهۆڵبەندانە بۆتە چاروبار، ساڵەهای ساڵ بەفر باریوە، ئەمجا خۆشیکردووەو بەفر کشاوەتەوە. ئەم جۆرە دەورە گەلێك جار تەنانەت دووبارە بووەتەوە، بەهەزاران ساڵ (مەناخ) بەمجۆرە ڕۆیشتووە. لەخۆشییەکانا ئینسانەکان لە ئەشکەوت دەرپەڕیون خۆیان خستوومتە بەر هەوا. کە سەهۆڵبەندان ئەهاتەوە لە ئەفەریقاو خۆر هەلاتی نزیکدا بارانبارین زۆر ئەبوو، تەنانەت لە عەرەبستان و چۆڵەکانی ئەفەریقاشا باران زۆر باریوە. لەکاتی سەهۆڵبەندانی ئەروپادا کە خۆشانی دەستی پێئەکرد، لە خۆر هەلاتا دەوری وشکانی پەیدا ئەبوو. ئێمە ئێستا لەدوای دەوری وشکانی خۆرهەلاتی نزیکدا ئەژین.

هەواڵی کۆمەڵایەتی ئینسان:

لای سەرەوە وتمان ئینسان لەدەوری بەردا زۆر بە شپرزەیی ژیاوە. لە ئەودڵەوە زۆر کێوی بووە، لەدواییدا بەرە بەرە لە حاڵەتی کۆمەڵایەتیدا ڕوویکردووەتە چاکی، چونکو سروشت توانایداوە بە ئینسان. ئەم دەورەش زۆر درێژ بووە، بە دەهەزاران ساڵی پێچووە هەتا ئێستا. جا ئەو شتو مەکانەی بەجێماوە بەراورد کراوەو بەپێی توانایان جیاکردووەتەوە بەدووبەش:-

١- دەستە شتی هەرە کۆن کە ناقۆڵاو ناڕێکە، دانراوە بەهی ئینسانی دەوری بەردی هەرەکۆن. ئەو جۆرە ئادەمیزادانە لەناو چووە، بەڵام ئێسکی ناو لەش‌و کەللەسەریان دۆزیونەتەوە. ئەمە وەها نیشان ئەدات کە لە ڕەسەنی ئینسانی ئێستانین، بەڵکو بەپێی تەرتیبی لەشیان لە (مەیموون) ئەچن. لەبەر ئەوە بەم بەشی دەوری بەردی کۆنی ئینسانە ئەڵێن: عەصری ئینسانی کۆن..

٢- (نیاندەرتاڵ): لەو جۆرە ئینسانەی کە لەناوچووە بەشێك هەیە (نیاندەرتاڵ)یان پێ ئەڵێن بەناوی جێگا دۆزراوەکەیەوە. هەوەڵ کەرەت لە (ئەڵمانیا) ناونراوەو لەپاشان (فەلەستین)و لەئەشکەوتەکانی (زەرزی)و لە (هەزار مێرد)یش لە (سولەیمانی) نیشانەیان دۆزراوەتەوە. هی ئەم نیاندەرتاڵانە دەرکەوتووە کە لەم جێگایانەشا ژیاون. بەڵام بەشی دووەم لە دەوری بەردی کۆن، لەوێدا ئینسان خۆی پێشخستووە، ئالاتو شتە بەردینەکانی جوان ڕێکوپێك کردووەو لە جاران زۆر چاکتر دروستیکردوون‌و شتی تریشی خستووەتە سەر لە ئێسك‌و لە دار، وەکو: دەرزی‌و سووژن‌و دارەسمە (مثقب)و دەسك وپاچ‌و بێڵ‌و نەخش‌و نیگارو وێنەکردن فێر بوون. لە ئەشکەوتەکانا کە پەناگای ئیسنانی ئەوکاتە بووە، ڕەسمو نەخشی ڕەنگاوڕەنگیانکردووە، لەمانە زۆر دۆزراوەتەوە کە هونەری ئینسانی ئەو کاتە نیشانئەدا زۆرتر ڕەسمی ئەو حەیواناتە کراوە کە ڕاویانکردوون‌و گۆشتەکەیان خواردوون. لەم چەرخەدا ئینسان هەندێك (بیرو باوەڕ)ی پەیداکردووە، لەڕەسمەکانا ئەم تەرحە ئەبینرێت، وەها دیارە سەرەتای (ئایین) لێرەوە دەسپێ ئەکات. وە هەروەها لەم دەورەدا (متو موروو)و (شانە) پەیدابووە، لەگەڵ شتەکانی لای سەرەوەدا ئەمانەش دۆزراونەتەوە. لە چەرخی بەردی کۆندا گەلێك جۆر ئینسان پەیدابووە کە لەگەڵ ئینسانەکانی پێشوتر جیاواز بووە، چونکو زۆرتر دێتە

سەر ئینسانەکانی ئێستا. هەندێ زانا ئەڵێن ئەمانە لە خۆمانن. لەبەر ئەوە ئەم چەرخە لە دەوری بەردی کۆن ناونراوە (دەوری ئینسانی تازە) وە یا ئینسانی قامیدە. بەوە جیاکراوەتەوە لە ئینسانی عەصری یەکەم.

دەوری بەردی تازە:

لەوەو پێش وتمان ئەوی (دەوری بەردی کۆن) جیانەکاتەوە ئەوەیە کە ئینسانی ئەو حەلە بەسەر زەمیندا گەڕاوە خواردەمەنی پەیداکردووە، چونکو هێشتا هیچی نەبووەو نەزانیوە، واتە ڕاوکەر بووە. بەڵام لە ئاخریو ئۆخری دەورەکەدا بەسایەی دروستکردنی هەندێك شتو مەکەوە حاڵی ئینسان لە بناغەوە گۆڕراوە، چونکو ئیتر شتی بەدەستی خۆی ئەکرد، بۆیە ناونراوە (دەوری بەردی تازە)، لەمەولا زەوی بەئالەتی بەردین کێڵاوە، کشتوکاڵ فێربووە، بەکۆمەڵ بەرهەمی زەویەکەی هەڵگرتووە، ئاژاڵو باڵندەی ماڵیکردووە، خانوو بەرەی پێکەوە ناوە، بەدیار دەغڵەکەیەوە دانەنیشت. لەمانەوە دێهات پەیدابووە. دوابەدوای ئەمە ئینجا ئینسانەکان خوێندنو نوسینیان دۆزییەوەو چوونە ناو سنووری (دەوری مێژوو)ەوە.

کوردستان کوێیە؟

هەموومان ئەیزانین لەناو میللەتانا واباوە کە ئەو جێگاو شوێنەی قەومێکی تیا دانیشتبێ بە (نیشتمان – وطن)دائەنرێ بۆ ئەو نەتەوەیەو بەناوی ئەوەوە ناو ئەنرێ وەکو ئێمە بەزمانی خۆمان بەوڵاتی (عەرەب) ئەڵێن (عەرەبستان) و بەهی (تورك) ئەڵێن (تورکستان). ئەمە وایەو ج سڵەمینەوەیەکی تیا نییە، چونکە شتێکە بۆ هەموان ڕەنگی وا ڕێژراوەو بڕاوەتەوە.

وتاری تەئریخی:

لە تەئریخی کۆنی ڕۆژهەڵاتی نزیکا مێژوو نووسەکانو گەلێك زانای ئاسەوار لەگەڵ ڕۆژهەڵاتیوانەکان لە بابەت کوردو کوردستانەوە زۆرجار دواونو لە مەیانی مێژوودا لە نووسینەکانیانا لەگەڵێك جێگادا نزیك بەناوەکانی

نیستای ناوی کوردیانبردووه وەکو: لە دەورو پشتی سەدەی حەوتەمو شەشەمی (پ.م)دا بە هەندێ نەتەوەی کوردستانیان وتووە (کوردۆ) وە یا بە (کاردا)، (کوردۆئەن) وە یا هەندێك ناوی تر کە لەمانە بچێ ناویان ناون و لەدوو لەوحەی کۆنی دوو هەزار ساڵی پێش میلاددا لە شوێنێکی کوردستانا نووسراو هەیە باسیوڵاتێك ئەکا کە پێی وتراوە (کارداکا) وە لە دوای ئاسووریدا هەر لەسەمتی ئەو وڵاتانەدا کە والای سەرەوە ناوی برا لەشکری ئاسوور لەگەڵ قەومی (کورتی - گۆتی) ناوا جەنگیوە. بەمانەدا وا دیارە ئەم جۆرە ناوانە لە دەمێکەوە لە کوردستانا بووە. هەر کەسێك بەچاوی زانیاری لەم ناوانە ورد بێتەوە بێ خۆگرتن ئەڵێت ئەمانە یەك ناونو هەمووشیان لەگەڵ وشەی (کورد)دا لەسەر چاوەیەکەوە هەڵقوڵاون[٢]. جا وڵاتەکانی لای سەروو کە میللەتەکانیان ناونووسکراون، ئەمانە کە لای خوارەوە ناوەکانیان بە کورتی ئەنوسین: (دیاربەکر، بتلیس، مووش، وان، بۆتان، حەکاری، شەمدینان، سمرد، مەلازگرد، مەلاتیە، خەرپوت، دێرسیم، ئەزرنجان، کەماخ، قارس، نووسیبین)و گەلێ ناوی تری ئێستایە کەوا ئیمڕۆش نەتەوەی کوردی تیا دانیشتووە. زانایانی ئاثارو مێژووزانو موستەشریقینی ڕۆژئاوا هەموو لەو بیرەدان کە ئەو نەتەوە کۆنانە ڕەگەزو نەژادی کوردەکانی ئیمڕۆن کەوا ئێستا لەو وڵاتانەدا دانیشتوون. لەبەر ئەوە ئەم وڵاتانە بەبێگومان بە (کوردستان) ئەژمێردرێن[٣]. بەڕاستی ئەگەر ئیمڕۆ ئێمە بچینە شوێنەکانی لای سەروو کەوا قەڵەمڕەوی

---

[٢] مێژووی کوردو کوردستانی ئەمین زەکی بەگ جەڵدی یەکەم.

[٣] ئەتڵەسی تەئریخی عموومیو عوسمانی کە لە چاپخانەی مەکتەبی حەربیەی ئەستانبووڵ لەچاپدراوە لە (١٩١١م ١٣٢٩هـ). لە زەمەنی حکومەتی عوسمانیدا لە خەریتەکانا (کوردستان) زۆر نووسراوە، حاشای لێ ناکرێت.

جمهووریەتی (تورکیا)یەو پێیا بگەڕێین، کەژوکێو، دۆڵو دەشت، ئەشکەوتو قەراغ زێو چەمو شیوەکانی بپشکنین، ئەبینین لە دێهاتیا زوربەی دانیشتووی ئەو وڵاتانە، سەدی حەفتا (٧٠٪) کورد زمانەو خۆیان ئەڵێن ئێمە کوردینو، باوكو باپیرەشمان کورد بووە. خەڵکی شارەکانیش بەکوردی قسە ئەکەن و تورکیش ئەزانن. لەگەڵێ جێو شوێندا خەڵك هێشتا لەسەر ڕەوشتوخووی عەشرەتی جاران ئەژی، ئەریتی خێڵایەتییان هێشتا ماوە وەك لە (ئەخشە) قەومییە مێژووییەکەی ئەمین زەکی بەگدا ئەبینین، واتە خەریتە تەئریخییە گشتییەکەی ئەمین زەکی بەگ. ئەمانە لە وڵاتەکانی ڕۆژ هەڵاتی (ئەنادۆڵ)دا هەتا پاڵ ئەدا بە (ئەسکەندەروونە)و (ئەدەنە) (مەلاتیە)و (ئەگین)و (سیواس)ەوە سەرتاپا خوار لەو زەویو زارانەدا دانیشتوون.

ئەم وڵاتانە لەڕۆژهەڵاتەوە خۆی ئەدا لەسەر چاوەی چەمی (بەشیل ئێرماق)و بانی (ئەرزڕۆم)و شاری (قارس)و لەسەمتی لای جەنووبا تاسەر سنووری (تورکیا)و (سوریە) دێن کە لەوێدا (کورد)و (تورك)و (عەرەب) ناوێتەی یەکبوونو لەناوچەی (جزیرە)دا ئەهالی هەمووی ئەبێت بەکورد. بەدرێژایی سنوری عێراق تورکیا خێڵاتو عەشایرو ئەهالی دێهاتو شارستانی گشتی کوردە، وە لە ڕۆژهەڵاتا لە سنووری ئێراندا بەپتەوی لە هەردوو دیوی سنوورەکەدا (عێلو خێڵاتی کورد) دانیشتووی دێهات و شارو شارۆچکەکانە. ئەم هەموو (زەویو زاری کوردستانی تورکیا)یە ئیمڕۆ ئیدارەتەن تورکەکان کردوویانە بە ١٩ بەشەوە بەهەریەکە ئەیەژن (ویلایەت)و هەریەکە (والی)یەکی خراوەتە سەر، ئەمانە ئیشوکاری وڵاتەکە ئەگێڕن، بە ئیدارە لە لیواکانی عێراق ئەچنو ناوەکانیان ئەمانەیە: (جولەمێرگ. وان. بایەزید. قارس. ئەرزڕوم. بتلیس. سعرد. ماردێن. دیاربەکر. (نامەد). ئۆرفە. عەین تاب. مەلاتیە. عەزیز. ئەزرنجان. گمووش خانە. قەرە حەساری شەرق. سیواس. مەرعەش. عوسمانییە). لە مانەدا: لە سیواسو قەرە حەسارو گمووش خانەدا

کوردو تورك تێکەڵاوە. لەوانی ترا زوربەی دانیشتوان کوردەکانە. جا ئەم شوێنانە گشتی بەسەر یەکەوەیە، هەمووی (کوردستانی تورکیا)یە. بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تورکیا بەلای جەنووبا هەر لە دەوامدایە، بەڵام ئەم پارچەیە ئیدارەتەن بەشی (عێراق)و نیشتمانی کوردە. ئینجا ئەم بەشەش (کوردستانی عێراق) وەختە بڵێم دانیشتوانی ئەم کوردستانە گشتی (کورد)ە. لێرەدا کوردەکان بە (پەیمانی برایەتی) لەگەڵ (عەرەب)ی عێراقدا کە لە کوردەکان گەلێك زۆرترن پێکەوە ئەژین. ڕۆژهەڵاتی کوردستانی تورکیاش و عێراقیش شاخەکانی (زاغرۆس) بەربەستیکردوون. ڕۆژهەڵاتی ئەم زاغرۆسانە بانی (ئێران)ەو ئێران داگیریکردووە، حوکمی ئەکا، بۆتە (کوردستانی سێهەم)، هەرچەندە ئەم سەرزەمینانە بەهەردوو دیوا ئەرزو ئینسانی چونیەکە بۆ ئەوە ناشێت بەشبکرێت. بەڵام ئێرانەکان کردوویانە! لە (سوریە) شا بەدەم کوردستانی عێراق و کوردستانی تورکیاوە هەندێك (کورد) دانیشتووەو لەناو وڵاتەکەشا هەندێك پەرەگەندە بووە، بەڵام ناگونجێ بیکەین بە (کوردستانی چوارەم)، واتە ئەقەلیاتە[1].

باسی جوغرافی کوردستان و نەتەوەکانی

ئەوی تەماشای نەخشەی ئەم کتێبە ئەکاو بۆ تاقیکردنەوە ئەچێت و بەوڵاتەکانا ئەگەڕێ، ئەبینێت پاڵ بە پاڵی جمهوریەتی تورك، لەوڵاتەکانی عێراق و ئێرانیشا میللەتی (کورد) دانیشتووە، بە شێوەو زمان و ئاینوخوێنو پیشە گشتی وەك یەك وەهایە. یا لەهجەو زمانەکەیان چونیەکیش نەبێت، کە ڕوانیتە بناغەی زمانەکەیان، ئەبینین کە جیاوازییان وەك جیاوازیی زمانی عەرەبی (یەمەن)و عەرەبی (عێراق) وە یا تورکی (ئەستەمبوڵ)و تورکی

[1] تەماشای نەخشە (خریطە) تەئریخەکان بکەن کە بۆ ئەم کتێبە دروست کراوە.

(ئەنادۆڵ) وایە. ئەم ڕەونــدە (سیاح)یـە کـە تەماشـای ئەخشـەکان ئـەکاتو لـە شوێنی لەیەك دانی سنووری تورکو ئەرمـەنی ئێرانـەوە کـە چیـای (ئـارارات)ە دەس ئەکا بە ڕۆیشتن ئـەبینیت ناوچـەی ڕۆژاوای کیشـوەرە گەورەکـەی ئـێران هەتاسـەر (خـەلیجی فارس) گشتی کورد زمـان تیـا دانیشـتووە، هـەر لـە ڕۆژ هەڵاتی (عەمارە)و (بەسرە) لەسنوورەکانا عەرەبو کورد تێکەڵاوە. بـە کورتـی ئیستیعمار ڕاینەگرت و ڕۆژاوای ئێران گشتی بەکوردستان ئەژمێررا...

ئینجا وڵاتی ناوداری کوردستانی ئێرانیش ئەمانەن:

لە شیمالی ئێرانەوە: (ماکۆ. خووی. سـەلماس. دیلمـان. میـان دواو، مـەهاباد. شـنۆ. لاهیجـان. موکریـان. سـەقز. ئـەردەڵان. کرماشـان. ئـەهاوەند. سووسـتەر. لورستانەکان هەمووی بە بەختیارییەوەو لە تـوڕەی خـەلیجی فـارس و کـارۆدا وڵاتی لەكو زەندو فەیلی) هـەمووی کوردە. بێجگـە لەمانـە بەشـێکی (ورمێـە) هەتا زەنگانو لای ئازەربایجانی ئێرانو لەناوچەی (خوراسان)و (مازیندەران)و (هەمەدان)یشا ئەفەلیاتی کورد هەیـە. وە لـە شیمالی گـەرووی (هورمـوز)یشدا ناوچەیـەك هەیـە بەزوربـەی کـوردی تیایـەو لـەناو ئەمانـەدا عێلێکـی گــەورەو ناودار هەیە (شوانکارە)ی ناوە. لـە (سسـتان) و (کرمـان)یشدا کـورد هەیـە. لـە ئێرانا کورد (تەهجیر) کراوە وەك لە تورکیاشا ئیسان وەهایان لێکردوون، بۆیــە ئەوەندە بڵاو بوونەوە. بێنەوە سەر کوردی (عێـراق). ڕەونـد (سیاح)مکـەمان کە بەناوچەکانی عیراقا گەڕا ئەبینێت شمالو شیمالی شەرەقی عـیراق هـەمووی کورد زمانی تیا دانیشتووە لە ڕۆژاوای (موسڵ)دا توڕەی (سنجار)و لە شیمالدا قـەضاکانی لیـوای (موسـڵ) گشـتیو زوربـەی خـەڵکی لیواکـانی (هــەولێر)و (کـەرکووك)و هـەموو دانیشـتوانی لیـوای (سـولەیمانی)و ناوچـەی (خانـەقین) و (مـەندەلی) ئـەتـەوەی کـوردن. ڕۆژهـەڵاتی لیواکانی (کوت)و (عـەمارە) کۆمــەڵ کۆمـەڵ کـوردی تیایـە. بـە کورتـی، لـە بـەینی کـوردو عـەرەبدا ڕیـزە شـاخی حەمرین سنوور دروست ئەکا. ئەمە بەپێی شـیمال و جـەنووب. وە بـەپێی ڕۆژ

هەڵاتو ڕۆژاواش لە لیوای کەرکووکو هەولێرا (ڕووباری دیجلـە) بۆتـە سنوور، واتە لەم دوو لیوایـەدا کوردو عـەرەب لەسـەر دیجلە بـە تێکەڵاوی دانیشتووە، ئینجا شاروشارۆچکە ناودارەکانی کوردی عیراقیش ئەمانەن: (زاخۆ. عەمادیە. دهۆك. ئاکرێ. زێبـار. سنجار. هـەولێر. ڕەوانـدز. کۆیـە. مـەخمور. کـەرکووك. چەمچەماڵ. گل. شیروانە. سولەیمانی. قەڵادزە. هەڵەبجە. خانەقین. قـەرەغان. مـەندەلی). بێجگـە لـەو وڵاتانـەی لای سـەروو کـە باسـکران کـەم تـا پێـش (ئەقەلیات)ی کـوردی کـەش هەیـە لـە جێگاکـانی تـرا دانیشـتووە وەکـو لـە جمهوریەتەکانی سوڤیاتی قافقاز واتـە لـە جمهوریـەتی (ئـەریوان)ی ئەرمـەنیو جمهوریـەتی ئازربایجان لـە دەوری (جوان شیر، ئـاراس، ئـاراش) گـەلێك تـیرەو کۆمـاری کـورد هەیـە بـە ئـازادیو سەربەسـتی ئـەژینو بـەزمانی کـوردی بـە نووسینی لاتینـی لـە قوتابخانـەی میللی خۆیانـا ئـەخوێنن. لـە گورجستانیشـا دیسـان هـەندێك کـورد دانیشـتووە. لـەدوای (شۆڕشـی دیرسـم) لـە تورکیـا، تورکەکان ڕەنگە ملیۆنێـك زیـاتر کوردیـان (تـەهجیر) پێکردبـێ. لە وڵاتـەکانی ڕۆژاوای تورکیادا ئەمانەیان بڵاوکردوونەتەوە، تەنانەت نایەڵن بەزمانی کوردی قسە بکەن! لە بلووجستانا هەندێك تیرە کورد هەن (برا خوویی) یان پێ ئەڵێن لـە ناوچـەی (کیلات)دا شوێنێکی گـەورەیانکردووە بـە نیشتمانی خۆیـانو تیـا دانیشـتوون. ئەمانـە لـە شیمالا چوونەتـە (ئـەفغان)ەوە، وە لـە ڕۆژهەڵاتیشـەوە چوونەتە هیندوستانەوە. زمانیان وێنەیەکە (کوردی) و (بلووجـی) تێکەڵاوە. بێجگە لەمە لە ڕۆژاوای (هـێرات) لـە شـیمالی ئەفغانیشا کۆمـەڵێك کـورد زمـان هەیە. بێینەوە سەر کوردی (سوریە): لەکاتی ڕابوردوودا تـیرەو تایەفـەی کـورد ڕوویان کردووەتە سوریەو لە کوردستانی تورکیاشەوە بۆی کشاونو ئێستا پـۆل پۆل لـە هـەندێك شـوێنی سوریەدا ئـارام گربـوونو بـوون بـە نیشـتەنی ئـەوێ. لەناوچـەی (ئەسـکەندروون)و (ئەنتاکیـە)دا گـەلێك کورد هەیـە کـە ئـەمجارە فەرانسـەکان وڵاتەکـەیان بەخشـین بـە تورکیـا. لـە (ئەلجـەزیرە)و لـە دەوری (حەڵەب)و لە شیمالو ڕۆژاوای (حەما)و. بەینی (حومص) و (تەرابلووسی شام)

و لەناوچەی (حارم)دا نەقەلیاتی کورد دانیشتووەو، لە شاری (دیمەشق)دا گەڕەکی (صالحیە) هەمووی کوردە. ئەگەر تەماشای مێژووەکەی (ئەمین زەکی بەگ) بکەین لە چەلدی یەکەم و جزمی یەکەمیا ئەبینین لە بابەت حالەتی جوغرافیایی ئێستای نەتەوەی کوردو لە بارەی ژمارەی نفوس‌و بەیانی جێگاو شوێنیانەوە ئەم پیاوە بیر بەرزە زۆر وردبووەتەوەو بیرو هونەری زانیارانەی بەکارهێناوەو تا ئێستا لە کوردا کەس بە جۆری ئەو هەوڵی نەداوە.

لەبەر ئەو تاڵاوەی کە تورکیا دەرخواردی کوردەکانی ئەداو لەبەر ئەو دارو فەلاقەیەی تورکیا بۆکوردەکانی داناوەو بە ئاگرو ئاسن لەگەڵیانا ئەجووڵێتەوە، ژمارەی کوردی تورکیا ڕوو لە زۆر بوون‌و پەرەسەندن نییە. لەوێدا تورکەکان بە بیروباوەڕێکی سیاسی دروستو نیشانکراوی خۆیانەوە ئەیانەوێ نەتەوەی کورد بە زۆری لەناوبەرنو بیانتوێننەوەو بیانکەن بە ((تورك)). هەروەها لە ئێرانیشا بیرێکی وەها هەیە ئەیانەوێ کوردەکانی ئێران بە زۆر یا بەخواهیشت بکەن بە ((فورس)). ئینجا سەرگرتنی ئەمجۆرە کردەوەو بیرو خەیاڵە لەم سەدەی بیستەمینی پڕ سیاسەت و وریاییەدا ئەگونجێ یان نا، ئەوە دیارو نومایان نییە، بەڵکو لە مابەینی هەراو هوریای جیهانا لەمەولا ئەمەش ساغ ئەبێتەوە. ئینجا لەدوای ئەو موتاڵا تەنریخییانە ئەچینەوە سەر باسەکەی ئەمین زەکی بەگ کە بەم بۆنەیەوە لە بابەت نفووسی تەخمینی کوردستانەکانەوە وتوویەتی، بۆ ئەوەی باسی جوغرافیەکەی بەدەستمانەوەیە تەواو بکەین. بەسەر دەرچوونی مێژووی ئەمین زەکی بەگدا سی - چل ساڵێك ڕابووردووە، زانستی ئەو کاتەو ئێستا زۆر فەرقی هەیە، نفووسی زۆر زیادیکردوە. ئێمەش قایمەی نفووسی وڵاتەکانمان بەپێی تەخمینی ئێستاکردووە کە ئەوەتە لای خواردوە نوسیومانە:

ولات	ژمارەی نفووسی
کوردی ئێران	٢٧٥٠٠٠٠
کوردی تورکیا	٣٠٠٠٠٠٠
کوردی عێراق	١٧٥٠٠٠٠
کوردی سوریە	٢٥٠٠٠٠
کوردی ڕووسیە	١٣٠٠٠٠
ئەفغان، بلووج، هیند، پاکستان	٣٠٠٠٠٠
کۆی گشتی:	**٨١٨٠٠٠٠**

هەڵکەوتنی سروشتیی مەڵبەندی کوردستانو، تەئثیرکردنی لە گیانی کوردا:

پێویست نییە لێرەدا لەسەر باسی چۆنیەتی زەویو زاری کوردستان دوورو درێژ قسە بکرێ، چونکو لەوە زیاتر بێت ئەبێ لە جوغرافیادا بنوسرێت. ئەوانەی شارەزای عیلمی تەوۆم (طبقات)ی ئەرزن ئەزانن کە ئەم سەرزەمینە کوتووپڕ دیمەن (شکل)ی ئێستای وەرنەگرتووە، بەڵکو لەدوای ملیۆنەها ساڵو جۆرەها گۆڕینو بەسەرهات ئینجا لەسەر حاڵەتی ئێستای بۆتەوە، گەلێ ئەمرازی هەیە زۆرجار ژێر دەریای دیوە کە ئێستا وا ئەزانرێ ئەوەتەی خوا دنیای داناوە هەر بەدەرەوە بووە. ئەگەر بڕوانینە ئەخشەی ڕۆژاوای (ئاسیای نزیک) ئەبینین لەوێدا کیشوەری (ئێران)و شوبهی جەزیرەی عەرەبستان و وڵاتی (تورکیا) لە هەیئەی سێیانی بەرزی پڕ کە ژو کێوا یەکانگیرن. کە باش لە ئەخشە ورد بووینەوە ئەبینین وڵاتی کوردستان ئەو شوێنانەیە کە لە مابەینی ئەم سێ کیشیوەرەدا پێکەوەنوساوەو شوێنی هەرە بەرزو سەختی ئەم سێ بانەیە. وا زانراوە کەلە سەرەتای پێکهاتنو گۆڕانی دەوری چواردەمی دروستبوون و پێکهاتنی زەمیندا ئەم سێ بانە تێکومەکان چووە لەگەڵ

دەریاکانی دەوروپشتیا. ئەم ئەرازییانە بە کەژو هەردو دۆڵ و بانەکانی ئێستایانەوە ئەو حەلە پەیدا بووەو روخساری ئێستای وەرگرتووە ڕەنگە (تۆفان)یش هەر ئەوسا پەیدا بووبێت. ڕۆژاوای بانی ئێران بەڕیزە شاخی بڵند بەربەستبووە. لە مێژوودا ئەم کێوانە (زاگرۆس)ی ناوە کە ئێستا پێی ئەڵێن ڕیزە شاخی کوردستان. حاڵی حازر (خەت)ی باڵای ئەم کێوانە لە مابەینی (ئێران – تورکیا- عیراق)دا بووەتە سنور بەبێ گیروگرفت لە مابەینی سێ لا لەناو پایەو دۆڵی ئەم کەژو کێوە بەرزانەدا ئێستا نەتەوەی (کورد) دانیشتووەو، لە پێش تەئریخەوە لەوێدا گیریانخواردووەو کردوویانە بە نیشتمان (وطن). بەدرێژایی سنووری ئێران‌و تورك بە دیوی ڕۆژاوادا کە موڵکی تورکیایە ئەرازی دیسان (بان)ە، بەڵام بانێکی بەرزو بە کێوی بڵندو دۆڵی قووڵی پەلپەلبووی ئەوتۆیە کەئێجگار نارەحەتەو مەڵبەندێکی سەختەو هەتا پاڵ ئەدا بە بانی (ئەنادۆڵ)ەوە، ئەم بانە بەم سەختییە ئەکشێت. ڕووباری (دیجلە)و (فورات)و قۆڵەکانیان لەگەڵ زابی گەورە کە بە (بادینان) ناوبانگدارە لە ناوڕێژی ئەم بانانە پەیدا بوون. دێهات و شار و ئاوایی (کوردەکان) لە گوێ ئەم ئاوانەو لەناو کەژو دۆڵەکانا دروستبوون. تێکڕا بە گشتی ئەڵێن بانی (کوردستانی تورکیا). لەمێژوودا هەرچەندە ئەم بانە بەپێی جێگا گەلێك ناوی جیاجیایبووە، بەڵام مێژونوسەکان دیسان لەسەر (زاگرۆسەکان) حیسابیان کردوون و لە هەندێك شوێنیشا بەشی لای ڕۆژاوایان بە (ئانتی تەورووس) ناو ناوە، ئینجا ئەم بانە بەرزە بەڕیزە کێوی (تەورووس) تەواو ئەبێ و لەوێدا ئەنووسێت بە بانی (ئەنادۆڵ)ەوە. لە بەشی عێراقدا سەرزەمینی کوردستانی عێراق کەوتووەتە ژورووی وڵاتی عێراقەوە. جا سنووری تورك وعێراق لەوێدا دروستکراودو خاکی کوردستانی عێراق لەڕووی جۆری پێکهاتنەوە هەر پاشماوەی خاکی کوردستانەکەی تورکیایەو کوتومت لەو ئەچێ. بەڵام هەر ئەوەندە هەیە ئەوەندەی ئەو سەخت نییەو لەلای ڕۆژاوایشەوە (پێدەشت)ی زۆرە. ئەم دوو

پارچە کوردستانە لە ڕۆژهەڵاتیشەوە نووساوە بە سنووری ئێرانەوە. بەمە پارچەی سێهەمی کوردستان یەتە کایەوە. ئا بەمجۆرە (ئیمپریالیزم) لە پێناوی قازانج و سوودی خۆیا خاکی نازداری میللەتێك کوت کوت ئەکات و ئەیکات بە سێ بەشەوە، چونکە کە هاتە سەر سوودی خۆی گوێ ناداتە هیچ شتێکی تر.

بێینەوە سەر دیمەنی بەشی لای ئێران:

ئەمیش بە سروشت (تەبیعەت) بەرزو شاخستانە. ئەوەندە هەیە ئەم بەشە وەك کوردستانەکەی تورکیا سەخت و کووڕو کەم ڕزق نییە، بەڵکو ڕیزە شاخی (زاغرۆس) کە سنووری ڕۆژاوای ئێرانەو موورگەی پشتی کوردستانە. بەرزایی بەدیوی ئێرانا زۆر دا ئەکەوێتەوە بگرە لەدوای هەندێك پەل و تیرە شاخ و دۆڵ و نزار لەگەلێك شوێنا ئەبێتە پێ دەشت. ناوی چیا بەرزەکان کە لە دۆڵەکان دەرچوون لەم دەشت و بانە بەرزە نەرمانەدا بۆ ئەهالی ئەبێتە پیت و بەرەکەت. بۆیە سەر زەمینەکانی کوردستانی ئێران، ئەگەر شۆڕش و هەڵلای ناوخۆ بیەڵێت، بەباخ و بێستان و گوڵ و لالەزاری کوێستانان و فەلاحەت و کشتوکاڵ ئەبێتە بەهەشتی دنیا. لەسەر ئەوەشا شوێنی سەخت و نالەباریشی زۆر هەیە وەك لە وڵاتی (هەورامان)و تووڕەی (کرماشان)و لوڕستان و پشت کێودا ئەبینرێت. زابی بچووك و ڕووباری سیروان (دیالە)و (ئەڵوەند) و (کەرخا)و گەلێك چەمی تر، لەم بانانەدا ئەبن و ئەڕۆنو ئەڕژێنە (دیجلە)وە. بەکورتی ماوەی کوردستان لەلایەکەوە لە شاخی (ئارارات)ەوە دەست پێ ئەکا تا ئەگاتە ڕیزە شاخی (حەمرین) – قەشقە- لە عێراقا، کە ئەمە شوێنی هەرە پانی کوردستانە نزیکەی ٢٠٠ میل پانە. شوێنی هەرە درێژیشی لە تورکیا لە وڵاتی (مەلاتیە)و (کەماخ)ەوە دەست پێ ئەکا بەسەر ڕۆژهەڵاتی کوردستانی عێراقدا ئەڕواتو ئەچێتە کوردستانی ئێرانەوە، لەوێ هەموو لوڕستان و کێوو کەژی بەختیاری ئەگرێتە ناو خۆی و بەسەر ڕووباری (کارۆن)دا ئەچێتە سەر

(خەلیجی فارس)و لەوێ ئەبرێتەوە کە پێوانەی ئەم درێژییەش نزیکی ۸۱۰ میل ئەگرێتەوە. جا هەڵکەوتی خاکی کوردستان خواکرد بەمجۆرە وڵاتێکی سەختو ناڵەبارە، ئەرك ئەخاتە گیانی دانیشتووەکانیەوە، سەختیو بێ ڕێگاو بانیی ئەیهێشتووە ئەم دانیشتووانە بنووسێت پێکەوە، بەڵکو کردوونی بە دوژمنی یەكو بەتەبیعەت بوون بەشەڕانیخواز. وڵاتی سەخت ڕزقی کەم و کووڕە، ئەهالییەکەی هەژارو بێ تاوانە. ئەم حاڵەتانە بەئەنجام دوو تەئثیری گیانداری لەژیانوچارەنووسی کورداخوڵقاندووە. یەکێکیان ئەوەیە کە لەبەر ئەوەی وڵاتەکەیان سەختبووە کوردەکان لەناو دۆڵو مێرگو نزاریا بە ناچاری کۆمەڵیوردو دێهاتی بچووكو گەورەیان پێکەوە ناوەو تیا ژیاون، وردە تیرەی ئازاو بەجەرگو بەتاقەت لەناویانا پەیدابووە، هۆگری سەربەخۆیی ناوچەیی بوون، یەکی ئەوەیان کەوتووە کە بتوانن کۆمەڵی زلو دەوڵەتێ پێکەوە بنێن کە بچنە ژێر حوکمی ماقووڵانی یەکترییەوە، بەڵکو بە پێچەوانەی یەکگرتن بە درێژایی مێژوو دەستیان بۆسەریەکتر درێژکردووەو چون بەگژ یەکترا. بیری سوودی گشتی یەکتریان نەماوەو لە وڵاتەکەیانا بەنەفامو نەزان ماونەتەوە.. نەیانتوانیوە خزمەتی خۆیان و نیشتمانەکەیان بکەن، لەبەر ئەوە گەلێك جار تووشی هێرشی جیهانگیرانەی نەتەوە گەورەکان بوون و تیا چوون. لەدوای ئەم جۆرە مەینەتییە گەورانە ئینجا دەستیانکردووە بەخەبات بۆ ڕزگاربوون.

دووەم تەئثیریش ئەوەیە کە بێڕێگاوبانییو سەختیی وڵاتەکە نەیهێشتووە ئەقوامی گەورەی هێزدار لەوێدا بحەوێنەوە، بەڵکو ئەوانەی کە بەتەمای داگیرکردنیبوون نەیانتوانیوە ئارامی تیا بگرن، چونکو لەلایەکەوە لە بەرە فەقیریو کەم ڕزقی وڵاتەکە لەشکرەکەیان بۆ بەخێو نەکراوە، لەلایەکی تردوە ئەهالییەکەش لێیان کەوتوونەتە کەژەکان، شەوو ڕۆژ پەلاماریانداونو شپرزەیانکردوون. جا لەبەر ئەمانە جیهانگیرەکان هەر ئەوەندەیان توانیوە کە بەوڵاتەکەدا بڕۆنو بۆیان نەگونجاوە تێیدا بمێننەوە. کەواتە سەختییو کووڕی

ولاّت لێردەدا بۆ کوردەکان بەخێر گەڕاوە، ئازادیو سەربەخۆییە ئاتەواوەکەیان بە درێژایی زەمان بەپارێزراوی بۆ ماوەتەوە. ئینجا بەهۆی ئەم هەلکەوتنو سروشتی نیشتمانە میللەتی (کورد) بەدرێژایی مێژوو، لەژێر باری ئەو دوو ماددەیەی سەرەوەدا نەیانتوانیوە تەکانێك بدەنو خۆیان بترازێنن. زۆر داخێکی گرانە لەجگەردا ئەم قەومە سالەهای سالّ نەیانتوانیوە لە چوارچێوەی ئەو دەستوورە خۆیان قوتار بکەنو ئەو قاوغە بشکێننو لێی بچنەدەرەوە.

ئاوو هەوای کوردستان

ولاتی کوردستان بەدیمەن لە شیمالی ڕۆژاواوە بۆ جەنووبی ڕۆژهەلات درێژاو درێژو هەلکەوتووە. لەلایەکەوە سەری بردوە بۆلای دەریای سپی ناوەڕاستو لەو سەریشەوە ڕوویکردووەتە (خەلیجی فارس). وەکو سروشت (طبیعت) ویستبێتی واجب بەجێبێنێت، ولاتەکە بکەیەنێتە گوێ بەحر، کەچی داخی گرانم بە پێچەوانەی ئەم سەودای سروشتییەی دانیشتووانی ولات چونکە بێکارە بوون بەشە واجبی خۆیان نەهێنا، وە پێویستییەکە بە ناتەواوی مایەوە. وەکو لەسەرەوە وترا کوردستان درێژکۆلە هەلکەوتوودو بەشی زۆری کەوتووەتە تورکیاوە. لە ڕۆژاوای (کەماخ)ەوە بەسەر (بیتلیس - عیمادیە- سولەیمانی- کرماشان- دیزفوول)دا تاسەر (بەحری فارس)و نزیك (بەندەر بووشەر) کە ئەو پەڕی کوردستانە خەتێك تەسەور بکرێ هەشت سەدوو دە (٨١٠) میل واتە (١٤٥٠ کیلۆمەتر) درێژایی ئەگرێتەوە بەلام پانتایی کوردستان بەمجۆرە فراوانە نییە، بەلکو لە شوێنی هەرمپانیا کە مابەینی (موسلّ - فارس و بایەزید)ە نزیکەی ٢٠٠ سێسەد میل واتە (٥٠٠) کیلۆمەترمیە کە، تێکڕای پانایی لە (١٧٠ وە تا ٤٠٠) کیلۆمەتر پانی ئەگرێتەوە. ولاتی کورد کەوتووەتە بەینی ٣٠ - ٤٠ دەرەجە عەرەضی شیمالییەوە واتە لە خوارەوە بۆ ژووروو، وە لە ڕۆژ هەلاتەوە تا ڕۆژاوا کەوتووەتە ناوەندی (٣٧° تا ٥٠°)

دەرەجەی طوولەوەجا بەمجۆرە کوردستان ولآتێکی زۆر گەورەو ڕاکشاوە، بۆیە ئاوو هەوای گشت لایەکی چون یەك نییە. لای جەنووبی لەلای شیمالی گەرمترە، لەسەر ئەوەشا بۆ ئەوەی تەعریفێکی زۆر نزیك بەڕاست بۆ ئاوو هەوای کوردستان بکەین، ئەبێت هەڵکەوتنی تەبیعەتی (سروشتی)ی سەرزەمینەکە بخەینە بەرچاو. مادام کوردستان کەم و زۆر هەمووی کەژو کێوو شاخە، بەپێی قانوونی طەبیعی کە خوا بۆ کەژو کێوی داناوە، ولآتەکە لە زستانا (سارد)و لە هاوینا فێنكو خۆشە. تێکڕا لەسەر نیظامی ئاوو هەوای بەحری سپی ئاوەڕاست ئەڕوات.زستانان‌و نیوەی پایزو بەهار بارانی لێئەبارێت. هاوینان وشکەڕۆکە، بارانەکەی بۆ هەموو بابەتە کشتوکاڵێکی مەنطیقەی موعتەدیلە بەش ئەکا، کشتوکاڵی زستانە بە ئاو بارانەو، هی هاوینە لەسەر ئاوداشتە. لەدەوری (زێ)و چەم‌و شیوەکانی کوردستانا دەشت‌و (ڕەن)و کێڵگەی بە بەرەکەت ئێجگار زۆرە. ئەهلەکەی هەرچەندە پەرە بستێنێت دیسان ئەتوانێ بەکشتوکاڵی ولآتەکەی خۆی تیا بژێنێت. هەر خوا ئەزانێت لەژێر ئەهۆم (طبقات)ی خاکی کوردستانا و لەناو دۆڵ و لاپاڵەکانیا چ جۆرە (کان)و (مەعدەن)و خێرو بەرەکەتی‌داپۆشراو هەیەو هەمووشی سەرمۆرە چاوەڕوانی کەوتنەکاری بازووی زانیاری ڕۆڵەکانی ئاو سینەی خۆیەتی کە پێیان ئەخاتەکار. سەرچاوەی مێژوویی ئەوتوام ڕووناك نییە ساغ کردنەوەی کانگاو ڕەگەزی نەتەوەیەك شتێکی ئاسان نییە. لەسەر زەمینا ئیمڕۆ هیچ نەتەوەیەك نییە بتوانێ داوا بکا کەوا ڕەگەزو بنچینەی خۆی بردووەتە سەر سەرەتای پەیدابوونی ئادەمیزادو بڵێت نەتەوەی ئێمە لە (فلآن) هۆزو تایەفەیەو لە فلآن شوێنا پەیدابووەو ئەوی بەسەریانا هاتووە بزانێت‌و بتوانێ بیگێڕێتەوە. لەبەر ئەوە ئەبێ بزانرێت کە سەرچاوەی مێژوویی هیچ قەومێك بەتەواوی (ڕووناك) نییە. کام نەتەوە ئیمڕۆ بەهێزە لەسەر ئەم سەرزەمینەو لەشارستانێتیدا گەیشتووەتە پۆیەی پێشکەوتن و بەرزی‌و لافی کۆنیەتی ئەزادی خۆی لێ ئەدا دیسان ئاتوانێت پێچەوانەی

قسەکانی لای سەروو لاف لێبداو بەلگەی عیلمیی هەبێ بتوانێ بیسەلمێنێ. ئینگلیز، ئەلمان، فەرانسا، چین، عەرەب، تورك و ئێرانییەکان هەر کامێکیان بگریت هەموویان تارادەیەك ئەتوانن لە بنچینەی نەژادی خۆیان قسە بکەن و کە گەیشتە دوو سێ هەزار ساڵ پێش میلاد ئەبینی ئەکەونە تاریکییەوە ئەوسا دەس ئەکەن بەراو و ڕێویکردن و بۆ شتێکی پەنهان و نەزانراو بەبیرو بەقەلەم ئەکەونە تەقەلادان و ئاخرییەکەی تێئەفکری گشتی ئەبەستن بە (ڕەنگە) و (دوورنییە) و شتی وەهاوە. بەمەراقی ئەم باسەوە ئەوی مێژووی ئەقوام بپشکنێت لەهەموو جێیەکا تەنگوچەلەمەو تێکەوتنی مێژوو نووسەکان ئەبینێت. کە ئەمەمان بۆ دەرکەوت زۆر داخ بەوەوە ئەخۆین کە بەرمبەیانی مێژوو ئەوەندە ڕووناك نییە تا ئینسان بتوانێت لە بابەت ئادەمیزادی کۆنەوە بیرێکی ڕاستو تەواو پەیدا بکات، چونکە زاناکان ئەڵێن دووسەد هەزار ساڵ زیاترە لەم سەر زەمینەدا ئینسان پەیدا بووە، بگرە هەندێکیان ئەڵێن پەیدا بوونی ئینسان لەسەر ئەرز پێنج سەد هەزار ساڵە. کە چی خوێندن و نووسین هەمووی شەش هەزار ساڵە داهاتووەو زۆر درەنگ بڵاوبوەتەوە بەناو ئینسانا، بگرە هەندێك قەوم هێشتا ئیوە کێوییەو خوێندن و نووسین فێرنەبوە، وە یا بەزمانی خۆیان کتێبو شت ئەنووسراوەتەوە. کۆچ و ڕەوی ئەقوام مێژووی هێناوەتە کایەوە کەواتە لەم چەند سەد هەزار ساڵی ڕابوردوودا ئەبێ ئینسان چۆنی ڕابواردبێت؟ لەوەڵامی ئەمەدا زاناکان ئەڵێن: هەر کە ئینسان پەیدا بووەو پەرەی سەندووە، لەژێر تەئثیری غەریزەی خۆ ژیاندنا بۆ سك تێر کردن پۆل پۆل بەسەر زەمینا سووڕاوەتەوە، بەیەکا چووەو بەپێی قانوونی تەقەلای ژیان یەکتریان هێناوەو بردووە یا فەوتاندووە، وە یا کردوویانن بە (کۆیلە) و دەست بەسەرو دەست و پێوەندی خۆیان. کە ئەم جۆرە ئینسانانەش لە دواییدا بەکاو خۆ تێکڕای ئاوێتەی یەکبووە لەمانە تیرەو تایەفەی تازە تازە پەیدابووە و تەو زمانی تازە بەرهەمهاتووە. لەدوای

ئەم هەموو ڕووداوانە ڕێکەوتی وەهابووە لەم کاتەدا شەپۆلە کۆچەری تازە هەڵمەتی هێناوە ئەمیش نەماوە وە پاشتە دروستبووەکانی پێشووی تێکومەکانداوەو هیچی نەهێشتووە. جا مادام بۆ ئەم هەموو تێکەو لێکەیە نووسراو نەبێت کە بەڕاستی ڕووداوەکانمان بۆ بگێڕێتەوە، چۆن ئەتوانرێ شتی زۆر کۆن و ڕەگەزی ئەقوامی هەرە پێشوو بەناوو بەنیشان و جێوڕێ بدۆزرێتەوە؟ بێگومان هەموومان ئەیسەلمێنین کە ئەمە نابێ! لەدوای ئەم

تێبینییە بابزانین ئەو میللەتانەی شارستانیەت (مدنیت) تاڕادەیەکی زۆر لەناویانا بڵاوبووەتەوە، چۆن ئەزادی خۆیان ئەکەن و ڕەگەزیان چۆن ئەدۆزنەوە؟ ئینگلیزەکان ئەڵێن یەك دوو هەزار ساڵ پێش میلاد لە دورگەکانی بەریتانیادا هەندێك تیرەو قەوم دانیشتوون لە جینس و ڕەگەزی (سەلت)بوون ناویان (بریتوون)بووەو هێشتا لەدەوری بەردا بوون. لەدواییا گەلێ تایەفەیتر لە ئەوروپاوە بە (دەریا)دا پەڕیونەتەوە بەری دورگەکان و تێکەڵ ئەم کۆنانە بوون، ئەمجا لە فەرەنساوە لێشاوێکیتر هێرشی بردووەتە دورگەکانو داگیریکردووە. ئینجا ئەمانە بەرەودوا تێکەڵبوونو نەتەوەی ئینگلیز دروستبووە!. هەموو قەومەکانی ئێستای ئەوروپا بۆ دۆزینەوەی ڕەگەزی خۆیان لە تەعریفێکی وەها وەیا نزیك بەم حیکایەتی ڕەگەزو بنچینەی ئینگلیزەکان زیاتر شتێکی کە ناتوانن بڵێن. زانستیبن و بنچینەی ئەقوام لە بەری (ئاسیا) شدا لەمە زیاتر نییە وەکو عەرەبەکانیش لە بابەت ڕەگەزو بنچینەی نەتەوەکەی خۆیانەوە ئەڵێن: قەومی (عەرەب) لە دورگەی (عەرەبستان)دا پەیدابووە، وە بۆ ئەم پەیدابوونەش لەهەندێك سەرگوزەشتەو ڕیوایەتی (سام)و (نووح) بەولاوە هیچیتر نازانن و ناتوان بزانن، وەکو ئەڵێن: لە زۆر کۆنەوە لە عەرەبستانا ئەقوام دانیشتووە. ئەمانە لە (سامی کوری نووح پێغەمبەر) کەوتوونەوەو بەناوی (یعرب) ناوی سەرۆکیانەوە ناویان بووەتە (عەرەب). کەچی زاناکان ئەم سەرگوزشتەیە بەشتێکی هیچ و پووچ دا ئەنێنو

ئەڵێن عەرەبەکان لە عەرەبستانا پەیدابوون، بەڵام کەس نایزانێت چلۆن پەیدابوون وە یا چلۆن و کەی هاتوونە ئەوێ ناویان ناون ئەتەوەی (سامی). ئەمانە جاروبار لە عەرەبستانەوە پۆل پۆل هاتوونە دەرەوە وڵاتانی چواردەوری خۆیان داگیرکردووەو حکومەتی دەوری (کۆن) یان هێناوەتە مەیدان‌و لە دوای هەموویان ئینجا عەشایری تازەتر کە ناویان (عەرەب)ە کۆچ کۆچ کشاونەتە دەرەوەی عەرەبستان جێگای تایەفەکانی پێشوویان داگیرکردووەو گەلێك سەرزەمینیتر کە سامییەکانی پێشوو بۆی نەچوو بوون ئەوانەشیان تێکەوە پێچاوە، هێندێك ئەتەوەی غەیری سامییشیان تێکەڵاوبووە، ئەنجامی کارهەموو بوون بە (عەرەب). ئینجا بەکورتی حیکایەتی رەگەزو بنچینەی ئەقوام هەمووی بەمجۆرەیە. کەوا بوو (کورد)ەکانیش بەپێی ئەم ڕووداوانە ڕەگەزو بنچینەی ئەتەوە خۆیان ئەتوانن لە (کوردستانا) بدۆزنەوە[5].

کورد لە کوردستانا پەیدا بووە

دیارە لە کوردستانا ئیمڕۆ گەلێ تیرەو ئەتەوە دانیشتووە، وەکو وڵاتانی دراوسێ. ئەمانە (لق)یان لێبوتەوەو پەرەیان سەندووەو، زمانی تایبەتییان هەیە قسەی پێئەکەن. بەڵام زمانەکان هەموولەیەك ئەچن‌و ئەچنەوە سەریەکو ئەتەوەکان هەمووشیان بەخوێنو سەرو سەکوتو ڕوخسارو کردەوەو نایین وەك یەك وەهان و بەهەمووشیان ئەڵێن (کورد). بەمەدا هیچ گومان نامێنێ کە ئەمانیش لە ئەتەوەی کۆن بەرهەم هاتوونو بەدرێژیی وەخت وەکو ئەتەوەکانی تر ناوێتەی یەکبوونو لقیان لێبووەتەوە... بەم حیسابە ئەگەر مێژوزانەکانی کوردیش مێژووی کۆنی ئەتەوەکانی ئاسیای ڕۆژاوا بپشکنن‌و

---

[5] مێژووی عوصووری قەدیمەی (هنری براستید). (شعوب هند و ئەوروپا) ص١٢١ - ١٢٢.

لەناو هاتو بڕۆی ئەو خێڵو کۆمارانەی کە لەسەر زەمینەکانی کوردستانا پێکهاتوون‌و تێکەڵبوون شارەزایی هەڵهێنجن یا لە نووسراوەکان شتی بەکەڵك بدۆزنەوەو لێکیان بدەن، ئەو حەلە مێژووی نەتەوەی (کورد)یش وەك هی نەتەوەکانی‌تر دێتە مەیدان. ئەگونجێ هەبێ بڵێت نەتەوەی کورد کوا شوێن‌و کردەوەی دیارە. لە مێژوودا ناوی نییە وەیا ڕابوردووی وەهای نییە کە هاوتای نەتەوەکانی تر بکا. ئەوسا ئێمەش ئەڵێین:

خۆ تەئریخی ئەقوام گشتی وەك یەك ڕێکوپێك نییە. نەتەوەی (بەختیار) هەیە مێژووی قەومییان زۆر بڵندە، لە پێگەیاندنی مەدەنیەتە بەرزەکەی ئیمڕۆدا بەشدارە، بێگومان لاپەڕەی مێژوویان پڕە لە کردەوەی بەرزو خزمەتی گشتی بۆ خۆیان‌و ئادەمیزاد، بەڵام زۆر نەتەوەش هەیە (میرات)ی وەهایان بۆ بەجێنەماوەو لەم ڕووەوە مایەی تەئریخی میللی یان فەقیرانەیە. لەسەر ئەوەشا ئێستا بەنەوەیەکی تایبەتی دانراون‌و لەناو (دەوڵەتان)دا ناونیشاندارن، چونکە (کەیان)یان هەیەو هەر لەبەر ئەوەشە مێژووی قەومییان قبوڵکراوە، بەڵام نەتەوەی (کورد) ئیستیعمار نەیهێشتووە کەیانی ببێت، بۆیە خۆیو مێژووی قەومییەکەی دەرنەخستووە، ئەگینا نەتەوەی کوردیش مێژووی خۆی هەیەو مێژووەکەشی مایەدارەو ڕووداوی بەنرخی تیایە. بگرە لەگەڵ دراوسێ (کەیان)دارەکانیا پێکەوە خزمەتی مەدەنیەت‌و ئینسانیەتی کردووە. بێگومان گەلێك هاووڵات‌و هاودین لە ئەقوامی ئیسلام بەسایەی بازووی کوردەوە ڕۆژی تەنگانە سەرکەوتنی تەئریخی دەسکەوتووە. کەچی ئەو ڕەفیقانە ئەو سەرکەوتنەیان بە بەری ڕەنج و تەقەللای خۆیان داناوەو ناوی (کورد)یشیان هەر لە کوولەکەی تەڕیشا نەبردووەو خۆیان نەخستووەتە ئەو دارەتە کە جگە لە خۆیان کەسێ تر بوو بێ ئەو شەڕەی بۆ بردبنەوە، وە یا دەستێکی بووبێ لەو بردنەوەیەدا. هەرچی کوردەکەیە (کەیان)ی نەبوودو بەشەخوێنی ڕژاوی بۆ نەنوسراوەو ناوونیشانیشی دەرنەکەوتووە. لەمێژوودا ئاشکرایە کە (کورد)

بووەتە پەرژینی پایەدارێتی ئایینی ئیسلام. دەوری (سەلاحەدین)ی ئەیوبی شاهیدی ئەم پایەدارییەیە. لەشکرو سوپای سەلاحەدین و دەهای حەربی ئەم سەرداری کوردە نەیهێشت ئیسلامیەتی لەناو بچێت. پێویستە هەموو بزانین ئەگەر کورد نەبوایە ڕژێمی کۆمەڵایەتیو سیاسی نەتەوەکانی ڕۆژاوای نزیک ئێستا جۆرێکیتر نەبوو، وە ئەنجامی شەڕی صەلیب بۆ نەتەوە موسوڵمانەکانی کەنار (دەریای سپی ناوەڕاست زۆر کوشندە نەبوو[٦]، وە لەگەڵێک ژێرەو ژوورو بەسەرهاتی مێژوویی تردا، (کورد) بووەتە هۆی پاراستنو ئەڕووخانی (کەمیان)ی نەتەوە دراوسێکانی ، وە ڕژێمو قانونی بۆ ڕاگرتوون وەکو لە (شەڕی سەربەخۆیی تورکیا)دا ئەبینرێ کە لەگەڵ (یۆنان)دا کرا، ئەوە بوو کە کوردەکان گەیشتنە فریای تورکەکانو سەرکەوتنیان بۆ (مسۆگەر)کردن، چونکە ئەگەر وانەبوایە تورکیای (مستەفا کەمال) لەناو ئەچوو.

نەتەوە هەرە کۆنەکانی ڕۆژاوای ئێران و ڕۆژهەڵاتی عێراق

ئەم ئینسانانەی ئێستای سەرزەمین کە بە هەموو شوێنێکا بڵاوبوونەتەوەو، هەر شوێنێکی تەرخانکردووە بۆ خۆیو تیادانیشتووە، وە ئەبێت دەمو دەست لە خۆیەوە پەیدابوو بێت وەیا وەك دارو درەخت لە جێیەك دەرهاتبێو لەوێدا پەرەی سەندبێت، بەڵکو ئەم نەتەوە قامیدەو بەنیمتیازە وەك لە باسەکانی سەرەوەدا بێژرا زۆر بە ئەرك و بەنارەحەت پەیدابووەو، هەتا گەیشتووەتە ئەم حاڵی ئێستایە جۆرەها ئاڵوگۆڕی دیوەو لەکاتی کۆنا بە کۆچەوڕەو بۆ نیشتمانێك گەڕاوە کە تیا دامەزرێتو ئیتر نەجووڵێت. لەم تەقەلایەدا هەندێك

---

[٦] مێژووی عوصووری قەدیمەی (هنری براستید). (شعوب هندو ئەورووپا) ل١٣١-١٣٢.

سەرکەوتووەو تاقمێکیش تیاچووەو نەماوە.. جا سەر گوروشتەی کۆنی ئینسان زۆری عیبارەتە لەم کۆچ و ڕەوانە. نەژادی هەمووی نەتەوەکانی پێشوو، وە لەناویاندا نەژادی کوردیش ئەمەی دیوە. لەدوای گەلێك سەرئەنجام ئەم ئەوەیەی لێپەیدابووە وەکو لای خواردوە باسیان ئەکرێت: چلۆن عەرەبستان جێی پەیابوونی نەتەوەی (سامی)یەکان بووە، سەرزەمینەکانی چواردەوری بەحری (قەزوێن)یش شوێن جەولانکای عەشایری (قافقاس) و (هیندۆ ئەرووپایی) واتە (ئاری)و (تورك)و (مەغوول) بووە. عەشایری سامی لە پێش مێژووەوە هەر کە لێی قەوماوە پۆل پۆل عەرەبستانی بەجێهێشتووەو کۆچی کردووە بۆ دەوری عەرەبستان و لەوێ دانیشتووە. هەر لەبەر پێویستییەکی وەهاش جۆرە عەشایری (قافقاس و ئاری) لە مێژوودا بەین بەین نیشتمانی کۆنی خۆیان کە سەرزەمینەکانی گوێ بەحری (خەزەر)بووە، بەجێیانهێشتووەو ڕوویانکردووەتە وڵاتەکانی دەوری خۆیان و گرتوویانەو ئەمجا ئەوێیانکردووە بە نیشتمانی تازەیان. بەو تەرحە لەدوای چەند پشتێك لە بیریشیان چووەتەوە کەباوکوباپیریان لەجێی دوورەوە بە کۆچ و ڕەو هاتوون، بەڵکو وایان زانیوە کە نەژادیشیان هەر لەو ناوەدا خولقاوە. بەپێی وتەی زانیارەکانی جوغرافیا[٧] وادیارە لە زۆر کۆنا ئیقلیمی دەریای (قەزوێن) وەك ئێستا کەم بارانو چۆڵ تەبیات نەبووە، بەڵکو وەك عەرەبستان لە زۆر کۆنا وڵاتێکی بەباران بووە، چوار دەوری بەحری (خەزەر)[٨]یش وەهابووە. ئەو حەلە ئەم بەحرە لە ئیستا گەورەتربووەو بەدۆڵی (مانیج)دا کەوا لە ژوور کێوی قافقەوەیە لەگەڵ بەحری (ئازۆف)و بەحری (ڕەش) پەیوەستبووە. ئەو حەلە ئەوناوە

---

[٧] جوغرافیای تەبیعی تورکی (فایق صبری).

[٨] تەئریخی عوصووری قەدیمە (برایسستد) ل٦-٧.

بەپیتو بەرەکەت بووە. بۆیە ئینسانەکانی ئەویٚ لەو سەردەمەدا بە ناسوودەگی ژیاونو (رەوە) مالآتیان بەخێوکردووەو پەرەیان سەندووە.بەلآم لەدواییدا تەبیعەتی ولآتەکە گۆڕاوە، بارانی کەمبووەتەوە، دەریای (خەزەر)و دەریای (ئازۆف) چوونەتە شکلّی ئێستایانەوە. جا ئەم حالّەتە بەشوێن دۆلّەکەی (ماینج)ی ئێستاشا دیارەو نیسباتە، بۆیە لەدوای مسەوەرەیە بەرە بەرە ئیقلیمی ئەوناوە تێکچووەو گۆڕراوەو بووەتە ولآتێکی (دێمەرۆك)ی ئەوتۆ ئیتر نەتەوەکانی ئەویٚ نەیانتوانیوە وەك جاران بە فەرەحی لەوێدا بحەوێنەوە، بۆیە یەکتریان نارەحەتکردووەو هەلّمەتیان بردووە بۆ سەر یەکتر. ئەوی دەرەقەت نەهاتووە جوولآوە بۆ پەیداکردنی جێگایەکی تازە. سەبارەت بەمە دەسکراوە بە کۆچو رەو، ئەوی شکاوە شوێنی خۆی بەجێهێشتووە. لەوەشا گومان نییە، نارەحەتیو تەعەداکردنی خێلآتەکان لەسەر یەکتری ئەگونجێت لەرووی هەلّمەتی تایەفەکانی (جینسی زەرد) لە تورکستان و مەغۆلستانەوە رووی دابێت کە لە رۆژهەلآتی ئەمانا بوون. ئینجا عولەمای (ئەتنۆغراف) ئەم عەشایەرە کۆنانەیان داناوە بە نەژادو (رەگەز)ی ئەقوامی (ئاری) وەیا وەك ئەوروپاییەکان ئەلّێن (هیندۆ ئەروپایی) وەیا (هیندۆجەرمەن)ی ئێستا. زاناکان ئەلّێن تاقمێك لەمانە رووی کردووەتە (ئەرووپا)ی ئێستاو پەیدا بووەتەوە کە لە ئەنجامی کارا نەتەوەکانی ئێستای ئەوێیان خستووەتەوە کە (لاتین، جەرمەن، سلآو)ەکان، وە ئەلّێن هەندێك تیرەو کۆماریش بەرەو جەنووب بۆ قەفقاس و بەرەو جەنووبی رۆژهەلآت رۆیشتوون چوونەتە (هیندوستان)و (ئێران) لەویٚ خۆیان گرتووەتەوەو کردوویانە بە نیشتمانو پێیدا بلآو بوونەتەوە کە ئەمانەش نەژادی نەتەوەکانی ئیستای (هیند، ئەفغان، ئێران، وە کورد)ەکانە، واتە گشت نەتەوەکانی (ئاری)ی ئاسیای ئیمرۆ لەوانە کەوتوونەتەوە. جارو باریش هەندێك لەم نەتەوە رەوەکییانە لە (دەربەند)ەکانی کێوی قافەوە هاتوونە خوارەوە رووبانکردووەتە ولآتەکانی

ڕۆژهەلاتی (ئەنادۆلّ)و ڕۆژاوای (ئێران)، بەرە بەرە تێکەلاوی نەتەوە کۆنەکانی ئەویّ بوون کە لای خوارەوە بەتایبەتی باسی ئەو کۆنانە ئەکەین. بێجگە لە مانە لە ڕۆژهەلاتی ئەنادۆلدا تیرەیەکی کۆن دانیشتووە(هتیت-حت)یان پیّ ئەلێن کەڕەگەزەی ئەمانە هێشتا بنج بەست نەبوە، بەلام لەنەتەوە بەناو بانگە کۆنەکانن، لە پێش هاتنی ئارییەکانا لەناو چوون. جا زاناکان هەموویان ئەم مسەوەرەی کۆچ و ڕەویان سەلماندووەو عەشایرەکانیشیان بەنەژادی قەومە ئارییەکان (ئاسیا)و (ئەروپا)ی ئێستا داناوە. تەنانەت هەندێك لەو زانایانە ئەلێن کۆنەکانی پێشوو کە (عەیلام، گۆتی، کاسی، لۆللۆ، سۆباریو، میتانی)یەکانن.دەستە کۆچو ڕەوی یەکەمین لە پێش دوو هەزار سالّ پێش میلادا هاتوون، خوارو ژوور لە (زاگرۆس)ە کانا گیرساونەتەوەو لەگەلّ (سۆمەر)و (ئەکاد)ەکانا هاوچاغ بوون و بەشەڕو بە ئاشتی ڕایانبواردووە. مەوجەی دووەم کە (ماد، مانای، پارت، فارس، کاردۆخ، ئەفغانو، هیند)مکانن دەستەی دووەم جاران هەردوولایان (ئاری)ن. ئەمانیش لەناوچەی بەحری (خەزەر)ەوە پێش سەدەی دەیەمی پێش میلاد هاتوون. بەس ماد، فورسو کاردۆخەکان بۆلای زاگرۆسەکان هاتوونو لای نەتەوەکۆنەکان گیرساونەتەوە. ئەم تازە هاتووانە بە ئەنجام حاکمبوون بەسەر کۆنەکاناو لە دواییدا تێکەلّو ئاوێتەی یەکتربوون. جا (کورد)و (فورس)و (هیند)و (ئەفغان)ی ئێستا لەم ئاوێتە بوونە دروستبووە. ئەم تەعریفە وەها ئەگەیەنیّ کە قەومایەتی ئێستای (کورد)و (فورس) بەم دوو مەوجە کۆچەرە بەرهەم هاتووە. بەڕاستی کە شەپۆلی مەوجەی دوایی هاتووە، شەش تایەفە کۆنەکە هێشتا ماوەو ئەوە زۆر ئاشکرایە کە ئەم ئارییە تازانە تێکەلّ کۆنەکان بووە. زمانی ئێستای (هیند، ئەفغان، فورسو کورد) لەدوای تێکەلّبوون پەیدابووە. نەتەوە کۆنەکان دەوری مێژوویی خۆیان بەجێهێنابوو کە مەوجەی دووەم هات. هەرچی (سۆمەر)ەکانە لە پێش تەئریخەوە چوونەتە (عێراق)و ڕەگەزیان هێشتا ساغ

نەبوومەتەوە، وە کەممەوجەی دووەم هاتووە ئەمان نەماون. بەڵام پێویستە ئــەوە بزانرێ بناغەی ئاوەدانی و خوێندەواری و نوسین ئەم سۆمەرانە دایانهێناوە لە عێراقا[٩] . بـەڵام هێشتا هـەموو زاناکـان بڕوایـان بـەم (نەظەریـە)یـە نـەکردووە، بـەڵام ئــەو زانایانـەی کـە دانــەری (نەظەریــە)کـەن زۆر وردبوونەتــەوە لــە نەظەریەکـە، چونکو ڕاسـتە ئـەبێ نەتــەوەکانی مەوجـەی یەکـەمیش (ئــاری) بووبن، بۆیە بەسووکو ئاسانی گونجاوە ئاوێتە بن، واتـە مەینـەتی تێکـەڵ بـوون سووك ڕۆیشتووە. ئەو کاتە تورکمان هێشتا پەیدا نـەبووە تـا بڵێـین ئـەگونجێت تورکمان بووبن. جا لەبەر ئەوەی هەردوو مەوجەکە(شکی تیـا نییـە) بـووەو ئاوێتـە بونەکەشیان ڕاستە، پێویـستە ئـەبێت ئـەحواڵی تــەنریخی نەتــەوەکان هەردوو (مەوجە)کە بنوسرێت لە مێژووەکەمانا، چونکـو کـوردو ئێرانییـەکانی ئەوسا تێکەڵاوی ئەو کۆنانە بون ئینجا بون بە (کورد)و (فورس)ی ئیستا. بۆیە ئەبێت بنچینەو ڕەگەزی ئێمە لەوانەوە دەسـتپێبکا. زۆر ئـەگونجێت کـە شـەش نەتەوەکەی لای سەروو لە جینسی سپی بن، چونکـە کـەس نـاڵێت و نـەیوتووە ئەمان (سامی)ن. سەرو سەکوت‌و قیافەت‌و زمانیان سامی نەبووەو لەناو زەوی‌و زارە شـاخاوییەکەی (زاگــرۆس)دا ژیــاون دەشــتییان نــەکردووەو لەســەرەتای مێژووەوە هاتوونە ئەوێ. هیـچ زانایەك نەیوتووە کە لە پێش مێژوودا تایەفەی مەغوول وەیـا تـورك هـاتووە بـەو ناوچەیـەدا کـەوابوو ڕێگـای تـر نییـە، شـەش تایەفەکەی پێشوو ئەگەر(ئاری) ئەبن ئەبێت (قافقاسـی) بـن. ئـەگونجێت ئـەم دەستە (نەتەوانە) لەدەوری (غلاسیە - بەستەڵەك) کە لە شیمالی (ئۆراسـیە)دا ڕووی داوە لە دە هەزار ساڵی پێش میلادا، لەسەرمانا هەڵاتوون بۆلای گەرمیانو

---

[٩] مێژووی (دوکتۆر شاکیری خەصباك) ل٩، وە مێژووی (کوردەکان)ی باسیل نیکتین و، مێژووی مینۆرسکی.

بەنەنجام گەیشتنە زاگرۆسەکان[١٠]، لە پێشەوە (سۆمەر) ئەمجا (عیلام)و لەپاشان ئەوانی تریش گەیشتنە (زاگرۆس)ەکان لەوێدا وەستاونو دامەزراون، ئەمجا پێویستە چاوەڕوان بین کەئەمە لەمەولا، لای زاناکان ساغبێتەوە.

موجەی یەکەم: دەستە نەتەوەی پێشینان و پەیدا بوونی (عیلام، کاسی، گۆتی، لۆللۆ، سۆباری، میتانی)، ئەگەر بڕوانینە مێژووی (نەتەوە کۆنەکان)ی ڕۆژهەلاتی نزیک ئەبینین لە زۆر کۆنا لە عێراق و دەوری عێراقا هەندێک قەوم هەبوون ناویان زانراوە، بەڵام کەس نازانێت ئەمانە کەی هاتوونە ئەوێو لەو ناوەدا چۆن جێگیربوون. بەلکو لەگەلْ هەندێک ڕیوایەتا هەر ئەوەندە نوسراوە کە لەسەردەمی هەرە کۆنا لە جەنووبی عیراقا نەتەوەیەکی (سۆمەر) ناو هەبووەو عێلاتی(عیلام)و (لۆللۆ)و (کاسی) ناویش لە ڕۆژهەلاتی (عیراق)دا لەناو چیاو دۆلەکانی سنووری ئێستای (ئێران)و (عیراق) دانیشتوون. دیسان لەناو کەژو کێوەکانی ژووروتردا لە عێراق دوتیرە قەوم (گۆتی) و (سۆباری) ناو بلاوبووەتەوەو نارامگیربووە کە بە بڕوای هەندێک زانا ئەمانە (زمان)یان لەیەکچووەو بەڕەسەنیش لە هۆزی (قافقاس)ەکان بوون. ئەمانە کە نەتەوەی تریان لە پێشەوە نەبینراوە ئایا چلۆن پەیدابوون وە یا چلۆن هاتوونە عێراق لەڕۆژهەلاتیا دانیشتوون؟ لەم باسەماندا خەریکی حەلکردنی سەرگوزەشتەی هاتنی ئەمانەو کردگاریان نەبین، چونکە ئەم عەشرەتانە لەگەلْ ڕەگەزو بنچینەی قەومی کوردا پەیوەندییان هەیە، بگرە ئەتوانین بلێین کە نەتەوەکانی (کورد)و (ئێران) بەڕەسەن خوێنی ئەمانەیان تیایەو ئیمڕۆ لەم سەرزەمینەدا هیچ نەتەوەیەك نییە کە تێکەلاو نەبوبێتو، تێکەلاوبوونی ئەو نەقوامە ئەوەندە گرفتی تیا نەماوەو، گەلێك نەقوام لە یەکا تواونەتەوە،

---

[١٠] تەئریخی عوصووری قەدیمە (بریستید)، خەریدەی عەصری جەلید،ل٦.

گۆڕیان گوم بووەو ناویان نەماوە. لە مێژوودا ئەمانە دیارن. لەبەر ئەمانە باس لە مێژووی هەر نەتەوەیەك بکرێ ج قەومێکی تر تێکەڵیان بوو بێت پێویستە باسی ئەحواڵی ئەوانیش بکرێت، چونکە پیشەو خوڵق و کردگارو شێوەی زمان لەیەکتر وەرئەگرن و، نابێت هیچی پەنهان بمێنێت. لەبەر ئەوە باسی تەئریخی گشت ئەو نەتەوانە ئەکەین کە تێکەڵ کوردان بوون لەکاتی کۆنا.

ڕەگەزی نەتەوە کۆنەکانی عێراق و پەیابوونی مەدەنیەت

زاناکانی جوغرافیا ئەڵێن پێش بیرەوەری ئادەمیزاد (خەلیجی بەسرە) هەتا (ژورووی بەغدا) هاتووە، یەعنی کێڵگەکانی جەنووبی عێراق کەئێستا دەشت و ئەرمانە وەختی خۆی (دەریا) دایپۆشیوە. بەڵام لەدواییدا زەمانی قوڕاوی (ڕووبارەکان) ڕژاوەتە گوێی ئەم دەریایەو بیریکردووەتەوە، تابەئەنجام شوێنەکەی بۆتە دەشت و بەجێماوە. ئەو شتانەی کە لە شوێنی نەتەوە کۆنەکانی خوارووی عێراق لە قووڵایی زەمینا لەلایەن زانایانی (ئاثار)ەوە دەرهێنراوە ئەمە ساغ ئەکاتەوەو گومانی تیا ناهێڵێ[1]. لە زۆر کۆنا لە دورگەی (جزیرە)ی عەرەبستانەوە عێلاتی ڕەوەکی ڕوویکردووەتە عێراق هەتا گەیشتووەتە سەر ڕووباری (فورات) وەیا قەراغ (دەریا) لەوێ گیرساونەتەوەو دانیشتوون، ئەوسا بەرە بەرە دەستیانکردووە بە ئاوا کردنەوەی ئەو ناوە. جا عێلاتی (ئەکەد) یەکێکە لەوانەو پەکەمینیانە. ئەوسا (دەریا) لای (سەماوە)ی ئێستا بوو. ئەمانە کە هاتن وڵاتەکەیان (ئاوەدان) دی، شاری ڕازاوەو نەتەوەی خوێندەواریان تیادی، ئەم شوێنە ئاوەدانانە وڵاتی (سۆمەر)ەکان بوو. (ئەکەد)ەکان هاتنە شیمالی ئاوەدانییەکەی لای (حلە)ی ئێستا لەسەر فورات

---

[1] تەئریخی حەضارەی (طاها) پاشا هاشمیو، مێژووی بریستید (ل١٣٥) شوعووبی ئاری.

وستان لەژێر دەوارا لەگەڵ سۆمەرەکان لای (حلە)ی ئێستاو لەوانەوە فێری نیشتەجێبوون، شاری (ئەکەد) یان دروستکردو بەگژ سۆمەرەکانا چوون لە ۲۹۰۰ ساڵ لە پێش میلاددا. (سۆمەرەکان) یەکەم کۆماری ئادەمیزادی مەدەنین لەسەر ئەم سەرزەمینە. لەپێش میلادا بە ۲۵۰۰ ساڵ و بەڵکو زیاتر ئەم (سۆمەرانە) لەناو چیاکانی ئێرانەوە بەهۆی هەر بۆنەیەکەوە بوو بێت کشاون بۆ (عیراق) بۆ پێ دەشتی هاتوون، لای (دیجلە) یان پەسەند نەکردووە چونکە ناو نەیگرتووەتەوە. ئەمجا پەڕیونەتەوە، بۆسەر (فورات)، لەوێ ئارامیانگرتووە، خۆیان لەپێش تەئریخەوە هاتوونو لە عێراقا داخڵی تەئریخ بوون، قەومێکی ناوداری بەرزن لە مێژوو لە (مەدەنیەت)دا، لە گوێ (فورات) دەستیان کردووە بە کشتوکاڵ، ئاوەدانییان پێکەوە ناوە، یەك لەدوای یەك گەلێك شاریان دروستکردووە، هەر شارە حکومەتی جیاوازی بووەو سەربەخۆ ژیاوە، دەستوری سیاسەتی (سۆمەر)ەکان ئەو کاتە وا بووە هەر شارە حکومەتێکی جیاوازی بووە، لە مێژوودا ناونراون (حکومەتی شاران) ئەمانە ناکۆك بون لەگەڵ یەك. بەئەنجام ئەم جۆرە سیاسەتە بووە بە هۆی لەناوچوونی سەربەخۆیی سۆمەرەکان. لە مێژوودا پێش هەموو ئەقوامی سەرزەمین (سۆمەر)ەکان نووسینیان داهێنا، وە لە ۲,۵۰۰ ساڵ پێش میلادا لە (وێنە- صوورەت)ی شت نووسراویان داهێنا، لەدواییدا چووە سەر شکڵی (مێخی). ڕەگەزو ڕەسەنی ئەمانە بەتەواوی ساغ نەبوەتەوە. ئەڵێن ڕەسەنی سپین، (سامی)و (توورانی) نین. بەشێك لە زاناکان ئەڵێن ئەمانە کە هاتوونەتە عێراق هێشتا لەدەوری (بەرد)دا بوون، تازە فێری کشتوکاڵ ببوون. لە نووسراوەکانیانا کە دۆزراوەتەوە جینس و ڕەسەنیان نەنوسراوە. خۆشیان نەیان وتووە لەکام ڕەگەزن وەیا لەسەرەتادا لەکوێ وە هاتوون. ئەم شوێنانە هیچی دیار نییە. لەبەر ئەوەی لە پێشهاتنی (ئاری)یەکانا ئەمانە لەناو چوون لەگەڵ (ئێرانی) و (کوردەکان)دا هیچ تێکەڵاوییان نییە. لەبەر ئەوە دەربارەی

(سۆمەردگان) لەمە زیاتر پێویست نییە هیچ بنووسین. ئینجا (شارستانیەت)ی کۆنی عێراق کە لە مێژوودا بەناوبانگەو زاناکان دایاننـاوە بە بنچینەی شارستانیەتی (مەدەنیەت)، سەرزەمین ئەم سۆمەرانە بناغەیان داناوە، وە ئەکادە سامییەکانو بەڵکو هەموو ئەو ئەتەوانەی تر کە لە سنووری ڕۆژهەڵاتی عێراقا دانیشتوون گشتیان شارستانیەتییان لەم بناغەیە وەرگرتووە. وەکوو مێژوو ئەڵێت ئینسانی سەر ئەم ئەرزە لە پێشا شارستانی نەبوە. ئادەمیزادی هەرە پێشوو ڕاوچیبووە. خۆیو ماڵ و منداڵی بەڕاو ژیاندووە، لەدواییدا (ئاژاڵ)ی ماڵیو بەخێو کردووە، بە گەلەو ڕەوە حەیواناتی بەخێوکردووە کە ئەوەش بەناچاری ئادەمیزادی تووشی (کۆچەرێتی)کردووە. بۆ (حەیوان) لەوەڕاندن گەڕاوە بەدەشتو دۆڵو کەژو کێوا. لەدوای ئەمە فێری کشتوکاڵکردن بووە. بەناچاری بەدیار کشتوکاڵەکەیەوە پاسەوانیکردووە کە لەناو ئەچێت. وە قۆخی دروستکردوە بەدیار زەرعەکەوە تیا دانیشتووە، ئینجا چەند قۆخێکی وەها بۆتە (دێ)یەك، بەوە کۆمەڵو دێکانی پەیا بوومو لەوەشەوە گەل، کۆمارو ئەتەوەو (ئاوایی)و شاری گەورە هاتووە کایەوە. وەنەبێ ئادەمیزادی ئەو حەلە هەموو بەیەکجاریوەیا لە هەموو شوێنێکا لەیەك وەختا وەیا وەکو یەك بەو پلانی ژیانەوە ڕۆیشتبن بەڵکو لە شوێنێکا کە (دانیشتوو) بووە هەر لەو شوێنەدا یان زۆر لە نزیك ئەوانەوە (ڕەوەکی)یش بووە. جا لەبەر ئەوە تەقالیدو خوو ڕەوشتو جۆری ژیانو ئەریت و هەڵس و کەوتیان لەیەك جوێ بووە، ناحەزی لەبەینیانا پەیدا بووە. لەبەر ئەمانە لەبەینی ئینسانی کۆنا شەڕو دووبەرەکیو ڕقەبەری هیچ ئەپساودتەوە. دوو بەشە ئینقیلاباتی سەر ئەم زەمینە لەو ڕوودوە بووە. لەمێژوودا بە هەزاران ئەم جۆرە ڕووداوانە ئەبینرێتو، ئەو ئەتەوانەی هاتوونەتە عێراق دەرەجاتەکانی لای سەردەمیان هەموو بڕیوە. هەموو مێژونووس و زاناکان ئەڵێن لەپێش هەموو جێگایەکی سەرئەرز لە (عێراق)و (میسر)دا ئادەمیزاد

تۆوی (ئاوەدانیی) ڕشتووە، وە لەوێوە بەسەر زەمینا بڵاو بووەتەوە. هێشتا لە هیچ جێیەك (ئاثار)ی ئینسانی مەدەنی دەر نەكەوتووە كە بوترێ ئەمە پێش بەجێماوە كۆنەكانی (عێراق)و (میسر) دروستكراوە. عێراق پێش میسریش كەوتووە. تەنانەت حیكایەتی (تۆفان) لە عیراقا دروستبووەو لە (ئاثار)ەكانیانا نووسراوێوەها هەیە. لەبەر ئەمانە پێویستە بڕوانینە مێژووی كۆنی عێراق تابزانین لە نەتەوە كۆنەكان كامیان لەگەڵ نەژادو ڕەگەزی (كورد)دا تێكەڵی هەیە بیدۆزینەوەو لە مێژووی كوردا ناونووسی بكەین.

پەیدا بوونی حكوماتی هەرە كۆنی زاگرۆس

هەتا ئێرە لە حاڵەتی نەتەوە كۆنەكانی پێشوو ڕۆژاوای ئاسیای نزیك و كۆچ كردنەكانیان دواین. لەمەولاش باسی جێگیربوون و ئارامگرتن و ڕابواردنەكانیان ئەكەین. وەك لەلای سەرەوە وترا هەرچی نەتەوەی كۆن هەیە گشتی لە عەشایەرییەوە پێگەیشتووەو، بەمەدەم حەیوان بەخێوكردنەوە كۆچەرێتیكردووە، یا فێری كشتوكاڵ بووە ئەوسا بۆی دانیشتووە، وازی لەم هات و چۆیە هێناوە. هەمووومان ئەوە باش ئەزانین كە ئەگەر یاساو دەستوورو ئەمینداری نەبێت (كۆمەڵ) پێكەوە نانووسێ، وە بۆیە پیاو ماقووڵ و هەڵكەوتووی عێلانی كۆنیش بۆ ڕاگرتنی (ئەمنیەت)و ئاسایش و (یاسا)ی ناو كۆمەڵ و پاراستنی باری سیاسیو قازانجو كردو كۆشی ناو خۆیان زەمانە فێریكردوون و ناچاریكردوون كە (حكومەتی عەشیرەتی) پێكەوە بنێن و بیكەن بەدەستووری ژیان بۆ خۆیان. بۆیە ئەبینین ئەقوام دەسەڵاتیانداوە بە ماقووڵ و سەرۆكەكانیان تاكو نیظامیان بۆ ڕاگرن و نەیەڵن دەست بۆیەكتری بەرن و لەكاتی ترس و تەنگانەو مۆڵەكەشا بۆ پاراستنی كۆگاكەیان چەكیان هەڵگرتووەو چوونە ژێر ئەمرو فەرموودەی ئەو ئاغاو ماقووڵانەوە، ئەوسا

بەگژ ئەوانەدا چوون کە تەماعیان تێ کردوون دەستیان بۆ هێناون وەیا هاتوونە سەر نیشتمانەکەیان. جا ئینسانەکانی پێشوو بەمجۆرە توانیویانە (کۆگا) ڕێکبخەنو موجتەمەع پێکەوە بنێن، کە ئەمانە دروستبووە (نیشتمان)و هەست (حس)ی پاراستنیشی هاتووەتە پێشەوە. لەدوای ئەوە بەپێی ئەم دەستوورانە لە خۆیەوە حکوماتی (سەرەتایی) داهاتووەو گەرای حکوماتی ئێستا دانراوە. کەواتە بەپێی ئەم دەستوورە با بزانین لە عەشایری کۆچەری کۆنی ڕۆژهەلاتی نزیک کام حکومەت پەیدابووەوچییان بەسەر هاتووە، یەکە یەکە لایخوارەوە بییانووسین.

سۆمەرەکان

لە باسەکەی پێشوودا وتمان لەبەر ئەوەی سۆمەرەکان لەپێش هاتنی ئارییەکانا لەناوچوون، لەم مێژووەدا هیچ پێویستیەکمان بەوە نامێنێت کە باسیان بکەین، چونکو کوردو ئێرانییەکان ئەمانەیان نەدیوە.

١-عیلامەکان: جەنابی ئەمین زەکی بەگ لە مێژووە نازدارەکەیاندا تیرە قەومەکانی (گۆتی، لوللۆ، کاسی، سۆباری) داناوە بە (پۆلی یەکەمینی مەنظوومەی زاگرۆس). بێگومان ئەم زاتە لەدوای وردبوونەوەیەکی زانایانەی ئەم تەعبیرەی بەکارهێناوە. کەواتە لەو ناوانەدا هەرچی ئەتەوەیەك بووبێت پێویستە بخرێتە ئەم ڕێزەوە وەکو (عیلام) و (سۆمەر)ەکان بێت، جینسی ئەمانە هێشتا ساغ ئەبووەتەوە. بەلام بڕیاری زاناکان لەسەر ئەوەیە کە ئەم دوو ئەتەوەیە لەڕەسەنی سپین، چونکو بەشێوەی قیافەت لەوان ئەچنو تێکڕا ئەمانە پێکەوە ژیاون، تەنانەت ولاتی عیلام لەگەلْ دیاری (کاسای، گۆتیو، لوللۆ)کانا بەجێگاو ڕێگا لەپالْ یەکابوون، بەم پێیە ئەبێ گشتیان یەك (مەنظوومە)بن. بە کورتی وا دیارە ئەم عیلامانە لە بتەقەی هەوەلْ عەشایری زاگرۆسن و ئەوەتەی بینراوە ئەمانە پێکەوە بوون. هاتوونەتە جەنووبی بانی (ئێران). سۆمەرەکان یا تیرەیەك بوون لەمانو جیابوونەتەوەوچوون بۆ

جـەنووبی عـــێراق وەیـا عیلامـــەکان لـــەدوایا هـــاتوون ســـۆمەرەکانیان دەرپەڕاندووەو خۆیان لەجێی ئەوان لەسەر (کارۆن) دامـەزران، هـەر کامێکیـان ڕاست بێـت مـاددە نـاگۆڕێ واتـە لـە ڕەسـەنی سـپییە کۆنـەکانن، چونکـە لـە ٣،٤ هـەزار سـاڵ پێش میلادا لەوێبوون کـە (ئـاری)یـەکان هێشـتا نـەهاتوون، زۆر نـەگونجێت عیلامـەکان لەمەوجەی (ئـاری)یـەکانی یەکەم بـن. ئـەم عیلامانـە لەتورەی ڕووباری (کارۆن) و (کەرخا)دا بوون کەوا بریتییە لەسەر زەمینەکانی (لورستان) فارسو پشت کێوو بەختیاری ئێستا.

لە مێژووی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆنا ئەم عیلامانـە ناوبـانگدارن، لەگـەڵ (سـۆمەر)ەکـان هـاودەور بـــوون. ئـــەوەندە هەیـــە وەك ســـۆمەرەکان پێشکەوتوو نـەبوون. لەگەڵ (ئـاژەڵ)دا زۆر خـەریکبوون، لـەناو شـاخو دۆڵـــی وڵاتەکـــەیانا بـــەرەوە حـــەیواناتیان ڕا نـــەگرت و بـــەدەم ئەوەشـــەوە لەگـــەڵ کشتوکاڵکردنیا خەریك ئەبوون. نەتەوەیەکی دڕو بەهێزو جەنگیبوون، لەگـەڵ (سۆمەر)ەکانـا زۆر بەشـەڕ هاتوون. گەلێ جار (سـۆمەر)و (ئەکـەد) لـەناکاو داویانە بەسەریانا، شاری (بابل)و گەلێك شـاری تریشیان داگیرکردوون و هـەتا بەینێکیش لە ژێـر حوکمیانـا ماوەتـەوە، بـەڵام شـەڕ هـەر دەوامیکـردووە هـەتا عیلامەکان شکاونو دەرکراونەتەوە ناو کەژەکانی وڵاتـی خۆیـان. هـەتا نـاکۆکی نەکەوتووەتە ناوخۆیان حاڵیان زۆرچاکبووە، مەملەکـەتیان نـاوەدانو ئەهلەکـە بـە ناســوودەگی ژیـاوە، شـارەکانیان ڕازاوەو ڕێکوپێکبـووە. پایتـەخت شـاری بـەناوبانگی (سـووز) وە یـا (شـەوشـەن) بـوو. ئـەم شـارە لـە پێدەشـتیدا لەسـەر ڕووباری (کارون) نزیـك تێکـەڵبوونی بـە (دەریـا) دروستببوو. بـەتاڵانی وڵاتـی (سۆمەر)و (بابل)ئەم پایتەختەیان ڕازاندووەتەوە. کۆشـكو سـەرای بـەرزی تیـا کرابوو. (پادەشتی – پادشاد) کانیان لەوێدا ڕایان ئـەبوارد. بـەکورتی عیلام لـە (٢/٣٠٠) سـاڵ زیـاتر سـەربەخۆ ژیـاوەو تـا دوایـی سـاڵ ٦٥٠ پ.م لـە ڕەنگـی دەوڵەتێکی سەربەخۆدا ماوە، بەڵام لەبەر ئەوەی هەمیشە دەستدرێژی ئـەکرد

بۆ سەر عێراق و لەو کاتەشا ئاشوورییەکان لە عیراقا حوکمیان ڕەوای هەبووەو براوە بوون (ئاشۆر باناپال)ی پادشای ئاشور بەلەشکری قورسەوە داویە بەسەر عیلامـا. سوپای عیـلام شـکاوە، شـاری (سـووز)ی جـوان لـەدوای تـالآنکردن وێرانیشـکراوە. ئـەمجا کیشـوەری عیـلام هـەمووی زەوتبـووەو ئـەهالی بەیەخسیرگیراوە. لەو کاتەوە عیلام لەناوچووە. ئەگەرچی (سووز - سەوسەن) لەزەمانی فارسەکانا دووبارە ئاوا کراوەتـەوە، بـەلام ئـەمجارە (شـای ئـێران) حوکمی تیاکردووە.

شارستانیەت (مدنیت)ی عیلام

عیلامـەکان لە سۆمەرەکانەوە شارستانیەتی نوسین فێربوون. نوسین بـە زمانی خۆیان بووە، هەندێك نوسراویان بەجێماوە. خەتەکەیان لە (بزمـاریی) نـەچێت، بـەلام هێشـتا (حـەل) نـەکراوەو نەخوێندراوەتـەوە. ئەمانـە (بـت) پەرستبوون، وایان زانیوە (ڕۆژ)و (مانگ) خوان و دەستەدارن، خوایەتی ئەکەن. وا دیارە ئەم عیلامانە کەدامودەزگای سیاسییان تێکچوو، ئەیانتوانی جارێکی تر لەولاتەکەیانا ببنەوە بەحاکم، تێکەڵ بە عێل و خێلاتی بـەهێزی (فـورس)و (ماد)بوون کەوا دەمێکبوو بە کۆچ و ڕەو هاتبوونـە خـوارووی ڕۆژاوای (ئـێران). ئەمان چاوەڕوانی هەلبوون کە ولاتەکەی عیـلام بخەنـە ژێرچنگـی خۆیانـەوەو ببن بەحاکم لەو ناوەدا. کاتێك کە عیلامەکان لـێیان قەوماو تووشـی هەڵمـەتی کوشندەی (ئاشوورییەکان) بوون، سەرداری عێلانـی (فورس) ئەمەی بەهەل دانا چنگـی خستە نیشوکاری عیلامـەوە، خۆشیانبوو بێت یـاترش دەسـتیان گـرت بەسـەر کاروباریـا تـا هـەتا بۆیـان سـاغبووەوە، وە ئەمـە بـووە هـۆی ئـەوەی کـە هەلگێڕانەوەیەکی مێژوویی قەومایەتی نوێکەوتە ئێرانەوە وەك لەمەولا باسـی ئـەکرێت. لەسـەر زەمینـی عیلامـدا ئـەمڕۆ تـیرەو تایەفـەی (لـوڕ)و (لـەك)

دانیشتووە کە هەردووکیان دوو نەتەوەی (کورد)ی پەتین. جا لە باسەکانی دوایی ئەم کتێبەمانا تێ ئەگەین کە ئەم دوو عەشرەتە لەو شوێنەدا چلۆن پەیدابوون.

٢-گۆتییەکان:

گەلێك لە ڕۆژهەڵات زان (مستشرق)ەکان بە ئاشکرا ئەڵێن نەتەوەی (گۆتی۔ کورتی) بنچینەو ڕەگەزی هەرە کۆنی نەتەوەی کوردە، وە ئەڵێن ئەمانە گەلێك شوێنی زاغرۆسەکانیان بەدەستەوە بووەو حکومەتی وردەڵەی سەربەخۆیان تیا بنیاتناوە. بەپێی وردبوونەوەو موتاڵای (ئەمین زەکی بەگ) خاوەنی مێژووی (کوردو کوردستان) لە نووسراوی موستەشریقەکان وا دەرئەکەوێ ئەبێ (گۆتییەکان) قەومیکی ئێجگار گەورەی فرە تیرە بووبن وەك: هەندێك لە خوارو ژووری (زێی بچووك)و (ئارارفە - ئارارنجا- کەرکووك)دا بوون. بەشێکیشیان لە جەنووبی ئەوانا بوون، چونکە تێکەڵایەتی نەتەوەی گۆتی لەگەڵ (سۆمەر)و (ئەکەد)و دروستکردنی حکومەت لەناو ئەوانا وایدەرئەخا کە (گۆتییەکان) دوو تاقم بوون: تاقمێکیان لای (سۆمەر)ەکانەوە بووە وەیا لەم کاتەدا لە شیمالی عیلامەکانا لای سنووری ئێستای (عیراق) بوون. کە (ئەکەد)ە سامییەکان هاتوونە شیمالی (سۆمەر)ەکان و لە زەمانی (سارغۆن) و (ئارام سین)دا بون بە زۆردارو دەستیان درێژکرد بۆ دەوری خۆیان، گۆتییەکان بزوتوون و کردوویانەتە دوژمنایەتی لەگەڵ (ئەکەد)ەکان. ئەگینا ئاگونجێت ئەم (گۆتی) یانە هەر ئەو تاقمە بووبن کە لە وڵاتی ڕووباری (زێی بچووك)و (کەرکووك)ی ئێستادا بوون و ئەوانەلەشکریان کردبێ و هاتبن بۆ سەر (سۆمەر)و (ئەکەد)و عیلام، چونکە: ئەگەر دووری ئەم وڵاتانە لە یەکتریو کەم دەسەڵاتی عەشایر بۆ شەڕی دوورو ئەشارەزایی ئەقوامی ئەو کاتە بخەینە بەرچاو، بە ئاسانی دەر ئەکەوێ کە ئەمانە لەبەر دووری ڕەنگە ئاگاداری

ڕووداوەکەشیان نەبووین. ئینجا هەر ئەوە ڕاستە کە لە کاتی پێشوترا تاقمێکی بەهێز لە گۆتییەکانا هاتوونە لای شیمالی ڕۆژهەڵاتی سۆمەرەکان لای چیاکانا (پشتکێو)و دۆڵی (کەرخا)و (ئەلۆمند) دامەزراوندووەو لەدوایدا تاویان داوەتە سەروڵاتی سۆمەروهەندێکیشیان داگیرکردووە. بەکورتی لەسەدەی ۳۱پ.م دا ئەم عەشرەتە گەلێك زۆرداربووە. سەردارەکەیان کەناوی (ئانتاتۆم) بووە چووە بەگژ عیلاماو لەبەر دەوڵەمەندییو ئاوەدانی چاوی بڕیوەتە شاری (لاقاش -- لەجش) کەوا وێرانەی ئەم شارە ئیستا لای (شەترە)یە لە عێراقاو داگیریکردووەو خۆی ناوناوە (پادشای لاقاش). ئەم سەرکەوتنە ناوبانگی (گۆتی)یەکانی خستوتە مێژوودوە. وەها دیارە ئەمانە لەگەڵ تیرەکانی تری گۆتیدا کەوا لای سەرەوە باسکران لەمەولا پەیوەندییان پەیدا کردووەو هەمیشە لەوانەوە (کۆمەك) یان بۆ هاتووەو بەم تەرحە کە هێزیان سەند، ئەمجا دەسەڵاتیان خستووەتە سەر هەموو وڵاتی (سۆمەر)، بەڵکو یەکیەتی ڕەسەن و ڕەگەزو چۆنیەتی زەمانو خزمایەتی قەومی، ئەم تێکەڵییەی ئاسان کردووەو لەبەر ئەوەی سۆمەرەکان لەناو خۆیانا یەك نەبوون یا لە شارەستانیەتیدا لەوان لە پێشتریش بووبن، دیسان ئەم گۆتییانە لەڕووی سیاسەتەوە بەسەر سۆمەرەکانا زاڵبوون، وە وادیارە گەلێك شەڕبووە لەبەینیانا، چونکە لەسەدەی (۳۱) ەوە تا(۲۸)ی پ.م ئەم تەقەلاو هەرایە دوایی نەهاتووە. لەم ڕووەوە بەلگەی زانای ئاثارو موستەشریقەکان ئەوەیە ئەڵێن لەم عەسرانەدا ناوی تایبەتی (سۆمەر)و (گۆتی) تێکەڵاو زمانەکەیانبووە. یەکێك لە پادشاکانی(گۆتی) سەدەی ۲۸ پ.م کەناوی (ئاننۆ باینن) بوو، بۆ ئەوەی یەکیەتییەکی سیاسی گەورەی (گۆتی)و (لۆللۆ) پێکەوە بنێت بەلەشکرەوە چووە سەرو وڵاتی (لۆللۆ) ناوچەی (هاڵمان)ی لێداگیرکردوون کە ئێستا ئەوێ (زەهاوی)ی پێئەڵێن. بەم شکستە لۆللۆکان چاوبەرەوژێری گۆتییەکان بوون، (ئاننۆبانینی) بەناوی ئەم سەرکەوتنەوە لێردا واتە لە (زەهاو)دا ئەستوونێکی

(سەرکەوتن) و لەوحەیێکی نوسراوی بۆ یادگاری بەجێهێشتووە. زانای ئاثار ئەمانەی لەم دواییەدا دۆزیوەتەوە لەگەڵ دوو لەوحەی نوسراوەی تر کەهی پادشاهەکانی ساسانین. وا دیارە لەدوای ئەم پادشاهە گەورە لە مابەینی (سۆمەر)و (گۆتی)یەکانا ئاگری شەڕ ئەوەندە بڵێسەی سەندووە هەردوولای پێ کزبووە، بۆیە (ئەکەد)ەکان ئەمەیان بە هەل زانیوە پادشاکەیان کەناوی (سارغۆن) بووە بەلەشکرەوە هاتووەتە سەریان. یەکە یەکە هەموو شارەکانی سۆمەری داگیرکردووەو ڕوویکردووەتە بەشە وڵاتەکەی (گۆتی) کە لە (سۆمەر)دا هەیان بوو. (سارغۆن) لەشکری ئەوانیشی شکاندووە لەو ناوەدا دەسەلاتی گۆتییەکانی نەهێشتووە. بەلام گۆتییەکانی شیمالی ڕۆژهەلاتی عێراق لەم (بارومرچەرخان)ە سلەمیونەتەوەو کەوتوونەتەخۆکۆکردنەوەی (تۆلە) سەندنی خزمەکانی جەنووبیان، کەچی لۆللۆکان ئەمەیان بەهەلزانیوەو لە گۆتییەکان جیابوونەتە کە ئەمە بۆهەردوولایان خراپ بوو چونکە (سارغۆن)ی مەلیکی (ئەکەد)و (سۆمەر) بۆ ساغکردنەوەی پاشەڕۆژی حکومەتە تازەکەی بەلەشکری زۆرەوە ڕوویکردووەتە وڵاتی (گۆتی)و (لۆللۆ) چووەتە ناو وڵاتە سەختەکەیان و یەك یەك شەڕی لەگەلاکردوون و شکاندوونی، وە لە دوای ئەم مەلیکە (نارام سین)ی جێنشینی دیسان بەلەشکری زۆریەوە هاتووەتە سەریان، گشت وڵاتی گۆتیو لۆللۆی داگیرکردووە. ئەم هەرایانە لەدوای سەدەی(٢٧)ی پ.م ڕوویانداوە. ئەم (نارام سین)ە لەدوای سەرکەوتنی لە (دەربەند)ی گەورەی قەرەداغ، نیشانەی سەرکەوتنی لە ستوونێکی ڕەسم لەسەرکراوی بەجێهێشتووە باسی ئەم شەڕانەی تیا نوسیوە. ئەوەندە هەیە ئەم سەرکەوتن و دەستدرێژی پادشایەتی (ئەکەد)ە لەمە زیاتر درێژەی نەکردووە، چونکە لە ئاخری و تۆخری پادشاهێتی (نارام سین)دا گۆتییەکان بەلەشکری قورسەوە هەلیان کوتاوە سەر (ئەکاد)و دووبارە ئەو ناوەیان داگیرکردووەتەوە. بەمە سەرلەنوێ دەورێکی حوکمڕانی تازەی گۆتی لە سۆمەرو ئەکەدا پەیدا بووەتەوە.

بەقسەی موستەشریقەکان ئەم دەورە تازەیە هەتا دوایی سەدەی(٢٦پ.م) درێژەی کردووەو (گۆدی پادەشی) ناو حوکمدارێکی زۆر بەدەسەڵاتیان لێهەڵکەوتووە. وەها دیارە ئەمانە لەبەر بێئیدارەیی هەتا هاتووە هێزیان کەم بووەتەوە ، تاکو لە دەمە دەمی سەدەی(٢٥ پ.م)دا پادشای شاری (ئۆر)ی سۆمەر کەناوی (ئۆتۆ- هیگال)بوو حووە بەگژیاناو دەوڵەتەکەی لەناوبردوون، لەسەر ئەمە گۆتییەکان کشاونەتەوە ناو وڵاتە شاخاوییەکەی خۆیانو ئیتر لەدەستو قووەت کەوتوون، لەجێی ئەوان وڵاتی سەربەخۆی وردەڵە پەیدا بووە کە جۆرێ ئیدارەی سیاسی سۆمەرەکان وەهابووە (حکوماتی مودون). وا دیارە (عێلاتی کاسای) کەتا ئەمکاتە بێ ناوونیشان لەناوچەی (لورستان)ی ئێستادا ژیاوە بێدەسەڵات بوونی (گۆتی)یەکانیان بەهەلزانیوە لەمەولا پۆلپۆل هاتوونو خزاونەتە ناو ئەرازییەکانی ئەمانەوەو بەرە بەرە تێکەڵ یەکتربوونو ئیتر لەو ناوەدا ناوی (گۆتی) نەماوە، بەڵکو ناوی (کاسای – کاسی- کێشی) جێگیربووە. ئەوەندە هەیە گۆتییەکانی ناوەندی هەردوو ڕووبارەکەی (سیروان) و (زێی بچووك) کە مەرکەزیان (ئارراپخا - کەرکووك)بووە تووشی ئەم کۆستکەوتنە نەبووەو ناوی گۆتی لەوێ هەرماوە. لەناوەندی قەرنی هەژدەمینی پێش میلادا کە عێلاتی (کاسی) هەڵیکوتایە سەر (بابلستان) گۆتییەکانیان لەگەڵبووە. داخی گرانە !! لەدوای ٢٥٠٠ پ.م کە تەئریخی لەناوچوونی حکومەتی (گۆتی)و وڵاتی (سۆمەر)ە، تا ساڵی ١٣٥٠ پ.م لەناو ڕووداوی مێژووی کۆنا ناوی (گۆتی) نییە. بەمەدا وا دیارە ئەم نەتەوە زۆردارە لە جەنگو هەراکانی دواییانا زۆر شپرزە بوونو ئیتر دەسەڵاتی سیاسییان هیچ نەماوە. بەپێی ئاثاری دۆزراوە کە ڕەوشتی ڕووداو نیشان ئەدا وەها دیارە کە (گۆتی)یەکانی لە شیمالو لۆللۆکان لەم بەینەدا پێکەوە ژیاون. دەسەڵاتیان بەسەرخۆراوای وڵاتی خۆیانا هەبووە کە ئەم ناوچەیە لە پاشدا ئیمپراتۆریەتی ئاشۆری لێپەیدابووە، چونکە ئاشۆرییەکان لەو کاتەدا دەسەڵاتیان هێشتا دیاری

نەداودو لەبەر پیتوبەرەکەتی ولاتەکە (گۆتی)و (لۆللۆ)کان حاڵەتی ئابووریيان زۆر بەفەڕ بووە، بەڕدوە ئاژاڵيان هەبووە، لەبەر ئەوە لە پێشا ئەمان بەسەر ئاشۆرییەکانا زاڵبیبوون. بۆیە ئەبینین گەلێك ناوی ئەمیرو حاکمانی ئاشۆری کۆن لەناوی (گۆتی)و (لۆللۆ) ئەچێت. لەلایەکی ترەوە کە کاسییەکان زەبرو زەنگیان پەیداکردو حکومەتی کاسی (بابل)یان هێنایە مەیدان، گۆتیو لۆللۆکان بوون بە پشتیوانیان. خوێن یەکییو هاوڕەگەزی یارمەتی ئەم تێکەڵییەی داوە. ئەوەندە هەیە لەسەدەی چواردەهەمی پ.م بەدواوە کە ئاشوورییەکان دەسەلات‌و توانایەکی تەواویان پەیداکرد، هەوەڵ نیشیان ئەوە بوو لەگەڵ خەلکی شاخیدا کەوتنە هەراو بگیر، بۆ دەسەلات پەیداکردن بەسەریەکا.

حوکمدارانی (ئاشۆر) لەمکاتەوە، هەڵمەتیان بۆ سەرزەمینی (گۆتی)و (لۆللۆ)بردووە وە دەستیانکردووە بە جیهانگیریی. ئەو کاتەی دراوسێی نزیك ئەم گۆتیو لۆللۆیانە بووە بۆیە بەر هەڵمەتی ئەوەڵ کەوتوون.

لە نوسراوێکی دۆزراوەدا کەهی ساڵی (١٣١٠-١٢٨١ پ.م)ە. مەلیکی ئاشۆر (ئاداد نێراری) ئەڵێت: لەشکرەکانی (کاسی، گۆتی، لۆللۆ، وە سۆباری)م شکاند.

(سەلمانا‌سر)ی یەکەمیش کە لە مێژووی (١٢٨٠ - ١٢٦٠ پ.م)دا حوکمدار بووە، بۆ گۆتییەکان ئەڵێت: ئەم نەتەوە دڕە کە لە گشت قەومان ئازاترە گەلێك شەڕیکردووە لەگەڵما. جا قسەی ئەم کابرایە ئەوەمان پێئەسەلمێنێ کە (کورد) لە ئەزادیانەوە ناویان بە ئازاییو چالاکی ڕۆیشتوودو ئەم ئازاییە یەکێکە لە مەزایای نەتەوایەتی ئێستاشیانو ئەمە پشتاوپشت لە باوکوباپیریانەوە بە میرات بۆیان بەجێماوە. بەلام ئاشۆرییەکان زۆر زاڵمبوون. لە مێژووی کۆنا جێگا نییە لەشکری ئاشوری پیا ڕۆیشتبێتو وێران نەبووبێ. بەم پێیە ئاشۆرییەکان بەشەڕی دوورو درێژ گۆتییەکانیان پەرێشانکردووە، وەکو یەکێك لە پادشاکانی ئاشۆر وتوویە: (خوێنی گۆتی وەك ئاو ڕێژراوە). جا بەم شەڕانە وڵاتی گۆتی لەناوچووەو بووەتە پارچەیەك لە کیشوەری ئاشۆر، وە لە دوایدا

دەوڵەتی ئاشۆر بەر هەڵمەتی (ماد) و (کلدان) کەوت. حکومەتە کە بەیەك تەکان لەناوچوو وڵاتی گۆتی‌و لۆللۆ دەور بوونەوە بۆ میدیەو لەوانیشەوە بۆ دەوڵەتی فارس بۆ (کەیخوسرەو)ی گەورە ساغبووەتەوە.

لە مێژووی کۆنا لە زۆر جێگادا باسی نەتەوەی گۆتی‌و نیشتمانی گۆتیکراوە، تەنانەت بابلییەکان ئەڵێن (کەشتی)یەکەی حەزرەتی نووح لە دوای (تۆفان) لەسەر شاخی (جوودی) وەستاوە. جا ئەم ناوە هیچ گومانی نییە بەزمانی ساسانییەکان لە باتی (گۆتی) بەکار هێنراوە، واتە: کەشتییەکەی (نۆح) لەدوای (تۆفان) لەسەر شاخێك کەناوی (جوودی)یە ڕاوەستاوە کە ئەویش لەوڵاتی (گۆتی)دایە. بەپێی ئەم سەرگوزەشتە مێژووییە ئەبێت ئادەمیزاد جاری دووەم لە وڵاتی (جوودی – گۆتی- کوردی)یەوە بەسەر زەمینا بڵاوبووبێتەوە. گۆتییەکان کە وڵاتی (ئاکاد) یان داگیرکردووە زەررو زیانێکی زۆریان لێداوەو، پەرێشانیانکردوون، لەبەر ئەوە خەڵکی (ئەکاد) ئەمانە یان بە کێوی (باربار) داناوەو لە مێژووی خۆیانا ناویان بەچاکی نەهێناون، هەرچەندە لە دوای ئەوە کە حاکم بوون بەسەریانا گۆتییەکان لەوانەوە فێری مەدەنیەت واتا شارستانیەتی بوون‌و لەگەڵ (خوای گۆتی)دا (خوای ئەکەد)یش یان پەرستووەو چوونە سەر بڕوای ئەکەدەکان، بەڵام ئەم تێکەڵبوون‌و شارستانییە نرخ‌و قەدری زیادی بە گۆتییەکان نەداوە، بگرە هەروەك جاران بەچاوی (بێگانە) و ئینسانی زاڵم تەماشایانکراوە، چونکو گۆتییەکان خەڵقی شاخ‌و ئەکەدەکان دەشتەکانیبوون، زمانیشیان جیاواز بووە بۆیە پێکەوە نەلکاون. حاڵەتی کۆمەڵایەتی‌و مەدەنیەتی (گۆتی زوورو – شیمال لەگەڵ لۆللۆکانا) چوون یەکە، لەبەر ئەوە لە باسی لۆللۆدا پێکەوە باسکراوە[٢٢].

---

[٢٢] ئەم باسە لە مێژووەکانی ئەمین زەکی بەگ بەرهەم هاتووە.

٣-لۆللۆکان: گۆتییەکانو لۆللۆکان دوو نەتەوەن کە خوێنیان تێکەڵ خوێنی (کورد) بووە، بەڵام داخەکەم بە تەواوی نەزانراوە کە ئەمانە کەیوچلۆنو لەکوێوە هاتوونەتە کوردستان؟. ئەم دوو تیرە (قەوم) مەنظومەی زاگرۆسە مێژوویان تێکەڵاوە، وە لەبەر ئەوەی لە دەستومەڤامی خۆیانەوە نوسراو بەجێنەماوە، حاڵەتی مێژوویيان زۆر ناتەواوەو بە بۆنەی ڕوداوو تێکەڵییان لەگەڵ دراوسێ نەتەوەی ترا کە لەمێژووی خۆیانا ناویانبردوون گونجاوە دەرحەق ئەمانە زانستییەك پەیدا بکرێت وەکو:

ئەمانە هاودەوری (سۆمەر)و (ئەکاد) بوونو دراوسێشیانبوون. لەگەڵ ئەوەدا هەمیشە بەگژ یەکاچوون. جا بەو بۆنەیەوە لە مێژووی خۆیانا باسیانکردوونو لە مانەوە ئەوەش زانراوە کە (گۆتی)و (لۆللۆ)کان لە پێش (کاسی)یەکانا بە خۆیانا هاتوونو شارستانی بوونو دەسەڵاتیان پەیداکردووە. لۆللۆکان لەشیمالی کاسییەکانا بوون، لە (سلێمانی، شارەزوور، زەهاو)ی ئێستا، واتە لە مابەینی ڕووبارەکانی (زێی بچوك، سیروان، ئەڵوەند) دا ژیاون کە ئەم شوێنانە ئێستا سەدی سەد (کوردستان)ە. مەڵبەندی (زەهاو) ئەو حەلە ناوی (هەڵمان - نارمان) بووە، لەکاتی ئیسلامیەتیشا (حەلوان) یان پێوتووە، ڕەنگە ناوی (هەورامان) لەم ناوانە پەیدا بووبێت. وڵاتی (سولەیمانی)یش ئەوحەلە (زاموا)ی ناوبووە وە یا ئاشوورییەکان وەهایان پێوتووە. لەو شتانەوە کە بۆمان بەجێماوەو لە موتاڵای موستەشریقەکانیشەوە دەربارەی سەرگوزشتەی تەئریخی لۆللۆکان هێشتا شتێکی تەواو ساغ نەکراوەتەوە. لەوتەی ئەمانە وەها دەرئەکەوێ ئەوحەلە (سۆمەر)ەکان جەنووبی عێراقیان ناوا کردووەتەوە (لۆللۆ)و (گۆتی)یەکانیش حوکمڕانی وڵاتی خۆیانبوون. لەدەوری سێ هەزار ساڵ پێش میلادا ئەمان لە هەرەتی گوڕو هێزیانا بوون. ئەمەش بەوە دیارە کە لە مێژووی سیاسی (سۆمەر)و (ئەکەد)ی ئەو دەورەدا ناوی ئەمان زۆرهێنراوە، وە لەگەڵیانا خەریکی زرمە زلێی دووروودرێژبوون. ئەڵێی (سۆمەر)و (گۆتی)و

(لۆللۆ)كـان خزمايـەتی نەتـەوەی يـەكتريان خوێندۆتـەوە، بۆيـە كە (ئەكـەد)ی سامی زاڵبـووە بەسـەر (سۆمەر)ەكانـا، گۆتيـو لۆللۆكـان كەوتوونەتـە لاشـەوەو لەگەڵ (سـارۆن)و (نـارام سـين) نـاو پادشـا بەناوبانگەكانی (ئەكەد) دا گـەلێك جەنگاون...زاناكان ئەڵێن مەركەزی حكومەتی لۆللۆ شاری (زیمری)و پرۆفسۆر (سوپای زەر)یش ئـەڵێت (ئـەراكدی)بـووە. ئـەم شارانە لـەولاتی (سولەيمانی)ی ئێستادا بـوون، بـەلام شوێنەكانيان نـەزانراوە. بـەوەدا كـە (ئاننۆبـانينی) نـاو پادشای ئازای گۆتی بـە لەشكرەوە هاتووەتـە سـەر لۆللۆو (زەهاو) بەشـەڕ لێـی سـەندوون لەسـەدەی(۲۸ پ.م) دا. ئـەبێ لـەم دەورەدا لۆللـۆ كەوتبنـە ژێـر چەپۆكی گۆتييەكانەوە دووبـارە ئـازادو سـەربەخۆ بوونەتـەوە، ئـەوەندە هەيـە جيابوونەوەی ئەم دوو قەومـە لەيـەكتری بـۆ هـەردوولا بووەتەخراپـە. چونكـە لـەم بەينـەدا (ئەكـەد)ە ساميیەكان ولاتـی (سۆمەر)يـان كـەداگيركردووە بايـان داوەتەوە سەر گۆتييەكانو ئەوانيشيان شكاندووە. پادشـای (ئەكـەد) سـارگۆنی گـەورە لای زەهـاوەوە لەسـەر شكسـتەی ئەمانـە ڕۆيـوەو، چووەتـە ولاتـی (لۆللـۆ)شـەوە تـاكو (هەڵەبجە)ی ئێسـتای مـاڵيوەو لـەوێ شـاری (هـار هـار)ی زەوتكردووە، وە ئەبێت لۆللۆكان هەر بەمتۆزە زيانـە لـە مەينـەتی شـەڕ ڕزگـار بووبن، بـەڵكو (نـارم سـين)ی مـەليكی ئـازای ئەكـەديش لـە ئـاخری‌و ئۆخـری سـەدەی (۲۷ پ.م)دا بەلەشـكری زۆريـەوە هاتووەتــە سـەريانو شـكاندوونيو خستوونيەتە ژێرحوكمی خۆيەوە. (نارام سين)ئەم شەڕو سەركەوتنی خۆيەی لەسـەر لەوحەيـەكی بـەردين بەخـەتی سۆمەريی نوسيوە وەك لای سـەرەوە نوسراوە لە باسی گۆتيدا. خەڵكی قـەرەداغ بـەم ڕەسمـە ئـەڵێن (نيشانەی گـاور كرد). ئيتر لەدوای ئەم زانستييانە باسی ولاتی (لۆللۆ) لە مێژوودا ونە. وا دياره قەومەكە بەم شەڕە كزبووە، هەرچەندە گۆتييەكان لەمـەودوا تاويـان داوەتـەوە ... ئەكەدو داگيريانكردووەو بەمە لۆللۆكانيش لە يەخسـيری ڕزگـاربوون، بـەلام هـەراكانی پێشـوو لۆللـۆی ئـەوەندە بـێ هـێزكردبوو بـەمجۆرە يارمەتييانــە

نەهاتوونـە سـەر خۆیـان، بـەڵكو كەوتوونـە ژێردەسـەڵاتی گۆتییـەكانی خزمیانەوەو جارێكی تر توانای سیاسییان نەژیاوەتـەوە هـەتا سـەدەی ١٩ یـەمی پ.م ئەو كاتە خوێنێكی تازەی گیاندار، هاتووەتە لەشیان بۆ (ئازادی) كەوتنەوە تەقـەلادان، ئـەمجارە گۆتییـەكانی لای (زێـی بچـووك - ئارانجـا- كـەركووك) كەوتوونەتـە ژێردەسـتی ئـەمان، وە تابـەبنێك هـەردولا حوكمیـان بەسـەر ئاشۆرییەكانیشاكردووە. تەنانەت هەندێك لەزاناكان وەها ئـەزانن كە ئەمانـە لەگەڵ ئاشـۆرییە سامییەكان لـێرەدا تێكـەڵاوی یـەكتری بـوون، بـەڵام بـەناوی (ئاشۆری)یەوە. ئـەو كاتـە هێشتا نەهاتوونەتـە مـەیدانی سیاسـەتەوە. لـە (١٣١٠ پ.م) بەدواوە حوكمدارانـی ئاشـور باسـی ئـەو جەنگانە ئەگێڕنـەوە كە لەگەڵ (لۆللۆ)كاندا كردویانە. لەمانە سێ شەڕیان كە (ئاشۆر ناسرپال) كردویـەتی زۆر گرنگە. یەكەم شەڕ لە (٨٨٤ەوە تا ٨٦٠ پ.م)ی پێچووە. پادشـای ئاشـور ئـەڵێت: لەبەر یاخیگەریی لۆلۆكان لە شكری ئاشۆر چووەتە سەریانووڵاتی (زاموا)، واتە (وڵاتی سولەیمانی)ی ئێستا، گیراوە لە دوای سێجەنگە، لە پێشا لە (دەربەند)ی بازیـاندا قورس بـووە تـا دیـوی (سـورداش) داگیركراوە، لەشـكری ئاشـور جـاری دووەم ناوچـەی (سـورداش)و (سـولەیمانی)و هـەموو شـارەزوور تـا سـیروانی داگیركردووە. لێرەدا ئاشۆرییەكان ناوی ٢٥ شار ئەڵێن كەوا لەم وڵاتە ئاوەدانەدا داگیریـانكردووە، بـەڵام: پادشای لۆللۆ (ئامیخا) نەبـەزیوە لەقـەڵای (تیسـیر)دا لەسەرشـەڕ ڕۆییـوە. لـە جـەنگی سـێهەما لەشـكری ئاشـور ڕویكردووەتـە (پێنجوێـن)ی ئێسـتا. لـە كـەژی (ئاڵپـارێز)دا لەشـكری زامواییـەكان لـەدوای جەنگێكی مەردانە شكاوەو ئاشۆرییەكان تا (مەریوان) لەسەر شكستە ڕۆییـون. لەم شەڕانەدا لەشكری ئاشور بەهەڵمەتی زاڵمانە كوشتاری زۆری لەخەڵكی ئـەو ناوە كردووە، لەسەرئەوەشا لۆللۆكان لەسەرشەڕ هەر لەدەواما بوون تاشـارەكانی شارباژێڕو هـەورامان گـیراوە، ئەوسـا شـەڕ كۆتـایی هـاتووە، پێش ئـەم شـەڕانە وڵاتـی (لۆللۆ) زۆر ئـاوەدانبووە. ئـەو شـارە زۆرانـەی ئاشـۆرییەكان داگیریـان

کردووەو ناویان نوسیون پێویست نییە ئێمە لێرەدا ناوەکانیان یاد بکەین، نیشانەیە بۆ ناوەدانی ولاتەکە. پادشای ئاشور (ئەستوونی سەرکەوتن)ی ئەم جەنگانەی لەسەرای (نەینەوا)دا بەرەسمەوە نیشانداوە، بەلام لۆللۆکان رامو بێدەنگ نەبوون، تا پەیدابوونی (ماد)ەکان جاروبار یاخی ئەبوونو بەگژ لەشکری ئاشورا ئەچوون بۆئەوەی ئازادیی جاران بگرنەوە باوەش!! وە کە (ماد)ەکان هاتوون، لەشکری ئاشۆر بەسەر ئەمانا تێپەڕیوەو چووە بۆ سەر مادەکان، جا ولاتی لۆللۆ بەم بۆنەیەشەوە زۆر وێران بووە، تەنانەت لەدوای کزبوونی ئاشۆرییەکانیش (لۆللۆ) نەیتوانیوە جارێکیتر بجوولێتەوە، بەلکو لەشکری (ماد) کە چووە بۆسەر (نەینەوا)ی پایتەختی ئاشۆرییەکان. قۆلێکی ئەم لەشکرە بەولاتی لۆللۆدا رۆیشتووە ، لە٦١٢ ی پ.م دا لەدوای لەناوچوونی دەوڵەتی ئاشۆر لەلایەن (ماد)ەکانەوە ولاتی لۆللۆ دەور بووەتەوە بۆ دەوڵەتی تازەی ماد. لە مێژووی ٥٥٨ پ.م دا کە (کەیخوسرەو)ی گەورە دەستیکرد بە جیهانگیری، ئەم ولاتەشی داگیرکردووە، ئەوسا لە ڕووباری (دیجلە)وە تا سنووری ئێستای ئێران گشت سەرزەمینەکانی مابەینی ڕووباری (سیروان)و (زێی بچووك) کە بۆ ئیدارەکردن دابەشبووە لە دەوڵەتە تازەکەی کەیخوسرەوا ناوی بووەتە ولاتی (گۆتۆ - کوردۆ). ئیتر ناوی (لۆللۆ) نەماوە.

مەدەنیەتی لۆللۆو گۆتی

هەرچەندە گۆتیو لۆللۆکان مێژوویەکی سەربەخۆیان بۆمان بەجێنەهێشتووە ناوو کردەوەی ئەم دوو نەتەوە کۆنە لە مێژووی (سۆمەر)و (ئەکەد)و (ئاشۆر)دا نوسراوەو لە مێژووەکانی ئەوانا حاڵەتی ئیداریو کردگاری قەومییان لەگەڵێك جێگادا بە بۆنەی (مەبەست)ی خۆیان کە لەگەڵیانا ڕوودایان بووە بۆیان نووسیون، وەها دەرئەکەوێت کە گۆتیو لۆللۆکان لە ئەقوامی کێوی نەبوون، بەڵکو لەمەدەنیەتا بەپێی حاڵەتی ئەوحەلە

پێشکەوتوو بون. بەهەزاران ساڵ لە پێش میلادەوە حوکمو دەسەڵاتیان هەبووە لە وڵاتی خۆیانا، سەربەخۆیی خۆیان پاراستووەو بۆ ڕاگرتنی کەیانی خۆیان گیانیان بەختکردووە، کەمو زۆر ئیدارەی حکومەتی مەدەنیو عەشایەرییان هەبووە، چونکو وڵاتەکەیان ئاواو دەوڵەمەند بووە، پادشاکانی ئاشور شاهیدی مەدەنیەتی ئەمانن. ئاشور (ئاسرپاڵ)ی پادشای ئاشوّر بۆ خاتری شارەکانی ئاسۆریە نوێو ئاوا بکاتەوە، بە کۆمەڵ وەستاو سەنعەتکاری لۆللۆکانی بردووە بۆ ئاسۆریە، بێجگە لەمە بوونی ئەو هەموو قەڵاو شاری لۆللۆیە کە پادشاکانی ئاشۆر باسیانکردووە، بەڵگەیەکی ئاشکرایە کە ئەمانە دوو میللەتی مەدەنیو بەکەڵك بونو بەقابیلیەتی ئێستای وڵاتەکەشا گومان نییە کە ئەمە ڕاستە. چونکە سامانی ئەم وڵاتە ئەوەندە زۆرە گومان نامێنێت کەبوو بێتە هۆی پێشکەوتنی لۆللۆکانی ئەو کاتە. بەکردەوە کانیانا دیارە ئەم ئەتەوەیە (بێوەی) بووەو، وەزنی نەبووە. موستەشرقین ئەڵێن لۆللۆو گۆتییەکان لەیەکچووەو هەردوو زمانەکەش چووەتەوە سەر زمانی (عیلام)، بەڵام ئەمجۆرە موتاڵاو تاقیکردنەوەیە لەلایەن زاناکانەوە هێشتا (پەیوەندی) تیا نییە.

گەلێك لە موستەشریقەکان بەوڵاتی (سلێمانی)ی ئێستادا گەڕاون، هەموویان ئەڵێن وێرانەی کۆن لەم وڵاتەدا زۆرە، بەڵام پێویستە دەرخرێو (کەش) بگرێن. (پەی کولی) جێگا (بتخانە)ی کۆنە. لە (هۆرێنو شێخان) شتی بەجێماوی کۆن زۆر هەیە. هەندێك لە جولەکەکانی (بابل) کە (نەبوّخذنەصر) بەدیل هێنابوونی بۆ عێراق لە (زەهاو) بوون تا (کەیخوسرەو) لەوێ ئازادیکردن. قەڵای (شەمێران)و (شیروانە)و ئاثارەکانی(سرۆچك)و گردۆڵکەکانی (شارەزوور)و خەزێنەی داپۆشراوی ئاثار (نیشانە)ی کۆنن. شاری (شارەزوور)و (نیم ڕاه) لەدەوری (ساسانی)دا شاری هەرە بەناوبانگی توورەی شارەزوور بوون. ڕێگای (ئاتەشکەدە)ی موقەددەسی (شیز) کە لەمەداین (ختی سیفوون)دوە ئەهات بەمشارانەدا تێپەڕئەبوو. ئەگونجێت ئەم شارانە لەکاتی

(لۆللۆ) کانیشا ئاوا بووبن و لەوانەوە بەجێمابن، نەشێت ئاثار (نیشانە)ی ئەو دەورانە لە ژێرگڵدا هێشتا مابێت تاقیبکرێتەوە دەرئەکەوێ، جێگا قەڵاو وێرانە کۆنەکان کە لە (ئاراپخا)و (زاموا)دا هەن نیشانەی ئاوەدانی کۆنی ئەم وڵاتانەن. بەپێی ئەو دەسەڵاتو زیندەگییە کە مێژوو بۆی نوسیون ئەبێت لەناو ئەم نیشانانەدا (ئاثار) بەشی لۆللۆکان هەبێت. ئەو لۆللۆانە کەنەتەوە بێ خێرەکەی ئیستایان تەنانەت ناوی ناوئاساییەکەیان نازانن و یادیان ناکەن.

٤-(کاسی کێشی)یەکان: نەتەوەی (کاسی) تیرەیەکی زۆر بەهێز بووە لە میللەتە کۆنەکان. نیشتمانی میللییان کیشوەری (کرماشان)و (لورستان)ی ئێستا بووە.سامییەکان پێیان وتوون (کاشی - کێشی- کۆشۆ)و جوولەکەکانیش لە نوسراوی خۆیانا بە(کۆشی) ناویانبردوون. بەڵام زانایانی ئاثار بەوتەی (کاسی - کاسای) ناویان خوێندونەتەوە. گومان نییە ئەمانەش خزمی عیلام و گۆتییەکانن کە باسمانکردن، وە لە تاقمە عێلی کۆچەری پێشوون کە هاتوونە رۆژاوای ئێران و نزیك عیلام و گۆتییەکان دانیشتوون. (لای ئێمە وەهایە کە دەسەتە عێلاتی ئاریی کۆنن). ئەو کاتانە کە (سۆمەر)و (عیلام)و (گۆتی)یەکان لە برەوا بوون ئەمانە هێشتا هیچ نەبوون. ئەوەندە هەیە ئەمانە (واتە کاسییەکان) ئەو حەلە لە ناواییەکانی خۆیانا خەریکی کشتوکاڵ بوون، لەگەڵ ئەوەشا چونکە وڵاتەکەیان پووش و پاوەندار بوو، کۆچەرێتییان پێخۆشبوو، بەگەلە ئاژاڵو رەشەوڵاخیشیان بەخێوکردووە. لای رۆژاوایانەوە لەگەڵ قەومەکانی لای سەرەوەدا تێکەڵی و ئاموشۆیان هەبووە. لەبەر ئەوەی دراوسێکانیان لەوان (مەدەنی) تربوون کاسییەکان لەوانەوە نوسینوخوێندن فێربوون و لە شارستانێتیشا پێشکەوتوون. کاتێك کە گۆتییەکانی جەنووب شکستیان هێناو گەڕانەوە ناو کەژەکانی (بێستوون)و (ئەلوەند) کاسییەکان ئەوەیان بەهەل زانی و دەسەڵاتیان نواندووە بەسەر گۆتییەکانا سوارەیان بوون، ئەمجا لەگەڵ (بابل)یشا کەوتوونەتە تەماسەوە تەنانەت لە مێژووی ١٩٧٧ پ.م بەدواوە واتە لەکاتی (عەمووری)یەکانی (بابل)دا ئەم کاسییانە کە هەستی دەسەڵاتداری خۆیانیانکرد، دەسیانکرد بە شێواندنی وڵاتی (بابل)ی حەمورابی. وا رێکەوتووە لەو بەینەدا (هیتیت)ەکانی (ئەنادۆڵ) وەك لافاو هوروژمیانکردووەتە وڵاتی (جەزیرە)و (عیراق) هەتا بابلستان رایانماڵیوە. بەمە خانەدانی (حامورابی) لەناوچووە. لەدوای تالانکردنی ئەو ناوە

(هیتیت)مکان گەڕاونەتەوە. جا لەمەولا لەبەر بێحکومەتی، عێراق تووشی پاشا گەردانیبووە، ئەمەش بە طەبیعەتی حاڵ مەبەستی کاسییەکانی پێکهێناوەو دەسیانکردووە بە داگیرکردنی (بابلستان).

دەوری بەرز بوونەوەی کاسی

لەساڵی ١٧٩٠ پێ.م بەدواوە نەتەوەی (کاسی) ناوی بەرز بووەتەوە. لەم کاتەدا سەردارێکیان کەناوی (غاندیش)بووە بەلەشکرێکی زۆرەوە چووە بابلستانی داگیرکردووە. لەم شەڕانەدا سوپای (گۆتی)و (لۆللۆ)ی خزمیشیان لەگەڵبووە. ئەم سەرداره جارێ دەستی نەبردووە بۆ وڵاتی سۆمەر کە لە جەنووبی (بابل)دا بوو، ئەگەرچی سۆمەرەکان ئەو زەبرو زەنگەی جارانیان نەمابوو بەڵام لە سیاسەتا هێشتا وریاو زیندوو بوون.ئەوەندە هەیە کاسییەکان لەدوای ساغکردنەوەی داگیرکردنی بابل ئەمجا ڕوویانکردووەتە جەنوبو چونەتە سەر سۆمەرەکان دەسیانکردووە بەداگیرکردنی وڵاتو شارەکانی ئەوانیش. تەنانەت یەك قەڵایان مابوو لەسەر (خەلیجی فارسی) ئەویشیان لە ساڵی(١٧١٠ پ .م)دا زەوتکرد. بەمە مێژووی سۆمەر پێچراوەتەوە. ئیتر ئەم نەتەوە بەرزو بەمەعریفەتە ناوی لە مێژوودا نەماوە. بەدبەختی گەورە ئەوەیە کە (زمانەکەشیان) لەناوچووە، هەر قەشەکان زانیویانە تابەینێکی تریش کتێبی (ئایینی)ی سۆمەر بخوێننەوە. ئەوسا هەموو وڵاتی بابلو کاسیو گۆتیو لۆللۆ لە ژێر سایەی تەختی پادشای کاسیدا بووەتە یەك (دەوڵەت)، وە لەم مێژووەوە پادشاکانی کاسی عینوانی (کاردۆنیاش)یان دراوەتێ، ئەمەش بەزمانی کاسی ناوبانگێکی موقەدەسو پیرۆز بووە[13]. لەم کاتەوە تا ساڵی ١١٨٠ پ.م واتا نزیکی شەش سەد ساڵ ئەم کاسییانە بە دەسەڵاتداریو زەبرو زەنگەوە لە عێراقا فەرمانڕەواییانکردووە. پادشای هەرە بەناوبانگیان (ناکووم کاکریم) ناو بووە. ئەم پادشایە هەتا لای سوریەی زەوتکردووەو (هیتیت)ەکانی شکاندووە. تەنانەت ئەو بتانەشی لێسەندوونەوە کەوا ئەمانە لەوە پێش لە تاڵانیی بابلدا بردوویانە. کە کاسییەکان بتەکانیان هێناوەتەوە بابل، میللەتەکە

---

[13] ڕەنگە ئەم ناوە عینوان وەیا ناوی خوایەکی زۆر کۆنیان بوو بێتو لەدواییدا کرابێت بە ناوی ئینسانێ.

زۆر پێخۆشحاڵبووه. داخی گرانم لەدوای ئەم ناوداریو دەسەڵات بەرزییە کە کاسییەکان بەهێزو دەسەڵاتی میللی خۆیان پێکیانهێنابوو تا سەردەمێك لە مێژوودا ناویان نییەو ئاثاریان ونە. کەچی لە (١٤٥٠پ.م)دا دیسان ناویان پەیدا نەبێتەوە لەم کاتەدا پادشایەکیان کە (کارائێنداش)ی ناو بووە زۆر بەناوبانگە. مێژونووسەکان ئەڵێن کەلاوەی (عەقرقوّف) جێگا شاری کاسییەکانە لای رۆژاوای (بەغدا)..وە لەسەدەی (١٤٠٠ پ.م) دا حوکمدارێکی کاسی بنیاتی ناوە تەنانەت زانایانی ئاثار لەم (عەقرقوّف)ەدا گەلێك شتومەکی کاسییەکانیان دۆزیوەتەوە، بەڵام هێشتا باسیان لەوە نەکردووە.

دەوری نشوست

بە بۆنەی دەسەڵات پەیداکردنی ئاشۆرییەکان لە شیمالی عیراقا، وادیارە هێزی کاسییەکان رووی کردووەتە کزی. یەکێك لە پادشاکانی کاسی لە دوای ساڵی ١٣٥٠ پ.م چووەتە سەر عیلام، وڵاتەکەی داگیرکردووەو شاری (سۆز)یشی گرتووە، بەڵام بەرامبەر هەڵمەتی ئاشۆرییەکان سوپای کاسی لە تاوانا گەڕاوەتەوە. ئەم نشوستە بۆ کاسییەکان بووەتە (لێقەومان). لەمەولا حکومەتی کاسی بابل بەدەس نارەحەتیی ناوخۆیانو شەڕو هەرای سوپای ئاشۆرییەوە هەمیشە لە مەترسیدا بووە. لەم دەوری مەینەتییەدا لەخوارووی رۆژهەڵاتەوە عیلامەکانیش هاتوونەتە سەریان، وەسامیەکانی ناوخۆشیان لێیان هەڵساونەتە سەرپێ، لە بەرئەوەی سامیەکان هەموو کاتێك کاسییەکانیان بە بێگانە داناوە. هەر کە هێزی حکومەتی مەرکەزی بەشەڕو هەرای لاوەکی هاتوونە کزبوون، ئەم سامییانە دەسیانکردووە بە یاخیگەری. ئەنجامی کار لە دەوری (١١٨٠پ.م) دا بەهەرایەکی ناوخۆ حکومەتی کاسی بەیەکجاری لەناو چووە. لە عێراقا کە حوکمی (کاسی) نەما، سامییەکان جێگایان بەکاسییە لێ قەوماوەکان تاڵکرد کە بە هۆی حاکمیەتییانەوە هاتبوونە (بابلستان). لەسەر ئەوە ئەوی توانیویە وڵاتی بەجێهێشتووەو رۆیشتووەتەوە بۆ نیشتمانی کۆن بۆناو کەزو کێوەکەی رۆژهەڵاتی عێراق لای خزمەکانیان.

بەڵام یەکی ئەوەیان کەوتووە کە بتوانن جارێکیتر بچنەوە سەر بابلستان. وا دەرئەکەوێ لەمەولا ئینجا عیلامەکان بزوتنەوەو جنگیان بردووە بۆ سەر

کاسییەکان، بەڵام هێزو هێرشی ئاشوورییەکان مەیدانی نەداوە بە هیچ لایەکیان. سوپای ئاشوورهاتووەتە سەر ئەو ناوەو گشتی داگیرکردووە، هیچ نەتەوەیەك نەما بتوانێ (کەیان)و سەربەخۆیی خۆی بپارێزێت. لەدوای ئەم ئینقیلاباتە ئەگەرچی کاسییەکان دەسەڵاتیان نەمابوو، بەڵام ناویان مابوو. زۆری پێ نەچووە (ماد)و (فورس)و (کاردۆخۆ) کان هاتوون، لە دەوری ئەمانا تەنانەت هەتا دەوری(ئەسکەندەر)ی گەورەش ناوی کاسییەکان هەرماوە.بەوتەی زاناکان وادیارە ناوی (کاسی) تا دوای میلادی (عیسا)یش هەرماوە لەوەولا ون بووەو ئەڵێن لە جێی ئەوان ئەمجا ناوی (لوڕ) پەیدا بووە، ئەگونجێت لوڕەکان تیرەیەکبووبن لە نەتەوەی (کاسی)، کە عیلامو کاسییەکان کزبوون ئەمجا ئەم (لوڕ)انە دەرکەوتوون، وە لە دواییشا ناویان (واتە ناوی لوڕ) بڕاوە بەسەر عەشرەتەکانی ئەوناوەدا. لەلایەکی ترەوە سەرەڕای ئەم رووداوو ئینقیلابانە کە ئەقوامی (ئاری) پەیدا بووەو هاتووە بۆلای ڕۆژاوای بانی (ئێران) و ئەو ناوەی هەموو داگیرکردووە. پاش ماوەی (عیلام)و (کاسی)یەکانی لای سەروو کە لەبەر ڕووداوی دوورو درێژی کۆن زۆرپەرێشانبوون، ئەمجا بەرەنگاری ئەم عەشایەرە تازە جیهانگیرانە بوون. لەبەر ئەوە نەیانتوانیوە خۆیان بگرن لە بەریانا، بۆیە تەسلیمیان بوون، ئەگەرچی پاشماوەکانی (عیلام)و (کاسی)ی لای سەروو ئەو کاتە لەڕووی سیاسەتەوە بە هیچ نەئەچوون، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کۆن و تازە گشت ئەو نەتەوانە بەدرێژایی زەمان تێکەڵاو یەکبوون، تیرەوتایەفەی تازەو ناوونیشانی نوێ لەو ناوەدا پەیدابووە. (لوڕ، لەك، فەیلی، وە بەختیاری)یەکان لە دوای ئەم ناوێتە بوونە ناویان هاتوتە کایەوە.

مەدەنیەتی کاسییەکان

گشت زاناکـان بڕوایـان وایـە کـە کاسـییەکان لەڕەگـەزی (سـپی) بـوون و زمانیشیان لە زمانی (عیلام) چووە کە ئەم زمانانە بۆنی (ئـاری)یان تیایـە، وە لـە نـاوی (خـوا)و (پادشا) کانیانا ئـەم بـەراوردە بەتـەواوی دیارە، وە هـەندێك بڕواشیان وەك هـی (هینـدو ئەوروپاییـەکان) وەهایـە، ئایینیـان (بتپەرسـتی) بـووە. لای ئەمانــە خــوای هــەرە گــەورە (ڕۆژ) بــووە. کــە بــەمیانیان لەســەر شاخەکانەوە (ڕۆژ) هەڵئەهات ئەیانپەرست. بـە زمـانی خۆیـان (سـەرپاش)ی ناوبوو، (شاخ) ناوی خوایەکی تریان بـووە، وە لـە دوایـدا کـە زاڵبـوون بەسـەر بابلستانا بڕوای دینی ئەوانیشیان وەرگرتووە. بەپێی ڕەوشتی خەڵکی ئەو کاتە ئەبوایە بابلییـەکانیش پادشای کاسـییەکان بـەخوا بناسـن، چونکـە لـە ژێـر حوکمیانـابوون، کـەچی خـەڵکی (بـابل) ئـەم قـەدرو بزورگییـەیان نـەداوە بـە کاسییەکان بەڵکو بـەچاوی سووك تەماشایانکردوون. دەوری بـەرزی تـەئریخی (کاسی) عیبارەتـە لـەو ٦٠٠ ساڵە کە لە عێراقدا حوکمڕانبـوون، لـە ئاسـیای ڕۆژاوای نزیکـدا ئـەوەڵجار (وڵاخــی بــەرزە) لای ئــەمان بینــراوە، کــە چوونــە عێراق و بابلییەکان دیویانە سەریان سوڕماوە، وە لەو کاتەدا دەنگ وا بـووە کـە کاسـییەکانیش ئـەم وڵاغــە بەرزانــەیان لەمەتــەوەکانی ڕۆژهــەڵاتی خۆیانــەوە دەستکەوتووە کە ئەوەمەتەوانەش (هیندۆ ئەوروپایی) وەیا (ئـاری)یـەکان بـوون کە تازە هاتبوون بە کۆچو ڕەو لە ژوورووی ڕۆژهەڵاتی ئێرانەوە. کاسـییەکان لـە عێراقا هیچ هەوڵی ئەوەیان نەداوە کە نەژادو جنسیەتی ئـەو خەڵکانـە بگۆڕن کە بەسەریانا زاڵبوون و کەوتوونە ژێر دەستیانەوەو هـەوڵی ئەوەشیان نـەداوە کە قەومیەتی بابلی بکـەن بـە (کاسی). کاربەدەستی میری (حکومـەت)ی نـاو خۆیان بەبێ جیاوازی لە بابلییـەکان و پیاو ماقووڵی کاسـییەکان هـەڵبژاردووە چونکە بابلییەکان لە کاسییەکان مەدەنیتر بوون، لەوانەوە گەلێ شتو گەلێ

خولق‌و رەوشت فێربوون‌و بە ژن‌و کچ خواستن تێکەڵاویشیان بوون. گەلێک نامەو پەیامی سیاسی‌و بازرگانی لە بەینی پادشاکانی کاسی‌و فیرعەونەکانی میسرا کە بە نووسینی (مسماری)ی بابل و (هیرۆغلفی)ی میسری نووسراون لەناو کەلو پەلو ئاثاری میسرییەکانا لە کەلاوەکانی (تل العمارنە) دا دۆزراوەتەوە لەم دواییەدا، وە ئەوەتە لە مۆزەخانەکانا لە میسر[٤].

٥-ئەتەوەی (سۆباری): وەک لە مێژوودا نوسراوە لە کاتی پێش تەئریخەوە گەلێک تیرەخێلاتی (سۆباری) لە وڵاتی (کوردستان)ی ئێستادا ژیاوە. ئەگەرچی مێژووی کۆن ناوی ئەم ئەتەوە بەهێزە لە زۆرجێگادا ئەبات، بەڵام هیچ کاتێ بەناوی میللەتێکی زۆر گەورەی دەسەڵاتدارو وەیا بۆ ئیدارەیەکی سیاسی بەهێزو بەردەوام ناوی نابات، بەڵکو لەموتاڵای مێژووەکان وا دەرئەکەوێ کە لە کاتی (سۆمەر) و (ئەکەد) دا ناوی (سۆباری) بە وڵاتێک بێژراوە کە لە شیمالی (عیلام) ەوە تاچیای (ئامانۆس) درێژ بووەتەوە. ئەم چیایە کەوتووەتە بەینی (ئەدەنە)و (ئەسکەندەرۆنە)ی ئێستاوە. لەم سەرزەمینەدا لە زەمانی نەزانراوەوە گەلێک جۆرە تیرە (قەوم) دانیشتووە، وە ئەمانە هیچیان لەگەڵ دراوسێ کەیان یەک قسە وەیا (پەیوەندار) نەبووە. بەمەدا وەها دیارە ئەم ناوە زۆر کۆنەو عەشرەتێکی زۆر گەورەی فرە تیرەیە بەم ناوەوە لەم وڵاتە گەورەیەدا دامەزراوە. بەڵام چونکە پەرش‌و بڵاوبوون بۆیان نەلواوەو نەیانتوانیوە حکومەتێک و ئیدارەیەک پێکەوە بنێن. بگرە لە ژێر حوکمی (گۆتی)و (لۆللۆ) کانا بوون و بەینێک لەناو قەومەکانا ناویان هەر بووەو قسەیان لێکراوە، وە زۆریش دوور نییە کە لە بەشە (کوردستان)ی تورکیادا

---

[٤] بۆ زانیاری زیاتر لەمە تەماشای مێژووی ئەمین زەکی بەگ و (طە) پاشا بکەن.

ئەم ناوە زیاتر مابێتەوە. چونکە لە زەمانی حکومەتی (ئاشۆری)دا، هەندێك عەشایری ئەوناوە خۆیان هێشتا بە (سۆباری) داناوە، بۆیە ئاشۆرییەکانیش بەو تەرحە ناویانبردوون لە مێژووی خۆیانا. بەمەدا دیارە کە مێژووی سیاسی هەرە کۆنی نەتەوەی (سۆباری) ونە، تەنیا ئاشۆرییەکان بە تایبەتی هەر ئەوان ناویانبردوون، وە تەنانەت لەگەڵیانا تووشی شەڕیش بوون. پادشای ئاشۆر (تیغلات بایسەر)ی یەکەم لە مێژووی (١٢٠٠ – ١١٠٠ پ.م)دا شەڕی لەگەڵ عەشرەتی سۆباریو پەیوەندی دارانی رەفیقی کە (موشکی) و (کارتی)یەکانبوون – کردووە، وە شاری (شەرپش)ی سۆبارییان پێچاوە. مێژووی ئاشۆرییەکان ئەڵێت ئەمانە زۆر بەنازایی شەڕیان ئەکرد لەگەڵمانا. کەچی لەدوای ئەم دەورە لە مێژووی ئاسۆریشا ناوی سۆباری بەرە بەرە کوێر بووەتەوەو لە جێگای ئەوان ناوی (ئابری)و (خوری)و (میتانی) باوی سەندووە. زاناکان ئەم سێ تایەفەی بەتیرەی عەشایری ناوداری (سۆباری)دا ئەنێنو دەڵێن: لەمانە نەتەوەی (هوری – خوری) پەیدا بووە لەناوچەی (دواوان – بینالنهرین)دا، وە لە وێدا ژیاوە. لەسەدەی ١٧ هەمی پێش زاینی (میلاد)ەوە میتانییەکان لەناوچەی رووباری (خابوور)و (فورات)ەوە دەسەلاتیان پەیداکردووەو (ئابری)یەکانیش لە (ئەلجەزیرە)ی ژوورووی رۆژاوای گۆمی (وان) دا لەسەدەی ١٢ یەمی پێش زایین بەدواوە خۆیان نواندووە. ئینجا لەبەر ئەوەی بۆ ئەم دوتیرە نەتەوەی (سۆباری) بەشێك زانستی هەیە لە مێژووداو ئەمانەش لەگەڵ رەگەزی ئێستای تورکیادا تێکەڵایەتی یان هەیە، بە پێویست زانرا لەمیانی باسی سۆباریدا چەردەیەك لە مێژووی ئەمانیش بدوێین.

٦-نەتەوەی (میتانی): ئەگەرچی هەندێك زانا هەن (میتانی)یەکان بەلکێکی (کاسی) دانەنێن، بەڵام دانانیان بە تیرەیەك لە سۆبارییەکانی گونجاوترە، چونکە ئەمانە لە ولاتی سۆباریدا بوون نەك ولاتی (کاسی). لەسەدەی ١٦ هەمینی پێش زایینو ئەمانە لە بەینی موسڵو جرابولی ئێستادا حکومەتێکی بەهێزیان دامەزراندووە. لەو دەورە چوار دەوڵەتی گەورەی وەك (میسر،

هیتیت، کاسیو میتانی) هەبووە. ناوایی هەرە بەناوبانگی میتانییەکان شاری (واشۆغانی) بووە، نیدارەتی ولات لەوێوە کراوە، وە چونکە ناوی سۆباریشیان هەر پێوتووون هەندێك موستەشریق نەلێن ناوی ئەصلی قەومەکە (سۆباری)یەوە (میتانی) لەقەبی خانەدانی حوکمدارەکانیانەوە، وە بەولاتەکەشیان بێژراوە (هانی گالپات) کە لەوحە دۆزراوەکانی کەرکووکیش ئەمە ئەگرێتەوە. لەلایەکی ترەوە میسرییەکان بەم میتانییانەیان وتووە (تاهاری)، وە لە (تەورات) یشا بە (نەهارام) ناوبراون. ئەگونجێت ناوی (نایری) لە نەهارییەوە هاتبێت. لە ناوەندی سەدەی ۱٦ پەمی پێش میلادا حکومەتی (میتانی) زۆر بە دەسەلات بووە، هەتا (کەرکووك)ی ئێستایان داگیرکردووە. بەمەدا دیارە لەگەڵ (گۆتی)یەکانیشا بەشەڕهاتوونو بەسەریشیانا زاڵبوون. لە مێژووی ۱۸۵۰ پ.م دا فیرعەونی میسر (تەحوتمیش)ی یەکەمی کە هات ئاسیا داگیر بکات لە شیمالی سوریەدا میتانییەکانی شکاندووە، بەلام ئەم میتانییانە لە دواییدا بوژاونەوەو ئەمجا ئەمان میسرییەکانیان شکاندووە. لەسەر ئەمە سەردەمێك لە شیمالی سوریەدا هەرخۆیان دەسەلاتداربوون. ئەوەندە هەیە دەسرۆییوی تازەیان نەبووە. هەمدیسان کزبوونەتەوە، چونکە لە مابەینی سێ دەوڵەتی لە خۆی قەوی تری وەك (میسرو هیتیتو ئاشۆری)دا بوون. ئەم سێ حکومەتە زلەش ئەو کاتە لەگەڵ یەکا لە ڕەقەبەریدا بوون. ئاخری کار (هیتیت)ییەکان ناوچەی ڕۆژاوای (فورات)و میسرییەکانیش بەشی (سوریە)یان لێسەندن. مایەوە ولاتە ئەصلییەکەی خۆیان. ئەویش (ئاشۆری)یەکان دەمیان تێژەندو تا سەدەی ۸پ.م گشتیان داگیرکرد. بەمە دەوڵەتی (میتانی) بەتەواوی لەناوچووە.

مەدەنیەتی میتانییەکان

میتانییەکان نەتەوەیەکی (مەدەنی-شارستانی) بوون، نۆسەد ساڵ زیاتر بەهێزو بەناوبانگ حوکمڕانی گەلێك ولاتبوون. لە وێرانەکانی ناوەندی فورات و لەکەرکووك کە سەردەمێك بەدەستیانەوە بووە زۆر شت (ئاثار)یان دەرکەوتووە، لە مێژووی (میسر، هیتیت، وە ئاسۆری)یشا زۆر باسیانکراوە. بەپێی ئەم باسانە وادەرکەوتووە کەمیتانییەکان زمانی تایبەتی خۆیان هەبووە بە خەطی (مسماری) بەو زمانە نوسیویانە. ئەمانە بەڕەسەنو بەڕەگەز لە نەتەوەی (قافقاس)ن و لەسەر ئایینی ئاری کۆن بوون و زمانەکەشیان لە زمانی ئەوان چووە.

٧-<u>نایرییەکان:</u> ئەم قەومە لەناو نەتەوە کۆنەکانا ناوی نییە، بەڵکو لەسەدەی ١٢پ.م بەدواوە لە مێژووی ئاشوریدا ناویان دەرکەوتووە، وە لەگەڵ ئاشورییەکانا گەلێك خوێنی یەکتریان ڕشتووە. لەسەرتای مێژووی ئاشوردا باسی سۆبارییەکان هەیە کەچی نەتەوەی دوایی ئەم ئاشوریانە لە شوێن نیشتمانەکەی (سۆباری)دا ناوی نەتەوەی (نایری) نەبەن و باسی سۆبارییەکان ناکەن. بەمەدا دەرئەکەوێ کە نایرییەکان تیرەیەکی تازەن. زۆر ئەگونجێت ئەمانە تیرەیەکی بزێوی سۆبارییەکانی ژووروو بووبن و، بەرەبەرە دەسەڵاتیان بەسەر گشت تیرەکانی ترا پەیداکردبێ‌و بەئەنجام بەسەر هەموویانا زاڵبووبن، ئەوسا ناوی سۆباری نەمابێتو ناوی (نایری) بەوناوەدا بڵاوبووبێتەوە. گەلێك زانا ئەم بیروڕایە ئەسەلمێننو ئەشڵێن دێهاتوخێڵاتی (نایری – نەهری) و (یۆنان) و (شەمدینان) پاشماوەی ئەم نایرییە کۆنانەن.

لە دوای پەیدا بوونیان ئەم نایرییانە نەتەوەیەکی دڕو نەبەزیان لێهاتۆتە مەیدان، لەسەدەی(١٠پ م)دا سەرزەمینەکانی مابەینی زێی گەورەو ڕووباری (دیجلە) لە ژێرحوکمیانا بووە. بەڕەوشتو ڕووداوەکانیانا وادەرکەوتووە کە نیظامی حوکم لەنایریدا ئیدارەی مەرکەزی نەبووە، بەڵکو تەرحە حکوماتی (وردەڵە)یان لە وڵاتەکەدا پێکەوەناوە لە وێنەی (فیدراڵی) پەیوەندیدا. ئەمانە هەریەکە سەرۆکی خۆیان هەبووە. ئاشورییەکان لەقەبی (پادشایی)یان داوە بەم سەرۆکانە. (تغلات پلایزەر)ی یەکەمی مەلیکی ئاشوری لە دەشتی (مەز گرد)دا لەگەڵ لەشکری ٢٣ پادشای نایری شەڕێکی گەورەی کردووەو سەرگوزەشتی ئەم شەڕەی لەسەرچاوەی دیجلە لەسەر ئەستوونی سەرکەوتن (ظەفەر)دا دووورودرێژ نوسیوە. لە وڵاتی نایریدا جێگا نییە لە شکری ئاشوری پێدا نەڕۆیشتبێتو لەگەڵ سوپای نایریدا تێك هەڵنەچووبێت. لەشکری (ئاشور) بەشەڕی دوورو درێژی نایرییەکان تەنك بووە، وە بوومتە هۆی کزبوونی حکومەتەکەشیان هەر لە مێژووی (١١٠٠)وە تا (٦٨٠ پ.م) کە

سەردەمی لەناوچوونی ئاشۆرییەکانە حوکمدارانی ئاشور یەکە یەکە بەگژ هەموو ئاریییەکانا چوون. ئەم شەڕانە بۆ ئەوە نەکراون کە وڵاتی ئاری داگیر بکرێت، بەڵکو بۆ ئەوەکراون کەخاکی ئاشۆرلە تاڵانوبڕۆی ئارییەکان ڕزگار بکرێت. کە ئاشۆرییەکان لە ناوچوونو کیشوەرەکەیان بۆ دەوڵەتی (ماد) بەجێما، لە وڵاتی ئاریدا ناوی (کوردۆ ئەن کوردوستان) پەیدابووە، کە ئەمە سەرەتای پەیدابوونی ناوی(کورد)ەو سەرەتای تەطەوراتی دواییەتی. بەمەدا وەها دەرئەکەوێ کە بەشەرە دوا براوەکانی ئاشۆر ئارییەکانیش بێهێز بوون، وە تەنکبوونی ئەمانە بووەتە هۆی پەیدا بوونی عێلوخێڵاتی تازە وەکو (کاردۆخۆ، کوردۆیی، مانای) ناو تیرە عەشرەتەکانی (ماد) ئەمانە ئەم سەردەمەیان بەهەڵزانیو هاتنە پێشەوە، لەناوچەی شیمالی ڕۆژاوای ئێرانەوە لەبەر کزبوونی ئاشۆرییەکان بەو ناوەدا بڵاوبوونەتەوە، چونکە تا ئەو حەلە لەبەر هێزی ئاشۆرییەکان ئەم عەشرەتانە نەیانئەتوانی روو بکەنە ڕۆژاوای خۆیان لە ئێران هەروەها لەبەر ئەوەی ئارییەکانیش کزببوون، ئەمانیش توانایان نەمابوو کە تازەهاتووەکان بەرهەڵست بکەن، جا لە بابەت ئەحواڵی ئارییەکانەوە. داخەکەم لەمە زیاتر زانیاری دروست لە مێژوودا مست نەکەوتووە.

ئەهالی کۆنی ڕۆژهەڵاتی (ئەنەدۆڵ)

لەبەر ئەوەی زۆربەی دانیشتوانی ئێستای ڕۆژهەڵاتی (ئەنادۆڵ) کوردن و ئەمانەش نەتەوەی ئەو قەومانەن کە بە زنجیرەیی لە کۆنەوە لەوێ ژیاون، پێویستە بزانین ئەم نەتەوە کۆنانە چ کارە بوونوچییان بەسەرهاتووە تاکو لە بابەت موتاڵای ئەژادی نەتەوەی کوردی ئەو ناوەوە هیچ باسو ئەحواڵێک پەنهان نەمێنێتەوە. وەکوو مێژوو ئەڵێت لە کۆنەوە لە ڕۆژهەڵاتی (ئەنادۆڵ)دا گەلێک نەتەوە ژیاوە کەچی لەوانە ئێستا دوو بەشیان نەماوە، چونکە ئەم

ولاتانە سەرەڕێ بوون هەمیشە لە ژێر پێخوستی ئەقواما بوون. لەسەرێکەوە لە قافقەسەکانەوە هەمەجۆر تیرە عەشایری ڕەوەکی نیوە وەحشی وەك لافاو بۆ هاتووەو بووە بەسەرچاوەی خراپە بۆ عالەمی ئەوحەلە لەلایەکی تریشەوە لە ئێرانەوە ئەقوام هاتووەو لێرەدا گیریخواردووە هەروەها لە ڕۆژاوای ئەنادۆڵیشەوە بابەتە تیرەی جیاواز ڕوویکردووەتە ئەوناوە کە یەکێك لەوانە (ئەرمەنی)یەکان بوون. جا چونکە ئەم ئەتەوانە هەندێکیان کێوی بوون وەك درندە بەگژیەکا چوون. ئەوانە پایەدارنەبوون لەناوچوون. بێگومان ڕووداوەکانیان ونبووە. هەر ئەو نیشانانە هەیە کە وەك حیکایەت بیستوومانە وەکو: ناوبانگی کێوی قاف و ڕووداوی دروستکردنی سەدی ئەسکەندەری مەقدۆنی لە قافقاسو خەبەراتی (ذو القرنين). ئینجا مێژو نووسەکانی ئەمڕۆ ئەڵێن: بۆ بەربەستکردنی هەڵمەتی ئەم عەشایرە کێوییانە، سەردارو پادشاهە کۆنەکان زۆر هەوڵو تەقەلایانداوە، مێژونووسی مەزن، وەزیری مەعاریفی پێشووی هیند (آلو الکلام آزاد)لە بابەت ئەم سەرگوزەشتانەوە نامیلکەیەکی هەیە لەوێدا دوورو درێژ لەم باسە دواوە[٥]. تومەز دێوو درنجەکانی کێوی قافی زەمانی کۆن کە بەحیکایەت باسیان ئەکرد، ئەم عەشایرە وەحشییانە بوون کە ئەیانوت لە دەربەندەکانی کێوی قافەوە دەرپەڕیونەتەدەرەوەو ولاتە مەدەنییەکانیان ماڵیوە. ئەوە بوو کردەوە وەحشییەکانیان ئەگێڕانەوە. بەکورتی: ئێمە لێرەدا باسی ئەو ئەتەوانە ئەکەین کە نیشتمانیان پێکەوە ناوەو ئاوەدانییان بەجێهێشتووە. تەنانەت ئەو ئەتەوانە کە لەگەڵ (کورد)ا پێکەوە ژیاون و لە مێژوودا جێگایان بووەتەوە، بەڵام بۆ ئەوەکانیتر ئەگەر هاتوو باسیانکرا، بەپێی مەبەسی خۆمان بە کورتی باس لەوانیش ئەکەین.

---

[٥] نامیلکەی (شەخصیەتی ذو القرنين) هی (ابو الكلام ئازاد) وەزیری مەعاریفی پێشووی هیند.

هیتیت – ئیشی

لەناو میللەتە کۆنەکانی ڕۆژهەلاتی (ئەنادۆل)دا ئەم نەتەوەیە زۆر گرنگ و ناودارە لە مێژوودا. ئەگەرچی لەگەڵ نەژادی هەرە پێشووی کوردی ئەنادۆڵدا هیتیتییەکان تێکەڵ‌و ماجەرایانبووە، بەلام ئەم هیتیتانە زوو لەناوچوون و بە تەطەوراتی ئاخری (کورد)ا ئەگەیشتوون. لەبەرئەوە هەر بۆ ئەوەندەی بیانناسین باسیان ئەکەین. ئەمانە لەو قەومە مەدەنی‌و دەسەلاتدارانەن کە لە (کوردستان)ی تورکیای ئێستادا ۱۵۰۰ ساڵ پتر ژیاون. بەتەواوەتی نەزانراوە ئەمانە لە کوێوە کەی هاتوونە ناوەندی (ئەنادۆڵ). هەر ئەوەندە زانراوە یا لە شیمالی ئێرانەوە، وەیا لە قافقاسەوە لەکاتی پێش تەئریخەوە هاتوون. ئەگەرچی هیتیتییەکان لەگەڵ نەتەوە کۆنەکانی زاگرۆسدا پێکەوە ژیاون، بەلام لە پێش هاتنی ئارییەکانا واتە: لە پێش هاتنی مادو فورسدا لەناوچوون. لەبەر ئەوە (کورد) یان نەدیوە، بۆیە لێرەدا زیاتر ئێمەش باسیان ناکەین.

٩-ئۆرارتۆو هاندی- خالدی: ئەم دوو ناوە ناوی وڵاتی ڕۆژهەلاتی (ئەنادۆل)و ناوی خەڵکی کۆنی ئەوێیە. وە لە ساڵی ۱۲۵۰پ.م بەدواوە پەیدابووە. ئەهالییەکە بەبێگومان ئەو عەشرەتانەن کە بوون بەهۆی لەناوچوونی حکومەتی (هیتیت) کە لەسەرەوە باسمانکردو جێگای ئەوانیان گرتووەتەوە. ئەگونجێت ئەمانە بەڕەگەزیش لە جینسی ئەوان واتە (ئیشی)یەکان بووبن. ئۆرارتۆکان‌و ئایرییەکان هاوچاخی یەکن. یەکەمینیان لە ڕۆژهەلاتی ئەوی‌تر بووە بگرە مێژووشیان تێکەلاوە. ئەوەندە هەیە ئاشۆرییەکان جیا جیا ناویانبردوون. ئەم ئاشۆرییانە بەسەرزەمینی ڕۆژاوای گۆمی (ورمیە)و دەوروپشتی گۆمی (وان) یان وتووە. (ئۆرارتۆ) کە (تەورات) ئاراتی پێ ئەڵێ‌و بە ئەهلەکەشیان وتووە (هالدی- خالدی) لەسەدەی ۱۱ هەمی پ.م دا عەشرەتێکی تازە کە ناوی (مووشکی) بووە هاتووەو داویە بەسەر ئەم وڵاتانەداو لەوێ وەستاوەو لە دواییدا ئەمانە کۆنو تازە هەموویان ئاوێتەی یەك

بووه. کۆنەکانیشو ئەم تازانەش تێکڕا حکوماتی وردەڵەی (ئازادیخواز)یان پێکەوە ناوە، وە بۆ ئەوەی ئەم سەربەخۆییە بپارێزن هەمیشە ئامادەبوون لەگەڵ ئاشوورییەکانا ئازایانە شەڕ بکەن، وە بگرە لەگەڵ ئاپرییەکانی دراوسێشیانا بۆخسێری هەردولا پەیوەندییان کردووە لە ترسی هەڵمەتی ئاشوورییەکان. تا بەوجۆرە کۆڵەکەیانداناوە لەگەڵیاناو هیچ کۆڵیاننەداوە. ئەم (هاڵدی)یانە گەلێك پاشای ناوداریان هەبووە، وە لە دەوروپشتی خۆیانا گەلێك شوێنیان زەوتکردووە. یەکێك لەو پادشاهە ئازایانە (ساردوریس) کوڕی (ئاری) ناو زۆر بەناوبانگ بووە. ئەم پادشایە شاری (تۆس پاس-وان)ی بینا کردووەو کردوویە بە پایتەختی خۆی. ئەمانەشی بەپێی دەستووری ئاپرییەکان کە لای سەرەوە باسمانکرد، (فیدراڵی) ئیدارەی خۆیانکردووە. لە سەدەی(۹ پ.م) دا کە ناوبانگی عەشایری ماد پەیدابوو، وە لەگەڵ ئاشوورییەکانا تێك ئالان (ئۆرارتۆ)کان تۆزێك حەسانەوە، بەڵام لەسەدەی ۸ پ.م بەدواوە کە خێڵانی (کیمەری)و (سکیت)ی کێوی لای قافقاسەوە هەڵمەتیان هێنا، بوون بە ئافەت بۆ ئەوناوە، ئۆرارتۆکان لەتاوانا بوونە لایەنگیری ئاشوورییەکانو بەرامبەر ئەم کێوییە دڕانە لەسەر یەکیان ئەکردەوە. ئەو دەمەی (میدیە) ئاشوورییەکانی لەناو برد، وڵاتی (ئۆرارتۆ) بە میرات بۆ میدیە مایەوە. ئەمجا لە ژێر دەوڵەتی تازەدا هەردوولا پێکەوە لەسەر نیظامی ئەو کاتە لەگەڵ یەکا ژیاونو ناوێتەی یەکبوون. ئەمجا بەرە بەرە ناوی قەومی کۆنەکانی (ئۆرارتۆ) لە مێژوودا ونبووەو لە جێی ئەوان ناوی (ماد)و تیرەکانی ماد جێگیربووە.

مەدەنیەت و شارستانیەتی:

بەمەزندەی شاری (تۆسپاس – تۆشیا) کە وێرانەکەی لای گۆمی وانە، ناوجەرگەی هاڵدییەکان بووە. هەندێ نووسراوو شتی بەجێ ماو (ئاثار)ی ئەمانە لەو ناوەدا دۆزراوەتەوە، بەڵام تەعریفی ئەوانە دەست ئێمە نەکەوتووە.

هاڵدییەکان (ڕۆژ) پەرست بوون. هەموو خەڵکی (ئۆرارتۆ) لە ئاشۆرییەکانەوە فێری (مەدەنیەت)بوون. لە پێشا بە ئاشۆریو لە دواییدا بە زمانی خۆیانو بە خەتی (مسماری) نوسیویانە[16].

٩-ئەرمەنییەکان: ناتوانێن لێرەدا دوورو درێژ قسە لە مێژووی (ئەرمەنی) بکەین، بەڵام چونکە ئەمانە تێکڕا لەگەڵ کوردەکانا پێکەوە ژیاون بە تێکەڵاوی دراوسێی هاتوونە خوارەوە، بە پێویستمانزانی ئەختێکیش لە کردگارو مێژووی ئەمانە بدوێن. ئەرمەنییەکان خۆشیان بەتەواوی نایزانن کە لە کوێوە چلۆن هاتوونەتە ئەنادۆڵ. هەندێك ئەڵێن ئەمانە لە (هاڵدی)وە یا لە بەشی دوایی (ئیشی)یەکان پەیدابوون، بەڵام ڕەنگە ئەوە ڕاست بێت کە ئەڵێن تیەرمیەکن لە نەتەوەی (هیندۆ ئەورووپایی). لەسەرەتای سەدەی شەشەمی پێش میلادا ئەمانە لای گەرووی (بوسفۆڕ)و (داردانیل) پەڕپونەتەوەو کشاون بۆ لای ڕۆژهەلاتی ئانادۆڵ و، لەناوچەی (ئۆرارتۆ)دا لەناو (کورد)مکانا جێگیربوون. زاتەن گەلێك تایەفەی تریش لەو هەنگاوەدا هەر لەو گەرووانە پەڕیونەتەوەو لە ناوەندو ڕۆژاوای (ئەنادۆڵ)دا دامەزراون کە ناوو ڕەوشتو کردەوەیان لە مێژووی گشتیدا نوسراوە. هەرچەندە ئەرمەنییەکان یەکێکن لە هەندێك تایەفەی تازە هاتوو لە قافقاسەوە کە (کیمەری)یەکانن. بەهێنێك شپرزەکراون، بەڵام زۆری پێئەچووە دیسان خۆیان کۆکردووەتەوە... وە لە (ئۆرارتۆ- ئەرمەنستان)دا کەوتوونەتە تەقەلادان بۆ دروستکردنی دامودەزگایەکی ئازادی سەربەخۆیان، کەچی لە بێتالعیی خۆیان لەو دەمەدا ئیمپراتۆریەتی تازەی ئێران، واتە (کەیخوسرەو)ی گەورە پەیدابووەو گشت ئەو وڵاتانەی داگیرکردووە. ئەرمەنییەکانیش وەك قەومەکانیتر چارو ناچار (٢٠٠) ساڵێك بە مسکێنایەتی ئێران ماونەتەوە. هەر جارو بار لەگەڵ کوردەکانا ئەمانیش بەبێ ئەنجام یاخیگەرییانکردووە لە خزمەت (شاهەنشای ئێران)ا. ئەوەندە هەیە ئەم ئەرمەنییانە لە کوردەکان چاکتر مشووری حاڵی خۆیان خواردووەو بۆ پێکەوە نووسانیش هێشتا ئەمانە باشتر بوون لە کوردەکان.

---

[16] باسەکانی ئەم ئاخرییە لە مێژووی (بریستید) وەرگیراوە.

لەبەر ئەوە لە عاستی حکوماتی ئێرانیشو ڕۆمیشا جاروبار توانیویانە یاخی ببن‌و ئازادی بسێنن بۆخۆیان لە ژێر ئیدارەی مەلیکی خۆیانا لەو ناوەدا بەناوی (ئەرمەنستان)ەوە (حکومەت)بکەن. تەنانەت کوردەکانی ئەو ناوەش لەسەدەی (١ و ٢ پ.ی.م)دا کەوتوونە ژێر حوکمی ئەرمەنییەکانەوە تاکو (ڕۆم)ەکان هاتوون و وڵاتەکەیان لە ئەرمەنییەکان سەندووەتەوە. لەسەدەی (٣ هەمی پ.م)دا پادشای ناوداریان (دیکرانی دووەم) بووە، بەڵام لە دوای میلادی حەزرەتی عیسا قەومایەتی ئەمانیش تەنگ بووەو هێزی جارانیان نەماوە، بۆیە حکومەتەکەشیان لەلایەن (ڕۆم)ەکانەوە لە ناوبراوە. لە هەموو کاتێکا کوردو ئەرمەنیەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ پێکەوە بوون. ئەمانە، یەعنی ئەرمەنییەکان، ببوونە شارستانی، کەچی زۆربەی کوردەکان بەخەڵکی شاخی مابوونەوەو لە دێهاتا ئەژیان. کوردەکان حەزیان بە بەکارهێنان‌و هەڵگرتنی (چەك) ئەکرد. ئەرمەنییەکان حەزیان لە بازرگانی‌و فرمانی تیجاری ئەکرد. لەگەڵێك کاتا کوردی دێکانیش‌و کوردی شارستانییش بە کەڵکی حکومەتی ئەرمەنی هاتوون. ئەرمەنییەکانیش لە پێشا وەك کوردەکان لەسەر ئایینی سروشت (طەبیعەت) پەرستی بوون. ئەگونجێت بەینێکیش بووبن بە (زەردەشتیی)، بەڵام چونکو لە عەشرەتایەتیدا (کورد)و (ئەرمەنی) یەکتریان بە بێگانە داناوە، ئەگونجاوە پێکەوە بنوسێن‌و کە ئەرمەنییەکان لە دەوری ٣٠٠ی میلادیدا بە بیرێکی سیاسی بوونە (مەسیحی)و کوردیش لەسەر (بت پەرستی) مایەوەو لە دواییشابووە بە (موسوڵمان). نیتر هیچ هیوای یەکگرتن نەماوە لە بەینیانا. ئەرمەنییەکان هەموو دەمێك لێهاتوویی‌و زیرەکی قەومی خۆیان نواندووە، وە لە ناو ئەم هەموو هەراو هوریای مێژووییەدا خۆشەویستی‌و بیری قەومایەتی هەر بووە. ئەمانەی هەتا ئێستا هێشتووەتەوەو پاراستوونی[٣٧]. بە تەواوبوونی ئەم باسە حاڵ و ئەحواڵی ئەتەوەکان کە ناسراون

---

[٣٧] بروانە کتێبی مێژوویی (کوردو مەسئەلەی کوردستان) نووسینی دوکتۆر شاکر خصباك، لە لاپەڕە ٢١ دا.

ناسراون بە خزمی (کورد) ئەبرێتەوە. ئەمجا سەر گوزشتەی کۆچ و ڕەوی (ئاری)یە تازەکان دێتە پێشەوە، وەکو لای خوارەوە باسیان ئەگێڕینەوە.

کۆچ و ڕەوی دوایی هاتنی ئەقوامی ئاری تازە:

(ماد، مانای، پارت، پارس (فورس)، کاردۆخۆ) ئەگەر زۆر چاك سەرنج بدەینە ئەحواڵی مێژووی نەتەوەکۆنەکان، ئەبینین لە پێش و پاشی میلادی لەناو نەتەوەکانی سەر زەمینا ئارام و وەستان نەبووە، بگرە لافاوی قەومە ڕەوەکییەکان لە هەموولایەکەوە بەسەر وڵاتی نەتەوە نیشتەنییەکانا شەپۆلیداوە. ئەمانە هەروەکو مەدەنییەت و ئاوابیەکانیان تێکومەکانداوە، بناغەی عالەمێکی تازەو گەرای کۆمەڵایەتییەکی گەورە تریشیان داناوە، وەکو: ئەبینین ئەو کاتەی (کاسییەکان) لە ڕۆژهەڵاتەوە پەلاماری عیراقیان داوە، عەشایەری کۆچەری (ئارای)یش لە ڕۆژهەڵاتی دەریای خەزەردا لە جۆش و خرۆشی (کۆچ و ڕەوا) بوون بۆ لای بانی (ئێران) و (هیندوستان). ئەمانە دەستە (مەوجە)ی (هیندۆ ئەورووپا) وەیا (ئاری)یە تازەکان بوون کە ڕەویان کردووەو خەریکی کۆچبوون لەو بیابانانەدا. بەپێی وتەی زاناو مێژونوسەکان ئەم کۆچکردنی تازەیە لە دەوری سەدەی ١٦و ١٨ی پێش زایینی (میلاد)دا رویداوە. ئەڵێن ئەم (عەشرەتانە) هێشتا لە دەوری (بەرد)ی دواییدا بوون، توانای کشتوکاڵیان پەیداکردبوو. کەچی عێراق و میسرییەکان ئەو حەلە (مەعدەن)یان بەکارهێناوەو شتیان لێدروستکردووە. ئەم عەشایەرە ڕەوەکی یانە بەرەوە ئاژاڵیان بەخێوکردووە. هێشتا هەستی مەدەنیەت (شارستانیەتی) تەواو پەیدا نەبوود لە ناویانا بەرەوە (ئەسپ)و (ماین) یان هەبووە کە لە عێراق و میسری شارستانیدا ئەم جۆرە چوارپێیە هێشتا نەبینراوبوو. لەسەر ئەوەشا خواستی کشتوکاڵ هەبوو لەناویانا وەك لای سەرەوە وترا..ئێمە لەسەر ئەو بیرەین کە ئەم (ڕووداو)ە کۆچوڕەوی دووەمجاری (ئاری)یەکانە چونکە شەپۆلی یەکەمین، عیلام، گۆتی و کاسی و ڕەفیقەکانی کردیان، ئەوە بو لە ڕۆژاوای ئێرانا خوارو ژوور دامەزران وەك لە نوسراوەکانی لای سەرەوە باسمانکردن. ئەوسا لە عێراقا (سۆمەر)و (ئەکەد)ەکان دانیشتبوونو خەریکی کشتوکاڵبوون. لە کۆنا لەبەر نەبوونی (لەوەڕ) چلۆن هەندێك خێلاتی (سامی)ی عەرەبستانی بەجێهێشتووەو چووە بەملاو بەولادا. وەها دەرکەوتووە

ئەم عێلاتی (ئاری) دواییەش لەبەر بێبارانیو کەم لەوەڕی وەیا لەبەر ناکۆکی خۆیانو دراوسێکانیان ناچار بوون بە عێلجاری دووبارە کۆچو ڕەو بکەنەوە چونکە ڕەوشتی نیقلیمی هەردوولا (چۆڵ) تەبیاتە خەڵکی ئەمجۆرە چۆڵانە هەمیشە مەعرووضی ئەم حاڵەتانەن بۆیە ئەگونجێ ئەم کۆچو ڕەوە دووەم (مەوجە) بێت. لەمانە خێلاتی شیمالی (قافقاس)و دەریای خەزەر ڕویانکردووەتە (ئەورووپا)و هەرچی خێلاتی ڕۆژهەلاتی دەریاکەشە لێك جیابوونەوە، بەشێکیان چووە بۆ (هیندوستان)و (ئەفغان)و هەندێکی تریشیان ڕویکردووەتە بانی (ئێران). بەکردەوە ئەمانە هەموو ناویان (ئاری)بووە، تەنانەت ناوی ئێرانیش لەم ناوە پەیدابووە. ئەگونجێت هەندێك لەم عێلانە لە قەفقاسەوە هاتبێت. جا سەر گوروشتەی ئەم کۆچو ڕەوانە لە کتێبی (ویداس)ی هیندییە کانا نوسراوە[٨] .دەستە عەشایەری (ئێران) کە هاتوون گەلێك تیرەبوون، بەلام ئەوەی برە بووەو لە مێژوودا ناوی بەجێماوە (ماد، پارس، پارت، کاردۆخۆ، پاقت، سەغد)ەکان بوون. ئەمانە هەر یەکە عێلێکی گەورەی ئەوتۆ بوون وەك عەشرەتە زلەکانی ئێستا چلۆن بەناویەك عێلن کەچی لە دابەشبوونی ناوخۆیانا ئەبن بە گەلێك تیرە، جا ئەم عیلانە کۆنانەش ئاوەها فرە تیرە بوون وەکو (جاف) ناوی یەك عشیرەتی گەورەیە کەچی لەناو خۆیا ١٢ تیرەیە.. ئەگینا ئارییە کۆچەرەکان ئەیانئەتوانی (ئێران) پڕبکەنەوە بۆ ئەوەی ئاژەڵیان بە ئاسانی بۆبەخێو بکرێ هەریەکە لەم عەشرەتانە ڕوویکردووەتە سەمتێکی ئێران. لەسەر ئەوەشا بەرپزخوارو زووری یەکتریبوون چونکە مەترسییان بووە ئەك تووشی پەلاماردانی بێگانە ببن. جا ئەم کۆچ و ڕەوانە ئەپساوەتەوە زۆر درێژەیکردووەو بەرەو ڕۆژاوای ئێران تەنیوەتەوە. هێشتا دووەم هەزار ساڵێ پێش میلاد تەواو نەبووە کە بەراییان لەگەڵ ئەتەوەکانی پێشووی خزمیانا کە بە (مەوجە)ی یەکەم هاتبوون لای ڕۆژاوای ئێران یەککیربوون.

---

[٨] مێژووی عوصووری قەدیمەی براستد، باسی مادوو فورس، ل١٣٥ شوعووبی ئاری. وە مێژووی (کوردو کوردستانی)ئەمین زەکی بەگ.

وتاری تەئریخی:

ئەم تیرەو نەتەوانە کە بە ئێرانا بڵاوبوونەتەوە، لە نزیک نەتەوە کۆنەکانا نارامیانگرتووە. لە دواییا تێگەیشتوون کە ئەم قەومە کۆنانە هێزی عەشایەریو توانای جەنگاوەری پێشوویان نەماوە، بەڵکو لە ژێر تەئثیری مەدەنییەتی (سۆمەر، بابل، وە ئاشوور) دا بەیەکجار لە دەماری ڕەقی عەشرەتایەتی کەوتوون، ئەوسا دەستیان بۆ درێژکردوون، لەبەر ئەوە لەناویانا شەڕو هەرا دەستپێکردووە بەبێ شک تازەکان بەسەر کۆنەکانا زاڵبوون و وڵاتەکەیان لێداگیرکردوون. سەرکەوتووەکان لەوەدوا وەك یەخسیر تەماشای خەڵکە کۆنەکانیان کردووە، هیچ مافیان پێنەبەخشیون. بەمجۆرە وردەوردە بوون بە(ئاغاو مسکێن)، ناحەزی پێشوویان لە بیرچووەتەوە تێکەڵاو یەکتریبوون. لە کاتی کۆنا ئەم جۆرە ڕووداوانە لە مابەینی عەشایەرە کۆچەرەکانو شارستانییە کۆنەکانا زۆر ڕوویداوە. لە ئەنجامی ئەم چەشنە تێکەڵبوونەدا سەرۆکی نوێو ئەقوامی (نوێو دەوڵەتی تازە هاتووەتەکایەوە، وە لە زۆرجێگادا بەمجۆرە ڕووداوانە نەخشەی جیهان تێکومەکان چووە. بەکورتی: لە ئەنجامی کارا قەومایەتی (ئاری)یەکانی ئێران وەهای لێبەسەرهاتووە کەلای خوارەوە نووسراوە[19].

١- لەم عەشرەتە زۆرانەخێڵاتی (کاردۆخۆ) بەشیمالی عێراقا تێپەڕیوە بۆ ناو وڵاتی (سۆباری)و (نۆرارتۆ) لەوێ دامەزراوە. دیارە ئەم داگیرکردنو دەست بەسەرا گرتنە کە کۆچەرەکان کردوویانە لەدوای لەناوچوونی (دەوڵەتی ئاشۆر) هێزی سەندووەو پێکهاتووە. جا ئەم خێڵە تازانە بوونەتە حاکم بەسەر نەتەوە کۆنەکانی ئەوێدا، لە دوای بەینێکی دوورو درێژ بەپێی قانوون (تێکەڵ)بوون، کۆنو تازە خەڵکەکە ناوێتەی یەکبووەو بەشی حاکم کە کاردۆخۆکانبوون ناوبانگیان بەرز بووەتەوە.

---

[19] موهاجەرەتی ئەقوام لە مێژووی گشتی گەورەی (احمد رفیق)دا موتالا بکرێت، بەرگی ٤.

٢- تایەفەکانی (ماد)و (مانای) کە دەسەڵاتدارتر بوون، شیمالی غەربی ئێرانیان کردووە بە نیشتمانی (تازە)ی خۆیانو لە وڵاتی (لۆللۆ، گۆتی، کاسای)دا جێگیربوون، بەڵام ئاشورییەکان پەلاماریانداوە، وڵاتەکەیان داگیرکردوون، ئینجا ئەمان بوون بە مسکێنی ئاشورییەکان هەتا دوای سەدەی هەشتەمی پێش میلاد مادەکان خەریك بوو کۆتایی بە دەسەڵاتداری ئاشوریەکان بێنن‌و ئازادی جارانیان بسێننەوەو ئاشورییەکان دەرکەن لە نیشتمانەکەیان هەتا لەدوای ئەوتەئریخە سەرکەوتن بەسەریاناو ئاشورییەکانیان شکاندو لە (میدیە) دەریانکردن.

٣ (پارت) ەکان هەرچەندە لە ڕۆژهەڵاتی ئێراندا ئەمانە ماونەتەوە، بەڵام لە دواییدا کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی مادەکانەوەو لە دوای ئەوانیش چوونە ژێر حوکمی (ئەخەمینی) یەکانەوە.

٤- مایەوە تایەفەی (پارس)ەکان. ئەوانیش لە جەنووبو جەنووبی غەربی ئێراندا جێگیربوون، بەڵام هەندێك هۆزیان لەوڵاتی (عیلامی کۆن)دا دامەزراوە. ئەوەندە هەیە پارسییەکان جارێ کەوتوونەتە ژێرحوکمی مادەکانەوە کەلەشیمالیانا بوون. ئینجا ناوی عیلام لەمەولا نەماوە. وا دەرئەکەوێ سەرەتای ئەم ڕووداوانەی دوایی لە دەورو پشتی هەزار ساڵی پێش میلادا هاتووەتەدی، وە لە ماوەی پێنج سەد ساڵێکا گشت ئەم تیرە (ئەوەی)ی ئاری کۆنو تازەیە ئاوێتەی یەکبووە، واتە (انصهار) بووەو بنچینەی ئەتەوە ئارییەکانی ئێستا هاتووەتە پێشەوە کەوا فورسەکانی ئێران‌و پارتەکان‌و هیندییەکان‌و (کورد)ەکانی (تورکیاو ئێران‌و عێراق‌و سوریە)ن. ئەو کاتە سەرەتای پەیدابوونی دەوڵەتی (میدیە) بووە لە ئێران. جا هیچ دوور نییە ئەم ڕووداوانە کاتی خۆی بەم (تەرحەوە) یا تەحریکی نزیك ئەم جۆرە هەڵسوڕا بێت، چونکە ئەم جۆرە ڕووداوە ومنەبێت بەتاسوخی هەر بۆ ئەمان بووبێت، بەڵکو ڕووداوی یەك گرتنی ئەتەوە (سامی)یەکانیش لەمە ئەچێت، یەعنی

هەموو تیرە سامییەکان کە لە عەرەبستان هاتوونە دەرەوە لە هیلالی خەصیبو لە شیمالی ئەفەریقادا بەرەو دوا لەگەڵ ئەهالی ئەو شوێنانەدا ئاوێتەی یەك بوون، تا لە ئەنجامی کارا گشتی بە زۆریی لە نەتەوەی عەرەبدا ونبووە. ئەم ئەنجامە لە تورکیاشدا عەینی شتە. نەتەوەیەکی بچووکی تورکی حاکم کە لە دەرەوە هاتووە ئەکسەریەتێکی گەورەی بێدەسەڵاتی مەحەللی قوتداوە جا بە کورتی دوور نییە نەتەوە کۆنەکانی زاگرۆس لەگەڵ تیرە نەتەوە تازەکانی دوایدا بەناوی ئارییەتییەوە ئاوێتەی یەك بووبن، ئەوسا کۆگای هەردوو نەتەوەی (کورد)و (فورس) پێکهاتووە، حاڵی حازر (کورد)و (فورس) دوو لقی درەختی کۆنەساڵی (ئارای ئەژاد)ی ئێرانین.

وەستانی کۆچ و ڕەوو پەیدا بوونی نەتەوەی دوایی (ئاری)ی ئێستا

عەشایەری مەنظوومەی زاگرۆسی دوایی لە نووکەوە ئەگەرچی وەك لافاو داویە بەسەرباتی ئێرانا تا گەیشتووەتە ڕۆژاوای وڵاتەکە هەموو شتێکیان داماڵیوە، بەڵام کە زاڵبوون بەسەرخەڵکە کۆنەکەی ئەوێدا، ئەمجا ئارامیانگرتووەو دەسیانکردووە بە ڕێکخستنی نیشوکاری قەومەکەیان، ئەوەنە هەیە لەمانە هەردوو عێلی گەورەخۆیگرتووەوحکومەتی مەدەنی پێکەوەناوە. ئەویش لە پێشەوە (ماد)و لە دوایدا (فارس)ەکان بوون. تیرە ئارییەکانیتر بە شێنەیی کەوتوونە ژێردەسەڵاتی ئەمانەوە... ئەگەرچی لە پێشا ئەمانە یاسا (نظام)ی عەشیرەتی خۆیان ڕاگیرکردووە، بەڵام بەئەنجام کۆنوتازە گشتیان تێکەڵاو یەکتربوون. ئەم دوو نەتەوە باسکراوەی سەروو لە دوای ئارامگرتن بەرەودوا (دوو) ئیمپراتۆریەتی (ئاری)ی ئەوتۆیان هێناوەتە کایەوە کە گشت عالەمی (شارستانی)ی ئەو حەلە پابەندی فەرمانو حوکمیان بووە. نەتەوەی (کورد) لە بەینیانا تیرەیەك بووە لە عێلە گەورەکەی (ماد) بەپێی (یاسا)ی ئارییەکان ئەمانە لە ئیدارەو سیاسەتو ئیجتیماعا جارێ جیاجیا نەبوون،

بەڵكو لە ژێر ئەمری سەرۆكی گشتیدا بوون. لەبەرئەوە پێویست وەهایە جارێ باسو هەواڵی مێژووی كۆنی هەردوو عەشرەتە گەورەكە بە كورتی بگێڕینەوە.

مادو فورس

هەموو زانای ئەقوام بەیەك ئاواز ئەڵێن تیرە عەشرەتەكانی نەتەوەی (ماد) ناوپشتەی ڕەگەزی پاكوخاوێنی میللەتی (كورد)ە. لەوانە تیرەی (كاردۆخۆ) پێشرەوی تیرەكانیتر بووە. وتەی (كاردۆ - خۆ) دوو پیتە . (كاردۆ) ناوی تیرەكەیە. (خۆ) ئەداتی جەمعە بەزمانی ئەرمەنی. ئەوان بەمجۆرە ناویان هێناون وەك ئێمە ئەڵێین (كوردەكان).جا لەدوای ئەم باسە كورتە پێویستە بۆ ئێمە دروستبوونی حكومەتی مادی كۆن بە بناغەی سەربەخۆیی (كورد)دانێین، وەك لایخوارەوە باسی ئەكەین. عێلاتی ماد لەسەدەی دەیەمی (پ.م) دا گەیشتوونەتە ڕۆژاوای (بانی ئێران)ەوە تاسەدەی نۆیەم هەموو سەرزەمینەكانی (زاگرۆس)ی دیوی ئێرانیان داگیركردووەو لەگەڵ ئاشۆرییەكانا كە گەورەترین دەوڵەتی سەرزەمین بووە ئەوحەلە ڕووبەڕوو وەستاون لە(٨٣٥ پ.م) دا. مادەكان ئەیانویست حكومەت پێكەوە بنێن، پایەداربن. لە بەرئەوە بەناچاری تووشی شەڕوهەرای خوێنڕێژانە بوون لەگەڵ ئاشۆریەكانا. ئەم شەڕانە بەسەد ساڵەها درێژەیكردووە. مادەكان لەپێشا كەوتوونەتە ژێرحوكمی ئاشورییەوە، ئازارو مەینەتی حوكمی بێگانەیان زۆرچەشتووە. مێژوو ئەڵێت: كاتی ئازادبوونی مادەكان كە نزیكبووەوە لە ژوور ئەمانەوە هەرایەكی تر قەوماوە، یەعنی لە ئاخروئۆخری سەدەی هەشتی پێش میلادا. دوای بەدوای یەك، دوو عەشرەتی تری تازە لە قافقاسەكانەوە هاتوونەتەخوارەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیك، یەكێكیان (سیكیت)و ئەویتریان (كیمەری)ی ناوبووە لە پێشا قەومی (سكیت) هاتووە ئەوناوەی شڵەقاندووەو لە دوای ئەمانە ئینجا

کێمەرییەکان هاتوون. ئەمانە زۆر دورو بێرەزابوون. وڵاتەکانی ژورووی ئاشورییان جاریَ بێزاوە ئەوسا دامرکاون، ئاشورییەکان بەمە زۆر پەرێشانبوون، سوپاکەی کزێتی هێناوەو تەنکبووە بۆ لەناوچوون. ئەمە خزمەتێکە قازانجی (ماد)ی تیابووەو کێمەرییەکانیش ئەمە تەنگی کردوون، زانای تورك ئەڵێن ئەمانە تورکمان بوون کەچی زاناکانی تر پێ لەمەنانێن.

بێینەوە سەر عەشایەری (پارسی- فورس)ەکان. ئەمانیش کە هاتوون لە پاینی مادەکانا یەعنی لە جەنوویی ڕۆژاوای ئێستای ئێرانا دامەزراون. لە پێشا مادەکان نیشانەی زیندوویەتییان پیشانداوەو حکومەتیان دروستکردووە. دەنگ وایە پارسییەکان لای مادەکان بێبایەخبوون. ڕەنگە ئەم کەم نرخییە لەبەر ئەوە بێت کە ئەم دوو عەشرەتە گەورەیە لەگەڵ یەکا ڕقەبەرییانکردووە، بۆیە مادەکان سڵیان لێکردوون و ناحەزیان بوون، وارێکەوتووە لە پێشا پارسییەکان کەوتوونە ژێر حوکمی مادەکانەوە، بەڵام دواجار حکومەتی ماد بەهەڵمەتی لەشکری (پارس) لەناوچووەو کە بانی قەومی ماد نەماوە. پادشاکانو کاربەدەستانی ئەم پارسییانە لەبەر ناحەزییەکەیان وەیا لەبەر بیرێکی سیاسی تر بۆنەهێشتنی ناوونیشانی (ماد) هەوڵیانداوە. مادەکان چونکە ناکۆك بوون لە ناوخۆیانا تەفەلای پارسییەکان سەریگرتووە. ئەگەرچی جاروبار هەندێك تیرەی ماد بۆ سەندنەوەی سەربەخۆیی جارانیان شۆڕشیان بەرپاکردووە کە هیچیشی لێیەیدا نەبووە وەکو لەمەولا باسی ئەکەین، (هێرۆدۆتی)ی بەناوبانگو مێژونووسی یۆنانی کەچووە بۆ ڕۆژهەڵاتو گەڕاوە بە ئێرانا لە دەوری (٤٥٠پ.م)دا ئەڵێت[٢٠]: (کەمن چوومە ئێران ناوبانگی (میدیە) لەناو خەڵکا زۆر کەم ببووەوەو ئەهالی ڕووداوەکانی پێشوویان لەبیر نەمابوو). جا لە بابەت بنچینەو ڕەگەزی (کورد، گۆتی، مادو مێدیە)وە زاناکان لەگەڵ یەکا پەیوەندییان نییە. هەندێکیان ئەڵێن ئەتەوەیەك کە ناوی (ماد) بوو بێت نەبووە لە (میدیە) داو ئەو سەرگوزشتانە کە بۆ (ماد)و (میدیە) لەلایەن

---

[٢٠] تەئریخی گەورەی (احمد رفیق) بەتورکی. بەرگی دووەم، باسی یۆنان.

(هیرۆدۆت)و (یۆنان)ەکانەوە کراوە ڕاست نییە، چونکو بەڵگەی بەهێزنابینین لەو وڵاتانەدا کە ناونراوە (میدیە)، نەتەوەیەکی (ماد) ناو لەوێ دانیشتوو بوبێتن وە ئەڵێن (هیرۆدۆت) بە ئارەزووی خۆی میدیەی پێکەوەناوەو ناوبانگی مادی بڵاوکردووەتەوە، خەڵکیش لەسەر نوسینەکانی ئەو ڕۆیشتوون، بەڵام ئەم قسانە ئەو ڕاستییە تێکنادا کە نەژادی کوردەکانی ئیمڕۆ لەو وڵاتەدا ژیاوەو بە (هەڵە) ئەوسا مێدیەی ناونراوە، وە ئێستا گەلێك بەڵگە هەیە کە کوردەکان لە نەتەوەی گۆتییەکانن، ئەمانیش لە زاوزێی ئەو نەوانەن کە بە کۆچ و ڕەوو بەدووسێ مەوجە هاتوون لە ئەقوامی ئاریو لە زاگرۆسەکانا گیرساونەوەو ناوێتەی یەکبوون[21]. بۆ ئەم مەسەلەیە ڕای زانا (مینۆرسکی)یش ئەوەیە کە کوردەکان لە تێکەڵبوونی گەلێك قەومی ئاری دروستبووە لە کوردستانەکەی ئێستایانا. هەر چەندە شەخصیەتی بوونی (ماد) لە گیرو گرفتا بێت، بەڵام ئەسەلمێنرێت کە ئەم ناوە بوو بێت و بەو هۆیەوە لە دوایدا بوو بێتە (ناو) بۆ دەوڵەتو وڵاتەکەش. ئەگونجێت هەر ناوی ناوچەیەکیش بووبێت لە دەوڵەتەکەداو (مادەکان) لەوێ دانیشتبن، چونکو ئاشۆرییەکان لە مێژووی خۆیانا ناوی وڵاتێك ئەبەن کە (میدیە)ی ناو بووە لە دیاری (مادا)دا. شۆرەت وایە (مانای) ناوی ناوچەیەکبووە لە (میدیە). هەندێکیش ئەڵێن تیرەیەك بووە لە نەتەوەی (ماد). ڕەنگە (ماد) ناوی خێڵێکی گەورە بوو بێت کە لە ٩٠٨ کۆمار دروستبووە، (ماد)یش یەکێك لەو کۆمارانەو لەگەڵ ئەوەشا سەرۆکایەتی گشتی‌یش هی ئەو بووە. وەیا بەناوی (ماد)ەوە هیچ تیرەیەك نەبوە، بەڵام ناوی گشتی عێلەکە ماد بووە، وەکو عەشیرەتی گەورەی (جاف) بێت، بەڵام عێلەکە لە ١٣ تیرە دروستبووە کە هەر تیرەیە ناوی تایبەتی خۆی هەیە، کەچی ناوی (گشتی)ی عێلەکە (جاف)ە، ئەمانە هەموو ئەگونجێ بوو بێت، شك نییە ناوی (ماد) بە خۆڕایی دروستبووە. بەکورتی: بنچینەی مێژووی (ماد) وەك لای

[21] مێژووی (کوردو مەسەلەی کورد) هی دوکتۆر شاکر خصباك، ل١٢، ١٣ وە کتێبی باسیل نیکیتین کە ناوی (الاکراد) ە لە لاپەڕە ٢٠، ٢١ دا.

سەرەوە باسکراوە ساغنەبوومەتەوە. ئەگونجێت پاشەڕۆژ مێژوزانەکان بگەنە بنجو بناوانیو ساغی بکەنەوە.ئێستا باسی تەئریخی (ماد) و (میدیە) لەسەر ئەمە یەکی ناکەوێت ، چونکە عێلی ماد وەیا ماد وەیا تیرەکانی ڕاستن هەبوون‌و ئەمانە کردگاری تەئریخی خۆیان بەجێهێناوە. لەبەرئەوە چارە نییە لەسەر باسەکانی (ماد)و (مێدیە) هەر ئەڕۆین (کاردۆخۆ)کانی (زمینۆفۆن) ناو زانای یۆنانی کە لە کتێبەکەیا ناویبردوون‌و لە دواییدا (ڕۆم) ەکانیش ناوی‌وڵاتەکەیان بە (کوردۆئەن) نوسیوە کە مەعنای (کوردستان) ئەگرێتەوە بە ڕۆمی، لە مێژووی گشتیدا نوسراون. ئەمانە لە کوردستانەکەی ئێستای (تورکیا) لە ڕۆژهەڵاتی (ئەنادۆڵ)دا بوون کە بەشی ڕۆژاوای (مێدیە)ی ئەو حەلە بوو. ئەوە بوو (کاردۆخۆ) بە زمانی (ئەرمەنی)و (کوردۆئەن) بەزمانی ڕۆمی پێشرەوی (ماد)ەکانبوون لە کاتی کۆچکردنا هاتبوونە ئەوێ، ئەتەوە کۆنەکانی ئەو ناومیان خستبوە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوەو ئەمە لە ئەتڵەسی تەئریخی ئەو کاتەدا نیشاندراوە. جا ئەم (کاردۆخۆ) یانەن کە ڕێگایان لە (کەسەنەفۆن)ی سەرۆك لەشکری ١٠ هەزار سەربازی شکستەی یۆنانی گرت کە بە ڕۆژهەڵاتی تورکیای ئێستادا گەڕابوونەوە هەتا سەر (دەریای ڕەش) جەنگیان لەگەڵکردبوون لە (٤٠٢پ.م)دا. ئەم چەرمەسەری دە هەزار سەربازی شکستەیەیە (یادداشت)ی حەربی کەسەنۆفۆن نوسیبوویو ناوی نابوو (ئانا بازیس) کە گەڕاوەتەوە بۆ یۆنانستان‌و داویە بەحکومەتی یۆنانی ئەو کاتە[٢٢].

حکومەتی ماد (٨٦٠ --- ٥٥٠پ.م)

پێش پێکهێنانی حکومەتی (ماد)ەکان ژیانی عەشیرەتییان هەبووە. لە بابەت هاتنیان بۆ ڕۆژاوای (ئێران)و ئارام گرتنیان‌و تەشکیلاتی تایفییان لای سەروو زۆر قسەمانکردووە، لێرەدا پێویست نییە ئەمانە دووبارە بکەینەوە.

---

[٢٢] مێژووی گشتی گەورەی (احمد رفیق) بەتورکی، بەرگی یۆنانی.

هەموو خێڵێك لە مادەكان سەرۆكی هەبووەو لە ئیدارەی قەبیلەیدا سەربەخۆ بوون وەك حكومەتێكی بچكۆلە، بەلام لەكاتی تەنگانەدا كە بەرهەڵمەتی بێگانە بكەوتنایە سوپای عەشرەتەكان لە قیادەی سەرۆكا نەچوون بە هاواری یەكەوە، ئەمە لە جوملەی تەقلیدی كۆنیان بوو. عەشایری (ناری) كە هاتبوونە ئێران گەلێك تیرەبوون. لەبابەت جێگیربوونیان لە ئێران‌و ڕووداوە كۆنەكانی ناوخۆیانەوە زانیاریمان زۆر كەمە. ئەمانە هەر یەكە لەسەمتیكی ئێرانا دانیشتوونو كردوویانە بە نیشتمانی مێژوویی خۆیان. هەندێكیان سەربە (ماد) بوون‌و بەشێكیشیان سەربە (فورس)ەكان بوون. ئەمانەی لایخوارەوە سەر بە مادەكان بوون. ئەویش هەر لە كاتی تەنگانەدا بەهاواریانەوە ئەچوون:

پاقت: لە ئەفغانی ئێستادا لای سنووری ئێران.

پادث: لای خوراسان.

مامای: مادەكان بە خۆیان وتووە (مانای) لە ڕۆژهەڵاتی (ورمییە) دا بوون.

كاردۆخۆ: تیرەی هەرە بەهێزی (ماد)بووە لەجەنگا پشتیوانی سوپای دەوڵەتەكە بووە.

خوارزم: لەناوچەی ڕووبارەكانی (سەیحوون) و (جەیحوون) دا بوون[٢٢].

باختەر: لە سنووری ئەفغان و لای شیمالی ئێران دانیشتوون.

سەغد: لە شیمالی باختەرا بوون.

هەرقانییە: لە جەنووبی دەریای (خەزەر)دا لای مازیندەران بوون.

كاتێك كە ئەم عەشرەتانە لەناو دۆڵ كەژەكانا دامەزران‌و لە خەڵكە كۆنەكانەوە فێری ژیانی دێكانی بوون، بوونە نیشتەنی، گوزەرانیان بە

---

[٢٢] تەماشای نەخشەی تەئریخی گەورەی گشتی (احمد رفیق) خەریتەی ئیمپراتۆریەتی ئەسكەندەری گەورە بكرێ.

کشتوکاڵو حەیوان بەخێوکردن ئەکرد، وە پێشەو ڕەوشتی عەشایری یشیان مابوو. باوکی مێژوو زانان (هەردوونی) یۆنانی لە بابەت دانانی بنچینەی حکومەتی مادەوە ئەڵێت: لە دوای ئەمە کە حکومەتی ئاشۆری ٥٢٠ لە ئاسیای ڕۆژاوادا حوکمڕانیکرد، پێش هەموو نەتەوەکان کەلەژێرچەپۆکی ئیستیعماریدا بوون، قەومی (ماد) دەستیوەشاندو شۆڕشی هەلگیرساند، واتە ڕووبەڕووی ئاشۆر وەستا، سوپای هەردوولا کە بەرامبەریەك وەستانو چوون بەگژ یەکا سوپای ماد سەرکەوت، ئەوسا نەتەوەکانی تریش چاویان لەماد کردو گشتیان لە ئاشۆر هەڵسانەپێوخۆیان لە دیلیی ڕزگارکرد. لە دوای ئەمە هەروو دوت ئەڵێ: لەم کاتەدا (دیۆسەس کەی قوباد) ناو پیاوێکی زۆرزیرەك لە میدیە پەیدابووە ئەهالییەکە زۆرپەسەندیانکردووە، پیاوەکەشی پەلپی لێنەگرتوون کە بیکەن بە (سەرۆك)ی خۆیان. لەسەر ئەوە قەومەکە هەڵیانبژاردووەو کردوویانە بە (پادشا)ی خۆیان. ئینجا کەی قوباد (ئاقباتان- هەمەدان) ی کرد بە پایتەخت و بانگ درا کە بەنەمری (یەزدان) کەی قوباد کرا بە پادشای میدیە. جا حکومەتی ماد بەمجۆرە هاتووەتە مەیدان. جا طەبیعەتی ئەم بەیانە ڕاست نییە، چیرۆکی پادشایەتییەو پێشینان دروستیانکردووە. ئەوی ڕاست بێت بۆدروستبوونی سەربەخۆیی (ماد) کزبوونی دەسەلاتی (ئاشۆری)یەکانە. بەوە ڕێگا کراوەتەوە ماد بێت بە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، لە پێشەوە ئاشۆرییەکان لە هەرمتی هێزو گوڕیانا بوون. وڵاتانی گۆتیو لۆللۆیان بەتەواوی زەوت کردبوو. ئۆرارتو و ئایریشیان خستبووە ژێرچنگی خۆیانەوە ، خەریکی بەربەستکردنی خراپەی عەشایرە باربارەکانی (سکیت) و (کێمەری) بوونو هەروەها کە عەشایەری دژی مادیش پەیدا بوو ئاشۆرییەکان بەرەنگاری ئەوانیش بوون ویستیان ئەوانیش بخەنە ژێرچەپۆکی ئیستیعماری خۆیانەوە، بەلام لە دوای یەك دووجار پێکهاتن بۆ ئاشۆرییەکان دەرکەوت کە بێ دەستکردنی (مادەکان) شتێکی ئاسان نییەو مادەکانیش لە هێزو گوڕی

ئاشۆرییەکان زۆرترساون. جا ئەم دوو حیسابەو لە بەینی ئەم دوو هێزەدا بوومتە هۆی ئەوە کە مادەکان لە تاوانا یەك بگرن و سەرۆکێك هەڵبژێرنو بیکەن بە پادشای خۆیانو لە ژێر فەرموودەی ئەو پادشایەدا بە لەشکرەوە لەرووی ئاشۆرا بوەستن تاکو نەکەونە ژێر چەپۆکیانەوە. ئاشۆرییەکانیش لەشکری زۆریان لە سنوری سەرزەمینی مێدیەدا ڕاگرتووە تا لە هەلکەوتا بچن بە گژیانا بۆ ئەوەی بەتەواوی مادەکان لەناوبەرن. ماد کە توانیویە ڕووبەرووی ئاشۆر بوەستێت سەختیی وڵاتی میدیە بووە چونکو چیای زاگرۆس قەڵایەکی قایم بووە بۆ (ماد)ەکان. لەسەر ئەوەشا وادەرکەوتووە ئاشۆرییەکان بەئەنجام زاڵبوون بەسەر میدیادا. ئاشۆرییەکان هەندێك پێویستییان خستوومتە سەر مادەکان، وەکو:

(١) هەمووساڵێك (خەرج و باجیان) لێسەندوون.

(٢) لە موڵکی میدیادا سوپای ئاشۆر دانرێت .

(٣) لە تەنگانەدا لەشکری ماد بچێت بۆ یارمەتی ئاشۆر.

جا لەبەر ئەوە مادەکان هەتا ئاشۆر بەشەوکەت بووە هەمیشە سڵیان لێکردوونەتەوەو لە پارێزا وەستاون چەند سەد ساڵێك لەم حاڵەدا ، ئەمجا شارەکەی بە بینای جوان ئاواو بە کۆشكو سەرا ڕازاندوومتەوەو هەر چوار دەوری کردووە بە قەڵا، جا وێرانەی ئەم شارە کۆنە ئێستا لای شاری هەمەدانە. ئەم پادشایە لە زیرەکی خۆیەوە زانیویەتی کە جاریٚخەریکی یەکگرتنو دامەزراندنی وڵاتەکەی بێت باشترە لە شەڕو شۆڕکردن، بۆیە هەتا دوایی ژیانی خەریکی ئەم کارە خێرانە بووە، وە لەبەر ئەوەشە توانیویە مادەکان دامەزرێنێتو ماڵو حاڵیان ڕێکخاتو فرمانی حکوماتەکەش ڕێبەڕێبکات. بەرەکەتدا لەم سەردەمەدا (سەناحریب)ی پادشای گەورەو بە جنگی ئاشۆر لە بابل و عیلاما گیرۆدەی شەڕو هەرا بووە نەیپەرژاوە نەیەڵێت کەی قوباد شاە ئەم جۆرە ڕێکخستنانە بەجێبێنێت لە کیشوەرەکەی خۆیا، لەبەرئەوە کەیقوباد

لە کاتی ٥٠ ساڵی سەڵتەنەکەیان بەمرادی خۆی گەیشتووەو بەبێ دەنگی میدیەیکردووە بە دەوڵەتێکی هێزداری ئەوتۆ کە نەتەوەکانی بتوانن ئیمپراتۆریەتی ئاشۆرلەناوبەرن. لەدوای (کەی قوباد) (فرائۆرە - فەرهاد)ی کوڕی بووەتە شاه. ئەم پادشایەش جارێ لەسەر پێوشوێنی باوکی ڕۆیشتووەو لەگەڵ ئاشۆریەکانا مودارای کردووە، هەندێك عەشایری ئاری کەتازە هاتبوون خستوونیەتە ژێرحوکمی خۆیەوە. لە دوای ئەمە ڕووی کردۆتە جەنووب عەشیرەتەکانی (پارس)یشی کردووە بەدەستەو دائیرەی خۆی. ئیتر حوکمی ماد لە خەلیجی فارسەوە تا بەحری ڕەش لە هەموو ڕۆژاوای ئێراندا ڕۆیشت. ئینجا فەرهاد شاه وایزانیوە کە هێزو دەسەڵاتی مانەندی نییەو شوێن ئەو باوەڕە کەوتووە کە دەرەقەتی ئاشۆرییەکان دێو نەتوانێ لە میدیە دەریانکات وە ئاواتی نەژادی بێنێتە جێ. بۆیە لە(٦٣٣ پ.م) دا چووە بەگژ ئاشۆرییەکانا، بەڵام سوپاکەی بەرگەی تەوژمی دوژمنی نەگرت، شکاو خۆیو گەلێك سەرداریشی کوژرا. لە دوای ئەم (کەی ئەخسار)ی برا بچوکی بووەتە حوکمداری ماد. ئەم ذاتە پادشایەکی وریاو تێگەیشتوو بوو. سەرکردەیەکی ئازاو هوشیاریشی هەبووە لە شکستی فەرهادی برایەوە زانیبووی کەوا سوپای (میدیە) تا لەسەر نیظامی عەشیرەتی بمێنێت قەت دەرەقەتی سوپای ڕێکوپێکی ئاشۆری نایەت. لەبەرئەوە دەسیکرد بەڕێکخستنی لەشکرەکەیو خستیە ژێر نیظامی عەسکەری ئەو حەلەوە. پیادەی لە سواری جیا کردەوە، چەکی ئەو حەلەی پێدان. بەمانە سوپایەکی پڕچەك و تەعلیم تەواو دروستبوو بۆ میدیە، ناوبانگی چالاکیو ئازایی و سوارییەکەی بڵاوبووەوە. چەکیان ڕم، تیروکەوان، شیرو خەنجەر بووە.

کەی ئەخسار لە دوای ئەم دامو دەزگایە کەوتووەتە هەڵسوڕاندنی سیاسەتی دۆستو ڕەفیق پەیدا کردن، لەگەڵ (نابۆ پۆلاسر)ی مەلیکی بابلستانا لە دژی ئاشوور پەیوەندی بەستو یەکیان گرت کە بە جوتە بچن بە گژ ئاشوورا[44] . لە ساڵی ٦١٥ پ.م بە (زاموا - لای سلێمانی)ی ئێستادا سوپای (ماد) چووەتە سەروڵاتی ئاشوور، بۆ سەمتی (ئارافە – کەرکووک)ی ئێستاو داگیریکردووە کە ئەمە بۆ بەجێهێنانی حەرەکاتی جەنگی دوایی سوپای (ماد) زۆر گرنگبووە، چونکو ئێرە لەمەدوا بووەتە (بنکە) بۆ پەلاماردانی وڵاتی ئەصڵی ئاشوور.

لەم کاتانەدا بۆ قایمکردنی پەیمانەکەی بەینیان (کەی ئەخسار) هاتووە کچی ئاستیاغی کوڕی خۆیداوە بە (نەبۆ خدنەصر- بەختنصر)ی شازادەی بابل. لەشکری ئاشوور لەم کاتەدا لە هەموو لایەکا گیرۆدەی تەسکینی شۆڕشەکانی ئەقوامی ناوخۆی بوو، تا لەم کاتەدا هاواریان بۆ (کەی ئەخسار) هێنا کەوا عەشایری (سکیت) بە هاندانی ئاشوورییەکان پەلاماری (میدیە)یداوە. لەسەر ئەمە سوپای (ماد) گەڕاوەتەوە بۆ مادو چووە بەگژ سکیتە کانا شکاندویاننو لە میدیە دەریانکردوون.. لەساڵی (٦١٢پ.م)دا (کەی ئەخسار) دیسان چووەتەوە سەر ئاشوور، ئەمجارە لەشکری موتەفیقی بابلیشی پیا گەیشتووە. لەبەری ڕۆژئاوای دیجلەوە سوپای کلدان و لە ڕۆژهەڵاتی دیجلەوە سوپای ماد واتە هەردوو سوپاکان چوون بۆ سەر (ئەینەوا) کە پایتەختی ئاشوورییەکانبوو پێچاویانە. ئەمجارەیش (سکیت)ەکان دووبارە بەیارمەتی ئاشوورییەکانەوە هاتوون، بەڵام ئەم کەرەتە (کەی ئەخسار) پێش دەستیکرد بە هیوای تاڵانی ئاشوورییەکان ئەم عەشرەتە دەرشی فریوداو پەیمانی لەگەڵاکردن کە هەرچییەکیان دەسکەوت بەشی بکەن. لەسەر ئەمە (کەی ئەخسار) عینوانی (ئۆممان ماندا)ی وەرگرت، یەعنی بووەتە پادشای هەموو (ماد، ماتای، سکیت، کیمەری). بەمجۆرە سوپای هەموو لایەك گشتی یەکیگرتو شارەکەیان بە توندی دوورودرێژ پێچاوە هەتا زۆردارانە زەوتیان کردووە. پادشای بەدبەختی ئاشوور (سین – شار- ئیشکۆم) بۆ ئەوەی بە ساغی نەکەوێتە دەس دوژمن لەگەڵ

---

[44] مێژووی حوکوومەتی کوردی ئەمین زەکی بەگ. بەرگی دووەم.

ماڵومناڵیان خۆیان هاویشتووەتە ناو قەڵاکەیان کە ئاگریـان تـێ بەردابوو، بـەو جـۆرە مەردانــە خۆیـان سـوتاندووە. ئـەمجا یـەکگرتووەکانیش شـارە نـاواو جوانەکەی (نەینـەوا)یـان لـە دوای تـاڵانکردن سوتاند، وە بۆ ئـەوەی جارێکیـتر ئاوەدان نەبێـتەوە خانووەکانیان هەموو وێرانکرد، بـەپێی هەندێ مێـژوو ئـەم لەناوبردنـە لــە(٦٠٦پ.م)دا ڕوویـداوە. لەبەشـکردنی مـیراتی ئاشـوورییەکاندا هەموو سەرزەمینەکانی کوردستانی ئێستای (تورکیـا) لەگەڵ شیمالی عـێراقی ئیستا، یەعنی تـا شـاخی حـەمرین گشـت ڕۆژهـەڵاتی دیجلـە بـەر (میدیــە) کەوتووە، وە بەشی نـاوەندو جـەنووبی (عـێراق)و (سوریە)و (فەلەسـتین)یـش بەر بابلستان (یەعنی کلدانییەکان) کەوتووە. جا بـەمجۆرە یەکـەم دەوڵـەتی جیهانگیری عالەم کە زۆرزاڵموخوێنڕێژ بوو لەناوچووە. میدیە ئەوەندە گـەورە ببوو دەوڵەتەکانی دەوروپشتی مەترسییان لـێئەکرد. لە ڕۆژاوای (ئـەنادۆڵ)دا ئەوکاتـە دەوڵـەتی(لیدیـە)هەبوو. حکومـەتێکی دەوڵەمـەندی بـەخۆناز بـوو لە دەسـەڵاتداری (میدیــە) ڕقــی هەڵسابوو، ئەیویسـت بیشـکێنێ.. لەســەرئەوە جـەنگێکی دوورودرێـژ کەوتووەتـە بەینیانـەوە.ئـەوەندە هەیە لـە(٥٨٥پ.م)دا لەگەرمــەی شــەڕا وا ڕێکــەوتووە ڕۆژ گـیراوە، لەســەرئەوە هــەردوولا ئــەم ڕۆژگیرانەیان بە تووڕەبوونی(خوا)یـی داناوەودەسیان لەشەڕهەڵگرتووە، وە لـە دوایدا ڕێککەوتوون‌و ئاشتیان بووەتەوەو ڕووباری (هالیاس - قزل ئێرمـاق)یـان دانـاوە بەسنوور لـە بـەینی هەردوو دەوڵەتەکـەدا، وە بـۆ ئـەوەی ئـەم ئاشـتییە قایمتر بێت (کچی) مــەلیکی (لیدیـە)ش لە (ئاسـتیاغ)ی کوڕی (کـەی ئەخسار) مـارەکراوەو بـون بـەخزمی یـەکتری. ئینجـا لــەدوای ئــەم هــەموو کــەینو بەینەوخزمەتە جوانانە بە ساڵێک، کەی ئەخسار مـردووە. ئەوسا (ئاسـتیاغ)ی کوڕی لەسـەرتەختی شاهی میدیـە دانیشتووە، جا سـەرەتای حکومــەتی ئـەم (ئاستیاغ)ە شایە بێ شەڕو هەرا ڕابوردووە.

وتاری تەئریخی:

کە شەڕو هەرای (میدیە)و (ئاشوور) هەڵگیرسا سوپای (میدیـە)و (ئەتـەوەی ماد) ئەیانویست تۆڵەی چەند سەد ساڵە پێشووەکانی یەخسیری ئـەژادییان لە ئاشوورییەکان بسێنن. بۆیـە گشت عەشـرەتە ئارییـەکان دەسـیانداوەتە چـەکو ڕوویان کردووەتە (ئاشوورییە). سوپای (ماد) لە(٦١٢ پ.م) دا بە دوو قۆڵ ڕووی کردووەتـە ئاشوریە. قۆڵێ یەکـەم لە (ئەڕافـە - کـەرکووک)ی ئێستاوەو قۆڵـی

دووەمیش لە ڕێی (ڕەواندوز)ی ئیمڕۆ بەسەر (ئەربەئیللۆ) یەعنی (ئەربیل) شاری موقەددەسی (خواکان)ی ئاشۆرا کەوتووەتە ڕێ. بەڕەوشتی حالا وادیارە قۆڵە سوپای هەرە قەوی (ماد) بەرەی (کاردۆخۆ) کان بوو، کە لەم قۆڵی دووەمەدا بووە، چونکە لەوە پێشی لەکاتی حوکمڕانی ئاشۆریدا کاردۆخۆکان لەوناوەدا نەبوونو دیارە کاردۆخۆ بەهۆی هێرش کردنە سەر ئاشۆرییەکانەوە زۆربەڕقەوە، هاتووەو سوپاکەی بەلای (ئاربائیللۆ)دا تێپەڕیوە شارەکەی پێچاوەو زەوتیکردووە، ئینجا ڕوویانکردووەتە سەر نەینەوا ئەوێشیان گرتووەو ئەهالییەکەیان قەلاچۆکردووە، بۆیە لە (مێدیە)وە بێباکانە ئەهالی بەهێرش هاتوون بۆ ئەوناوە. چونکە ئاشۆرییە نەمابوو کە لێی بترسن. شاری ئارەبائیللۆ کە داگیرکرا مادەکان خۆیان تیا دانیشتوون، ئینجا بۆیە پاش لەناوچوونی ئاشۆرییەکان بە دووسەدودە ساڵ کە سوپای شکستەی گەسەنەفۆن گەڕاوەتەوە بۆ یۆنان وبەلای زاخۆی ئێستادا تێپەڕیوە، تووشی هەڵمەتی (کاردۆخۆ) کانی ماد بوونو هەتا سەر دەریای ڕەش لەگەڵ ئەو عەشرەتەدا بەشەڕ ڕۆیشتوون. جا ئەمە ئەوەمان تێ ئەگەیەنێت ئەو ولاتانەی ئاشۆر کە ئێستا (کوردستان)ی تورکیاو (کوردستان)ی شیمالی عیراقە لەو حەلەوە بە کوردە فاتیحەکانی (ماد) مەسکوون بووەو ئەوەش بەڕەزامەندی (مێدیە)کراوە چونکە سیاسەتی مێدیە وە هابووە کە لە ئاشۆرییەکان کەس نەمێنێت لەو ولاتانەدا. جا ئەم تازە هاتووانە ناوی شاری (ئەربەئیللۆ)ی ئاشۆرییان بە گورجی گۆڕیوەو کردوویانە بە (ئەربەل) و لەدواییدا بووەتە (هەولێر) . ئەمە ٢٥٧٠ ساڵە ئەهالی ئەم ولاتانە بە دێهاتو شارەکانیەوە وەك لەسەرەوە نوسراوە گشتی بووەتە (کاردۆخۆ)ی نەژادی کوردی ئیمڕۆ، هەرچەندە ئەم چەن وەختە گەلێك نەتەوەی جیهانگیری ئەم ولاتانەی داگیرکردووە، بەلام بونیەی نەتەوەکە نەگۆڕاوە، هەر کوردیو هەر کوردبووە. ئینجا قەومایەتی ولاتی (ئەربەل)و هەموو ولاتەکانی شیمالی موسڵو لە پشت سنووری عیراقیشەوە گشت سنووری کوردستانی تورکیای ئیستا کە (زەینۆفۆن)ی زانا پیا ڕۆیشتووە لە ئاشۆرییەتیەوە کە بووەتە کوردایەتی جارێکیتر نەگۆڕاوە هەر بەکوردایەتی ماوە. داخی گرانە لە مێژووی گشتیدا ئەم بەسەرهاتانە هیچ تەفسیر نەکراوە چونکە نەتەوەی کورد (کەیان)ی نەبووە کە بەسەرهاتی خۆی (خۆی) بینووسێت و تەفسیری بکاتەوە، کەسێکیتر دەخلی چییە بەسەریەوە؟ قەومی

ئاشوْر بەو گەورەییە لەناوچووە. لە جیاتی نەتەوەی ئاشوْر کە نەماوە نەتەوەیەکی (کاردۆخۆ) ناو هاتووەتە ولاتەکەوە تیا دانیشتووەو بەتەواوی پڕیشی کردووەتەوە. کەچی مێژووە گشتییەکان هیچ لەم بەسەرهاتانە نانووسن و نالێن کە حکومەتی (ماد) ئاشوری لەناوبرد، ئەهالی (میدیە) هاتن لەولاتەکانی ئاشوْرا دامەزاران و کردیان بەنیشتمانی خۆیان. ئیتر لەو کاتەوە لەوێدا ئالوگۆڕێکیتر نەبووەتەوە.

پشێوی ولاتی مادو هەلسانی قەومی (پارس — فورس)

لەکاتی کۆنا عادەت وا بووە دەولەتێکی بەهێز ولاتێکی هاوسنووری داگیر بکردایە، یەکەم : سالانە خەرجێك ئەخرایە سەر ولاتە بەزیوەکە. دووەم: لە شەڕا نەیانبردن بۆ کۆمەك. سێیەم: لە بارەگادا پادشاکەیان لای خواروو دائەنیشت، قەومێکی شکست خواردوو – ئەگەر پێویست نەبوایە لەناو ببرێن- ئەمانەی لای سەروویان لێداوا ئەکرا. جا میدیەش لەگەلْ قەومە بەزیوەکانیا لەسەر ئەم پێودانە ڕۆیشتووە. کەوا بوو ڕاگرتنی (تابیعیەت) لە کاتیْ کۆنا دلنیایی تیانەبووە، ڕێگای یاخیگەری هەمیشە بەرەلابووە. بۆیە مێدیە بەهۆی فتوحاتەکانیەوە ناچاربووە کە دەولەتەکەی ڕێکبخاو ژێر دەستەکانی لەخۆی نەڕەنجێنێت. جا بەم حیسابە پێویستبوو پادشاکانی مدیە (وریاو) ئازاو کارمە بنو سەرداری سوکانی دلسۆزو وریاو موفتەدیر بن. کەچی (ئاستیاغ) لەو پادشایانە نەبووە کە بتوانێت بە دیرایەتی خۆی تەختو تاجی دەولەتەکەی بپارێزێت، وە بۆپێولەتی سەرەڕای ئەم کەمدەسەلاتییە هاتووە لە بڕواو ئاینی قەومەکەشیا زۆرداریکردووە کەوا بەم هۆیەوە خەلکی ولاتەکەش تەنگەتاو بووەو لەگەلْ زولموزۆری ترا کە کردوویەتی گەلێك لە ماقوولانی دولەتەکەشی لێڕەنجاوەو ئاژاوە کەوتووەتە (میدیە)وە. لە لایەکی ترەوە ڕزگاربوون. لەم دەورەدا خانەدانی (ئەخەمینی – کەیانی) لە فارسی حوکمیان ئەکرد. ئەمانە هەمو تیرە عەشرەتەکانی (پارس، تیرەکان، پارت) یان بەوریاییو زیرەکی خۆیان خستبووە ژێردەسەلاتی خۆیانەوە. ئەمجا کە هەستیانکرد پشێوی ڕوویداوە لە میدیەدا، ئەمانیش لێیان ڕاستبوونەوە، مودیری ئەم یاخیگەرییە حوکمداری بەناوبانگی (پارس، فورس) (سیرۆس.کۆرش، کەیخوسرەو)ی گەورە بووە. ئەم

پیاوە گەورەیە حەوتەمین شای کەیانییەکان بوو. لە نووکەوە تەنیا حاکمی فورس بوون، بەڵام لەدوای کزبوونی ناشۆرییەکان وڵاتی (عیلام)یان زەوتکردووە، ئەوسا عینوانی شایەتییان داوە بەخۆیان، واتە بوون بەشای (فارس).(لەسەر ئەوەشا) چونکە (میدیە) لەمان بەهێزتربووە، هێشتا حوکمیان ڕەواجی بووە بەسەرفورسەکانا. ئەوەندە هەیە (میدیە) هیچ پەلپی لە فورسەکان نەگرت کەلەقەبی شایەتییان بۆخۆیان ئیعلانکرد، چونکە بەپێی عەقڵیەتی ئەو کاتە ئەوەیان بەگەورەیی دانەنا کە تابیعەکانیان لەقەبی شایەتییان ببێو لە بارەگایانا دانیشن، یەعنی پادشای (مێدیە) شای شاهان بێت.

لەناو چوونی مێدیە

لەکاتی (ئاستیاغ)دا (کەیخوسرەوی دووەم) کە بە (کوڕی گەورە) بە ناوبانگە، بووەتەحوکمداری فارس. ئەم پیاوە گەورەیە سەرداری هەرە بەڕێزو بەدەسەڵاتی کاتی کۆنە. کەچووەتە سەرتەخت لەخۆیا توانای جیهانگیریی شکبردووە، وە کە بێکارەیی ئاستیاغیشی دیوە، دامێنی بزورگەواری کردووە بەلاداو دەستیکردووە بە داگیرکردنی وڵاتانی چواردەوری خۆی. هەموو تیرەوقەومەکانی ئێرانی جەنووبی لەژێر سایەی خۆیا کۆکردووەتەوەو کردوونی بەیەك ئەمجا سوپایەکی پڕەشق و بڕچەکی پێکهێناوە. ئەوکاتە هیچ دەوڵەتێك لەوەچاکتر چەکی نەبووە. لە دوای ئەم خۆ قایم کردنە بۆ جەنگ لە حکومەتی مێدیە یاخی بووەو پەلاماری (ماد)ی داوە. کەیخوسرەوی زرنگو زۆرزان ئاگاداری ناڕێکی ناوخۆی مێدیە بووە. بگرە لە ژێرەوە تەفرەقەشی خستبووە ناویانەوە، هەندێك سەرداری کردبوو بە لایەنگیری خۆیو وایلێکردبوون لە کاتی جەنگدا لە ئاستیاغ شا هەڵگەڕانەوەو بە لەشکری خۆیانەوە لایانداوەتە لای سوپای خوسرەو. بەم خەیانەتە لەشکری ئەستیاغ شا زۆرکزبووە. لەسەر ئەوەشا هەردوولا کە دەستیانکردوە بە جەنگ، پاشماوەی لەشکری (مێدیە) بۆ ڕاگرتنی شەرەفی قەومەکەی، شەڕێکی زۆر مەردانەی

لەگەڵ هۆردووی کەیخوسرەودا کردوودو عامبازی دوژمن بووەو زۆریان لێ کوشتوون. بەڵام ئەم ئازایی دواییە دادی نەداوە، لەدوای کوشتارێکی زۆر مادەکان شکاون بەجۆرێکی وەها شکاون کە لەگەڵ (شاهی ماد) دا گەلێك سەردارو پیاو ماقوڵیش کەوتووە کە لە ساڵی(٥٥٠پ.م) دا بووە ئاستیاغ بەسەروماڵەوە تیاچووەو دەوڵەتی (مێدیە)شی لەناوبردووە. چونکە لەدوای ئەم سەرکەوتنە کەیخوسرەو لە ئاقباتاندا هەموو سەردارەکانی مێدیەو پیاو ماقووڵی (پارس)و سەرکردەی کۆمارەکانی تری ناری کۆکردووەتەوە، لەمانە (مونتەمەر)ێکی گشتی قەومی مێژوویی پێکهێناوە. لەم کۆگای میللییەدا لەدوای مەشوەرەت بەڵێن دراوە لەسەر (عەزل) کردنی ئاستیاغ لە (شایەتی) و بانگدانی (پادشایەتی)ی کەیخوسرەو لەسەر هەموو کیشوەری (ئێران)و سەرزەمینەکانی تری (مێدیە)[٢٥]. وتمان، بەڵکو کردگاری جوانتری بەجێهێناوە لەمەولا، وەکو: لەدوای ئەم کۆنگردو قەرارانە لە ئیشوفرمانی حکومەتییا لەگەڵ سەردارو پیاوماقووڵی مێدیە کردەوەی شیرینو جوانی بەجێهێناوە. فەرقی پیاوماقووڵی (فورس و ماد)نەکراوە. حقوق و ئیمتیازیان چوون یەکبووە، وەکو یەك ڕایگرتوون لە مەجالیسو دانیشتنو رابواردنا. لەلایەکی تریشەوە ئەو حوکمەو زۆردارییە کە ئاستیاغ دایناوو لەسەر ئایینی قەومی ماد کەیخوسرەو لەسەری لابردوون. بەکورتی، ئەم سیاسەتی نەرم و بەنرخی شاهانەیە بووەتە هۆی ئەوە کە مادەکان لەم ئاڵوگۆڕە دڵ شکست نەماون چونکو نەیاندی وەك ئەهلی وەطەن تەماشا نەکرێن وە لەگەڵ فورسەکانا

---

[٢٥] لە کتێبی کوردو کوردستانی محمد امین زکی، بەرگی دووەم لە ٣٢. ٣٣ وە لە نووسراوەکان تۆفیق وەهبی و مێژووی شیخ محمد مەردۆخی ئێران کەڵك وەرگیراوە بۆ ئەم باسانە.

چونیەك ڕائەگیرێن. لەبەرئەوە بە حكومەتەكەی كەیخوسرەوشاهەوە گورج و گوڵ نوساون. جا ئەم تەرحە یەكگرتنو تیكەڵ بوونەیە بووەتە هۆی پەیدابوونی ئیمپەراتۆریەتی گەورەی ئێران و بە ئاسانی لەناوچوونی حكومەتی مێدیەی كۆن، تەنانەت ناوی (ماد) زۆر زوو لەبیرچووەتەوە. لە دوای ئەمە لەژێر سایەی ئەم دەوڵەتە جیهانگیرەدا هەموو تیرە نەتەوەی بچووك و گەورەو كۆن و تازەی ئاری تێكەڵاو بووەو بناغەی نەتەوایەتی ئێستای ڕۆژهەڵاتی (ئەنادۆڵ)و شیمالی عێراق و هەموو ئێران، لەسەر ڕەنگی دوایی دامەزراوە. بەكورتی حكومەتی (ماد) لەدوای حوكمڕانییەكی سەدوپەنجا ساڵی بە ئینقلابێكی گرنگی مێژوویی لەناوچووەو لەجێی ئەو دووەم دەوڵەتی جیهانگیری لە مێژووی گشتیدا كە دەوڵەتی (ئەخەمەنی ئێران)ە پەیدابووە.

حکومەتی (فارس - ئێران)ی کۆن (٥٥٠ پ.ن.م)

وەکو لای سەرەوە باسکرا، ئیمپراتۆریەتی (ئێرانی کۆن) پادشای بزورگەواری (ئەخەمەنی)ی فارس (کەیخوسرەوشای دووەم) دایمەزراند، لەدوای ئەوە کە بەیەك هەڵمەتی کوشندە دەوڵەتی (ماد)ی لەناوبرد. کیشوەری (فارس)ناوچەی جەنووبی ڕۆژاوای ئێرانە لەسەر کەناری خەلیجی فارس عەشایری (ناری)دوایی کە بە کۆچو ڕەو هاتوون لەوێ باریان خستووە لە سنووری ڕۆژهەلاتی ولاتی عیلام (ئیلام)دا. عیلام ئەو کاتە پەرێشانبوو بەدەس سوپای ئاشۆرییەوە. ئەمانە دەستوریان هەبوو، سەرۆکی تیرە عەشرەتەکان کۆئەبونەوە یەکێکیان هەڵئەبژارد ئەیانکرد بە (سەرۆکی گشتی)ی هەموویان. جا لەو کاتەدا سەرۆکی گشتی لە خێزانی (ئەخەمەنی) هەڵبژێررابوو. ئەم خانەدانە (ئەنشانی) ومیا (ئەنزانی)بوون، ئەوەتە لای جەنووبی ڕۆژهەلاتی لوڕستانی ئێستا. ئەمانە لە پێشەوە هەر بەسەر (فارس)دا حوکمیان کردووە، تەنانەت وەکو لە مێژووی(ماد)دا وترا ئەمانە سەردەمێك لەژێرحوکمی مادیشا بوون. ئەمەش ئەو کاتە بوو کە ئاشۆرییەکان خەریکبوو کزئەبوون. سەرداری گشتی فورسەکان ئەو کاتە مەلیکایەتی خۆی ئیعلانکرد ناوچەی خوراسانیشی داگیرکرد کە عێلانی (پارت)(هێزەکان- خوراسان)ی تیا دانیشتبوو، بەپێی کیتابەی (بەهەشتوون)و وتەی (مستەر هوّل) خێزانی ئەخەمەنی لەناوەندی سەدەی حەوتەمی پێش میلادا لەسەر تەختی (شاهەنشاهی) دانیشتوون. بەلام لەدوای دووەم حوکمدار خانەدانی مەلیکیی بووەتە دوو قۆڵ. مێژووی ئیرانی کۆن ئەڵێت: قۆڵێکیان (پارس)و ئەویتریان (ئەنزانی) بووەو مستەرهوّل وتوویە لەبەری ئەنزانی چوارپاشا، وە لەبەری پارسی، سێ حوکمدار هاتووە (قوروس - کورِ کەیخوسرەو)ی دووەم کە مێژوو بە خوسرەوی گەورەی ناوناوە حەوتەمین پادشایە وە لەبەری ئەنزانییە[1]. لەباسی حکومەتی فورسدا ئەم تۆزە زانستییە کە لەسەرەوە نوسراوە بەسە بۆکتێبەکەی ئێمە، چونکە ئەدواری مێژوویی حوکوومی فارسی کۆن، کەهی کاتی (کەیانی، ئەشکانی، وساسانی)یەکانە لە مێژووی ئێرانا نوسراوە. وە هەرچەندە خزمایەتی قەومی (کورد)و (فورس) شتێکی ئاشکرایە، بەلام لەبەرئەوەی پێویستی ئێمە باسکردنی مێژووی تایبەتی (کورد)ە، بۆیە لەبابەت سەرگوزەشتی مێژوویی (فورس)ی کۆنەوە هەر لەم ئەختە زانینە وازمان هێنا.

---

[1] مێژووی کۆنی ڕۆژهەلاتی نزیك (هوّل) لاپەڕە ٥٥ لە مێژووی ئەمین زەکی بەگ بەرگی دووەم لاپەڕە ٢٢-٢٣.

ناوی (کورد)چلۆن ساغ بووەتەوە؟

هەتا ئێرە باسی هەردوو دەستە قەومە کۆنەکانمان کرد کەوا لە (کوردستان) ژیاونو نەتەوەی کوردی ئێستایان لێهەڵکەوتووە. لەمەودواش، یەعنی لەدوای لەناوچوونی (مێدیە)وە کە دەوری تطوری دوایی کوردە، باسی ئەوە ئەکەین کە نەتەوەی کورد هەتا پەیابوونی ئیسلامیەت چی بەسەرهاتووە. ئەم دەورە لە (٥٥٠ پ.م)ەوە تا ٦٤٢ پا.م کە کەیانی ئاری کۆنی تیا ڕووخاوەو ئیسلامیەت پەیدابووە، دەوام ئەکات. بەمەدا دیارە ساغبووەتەوە بونیەی میللەتی کورد لەسەر ڕووکار (شکڵ)ی ئێستایان نزیکەی ١٢٠٠ ساڵی پێچووە، چونکە ناوی (کورد) کوردایەتی) لەم دەورمیەدا بەتەواوی ساغ بووەتەوەو لەگەڵ ئەوەدا ناوە کۆنەکانیشی یەکە یەکە کوێر بووەتەوە یەعنی هەرچی تیرە قەومەکانی کوردستان هەیە کە لە (مێدیە)ی جاراناژیاون تێکڕای ناوی کوردیان لەسەر ساغبووەتەوە. بەتەواوی کەس نایزانێ ئەم ناوە چلۆن ساغ بووەتەوە، لەم ڕووەوە زانای ئەقوام و متخصصینی زمان گەلێك وردبوونەوە، گشتیان ئەڵێن ناوی کورد لە ناوێکی وەك ناوەکەی خۆی پەید بووە. هەرچەندە باسەکەی لای خواروو لەسەرەتای کتێبەکەدا بەکورتی وتراوە، بەلا زۆرپێویستبوو لێرەشا دووبارەی بکەینەوە. لەبەرئەوە دوبارەمان کردووەتەوە. لە مێژووەکانی ٣-٢ هەزار ساڵی پێش میلادا ناوی نەتەوەی (گۆتی) لەناو باسو هەواڵی (سۆمەر)و (ئەکاد)دا براوەو لە ئەلواحی دۆزراوەی دوو هەزار ساڵ پێش میلاددا باسی وڵاتی (کارداکا) کراوە لە (کوردستان)ی ئێستای تورکیادا بووە، وە لە مێژووی (ئاشۆر)یشا بە بۆنەی ڕووداو لە بەینی خەڵکی کوردستانو ئاشۆرەکانا زۆر باسی نەتەوەی (گۆتی، کورتی، کاردۆ)کراوە، وە لە نوسراوی ئارامییەکانیشا، ئەمانە ناویانهاتووە (کرت)یان پێوتوون. (ئیسترابۆن) ناو زانای یۆنانیش پێی وتوو (کورتی)و لە کۆچو ڕەوی تیرە عێلەکانی (ماد)دا یەکێکیان کە (کاردۆخۆ)ی ناوبوو چووەتە سەرزەمینی(ئۆرارتۆ)و (ئایری)یەوە لەوێ دامەزراوە کە ناوپشتەی کوردستانی تورکیای ئیمڕۆیە. وە هەروەها لەکاتی حوکمی وایەکانی (ئەسکەندەر)

بەتایبەتی لەکاتی دەسەڵاتی دەوڵەتی (ڕۆم)دا بەم وڵاتانە (کوردۆئەن)و بەخەڵکەکەی (کوردۆ)بێژراوە (٢٥٠پێ.م). بەکورتی: بەرەودوا نـاوی دانیشتوانی کۆنی کوردستانی ئیمڕۆ وە ناوی(سیرتی، کاردۆك، کورتیوی، کوردۆکی، کاردۆخۆ، کوردۆشی، بەکاردا، کالْدی، خالدی، گۆتی، کورتی، کەرت، کوردۆ) لەلایەن مێژوونووسە کۆنەکانو نیدارەی حکومەتەکانی کاتی هەزارساڵی پێش میلادەوە ئەم ناوانە لای سەروو ناو نوسکراوەو بەبۆنەی جەنگو جۆو داگیرکردنی مۆلکو شتو هاشەوە لەگەلێك جێگای تریشا هەربەمجۆرە باسی ئەم قەومانەکراوە کە ئەو شوێنانە ناوجەرگەی کوردستانی ئەصڵی ئیمڕۆیە، وە لەسەرەتای ئیسلامیەتەکانی ٤٠٠ ساڵی هیجری سەلجووقییەکان بەناوچەی (میدیە)ی جارانیان وتووە (کوردستان)وە بەخەڵکەکەی ئەوناوەیان وتووە (کورد). جا ئەم وشە چەوتانە کە بەتەواوی ناچنەوە سەروشەی کورد. بێگومان لە بەر چەوتیو ئیختیلافی لەهجەو زمانی قەومەکانی ئەمو حەلەیە ناچنەوە سەریەك، لەناو وتاری قەومەکانی ئێستاشا ئەم جۆرە چەوتایەتی زمان و وتنە هەر هەیە. جا گریمان ئەم ناوانە هیچیان بەتەواوی وشەی (کورد)نەگرێتەوە، خۆچۆنیەتیو نزیکییان بەیەکتری قسەی تیا نییە. ئایا ناگونجێ بڵێین بەدرێژایی زەمان ئەم ناوانە تطوری کردووەو لەسەر وشەی (کورد)ساغبوومتەوە؟. مێژوو لەم تەحرە شت دروستکردنانەدا زۆرنازایە، وەکو: لەپێش ئیسلامییەتا ناوی (عەرەب)هیچ وەك ئێستا دنیای نەگرتبووەوە بگرە ئەوحەلە بەهەندێك عەشایری ناو عەرەبستان بێژراوە (عەرەب)، کەچی لەدوای فتوحاتی ئیسلام ئەوەتە ئەبینین ئەم ناوە بەهەموو لایەکی جیهانا بڵاوبووەتەوە، گشت ئەقوامی (سامی)و (غەیری سامی)خستوومتە ناو باوەشی خۆیەوە، بەپێی مێژووی میسرییەکان لە نەتەوەی (قبطی)ن ولەڕەسەنی (حام)ن، کەچی بەپێی تطوراتی مێژوویی ئەوەتە بوونەتە (عەرەب). لەمێژووی ئەمریکادا حاڵی حازر ئەم جۆرە تطورە ئەوەندە زۆرە ئەبێتەوە. لەوێ نەك ناوی نەتەوەیەك، بەڵکو ناوی پیاوێك بەسەروڵاتێك وە یانەتەوەیەکا بڕوا. ئەی ناوی نەتەوەی ئینگلیز ئێستا؟ لە تطورتێکی وەها دروست نەبووە؟ ئەی چییە؟ ناوی (ئانگل ساکسۆن-بریتۆن نۆرماند)کە چوار نەتەوە بوون لە بەریتانیا چی لێهاتووە؟ ئەم چوار ناوە

چلۆن بوومته ناوی ئینگلیز؟ غەیر ئەم نەتەوانە لە بەریتانیادا ئاوێتەی یەك بوون (انصهار)یان کردووە، لەباتی هەرچوارناوەکە وتەی (ئینگلیز)بەجێماوە؟ جا ئە تطوراتانەی لای سەروو نموونەیەکی تەئریخییە ئەگونجێ لە مێژووەکەی لای ئێمەش عەینی تطور دروستبووبێت. یەعنی قەومە باسکراوەکانی لای سەرووی خۆیشمان گشتی لە کوردستانا ژیاوەو ئێستا لە جێی ئەوان تەنیا ناوی کوردو نەتەوەی کور پایەدار ماوەتەوە، مەعنای ئەوەیە کە ئەو نەتەوانە گشتی لە نەتەوەی (کورد)ا (انصهار)ی کردووەو براوەتەوە!.

دوای لەناوچوونی (ماد) مێژووی کورد

وەکو لای سەرەوە باسکرا، دوای لە ناوچوونی حکومەتی (ماد) هەمو سەرزەمینەکانی (کوردستان) لەناو میرانی مادا بۆ دەوڵەتی (ئەخەمەنی- کەیانییان فارس ماوەتەوە. ئەگەرچی لەدوای (کۆر) بەهێتی (موغەکانی ماد)یەعنی مەلاکان، بۆ سەندنەوەی سەربەخۆیی جاران (غۆماتا) ناو سەردارێکو جارێکی تریش (فەرائۆرتیش – فەرەاد)ناو سەردارێکی تری ماد لە کەیانییەکان هەڵساونەوەو ویستوویانە دووبارە حکومەتی نەتەوەیی خۆیان دروست کەنەوە بەڵام ئەم هەراپان سەری نەگرتووەو لەلایەن (داریۆس)شاوە تەفروتوناکراوە، وە هەراکەش لە چەشنی یاخی گەرێدا چووەتە مێژووەوە نەك (شۆرشی ئازادی)، (٥١٨پێ.م). داریۆس ئە سەرکەوتنەی لەسەر لەوحەی (بەهیشتوون) لای (کرماشان) نوسیوە بۆئەوەی هەمو کەس بیبینێت لەسەرشەقامی گشتی ڕێبوارانا لە ئێران لای بێستوون دانراوە. ئینج ئەم سەرزەمینانە لەوحەلەوە تا هێرشی (ئەسکەندەر)ی گەورە کە دووسەد ساڵێك ئەگرێتەوە، لەژێرحوکمی کەیانییەکانا ماوە. بەئەمروفەرمانی شاهانی (ئەخەمەنی گەلێك لە یاخیگەرەکان تەعجیرکراون بۆجەئووبی ئێران لای لوڕستانی ئێستا لەوێ دایانەزراندون. بۆئەوەی چاوی یاخیگەرانی پێبشکێت، لەسەر ئەوەشا یاخیگەرێو هەرڕوویداوەو دەربەدەری تریشکراوەتەوە شك نییە بەشی زۆری ئەم دەربەدەرانە (کاردۆخ)ەکان بوون. لە دەوری ئەردەشێر شادا کەیخوسرەوی برای شاە، کە وا

ئەنادۆڵ بوو، یاخیبووەو ویستوویەتی تەخت وتاجی ئێران لە ئەردەشێری برای داگیربکات، جا ئەم شازادەیە بە سوپای فورسەوە ڕوویکردووەتە ئێران. لەم لەشکرە بەکرێگیراوەدا ١٣ هەزار سەربازی یۆنانیش بۆ کۆمەك لەخزمەت شازادەخوسرەو بووە. کەچی ئەم شازادە بەدبەختە لە شەڕا کوژرا لە عێراقو لەشکرەکەی شکا. جا گەسەنۆفۆن ناو جەنەڕاڵێکی یۆنانی لەناویانا بووەتە سەرداری ئەم شکستەیە لە مێژووی (٣٠٢ پ.م)دا. ئەمانە گەڕاونەتەوە بۆ یۆنان، جا ئەم جەنەڕاڵە بە یۆنانی کتێبی (ئەنا بازیس)ی بەناوی ئەم سەفەرەوە نوسیوەو ناوینـاوە (گەڕانەوەی دەهەزاران) لەوێدا وتوویە، هەرلەمزاخۆوە تا نزیك دەریای ڕەش بەناوی قەومی کاردۆخۆدا بەشەڕکردن هاتووین، چونکە کوردەکان وازیان لێنەهێناوین..تا ئەوحەلە ناوی ئەم نەتەوەیە بڵاونەبووبوومەو لەڕوداوی مێژووەکانا نەنوسراوە، وە یا ناویان نەهێنراوە، بگرە ئەمە هەوەڵ کەڕەت بوو. (گەسەنۆفۆن) لە کتێبەکەیا باسیکردوون. لە سەرگوزشتەکەیا ئەڵێت: (ئەم نەتەوەی کاردۆخۆیە قەت سەری بۆحکومەتی ئێران دانەنەواندووە. تەنانەت جارێکیان، پادشای ئێران لەشکرێکی ١٢٠ هەزار کەسیی ناردووەتە سەریان کە بەزۆر بیانخاتە ژێرحوکمی خۆیەوە، بەڵام لەدوای جەنگێکی خوێنین ئەمانە لەشکرەکەی شاهیان شەقوپەق کردووە))[٢]. بەمەدا دیارە نەتەوەی کورد لە دەوری حکوماتی (مێدیە)ش و (کەیانی)یشا وەك سەربەخۆ وەهابوون. وڵاتەکەیان هەر بەناو لە جیسمی ئیمپەراتۆریەتی ئێرانا بووە. بەڕاستی ئەم نەتەوانە بەرەودوا لەکاتی حکوماتی دوای ئەمانیشا بەناوو هەربەڕەسمیات مسکێنی حکومات بوون، بۆ تاڵانکردن لەگەڵ لەشکری شاە ئەچوون بۆ شەڕو تاڵانییان ئەهێنا. بەڵام کە زۆریان بۆ هاتبێت گەڕاونەتەوە. بەمجۆرە لەدەوری (ماکدۆنی)و (ساسانی)دا هەتا حکومەت بەهێزبوو بێت سەرپێچییان نەبووە. لەکاتی ئاژاوەی ناوخۆدا ئاڵای یاخیگەریيان هەڵگردووە لەژێر فەرمانی سەرۆکی خۆیانا، نەیانهێشتووە (کەس) حوکمیان بەسەردا بکات. ئەوەندە هەیە رەسمەن بەحکومەت نەناسراون. ڕەنگە لەناو

---

[٢] مێژووی گەوردی أحمد رفیق، بەرگی یۆنانیو، مێژووی امین زکی، بەرگی دووەم.

یەکتریشا پێکەوە نەنوسابن. ئەگینا هەستیان بەهێزو توانای خۆیان ئەکردو، (تامو ئازادیو سەربەخۆیی نەبووە (کەڵکەڵە)بۆیان.

دەوڵەتی کەیانیانی ئێران (ئەسکەندەری گەورە) لەناوی برد لە (٣٣٠پ.ن.م) دا، لەدوای ئەسکەندەر کیشوەری کوردستان یەعنی (مادو کۆردۆ ئەین) کەوتووەتە ژێ حوکمی (سەلفکۆسەکان) کە میراتگری ئەسکەندەر بوون. ئەمانە لە سوریە حکومەتە گەورەکەی خۆیان ئیدارە ئەکرد، لەم کاتەدا بەشەڕوشۆڕی ناوخۆ سەردەمێکیش کوردەکان بوون بە مسکێنی ئەرمەنی لەسەدەی دووەمی پ.ن.م بەدوا، با ئەوەش بزانین کە ئێران زوو لە حوکمی سەلفکۆسەکان خۆی ڕزگارکردو دەوڵەت (پارت – ئەشکانی) لە ئێرانا پێکهێناوە لە ناوەندی سەدەی سێهەما (٢٥٠ پ.ن.م سەلفکۆسەکان کە میراتگری ئەسکەندەر بوون لەگەڵ حکومەتی ئەشکانی تازەدا ک دەوڵەتی ئێراتی زیندوو کردبووەوە هەمیشە لە شەڕو بەربەرەکانێیا بوو. مەیدا ئەم هەراو هوریایانە زۆری لە ئەرمەنستانو کوردستاندا ڕوویداوە. لەدوایدا ک دەوڵەتی ڕۆماش پەیدابوو دەسیکرد بە جیهانگیریکردن، جارێ سەلفکۆسەکانیان لەنا بردووە، چونکە دەستەویەخە ئەوان لە پێشەوە بوون. ئینجا بەزمی ڕقەبەریکرد کەوتە بەینی ڕۆمو ئەشکانییەکانەوە هەر لەسەدەی یەکەمی پێش میلادەوە ت ئاخریو ئۆخری سەدەی حەوتەمی پاش میلادو پەیدابوونی ئیسلامیەت کە نزیک ٧٠٠ ساڵ ئەکا. بەربەرەکانی ئەمانە لەگەڵ خانەدانی ئەشکانیو ساسانی ئێر ئەپساوەتەوە. زوربەی ئەم جەنگانەش لە خاکی پاکی کوردستانابووە. ڕۆمەکا خۆیان بە کوردستانیان وتووە (کوردۆنن) یەعنی کوردستان ناوێکی کۆنە. چونک سەرەرێ بوو لە بەینی ئەم دوو دەوڵەتە ڕۆژهەڵاتیو ڕۆژئاواییەدا، هەر یەکە لەما ویستویەتی کوردستانی بۆ بمێنێتەوە تاکو بتوانێت بەسەر ئاسیای ڕۆژئاوادا زاڵبێ لەناو کۆیدا ئەوی زەرەرمەند بووە بە طەبیعەتی حاڵ کوردو ئەرمەنەکان بوو چونکە نیشتمانەکەی ئەمانە لەژێر پێی لەشکری هەردوولادا وێران بووە، بەرەکەت کوردەکان ئیشیان بەوە چاکبووە کە فاتیحەکانیان هەمیشە بەبێگانە ژماردووە، زووتر هەرلە بۆ قازانج (مەسڵەحەت) بەدوایانەوە بوون. لەگەڵ ئەوەشا مشو ئەوەیانخواردووە کە بە زەرەری کەمتر ڕزگار بین، ئەگینا ئەم شەڕو هەڵمەتە د براوانە ئەکوردیان ئەهێشتو ئەکوردستانو ئەئەرمەنستان. هەنگامی ئەشکانییەکا تاکو ٢٢٤ پ.ن.م درێژەی کێشاوە. ئەمانە لەبەرهەرای بەردەوامی ڕۆم ئەیانپەرژا

ئیسلاحاتێکی بەکەڵك لە کوردستانا بکەن. (دین کەرت) ناو کتێبی ئایینی زەردەشتییەکان لەم دەورەداو لە ناوەندی سەدەی یەکەمی دوای میلادا کۆ کراوەتەوە[٢].
لە ٦٠ پ.م بەدواوە وڵاتەکانی ئەرمەنستانوکوردستانو مادی بچوك توشی هەڵمەتی نەتەوەی (ئالان)و (گورجی)بووە. ئەمانە (ئاری) نەژادبوون. ئەو وڵاتانەیان بێزاوە. حکومەتی ئەشکانی هیچ بەهاواری خەڵکی ئەو ناوەوە نەچووە، بەڵکو عەشایری کوردو ئەرمەن خۆیان لەم عەشایرە کێوییانە ڕاپەڕیون، مەردانە بەرامبەریان وەستاونو بەربەستیان کردوون. لەسەدەی یەکەمی پاش میلاد بەدواوە کوردستان بەرەنگاری هەڵمەتی قەیسەری بەناوبانگی ڕۆم (ترازان)بووە. ئەم قەیسەرە حکومەتی ئەرمەنی لەناوبردو کوردەکانیشی شپرزە کرد. لەم کوردانە هەرچی توانیویە پەناویەتیە کێو، یەعنی قەڵا سروشتییەکەی خۆی، تا فەرتەنەی (قەیسەر) تێپەڕ بووە.
لەکاتی ساسانییەکانا دووبەرەکی ڕۆمو ئێران گەرمتر بووە، چونکو ساسانییەکان خۆیان بەمیراتگری ئەشکانییەکان دائاوە، ویستویانە ڕۆمەکان لەوڵاتی کوردستان دەرکەنە دەرەوە. بەهۆی ئەم بیرەوە هەمیشە خەریکی لەشکر ئارایيو جەنگ بەرپاکردن بوون. (ئەردەشێری پاپەکان)کە بناغەی خانەدانی ساسانی داناوە، ڕۆمەکانی دەرکاندووەو ئایینی زەردەشتی کردووە بە ئایینی ڕەسمی دەوڵەتی ئێرانو بووەتە ناحەزی ئایینەکانی تر. لەدڵی ساسانییەکانا هێزێکی گەرماوگەرمی قەومایەتی (ئاری)هەبووە، لەگوێ ڕووباری (دیجلە) شاری تێسفوون (مەدائین)یان ئاوا کردووەتەوەو کردوویانە بە پایتەختی زستانەو بەهاوینیش ئەچوونەوە کوێستانەکانی ئێران. تاقی (کیسرا) ئەمان دروستیان کردووە. ڕۆمەکانیش لەدەورەی ڕۆمی (وان) حکومەتێکی ئەرمەنییان پێکهێنابوو ئەیانویست بیکەنە چەکوشی شەڕو پاتکەن بە گژ ئێرانیەکانا، ئەمانەت بۆ دڵخۆشکردنی ئەرمەنەکان هەندێك ناوچەی کوردستانیشیان دابوونێ. لەبەرئەوەی ڕۆمەکان ببوونە (مەسیحی) بەمهۆیەوە ئەرمەنەکانیش لەدوای ٣٠٠ساڵی پاش میلاد بەبیرێکی سیاسیو بۆ مەسەلەحەتی قەومی خۆیان چوونەبەر ئەم ئایینە. چونکە کوردەکان لەسەر ئایینی نەژادی خۆیان مابوونەوە، ئەمجا بەتەواوی بوونە ناحەزی ئەرمەنەکان و بەئاشکرا بوونە لایەنگری دەوڵەتی ئێران. لەبەرئەمەیە کە لەم تەئریخە بەدواوە ڕقەبەری سیاسی، دوو بەرەکی

---

[٢] مێژووی امین زکی بەگ، بەرگی یەکەم.

ئاینیی چووه سەر. ئەمە گەشەی داوه بەتەفرەقەو ماڵوێرانیی هەردوولا. شای ئێران بەناوی ئاینەوە گەلێك کوشتاری لە ئەرمەنەکان کردووە. ئەرمەنەکانیش لە هەلکەوتا تۆڵەیان لە کوردەکان کردووەتەوە. وە لە دەوری (شاپوور) شاو (بارامی گۆڕ)دا لەشکری ڕۆمو ئێران لە کوردستانا زۆر بە گژ یەکا چوون...لەسەدەی شەشەمی زاینیدا عەشایری (گۆران)ی کورد بەسەرداری (گوانانرا) ناو سەرۆکێکیان هەڵساونە پێو داوای سەربەخۆییان لە شاهی ئێران کردووە. تومەز خەیاڵی (ئازادیو سەربەخۆیی)مەزەی کوردەکانی بزوتووه. وەحکومەتی ئێرانیشیان کزو بێهێز دیوه. بۆیە ئازایانە ئەم قیامەیان کردووە. تەنانەت حکومەتێکی بەجێو بەڕێیشیان پێکەوە ناوە، شاری (کرماشان)یان کردووە بەپایتەخت، وە تا ئازەربایجان حوکمودەسەلاتیان ڕۆیشتووە. لەسەرئەوەشا وادیارە پادشاکانی ساسانیدەستوبرد لەشکریان بردووەتە سەر ئەم حکومەتە تازەیەو نەیانهێشتووە خێر لە (ئازادی)ی خۆیان ببینن، بەڵکو حکومەتەکەیان لەناوبردوون.

لەکاتی (نەوشیروان)(خوسرەوی پەروێز)دا بەینێك ئێرانییەکان زاڵبوونەوە بەسەردەوڵەتی ڕۆمی بێزانسی وەیا ڕۆژهەلاتا. بەلام قەیسەر (هەراقلیۆس)لە دوایدا خۆیکۆکردووەتەوە بەلەشکری زۆرەوە لە ئەرمەنستانو کوردستانەوە گەلێك سەفەریکردووەتە سەرئێرانو زۆر زەرەری خستووەتەوەو خوێنی ڕشتووە لە کوردو لە ئێرانییان، چووەتە ئێرانو (ئاتەشکەدە)کانی روخاندووە. تەنانەت (ئاتەشکەدە)ی (ئازەر کوشتاسب)یش بەو ناودارییە لەوێرانبوونو بەتالان چوون ڕزگاری نەبووە. لەسەردەمی (خوسرەوی پەروێز)دا ئەم مەینەتانە کوردستانی شڕوهوڕ کردووە. وە بەتایبەتی ناوچەی (شارەزوور) زۆر پەرێشانبووە. شارودێهات لەژێرپێی لەشکری هەرقەلی قەیسەردا لەناوچووە. تەنانەت (هەرقەل) بەمە دەستی هەڵنەگرتووە بەڵکو بەدوای خەسرەو شاهدا چووەتە (ئەردەلان) لەوێیش دەرییەڕاندووە. جا لەمکاتەدا بووە کە ئایینی پیرۆزی (ئیسلام)لە (مەککە) دەرکەوتووەو، چاوی عالەمی ئینسانیەتی ڕووناككردووەتەوە. حەزرەتی محەمەد (ص)لە(٥٧١ پ.م)دا تەشریفی هێناوەتە دنیاو لە(٦٢١ پ.م)یشا بانگی ئیسلامەتی فەرمووە، وە لە(٦٢٢ پ.م)دا تەشریفی بردووە بۆ مەدینەو لە(٦٣٢پ.م)لەوێ وەفاتیکردووە. بەمە مێژووی هەواڵی (کورد)ی پێش ئیسلامیەت نەبڕێتەوە. وە لەبەرئەوەی هەموو نەتەوەی کورد چووەتە سەر ئایینی ئیسلامیەت ئەمەیش بۆی بووەتە دەورێکی تازەو ژیانێکی

ئەوظوهوور، بۆیە لێرەدا کۆتایی بەداستانی پێشوو ئەهێنین لە فەسڵێکی تازە باسی هەواڵی دوای ئیسلامبوونیان ئەکەین[4].

مادی بچووک (لە ٣٢٠ پ.ز.م ەوە تا ٣٢ پ.ز. م)

هەندێك مێژوزان وڵاتی مادیان داناوە بە دوو بەش:

١- مادی گەورە کە بریتیبووە لەسەرزەمینی کوردستانی تورکیاو عێراق، وە بێجگە لە (لوڕستان)و (بەختیاری) هەموو کوردستانی ئێران، یەعنی (میدیە)ی جاران.

٢- مادی بچوك کە برتییە لە وڵاتی ئازەربایجان ومیا ئاترۆپاتین. ڕەنگە ناوی ئازەربایجان لەناوەکەی دوایی دروستبووبێت. ناوی بەشی دووەم لەپاش داگیرکردنی ئێران لە لایەن (ئەسکەندەری گەورە)وە پەیدا بووە. ئەویش بەناوی (ساتراپ)ەکەی ئەسکەندەرەوە کە والی ئازەربایجان بووە ناونراوە. ئەم ساترایە وەك والییەکی سەربەخۆ هەڵسووڕاوە لەوێ. وا دەرئەکەوێ لە دوای (ئەسکەندەر) کە دوڵەتی (سەلفکۆس) پەیدا بوو، لەبەر زلیو گەورەیی دەوڵەتەکەو دووری ئازەربایجان لە (مەرکەز)ی حکومەتەوە، والی ئازەربایجان یەعنی (مادی بچووك) جۆرە سەربەخۆییەکی پەیداکردووە، کە دەوڵەتی ئەشکانیش لە ئێرانا دروستبوو ئەم سەربەخۆیی مادی بچووکە هەر دەوامیکردووە، چونکو ئەشکانییەکان (پارت) جارێ گیرۆدەی سەلفکۆسەکان بوون نەیانپەرژاوە بەمادی بچووکەوە خەریکبن. بەمەدا دیارە حکومەتی مادی بچووك کە بە حکومەتێکی کۆنی کورد ئەژمێررێت، گەلێك ژیاوەو تا تەئریخی ٣٢ پ.ز.م بەردەوام بووە، ئەو حەلە (فەرهاد)ی چوارەمی پادشای ئەشکانی چووەتە سەر مادی بچووکوحکومەتەکەی لەناوبردوون. کوردێتی ئازەربایجان شکی تیانییە. (کورد یەعنی ماد) چونکو (ماد)ناوی گشتی نەتەوەیەکە. زمانی (مادو عەشرەتەکانی) هەموو یەکەو ئەویش لەسەرکوردی ساغبووەتەوە، چونکو وەختێك کە زاناکانی ئیسلام چوونە ئازەربایجان، دیوانە ئەهالییەکەی هەموو عەشایری کوردە. بەم حیسابە کاتی سەربەخۆیی حکومەتی (مادی بچووك)٢٠٠ ساڵێك

---

[4] بۆ مەعلووماتی زیاتر تەماشای مێژووی امین زکیبەگ، بەرگی یەکەم بکرێ.

ئەگرێتـەوە. بـەڵام لـەدوای ئـەو مێـژووە، ئیـتر نـاوی (مـادی بچووك) نــەماوە. دیـار
حكومەتی ئەشكانی وە لەدوای ئـەمان خانـەدانی ساسانی زۆرداربوون، ئەیانهێشتوو
كوردەكانی ئازەربایجـان جارێكیـتر دەسـتپەیدا بكەنـەوەو ببنــەوە بــە حكومەتەكـەی
جـاران. داخـم نـاچێت كـە لـە بابـەت ڕووداوی مێژوویـی ئـەم كێشـوەرەوە، نـەبۆكاتی
سەربەستییان وە نە دەربارەی باسو هەواڵی دواییان هیـچ زانستییەكمان نییـە، هەت
دوای ئیسلامیەت گشتی ونـە!! چونكو هـەردوو سـەڵتەنەكە بـۆ ئازربایجـان هیچـو
ئەنوسیوە بەرەكەتدا مێژووزانی ئیسـلام باسـو هـەواڵی پاش ئیسلامەتی ئێرەیـان بـو
نوسـین. لەسـەر ئەوەشـا هــەر چـەند جارێكیـتر حكومـەتی سـەربەخۆ لـێرە پـەید
نەبووەتەوە، بەڵام بەپێی سیاسەتی ئیداری ئـەو كاتـە عەشـرەتەكانی ئازەربایجان ك
هەموو (مێد)ن و كوردن دیسان تەرحە سەربەخۆییەكی عەشرەتی ناوخۆیان هەبووە
ئەوەندەی هەیە تا دەوری ئیسلامیەت ئەم وڵاتە بووەتە مەیدانی شەڕو هەرای بەینی
هەرلادوو دەوڵەتی ئەشكانیو ساسانی لەگەڵ دەوڵەتی (ڕۆمای ڕۆژئاوا)وە لە دوای ئەو
دەوڵەتی (بێزانس)یەعنی دوو دەوڵـەتی ئاسیای ڕۆژهـەڵاتو دوو دەوڵـەتی ئـەوروپایی
ڕۆژئاوا كە هەمیشە سوپایان بەڕێوە بووە بۆ سەریەكتری لـە ئازەربایجانـا. (بۆیـە)لـە
ڕووداوانەدا بەشی ئازەربایجانیش هەمیشە وێرانیو سەرگەردانی بووە. زانـەمن بـۆ ئـە
جۆرە وڵاتانـە كـە خۆشەویستی قـەومی تیـا پـەیدا نـابێت لـە دڵـی نەتـەوەكانیانا
یەكگرتن فێرنابن ماڵوێرانی و سەرگەردانی هەمیشە بە باڵایان بڕاوە.

مەدەنیەتی نەژادی كورد شكڵ و تەبیات و ژیانی عێلانی پێشوو[5]

هـەروەك لـە باسـەكانی پێشوودا لـە ڕووداوی مێژوویـی نـەژادی كـورد گەیشـتین
پێویسـتە لـەوتارەكانی لەمەولاشـا لــە بــارەی ئاوەدانكردنــەوەی وڵاتــی خۆیــا
چییانكردووەو، لەڕای نیشتەجێیدا چلۆن هەڵسوڕاون ئەوانــەش بزانـین، تـا لـە بابـە

[5] مێژووی كوردو كوردستان هی امـین زكـی، بـەرگی یەكـەم، فەسـڵی حەوتـەم، ل٢٩٠
.٢٩٣

شكلو تەبياتو ژيانی كۆمەڵايەتيشيانەوە چەردەيێك زانياری پەيدا بكرێت. هەموو زاناكانی ئەوروپا، ئەوی كەموزۆر لەگەڵ ڕەوشتو مەدەنيەت شكلو تەبياتو ژيانی كوردەواريدا خەريكبووە، بەيەك زمان ئەڵێن: كەس ناتوانێ شكلو سەرو سەكوتی نەتەوەی (كوردی)ی كۆن بەيەك تەعريف بەيان بكات، ئەمە بەڵگەيەكە بۆ ساغبوونەوەی ئەوە كە كوردی ئێستاو كۆن لەيەك ڕەگەزی (تايبەتی)يەوە نەهاتووە، بەڵكو لەگەڵێك نەتەوەی بەشكڵو ڕووكار جونيەك وەها بە (زمان)خزمو نزيك بەيەك پەيدا بووە، وەكو لای سەرەوە وتمان نەظەريەی دوو مەوجە نەقوامی كۆن لە زاغرۆسەكانا تێكەڵ يەك بووەو ئەو ئاوێتەبوونە نەتەوەی كوردی بەهەرمەهێناوە بيرێكی زۆر ڕاستە پەشيمانی تێدا نييە. دائيرەی مەعاريفی ئيسلام. ئەڵێت: ئەو شكڵ و تەبياتە كە موستەشريقەكان بۆ (كورد)وتوويانەو دەربارەی كردگاری هەندێكی كەميان كە ديويانن ئەيڵێن، ناتوانين بيكەين بە تەعريف بۆ هەموو ئەو نەتەوە زۆرانە كە ئەڵێن نەتەوەی (كورد)لەوانە كەوتووەتەوە. ئەمانە هەروەكو مێژوويەكی تايبەتی بۆ ڕێك نەخراوە، لەبابەت ڕەفتاريشيانەوە دووبارە درێژە بەقسە بدەن بۆيان . جا لەبەرئەمە ڕاستی قسە ئەوەيە كە لە بابەت ڕەوشتيانەوە كەس ناتوانێ تەعريفێكی تەواويان بۆ بيەژێ، بەڵكو هەر (سەرپۆتێك)ئەتوانرێ باسی شكڵو تەبياتو تەرحی ژيانيان بكرێت. لەپێش هەموو شتێكا ئەوە زانراوە كە ئەمانە لەسەر ڕەوشتی عەشيرەتيو لەسەر حاڵەتی (ڕەوەكی) زۆرماون. بۆيە لە شارستانێتی (مدنيت)دا وەها دواكەوتوون. لەمانە ئەو كۆمارانەی هاتوونە پێ دەشتيو لەسەر ئاوی گەورە ژياون، دەستو برد قابيليەتی شارستانيەتی خۆيانيان نواندووە، وەكو لە (سۆمەر)و (عيلام)ەكانا بينراوە. بەڵام داخم ناچێت، بۆيەش بۆ گەلێك تايەفەكانی تر ئەم خێرو بەرەكەتە هەڵنەسوڕاوە؟ گەرچی لە سۆمەرەكانەوە شارستانيەتی پەڕيوەتە ناوچياكان بەناو تيرە ئارييەكانی نەژادی (كورد)ا كە (گۆتی، لۆللۆ، كلی، سۆباری، وەميتانیو مادەكان) بوون بڵاوبووەتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی سەرزەمينی كوردستان، سەخت هەڵكەوتووە ئەم تەئثيراتە زۆر ناتەواو بووە، وە لەبەرئەوەی هاتوچۆ كەمبووە لەناويانا تەئثيراتەكەش هەر بەنسيبی چەند تيرەيەك بووە، وە

ەوێیشا هەر لە حاڵی لاسایی (تەقلید) کردندا ماوەتەوە. لەبەرئەوەی جۆی خۆراك و
اوو هەواو تامی خاکو ئەرز تەئثیری هەیە لەسەر بونیەو ڕەنگو شکڵو تەبیاتی
ـرۆڤ، زۆر ئەگونجێ ئەم بابەتە ڕەوشتانەی نەژادی کورد لەگەڵ هەینەتی مرۆڤی
ەشیرەتەکانی ئێستادا (کەوا بەرودوا لە عەینی وڵاتا پەروەردەبوون)، فەرقێکی
ەوتۆی نەبێت بگرە نەتەوەی ئێستا زۆر ئەگونجێ لە پێشینەکان بچێت. بەپێی
ڕەوشتی (قاعدە)، خەڵکی شاخستان وەك تەبیەتیان تونگە، ئەگەر هێشتا لە حاڵی
ەشرەتییابن، لەگەڵ تەبیعەتە کەیانا شەڕئەنگێزیش ئەبن. جا کوردەکانیش کە
ەمیشە لەمحاڵەتەدابوون وازیان لە خوو شەڕوشۆڕکردن نەهێناوە، لەبەرئەوەشە
اکو ئێستا هەر بەدواکەوتوو ماونەتەوەو هیچ یەکیان نەگرتووەو بێهێزماون. وە بە
ەمانین ببن بە میللەتی گەورە چونکە لەبەر ئاژاوە نەیانپەرژاوە مشووری حاڵی
یشتەجێتی خۆیان بخۆن. بەناوی کۆگای نەتەوایەتی (هەیئەی ئیجتماعی)یەوە چوار
نتی مومتاز لە کورددا دیارە، پێویستە بوترێت:

١- لە نەژادیانەوە هەتا ئیمڕۆ کوردەکان کردویانە بەخوو لە فرمانا لە دەوری
سەرۆك)یان ئاڵاونو لەقسەی دەرنەچوون، وە لەخۆیان بەگەورەتریان ژماردون.

٢- لە فرمانا قسەی سەرۆکیان بەجێهێناوە.

٣- پیشەو خووی نەژادیان ڕاگرتووە. تەرکی خووی کۆنیان بەعەیب ژماردووە.

٤- شارستانییەکانیان توجارو بازرگان ، پیشەسازو کارگەچیو فرمان بەڕێکەر بوون.
خەڵکی شاخ و دەشتەکانیشیان زوراعو ڕەنجبەرو کۆچەرو ئاژاڵ بەخێوکەرو ڕاوچی
بوون. کەواتە صنف صنف بوون، وەکوو: ئاغاواتو خاوەن مولکو ئەهلی دین بوون.
ئەمانە دەستەی هەڵبژاردە بوون (زوڕاعو مسکێنو خاوەن هونەرو یەخسیر)یش
دەستەی عەوام و بێنرخ بوون. لەم کوردانە ئەوی دامەزراوەو جێگیربووە لە شوێنێکا،
هەج تیرەیەکی لەدەوروپشت بووبێت کردوویە بە (کورد)و ناوێتەی خۆیکردووە.
ئیمڕۆ لە عێراقا هەندێك تایەفە هەیە لە ئەصلا کورد نین، کەچی بە تەئثیری
دراوسێتی لە پەنای کوردا بەمرور بونەتە کورد. کورد بەتەبیات حەزی لە ژیانی
دامەزراو کردووە. کەچی بەحوکمی پیشەی عەشیرەتی شەڕوهەرای دانیمی سەرمایەی

فەخرو خۆهەڵکێشانی بووە. مەراقی یەکگرتنو دروستکردنی دەوڵەتێکی وەطەنی و میللی هیچماندووی نەکردووە. بەکورتی: ئەوەندە زانراوە کە لەناوئەقوامی ئاسیای رۆژئاوادا وێنەی تایبەتی و ڕوخساری نەتەوایەتی (ئاری) ئێستا کە لە دوو نەتەوەدا ماوە. ئەوانیش (فورس)و (کورد)ەکانی ئیمڕۆن کە لە (ئێران)و (کوردستان)ەکانا ئەژین وماون. لەبابەت پیشەی کۆگایی (ئیجتماعی)ی کوردانەوە (دائیرەی مەعاریف گەورەی ئینگلیز)، بینا لەسەر قسەی زاناو سەیاحەکانی ئینگلیز ئەڵێت: (فرمانی ناومالْ و حالەتی خێزانی کورد زۆر ئەوصافی پێشکەوتنی تیایە. کورد رووخۆشو دڵپاکەو زۆر بەغیرەتە. میوانی لا بەحورمەتە. ئافرەتی کورد سەربەستو ئازادو پاکە. لەم ڕووەوە ژوور ئافرەتی فورسو تورك ئەکەوێت. سەرورووی کراوەیە لە دێهاتا. سەرو پۆتلاك داپۆشراوە نییە. لەناو شاریشا لە بێگانەوە ڕووداپۆشینی وەرگرتووە. ئافرەتی زۆر بەناوبانگ لەکوردا هەڵکەوتووە. هەندێکیان رەئیسەی عەشیرەت بوون. وەنەبێ کورد حەز بکا لە یەك (ژن)زیاتر بێنێت، هەندێك دەوڵەمەند ئەبێت. کەچی زۆرحەز لەگۆرانی و سەماو هەڵپەڕکێ ئەکەن)[٦].

ئاین و بڕوا

ئەوانەی چاك سەرنجیان داوەتە مێژوو، وە لە ئایین و بڕوای ئینسانە کۆنەکان وردبوونەتەوە، بێگومان لەوە حاڵیبوون کە هەموو ئادەمیزادی ئەم سەرزەمینە لەپێش هاتنی کتێبی ئاسمانیدا شتە گرنگو سەیرەکانی سروشت یان بە (خوا) زانیوەو، پەرستوویانە، وەکو: ئاسمان، ڕۆژ، مانگ، ئەستێرە، دەریا، بروسکە، باران، با، خاكو، ئاگروشتی وا. وە لە دواییدا کە شارستانیەتی (مەدەنیەت) پەرەی سەندووە ژمارەی ئەم خوایانەش زیادی کردووە، بگرە لای نەتەوەکانی (یۆنان)و (ڕۆما)ی کۆن ژمارەی ئەمانە گەیشتووەتە چەند صەد دانە خوا. ئەو مرۆڤە کۆنانە لایان وەها بوو کە ئەمانە ئەچنە تەرحی ئینسانی غەیبییەوە، شتێکیان بەدەستەو لەناوخۆیانا گەورەو بچوکیشیان هەیە، وە وایان ئەزانی کە هەموو فرمانێکی ئەم (گەردوون)ە ئەمانە ڕێ بەرێی ئەکەن، بۆیە لە شکڵی عاجباتیدا وێنەیانکردوون لە ترسانا وەیا

---

[٦] مێژووی کورد کوردستانی امین زکی، بەرگی یەکەمی عەرەبییەکەی، فەصڵی حەوتەم ل:٢٩٠-٢٩٣.

بۆ مەسڵەحەت پەرستوویانن. جا ڕەگەزی (بت پەرستی) نەمەیە. ئەگەر بێتو بڕوانینە ئایینو عەقیدەی تیرەو قەومەکانی هیندۆ ئەوروپایی و ئاری کۆن ئەبینیز هەر لە هیندوستانەوە تاکو وڵاتی (ڕۆم) وەکو پەرستنی قوای طەبیعەت لەناویان باوبووە، (گیان)ی ئەژادی خۆشیان پەرستووە، وە لە بناغەوە هەر چەندە بڕوای هەموویان یەکیش بووە، کەچی لەدوای جیابوونەوەیان لە یەکتری زۆری پێنەچووە وەك قەومایەتییان (تەفرەقە)ی تێکەوتوومو ئایینو بڕوایشیان گۆڕراوە. بگرە وایلێهاتووە بڕوای تایەفەیەکیان لەویتر نەچووە. بێینەوە سەرنەتەوە کۆنەکانی (زاگرۆس) کە دەستەیەکبوون لەمانو پێش گوشادی مێژوو هاتوونەتە ڕۆژاوای ئێران وە لەوێ تێکەڵ سامییەکانبوون ئەوانیش بڕوایان تێکچووە. بڕوای (ئەکادی عەمورەی، ئاشۆری، وە کلدان)ی سامی تەئثیری کردووەتە سەر بڕوای (سۆمەر، عیلام گۆتی، لۆللۆ، وە کاسی و ئارییەکان)و هی ئەمانیش تەئثیری کردووەتە ئەوان. یەعنی ئەمانە هەر یەکە بە تەرحێکبوون بە (ڕۆژ، مانگ، ئەرز، دەریا، ئەستێرە، ئاسمان، با، بروسکە)پەرستو لە پاشانا کە نەتەوەکانی تریش دوایی هاتوون وەکو (ماد، ماتای، پارث و، پارس)ەکان و تێکەڵاوی پێشینییەکانبوون، سەرلە نوێ بڕوایان تێکچووەتەوە. لەگەڵێ جێگا خوای (ئاری)یش پەرستراوە. تازە هاتووەکان هێشتا بڕوای ئارییە کۆنەکانیان لەدڵابووە کە خۆیان (مازدیانی)یان پێ وتووە[٧].

ئایینی ئاری کۆن

ئەگەرچی ئایینی ئاری کۆن بە بناغە وەك ئایینی هیندۆ ئەوروپاییەکان بووە کە ئایینی (فیدا)ی هیند وێنەیەکە لەو، بەڵام لەدوای تەفرەقە بوونیان هەریەکە ڕەنگێکی تازەی وەرگرتووەو مەزاپاشیان گۆڕراوە. بەڕاستی لەلایەن ئایینی ئەم ئارییە کۆنانەی ئێرانەوە زانینێکی ڕاستو بێگرێی عیلمیی نیە کە پیاو بەتەواوی متمانەی پێبکا. هەردوو سەرڕشتەی زانراو هەیە کە لەم ڕووەوە دەسگرۆییمان بکا، ئەویش یەکێکیان ئەو نوسراوە ئەخشینە مێژووییە کە لە شیمالی ڕۆژاوای ئێراندا دۆزراوەتەوەو هی کاتی (١٤٠٠ پ.ز.م)ە. دووەمیشیان نوسراوەکانی (پەرسەپۆلیس)ە. لە نوسراوی یەکەمیندا ناوی سێ خوای هیندی نوسراوە کە (میهترا - میهر) یەعنی

---

[٧] ئەم باسانە لە مەجەللەی (الرسالة) ژمارە ٢١٦ ئەغەستۆسی٩٣٧و نوسراوەکانی تۆفیق وەهبیدا بینراوە.

ڕۆژ، وە (ئیندرا) خوای باران، وە (ڤارۆنا) ئاسمان. بەمەدا وادیارە بڕوای ئایینی ئەهالی پێشووی ئەوناوە (کە هەمووشیان ئاری بوون) لەگەڵ بڕوای هیندیەکانا لە پێشا چونیەك بووە. کەواتە ئێرانییە کۆنەکانیش ڕۆژپەرست بوون (میهر)یان پێ وتووە کە بەبێگومان لە (میهترا)ی هیندەوە هاتووە. بەڵام بەلەهجە ئەمان گۆڕیویانە. وە هەروەها ئاسمان، باو باران، وە بگرە ئەستێرەو مانگو بروسکەو خاك و ئاگریشیان پەرستووە. لایان وابووە کە ڕۆژو مانگ لە (ئاگر)ن وخوای ڕووناکیو سەرچاوەی (چاکە)ن. بەڵام لایان واشبوو کە هەندێك هێزی خراپە کەرپش هەیە ئەوانیش بابەتە (خوا)یەکن، (دیڤەس - دیو)یان ناوابوون، وە وایانئەزانی هەرچی خراپە هەیە ئەمانە ئەیکەن، ئینجا ئەمەیە لەدواییدا بووەتە (دێو)و (شەیتان). بێینەوە سەر نوسراوەکەی (پەرسە پۆلیس)کە خوێنراوەتەوە، ئەویش باسی پادشا کۆنەکانی پارس ئەکات کەوا (ئاهوورامەزدە)یان پەرستووەو (میهر - مترا)و (ئاناهیتا)شیان بەخوا زانیوە. بەڵام (ئاهوورامەزدە) یان لە ژوورهەمووخواکانیانەوە داناوەو وتوویانە ئەم خوایە نابینرێت (ئاگر) ڕەمزی ئەوە. جا وادیارە ئەم ناوە لە (ئاهوورە) ناو خوای هیندو (مەزد) ناو (خوای ئارییەکانی ئێران) پەیدا بووەو بەمروور بووەتە (ئاهوورامەزدە) کەمەبەستیان (ئاسمان) بووەو بە خوای ئەخلاق و چاکەو و بەدروستکەری (گیان)و ئەرزو ئاسمانیان داناوە. کەچی بە پێچەوانەی ئەم تەقەلوباتەی ئێران لەناو هیندییەکانا ناوی (ئاهوورە) بووەتە ناوی ئەوخوایانە کە خراپە ئەکەن. سەرەڕای ئەمەش زاناکان ئەڵێن لەناو (ئاری)ی هەرە کۆنا ناوی خوای ئاسمان (دیاوس) بووەوخوای هەرە گەورەشیان بووە. تەنانەت مێژوونوسەکان ئەڵێن لەسەردەمی ئەخەمەنییەکانا کە (هەرە دوت)ی یۆنانی چووەتە ئێران، ئەم ناوە لەوێ هێشتا ماوەو لە سیاحەت نامەکەیا باسیشی کردووەو لەگەڵ خوای ئاسمانی خۆیان کە (زەوس)ی ناوبووە بەراوردی کردووە. ئینجا عاجباتی ئەوەیە کە ئەم ناوە لە ئێرانا بەجارێ نەماوە. ڕەنگە تەقەلوباتی دینیو سیاسی ناو ئێران بووبێت بەهۆی ئەم ئەمانە وەکو: کە پارسییەکان زاڵ بوون بەسەر هەموو ئێرانا خواکەشیان کە (ئاهوورامەزد)ە ببوو بەخوای گەورە بەسەر خواکانی تری هەموو ئێرانا. بۆیە لەژێر

تەنثیری ئەم سیاسەتەدا لەدەوری ئەخەمەنییەکانا ناوی (دیاوس) بەیەکجار نەماوە (ئاهوورەمەزدە) جێی ئەوی گرتووەتەوە. پێویستە ئەوەش بزانرێت کە تەقەلوباتی ناو ئێران لەمەشا نەوەستاوە، بەڵکو لە دواییا ناوی (ئاهوورامەزدە)یش سووک بووەو بووەتە (هورمزد). لای خەڵکی ئەو کاتە (شەراب) موقەددەس بووە. مردوویان چەورکردووەو تەرمەکەیان لە هەوادا داناوە بۆ درندەو باڵندە بیخوا. (خوشك)و (کچ)و (دایك) مارەکراوە، یەعنی حەرام نەبووە لە ناویاندا.

جا بە کورتی: لە دواییدا ئەم هەموو بڕوایە ساغبووەتەوە لەسەر (دوو) شت (١) خێرو چاکە (٢) شەڕو تاریکە. ئەوی بە کەڵکی ئینسان هاتووەو سوودی بۆبووە وەك ڕزق و ڕۆژی، ڕووناکی، باران، پیتو بەرەکەتو شتی چاکی تر بەهی خوای (چاکە) دانراوە، وە ئەوی زەرەریشی پێئەگەیاندن وەکو نەخۆشی، مردن، بێبارانیی، تەنگە تاوی، گرانی، وە خراپی تر ئەمانەش بەپیشەی خوای شەڕو تاریکی ئەزانرا. ئینجا خوای یەکەمینیان ئەپەرست و عەبدایەتییان ئەکردو لەخوای دووەم ئەترسان و بۆ دووربوون لە خراپەکانی قوربانییان بۆ ئەکرد و دوعایان بۆ ئەخوێند کە ئەم دوعایانەش لە دواییدا بوونەتە سیحرو جادوگەریی. وا دیارە لەسەرەتای دەوری ئەخەمەنییەکانا کە هێشتا (زەردەشت) نەهاتووە ئەم تەقەللوباتە وایکردووە لە بەشی پارسییەکانا ئاهوورەمەزدە بووە بە خوای هەرەگەورەو خەلقکەری خاك (ئەرز) و ئاسمان و هەموو گیانداران و دوژمنی درۆو خراپەو پارێزەر (حامی)ی سەڵتەنەتی ئەخەمەنی. لەسەر ئەمەشا خوای بچوکتریش هەر بووە کەوا هەندێك لەوانە تەنیا خوای (خراپە) کردن بوو (دئیقە)ی ناو بوو.

لەپاش (زەردەشت) پادشاکانی دوایی ئەخەمەنی بەناوی (هورمز)ەوە ڕۆژیان داناوە بە پارێزەر (حامی)ی سەڵتەنەکەیان و پەرستوویانە. لە مانیشەوە لەدوای ئەسکەندەر ڕۆژ پەرستیی بەناو (ئەنادۆڵ)دا بلاوبووەتەوە. مێژو نووسەکان وەها ئەگێڕنەوە کە ئارییە کۆنەکانی ئێران لەگەڵ ڕۆژدا (تریشقە)شیان پەرستووە. وایانزانیوە کە ڕۆژ چاوی ئاسمانەو (بروسکە)ش کوڕی ئەوە. جا لە دوای ئەم هەموو تەقەللوباتە (زەردەشت) ناو پیاوچاکێك پەیدابووە ئەم بڕوایانەی ڕێکوپێك

(تنظیم)کـردووەو، بـیری (تـاق و تـەنیایی) خـوای بڵاوکردووەتـەوەو بووەتـە (پێغەمبەر)ی ئارییەکان..

زەردەشت

(زەردەشت) یا پێغەمبەرە وەیا مورشیدێکی بڵندی نەتەوەی ئاری کۆنە. بەتـەواوی نـەزانراوە کـە خـەڵکی کوێیـەو کـەی پـەیدابووەو کتێبـی (ئاوێستا)شـی چ وەختێـك‌و بەکامە لك (شوعبە) زمانی ئاری نوسیوە. ئەوەندە هەیە زۆر نەگونجێت ئەم کتێبـەی بە زمانی (ماد) نوسیبێت. چونکە بەپێی بـڕوای هـەندێك زانـاو گـەلێك مێژونـووس ئەم زاتە لەدوای تەئریخی(٦٠٠پ.ز.م)لای گۆمی (ورمێ) لـە شوێنێك پـەیدابووەو لـە تەمـەنی ٢٠-٤٠ ساڵیدا دەسیکردووە بـە بڵاوکردنـەوەی ئایینەکـەی یـەعنی (ئـایینی زەردەشتی) وە هـەتا نزیـك(٥٠٠ پ.ز.م) پێش ژیاوە ئەوسا مـردووە. ئینجا ناوچـەی گۆمی (ورمێ) ناو پشتەی وڵاتـی (مـاد)و (کـاردۆخۆ)کانـە، ئـەوەندە هەیـە: هـەندێکی تریـش لـەوبیرەدان کـە ئـەم پیـاوە چاکـە لەسـەردەمی (٧٠٠پ.ز.م)دا پـەیدابووە. زەردەشتییەکان ئەڵێن لە منداڵییا زەردەشت شـتی عاجیبـاتی (معجزە)ی لـێبینراوە، وە لە تەمـەنی ٣٠ ساڵیدا خـەڵکی بـانگ کردووەتـە سـەر ناسینی خوای (تاق و تـەنیا). (جـاویدانی موقـەددەس) زەردەشـتی بردووەتـە خزمـەت ئـەم (خـوا)یـە کـە (ئاهوورەمەزدە)ی ناوەو (یـەزدان)یش هـەر نـاوی ئـەوە. زەردەشت هێناویـە هـەرچی توانایـەکی (چاکەکردن) هەیـە داویـە بـە (ئاهوورەمـەزدە)و کردویـەتی بـە (خـوای تاقانە) و هەرچی توانای (خراپە کردن)یش بووە داویـە بـە (دنیقە) یـەعنی (دێـو)و کردویەتی بە (شەیتان) کەوا لە زمانی (پەهلەوی)دا ئەمە بە تـەعبیری (ئەهریمـەن) نـاوی بـراوە. لە دواییدا زەردەشت بەوانـەی کـە نەچوونەتـە سـەر ئایینەکـەی (دێـو پەرسـت)ی وتـووە، یـەعنی (شـەیتان پەرست) ئـەمجا بەشێك لـە کوردەکـانیش ئـەم توانجەی (زەردەشـت) یـان بەرکـەوتووە. وەهـا زانـراوە کـە زەردەشـت بـە ئـەمری (ئاهوورمـەزدە) چووەتـە لای (وێشتاسـپ- هیس تاس پـەس) نـاو حـاکمی (باختـەر)

زەمین (خوراسانی ئێستا) کە لە نەخەمەنییەکان بوو خەریکی بووە هەتا هیناویەیە سەر ئایینی زەردەشتی، ئەوسا گونجاوە ئەم ئایینە بەناو ئێرانا بڵاو بووبێتەوە، یەعنی وێشتاسپ بڵاوبوونەوەی ئایینەکەی پاراستووە، چونکە زەردەشت لە نیشتمانەکەی خۆیا هەرچەندە خەریکبووە کەس گوێی لێنەگرتووە. لەدوای ئەوەی وێشتاسپ بوومبە زەردەشتی، بووش بە پادشای ئێران کەوا لەناو خۆیانا (گوشتاسپ)ی پێنەڵێن ئەم پاشایە باوکی (داریۆسی گەورە)یە کە مێژووی ئێران بەناوی (ئەسفەندیار) وە یا (بەهمەن) ناوی ئەبات. وا ئەگێڕنەوە کە زەردەشت لەتەمەنی پیریدا لە هەرایەکی ئایینیدا بە کوشتچووە. وا دیارە نوسخە ئەسڵییەکانی کتێبی (ئاوێستا) لە کاتی هێرشبردنی (ئەسکەندەر)دا لەناوبراوە. بەڵام لەدوای ئەمە بەئەمری (ئەردەشێری پاپەکان) کە یەکەم شای ساسانییەکانە سەرلەنوێ کۆکراوەتەوە. ئەوەندە هەیە بەشێکی ئەم نوسخانەش (لەکاتی هێرشی ئیسلامیەتا لەناوبراوە لەسەدەی (٩/٨م)دا، بەڵام پیاوی دینداری پارسییەکانیش لەدوای ئەم تەئریخە دووبارە کۆیانکردووەتەوە. پارسییەکان متمانەیان نەبووە ئەم پارچانە لە ئێرانا بمێنێتەوە، لەبەرئەوە بردویانەتە (هیندوستان) ئێستا لەوێ بە پارێزراوی ماوەتەوە[٨].

ئایینی زەردەشتی[٩]

لەبەر ئەوەی لە پێش ئیسلام بوونا بەشێکی نەتەوەی کورد زەردەشتی بوون پێویستە بزانرێ کە ئەم ئایینە چلۆن بووە. بۆیە وا لایخوارەوە نەختێك قسەمان لێکردووە. کتێبەکەی زەردەشت کە ئاوێستای ناوەو (زیندەویستا)ش هەرئەوە بە (پەهلەوی) بەمەعنا (تەفسیری ئاوێستا)یە ئەم کتێبی ئایینییە ئەڵێت: خوای تاقو

---

[٨] مێژووی کوردو کوردستانی امین زکی بەگ، تەرجەمەکراوی عەرەبی. بەرگی یەکەم، باسی (زەردەشت).

[٩] بۆ ئەوەی زیاتر لەمە ئاگاداربن بڕواننە نوسراوەکانی امین زکی بەگ و تۆفیق وەهبی.

تەنیا (ئاهوورامەزد)یە. ئەم خوایە کە (گەردوون)ی خولقاندووە، دووگیانی یەك زگیشی هێناوەتە کایەوە کە هەرگیز لەیەك جیانابنەوە، یەکێکیان هی پاکو چاکە، ئەوی تریشیان هی پیسوخراپەیە.

ئەمانە ئەم گەردوونەیان بە تاریکیو ڕووناکی دەرخستووەو هەتا دوایی (دنیا)ش دێت ئەمانە پێکا دێنوشەڕئەنێنەوەو، ئاهوورەمەزدەش هیچ خۆیان تێناگەیەنێت. بەم پێیە عالەم بووەتە دوو بەش و دوو لەشکر: لەشکری ڕووناکی لەگەڵ سەردارەکەیان (هورمزد) بەشێکە، وە سوپای تاریکییش لەگەڵ سالارە کەیا کە (ئەهریمەن)ی ناوە بەشەکەی ترە. (هورمزد) لەگەڵ شەش فریشتەی یارمەتی دەریا کە (جاویدانی موقەددەس)یان ناوە، عالەم ئیدارە ئەکا. لەمانە چواریان (چوار عونسوورەکەی طەبیعەت)یان پێسپێرراوە (خاك، ئاو، ئاگر، هەوا) کە بییانپارێزن، بێجگە لەمانە فریشتەی تریش هەیە وەکو (وجودی مجرد) کە (یەزد – ئێزەد)یان پێوتراوە. ئەمانیش دووبەشن (ئاسمانی)و (زەمینی). لەبەشی ئاسمانیدا (هورمزد) زوور هەموویان کەوتووە، وە لەناو بەشەکەی سەرزەمینیشا (زەردەشت) لە زوور ڕەفیقەکانیەوە. بێینەوە سەر ئیشوکاری ئەم (یەزد)انە، ئەمانیش لەم دنیایەدا فرمانی تایبەتییان پێسپێردراوە. لەوانە (ڕۆژ)و (مانگ) کە دوو هێزی ئاسمانین ڕەمزی (دوو یەزد)یشن لەو یەزدانە. پێویستە ئەوەش بزانین کە لەسەردەمی پەیابوونی ئیسلامەتیا ئێرانییەکان ناوی (خوا)یان نابوو (ئێزەد) وە یا (یەزدان). بەرامبەر ئەم سوپای (هورموز)ە خوای تاریکییش کە (ئەهریمەن)ە سوپای هەیەو یارمەتی دەرەکانیشی ناویان (دێو) بووە، ئەهریمەنیش سەردارییانە فرمانی ئەهریمەنو دێوەکانی نەهێشتنی چاکەیە کەوا فریشتەکانی هورموز بەجێی ئەهێنێت، تاریکی، گوناه، خراپە، درۆ ئەهریمەن دایهێناوە، قسەی چاك، ڕەوشتو بیری باشو، کردەوەی پاکو بەکەڵك ئەمانەیش هورموز دایهێناون. هورمز (ژیان) ئەهریمەن (مردن)ی دروستکردووە، بە کورتی: گشت شتی باش هی هورمزەو شتی خراپیش هەمووی هی ئەهریمەنە. (ئاوێستا) لە بابەت دروستبوونی عالەمەوە زانستی ئەدا ئەڵێت: (ئاهوورەمزدە) لەدوای دروستکردنی (گیان) عالەمی ماددی بە شەش دەور

هێناوەتە مەیدان. لەدوای ئەوە (ئەهریمەن) بە زۆرداری خۆی هاتووەتە کایەوەو لەڕووناکیدا دەستیکردووە بە دروستکردنی خراپەکانیو بەربەرەکانێکردن لەگەڵ هورمزا هەتا زەردەشت پەیدا بووە. ئەوسا ئەهریمەن ڕویکردووەتە کزبوون، وە بەئەنجام ئەبێ بچێتەوە دنیای تاریکی. ئایینی زەردەشتی هەواڵی قەبرو قیامەتیشر نیشان ئەداو ئەڵێت: گیان لەناوناچێت. لە گۆڕا پرسینەوەو لە قیامەتا حیساب هەیە ئەبێ هەموو گیانێك بە پردێکا بپەڕێتەوە، ئەگەر (گیان) خراپەی نەبێت بە ئاسانی لە پردەکە تێپەڕ ئەکا ئەچێتە (بەهەشت)، خۆ ئەگەر خراپەکەر بێت ئەکەوێتە ناو تاریکییەوە تووشی مسەوەر ئەبێت. ئەگەر چاکەوخراپە بەرامبەر یەك بێت جێیەك هەیە (هەمەستەکان)ی ناوە گیان ئەچێتە ئەوێو، لەدوای هەڵسانی قیامەتو موحاکەمەو حیسابکردن، ئەمجا هورموزو ئەهریمەن خۆبەخۆ ئەکەونە یەکو ئەهریمەن لەناو ئەبات.

ئایینی زەردەشتی ئەڵێت: شتی هەرە باش بۆ ئینسان کشتوکاڵو بەخێوکردنی ئاژاڵە. زەردەشت (وتوویە). پاداشتی ئادەمیزادی خاوەن مرووەت ئەوەیە کە هەرگیز نامرێت.. جەردەیی، دزیو درۆزنی لای زەردەشت لە شتە زۆرخراپەکانن. بەپێی ئە ئایینە پیاوێك توانیویە تەنها ژنێك بهێنێت و، چیا ئەمری بەنێو کردنیشی کردووە ئایینی زەردەشتی (ئاو، ئاگر، خاك، هەوا)ی داناوە بەچوار (عونصوری موقەددەس وتوویە پاکژ نابێ پیس بکرێت. ئاگر لە ڕۆژەوە هاتووەتە سەر زەمینو بووە با (رەمز) بۆ زەردەشت. زەردەشتییەکان لایان وایە (زەردەشت) پێغەمبەر بووە. خو (یەعنی ئاهوورەمەزد) قسەی لەگەڵ کردووەو (وحی)یشی بۆ ناردووە. ئارییەکان لا پێش هاتنی زەردەشتدا (مەلا)یان هەبووە (موغ – موگ)یان پێوتوون. ئەمانا ڕابەریی عەبدایەتی خەڵکبوون لە وڵاتا. لەدوای زەردەشت، بۆ فێرکردنو تەعلیمی ئایینەکە بەخەڵك دوبارە (موغ) پەیدابووەتەوە. یەکێك لە ئیمتیازی ئایینی زەردەشتی بانگ دانی تاق و تەنیایی خوایە، کەوا لەوەپێش لە ئارییانا وەها نەبووە ئەیانوت ئەم خوایە کە ئەهریمەنی لەناوبرد ئیتر خراپە نامێنێت لە زەمیندا، و فەضیلەت جێی ئەوە ئەگرێت. ئەو ڕێکوپێکییە کە لە زەردەشتیدا ئەبینرێت،

بۆچاکەی ئینسان ئەم ئایینە ئەمری پێکردووە، لە ئایینەکانی پێشوترا نەبووە. هەموو ئایینێك بۆ ساغکردنەوەی کارێك پەیدابووە بەتەنیا. ئایینی (زەردەشتی) بۆ ساغکردنەوەی (چاکە)کردن هاتووە، بەڵام ئارییەکان لەم فەضیلەتە نەگەیشتوون، بەڵکو لەدوایيدا ئایینەکەیان کردووە بە(بت پەرستی)یەکی بێتامو، لاسایکردنەوەیەکی بێکەڵك. وا دیارە لە کاتی (داریۆس شا)ی گەورەدا ئایینی زەردەشتی بووەتە ئایینی رەسمی خانەدانی پادشاکانی ئێران، کەچی لەناو کۆمەڵی خەڵکا هێشتا ئایینی ئاری کۆن لە برەودا بووەو زەردەشتی بەتەواوی بڵاونەبوبووەوە. بەتەواوی نەزانراوە کە نەتەوەی (ماد) بڕوایەکی چلۆنیان بووە. بەوەدا کە ئەمانیش ئارین و سەروبەر ئێرانی بوون، ئەبێ (ئاهوورەمەزد) پەرست بووبن. باوەجوو زەردەشت (مێدیە)یی بووەو ویستوویە ئایینەکەیان ڕێکبخا، کەچی (موغەکان) ڕێیان لێگرتووەو نەیانهێشتووە لە هەوڵەکەیا سەرکەوێت، ئەویش ئەوسا ڕۆیشتووە چووەتە (باختەر) لەوێ سەرکەوتووە، کەچی لە دوایيدا مادەکانیش و هەموو نەتەوەکانی کوردستانی خزمیشیان لە تەئثیراتی ئەم ئایینە کەلەپەناو سایەی حکومەتی ئێرانا بڵاوبووەوە ڕزگار نەبوون، بەڵکو هەر لەدەوری ئەخەمەنییەکانا بە طەبیعەتی حاڵ بۆنی زەردەشتی کەوتووەتە (مێد)یشەوە.

ئەبێت ئەوەش لەبیرنەچێت کە ئەم ئایینە لە دوایيدا لە خۆیەوە تێکچووەو بەلای کۆنا بایداوەتەوەو بووەتە بابەتە (بت پەرستی)یەکی تەواو، یەعنی گەلێك بڕوای تێکەڵبووە. ئەڵێی بڕوای ئاری کۆن، لە ئێرانا هەمیشە لە برەودا بووە، تەنانەت لە دوایيدا مەزهەبی (مانی)و (مەزدەك)یش پەیدا بووەو باوی سەندووە. ڕاستییەکەی ئێرانییەکان مەیلی بادانەوەیان هەمیشە لە دڵا بۆ سەر ئایینی کۆن. لەسەردەمی ساسانییەکانا لە (٢٠٠م) بە دواوە پەرستنی هەندێ خوای کۆنی (هیندۆ ئێرانی) کە زەردەشت مەنعی کردبوو لێیان، بێنراوەتەوە. خوایەتی (ڕۆژ، مانگ، خاك، با) دوبارە هاتووەتەوە کایەوە. بەطەبیعەت کوردەوارییەکەش لەم بادانەوەیە ڕزگاری نەبووە. باوەجوو گەلێك زانا وتوویانە کە (بت پەرستی، ڕۆژ پەرستی، درەخت پەرستی) تا دێرزەمان لە کوردستانا هەربووە. وا دیارە پێش ئیسلامیەت لەناو کوردەواریدا ئایینو

بـڕوای ئـاری كـۆن یـەعنی (پەرسـتنی هـێزی طەبیعـەت)و زەردەشـتی و بـەڵكو (مـەزدەك)یـش بـاوبووە. یـەعنی گشـتیان بەتـەواوی لەسـەر یـەك بـڕوا نـەبوون. لەبەرئـەوە ئـەتوانین بڵێین كـە لـە كـاتی كۆنـا بـڕوا دانەمـەزراوە، بـەڵكو هەمیشـە لەئاڵوگۆڕا بووە وەكو هـەر لەبەرئـەوەی ئێرانییـەكان‌و كوردەكان ئاگریـان زۆر لــەلا موقـەددەس بـووە لـە ئـەنجاما بـێ ئیختیـار بـوون بـە (ئـاگر پەرسـت) یـەعنی (مەجووس). لەناو كوردستانولەئێرانا ئاینی عیسایی زۆركەم بڵاوبووەتەوە. تـاقمێك لە مێژونووسەكان وەها ئەزانن كە (نەستووری)یەكان كورد بوون، بەڵام كـە بـوون بـە (مەسـیحی) كوردەكـان لــێیان جیابوونەتـەوە. پادشـاكانی ئـێران ئەیانهێشـتووە مەسیحیەت پەرەبسێنێ لە ئێرانا. بـەكورتی، تـا پەیدابوونی ئیسلامیەت، بـە كـوردو فورسـەوە ئارییـەكانی (زاگرۆس) و (ئـێران) گشـتیان هـەر (زەردەشـتی)و (مـەزدەكی) بـوون كـە ئـەویش جـۆرە مەزهـەبێكی زەردەشـتییە. بـەڵام پەهلەوییـەكان كـە لەساسانییەكانن بە زەردەشتیان وتووە (مەزدەستی) لەسەر لەهجەی پەهلەوی. بەڵام گەلێك لە كوردەكان بێجگە ئەم دوو مەزهەبە لەسەر ئاینی ئـاری كۆن مـابوون كـەو تووشی ئاڵو گۆڕێكی زۆریش ببوو، ئەویش پەرستنی هێزەكانی طەبیعەت بوو كـە بـە تـەعبیری ئێستا ئەشـێ بەهـەموو ئەمانـە بڵێـین (زەردەشـتی)و (مەجووسـی). زۆر ئـەگونجێت بـە (یـەزیدی)یـەكانی ئـەمڕۆ كـە كـوردن‌و ئاینەكـەیان لـە پاشمـاوەی (مـەزدەكی) وەیـا (مەزدەستی) ئـەچێت كـە لـەناوكوردەواری ئێسـتادا پێیـان ئـەڵێن (داسی)، دایان بنێین بەجۆرە (بت پەرستی) یەك، ئەمانە هێشتا (دیاوس) ئەپەرستن كە لە ژێر تەئثیری درێژەی دەوراتا ناوەكەش و ئەوسافی كۆنیشی گۆڕراوەو بووەتـە (مەلیكە تـاوس). ئینجا هەتا پـەیدا بوونـی ئیسـلامیەت هـەواڵی ئـاینی ئـێران‌و كوردستان بەمجۆرە بووە، بـەڵام لـەدوای ئـەوەی ئیسلامیەت پـەیدابووە، وە لەشكری ئیسلام هەموو ئێرانو كوردستانی داگیركرد، كوردەكان‌و فورسـەكانیش لـەژێر تـەئثیری تەدبیری سیاسەتی تازەی عەرەبەكانا وازیان لە ئاینی ئەژادیان هێنـاو هـەموویان بـە كۆمەڵ چوونە سەرئاینی ئیسلام.

زمان

بێگومان (زمان)ی تایفەکانی هەرە پێشوو (زاغرۆسەکان) کاریکردووەتە سەر زمانی (کوردی)ی کۆن، یەعنی وتەیان کەوتووەتە زمانی کوردییەوە. زاناکان ئەڵێن زمانی ئەمانە زمانی قافقاسییە، یەعنی ئەمانە تیرە ئارییە هەرە کۆنەکانن. ئەوەندە هەیە هێشتا بە تەواوی یەکلایی نەبووەتەوە، بەڵام دیاریشە کە ڕەگەزی ئاریو قافقاسی یەکە، چونکو هەموویان خەڵکی یەك شوێن بوون. هۆی لەوەڕ بۆ ئاژاڵ لە یەکتری جیاکردوونەتەوە. زانای سامییەکانیش ئەڵێن ئەمانە قافقاسین (سامی) نین. جا لەبەرئەوەی ئەمانە لەگەڵ کوردا پێکەوە ژیاون ئەبێ شتێك لە زمانی ئەمانە لە کوردیی ئێستادا هەبێت. جا داخیگرانە هەتا ئێستا بەتەواوی نەزانراوە زمانی ئەم ئارییە کۆنانە چلۆن بووە. بەڵگەیەك وەیا (خەتێك) کە بەوزمانە نوسرابێت هێشتا نەخوێنراوەتەوە. ئەمەش وەها ئەگەیەنێ کە ئەم نەتەوەیە بەزمانی خۆیان نوسراویان بەجێنەهێشتووە. تەنیا بەناوە کانیانا کە زاناکان لە ئاثار (نیشانە)ی (سۆمەرو ئەکادو ئاشۆر)ا خوێندویانەتەوە لەگەڵ قیافەتەکانیا کە لە نیگارە کانیانا نیشانیانداون و بەو تەعریفاتە کە دەرحەقیان نوسراون ناسیویاننەتەوە، ئەڵێن ئەمانە بە زمانیش و بەڕەگەزیش (قافقاسی) وە یا (ئاری)ن. ئینجا دەربارەی زمانی ئەو نەتەوە کۆنانە لەمەزیاتر جاری (زانستی) نییە بەدەستەوە. بێینەوە سەرنەتەوەکانی دوایی کە (ماد، کاردۆخۆ، پارس و پارتەکانن). بەپێی کتێبی موقەددەسی هیندییەکان لەناو ئەم ئارییانەدا دوای ۱،٤٠٠ ساڵ پێ.م خوێندنو نوسین دەستپێکردوەو. ئەگەر لە خاکی کوردستانی کۆنا لەمەولا نوسراو ئەدۆزرێتەوە لە بابەت (زمان)ی ئەم نەتەوانەشەوە هیچ کات زانیاری پەیدا ناکرێت.

لەسەر ئەوەشا مادەم نوسراوی (عیلام، گۆتی، کاسی)ی دۆزراوە هەیە کە هێشتا نەخوێندراوەتەوە، بێ هیوا نابین بەڵکو ئەگونجێ بەهیوا بین کە هەوڵی زاناکان بچێتە سەر و ڕمووزی ئەم نوسراوانەمان بۆ بخوێنرێتەوە، ئەوسا ئەو ئیدیعایانە بە درۆ دەرئەچێت کە ئەڵێن ئەقوامی کۆنی ئەژادی (کورد)و زمانەکانەی خۆیان تەنیا بۆ (وتن)و زمانی (بابلی)و (ئاشۆری)یشیان بۆ (نوسین) بەکارهێناوە. خۆ ئەگەر خوایکرد نوسراوەکان خوێندرانەوە ئەوسا لەگەڵ ئاوو نیشانیانا گەلێ شتی پەنهانی

نەکرێتەوە. لەدوای ئەم وتارە درێژە، ئینجا با بێینە سەر چەندوچوونی زمانی تەبەقەی دووەمی نەژادی کورد یەعنی (ماد) و خزمەکانی تری ئەو نەتەوانە. وەنەبێ بەمەعەیەنی زمانی قەومی (ماد) و شێوەی تیرەو تایەفەکانیان دیار بێت. هەر چەندە زاناکان ئەڵێن کتێبی (ئاوێستا)ی (زەردەشت) بە زمانی (ماد) نوسراوە کە بەمەشا ئەگونجێت بڵێین (ئاوێستا) بە زمانی کوردی کۆن بێژراوە، بەڵام خۆ بەو زمانە تاکو ئێستا نوسراوێکی تایبەتی نەدۆزراوەتەوە کە لەگەڵ (ئاوێستا)دا بەراورد بکرێت تاکو حەقیقەت دەرکەوێت لەسەرئەوەشا مادام (زەردەشت) خەڵکی (مێدی)یە بووە کتێبی (ئاوێستا)شی هەر بەوزمانە نوسیوە کە ئەویش لەگەڵ زمانی پارسییەکانی ئیستای هیندا فەرقێکی ئەوتۆی نیە. عێلاتی (ماد، کاردۆخۆ، پارس، پارت) تیرەو کۆماری عێلاتە زۆرەکەی (ئاری)ن با بەشێوەش زمانەکەیان فەرقی هەبێت، خۆ بە بناغە هەریەك زمان بوون. ئەم جۆرە فەرق و فرووقەی شێوەی زمانە لە هەموو نەتەوەکانی سەرزەمینا ئێستاش هەیە. پیشەی سروشتی وای ئەهێنێتە پێشەوە مادام نەتەوەکان تەرە ئەبن لەیەك، بۆیە زمانەکەیان وایلێبەسەر دێت وەکو مێژوو ئەڵی یۆنانە کۆنەکان بەهەموو کیشوەری ئێرانا گەڕاون و بەهەموو ئێرانیان وتووە (مێدیە) و کوردستانی ئێستا کە (مێدیە) ی جارانەو کوردەکانیش لەوێدا دانیشتوون کەواتە ئەمانە لەوانن لە (ماد) و (کاردۆخۆ) کانن، زمانەکەشیان مێراتییە لەوانەوە بۆیان ماوەتەوە ئەوە هیچ پەڵپی لێناگیرێت. کەواتە زمانی کوردی ئێستا ئەبێ وەك زمانی (ماد)ی کۆن بێت. مێژووی ئێرانی کۆن وتوویە: زمانی فارسی کۆن، (سانسکریتی هیندو زمانی (ئاوێستا)ی زەردەشت گشتی لە زمانی (ئاری) پەید بووە. زاناکانیش ئەڵێن کوردەکانی ئەمڕۆ لە نەتەوەی مادەکانن و زمانەکەیان لە زمانی ئەوانەوە هاتووە. لەدەوری ئەخەمەنییەکانا شێوەی زمانی نەتەوەی حاکم کە (فارس) بووە دیارە بووەتە زمانی ڕەسمی وتن و نوسین لە حکومەتدا. لەکاتی ئەو حاکمیەتەدا گەلێك وتەی فارسی کەوتووەتە کوردییەوە. تەنانەت زمانی تایەفە کوردەکانی جەنووبی غەربی ئێران کە (لوڕەکان)ە وتەی فارسی زیاتر تێکەوتووە، چونکە ئەمان نزیکتر بوون بە فارسەکان؟[10]. ناوچەی (کاردۆخ)و (مێدیە) وتەو شێوەی (ئەرمەنی) وە لە دوایدا (ڕۆمی)ی تێکەوتووە، چونکە کوردەکانی شیمالی ئێران زۆر نزیك بوون بە مان. لەسەر ئەوەشا لەدوای حوکمی ئەخەمەنیەکان

[10] سەیاحەتەکانی (هەر دوت) پیشانی ئەدات.

شێوەیەکی تازە لە شیمالی ئێرانا پەیدابووەو باوی سەندووە لە مێدیەی جاران. ئەهالی بەم شێوە تازەیەیان وتووە پەهلەوی. دواجار ئەم شێوە تازەی زمانە بووەتە زمانی ئەدەب و نوسین و ساسانییەکان کردوویانە بە لەهجەی ڕەسمی حکومەت . خاوەنی (مێژووی کۆنی ئێران) ئەڵێت: لە وردبوونەوەی ئاثارو نیشانەی دۆزراوە بۆمان دەرئەکەوێت کە زمانی (پەهلەوی) لەدوای دەوری ئەخەمەنی بووەتە شێوەی زمانی هەموو خەڵکی ئێران. تەنانەت کە ئیسلامەتیش پەیدا بووە هەتا سەردەمێك لەهجەی پەهلەوی لە هەموو ئێرانا هێشتا زمانی کۆمەڵانی خەڵك بووە. لەم دواییەدا لە (فەیووم) لە میسر نوسراوێك دۆزراوەتەوە هی کاتی سەدەی دووەهەمی هیجرییە بە زمانی پەهلەوی نوسراوە، ئەگەڕێتەوە بۆ کاتی ساسانییەکان، وا دەرکەوتووە ئەم نوسراوە زۆر نزیکە بە زمانی کوردی چونکو وتەی نوسراوەکە زۆر لەوتەی (کوردی)ی ئێستا ئەچێت وەکو وتەی (دینی کەرت) یەعنی (ئایینی کورد) لەو نوسراوانەیە. وە لەسەدەی سێهەمی هیجریدا نوسراوێکی تریش دۆزراوەتەوە بەناوی (داستانی دینك) ئەم نامیلەکەیە کە بە شێوەی (کوردی کرمانجی) نوسراوە باسی ئایینی زۆر تیایە)[1]. زانای ئەم باسە ئەڵێت ئەلف وبای پەهلەوی زۆر سەختو گران بووە چونکە وەها دەرکەوتووە کە لە نوسینی پەهلەویدا هەزار پیت زیاتر بەکارهێنراوە، وە (ئەلف و با)ی پەهلەوی لە (ئەلف و با)ی ئارامیی وەرگیراوە. لەناو زاناکانا وا باوە ئەم جۆرە نوسینانە تەنیا قەشەی مەجووسەکانی ئیستای هیندوستان کە (پارسی)یەکانن ئەتوانن بیخوێننەوە. ئەو نوسینانەی لە ڕۆژاوای ئێرانا لەدوای (ئەسکەندەر) دۆزراونەتەوەو بە زمانی پەهلەوی نوسراون، لای زانایانی ئاثار بوونەتە (بەڵگە) بۆ سکەی دەوری ساسانی کە ئەدۆزرێتەوەو هەندێك زاناش ئەڵێن دەنگ وایە لەکاتی دوایی ساسانییەکانا بەفەرمانی شای ئێران شێوەی (فارسی) بووەتە زمانی ڕەسمی حکومەت ، چونکو نووسینو خوێندنەوەی پەهلەوی زۆر گرانبووە. لەبەر ئەوە بەناچاری وازیان لێهێناوە. جا، ئەوسا بەم زمانە سووك و تازەیە کتێبی (ئاویستا) تەرجەمە کراوە، پێیان وتووە (زەند) وەیا (زەنداویستا). جا سەرگوزوشتەی (زەنداویستا) بەم دووجۆرەیە. لە دواییدا کە ئیسلامیەت پەیدا بوو، وە بە کوردوفورسەوە هەموو ئێران بووەتە موسڵمان، وەخت بووە ئەمانە هەمووی لەناو

---

[1] بۆ زانینیی زیاتر بڕوانە مێژووی امین زکی بەرگی یەکەم بەعەرەبی باسی (اللغـة و اللسان) ل٢١٤-٢١٩.

بچێت گشت زمانی (ئاری) خۆی بگرێتەوە. بەرەنجامدا پاشاکانی سامانی (بوییەکانی) گەیشتوومنەتە فریایو نەیانهێشتووە ئەم میراتی ئارییە یەعنی زمانی ئاری بە یەکجاری لەناو بچێت. ئەمریان کرد کە زمانی ڕەسمی حکومەتی ئێران (فارسی) بێت لە(٣٦٧هـ ، ٩٧٧م)دا. ئەم مەترسییە لەبەرئەوە بووە کە وتەی (عەرەبی) بە لێشاو کەوتووەتە زمانی فارسییەوە خەریك بووە زمانە کە هیچ بایەخی نەمێنێت[١٢].

بێینەوە سەر زمانی کوردی کە هیچ دالدەیەکی نەبووە، وە کەسێك نەبووە پارێزگاریی بکا تەنیا هەڵکەوتی سروشتی جوغرافیای (نیشتمانی کورد) کەوتووەتە فریای. یەعنی چیاکانی کوردستان بۆی بوومتە پەرژین لەگەڵ زمانەکەیا نەتەوەکەشی پاراستووەو لەناو نەچووە.

کورتەی تطوراتی مێژوویی زمانی کورد لە (٣) هەزار ساڵ پێش میلادەوە

کورد، وەك قەومایەتییەکەی لە تێکەڵبوونی نەتەوەی کۆنو تازەی (ئاری) بەرهەمهاتووە، زمانەکەشیان بەهۆی ئەم تێکەڵاوبوونەوە ئاڵوگۆڕی تێکەوتووە، عێلەگەورەکانی (ماد) کە گەیشتوونەتە. ڕۆژاوای ئێرانو زاڵبوون بەسەر تایەفە کۆنەکانی زاگرۆسا، تایەفە کۆنەکان لەژێر ئەم ئارییە تازانەدا توانەوەو تێکەڵیان بوون. زمانی (ماد) بەم تێکەڵبوونە زۆر وتەی تازەی تێکەوتووە وڵاتی تازە، ناوی تازە، نەتەوەی تازە، چەشنە سەرزەمینی تازەی خوڵقاندووە. بەکاوخۆی هەموو شتێك گۆڕراوە. زمانی ماد هیچی لەکیس نەچووە، بەڵکو بەوتەی تازە زمانەکەیان دەوڵەمەندبووەو بەڵکو شێوەکەشی گۆڕراوە، نەخوازەلا لەناو تیرەی نەتەوەکانا.

لە ١٤٠٠ پ.ن.م تا ٦١٢ پ.ن.م:

ئینکار ناکرێ کە کوردو فورسەکان ئیمڕۆ خزمو کەسی یەکترین، وە لە زمانیشا بەیەك بێگانە نین، بەڵام چونکە ناوچەی جوغرافییان جیابووە تطوراتیشیان جیاجیا بەسەرهاتووە. زمانی فارسی لە ناوچەی خۆیا ئاڵوگۆڕی تێکەوتووە. هەرچی زمانە کوردییەکەیە لەدوای تێکەڵبوونی ماد بەباقیاتی تایەفە کۆنەکانی کوردستان، ئەویش

---

[١٢] مێژووی امین زکی تەرجەمەی عەرەبییەکەی. بەرگی یەکەم ل٣٢٢-٣٢٤.

له ناوچەی تایبەتی خۆیا تطوری بەسەرا هاتووەو شکڵی زمانێکی ئاری تازەی سەندووە. ئەمجا دیارە لە فارسی چوونی زمانی کوردی لەبەرئەومیە کە ڕەگەزی هەردوو زمانەکەیە، ئەگینا زمانی کوردی تێکەڵو پێکەڵیووی زمانی فارسی نییە، بەڵکو زمانێکی جیای سەربەخۆیە وەك (سێر سیدنی سمیث) خاوەنی مێژووی (ئاشۆر) ئەڵێت: لەسەدەی شەشەمی پێش زاییندا نەتەوەی کورد زمانی تایبەتی خۆی هەبووە لەناو زمانەکانی چواردەوری خۆیا. وە (مێجەر سۆن)یش ئەڵێت: ئەمە ڕاستەو زمانی کوردی لەو کاتەدا سەربەخۆ بووە (١٤٠٠پ.ز.م تا ٤٠٠ پ.ز .م)[١٣]. زمانی پێشووی (ماد)و (پارس)و (هیندی)یەکان کە لە کاتی تەق و ڕەوی جیابوونەوە کەیانا چونیەك بووە، بەمرووری زەمان زۆرگۆڕراوە. لە هیندا ناوی بووەتە (سانسکریتی) و زمانی ئێرانییەکانیش لەسەرشێوەی تازە پێیان وتوون (پەهلەوی)و (فارسی) کە جیاجیا دوو شێوەی شیمالو جەنووبی ئێران بووە. پەهلەوی لەسەرشێوەی (ماد) و (کورد)ەکان بووەو سەردەمێکی زۆر زمانی ئەدەبو ئایینو زمانی ڕەسمی حکومەت بووە بە تایبەت لە کاتی ساسانیدا. ئەگەرچی فارسییەکە ئیستیقامەتێکی ئیسلاحی تازەی وەرگرتووە، بەڵام وتەی زۆری بێگانەشی کەوتووەتە ناوو گەلێك وتەی (ئاری)ی کۆنیشی لەکیسچووە. ئەوسا شێوەی شیمال کە تەرخان بوو بۆ (پەهلەوی) وردە وردە بۆ زمانە کوردییەکە ساغبووەتەوە، وە لە شێوەی جەنووب زیاتر لەسەر بناغەی زمانی ئاری کۆن ماوە. هەرچەندە ئەویش هەندێ وتەی ئەرمەنیو ڕۆمیو قافقاسی تێکەوتووە. بەڵام بەمانەش تطورات نەبڕاوەتەوە بەڵکو لەدوای پەیدابوونی ئیسلامیەت و بوونی قەومی (کوردو فورس) بە ئیسلام، زمانی (فارسی)و(کوردی) بەهێزش وتەی عەرەبی تێکەڵ بووە لە(٧٠٠م)تا(٩٥٠م) وە لەمدوایەدا تورکییشی تێکەوتووە. کورد کە بووەتە موسڵمان لە کەمتەرخەمی (مەلا)کانیشەوە وتەی ئایینی عەرەبی تێکەوتووە، بەڵام دیسان لە فارسی چاکتربووە، چونکە هەرچی کوردییەکەیە هەر لەنووکەوە وەك فارسییەکە بەرهەڵەمەتی عەرەبی نەکەوتووە، چونکو

---

[١٣] مێژووی کوردو کوردستان تەرجەمەی امین زکی بەرگی یەکەم، ل٣٢٢-٣٢٤.

نوینندموارمکانی کورد لەگەلْ عەرەبیو فارسیدا خەریکبوون بە کوردی نەیاننوسیوەو ـەیانخوێندووە، وەك زاناکانی بێگانە ئەڵێن. (مێجەرسۆن) کـە زانایـەکی ئیـدارکو ـوستەشیریقێکی بەناوبانگی ئینگلیزەو لە کوردێك چاکتر، زمانی کوردی زانیـوە، لـەم :یەنەوە ئەڵێت: ئەو زمانەی کە کوردەکانی ئێستا قسەی پێئەکەن وەنەبێ شێوەیەکی ێسەرو بێ قاعیدە بێت، بەڵکو شێوەیەکی پاکوخاوێنی (ئاری)یە، لە زۆرکۆنەوە خۆی اگرتووە، هەتا گەیشتووەتە ئیمڕۆ لە گشت زمانە ڕۆژهەڵاتییەکان زیاترخۆی لەوتەی عـەرەبی پاراستووە تـەنیا هـەندێك وتـەی ئـایینی کەوتووەتـە نـاو (ئـەوەش چـارە ـەکراوە) ئەگەر زمانـی کوردی (کەیان)ی ببێت و بپـارێزرێت و زانـای قـەومی خۆیـان ـەگەڵیا خـەریك ببێـتو ئـەوەی بۆزمـانی ترئـەکرێت، زانـاو ئـەدیب و شـاعیرەکانی کوردیش بۆ زمانەکەی خۆیان بیکەن، شك و شوبهە نییە کە زمانی کوردییش ئـەبێت ـە زمانێکی گشـتی ئـەوتۆ کـە هـەموویان بـەبێ زەحمـەت قسەی پێبکـەن، نـەك وەك ێستا هەر تیرەیەك لەشێوە تایبەتییەکەی خۆی زیاتر نەتوانێت لە شێوەکانیتر بگات. (مێجەر سۆن) ئەڵێت: زمانی کوردی ئیصلاحاتی ئەوێت. ڕێگا بدرێ کە لە قـەواعیدو نوسینو سەرف نەحوی کوردیدا ناهەمواریبەکانی تێدا نەمێنێت ئەڵێت: زمانی فارسی تطوری کردووە بەڵام کەس لە زمانی کوردی نە پرسیوەتەوە. هـەموو ئـەزانین کـە لـە کاتی کۆنا زمانی فارسیو کوردی یـەك بـووە جیـاواز نـەبوون. لەپاشا لێکجیابوونـەوە، جیاجیـا تطـوری تازەیـان بەسـەرا هاتووە[٩]. فارسـی هـەرە کـۆن نـەماوە. هـەر شـێوە چووەتـە سـەرلەهەجەیەکی تـازە بۆخـۆی. کوردییـش لەناوچـەی قـەومی خۆیـا تطوریکـردووە، واتـە شـێوەکانی (بـاری) تازەیـان وەرگرتـووە. هەڵکـەوتی سیاسـی و کۆمەڵایەتی (کوردستان) وای هێناوەتە پێشەوە کەگەلی کورد (کەیان)ی نەبێت، وە لە بەرئەوەشـە کـە زمـانی کـوردی هیـچ کـاتێك شـێوەیەکی گشـتی یـەکزمانی بـۆ ڕێکنەکـەوتووە، بـەڵکو وەکـو ئێسـتا ئـەبینرێت بەشـێوەیەکی جۆراوجـۆری وەك کرمانجی، سۆرانی، لوڕیو بادینیو، هەندێك (لەك) هەیە بەشێوەی وردەلەتریش قسە

---

[٩] بەرگی یەکەمی تەرجەمەی عەرەبیی مێژووی امین زکی.

نەكەن. ئەم ڕووداوە تەنیا هەربۆكورد نییە، بەڵكو هەموو نەتەوەیەك لەسەر ئەم سەرزەمینە تووشی ئەم حاڵەتە بووە وەكو زمانی (عەرەبی) كە گەلێك شێوەی لێ بووەتەوە، كەچی بەلەهجەی (قورئان)خۆی لە پرش و بلاوبوون پاراستووە، یەعنی ئەو شێوەیە بووەتە (سەرۆك)ی هەموو شێوەكانیتر. ئینجا ئەو ڕێكەوتەی بۆ عەرەبی وەیا توركی و فارسیو زمانی تر هەڵكەوتووە بۆ (كوردی)ی هەژار هەڵنەكەوتووە. لەهەموو قەومەكانی تری جیهانا ئەم تطوراتە هەیە. هەموو (زانا)كانی (زمان) با جەوتییش لە زمانەكەیانا بێ، ئەو كۆمارو تیرانەی كە لە ڕەگەزێكەوە پەیدا بووە، پۆستە پۆستە جیایانكردوونەوەو هەر كۆمەڵەیان داناوە بە تیرەیەكو ناوێكیان لێناون وەكو: كۆمەڵی (سلاو)و كۆمەڵی (جەرمەن)و كۆمەڵی (لاتین)و كۆمەڵی (سامی)و كۆمەڵی (ناری). لە تیرە نەتەوەكانی كوردیشا عەینی شت پەیدابووە وەك عەشایری (جاف)و تیرەكانی. ئینجا ئەگەر بمانەوێ لەمەزیاتر لەسەر ئەم باسە بڕۆین پێویستە تەماشای یەكەم جزمی تەرجەمەی عەرەبی مێژووی ئەمین زكی بكەین لە لا٣٢٥ دا. بۆ ئەوەی لە چەندوچوونی شێوەكانی زمانی كوردی چاكتر تێبگەین، وا لەوتەی هەمە جۆر شێوەی كوردی پێنج لیستە دروستكراو خرایە سەر ئەم كتێبە. لاموایە خوێندەوارانی بەڕێز لە موتالا كردنی ئەم لیستانە زۆر كەڵك وەرئەگرن. ئینجا تا ئێرە باسی بناغەو ڕەگەزی زمانی كوردیمان كرد كە چلۆن تطوری كردووە. لەمەولاش باسی ئەوە ئەكەین كە ئێستا لەسەر چی شێوەو ئاهەنگێك ساغبووەتەوە، یەعنی كوردەكانی ئێستا چلۆن قسە ئەكەن و لەگەڵ یەكا شێوەیان چلۆنە. شارەزاو زاناكانی زمانی كوردی تێكڕا زمانەكەیان كردووە بە چوار (بەش)ی گەورەوە وەكو: زانای گەورە امین زكی بەگ كەوەك لای خوارەوە دابەشی كردووە

١- كرمانج ٢- لوڕ ٣- كەلهوڕ ٤- گۆران.

وە ئەبێ هەرچی شێوەیەكی كوردی هەیە گشتی چوبێتە ناو ئەم چوار بەشە گەورەیەوە، بەڵكو تەكو توون شێوە هەیە نانوسێت بەمانیشەوەو ئەوان سەربەخۆن بە جیا ئەمێنێتەوە. خاوەنی (فەرهەنگی خاڵ)یش بەمجۆرەی لای خوارەوە دابەشی كردووە:

١- زازا

٢- كرمانجي دهسته چەپ، واته (شيمالی) كه بۆتانی، بادينانی، هەكاری، بايەزيدی، شەمدينانييه

٣ كرمانجي دهسته ڕاست كه سۆرانی، بابانی، موكريانی، ئەردەڵانی، كەڵهوڕی گۆرانييه .

٤- لوڕی، كه بەختياری، لەكی، فەيلييه. لەسەر حيسابی وتەی ئەمين زكی بەگ ئەڵێن: شێوەی كرمانجی: دوو كۆماری گەورەی جياجيايه، يەكەم (كرمانجو ڕۆژهەڵات) دووهەم (كرمانجی ڕۆژاوا). كرمانجی ڕۆژهەڵاتيش دابەشبووه بەسێ شێوەی گەوره ١- سولەيمانی (بابانی) ٢ موكری ٣-سۆرانی. ئەم سێ تاقمە كۆمار بەمجۆره دابەشبووه: مابەينی (سيروان و زێی بچووك) بابانييه. (مابەينی زێی بچووك و زێی گەوره) سۆرانييه (شنۆ)و (لاهيجان)و (مەهاباد) و (مياندواو موكريانه. ئەم شێوانەی لای سەروو زۆر صاف و شيرينه. وتەی زۆره، زۆربەی شاعيرو ئەديبی كورد لەمانه هەڵكەوتووه. سولەيمانی لەبەشی كوردستانی عيراقەو، موكری بەشی شيماله له كوردستانی ئێران، له مێژوودا هێشتا ساغنەبووەتەوه كه وته (له فظی) كرمانج له چييەوه هاتووه. كرمانجی ڕۆژاوا وه يا (زازا) كۆماری هەره گەورەی زمانی كوردييەو ڕەگەزی زمانی (كرمانجی)يه. كوردستانی گەوره نيشتمانی مێژوويی ئەم كۆمارەيه. ئەو كوردانەی دەوڵەتی (ئاشۆری)يان لەناوبرد زۆر ئەگونجێت بە شێوەيەكی كۆنی ئەمانه قسەيان كردبێت. ناوچەكانی كرمانجی ڕۆژاوا (زازا) ئەمانەی لای خواروون: دياربەكر، ماردين، سيوەرۆك، ئەسيبين، ئەزەرنجان، بۆتان، هەكاری بيتليس، ئەرزڕۆم، ئورميه، خەرپوت، دێرسم، وان، فارس، سنجار، عماديه، زاخۆ شەمدينان، چۆڵەمێرك، ئەكرێ، سعرد، ئاگين، مەلاتيه، بەكورتی هەموو كوردستانی توركيای ئێستاو لەتەنافی (موسڵ) ئەكرێ بەرەو شيمالی عيراق ، هەموو كوردەكان بەمشێوەيه قسه ئەكەن. تايەفەكانی (قافقاس)و (كوردی خوراسان) لەناو ئەمشێوەيەدان. لەهجەی زازا ڕوون و خاوێنه، ئەداكەيان سەختەو بەهێزه، كرمانجو ڕۆژهەڵاتی به زەحمەت ئەتوانن قسه لەگەڵ (زازاكان) بكەن.

شێوەی لوڕ: یەکێکە لە شێوە گرنگەکانی زمانی کوردی. لەگەڵ شێوەکانی ترا زۆر جیاوازە. زۆربەی عێل و عەشرەتەکانی جەنووبی ڕۆژاوای ئێران بەشێوەی لوڕ قسە ئەکەن. ئەم شێوەیە لەچاو کوردییەکانی ترا زۆرتر لە فارسی ئەچێت، چونکو شانەو شان لەگەڵ فارسەکانا پێکەوەن، وە فارسی عونصوری حاکمە دیارە تەئثیری تێکردووە. کەچی لەسەر ئەوەشا بە کوردی دا ئەنرێت نەك بەفارسی. ئەم لوڕانە چوار بەشن :

١- لوڕی ئەصلی (فەیلی)

٢- مامە سانی ٣ - کۆە گلۆیی ٤- بەختیاری. زمانی فەیلی یەعنی لوڕی بچووك زۆر لە شێوەی ڕۆژهەڵات ئەچێت. فەیلییەکان خۆیان ئەڵێن ئێمە کوردین. شێوەی سێ تایەفەکەی تر زۆرتر گۆڕاوە بەلای فارسیدا، بەڵام دیسان کوردییە. تەماشای لیستەی وتەکان بکرێت فەرقی شێوەکان دیاری ئەدات. ئەم کوردانە وەختیخۆی بە تەهجیریی هاتوون و بەمروور شێوەی زمانەکەیان گۆڕراوە. نیشتمانی لوڕەکان لە (خانەقین)ەوە بەرەو ڕۆژهەڵات دەسپێنەکا تا (کرماشان) (ئەهاوەند) بەهەموو (پشت کێو)ا بۆ (عەلی غەربی) لەسەر ڕووباری دیجلە هەمووی (لوڕستان)ە، هوڕەکان لە جەنووبی کرماشان و ئەهاوەندا دانیشتوون زۆریان نیشتەجێبوون، کەمیان لەسەر کۆچەریی ماون. ئەمانە ٢٥ تیرەیەك ئەبن[٥]. شێوەی (کەلهووڕ) و تیرەکانی فەرقی زۆرە لەگەڵ شێوەی کوردییەکانی تر. ئەمانە بە وتەی (فارسی) چەواشە بوون، بەڵام لەسەر ئەوەشا هەر کوردییە بە (فارسی) ناچێت. لە هەجەی (گۆران و هەورامیو لەك)یش لەشێوە کوردییە صافەکان نین. ئەگەر ئەمانە قسە بکەن لەگەڵ کوردی ترا لە یەکتری ناگەن. کەس نازانێت ئەم شێوانە چلۆن دروستبووە، شێوەی (گۆران) و (هەورامی) لە شێوەی ئەتەوەی (تاجیك) ئەچێت. ڕەنگە ئەمانەو (تاجیکەکان لە ئێرانا زۆر پێکەوەبووبن، مەگەر هەر خۆیان کە قسەیانکرد لەیەك بگەن. شێوەی کوردی (بلووچ)یش تایبەتییە (براخوویی) پێئەڵێن،

---

[٥] کتێبی (الاکراد) مێژووی (باسیل نیکیتین) ل١٧١ - ١٧٢.

شێوەی (هیندیو بلووجی) یان تێکەڵبووە[1]. لەک لای لوڕستانەوەیە. شێوەیەکی سەربەخۆیە. کەوو زۆر فەرقی هەیە لەگەڵ ئەوانی تر، لەناوچەی (فارس)یشدا عەشایری (لەک) هەیە دیسان بەو شێوەیە قسە ئەکەن زمانی خەڵکی کوردستانی ژوورو ڕەقێتی و درشتی تیایە، زمانیان لەگەڵ خەڵکی جەنووبا دووربونەوەیەکی گرانی تیا ئەبینرێ بە جۆرێکی وەها کە هەندێك (پیت)و دەنگ لەناوئەمانا زۆر گۆڕراوە. ئەمەش بۆیە وایلێهاتووە کە لە یەکتری زۆر دوور کەوتوونەوەو هیچیان بەسەریەکەوە نەماوە. بەدرێژایی ژیان هەریەکە لەناوچەی خۆیا لەگەڵ ئەقوامی جیاجیادا تێکەڵبووە. زمانیان وایلێهاتووە وتە ئەسڵییەکانیان زۆر گۆڕراوە، وەکو لە پیتی وتەکانی لای خوارەوەدا بە ئاشکرا بەرچاو ئەکەوێ:

پێنج جەدوەل لە بارەی فەرقی شێوەو زمان لەناو کوردەکاندا

جەدوەلی یەکەم:

کرمانجی غەربی (بەهدینانی)	کرمانجی شەرقی (مهابادی)	هەورامی	لوڕی لەکی	لوڕی فەیلی	فارسی	عەرەبی
هەرە، بچە	بڕۆ	لووە	بچۆ	بچۆ	برو	اذهب
ڕۆنە، ڕۆنێ	دانیشە	نیشەرە	بنیش	بنیش	بنشین	اجلس
ژوور، سەر	سەروو	سەر	بان	ئەویان	بالا	فوق
ڕەهنگـــوی، هەنگڤ	هەنگوین	هەنگوین	عەسەل	عەسەل	انگبین	عسل
بـش، شمتـی، زیش	شوتی	شوتی	خەروزە	شامی	خربزە	بطیخ
هێژیر، هێجیر	هەنجیر	هەنجیرە	ئینجیر	ئەنجیرە	انجیر	تین
هـــەرمێ	هەرمێ	هەمرۆ	ئەرمووود	ئەرموود	ارمود	کمثری

[1] مێژووی بەعەرەبی تەرجەمە کراوی امین زکی بەرگی یەکەم ل٣٣٢-٣٤٥.

						ئەشكرك
تفاح	سيب	سێو	سێف	ساو	سێو	سێف
حصان	اسپ	ئەسپ	ئەسپ	ئەسپ	ئەسپ	هەسپ، حەسپ
شعير	جو	جەوە	جەو	پەوی	جۆ	جە، جۆ
اتى	من بیم	ئەیتم	ئەیتم	من مەو	یەم	دەئێم، یتم
انهض	برخيز	ئەڵس	فیری	هورزە	هەڵسە	رابە، هۆلـۆ، ورزە.
عنب	انگور	ئەنگوور	ئەنوور	هەنگوور	ترێ	ترا، ترێ
غنم	گوسفند	مى	مى	مەڕ	مەڕ	پەز، بز جلیر: پەز
زبيب	مويز	مەویژ	میویژ	هەجکوجی	مێوژ	مووێژ
ابيع	میفروشم	ئەفروشم	ئەفرووشم	ورشوو	ئەفرۆشم	دەفرووشم
اليوم	امروز	ئەمرووژ	ئیمروا	ئارۆ	ئیمرۆ	ئێرۆ، ئۆرۆ
هذا المساء	امشب	ئیمشەو	ئیمشەو	ئێشەو	ئەمشەو	ئیشاف، ئۆشۆ
لا اعرف	نميدانم	نازانم	نازانم	مەزنوو	نازانم	نزانم، نوزانم

جەدوەلی موقایەسەیوشە لە مابەینی زمانی نەتەوەکانی لای خواروو

جەدوەلی دووەم

کورد	فورس	عەرەبی	تورك	کورد	فورس	عەرەب	تورك
ئاو	ئب	الماء	صو	سال	سال	العام	ییل
نان	نان	الخبز	جورەك	تیر	تیر	السهم	اوق
گۆشت	گۆشت	اللحم	ئیت	کەوان	کمان	القوس	یای
ئاسمان	سمان	الفلك	کوگ	خەنجەر	خەنجەر	خنجر	دەشنە
باران	باران	المطر	یاعموز	گەنم	گندم	الحنطة	بوغدای

با	باد	الريح	یەل	جۆ	جو	[illegible]	اربە
سەرما	سرد	البرد	ساوق	شیر	شیر	اللبن	سود
زستان	زمستان	الشتاء	قیش	دۆ	دوغ	المخيض	ەیران
شەو	شب	الليل	یجە	سەر	سر	الرأس	باش
ڕۆژ	روز	النهار	گون	دەست	دست	اليد	ئەل
مانگ	ماه	القمر	ای	پێ	پا	الرجل	ئەیاق
سوپەر	سپر	الترس	قالقان	ڕۆن	روغن	الدهن	یاغ
ئەستێرە	ستاره	الكوكب	ییلدز	چاو	چشم	العين	گوێر
خانوو	خانه	الدار	ایو	ئەمووست	انگشت	الانملة	پارمق

جەدوەلی سێیەم

وشەی (ئاو- ماء)	لە شیمال بوومتە (ئاب)	وە بەلەهجەی سلێمانی (ئاو)
وشەی (وەفر – ثلج)	لە شیمال بوومتە (بەرف)	وە بەلەهجەی سلێمانی (بەفر)
وشەی (هوری، خوری – الصوف)	لە شیمال بوومتە (هری)	وە بەلەهجەی سلێمانی (خوری)
وشەی (کاکز- الورق)	لە شیمال بوومتە (کاکیت)	وە بەلەهجەی سلێمانی (قاقەز)
وشەی (دان – السن)	لە شیمال بوومتە (ددان، دران)	وە بەلەهجەی سلێمانی (دان)
وشەی (خوێشک – الأخت)	لە شیمال بوومتە (خوالیك)	وە بەلەهجەی سلێمانی (خوشك)
وشەی (کچ – البنت)	لە شیمال بوومتە (خز، قیز)	وە بەلەهجەی سلێمانی (کچ)

وشەی (تاو – الشمس)	لە شیمال بوومتە (تاڤ)	وە بەلەهجەی سلێمانی (رۆژ)
وشەی (نومی- هو)	لە شیمال بوومتە (ئەویش ئەو)	وە بەلەهجەی سلێمانی (اوی)
وشەی (پیاو- الرجل)	لە شیمال بوومتە (میرء پیا)	وە بەلەهجەی سلێمانی (پیاو)
وشەی (مل – رقبة)	لە شیمال بوومتە (نیستوو)	وە بەلەهجەی سلێمانی (ئەستۆ)
وشەی (نویستوو- نائم)	لە شیمال بوومتە (ڕاكوا – ڕازایی)	وە بەلەهجەی سلێمانی (نووستوو)
وشەی (ئاف – ماء)	لە شیمال بوومتە (ئاف)	وە بەلەهجەی سلێمانی (ئاو)
وشەی (باف – الاب)	لە شیمال بوومتە (باو)	وە بەلەهجەی سلێمانی (باوك)

بەسوودی چوارەم

وتەی (میکنم) ی فارسی بە زمانی (لوڕ) بوومتە (ئەمکونەم)	یەعنی (اعمل)
وتەی (میخرم) ی فارسی بە زمانی (لوڕ) بوومتە (ئەمخڕەم)	یەعنی (اشتری)
وتەی (ادم) ی فارسی بە زمانی (لوڕ) بوومتە (ئادوم)	یەعنی (الانسان)
وتەی (پل) ی فارسی بە زمانی (لوڕ) بوومتە (پیل)	یەعنی (الجسر)
وتەی (میدهم) ی فارسی بە زمانی (لوڕ) بوومتە (ئەمیدهەم)	یەعنی (اعطی)
وتەی (خانە) ی فارسی بە زمانی (لوڕ) بوومتە (خونا)	یەعنی (الدار)
وتەی (جامە) ی فارسی بە زمانی بەختیار بوومتە (جوا)	یەعنی (الثوب)
وتەی (ایشا) ی فارسی بە زمانی (لوڕ) بوومتە (ئیسا)	یەعنی (هم)
وتەی (انها) ی فارسی بە زمانی (لوڕ) بوومتە (ئیگال)	یەعنی (هؤلاء)
وتەی (آنراگرفت) ی فارسی بە زمانی (لوڕ) بوومتە (یوناگوت)	یەعنی (اخذ منه)
وتەی (ئەمکونەم) ی لوڕیبە زمانی کوردی سلێمانی بوومتە (ئەمکەم)	یەعنی (اعمل)
وتەی (ئەمیدهەم)ی لوڕی بە زمانی کوردی سلێمانی بوومتە (ئەمیدەم)	یەعنی (اعطی)
وتەی (یوناگوە)ی لوڕی بە زمانی کوردی سلێمانی بوومتە (ئەمەی گرت)	یەعنی (اخذ منه)
وتەی (ئەمخڕەم)ی لوڕی بە زمانی کوردی سلێمانی بوومتە (ئەمکڕم)	یەعنی (اشتری)

جەدوەلی پێنجەم

بەراوردی زمانی (کوردی) و (فارسی) لەگەڵ (ئاوێستا) دا

زمانی کوردی		زمانی ئاوێستا	زمانی فارسی ئێستا	تەرجەمەی عەرەبی
لەهجەی سلێمانی	لەهجەی کرمانجیو زازایی			
گورە	مازن	ماز	سنگین- بزرگ	كبير، عظيم
بەرز	بڕ	بەرمزا	بلند	عالي، رفيع
ماسی	ماسی، ماسە	ماسیا	ماهی	سمك، حوت
تیژ	تیژ، تووژ	تیژ	تیژ	حاد، حامي
حوشتر	ئوشترا	ئوشتر	شستر	جمل، ابل
پرد	پورت، پر	پرەتا	پل	جسر
ڕۆژ	خۆر، ڕۆ	هۆر	افتاب	الشمس
مێش	مێش	مەخشی	مگس	الذباب
بەرخ	بەرخ	وراخا	برە	الخروف
قسە	کسە، قسە	خسا	حرف، سخن	الكلام
ویستن	ویشو، واشتن	واسی	خواستن	الطلب
زانین	زانین	زان	دانستن	المعرفة
من	ئەز، م	ئەزم	من	انا

جەدوەلی بەراورد کردنی وتەی تیرەکانی کورد

ئەم وتە ئەصڵییانە	لەشیمالا بووەتە ئەم وتەیە	وە بە لەهجەی سلێمانیش بووەتە ئەم وتەیە
ئاو	لە شیمالا بووەتە ئاب، ئاف	وە بەلەهجەی سلیمانیێش بووەتە ئاو
هوری، خوری	لە شیمالا بووەتە	وە بەلەهجەی سلیمانیێش

	هەری	بوومتە خوری
وەفر	لە شیمالا بوومتە بەرف	وە بەلەهجەی سلیمانی‌یش بوومتە بەفر
کاکەز	لە شیمالا بوومتە کاکیت	وە بەلەهجەی سلیمانی‌یش بوومتە قاقەز
دان	لە شیمالا بوومتە ددان	وە بەلەهجەی سلیمانی‌یش بوومتە دان
خویشك	لە شیمالا بوومتە خوالیك	وە بەلەهجەی سلیمانی‌یش بوومتە خوشك ، خۆیشك
کچ •	لە شیمالا بوومتە خز، قیز	وە بەلەهجەی سلیمانی‌یش بوومتە کچ
ناو	لە شیمالا بوومتە ناڤ	وە بەلەهجەی سلیمانی‌یش بوومتە ڕۆژ، خۆر
نوەی	لە شیمالا بوومتە نەویش، نەو	وە بەلەهجەی سلیمانی‌یش بوومتە نەوی
پیاو	لە شیمالا بوومتە میر، پیا	وە بەلەهجەی سلیمانی‌یش بوومتە پیاو
مل	لە شیمالا بوومتە ئیستوو	وە بەلەهجەی سلیمانی‌یش بوومتە مل، ئەستۆ
نویستوو	لە شیمالا بوومتە ڕاکوا، ڕازایی	وە بەلەهجەی سلیمانی‌یش بوومتە نوستوو
باوو	لە شیمالا بوومتە باڤ	وە بەلەهجەی سلیمانی‌یش بوومتە باوك

بێجگە لەمە وەنەبێ لەهجەی (کرماشان)و لەهجەی (کەلهوڕ)یش بەتەو

شێوەیەکی کوردی پەتی بن، کەوا لەگەڵ (لوڕ) و (لەك)ەکانا تێرەو تایەفەی کو

باشووری ئێرانن. ئەمانە تێکڕا کوردن و لەگەڵ فارسەکانا زۆرتر تێکەڵبوون، خۆ نێجگار دوو تاقمە تیرەکانی دوایی بە فەساڵیش و لەهجەشیانا فارس ئامێز بوون. بەکورتی: ئەگونجێ لەهجەکانی زمانی کوردی ئێستا لەسەر چواربەش جیابکرێتەوە، کەوا ئەمانە هەریەکە لەناوخۆیانا شێوەو قسەیان نزیکە بەیەک، بەڵام چواربەشەکە یەک بۆ یەکتری دوورترە لە یەک وەکو:

١-کرمانجی ی شیمالی غەربی: (زازاو بادینانی)	لەهجەی کوردەکانی تورکیاو شیمالی غەربی ئێرانوخوراسان و سوریەی ژوروو لەناو ئەم بەشەدان. ئەم لەهجەیە وێنەی زیندووی زمانی (ئاری)یە کە (زازا)شی پێ ئەڵێن.
٢-کرمانجی ڕۆژهەڵات (سۆران) و (موکری)	لەهجەی سولەیمانیو موکری تا (سنە) لەسەر ئەم بەشەن، خەڵکی بەینی هەردوو زێ و (سیروان) و شاخی قەشقە (حمرین) تا سنەو مەهاباد. بەم شێوەیە قسە ئەکەن. لەم تاقمەدا لەهجەی (هەورامی) لە زازایی ئەچێ.
٣-کوردی (کرماشان) و (سنە): گۆران) و (کەلهوڕ)	ئەم لەهجەیە شێوەیەکی تیکەڵبووی (کوردی، فارسی، لەکی، وە کەلهوڕی) یە بەو مەرجە بناغەی کوردییەکەی لە جێگای خۆی هەرماوە، خەڵکی کرماشانوولاتی سنەو کوردی (گۆران) و (کەڵهوڕ) بەم لەهجەیە قسە ئەکەن. ئێرانییەکان بەم وڵاتانە ئەڵێن (کوردستان). لەهجەی (گۆران) لە (زازایی) ئەچێ:
٤-کوردی (لوڕ) و (لەک):	ئەم لەهجەیە لە هی سەرەوە زیاتر نزیکە بە (فارسی)، بەڵام بونیەی زمانەکە دەری ئەخا کە بناغەکەی (کوری)یە، بەڵام زۆر تێکچووە، بریتییە لە شێوەی هەموو جەنوبی غەربی ئێران. قۆڵی

گەورەی ئەم لەهجەیە (فەیلی، بەختیار، لەك). کە (لەهجەی لەك) نزیکیشە بە (کەلھوڕ).

ئەوی سەرنج ئەداتە دابەشکردنەکەی ژورو جەدوەلەگەورەکەی پێشو ئەبینێت لە مەیانی سۆرانیو زازایی (یەعنی هەردوو بەشەکەی کرمانج) دا فەرقێکی ئەو تۆی نییە. کەچی لە لەهجەدا فەرقیان زۆرە لە تەصریفی فیعلەکانیو هەندێك وتەدا فەرق هەیە. وە دیسان کە ڕوانرایە بەشی لوڕی (فەیلی)ش و (لەك)یش ئەبینرێ ئەمانیش بە (کوردی) نزیکترن تاکو فارسی، بۆیە (لوڕ) فورس نییە (کورد)ە. کوردەکانی بلووج و هیند کە ئەمەی دوایی لە وڵاتی (سەند)ی هیندوستان بە جۆرە کوردییەك قسە ئەکەن (براخوویی) پێ ئەڵێن. کەلیماتی (بلوجی، هیندی، فارسی)یان تێکەڵاوەو ئێستاکە بەزمانی خۆیان ئەخوێنن و ئەنووسن. حکومەتی هیند موساعەدەی کردوون. کوردی بلووجو خوراسانو ئەفغان لە ڕۆژاوای ئێرانەوە بە دەربەدەری بڕۆنە ئەو وڵاتانەو بە ئاشکرا دیارە کە کورد زمانن[1].

سەرپەرشتی

ئینجا بۆ باسی (زمان) قسەی دواییمان ئەوەیە کە وەکوو لەپێش بەراوردی قسەی ناو جەدوەلەکانا وتمان، لەدوای ئیسلامیەت کوردەکانیشو فورسەکانیش کە بوون بە موسوڵمان تێکەڵاویەتی ئاینی سیاسیو ئیداریو کۆمەڵایەتی چووەتە گیانی لەهجەکانیانەوە ، خۆ ئێجگار زۆرتر کەوتووەتە زمانی فارسییەوە. ئینجا لەکوردیو فارسیدا زۆر بوونی وتاری عەرەبی لەم ڕووەوەیە، وە هەرلەبەرئەم جۆرە تێکەڵاویەتی ئەم چەند هەزار ساڵەشە کە سەرەڕای عەرەبی هەندێ وتەی فارسیو تورکیو ئارامیو ئەرمەنیش کەوتووەتە زمانی کوردییەوە. باوەڕ وەنەبێ ئەمە هەرلەزمانی کوردی قەومابێت ئەگەر تەماشای زمانی نەتەوەکانی تریش بکەین ئەبینین ئەمانیش لەم بەسەرهاتانە بەدوورنین، بەڵکو عەرەبیش وتەی بێگانەی

---

[1] ئەوەی ئەیەوێ لە بنج و بناوانی ئەم باسە بفکرێ بڕوانێتە بەرگی دووەمی مێژووی أمین زکی بەگ.

تێکەوتووە. ئەبینین زاناکانی تورکو فارسو عەرەب خەریکن زمانەکەی خۆیان لەم شتانە پاك ئەکەنەوە. جا لەبەرئەوە پێویستە زانا بەرێزەکانی کوردیش وەك ئەوان هەوڵ بدەن بەبڵاوکردنەوەی کتێبی (قامووسی کوردی) لەسەرشێوەو وتەی گشت تیرەو تایەفەکانو کتێبی (سەرف و نەحو)و (ئەلف بێ)ی بەکەڵك دروست بکەن تاکو بەهۆی زۆربوونی خوێندەوارو بڵاوبوونەوەی خوێندنو ئیصلاحاتی تەواوەتی بکەوێتە زمانەکەوە تاکو خوێندنو نوسینەکەمان یەکبگرێ، وە ئەو (وتە بێگانە)یە کە لەزمانەکەدایە بدۆزرێتەوەو لابدرێ، موقابیلەکانیان بە کوردی بگۆڕرێو ئەوانەی گۆڕینی مومکین نابێ کوردیش وەکو نەتەوەکانی تر بیکا بەماڵ بۆخۆی. بەدرێژەی خەریکبوونو هەوڵدانی (زانای زمان) چەوتییەکانی زمانی کوردی جێبەجێ ئەکرێ وەك لەزمانەکانی ترا چارەی دۆزراوەتەوە بەهەمان ڕێگادا هی کوردیش ئەدۆزرێتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی ئەم پێویستییانە سەر بگرێ ئەبێ لەپێش هەموو شتێکا لە کوردستانا خوێندنو نوسین بە زمانی کوردی بێ.

پەیدا بوونی ئایینی ئیسلام و لەناوچوونی کەیانی ئاری کۆن ٥٧١م – ٦٣٢م

لە پێش ئەوەدا بچینە ئەم باسەوە پێویستە چاوێك بەوڵاتەکانی ئاری کۆنا بگێڕین تا تێبگەین کە کەیانی بەرزی نەتەوەی ئاری لەگەڵ پەیدابوونی ئایینی ئیسلاما بۆچی خۆی نەگرتووەو خێرا ڕووخاوە. لەدەمی پەیدا بوونی ئایینی ئیسلامیەتا حاڵەتی کیشوەرەکانی ڕۆژاوای نزیك لەسەر باری لای خوارەوە بووە.

١- لە عێراقو بانی ئێرانا خانەدانی (ساسانی) جڵەوی حوکمی ڕۆژهەڵاتی نزیکیان بەدەستەوە بوو، لە شاهانی کەیانییانو ئەشکانییانەوە بە میرات بۆ خۆیان بەجێمابوو. ئەم ئیمپراتۆریەتە جیهانگیرە لە تەمەنی ١٢٩٩ ساڵابوو، لە قەڵەمڕەوی ئیشتمانە گەورەکەیانا زۆربەی دانیشتوان ارییەکان بوو. تەنیا لە عێراقا هەندێك عەرەبو تیرە ئەقوامی سامی تر دانیشتبوو، ارییەکان لەسەر نەتەوەی (کورد)و(فورس) ساغ ببوونەوەو ببوونە پشتیوانی ئیمپراتۆریەتەکە.

٢- لە ڕۆژاوای نزیکدا بەشی (ئەنادۆڵ)و (سوریە)و (فەلەستین) لە ژێر حوکمی دەوڵەتی ڕۆمای ڕۆژهەڵاتا بوو کە (بیزانتین) ناوێکی تری ئەم دەوڵەتە بوو. خەڵکی ئەنادۆڵ هەمووی اری نەژاد بوو. لەلای ڕۆژهەڵاتیا ئەقوامی (کورد، ڕۆم، ئەرمەنی) دانیشتبوون، وە لەلای ڕۆژاواشیا ڕۆم، یۆنانی و تیرە ئەقوامی کۆنی تر هەبوو. سوریەو فەلەستینیش کە بە وڵاتی پێخوستی ئەقوام ناسراوە گەلێ تیرە نەتەوەی تیا دانیشتبوو کە ناودارەکانیان ڕۆم، ارامی، عەرەب و جوولەکە بوو.

٢- مایەوە (عەرەبستان) کەوا کیشوەرێکی گەورەی کەم بەرەکەتو چۆڵو بیابانە سەراپا عەشایری عەرەبی تیادانیشتبوو. ئەمانە لەسەرەتای مێژووەوە لەگەڵ پشێوی ناوخۆیانا بەسەربەستیو سەربەخۆیی ژیابوون. دەوامکردنی ئازادییەکەیان لە سایەی ئەوەوە بوو کە (عەرەبستان) بە کەڵکی قەومی جیهانگیرەکان نەهاتووە، بۆیە قەومە هێزدارەکان پەلاماریان نەداوە. ئینجا لەکاتی پەیدابوونی ئایینی ئیسلاما وڵاتەکانی ڕۆژاوای نزیك تێکڕا بەم سێ بەشە ئیداریو سیاسییە دابەش ببوو. لەهەرسێ بەشەکەدا نەخوازەڵا بەشی ڕۆم و ئێران لەبەر ڕقەبەری سیاسی خاریجیو ناوخۆ ئاشتیو بێ دەنگ نەمابوو. لەڕووی شەڕو هەراو تاڵانوکوشتاری هەزارساڵە کەوا دوایی نەهات. خەڵکی هەردوولا لە گیانی خۆیان وەڕس ببوون. زوڵم و زۆری حکومەتەکانی ناوخۆ، داواگەری تەختو تاج، ناکۆکی خستنەوەی میرانو ئاغاواتی ئەقطاع، وە بە بیانووی ناکۆکی ئایینو مەزهەبەوە ئاژاوە نانەوەی قەشەی ڕۆم و موغەکانی ئێرانو کوردستان وڵاتەکانی هەلاهەلا کردبوو. لە کیشوەرەکانا ئاسایش، ئەمنییەت، نیظام، ئارام هەڵگیرابوو. لەبەر ئەوە کەیف خۆشیو خزمایەتیوەیا پشت ئەستووری قەومایەتیو بیری نیشتمانپەروەری لەناو خەڵکا نەمابوو. جا لەبەر ئەمانە دەوڵەتی ڕۆمیشو، ئیمپەراتۆریەتی ئێرانیش شیرازەی ئیدارەکەیان هەڵوەشابوو، ئامادەی هەرەسهێنانبوو، وە بەتایبەتی ئێرانییەکان پەشۆکاوتر بوون، چونکە لە ئێرانا ئاژاوە بەهێزتر بوو هەتا ڕۆمەکان لە ئێرانا تیرەیەکی سەرو دڵخۆشو خولقو ڕەوشت قایم کە بەدڵ و بەگیان حکومەتەکەیا بێت نەمابوو. دیار بوو لە ڕۆژی لێ قەومانا کەس نەبوو پشتی حکومەت بگرێتو دوژمن لە نیشتمانەکەی دوور بخاتەوە. ئینجا ئەم دوو حکومەتە بەتەواوی لەم زەبوونیو بێ هێزییەدا بوون کە لە عەرەبستانا ئایینی ئیسلام پەیدابوو. لەسایەی پێغەمبەری بوزورگەوار حەضرەتی محەمەد (صلی الله علیە وسلم)ەوە گشت تیرەو کۆماری عەرەب لە عەرەبستانا وەك پۆڵا یەك گرتووە، ئەوسا پیاو ماقوولی عەرەب لە هێزو دەسەڵاتداری خۆیان گەیشتوون، بە ئەمرو فەرمانی کەلامی خوا لەژێر ئیدارەو سەردارە دڵ قەوییەکانیانا بۆ داگیرکردنی جیهان کەوتوونە ڕێ و بەیەکجاری پەلاماری ئەم دوو ئیمپەراتۆریەتە زلەی لای سەرەوەیان داوەو لەشکرەکانیان پارچەپارچەیانکردوون، چونکە ئەمانە هەر بەناو گەورەیان مابوو. لەلایەکەوە وردەی سوپای عەرەب ڕووی کردە کیشوەری ساسانییەکان و دەسیکرد بە داگیرکردنی شارەکانی سەر فوراتو هەر لەم کاتەدا تیپە سوپاوردەڵەی تری عەرەب ڕووی کردوەتە وڵاتی سووریەو فەلەستینو دەسیکردووە بە داگیرکردنی شارەکانی لای بادیە شام. جا سەرەتای جیهانگیری عەرەبی ئیسلام ئاوەها دەسیپێکرد لە (٦٣٢م و ١٠هـ)دا.

ڕووخانی ئیمپەراتۆریەتی ئێران ٦٤٥ م ٢٤هـ

لەدوایی پێغەمبەر (د.خ) لەکاتی خەلافەتی ئەبوبەکرو عومەرا لەشکری عەرەبی تازە موسڵمان ڕوویکردووەتە عێراقو کیشوەری ئێرانو خۆیداوە لە دەوڵەتی ساسانی، لەم هەڵمەت و شەڕانەدا (خالیدی کوڕیوەلید)و (سەعدی کوڕی ئەبوو وەقاص) دوا بە دوای یەك سەرداری لەشکری ئیسلام بوون. سوپای ئێران کە مەترسی دوژمن کۆیکردبووەوە. گەلێك تیپ سوارەو کوردیشی تیابووە، بەڵام لەشکرێك نیشتمان پەروەرییەکەی بەفەسادی ئیدارە لەناوچووبوو، وە ئاینیشی بەوێنەی زیندەگانی حکومەتەکەی پەژموردەو پەشۆکاو حاڵ ببوو. کەچی بەرامبەر ئەم بێگیانییە سوپای ئیسلام گیانی بەرزی ئیسلامیەتو خەیاڵی شیرینی جیهانگیری بزواندبووی، چالاکی کردبوو، لەبەرنەوە لەشەڕی (قادسیە)ی بەناوبانگا کە سی ڕۆژی خایاندووە لەشکری ئێران خۆی نەگرتوو شکاوەو بەدەم شەڕەوە ڕوو بۆ دواوە تەقەی تێکەوتووە. لەشکری ئیسلامیش بۆ ئەوەی ئەمانە نەحەوێنەوە دەسبەجێ شوێنیان کەوتوون تاکو پایتەختی زستانەی ساسانییەکان کە شاری (تێسفیۆن)بوو گیراوە. (تاقی کیسرا)ی ئێستا پاشماوەی ئەو پایتەختەیەو پاشماوەی کۆشكو سەرای پادشاکانی ساسانییەکانە کە عەرەبەکان ئەو کاتە (مەدائین)یان پێوتووە. جا بەم تەرحە بەهەڵمەتێکی بەتین هەرچی عێراقی جونووبی هەیە بە پایتەختەوە لە کیسچووە، گەنجو جەواهێری دەوڵەتی ئێرانی کۆن بەر تاڵان کەوتووە. تەخت و تاجی شاهانی ساسانیش بەباد چووە ٦٣٦م. ئەوەندە هەیە هەر بەم شکستی (قادسیە)یە ئیمپراتۆریەتی ئێران لەناو نەچووە، بگرە لەدوای ئەو لێقەومانە (٥-٦) ساڵی تریش ژیاوە، چونکە لەم بەینەدا ئێرانییەکان بۆ ڕزگارکردنی کەیانی دەوڵەتەکەیان گەلێك هەوڵی تریانداوە، وەکو:

شای ئێران (یەزد جورد)ی سێهەمی کوڵۆڵ بەتەمای یارمەتی قەومەکەی کە تەخت و تاجەکەی بۆبسێننەوە بەینێکی چاك بە کیشوەری ئێرانا سوڕاوەتەوە بە چاوی پڕفرمێسکەوە چووەتە کن هۆزی فورسەکان سکاڵایکردوونو ڕوویکردووەتە خێڵاتی کوردەکان هاواری بۆ بردوون و بە گریانەوە ئابڕوچوونی نەتەوەی (ئاری)ی تێگەیاندوون هەتا بزواندوونی و هۆشی هێناوەتەوە بەبەر ئێرانییەکانا لەشکرێکی

تازەی فورسیان بۆ پێکەوە ناوە. بەلام ئێرانییەکان نرخی جەنگییان نەمابوو بەفەسادی ئیدارە شیرازەی یەکێتییان هەڵوەشابوو بەرامبەر بە دوژمنێکی خاوەن عەزم گیانیان تیا نەمابوو لەبەرئەوە هەرچەندە یەزدجورد شاە لەشکرێکی موناسبی بەم هەول و تەقەلایە کۆ کردووەتەوە، بەڵام ئەو لەشکرە کە بەم هاوارو تکایە کۆ کراوەتەوە لەشەڕی (نەهاوەند)دا خۆی پێنەگیراوە لەساڵی ٦٤٢ دا لەدوای جەنگێکی مەردانەی فورس شکستی خواردووەو ئەوەی (نەوشیروان) یەزدجورد شاە بەدبەختیان لەمەیدانی شەڕدا بەتەمای مەرحەمەتی دوژمن بەجێهێشتووە. بەوەش دەوڵەتی ئێران ئیتر لەناوچووەو هەموو ئێران و کوردستان لەدوای ئەوە بەئاسانی داگیرکراوە. ئینجا ماجەرای ڕووخانی کەیانی ئاری کۆن بەمجۆرە لە ڕووی فەسادی ئیدارەو زوڵمی کاربەدەستانو زەبوون کەشی قەومی کوردو فورسەوە هەرسیهێناو کە پێویستە پەندی لێوەرگیرێت!

سەرنەواندنی کوردستان

لەدوای گرتنی شاری (مەداین – تێسیفۆن) سەردارانی ئیسلام کەوتوونە تەدبیر ڕای ساغکردنەوەی سەرکەوتنەکەیان. لەبەرئەوە بە هەر چوارلادا تیپە لەشکریان نارد کە مەیدانی خۆکۆکردنەوە نەدەن بە ئێرانییەکان. لەبەرئەوە خێرا هەرچی پێدەشتێ هەیە لە عێراقا هەموویان داگیرکردووە، وەکو: قۆڵە لەشکرێك ڕووی کردووەتە لای (خانەقین)ی ئێستا بەشاری جەلەولاو حەلوانەوە ئەو ناوەی گرتووە کە حەلوان سنووری کوردستان بوو، لێرە بەولاوە دەستەویەخە لەگەڵ کوردەکان کەوتوونە تەماسەوە(٦٣٧م). قۆڵێکی تریش بۆ (تیگریت)و (جزیرە) چووە. ئەو ناوچانە بەدەس ڕۆمەکانەوە بوو ئەو حەلە. بەیارمەتی لەشکری ئیسلامی سوریە کە بۆیان هاتون ئەو ولاتانەش گیران و ڕۆمەکان لەوناوە دەرکران. بەم تەرحە لەشکری ئیسلام لە هەموو لایەکەوە چووەتە ناو سەرزەمینی کوردستانەوە کە لەشکرو سوپای ئەسڵی (ڕۆم و ئێران) هەردوولا شکستیان خوارد. ئیتر داگیرکردنی ناوچەکانیان زۆر ئاسانبووە. ئەشئەی زاڵبوون دڵی عەرەبەکانی هێنابووە جۆش، لەبەرئەوە زۆری نەخایاند لەشکری ئیسلام لە کوردستانی ژووروودا تا شاری (مەلاتیە)چووەو ئەو ناوەی هەموو داگیرکردووە (٣٦هـ ٦٥٧م). لە ڕۆژەلاتیشا هۆردووی ئیسلام لە حەلوانەوە

ڕوویکردووەتە (شارەزوور)، لەوێ ڕاستەوخۆ شەڕ لەگەڵ کوردەکانا کراوە. لەبەرئەوە کوردەکان هەتا توانیویانە جەنگاون و لەدوای خۆ بە کوشتدان ئەوی ماوە تەسلیم بووە لە (٢٢هـ ٦٤٣م)دا. ئەوسا (شارەزوور)یش سەری دانەواندووە. ئەوەندە هەیە لەم جەنگانەدا لەگەڵ کوشتارا دووپشکی شارەزووریش زەرەری زۆریداوە لە سوپای ئیسلام. وا دەرئەکەوێ کوردەکان لەدوای ئەوە کە لەشکری عەرەب چووەتە ناویان و دەستیان کردوە بەداگیرکردنی وڵاتەکەیان ئینجا بایانداوەتەوە کەوتوونەتە شەڕی سەرو ماڵیی، چونکە لەمەدوا هەردوولا ڕاستەوخۆ بەرەنگاری یەکتری نەبوون، کوردەکان ئەمجا بەڕقەوە دەسیانکردووە بە شەڕکردن و تەقەلای ڕزگاربوون، وە بۆ پاراستنی نیشتمانەکەیان کەوتوونەتە سەودای خۆبەکوشتدان و یارمەتیدانی ئێرانییەکان. بەهەندێ شیعری کوردی ئەم دەورەدا کە بەزمانی (پەهلەوی) نوسراوە دیارە کە لەبەر شکستهێنانی نایینی زەردەشتی کوردەکانی ئەو حەلە زۆر بە پەرۆش و تەنگەتاو بوون. لەشکری عەرەب لە (ئەهواز)و (دارا بگرد) دا تووشی جەنگی قورس بووە لەگەڵ کوردو فورسەکانا، وە کوردەکانی ئەوناوە چونکە یارمەتی لەشکری ئێرانیان دابوو گورج لەشکری عەرەب چووەتە سەریان و گەلێك سزایداون، وە بەماڵ و بەگیان تووشی چەرمەسەریو ماڵوێرانی بوون. هەروەها لە شیمالی ئێرەشا کوردەکان ناوچەی (کەرخا)و (پشت کێو) یان بەهەڵمەتێك لە ئیسلامەکان سەندووەتەوە. ئەو کاتە بەفەرمانی (ئیمامی عومەر) ئەو کوردانەش تووشی سزاو مەینەتی کراون، کەچی لەسەر ئەوەشا کوردی لای (فارس) و (ئەهواز) لە ساڵی ٢٥ی هیجریدا دیسان هەڵساونە پێو[2] یاخیبوون و بە گژ هێزی ئیسلامی ئەو ناوەدا چوون و یارمەتی هورمزانیانداوە. ئەو سەرداری ئازای ئێرانە شەڕی زۆریکردووە لەگەڵ سوپای ئیسلاما و زۆر شپرزەبوون بە دەستیەوە[3]. کوردەکان لە ئەوەڵی کارا وا دیار بوو بە عەرەبەکانەوە نە ئەنووسان، تەنانەت کە عەرەبەکان لە دەوری (ئەمەوی)دا لەناوخۆیانا چوون بە گژ یەکا کوردەکان ئەوەیان بەهەل ژماردووە بۆ ئەوەی بەڵکو عەرەبەکان بشکێنن‌و دەریان بکەن لە نیشتمانەکەیان، بۆیە شەڕی مەردانەیانکردووە لەگەڵ عەرەبەکان[4] وەکو: لە زەمانی (مەعاویە)دا لەناوچەی شارەزوورەوە سوپای

---

[2] تەماشای مێژووی امین زکی بەگ، بەرگی سولەیمانی، ل ٢٥ بکە.

[3] تەرجەمەی عەرەبیی بەرگی یەکەمی مێژووی امین زکی بەگ، ل١٢٨ - ١٣٥.

[4] سەرچاوەی پێشوو ل١٣٢.

کورد چووه بۆ (کووفه) لەوی یارمەتی دەستەی موختارییەی داوە. وە لە ساڵی خەلافەتی (عبدالملك) دا (عەبدولڕەحمان کوڕی اشعت) بە سوپاوە چووەتە سەر عێراق و (حەجاجی کوڕی یوسف)ی تەنگەتاوکردووە، دەستە لەشکری کوردیش یارمەتی کوڕی اشعتی یاخیبوویداوە. ئەم سەردارەی یاخییە واتە (عبدالرحمن)ی ناوبراو خۆیشی (ئاری) نەژاد بووە. بۆیە لەدوای ئەمە (حەجاج) تۆڵەیەکی خوێنینی لە کوردەکان کردووەتەوە. لەم دەورەدا کوردەکان ناوچەی (فارس) یان بە تەواوی داگیرکردووە (٧٠٢م ٨٣هـ). بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو تەقەلای ڕزگار بوونە، چونکە حکومەتی ئیسلام ڕۆژ بەڕۆژ قەوی تر بووە، کوردەکان ئیتر لە تاقەت کەوتوون و تێگەیشتوون کە لەمەولا خوێن ڕشتن کەڵکی نەماوە تاتا کوردستان یەکی کەوتبوو داگیرپشکرابوو، وە کوردەکانیش لەگەڵ (ئاغا) تازەکانیانا خەریکی ڕێکەوتن بوون. ئیدارەو ئایینی ئیسلام دیار بوو ئەی حەواندنەوە مەیلی ئەوەیان پەیداکرد کە ببن بە ئیسلام. لەم دەورەدا کوردستانی شیمالی تووشی هێرشی عەشایری تورکی (خەزەر) بوو، کوردەکان لەگەڵ لەشکری عەرەبدا ئەم عەشایرە کێوییانەیان شکاندو دەریانکردن. زۆر ئەگونجێ حکومەتی عەرەبی ئیسلام ئەو حەلە بۆ پێکهێنانی مەسڵەحەتی خۆی و قایمکردنی بناغەی دەوڵەتەکەیان تەدبیری ماقووڵ‌و سیاسەتی ئیداری زۆر جوانیان پێکەوە نابێت، وەك لای خوارەوە نوسیومانە: لەکاتی فەتحی ئیسلاما عەرەبەکان وەك بەزۆری بازوو و بڕشتی چەك خەریکی داگیرکردنی وڵاتانبوون، لەگەڵ ئەوەشا وێڵی تەرتیباتێکی واش بوون کە نەیەڵن جارێکی تر ئەو وڵاتانەیان لەکیس بچێتەوە. بەڕاستی لە مێژوودا کەم نەتەوە هەیە لە ئیدارەی موڵك و بەڕێوەبردنی ئەقوامی بێگانەدا وەك عەرەبەکان بەرێك و پێکی سەر کەوتبێت. عەرەبی تازە موسڵمان وەك لە سوپاگەریدا هوشیار بووە، بیری سیاسەت و ئیدارەی وڵاتیشی تەواو بووە. ئەم نەتەوە زیرەکە زانیویە کە لە وڵاتە داگیرکراوەکانا ئەگەر لە بناغەوە بابەتە ئیدارییەکی نەرمونیان نەخاتە کار قەومەکانیان بۆ داگیر نابێت، بەڵکو ئەبێت هەمیشە لەگەڵ یان لە جەنگدا بن.. لەبەر ئەوە لەلایەکەوە هاتوون ئەرزیان داوە پێیان دڵیان خۆشکردوون و لەلایەکی تریشەوە توخونی ئیشی قەومییان نەکەوتوون و ئازاریان نەداون. لەبەر ئەم سیاسەتە نەرمە کوردەکان وردە وردە تەسلیمیان بوون و لەگەڵ ئیدارەی عەرەبدا ڕێککەوتوون.

موسوڵمان بوونی قەومی کورد

وتاری مێژوویی:

بەزمان زەدیی لەناو خەڵکی کوردستانا شۆرەت وایە کە نەژادی ئیمڕۆ بە زۆری شمشێر موسڵمان بووەو ئەڵێ، ئەم قسەیەش پشتاو پشت لە پێشینانەوە بەجێماوە. بەمەدا دیارە باوك و باپیرانمان وایان زانیوە وەختی خۆی عەرەبەکان کە هاتوون و کوردستانیان زەوتکردووە دەسیان داوەتە شیرو هەرچی موسڵمان نەبووە کوشتوویانەو بەو تەرحە موسڵمانێتییان بەزۆر بڕیوە بەسەر کوردەکانا، بگرە بەو جۆرە بەسەرگشت قەومەکانی تریشا. ئینجا دیارە ئەم بڕوایە شتێکی زۆر ناڕاستە، چونکە ئەگەر ئەمە ڕاستبوایە ئەبوو عەرەبەکانی ئەو حەلە لە موسڵمان بەولاوە چ تایەفەیەکی تریان لە وڵاتی ئیسلاما نەهێشتایە، ئەی جوولەکەو عیساییەکان بۆچ ماونەوەو تەشقەڵەیان پێنەکردوون. بەڵێ عەرەبەکان بۆ نەهێشتنی ئایینی موشریك بە تایبەتی هەوڵیان داوە ئایینی (کوردو فورس)ی ئەو کاتەش کە (زەردەشتی)و بت پەرستیی بووە بە موشریك دانراوە، لەبەرئەوە بەبێگومان عەرەبەکانیش تەقەلای لەناوبردنی ئەم جۆرە ئایینەیانداوە، بەڵام نەك بەزۆری شمشێر، بەڵکو بە زۆرداریی سیاسەت پێکیانهێناوە، چونکە حاڵی حازریش قەومی حاکم و سەرکەوتوو سیاسەتی وای هەیە تەنانەت لەم سەدەی بیستەمەشا کاربەدەستان وازناهێنن بەڵکو خەریکن جینسیەتی ئەقەلیاتەکان ئەگۆڕن. عەرەبەکان چونکە خۆیان هێشتا شارەزای کشتوکاڵ نەبیبوون هاتوون موڵکی خاوەن ئەرزی ئەمیریان بەسەر خەڵکە کۆنەکەدا دابەشکردووە دڵیان خۆشکردوون و لەسەر ئەوەشا موڵکانەو زەکاتی سووکیان لێسەندوون. بەمانە ئەو خەڵکانەیان بەطەبیعەتی حاڵ مەنەتباری خۆیان کردووە، چونکو لە چاو زوڵم و زۆرەکانی حکومەتی ڕابوردوودا ئەم ضەریبەیە سووك و بەکەڵك بووە بۆ قەومەکە. عەرەبەکان لەگەڵ خولق قایمی خۆیانا چونکە ئیدارەکەشیان توندوتۆڵ و عادلانە بووە تەنظیماتەکانیان خێرا سەریگرتووەو بەوە لەگەڵ مەنەتباریی خەڵکەکەدا وڵاتەکەش ئاوا بووەتەوەو، زۆربەی ئەهلەکە بەحکومەتەوە نووساوە. لەلایەکی تریشەوە ئەمانە بەو دەستوورە کە لە عەرەبستانا

کردبوویان لێرەشا ئەوەیان دووبارە لاساییکردووەتەوەو دەسیانکردووە بە بەدبیری نەهێشتنی (بت پەرستی) و لەناوبردنی ئایینی (زەردەشتی). دیارە کە عەرەبی تازە موسڵمان دوژمنی (گاورێتی) بووەو ئایینەکانی لای سەرووش لە گاورێتی چووە، لەبەر ئەوە کەوتوونە تارەکانی لەناوبردنی ئەم ئایینانە. ئینجا بۆ بەجێهێنانی ئەم فرمانەش چوار تەدبیریان بەکارهێناوە وەکو:

یەکەم: هاتون (موغ) یەعنی قەشەی زەردەشتی و بتپەرستییەکانیان تەفروتوونا کردووە.

دووەم: لەناوچەی حکومەتو جێگاو ڕێگاو سەربازەکانیانا (مزگەوت)یان دروستکردووە بۆ ئەوەی خەڵك نوێژو طاعەتی خوای عەرەبەکان بەچاو ببینێ.

سێیەم: لە وڵاتە داگیر کراوەکانا ئەوی بووبێت بە موسڵمان ئازادیانکردوون و ناویان لێناون (مەوالی)و ئیتر سەرانەیان لێ نەسەندوون، چونکە ئەو حەلە ئەوی ئیسلام نەبوایە حکومەت سەرانەی لێئەسەند. جا بەم تەرحە ئەم جۆرە کەسانە حورمەتیان پەیداکردووەو لە ڕیزی عەرەبەکانا قەدریان گیراوە.

چوارەم: نوسراوی ئایینی زەردەشتی وە یا بتپەرستییان لە هەچ شوێنێك دیبێت لە ناویانبردووە. جا بەم سیاسەتە (نەرم و ڕەنگین)ە لە ئێران و کوردستانا عەرەبەکان حاکمیەتی خۆیان خێرا ساغکردووەتەوە. یەعنی لەدوای یەك دوو پشت لەوڵاتەکانا موسوڵمانیتی باوی سەندووەو بتپەرستی و زەردەشتی کەمبووەتەوە، تەنانەت لە دواییدا ئەم بابەتە ئایینە کۆنە لەبەر چاو خەڵك کەوتووەو چووەتە بەرگی (گاورێتی)یشەوە هەتا لەناوچووە. عەربەکان ئەم سیاسەتە جوانە میللییەی خۆیان وەنەبێ هەر لە کوردستان و ئێرانا بەکار هێنابێت، بگرە هەر لە سنووری (چین)ەوە تا قەراغ دەریای زوڵمات (موحیطی ئەتڵەسی) لە هەموو کیشوەرە داگیرکراوەکانا بەجێیانهێناوە، بۆیە لە مێژوودا ئەبینین لەدوای پێغەمبەر (د.غ) بەسەد ساڵێك زوربەی قەومە دانیشتووەکانی سەرزەمینی ئیمپراتۆریەتی عەرەب بوون بە موسڵمان و بووشن بە عەرەب و میللیەتی خۆیان لەدەستداوە. ئەوەندە هەیە ئەم جۆرە سیاسەتی لەناوبردنی قەومییەتە لەسەر (کوردو فورس و تورك)ەکان ئەم برشتەی

نەبووە، چونکە هەروەك لە ڕۆژاوادا یەعنی لەولاتەکانی گوێ بەحری سپیدا کەلای سەردوە ناومان وتن کۆمارو خێلاتی عەرەب بلاوکراوەتەوەو بووەتە هۆی لە ناوبردنی قەومایەتی خەلکەکەی ئەوێ. لە کوردستانو ئێران وتورکستانیشا گەلێك عەشایەری عەرەب بلاوکراونەوە لە کاتی دەوری ئەمەویدا لەوێ داشیانەزراندوون، بەلام لەبەر هەندێ مەبەست کەلای خوارەوە نوسیومانە قەومایەتی کوردو فورس و تورك تەئثیری تێنەکراوە:

١ لەبەر ئەمەی خولق و تەبیاتیان یەکینەگرتووەو لەهجەی زمانیشیان لەیەك نەچووە، قەومە ئارییەکانی ڕۆژهەلات و عەرەبەکان ئاوێتەی یەك نەبوون، بەلکو ئەو عەرەبانەی برا بوونە ئەوێ خۆیان تووشی (تەمثیل)بوون و مەزیەتی عەرەبایەتییان گۆڕاوە[5].

٢- میرو ئاغاوەتی (کوردو فورس) ئەتەوایەتیی خۆیان زۆرخۆشویستووە. با بووبێتیشن بە موسولمان، لەدلا وازیان لەسەربەخۆیی ناوخۆ نەهێناوە، بەلکو هەمیشە خەریکی ئەوە بوون کە سەربەخۆییەکەی جارانیان لە عەرەبەکان بسێننەوە، ئەمەش بەوەدا دیارە کە عەرەبەکان کاتێك کەوتنە دووبەرەکی لەناوخۆیانا، ئەمانە بۆ ئەوەی کزیان بکەن یەکیانگرتووەو کردوویانە بەگژ تاقمەکەی ترا، یەعنی سیاسەتی (فرق تسد) یان بەجێهێناوە.

٣- دوو بەرەکی وەستانی عەرەبەکان لەناوخۆیانا یەکی ئەوەیخستووە کە (کوردو فورس) ببن بە عەرەب یەعنی سیاسەتی ئینصیهاربوونی کوردو فورس کە ببن بەعەرەب سەرینەگرتووە. ئینجا ئەم مەبەسانەو دووریی ولاتەکان لە یەکترییەوە نەیهێشتووە تورکەکانیش ببن بە عەرەب، وە بە جۆرێکی گشتی لەم دواییەدا گیانی قەومایەتی خۆشیان گۆڕاوە. جەوهەری صەدری ئیسلام، تەنانەت دەوری(ئەمەویی)شیان تیا نەماوە[6].ئەمەوییەکان بەعەرەبایەتی خۆیانەوە زۆر نازیون، هەرچی کوردەکانیشە ئازادیخوازبوون، لەبەرئەوە کوردو ئەمەوی یەکتریان هیچ خۆشنەویستووە.

---

[5] بڕوانە (تاریخ الامة العربیة)ی (درویش المقدادي) باسی (سیاسة الدولة) ل ١٩٣ – ٢٠١.

[6] سەرچاوەی پێشوو.

کوردەکان لـەدوای ئیسـلامبوونیان کەوتوونەتـە حاڵـەتێکی تایبـەتی و ژیـانێکی کۆمەڵەیی تازەوە. لەلایەکەوە تینی ئایینی تازە هیواداریکردوون کە هەوڵبدەن لـەڕای ئازادی و سەربەخۆییدا، کەچی لەلایەکی تریشەوە لە پێناوی شەرەفی ئەم ئایینەدا بۆ بەرزبوونەوەی خەلافەت ئەچوونە ژێر سیلاح بۆ بیگانە. وە بیناى قەومایەتی خۆیان خستووەتە مەترسییەوە، یەعنی خۆیانکردووە بە قەڵغانی ئیسلامیەتو کوردایەتییان لە ڕێی ئەو ئیازەدا بەختکردووە، لەبەرئـەوە ژیانـە تازەکەیان بـە ئاسۆرو پـڕ ئـەرك بووە. جارێ لەدەوری ئەمەوییەکانا لە (١٠٨)ەوە تا (١١٢هـ). لە وڵاتـەکانی ئازەربایجانو کوردستانی ژووروودا بـەر هەڵمـەتی تورکـی خـەزەر کـەوتوون. والی ئـەو ناوچانـە (جراح) ناوێك بووە و لـە (ئـەردەوێل) دانیشتووە. ئـەم سـەرداره بـۆ بەربەسـتکردنی لافاوی ئەم عەشرەتە وەحشە کوردەکانی ئـەو نـاوەیکردووە بـە پۆزەیانـەوەو خۆشی لەگەڵیانا هـەتا کوژراوە شـەڕیکردووە، لەسـەر ئەوەشـا ئـەم قەومـە خوێنخـوارە هـەتا (موسڵ) هاتووە، لەوێ بەعێلجاڕیی خەڵکی ئەو ناوە کە زوربەیان دیسان کـورد بـوون چوون بە گژیاناو شکاندوویانن، وە هەتا لە کوردستان دەریـانکردوون بـە شوێنیانەوە بوون و تاڵانەکانیان لـێسەندوونەوە.

ئەمەوییەکان بـە عەرەبایـەتی خۆیانـەوە زۆر ئـەنازین. هـەرچی کوردەکانیشـا ئـازادیخواز بـوون، لەبەرئـەوە کوردو ئەمـەوی یـەکتریان خۆشنەویسـتووە. خەلیفـەی دوایی ئەمەوییـەکان کـە (مـەروانی دووهـەم)ی نـاوە دایکی کـورد بـووە. بـاوکی کـە (محەممەد کوڕی مروان)ی ناوە بووەتە والی کوردستان کچە ئاغایـەکی کوردی هێنـاوەو ئەم مەروانی دووەمەی لـێبووە. ئینجا بۆ داگیرکردنی تـەختی خەلافـەت مـەروان کـە چووە بـەگژ خەلیفـە ئیبراهیمـا زوربـەی لەشکرەکەی کورد بـووە، بەڕاستی مـەروان پشتی بە کورد قایمکردبوو. وە ئەوە بوو لەشکری خەلیفـە ئیـبراهیمی شـکاندو شـاری شامی داگیرکردو بـانگی خەلیفەیـەتی بۆخۆیـدا. وە سـولەیمانی خزمیشـی کـە لـە کوردستانا لـێی یاخیبوو کوردەکان دیسان بەلایەنگیریی خەلیفـە مـەروان مانـەوەو لـە ئـەنجامی کـارا سوپای مـەروان سـەرکەوت لـە(١٣٢ هـ) دا، بۆیـە خەلیفـە مـەروانیش

ئەیویست لەشاری (حەڕڕان) دانیشێت کەلای (نۆرفە)وەیە لەناو کوردەکانا، مەروانی بەدبەخت خەلیفەیەکی ئازاو بەکاربوو بەڵام بەختی نەیهێنا لەکاتی ڕووخانا بەخەلافەت گەیشت، هەوڵیدا بیپارێزێت هەتا سەر نەکەوێ، کەچی خۆشی و دەوڵەتی ئەمەویش کە ئیمپراتۆریەتەکەیان بەدەستەوە بوو لەناوچوو. لە هەرای عەبباسی و ئەمەویدا کوردی ئێران وە بە تایبەتی کوردەکانی شارەزوور لای عەبباسییان گرت، چونکو عەبباسییەکان ئامۆزای (پێغەمبەر)بوون لەبەرئەوە بەسەرداریی (أبو مسلم)ی خوراسانی لەشکری کوردیش چووە بۆ یارمەتی عەبباسییەکان. (أبو مسلم) کورد بووە، هەموو ئەیزانین کە ئەم سەردارە سەرو ماڵی بەختکردووە بۆ سەرکەوتنی عەبباسییەکان. ئەوە بوو تەخت و تاجی خەلافەتی ئیسلامی بۆ سەندن، کەچی لەپاداشتی ئەم یارمەتییە بەئرخەدا خەلیفەی دووەم (أبو جعفر المنصور) مونامەرەی بۆ نایەوە لە بارەگای خۆیا کوشتیان، چونکە لای خەلیفە وەها بوو کە (ابو مسلم) بەلەشکرە کەیەوە خەریکە شۆڕشی سەربەخۆیی بەرپا بکات، جا نیشانەی ئەوە کە (ابو مسلم) سەردارێکە لە کوردەکان، شاعیری بەناوبانگ (ابن خلكان) شیعری (أبو دلامە)ی غوڵامی أبو جعفری لە مێژووی خۆیا نووسیوە کە بە بۆنەی ئەم مونامەرەیەوە وتراوە، ئەڵێت:

أبا مجرم ما غير الله نعمته على عبده حتى يغيره العبد
أفي دولة المنصور حاولت غدرةً الا ان أهل الغدر آباؤك الكرد[٧]

(هارون الرشيد) هەتا بووە بە خەلیفە، والی کوردستان و ئازەربایجان بووە، چونکە ئەوناوە بە شوێنی هەرە گرنگی ئیمپەراتۆریەتی عەبباسی ژمێرراوە. لەکاتی خەلیفە (معتصم)داو لە مێژووی ئیسلاما هەوەڵ کەڕەت کوردەکانی لای موسڵ لە خەلیفە هەڵساونە پێ و لە ژێر فەرمانی ئیدارەی (جعفر قهرجس) ئاوا داوای سەربەخۆیان کردووە، تەنانەت لە هەندێك شەڕیشا لەشکری خەلیفەیان شکاندووە، بەڵام ئاخری کار (ئیتاخ) ناو قائیدی تورکی کە شکاندنی، جعفریش نەیکردووەتە نامەردی خۆی دەرمانخوارد کردووە ئینجا مردووە. لەهەرای (يعقوب صفار)یشا

---

[٧] بەرگی یەکەمی مێژووی امین زکی بەگ، تەرجەمە کراوی بە عەرەبی، ل١٣٦.

کوردەکان بەسەرداریی (امیر محەمەد عبدالله هەرزەمیرد) ئەو زۆر ئازایانە بۆ سەربەستی و ئازادیی، خوێنی خۆیان بەختکردووە. ئەمانە هەمووی نیشانەی مەولدانی کوردە کە بۆ (ئازادی) چەندە تەقەلایداوە. لە ٢٩٣هـ دا عەشایەری (هازبەنی) کەوتوونە سەودای سەربەخۆیی، ئەمانە (محەمەد کوڕی بلال) ناویان کردووەتە سەردارو هەڵساون وە تا دەوری موسڵ هاتوون یەك لەدوای یەك سوپای عەبباسی و حەمدانییەکانیان شکاندووە خەریکی گرتنی موسڵ بوون کە لە خەلیفەی بەغداوە لەشکرێکی گەورەی یارمەتی بەفریای (أبو الهجا الحمدانی)ی والی موسڵدا گەیشت، ئەوسا لەدوای شەڕێکی قورس ئەمجا (هازبەنی) یەکان شکاون و گەڕاونەتەدواوە، لەدوای ئەمە سەردار (محەمەد)ی هازبەنی سەرۆکی نەبەزی کورد بە بێ پسانەوەی جەنگ و نەبەرد تا ئازەربایجان شەڕیکردووەو کشاوەتەوە، ئەمجا لەوێ بە ناچاریی تەسلیم بووە چونکە دەرەتانی تری نەدیوە. بەکورتی لەم دەورەدا بیری (سەربەخۆیی) کەوتبووە مێشکی سەردارانی کوردەوە. حکومەتی عەبباسی تەنك ببوو ، هێزی جارانی نەمابوو. کزبوونی دەسەڵاتی خەلیفەکان و سستیی هێزی ئیدارەکەیان کارێکی وەهای کردبوو لە هەموو لایەکەوە والییەکانو سەردارەکانی خستبووە سەر سەودای سەربەخۆیی. وە نەبێت هەر کورد لەم خەیاڵەدا بوو بێت، بەڵکو عەرەبەکانیش داوێنی سەربەخۆیی و جیاوازییان کردبوو بەلادا. خەلیفەی زەمان هیچ دەماخی نەمابوو، بۆیە کوردەکانیش لە خوایان ئەویست کە هەلی وەهایان بۆ هەڵکەوێ و ئاواتی قەومییان بەجێبێنێت. ئەوە بوو لەداوای (بابەکی خوڕڕەمی)دا کوردەکان بەتەواوی ببوونە پشتیوانی (بابەك) لایان وەها بوو (بابەك) هەر سەرئەکەوێ و دەوڵەتێکی گەورەی (کورد) هەر دروستئەبێت[٨]. جا بەمجۆرە خولیایەوە کورد لە تەئریخا هەمیشە بۆ ئازادیی هەوڵیداوەو لەگەڵێك شوێنا بانگی

---

[٨] کتێبی (من تأریخ الحرکات الفکریه فی الاسلام) نووسینی (جدلی جوزی) چاپی (دار الروائع) لە بێروت. باسی (حرکه بابك) لە ١٨ تا دوایی ئەو باسە. لە کاتی ٨٣٢ - ٨٤٣ هجری.

سەربەخۆیان بەرزبووەتەوەو حكوماتی میللی كوردییان هێناوەتە كایەوە. ئەمانە لە مێژووی ئیسلاما جێگای بەرزیان گرتووەو خزمەتی عالەمی ئیسلامیشیان زۆر بەجێهێناوە. لەبەر ئەوە ئێمەش لە جزمێكی تایبەتیدا باسی تاقمە حكومەتی گرنگی كوردان بە جیا ئەنووسین.

دەوری سەربەخۆیی كورد

لەمێژووی كوردا شتی (زۆر سەیر) هەیە. ئەم نەتەوە كۆنە دنیا دیوە ئەوەتەی (مێژوو) گوشاد بووە لەناو چیاو دۆڵەكانی كوردستانا دەماری نەتەوایەتی و خوێنی (ئارێتی) و چاك و خراپ زمانەكەی پاراستووەو رایبواردووە. چەشناو چەشن حكوماتی گەورەی دیوەو دەوڵەتی زل لە دەوریا پەیدا بووەو هەمووشیان زاڵبوون بەسەریاو لە دواییدا ئەو دەوڵەتە زلانەش لەناوچوون، كەچی ئەم هەرماوە. بەرامبەر بەمەو لەبەرئەم دەردی سەرییانە ئەبوایە قەومەكە هوشیاربوایەتەوە، فەرمانی كۆمەڵایەتی ناوخۆی دامەزراندایە تا كەس نەتوانێت جارێكیتر توخنیان كەوێ وەیا لە كیشوەری كوردا جێگیر بێت. كەچی داخیگران، لە كوردا جۆرە گیانداری وەها نەبینراوەو زیندوویەتیی سیاسی نەتەوایەتییان پیشان نەداوە، وەكو لە پارێزگاریی نیشتمان و نەتەوایەتییەكەیان بەولاوە هیچی كەیان بەخەیاڵا نەهاتبێت ئاوەها جووڵاونەتەوە، تێنەگەیشتوون كە یەكێتییان نەبوو زوو لەناوئەچن. بەپێی ئەو هەلانەی كە بۆیانهەڵكەوتووە لە مێژوودا زۆرجار گونجاوە لە نیشتمانەكەی خۆیاندا دەوڵەتێكی عالەمیی زل هیچ نەبێ وەك فورسەكانی خزمیان ئەمانیش دەوڵەتێكی وەها پێكەوە بنێن، بەڵام لەم ڕووەوە (كورد) كەمتەرخەمییەكەی هەمیشە دووبارە كردووەتەوە. لەوەدا شك نییە كە نەخوێندەوارێتی بەزمانی خۆ لەمەكارەدا زۆر دەخڵی بووە. زۆر دوور ئەڕۆین یەكێك لەو هەلانەی ئەوەیە كە لە كاتی بێدەسەڵاتی خەلافەتی عەبباسییا بۆیانهەڵكەوتووە، ئەگەر لە مێشكی پیاو ماقووڵی خێڵ و سەردارەكانی ئەو حەلەی كوردا ئەختێك بیری نەتەوایەتی و هۆشی پارێزگاری زمانەكەیان بوایەو خوێندن و نوسینیان بەزمانی خۆ بەپێویستیی بزانیایە بێگومان ئاواتی میللییان بەجێئەهێنا، چونكە ئیتر بۆزمانی بێگانە ڕێ نەئەما كە سەریان لێ تێكبدا. بەڵكو خۆشەویستیی نەتەوایەتییان زیاتر ئەبوو. ئەوسا ئەیانتوانی حكومەتێكی گەورەی ئەوتۆ پێكەوە بنێن كە لە ناوبردنی ئەو حكومەتە شتێكی ئاسان نەبوایە. بەڵام نەتەوەی دواكەوتوو بەختی چاكی بۆ هەڵناكەوێت. بۆیە

بەنرختر هێناوە. چونکە هۆشی سیاسییان نەبووە کە دوارۆژی حکومەتەکەیان بخوێننەوە. بگرە هەر تێبینی بەرژەوەندی خودی خۆیان بەبیرا هاتووە. لەبەرئەوە لەدوای ئەختێك حوکمڕانیکردن ئەبینین ئەمانە تووشی سزای مێژووی بوون خۆشیان و حکومەتە بچکۆلەکەشیان لەناو چووەو کەوتوونەتە ژێر حوکمی بێگانە. جا لەبەرئەوە هیچ کەڵکی نییە باسی ئەو هەموو حکوماتە وردەڵانە بکەین کە لەو دەورەدا پەیدا بووە، وە یا سەرگوروشتەی کۆمەڵە ئەمارەتەکانی دوای ئەمان بەزنجیرە بگێڕینەوە بەڵکو تەنیا هەر باسی ئەوانە ئەکەین کە لە مێژوودا کەڵکێکیان بووەو ناوبانگیان بەجێهێشتووە. ئێمە بەو پەرۆشەوە ئەدوێین کە نەتەوەکەمان لەمەوپێش بۆ ئەم مەبەسە زۆر کەمتەرخەم بووە لە مێژوودا، با ئیتر لەمەولا نەیەڵین ئەم جۆرە کەمتەرخەمییانە دووبارە ببێتەوە، بەڵکو بیری پاشەڕۆژ و سەودای یەکگرتن ئەخش ببەستێت لە مێشکمانا.

حکومەتی سالارییە

زانای مەزنی کورد أمین زکی بەگ لە مێژووەکەی (کوردو کوردستان)یا حکومەتی (سالارییە)ی بە یەکەمین حکومەتی سەربەخۆی کورد داوەتە قەڵەم، ئەمیش لەسەرزەمینی (ئازەربایجان)دا لەدوای پەیدا بوونی ئیسلامیەت هاتووەتە کایەوە وەکو لە ۲۳۲هـ دا مێژوزانی بەناوبانگی عەرەب (ابن خوردانی) ناو کەچووەتە تەورێز وڵاتەکەی لە ژێرحوکمی (محەمەد روادی) ناو سەردارێکی کوردا بووە ئەمەی لەدەسخەتەکەی خۆیا نووسیوە (اصطخری)و (یاقوتی حموی) ناو مێژوزانی تریش لەوکاتانەدا بە ئازەربایجانا ڕۆیشتوون، هەر یەکە بە جۆرێك هەواڵی ئەو ناوەی نوسیوە کە لە یەك ناچن، وە نوسراوەکانیان وا ئەگەیەنێ کە ناوچەکە بەدەست سەردارانی کوردو غەیری کوردەوە هەمیشە لە بەزمی شەڕو هەرادا بوون . هەر میرە لەلایەك سوپایەکی پێکەوە ناوەو چووەتە سەر ئەویترو یەکتریان هێناوەو بردووەو خوێنی میللەتەکان بەناڕەوا ڕژاوە، کەچی (حوکم)یش بۆهیچیان ساغنەبووەتەوە ئەم داواچییە خوێنڕێژانە زۆرن وەکو (دیسم کوری ابراهیم، یوسف ابو الساج لەشکری وەشمگیر، محەمەد کوڕی مسافر، مەرزەبان، علی میشکی). ئەمانە هەر یەکە سەردارێك بوون هەموویان نیازیان وا بووە کە ئازەربایجان بەهێزی شمشێر بخەنە

ژێرحوکمی خۆیانەوە. ئەمانە لە هیچ جۆرە فێلّ و دەسیسەو خەیانەتکردن دەربارەی یەکتری خۆیان نەپاراستووە، لەبەرئەوە هیچ جۆرە ئەزیەتێکم لە باسەکەدا نەدی و نەمویست باسی ئەم حکومەتی سالارییە یە بخەمە ریزی ئەمارەتەکانی ترەوەو بە حکومەتێکی سەربەخۆی بژمێرم. بۆیە بەناوی حکومەتی سالارییەوە وازم لە نووسینی تر هێنا. ئەوی ئەیەوێ ئەم باسە درێژە بخوێنێتەوە تەماشای بەرگی دووەمی جزمی دووەمی مێژووەکەی امین زکی بکات (ل٢٥-٢٦)[٩].

۱-حکومەتی (ڕوادی) لە (ئازەربایجان):

لە باسی (مادی بچووك) لە جزمی یەکەمدا وتمان ناوچەی وڵاتی مادی بچووك ئازەربایجان بووە کە زۆربەی دانیشتوانی نەتەوەی (ماد) واتە (کوردەکان) بوون. بەڵام لە بابەت هەواڵی مێژوویی ئەمانەوە نوسراو نییە، تا سەردەمی ئیسلامیەت ڕێوشوێنیان ونە، چونکە بەڵگەی تریش نییە باسیان بکات. لەدوای پەیدابوونی ئیسلامیەت ئەوەبوو سوپای ئیسلام دەسیکرد بە داگیرکردنی دنیا، جا لەشکری ئیسلام هات ئازەربایجانیشی داگیرکرد وەك هەموو کوردەکانی تر کوردی ئێرەش موسوڵمان بوون. سەرداری ئیسلام جارێ بەرژەوەندی وەها بوو کە توخنی سەربەخۆیی نەتەوەکە نەکەوێ، بەڵکو لەبەر دووریی وڵاتەکە لە ناوچەی خەلیفەی ئیسلامەوە شای ئیسلام بە قازانجی زانی کە سەرۆکی کوردەکان خەڵات بکات و دەسەڵاتیان زیاد بکا. بەمانە کوردەکان فریویانخوارد وەهایان ئەزانی کە خەلیفەی ئیسلام بۆی هەیە حوکم بکا بەسەریانا نابێ سەرپێچی بکرێت لەگەڵیانا. ئەمجۆرە بڕوا یانە ئارامیی وڵاتەکەی پێشخستووە. جا لە دەوری عەبباسیدا کە مەدەنیەتی ئیسلام عالەمی ئەو حەلەی ڕووناککردبووەوە، زانستیی و هونەرمەندیی لەوڵاتا پەرەیسەندووە. لەمێژوودا ئەم کاتە ناوبانگی بەرزی هەیە (دەوری زێرینی ئیسلام)ی

---

[٩] جزمی دووەمی کتێبەکەمان ئەمەیە بەدەستەوە، بەتەواوی لەسەر جزمی دووەمی مێژووی کوردو کوردستانی امین زکی بەگ هەڵبەستراوە.

پێیەڵین. لەناو ئەربابی زانستی ئەو دەورەدا مێژوو وجوگرافیا زانیش هەڵکەوتوون
ئەمانە ئەگەڕان بە وڵاتی ئیسلاما، هەندێکیشیان ڕوویانکردووەتە ئازەربایجان‌و بە وڵاتەکەدا گەڕاون، لە بابەت هەواڵی کۆمەڵایەتی و بەڕێوەبەریی کوردەکانی ئێرەوە گەلێك باسیان نوسیوە، ئینجا ئەم نووسراوانە چوونەتە مێژووی ئیسلامەوە. لەدوای دەوری زێڕینی عەبباسی کە هێزی خەلافەت بڕشتی نەما، ئیدارەی نەتەوەکانی ئیسلامیش تێکچوو.تەقەلای سەربەخۆیی دەسپێکرد. لەناو نەتەوەکانی ئیسلام هەوڵی ئازادی پەیدا بوو. لە دیاری ئازەربایجانیشا ئەم ئاواتە سەریدەرهێنا. لەو دەورەدا هەوەڵکەرەت دوو گەشتکەری هۆشیار هاتوونەتە ئەم ناوەوە وەکو (ابن خوردانی) و (اصطخری). ئەمانە کە بێرەدا ڕۆیشتوون بەچاوی خۆیان حوکم و ڕەوشتی ئیدارەی میرانی (هازبەنی)و (ڕوادی)یان لە ئازەربایجانا دیوەو نوسیویانە ئێمەش لە وتنی ئەمانەوە ئەوی نرخی مێژوویی هەبێت ئەینوسین و ئەوی لە چەتەگەری بچێت باسی ناکەین. ئەوە بوو باسی دەوڵەتی (سالارییە)مان ئەنووسی؛ شۆرەت وایە گەلێك تیرە عەشایر لە هۆزی کورد لە ئازەربایجانا جێگیربووە لەمانە عێلی (هازبەنی)و (ڕوادی) زۆردارتری هەموویان بوون. بیری سەربەخۆیی دەوڵەتی سەرداره کانیانا بە تەواوی جێگیربووە. بێدەستەڵاتیی عەبباسییەکان هەستی دروستکردنی بەڕێوەبەرێتیی نیشتمانیی خستووەتە شکڵی پێویستییەوە. لەساڵی ٢٣٢هـ دا ابن خوردانی کە چووەتە تەورێز شارەکەی لە ژێرحوکمی (محەمەد روادی ناو سەرداری خێڵی روادیا دیوە. بەڵام ئانسیکلوپیدیای ئیسلام ئەڵێ: بناغەی حکومەتی روادی لەم مێژووە کۆنترە[10]. بۆ ئەوەی حوکمی وڵاتەکە بخەنە ژێردەستی خۆیان سەردارەکانی ئێرە هەمیشە بەگژیەکاچوون. لەبەرئەوە سەرومڕحوکم بەدەست خانەدانێکەوە نەبووە. دەیلەمەکان کە بەڕەگەز کوردو بە بڕوا (شیعی)بوون سەردەمێك کە چوونە سەر تەخت ئیتر حوکمی وڵاتەکە بەتەواوی بۆ ئەم خانەدانە ساغبووەتەوە. باوکی مەرزبان (مامەلان – محەمەد)ی ناو بووەو سەرداری هەر

---

[10] مێژووی کوردو کوردستانی امین زکی بەگ (حکومەتی ڕوادی) ل٣٦-٣٧.

گەورەو بەچنگبووە لە ڕوادییەکان بناغەی حکومەتە کە وەك لای سەرەوە باسکرا ئەم داینـاوە بـەڵام نـەزانراوە کـە ئـەم دەسـەڵاتەی چلۆن پـەیداکردووەو حکومـەتی چلۆن پێکهێناوە؟ کە مەرزەبان چووەتە جێی باوکی ویستوویەتی هەموو ئازەربایجـان بخاتـە ژێر حوکمی خۆیەوە. ئەو حەلە (دیسم کوڕی ابراهیمی بێژەن) ناو سەردارێکی کورد لـە ناوچەی (تـەورێز)و (ئـەردەوێل)دا حوکمی نـەکرد. مـەرزەبان لەگـەڵ دیسـم دا کەوتنە جەنگ، تەورێزو ئەردەوێلی یەك لەدوای یەك پێچایـەوەو هـەردوو شارەکەی زەوتکردەوەو دیسمیشی بە دیل گرتووە ناردوویەتـە قـەڵای (تـرم) لـەوێ دەستبەسـەر داینـاوە. بەمـە هـەموو ئازەربایجـان بـۆ (مـەرزەبان شـاه) سـاغبووەتەوە. ئـەمجا دەسیکردووە بە ڕێکخستنی کاروباری وڵات و دانانی حاکمانی کورد لەسـەر شارەکانو ئاوا کردنەوەی مەملەکەت. بـەڵام لـە ٣٣٢هـ دا ئازەربایجان تووشی هـەراو هەنگامـەی قەومی ڕووس بـووە. ئـەم نەتـەوە دڕندەیە لـە دەریـای خـەزەر بەگـەمی پەڕیوەتـەوە هاتووەتە سەر ئاوی (کوڕ) و لەوێوە پەلاماری ئازەربایجانیداوە. هەروەك پڵـنگ شاری (بەرزەعـە) یـان پێچاوە کوتووپڕیـش گرتوویانـە، زوڵـمو زۆرێکـی بێئـەندازەیان لـەو ناوەدا کردووەو گەلێك خەڵقیان کوشتووە. مەرزەبان کە ئەمەی بیست بـە سـوپایەکی ٣٠ هەزار کەسییەوە بەرەنگاری ڕووسەکانبووە، کەچی هـەردوولا لەیـەك سڵەمینەوەو نەیانوێرا جنگ بدەنە یەك چاوەڕوانی هەلبوون کە پەلاماری یەکبدەن. ڕووسەکان تا مەراغـە چوون، مـەرزەبانیش هـەر بـە شوێنیانەوە بـووە. لـەم کاتـەدا واڕێکـەوتووە ڕووسـەکان تووشی نەخۆشی (ڕشانەوە) هـاتوونو زۆریـان لـێمردووە. لەسـەر ئەمـە ڕووسەکان بۆ پاشەوە گەڕاونەتەوە، ئەوسا مەرزەبان لە جێگایەکا ڕووسەکانی تووشـی (مەکۆ) کردووە خستوونیە بەینی دوو قۆڵە لەشکری خۆیـەوە ئـەمجا پـەلاماری داون. ڕووسەکان زۆر بەجەرگبوون شەڕی مەردانەیان کردووە. سوپای کورد لە سایەی کەڵـە مێردی مەرزەبانەوە لـە پاش شـەڕێکی قـورس ڕووسـەکانی شکاندووە. لـەم جەنگـەدا سەرکردە ڕووسەکان لەناو کوژراوەکانا بوون. ئەوانەی لـە کوشـتار ڕزگـاربوون خۆیـان کوتاوەتە قەڵای (شارستان)ەوە کە وا دیل و تاڵانی کوردەکانیش لەوێ بوون. مەرزەبان خێرا گەیشتووەتە سەریانو دەوری قەڵاکەیگرتووە. لەو کاتەدا دەنگـی گەیشـتنی (أبـو

عبدالله الحمدانی) له موسلەوە بەمەرزەبان دەیست ئەوا بەلەشکرەوە هاتووەتە سەر ئازەربایجان. لەسەر ئەم ڕووداوە مەرزەبان ناچاربووە هەندێك لەشکری لە دەوری قەلا بەجێهێشتو لەگەڵ زۆربەی هێزەکەیا ڕووی کردووەتە سوپای حەمدانییەکان کە لەلای (سەڵماس) بوونو سەرداری عەشیرەتی (هازبەنی)، (جعفر شکۆیە)شی بەلەشکری کوردەوە لەگەڵابوو. لە میانی هەردوو سووپاکەدا جەنگ دەستپێکرد، خواو ڕاستان لەو کاتەدا بەفرێکی بێداد باریوە، ئەمجا سوپای حەمدانییەکان بەرگەی ئەم بەفرو سەرماو سۆڵەیەی نەگرتووە وازی لە جەنگ هێناوەو بەرەو موسڵ گەڕاوەتەوە. بێینەوە سەر باسی ڕووسەکان، ئەوانیش لەم کاتەدا شەو لەناکاوێك لە قەڵاکەی (شارستان هاتوونە دەرەوەو خۆیان گەیاندووەتە (گەمی) یەکانیان و گەڕاونەوە بۆ وڵاتی خۆیان. بەمجۆرە حکومەتی (ڕوادی) لە ئاژاوەی دوژمنانی دەرەوە ڕزگار بوو.لەدوای ئەم بێدەنگییە مەرزەبان شا دووبارە کەوتەوە ڕێکخستنی ئیشوکاری ناوخۆیی وڵاتەکەی لەگەڵ ئەوەشا خەریکبوو سنووری وڵاتەکەشی گەورە تر بکات. بەڵام مەرزەبان هیچ کاتێك لە دوژمنی دەرەوە ڕزگار نەبووە. لەم دەورەیەدا حکومەتی (ئال بۆیە) دەسەڵاتی بۆ عەبباسییەکان نەهێشتبوو (معز الدولە)ی بۆیەهی حوکمی بەسەر عێراقا ئەکرد، لە بەغدا هەرخۆی حیساب بوو. (رکن الدولە)ی براشی حاکمی شیمالی ئێران بوو لە شاری (ڕەی)دا ئەنیشت. مایەوە (عماد الدولە)ی برایان ئەویش حوکمداری ئێرانی باشوور بوو لە (شیراز) دا ئەنیشت (٣٢٢هـ ٩٤٠م). چونکە لە بەغدا باڵیۆزی مەرزەبان سەرزەنشت کرابوو سەردارەکەی مەرزەبان لە (معز الدولە)ی مەلیکی بۆیەهی زۆر دوڕ دۆنگ و دلگیر بوو، ئەیویست تۆڵەی لێبکاتەوە. بەڵام ئەبوایە لە پێشا بەگژ (رکن الدولە)ی برایا بچێت کە لە (ڕەی) بوو بۆ ئەوەی لە پشتی سوپاکەی ترسی نەبێت. لەبەرئەوە جارێ لەگەڵ (ناصر الدولە)ی حەمدانی (موسڵ) ڕێککەوت تا ئەم بتوانێت بچێتە سەر رکن الدولە و لە(ڕەی) بیشکێنێت، بۆ ئەوەی لە دواییدا هەر دووکیان بچنە سەر (بەغدا)و حکومەتی بۆیەهی بەجارێك لەناو بەرن. بەڕاستی بڕیاری سەردار مەرزەبان لەسەر ئەم تەدبیرە لەوا نەبوو کە گەڕانەوەی تیا بێت بەڵکو لە دڵیا پێویست بوو کە سنووری دەوڵەتەکەی گەورەتر

بکات، کەچی بە دیمەن تۆڵـە کردنـەوەی کردبـوو بـە بیـانوو، لەبەرئـەوە کەوتـە تەدارەکات‌و لەشکرئارایی. رکن الدوله ئاگاداری ئـەم گردەوارییانـەی (مـەرزەبان) بـوو لەبەرئەوە دەسبەجێ بۆ براکـانی نووسی و داوای کۆمـەکی لـێکردن، ئـەوانیش خـێر سوپایان بۆ نارد. لـەدوای ئـەم تەدارەکاتـەی هـەردوولا سـوپاکانیان بەرامبـەر یـەك وەستاو شەڕێکی قورسیانکرد کوردەکان هەڵەتی مەردانەیان نەکرد، بـەڵام دوژمـن بـە ژمارەو بە تەدارەکاتی چەك زۆر لەو سەرومرتر بوو، لەبەرئەوە سەرەڕای ئەم هەموو هەڵمەتانـەی سـوپای ڕوادیـەکان دەرەقـەت نـەهات و شـکا. لەسـەرکردەکانی سـالار مەرزەبان زۆریان لێ کوژرا بوو، وە هەندێکیشیان لەگەڵ مـەرزەبانا بـەدیلگیرابوون، رکن الدوله مەرزەبانی نارده بەندیخانەی قەڵای (سمیرم) لای ئەسفەهان.باقی ماندەی لەشکری شکاو گەڕایەوە ئازەربایجان، لەوێ ماقوولانی دەوڵەتی ڕوادی کۆبوونـەوە لـە دوای ئەنجومەنیکی بەهەراو هوریای گەرم (واهسۆزان)ی بـرای مـەرزەبانیان کـرد بـە حاکمی خۆیان، ئەمجا کشانەوە بۆ شاری (ئەردەوێل)، لـەدوای ئـەم بڕیـارە دەسیانکرد بە تەقەلای پاراستنی دەوڵەتەکە. وە لەبەر ئەوەی بـە باشیانزانی (دیسم) یشیان لـە بەندیخانـە بـەردا کەوتنـە تێکۆشان‌و بەریـەرەکانێ لەگـەڵ محەمـمـد عبدالـرزاق نـاو سـەرۆك لەشـکری (رکـن الدولـە) کـە کرابـوو بـە حـاکمی ئازربایجـان لەلایـەن بۆیەهییەکانەوە. لە ئەنجامی ئەم کێشمە کێشمەدا والییەکەی رکن الدوله نـەیتوانی لـە ئازەربایجان بحەوێتەوەو گەڕایەوە (ڕەی) لە ٣٤٢ هـ ، ٩٤ م دا.

ڕزگار بوونی مەرزەبان:

لەدوای ئەم کارەساتە بەسایەی دەسەڵات‌و نوفوذێك کە لـە ناوتایەفـەکانی دەیلـم و کوردەکانا هەیبوو، دەیسم خەریکبوو حوکمی وڵاتەکە بۆ خۆی داگیر بکـا. لەلایەکـەوە ئـەم کەین‌وبەینـە لـە ئازەربایجانـا هەڵئەسـوڕا. لەلایـەکی تـرەوە خـزم‌و دۆسـتی (واهسۆزان) لە قەڵای (سمیرم) خەریکی بەردانی (مـەرزەبان)بوون. ئەمانـە دڵسۆزانە تێئەکۆشان لە موئامەرەیەکدا. ئەمانە کاربەدەستی قەڵاکەو بەندییەوانەکانیان کوشت و مەرزەبانیان ڕزگارکرد، ئەوسا هەموویان پێکـەوە هاتنـەوە ئازەربایجان. لەملاشـەوە

واهسوران حەریکی تەدبیری لەناوبردنی دەیسم بوو. تووندوتیژیی دەیسم بوی ببوو
خراپەو چووبووە ئەستۆیەوە. بێجگە لەمە کوردەکانی دەیلەمیش لێی بە بیانووبوون
و خزمەکانیشی لێی تۆرا بوون. بۆیە کە دەیسم بە لەشکرەوە هەستاو چووە سەر
تاقی واهسۆزان و بەرەنگاری یەك بوون، دەیلەمییەکان لایان دایە لای دوژمن لەسەر
ئەمە دەیسم ڕایکردو خۆی گەیاندە ئەرمەنستان. جا لەمکاتەدا مەرزەبان گەیشتەوە
ئازەربایجان‌و حوکمی گرتەوە دەست. ئینجا لەدوای هەندێك سەرگوزشت لەسەر
ڕاسپاردنی مەرزەبان دەیسم گیراو هێنرایە تەورێز. لەوێ میلی بەچاوا هێنراو کوێر
کرا. ئینجا خرایە بەندیخانەوە. لەدوای بەینێك (جوستان) کوشتی. لەدوای ئەمانە
مەرزەبان زۆر نەژیاوە. واهسۆزانی برای کردووە بە جێنشینی خۆی و جوستانی
کوڕیشی کردووە بەجێنشینی ئەو. جا لە دوای ئەم تەتبیقاتانە ئەم شای گەورە
ئازای کوردە لە ساڵی ٣٤٥هـ ٩٥٥م دا مردووە.

واهسۆزان و کوڕانی مەرزەبان:

سالار مەرزەبان سنووری دەوڵەتی (ڕوادی)ی گەورە کردبوو. ئەرمەنستان‌و تووڕەی
مەراغەو موکریان (موقان)یشی خستبووە سەر ئازەربایجان. رکن الدولەشی کردبوو بە
ناوای خۆی و لەگەڵیا ئاشتبووەوەو هەرئەوەی پێئەویست سالارێکی گەورەو با
تەدبیری بێت. دەوڵەتەکە بەڕێوە ببات. بەڵام داخم ناچێت ئەم گەورەییە پەید
نەبووە، بەڵکو بۆ بەدبەختیی لەدوای مردنی مەرزەبان فرمانی دەوڵەتەکەشی
تێکچووە، چونکە وەسیەتەکەی سالار مەزرەبان بەجێنەهێنرا. کوڕەکانی مەزرەبان
واهسۆزانی مامیان تێکچوون و ئاژاوەیان خستوومتە وڵاتەکەوە. پیاوماقووڵانی
دەوڵەت(دۆستان شا)یان کرد بەجێنشینی باوکی. (واهسۆزن)یش کەوایزانی زیز بوو
چووە قەڵای (ترم) لەوێوە دەستیکرد بە تێکدانی وڵات‌و فیتنە نانەوە. دوودڵیی
ناخۆشی خستەناو برازاکانیەوە، ناخرییەکەی کردنی بەگژ یەکا. (جوستان شا)ی
ناسری برای و دایکیانی بەفێلگرت و حەپسی کردن‌و گەلێك پارەشی بەسەرلەشکر
سەرکردەکانا بەشییەوەو ئیدارەی حکومەتەکەی گرتە دەسخۆی، برایم سالاری کوڕی
مەزرەبان لەمکاتەدا لە ئەرمەنستان بوو. کە ئەم هاوارەی بۆ هات لەشکری هێنا

هاتەسـەرمامی. واهسـۆزان کـە وایزانـی ڤینـی هەڵسـاو بەرِڤـەوە بـرازاو برازنـە بەندکراوەکانی لای خۆی کوشتو ئەمجا سوپای هـەلگرت بـەرەو پیری (برایـم) سـالار چوو، (٣٥٩هـ) ئەم لەشکرە (ورمیە)و (مەراغە)ی داگیرکرد. برایـم سـالاریش هـەلات و گەرِایەوە ئەرمەنیە. لەدوای بەینێك دووبارە سوپای هێناو هاتەوە سەرمامی، بەلاّم لە ئـەنجاما ئـەم جارەش هـەر خۆی شکاو رایکردە لای (رکن الدولە)ی بۆیـەهی زاوایـان لە(رەی). رکـن الدولـە حورمـەتی گـرتو لـەدوای بـەینێك لەشکری دایـەو نـاردی بـۆ ئازەربایجـان ئـەم جارە واهسۆزان شکاو لـەناوچووە. مەشـوەرەت وایـە برایـم سـالار لەمەولا بەبێ ناحەز تا ٣٨٠هـ لەسەر تەختی رِوادی لە ئازەربایجان حوکمی رِەوابـووە. تەنانـەت ولاّتی شارەزووریشـی لـە ژێـر حوکمـابووە. لـەم کاتـەدا کیشـوەرەکان بـێ شەرِوشۆرِحەساونەتەوەو نـاوەدانیی و دەوڵەمـەندیی رِوویکردووەتـە ناویـان. لەلایـەن رِەوشـتو پیشـەی برایـم سـالارەوە لـە مێـژوودا ئـەوی دیـارە رِابـواردنو عـەیشو نۆشەکەیەتی. لەدوای مردنی برایم سالار یەك لەدوای یـەك (رِاویـدی)ی کـورِی برایـم سالارو (گلاّس)ی کورِی رِاویدیو ئەمجا (واهسۆزان)ی دووەم کە کورِی گلاّسە چوونەتە سەر تـەختی پادشایەتی تاکو ٤١٥هـ حوکمیان بەجێهێناوە.

واهسۆزانی دووەم:

فـەرمانرِەوایی واهسـۆزان شـای دووەمـی رِوادی زۆر درێـژ بوومتـەوە، بـەلاّم داخـی گرانە مەسەورەو رِووداوی ئەم دەورە ونە. حکومـەت لـە ٤١٥هـ وە تـا ٤٥٨ هـ (١٠٦٥م) هەرچی حوکمدارانی رِوادی هەیە بە واهسۆزان کورِی مامەلاّن ناوبانگیـان رِۆیشتووەو لە ڤەبیشیان (ناصر خسرو) وەیا (سیف الدولە ابـو منصور) بـووە. جـا بـە تـەواوی نەزانراوە کە ئەمانە هەموو هەر واهسۆزانی دووەمـە یانـە خۆ ئەشخاصی تـر بـووەو واهسۆزانیان پێوتـوون. لـە (٤٢٠هـ ١٠٢٩م) دا خێڵی درِنـدەی (غـەز) کـە لـە بـەرەی تورکمـانن هەڵمـەتیان داوەتـە سـەر رِۆژاوای ئـێران و ڤۆلێکیشـیان رِوویکـردووەتـە ئازەربایجان و بەینێك گەشتی ئەو ناوەیان کردووەو بێژاویانە. لـە دوایـیدا خێڵەکانی کورد کە (هازبەنی)شیان تیا بووە لە تاوانا گشتیان هەڵساون و یـەکیانگرتووەو لەگـەلْ سوپای وا هسۆزانی شادا پێکەوە پـەلاماری ئـەم خێڵە درِندەیەیـان داوەو زۆریـان

لێکوشوونو بە هێل سەرکردەکانیان لەناوبردوونو لە وەختە [illegible]

٤٣٢هـ. لە ساڵی ٤٤٦هـ ١٠٥٤م دا سوڵتان (طغرل)ی سەلجووقی کە لەئەسفەهانەوە ڕوویکردووەتە ئازەربایجان (ابومنصور واهسۆزان) سەری بۆ دانەواندووە، واتە بووەتە تابیعی مەلیکی سەلجووقیەکان. بەم ڕەنگە دەوری سەربەخۆیی حکومەتی ڕوادی دوایی هاتووە. لەمەولا بووەتە دەوڵەتی ژێردەستو لەلایەن هەواڵیشیانەوە زانیاری کەمبووەتەوە. برایم سالاری کوڕی واهسۆزان تا ٤٩٠ هـ ١٠٩٦م لە دوای باوکی بەژێر دەستیی سەلجووقیەکان حوکمدارێتییکردووە. وەها دیارە حکومەتی میرەکانی تورك لەکاتی حوکمدارێتیی ئەما ناوچەی تەورێزی داگیرکردووە، حکومەتی ڕوادی هەر لە مەراغەو موکریانا ماوە.

میر ئەحمەدیل:

ئەم سەردارە کوڕی سەردار برایمی واهسۆزانە. لە مەراغەدا حکومەتی ڕوادی زیندوو کردووەتەوە. ئەمجارە حوکمیان هەتا ٦٢٤ هـ ١٢٢٦م درێژەیکردووە. لەمدەورەدا موڵکی عەبباسی سەرپا بەدەستی دەرەبەگەکانەوە بووە. هەمووشیان بەدیمەن (سەربەخۆ) دیاربوون. ئەم جۆرە بەڕێوەچوونی حکومەتییە لەوکاتەدا لە ئەورووپاشا هەر وابووە. یەعنی ئاغاو بەگەکان لە ناوچەی خۆیانا سەربەخۆ بوون، بەڵام بەڕەسمیات ژێر دەستی خەلیفەبوون. لە مێژوودا ئەمجۆرە ئیدارەیە ناونراوە (اقطاع = دەرەبەگی). کەچی لە ڕۆژهەڵات، لە وڵاتی ئیسلاما لەمکاتەدا لەگەڵ خەلیفەکانی عەبباسیدا گشت ئومەرای ئەقطاعیش فەرمانبەرو ژێردەستی مەلیکەکانی سەلجووقی بوون. میر ئەحمەدیلیش یەکێك بووە لەوانە. لە بارەگای شای سەلجووقدا لای سەرپەڕ دائەنیشت. لەوکاتەدا ئەمە ڕوتبەونیشان بوو. میر ئەحمدیل هەمیشە ویستوویەتی شەوکەتو دەسەڵاتی جاران بداتەوە بەدەوڵەتی (ڕوادی). دەستە سوپ سوارییەکەی زۆر بە جەنگ بووە. لە بارەگای (سوڵتان محەمەد مەلیکشاه)ی سەلجووقییدا، باطینییەکان بەخەنجەر کوشتوویانە...

ئاق سونگور ئەحمەدیل:

ئەمجۆرە ناوانە لە تورکییەوە هاتووە، عینوانەوخراوەتە سەر ناوی ئەسڵی سالارەکان، چونکە ئەو کاتە دەوری دەسەڵاتداریی تورکمانەکان بوو. ناوو شێوەی زمانەکەشیان بووەتە باو لەناو ئاغاو ماقووڵانی ڕۆژهەڵاتدا. ئەمجۆرە کاریگەرییانە ئێستاش هەیە لەناو نەتەوەکانی ئیمڕۆدا، حوکم بەدەست کێوە بێت لاسایی ناوونیشانی ئەکەنەوە. ئاق سونگوڕ: کوڕی ئەحمەدیل بووە، لەدوای باوکی لە (٥١٠هـ ١١١٦م)دا لە مەراغە بووەتە سەرداری دەوڵەتی ڕوادی وە لە ٥٢٧هـ دیسان بەدەستی باطینییەك وەکو باوکی کوژراوە لای شاری هەمەدان کە بۆ کۆمەکی سوڵتان (مسعود)ی سەلجوقی چوبووە ئەوێ. سەرۆکایەتی ئەم ئەمیرە بەردەوری هەراو زەنای شاهزادەکانی سەلجووقی کەوتووەو ناوچە مولکی ڕوادی بووەتە پێخوستی لەشکرو سوپای ئەم شازادانە کە بەگژ یەکا ئەچوون. لەبەرئەوە گەلێك جار ئەمارەتەکەی (ئاق سونگور ئەحمەدیل) لە ژێر پێدا لەناوچووەو سەرلەنوێ دروستکراوەتەوە لە ئەنجامی کارا میرئەحمەدیل بووەتە (ئەتا بوك) واتە (لەلە)ی شازادە (داود)ی کوڕی سوڵتان مەحموودی سەلجووقی پادشای بەغدا کە بەجێنشینی باوکی دانرا بوو. لەو دەورەدا ئەتابەك پیاوی هەرە گەورەو ماقووڵی (دەوڵەت) بوو.

ئاق سونگوری دووەم:

ئەم ئەمیرە کوڕی ئاق سونگوڕی یەکەمە. وا دەرئەکەوێ تا ساڵی ٥٦٤هـ (١١٦٨م) لەسەر میرنشینی ڕوادی مەراغە حوکمیکردووە. لە کاتی حوکمی ئەمیشا هەرای ناوخۆیی شاهزادەو ماقووڵانی سەلجووقی دوایی نەهاتووەو لە ڕووی ئەم پشێوییانەوە ئەمارەتەکە زۆر کزبووە. لەدوای گەلێك هەراو چەرمەسەریی ئازربایجان لە ناوەند (ئەمیر ئیل دنگز)و (ئەمیر ئاق سونگور) دابەشکراوە لە (٥٤٩هـ ١١٥٤م)دا ئاق سونگور ئەمجا بووەتە وەصی شاهزادە داوودی جێنشینی (سوڵتان محەمەد)ی سەلجووق واتە (ئەتابەگ) یەعنی لەلەی جێنشینی دەوڵەت، تەنانەت ئەم شاهزادەیە کە بووەتە پادشاه لە بەغدا ئاق سونگور چووە بۆ دیدەنی، لەوێ (ئەریزیە)کی - حورمەت

زۆری گیراوە لە ٥٦٢هـ ١١٦٦م دا. وەها دیارە ئاق سونکور لە ٥٦٤هـ دا مردووە، (قتلغ)ی برای و کورەکانی ئاق سونگور لەسەر میراتی ئەمارەتەکە بەگژ یەکاچوون. بەمە ئەمارەتی مەراغە پەلپەلبووە. بەناو ئاق سونگوری سێیەم بوومتە میری مەراغە لە جێی باوکی، بەڵام ئەمارەتەکە ئەوەندە کزیبوو لە دەسەڵات کەوتبوو. (پەهلەوان) کوڕی (ئێل دنگز) ناو سەرداری تورکی ئازەربایجانی حوکمی بەسەرا ئەکرد. ناوچەی تەورێز کە هێشتا لە جوملەی موڵکی ئەمارەتی مەراغە بووە لە ٥٧٠هـ ١١٧٤ م دا دراوە بە ئەمیر پەهلەوان ناو نەتەوەی ئێل دنگز کەسەردارێکی تورکی بەچنگ بوو. ئەمە بوومتە خۆرەی ئەم لکی حکومەتی ڕوادی کوردە. ئەم کابرایە هەمیشە بە بیانوو بوو لەگەڵیان شەڕی پێنەفرۆشتن، ماڵی ئەبردن. لە ٦٠٥هـ ١٢٠٨م دا بەشاری مەراغەوە هەموو ئەمارەتەکەی داگیرکردووە. تەنیا قەڵای (ڕۆین دژ) کە زۆر قایم بووە بەدەس خانەدانی ئەحمەدیلەوە ماوەتەوە. بەمینێکیش ئافرەتێکیان لەم قەڵایەدا حوکمی کردووە کە پێویستە بە شاژنێکی کلۆڵی بژمێرین چونکە دوا حاکمی خانەدانەکەیە. ناوی (من هواداد) بووە لە ٦١٨ هـ ١٢٢١م دا لافاوی سوپای مەغۆلیشی دیومو لە قەڵاکەیا بە پارێزراوی ئەم هێرشە بەسەریا ڕۆیشتووە. ئەوەندە هەیە لە دوایدا (جلال الدین شا)ی خوارەزمی کە لە عێراق گەڕاوەتەوە بێرەدا ڕۆیشتووە ئەم شاژنە بەدبەختەی مارەکردووە. جا بەم شووە بێجێیەی (مەلیکە هواداد) ئەو تۆزە حاکمییەتەشی نەماوە. بەمجۆرە لەدوای حاکمیەتیکی ٤٠٠ ساڵە خانەدانی (روادی)ی کورد بە تەواوی لەناوچووە (٦٢٤ هـ ١٢٢٦م)[1].

٢-حکومەتی دۆستەکی و مەروانی:

١- دەوری دۆستەك: دامەزرێنەری بناغەی ئەم حکومەتی کوردە (شاه باز باد) ناو کوڕە کوردێکی دۆستەکییە سەرداری خێڵی حەمیدی بووە لە نزیك شاری دیاربەکر لە ئاوایی دۆستەك ناوی کوردا لە ٣٤٠هـ ٩٥١م دا. ئەم کەڵە مێردەی نەتەوەی کورد لە

---

[1] دەوری حکومەت و ئەمارەتەکانی کورد هەمووی لەسەر مێژووی کوردو کوردستانەکەی امین زکی بەگ دروستکراوە.

کاتی ژیانی باوکیا کە خۆی هێشتا هەرزەکار بووە کەوتووەتە سەودای پێکهێنانی حکومەتێکی کوردی سەربەخۆ. ئەوجوانێکی بەسام و بەخۆوە بووە، قەدو بالاو قەلافەتی نیشانەی بزورگی و زرنگی و زیرەکی تیا دیاربووە. هەر لە کاتی کورێنییەوە ناوبانگ و شۆرەتی بلاوبووەتەوە بەناو ئاسۆی خێڵەکانی کوردا، ئازایەتییەکەی بەهەموو شوێنێکدا بلاوبووبوەوەو ناوبانگی چوو بووە دڵی خەڵکەوە. ئەوەی کورد لەتەك سەرداری ئازاو کردەوە ڕەنگینا هەمیشە بۆ پیشەی بەرزی مێژوویی ئامادەیە. لەبەرئەوە هیوای بڵندی شاەبازی خێرا پێکهاتووە. توورەی کوردستانی(دیاربەکرو گۆمی وان) ی بە سووك و ئاسانی دەسخۆی خستووە، لەشکرێکی ڕێکی بەتارەك و پرچەکی هەبوو. لەناوچەی (سعرد)و (بتلیس)ەوە دەسیکرد بە گەورەکردنی مەڵبەندی حکومەتەکەی. جارێ ڕوویکردووەتە ئەرمەنستان شاری (ئەجیش)ی لێسەندوون و باپداوەتەوە بۆلای ڕۆژاوا شارانی (دیاربەکر)و (میافارقین)و چواردەوری ئەمانەی داگیرکردووە. لەدوای ئەمە دیاربەکری کردووە بە پایتەختی خۆی و عینوانی (شجاع)ی لە خەلیفەی بەغداوە بۆ هاتووە. لەم کاتەدا پادشای هەرە ناوداری بۆیەهی کە (عضد الدولە)ی ناو بوو، وە (أمیر الامراء)ی دەوڵەتی عەبباسی بوو لە خزمەت خەلیفەدا، بۆ ئەوەی (حەمدانی)یەکانی پێ کزبێ و خۆی بەرزبێتەوە، لە گرتنی شاری موسڵدا شاەباز یارمەتی عضد الدولەی بۆیەهی داوەو بۆ دیدەنی چووەتە بارەگای عضد الدولە. مەلیکی بۆیەهی لە چاو پێکەوتنی ئەم سەرداری کوردە سامی لێنیشتووەو بیری خراپکردووە لەدڵیا. (شاەباز)یش هەستی بەم دڵپیسییەکردووە خێرا گەڕاوەتەوە لەشکرگای خۆی. لە دوای ئەمانی عضد الدولە لە (٣٧٢هـ ٩٨٢م)دا وڵاتی (ئەسیبین)یش کەوتووەتە دەس شاەباز. بەمە حوکمی شاەباز هەتا دەوری موسڵ ڕۆیشتووە. بەم بۆنەیەوە ناخۆشیی بەینی بۆیەهی و دۆستەکییان ئاشکرا بووە، گەلێك لەشکری بۆیەهی هاتووەتە سەر پادشای دۆستەك بەلام شاەباز گشتی شکاندوون و گەلێك دیلی لێگرتوون. لەسەر ئەمە سوپاییەکی زۆرتری بۆیەهی هات، شاەباز ئەمیشی شکاند، ئەم جارە کوردەکان ویستوویانە بچنە سەر شاری موسڵ. موسڵاوییەکان سەرکەوتنی کوردەکانیان پێخۆشتر بوو لە بۆهییەکان، چونکە بۆیەهییەکانیان نەئەویست. (باز) خەریکی تارەکاتی لەشکرێکی ئەستووربوو کە بچێتە شاری (بەغدا) بگرێ و دەوڵەتی بۆیەهی لەناوبەرێت و خۆی ببێت بە (أمیر الأمراء)ی دەوڵەتی عەبباسی و خەیاڵە بەرزەکەی بێتەجێ. (صمصام الدولە)ی بۆیەهی کە ئەمەی بیست زۆر ترسا،

دەستیکرد بە هاوارکردن و حۆمەت ویستن لە هەمموودیەکی وەکی عەبیسی، بەو جۆرە لەشکرێکی بێڕادەی کۆ کردەوەو بەسەرداریی (زیار کوڕی شارا کویە)ی دەیلەمی کە لەو دەورەدا بەسەردارێکی زۆر بەناوبانگ ناسراو بوو، ناردیە سەر (شاماز) هەردوو لەشکر لای تەکریت پێکهاتن و شەڕێکی زۆر قورسیانکرد. وەها زانراوە کە کوردەکان زۆر ماندوو بوون و تارەکانی جەنگیان ناتەواو بوو، لەبەرئەوە خۆیان نەگرت و شکان. لەسەر ئەمە (باز) نەیهێشت سوپاکەی بوەستێت بە گورجی لە کوشتار ڕزگاری کردو لەڕایەوە دیاربەکر. سەرداری بویەهی ئەیویست سوپای کورد نەحەوێتەوە بەخۆیا، بۆیە لەشکرەکەی کرد بە دووقۆڵ و ناردی بۆسەر دیاربەکر. صمصام الدولە خۆیشی هاتە موسڵ لەگەڵ سعد الدولەی حەمەدانی حاکمی حەڵەب ڕێککەوت کە ئەویش بەلەشکرەوە بچێ و دیاربەکر بۆ خۆی بگرێت، بەم تەرحە لە سێ لاوە سێ لەشکر ڕوویکردووەتە پایەتەختی دەوڵەتی شاماز. بەڵام هیچیان پێنەکرا. فیداکاری ڕۆڵەی کورد دوژمنی ترساندووە. حاکمەکەی حەڵەب فیدایی نارد کە شاماز بکوژێت. ئەم فیداییە لە دەسیسەیەکا شای مەردان (باز)ی ئازای بریندارکردووە، بەڵام دوژمن لەمە هیچی دەس نەکەوتووەو لەلایەکی تریشەوە درێژەکردنی جەنگ دوژمنی بێتاقەت کردووەو لە ڕێککەوتن بەولاوە چارەیەکی تریان نەماوە، لەسەرئەوە (زیار) سوڵحی لەگەڵ (باز)دا کردووە، هێڵێ زوور (زاخۆ - نەسیبین) دانراوە بە سنوور بۆ هەردوولا. ئەمجار صمصام الدولە لەشکرێکی ئەستووری لە موسڵ بەجێهێشت و خۆی گەڕاوەتەوە بەغدا. شای کوردان لەدوای ئەم کارەساتانەش لە بیری خۆی هیچ لانەداوەو ویستوویە خەیاڵە کۆنەکەی خۆی هەر بباتە سەر، ئاشتییەکی بەتەمای گردەواری شەڕ قەبووڵکردبوو بۆیە لە ٣٧٢هـ ٩٨٧م دا لەگەڵ لەشکرێکی زۆردا چووەتە سەر موسڵ. سەرداری بۆیهی (أبو النصر خوشازە)ی تەنگەتاو کرد خێڵی (بنی عقیل)و (بنی نمیر)یش هاتن بە هاواری (خوشازە) وە ئەمانە هەموو بوونەتە هۆردوویەکی گەورە، ئەمجا بەرەنگاری قۆڵە لەشکری برای (شاماز) بوون. ئەم قۆڵە لەشکرە شکاو برای شاماز کوژرا. لەسەرئەمە لەشکری کورد لە دەوری موسڵ کشاوەتەوە. لە دوای ئەمانە حەمدانییەکان کەوتوونە بزوتن و بۆیەهییەکان ڕوویانکردووەتە کزی. شامازیش لەم هەلە نەگەڕا بۆیە دەستدرێژییەکانی پەیدا بووەوە تا دەوری موسڵ قۆڵ قۆڵ نومایشی نەکرد. بەڵام وا دیارە کاربەدەستانی موسڵ و بەغدا لە پەیدابوونی دەوڵەتێکی گەورەی کورد سڵەمیونەوە، بۆیە کەوتوونە تەدبیرو ڕای یەکگرتن لەناوخۆیانا. لە ساڵی ٣٧٩هـ دا سەرەکەکانی بەنی عوقەیل و بن

ئەمیرو حەمدانی و موسلاوییەکان گشتیان ڕێککەوتوون کە ناوچەی موسڵ بۆ حەمدانییەکان و تورڕەی جەزیرە بۆعەشیرەتەکان بێت. لەسەر ئەمە لەشکرێکی ئەستووریان کۆکردەوەو دەسیانکرد بە تێکۆشان. لەشکری شاەبازیش لای موسڵ بەرەنگاریان بووە. هەوەڵ کۆ حەمدانییەکان شکاوون، بەڵام موسلاوییەکان لەگەڵ سوپای بەنی عوقەیل و بن ئەمیر لە پشتەوە هەڵمەتیان بردووەتە سەر سوپای کورد. ئەم کاتە شەڕێکی خوێنین لە بەینی هەردوولادا روویداوە. لەگەرمی شەڕا (شاەباز) شای کوردان لە ئەسپەکەی گلاوەو شەهیدبووە. ئەم فەلاکەتە بووەتە هۆی بێ سەرداری سوپای کورد. لەسەرئەوە لەشکری بێسەردار مەیدانی شەڕی بەجێهێشتووە، ڕوەو کەژو کێوی نیشتمانەکەی گەڕاوەتەوە بۆ لای دیاربەکر ۳۸۰ هـ ۹۹۰م.

٢- دەوری مەروانی: لەدوای جەنگی (موسڵ) لەشکری شکاو بە سەرداری حسن کوڕی مروان کوڕی دۆستەك کە برازای شاەباز بوو گەڕاوەتەوە بۆ دیاربەکر، سەردارحسن خێرا ئامۆژنەکەی خۆی مارەکرد کە لە قەڵای (حسن کیف) بوو. ئەمەشی بۆ ئەوە کرد کە بە مردنی مامی ولات نەپەشۆکێو دەوڵەتەکە لەناو نەچێت. بەڕاستی ئەم (میر ابو علی حسن)ە زیرەکیی و داناییەکی بێهاوتای نواندو. هەموو سەردارو ماقوولانی دەوڵەتەکەی کۆکردەوە کە مەلیکێك دانێن بۆخۆیان. ئەوانیش بەیەك زمان ئەویانکرد بە شای دەوڵەتی دۆستەك. ئەوەندە هەیە باوکی ناوی مەروان بووە ئەگەرچی ناوەکە عەرەبیشە بەڵام لای کوردەواری ناوێکی نایینی و موبارەکە. لەبەرئەوە لەمەولا بووەتە عینوانی حکومەتەکەو بەو تەحرە چووەتە مێژووی کوردەوە. بۆیە لە (أبو علی حسن)ەوە ناوی حکومەتی دۆستەك نەماوە لە جیاتی ئەو ناوی (مەروانیی) باوی سەندووە. ئینجا بەوپێیە لە مێژوودا بووەتە لکی دووەمی دەوڵەتی دۆستەك. کوڕی (حەمدانی) لەدوای سەرکەوتنیان لە هەرای موسڵ ویستیان گشت وڵاتەکانی دۆستەك داگیربکەن و ئەم دەوڵەتی کوردە لەناوبەرن. لەبەرئەوە بە سوپایەکی زۆرەوە چوونەتە سەر دیاربەکر. نەیانزانی ابو علی حسن بۆ هەرایەکی وەها سوپاکەی ئامادەکردووە لەگەڵ تەدبیری جوانی تر چارەی شکاندنی بۆ سوپای حەمدانییەکان ڕێکخستووە لەسەرێکی تریشەوە ئەهالی لەبەر زوڵم‌وزۆری حەمدانییەکان لێیان بێزاربوون، بۆیە کەهەردوو لەشکر پێکهاتن لەدوای شەڕێکی قورس حەمدانییەکان شکان و زۆریان لێکوژراو (ابو عبدالله)ی حەمدانی بە دیلگیرا. بەڵام بەهیوای قازانجکردنێکی سیاسی سەردارانی کورد ئەم دیلەیان بەرەڵاکرد کەچی وا دەرنەچوو، چونکە حەمدانییەکان لەسەرشەڕ هەر ڕۆیشتن. ئەمجارە لەشکری

بەنی عوقەیل)و (بەنی نەمیر)یسیان لەت خویلخستبوو. لەسەرئەنجام لە بەینی
دیاربەکرو موسڵدا هەردوو لەشکر تووشی یەکبوون‌و شەڕێکی خوێنڕێژانەیان کرد لە
٣٨٠هــ دا تــالعی شــەڕ ئــەمجارەش بەســەرکەوتنی کــوردان ئەنجامیــهێناوە. بــەرەی حەمدانییــەکان دووبــارە زۆر شکاون و پەرێشانبوون. ابــو طاهری حــەمدانی کــە بــە شکاوی گەڕاوەتەوە (نەسیبین). ئەمیری (بــەنی عوقــەیل) خۆی و دەست و پێوەنــدی گرتن و هەموویانی کوشت و چووە سەر موسڵ ئەویشی گرت، کەچی ابــو علــی حسن شاە بەهەڵە چوو، لەسەر دوژمن نەڕۆیشت تا بە تەواوی لــەناوی بــەرێت و پاشــەڕۆژی حکومەتەکەی لەسەر پتەویی داڕێژێت. بۆیە موسڵ بە ناحەزیی حکومــەتی مــەروانی هەرمایــەوە. ابــو علــی حســن شــاە لەمــەولا دەســتیکرد بــە هەڵســووڕاندنی تــەدبیرو کــردەوەی بــەرێز. گــەلێك فــەرمانی ئــاوا کردنــەوەی هێنایــەدی. بەڕووخۆشــیی و دادبەخشی حوکمڕانیی کــرد. ورده ورده سنووری قەڵەمڕەوەکەشی گــەورە کــردووە. ناوچەی (نۆرفــە)ی لەئیمپراتۆریــەتی ڕۆم زەوتکــردووەو هــەموو شارەکانی بــاکووری گۆمــی (وان)یشی داگیرکردووە. ئــەمجا خەلیفەی بــەغداد عینوانــی (فخــر الدولــة)ی داوەتێ. ئــەوەندە هەیــە ئــەم پادشا باشــەش لــەناو وڵاتیا بێ ناحــەز نــەبووە، چــەند ناپەسەندێك لە دیاربەکر تەدبیریان لێکردو لەناکاو کوشتوویانە لە ٣٨٧هـ دا.

ابو سعید منصور (ممهد الدولە)[١٢]:

لــەدوای کارەساتی موســڵ کــە (شاەباز)ی تیا لــەناوچوو (ابــو سعید منصــور مــهد الدولە) گەڕاوەتەوە ناوچەی شاری (میافارقین)و کە (ابو علی حسن شاە)ی بــرای کــرا بە شاە لەسەر حکومەتی مەروانی ئەمیش بەڵێنی ئیطاعــەتی داو تاکوشتنی ابــو علــی حسن شاە بــە حــاکمی ئــەو ناوچەیــە ماوەتــەوە کــە خەبــەری کوشتنی کاکی بۆهــات چووەتە شاری (میافارقین) لــەوێ سەردارو مــاقووڵانی حکومــەت کردیان بــە پادشای دەوڵەتی (مەروانی). شۆرەت وایە ئەم پادشایە تا ٤٠٢ هـ حوکمیکردووە. لەو ساڵەدا بە تەدبیری هەندێك بەدبەخت ئــەمیش بــە کوشــتن لــەناوچووە. لەبابــەت هــەواڵی کاتی حوکمی ئەم حوکمدارەوە زانیاری زۆرکەمە. بەپێی مێژووی امــین زکی بــەگ، جزمــی دووەم، حکوماتی کورد (لا ٧٦) ئەم پادشایە بەناوی خۆیەوە سکەی بووەو خوتبەشیان بەناویەوە خوێندوەتەوە.

---

[١٢] ئەم جۆرە عینوانانە لەلایەن خەلیفەی بەغداوە ئەدرا بەوانەی لە دەوڵەتی عەبباسیدا دەستەڵاتیان ئەنواند.

عادل شاه ناصر الدولە احمد:

لەکاتی کوشتنی ابو سعید منصوردا (ناصر الدولة احمد)ی برای حاکمی (سعرد) بوو، لەبەرنەوەی کە حەزی لێنەنەکرد کاکی دووریخستبووە. کە خەبەری کوشتنی براکەی بیست هاتە شاری (ئەرزن) لەوێ مەجلیسی ماقووڵان کردیان بە پادشا. ئەم مەلیکی کوردە لە ٤٠٢هـ وە تا ٤٥٣هـ (١٠٦١م) حوکمیکردووە. لە هەموو ڕوویەکەوە ئەم مەلیکە بە ناوبانگترین و باشترین (شای)ی مەروانییەکان بووە. لە مێژوودا ناوی بە (عادل - دادگەر) دەرکردووە. لەدوای ئەوە بووەتە شا وڵاتەکانی (مەروانی) هەموویان یەکە یەکە سەری فەرمانی ڕەواییان بۆ دانەواندووە. لە دوای ئەوە ئەمیش دەستیکردووە بە ڕێکخستنی ئیشوکاری وڵاتەکان، فیتنەگێڕەکانی لەناوبرد. فەرەحی و دڵسۆزی بەناو خەڵقا بڵاوکردەوە لە ساڵی٤١٠ هـ دا بۆ ئەستەمووڵ و میسرو بەغداد باڵیۆزی ناردو میرسولەیمانی کوڕی کرد بەجێنشینی خۆی و ئەمجا کردی بە حاکمی (جزیرە)و (بۆتان). شاری (میافارقین)ی رسماً کرد بە پایتەخت، بەڵام گەلێك جاریش لە (دیاربەکر) ڕاینەبواردو جارو بار بەوڵاتەکانا ئەگەڕا، شارەکانی زیارەت ئەکرد، لەحاڵی مسکێنی ئەپرسییەوە (القادر بالله)ی خەلیفەی عەبباسی لە ساڵی ٤٠٨ هـ. دا عینوانی (ناصر الدولە)ی داوەتێ. لەسەر ساغکردنەوەی شاری (ڕەها- ئۆرفە) بۆلایەکیان سەردارانی مەروانیی کوردو سەرەکەکانی (بەنی نەمیر)و دەوڵەتی (بێزانس) گەلێك شەڕو هەرایانکردوە. لە ئەنجامدا ٤١٨ هـ دا عادل شاە وازی لەم شارە هێناوە. بەبێگومان ئەمجۆرە کەمتەرخەمییە لەسەر ماڵ و مەسڵەحەتی دەوڵەت لە مێژوودا هەمیشەش دوژمنایەتی و دەستدرێژی هێناوەتە سەردەوڵەت. جا (بدران)ی سەرۆك عەشیرەتی (عوقەیل) لەڕووی ئەمەوە کەوتە سەر سەودای داگیرکردنی ناوچەی (نەسیبین)یش. ئەم (بدران)ە لەگەڵ (قرداش)ی برایا کە حاکمی موسڵ بوو لە دژی (عادل شاە) یەکیگرتووە بە لەشکری زۆرەوە هاتووەتە سەر (جەزیرە)و (نەسیبین). بەرەکەتدا هیچیان پێنەکرا. ئەمجا بایانداوەتەوە بە تکاو پارانەوە نەسیبیان لە عادل شاە سەندووە، بەڵام لە ٤٢٢هـ دا ئەمجا لەشکری ڕۆم هاتووتە سەر (ڕەها)و داگیریکردووەتەوە. بە کورتی پادشای مەروانیی دڵ نەرم و بێتین بوو، دوا

ڕۆژی لێکنەداوەتەوە، هەر لەبەرئــەوەی خوێن نەڕژێت. کەچی لەم نــەرم و نیانییە دوژمن کەلکی وەرنەگرت جا مـەلیك بــەمجۆرە پاشەڕۆژی دەوڵەتەکەی بەستبوو بـە بەخشندەییەوە. بەرەکەتدا مەترسی لــە ڕۆمـەکان کە دوژمنـی هـەموو ئیسلام بـوون کوردو عەرەبی یەکخستبوو، بۆیە بەسەرداری یەکێك لـە ئـەمیرەکانی مـەروان سوپای هەردوولا هەڵی کوتاوەتە سەر ڕەها پێچایان و گرتوویانە ٤٢٧ هـ ١٠٣٥م. وەك لـە باسـی حکومەتی (ڕوادی)دا دیمان میللەتی (غەز) لەم کاتەدا داویە بەسەر کیشوەری ئێران و ئازەربایجانا وێرانیکردووە. لە ٤٢٢ هـ دا لێشاوی ئەم خێڵە لەوێوە هاتووەتە ناو خـاکی (کوردستان)ی مەروانییشەوە. خێڵەکانی کوردی (هازبـەنی) زۆر جەنگیـان لەگـەڵ داون بەڵام کەلکی نەبووە هازبەنییەکان قۆڵ قۆڵ ئەکشانە وڵاتی ئاوای کوردەوارییـەوە ژن و منداڵ پەنابردووە بۆ کەژو کێو، هەرچی نێرینە هەیە چەك بەدەستەوە لە مـەیدانا بوون، هاژە کەوتووەتە کوردسـتانەوە. لـە دوای شـەڕەکان بەشـەوو بـەڕۆژ (غـەز)ەکان شکاون. کوشتاری بێدایـان لـێکراوە. گـەلێك گـەورە پیـاوو سـەردارییان بـەدیل گـیراو هەرچی ماڵ و تاڵانێك کە بە دەستیانەوە بوو لێیان سەندرایەوەو تەفرو توونا کـران. ئەمـە لە باکوردا. بـەڵام لـە باشوردا هـەندێك تـیرەی تـر لـە (غەز)ەکان کە موسڵی گرتبوو، ڕوویکردوەتە خاکی مەروانییـەوەو دەمیـان تێژەنـدووە. شاە زادەی جێنشین ئـەمیر سولەیمان بـە لەشکرەوە بـەرەنگاریان بـووە دەربـەندو کێوەکانی لـێگرتوون و بەربەسـتیکردوون ئـەمجا لەگـەڵ لەشـکری (قـرواش)ی حـاکمی (موسـڵ)یشـا یـەکیانگرتووەو لەگـەڵ غـەزەکانا کەوتوونەتـە شـەڕو شـکاندوویانن. کـەچی قۆڵـی (نـەصیبین)یـان خـۆی گەیاندوەتـە دیاربـەکر شـارە بەدبەختەکـەیان تـاڵان و وێرانکردووە. بەڵام کە سوپای کورد بۆ یارمەتی هاتن، ئەمانە گەڕاونەتەوە بـە پاشـدا ئـەم جارە (سنجار)و (نـەصیبین)و (موسـڵ)یـان سـاف لـە سـاف تـاڵانکرد. بـەمجۆرە هەرچەنە وڵاتی کوردستانی مەروانیی لە فیتنەی (غەز) ڕزگار بوو. بـەڵام لـە ساڵی ٤٤٠هـ ١٠٤٨م دا هەرایـەکی تـازە کەوتووەتــە نـاو خێڵـەکانی کوردسـتانەوە. عەشـایری کوردی (هـەموودی - حـەمیدی) کە لـە مەڵبـەندی (عـەقرە - ئـاکرێ)دا دانیشـتبوون بەدەسیسەی قرواش حاکمی موسڵ لەگەڵ خێڵە گەورەکەی (هازبەنی)کە لـە ناوچـەی

هەولێردا دانیشتبوو کردیانــە دوو بـەرەکی. (ابـو الحسن کوڕی موسـك) نـاو سـەرداری هەزبەنی کە حاکمی هەولێر بوو ناحەزییەکەی نیداره نەکرد. ئـەمجا قـرواش لەگـەڵ هەزبەنییەکانا یەکیانگرت و ویستیان وڵاتی (ئاکرێ) بگرن. لەسەر ئەمە (احمد شا)ی مەروانیی یارمەتی ئاکرێییەکانی دا. بەوەی چاکبوو لەم بەینەدا هۆزی قـرواش لـەناو خۆیانـا تێکچوو بوون. احمد شـاە لای موخـالیفی گـرت و یارمـەتی بـۆ نـاردن، نزیـك شاری موسڵ هەردوو لەشـکر شـەڕێکی قورسیانکرد. قـرواش بـەدیلگیراو لەشکرەکەی زۆر خـراپ شکا. (ابـو الحرب امـیر سـلیمان) سـەرداری لەشـکری کـورد قرواشـی دا بـە (زعیم الدوله)ی برای قرواش کە ناحەزی یـەکبوون بـۆ ئـەوەی لەناویبـەرێت. کـەچی (زعیم الدوله) لە ترسی دەستپەیدا کردنـی نەتـەوەی کـوردو لـەناوچوونی حکومـەتی عـەرەبی موسـڵ قرواشـی بـەرەڵڵا کـردو هـەردوولا ئاشـتبوونەوە. ئەوسـا (مـیر سولەیمان)یش لە سیاسەتە ناقۆڵاکەی خـۆی تەریقبووەتـەوەو بـەرەو وڵاتەکـەی خـۆی گەڕایەوە. جا لەمناوەدا خوێنی سەربازە کوژراوەکانی کورد بـە خۆڕایـی ڕژاوە ٤٤١ هـ. لـەم بەینـەدا سوڵـتان طغرل سـەلجووقی کـە دەوڵـەتی عەبباسـی لـە ژێـر دەسـتا بـوو خەبـەری نـارد بـۆ نـاصر الدولة احمـد شـای مـەروانی کـە لـە خوتبـەدا نـاوی ئـەو بخوێنرێتــەوە ئــەویش قــەبووڵیکرد. واتــە کوردســتانی مــەروانی ئیــتر کەوتــە ژێردەســتەڵاتی سـەلجووقیەکانەوە. لەمــەولا (احمــد شــاە) لــە لایەکــەوە لەگــەڵ ئیمپراتۆریەتی ڕۆمای بیزانس دۆستایەتی گرت. لەلایەکی تریشەوە بەڕەوشتی جـوان و کـردەوەی ڕاسـت، سوڵتان طوغـرول منـەتبار کـردووە. ڕۆمـەکان بـۆ ڕەزامـەندی ئەحمـەد شاە مزگـەوتی ئـەیوبییان لـە ئەسـتەموڵ ئـاوەدان کردەوەتـەوە. ٤٤٦هـ. (ابـو الحرب میر سولەیمان)ی جێنشینی احمد شاە کە حاکمی جزیـرە بـوو لـە ڕووی تونـدو تیـژی خوڵقییـەوە لەتـەك هـەندێ مـاقووڵانی خزمـی خۆیانـا ناخۆشـی کەوتووەتـە ناویانـەوە. مـیر سـولەیمان هـەندێك لــەم ماقووڵانــەی بـەفێڵ گرتــووەو کوشــتوونی. کەسوکاری کوژراوەکانیش ئەویان کوشتووە. بەم تەرحە لەوڵاتا ئاژاوەی نـاوخۆ پـەیدا بووە کە ئەمە بۆ پاشە ڕۆژی دەوڵەتەکەی شتێکی زۆر خـراپ بـووە (قورەیشی کـوڕی بـەدران)ی حـاکمی موسـڵ ئـەم پشێوییەی بەهـەلزانی لەگـەڵ (بخێتــە)و (بشـنۆیە)ی

کورددا که دلشکاو بوون لە ئیدارەی احمد شاەدا یەکیانگرتو بە لەشکرێکی زۆرەوە چوونەتە سەر جەزیرە، لەگەڵ شازادە (میر نەسرەت)دا کە باوکی تازە کردبووی بە حاکمی ئەوناوە لە جێی میر سولەیمانی برای شەڕێکی قورسیان کرد، هەردوولا فرەیان لێکوژرا، بەڵام لە ئەنجامی کارا دەستەی حاکمی موسڵ شکاو قورمیش بە برینداری گەڕایەوە. جا ئەم ئاژاوەیە کە لەرووی تەبیات خراپی میر سولەیمانەوە پەیدا بوو نشوستی نایەوە بۆ دوا ڕۆژی حکومەتەکە (٤٤٧هـ ١٠٥٥م). لە ٤٥٢م دا ناصر الدولە احمد شاە لە تەمەنی ٨٠ ساڵەدا مردووە. ئەم پادشایە ٥٢ ساڵ بە شان و بەشەرەف حکومەتی کردووە. خەلیفەی عەبباسی (القادر باللە) عینوانی (ناصر الدولە)ی دا بوویە. لە کۆشك و سەراکانی (میارفاروقین)و (دیاربەکر)ا شاهانە ڕای بواردووە، کیشوەری مەروانیی لەدەستدرێژی دوژمن پاراستووە. لەناو شاهانی هاودەوری خۆیا پایەی مەزن بووە بەزم و ڕەزمی بارەگای بەناوبانگبووە، چێشتکەری ئەنارده میسر تا فێری چێشتلێنانی سەرای میسر ببن. چەند کچە پادشایەك ژنی بوون. ابو القالسم مەغریبی و فخر الدولە کوڕی جوهێر وەزیری بوون. گەلێك شاعیرو زانا (عولەما) لەدەوری کۆبوونەوە. (ابو عبداللەی کارزۆنی) کە مەزهەبی شافیعی لە کوردستانا بڵاوکردووەتەوە یەکێکە لەو زانا گەورانەی کە لە سایەی ئەما ژیاوە. (احمد شاە) لەگەڵ زاناو حوکەمادا حەزی لە ڕابواردن ئەکرد. (ابو عبداللە کوڕی مروان) شێخ الاسلامی بوو بۆ ڕاگرتنی ڕژێمی حکومەت گەلێك کاربەدەستو فەرمانبەری داناوە. بەکورتی لە (میافارقین)دا شوێنەواری بەجێهێشتووە. باخی شاهانەی هەبووە، ئەهالی بە خۆشی تیا ڕابواردووە، قەڵا، ئەخۆش خانە، وە کتێب خانەی دروستکردووە. بەڕاستی دەوڵەتی مەروانیی کوردان لە کاتی حوکمڕانی ئەما لە دەوڵەتە بەهێزە شارستانییەکان ئەچوو.

قاسم ابو ناصر:

لەدوای باوکی قاسم شای کوڕی بووەتە فەرمانڕەوا، لە ٤٥٢ وەڕتا ٤٧٢هـ حوکمڕانی کردووە. لەگەڵ میرسعیدی برایا سەردەمێك بەناخۆشی ڕایبواردووە. بەڵام لەدوایید

میرسەعیدی کرد بە حاکمی دیاربەکرو ڕێککەوتن. لەکاتی حوکمی ئەما لە ٤٥٧هـ ١٠٦٤دا حەرڕان و سومیداء زەوتکراوە. لەقەبی (نظام الدولە)ی هەبووە.

منصور شاە کوڕی میر سەعید:

لەدوای مامی و باوکی شازادە منصور بوومتە شای مەملەکەتی مەروانی. شۆرەت وایە خوتبەی بەناوی خۆی وخەلیفەی فاطیمی میسرەوە خوێندوومتەوە. لەبەرئەوە خەلیفەی عەبباسی لێی دوودڵ بووە. لەبەر ئەومشە (ملکشاە)ی سەلجووقی کە پشتیوانی تەختی عەبباسی بوو لێی ڕەنجاوە. واڕێکەوت (فخر الدولە ی کوڕی جوهێر) کە کۆنە وەزیری مەلیك ناسربوو لە خانەدانی مەروانییەکان تۆرا بوو. ئەم سپڵەی مەنفەعەت پەرستە بە تەمای دەستکەوتنی حوکم فریوی مەلیك شای سەلجووقی خواردو سوپایەکی زۆری لێسەند هاتە سەر خاکی مەروانییەکان. لەدوای گەلێك شەڕو خوێنڕشتن کیشوەرەکەی داگیرکرد. شارانی (دیاربەکر - ئامەد) و (میافارقین)ی جیاجیا پێچاو زەوتیکرد. منصور شاە خۆی گەیاندووەتە جەزیرە لەوێ جێگیربوو. چەند قەڵایەکی ئەو ناوەو ناوچەی (بۆتان) کۆمەکیان کرد، بەڵام کوڕی جوهێری ناچیزە، بۆئەوەی حوکم بەدەست خۆیەوە بمێنێت نەیویست ناوو نیشانی حکومەتی مەروانی نەهێڵێ. بۆیە وازی لە ئاخری حوکمداری کۆنە وەك نیعمەتی نەهێنا لەشکری کردە سەر. جەزیرەیان پێچا، لە ڕێگایەکی پەنهانەوە شەو لەناکاو چوونە قەڵاکەوە داگیریانکردو منصور شای بەدبەختیان بەدیلگرت. بەمە حکومەتی مەروانی کە لکی دووەمی دەوڵەتی دۆستەکی کورد بوو لەناوچوو. ئەومندە هەیە زۆری نەخایاند کوڕە ناجسنەکەی جوهێریش بە پاداشتی خەیانەتی خۆی گەیشت، (ئاتق) ناو سەرداری لەشکری مەلیکشاە حوکمی لەدەست سەندو دەریکردە موسڵ. لەوێ بەفەقیریوپەرێشانی مرد ٤٧٨هـ ١٠٨٥م.

٣- حکومەتی بەرزیکانی:

ئەم حکومەتە کوردە لە ٣٣٠هـ ٩٤١م دا لەلایەن میرحوسەین ناو سەرداری عەشیرەتی (بەرزیکانی)یەوە لە شارەزوور بناغەی دانراوە. تاکو ٣٥٠هیجری خۆی و براکانی لە (هەمەدان)و (نەهاوەند)ەوە تا سنووری ئازەربایجان هەموو مەڵبەندی

کوردستانی ئێرانیان خستووەتە ژێرچنگی خۆیانەوە. ئەم توورڕە گەورەیە لە دواییا بە میراتیی بۆ حوسنەوی کوڕی میر حوسەین بەجێماوە، لەکاتی حوکمی میرحوسەیندا حکومەت شکڵی ڕەسمی وەرنەگرتبوو. کە حوسنەوی بووەتە حوکمدار ئەوسا وێنەی سەربەخۆیی ئەم حکومەتی کوردە بە تەواوی دیاریداوە. حوسنەوی: شایەکی سیاسی زۆرزان بووە، نەیویستووە لە سەرەتای پەیدا بووندا دەوڵەتەکەی تووشی هەراو شەڕی قورس بکا. لەبەرئەوە لەگەڵ حوکمدارەکانی (بۆیەهی) دا تێکەڵیی پەیداکردووە، لەمکاتەدا خانەدانی حوکمداری (ڕوادی)ی کورد لە ئازەربایجان لەناوخۆیانا شەڕو شۆڕیان ئەکرد کە مەسڵەحەتی هەردوولایان پێویستی وەها بوو کە یەکبگرن و بەرامبەر بۆیەهییەکان بوەستن. کەچی وادیارە حوسنەوی بەتەمای ئەوە نەبووە بۆیە هەوەڵ دۆستی (ركن الدوله) مەلیکی بۆیەهی لە(ڕەی)لە پاشا لەگەڵ (معز الدولة)ی برای (ركن الدولة) شا پەیوەندی ئاشتیی بەستووە. لەسەر ئەوەش (شا)ی بەرزیکانی لە دڵا ویستوویەتی سنووری حکومەتەکەی گەورە بکات. لەبەرئەوە بەسەر هەڵەوە نەڕۆیشتووە. کە تەماشای کرد بۆیەهییەکان بوون بەناحەزی یەك چووە بەگژ بەختیاری کوڕی (معز الدوله) لە ٣٥٦هـ داو ناوچەی هەولێری لێسەندووە. زێی گەورە بووەتە سنوور لە بەینیانا. ئەمجا لەگەڵ بەختیار ئاشتبووەتەوەو لە شەڕی (تغلبی حمدانی)دا یارمەتی بەختیاریداوە. بەڵام لەسەرئەمانە (ركن الدولة)ی لێ زویربووە. ئاخرییەکی چون بەگژیەکاو لەشکری دەیلەمی هاتوەتە سەر میر حوسنەوی. ئەمجا سوپای بەرزیکانی ڕوویکردووەتە ئەم لەشکرە و چواردەوری گرتووەو وازیان لێنەهێناون تاکو خۆیان چەکیان تەسلیمی سوپای بەرزیکانی بوون لەسەر ئەمەشا حوسنەوی لای ئاشتی گرتووەو لەگەڵ ركن الدوله شا ڕێککەوتووەتەوە لەم بەینەدا (عضد الدوله)و (بەختیار)ی بۆیەهی کە ئامۆزای یەکتری بوون، بۆ سەندنی تەخت و تاج تێکهەڵچوون لە ٣٦٣هـ – ٩٧٣مدا. حوسنەوی سڵی لە عضد الدوله نەکرد. لەبەرئەوە یارمەتی بەختیاریدا. هەرچەندە بەشەڕەکەیانا نەگەیشت دیسان بە کوڕەکانیا قۆڵە سوپایەکی بچووکی بە یارمەتی بۆ بەختیار نارد، کەچی لەوەدوا دەرکەوت کە بەختیار ناتوانێت ڕوو بەڕووی عضد الدولة هەڵوەستێت لەبەرئەوە (بەختیار) وازی لە دەعوای خۆی هێنا لەسەر ئەوە لەشکری بەرزیکانییش بەرەو وڵاتی خۆی گەڕاوەتەوە. لەدوای ئەم ڕووداوە حوسنەوی پادشایەکی بە نیدارەو دوور ئەندێش بووە. ڕەوشتێکی بەرزی هەبووە، بەشێکی گەورەی کوردستانی لا

ژێرحوکمدا بووە. زابی گەورە سنووری باکوری دەوڵەتەکەی بوو، شاری (سەرماج) پایتەختی بووە. دەوری حوکمڕانی ئەم خانەدانەدا ئەم شارە پەیدا بووە. دینەوەر، هەمەدان، نەهاوەند، هەولێر شارانی ناوداری ئەم دەوڵەتە بوون.

ناصر الدوله امیر بدر:

لە دوای باوکی شازادە بدر بوومتە حوکمداری بەرزیکانی. هەر ئەوساڵە لە ڕۆژاوای هەولێردا ئەم پادشایە چەند قەڵایەکی زەوتکردووە. بۆیەهییەکان لە دەستەڵات زیادیی دەوڵەتی بەرزیکانی زۆر ئەسڵەمینەوە. لە هەموویان زیاتر عضد الدولة ویستی ئەم دەوڵەتی کوردە لەناوبەرێ. بۆیە جارێ کەوتوومتە تەدبیری ڕێککەوتن و یەکگرتن لەناوخۆیانا. کەچی بەرامبەر ئەم تەهلوکەیە بۆ بەدبەختیی، کوڕانی حوسنەوی بوون بەناحەزی یەکتری. ئەمانە حەوت برا بوون، نەیانئەزانی ناکۆکییەکەیان خۆشیان و حکومەتەکەشیان لەناوئەبات. جا عضد الدولە ئەم ناکۆکیەی بەهەل دانا. لەشکرێکی گەورەی ناردە سەریان. ئەم سوپایە هەمەدانی گرت. بەشێك لە لەشکری بەرزیکانی جیابووەوە تێکەڵ سوپای عضد الدوله بووە. ئەو حەلە بەناسانی نەهاوەندو (سەرماج) یشیان داگیرکرد. بەرەکەتدا ئەمیر بەدر خودی خۆی دۆستی عضد الدولة بووە عضد الدوله نەیویست حکومەتی بەرزیکانی بەدەست ئەمیر بەدرەوە بێت. لەبەرئەوە دوای ڕووداوەکانی لای سەروو بە ئەمرێکی عضد الدوله ئەمیر بەدر کرایەوە بە سەرداری بەرزیکانی و خەڵاتیشی کرد. ئەمجا ئەوانەی هاو فکری (بەدر) نەبوون لە کوڕانی حوسنەوی و ئەو سەردارانە کە بە دیل گیرابوون لەوە پێش هەموو کوژران. بەم تەرحە حکومەتی بەرزیکانی بەجارێك سەربەخۆیی نەما کەوتە ژێر حوکمی بێگانە لە ڕووی ئاژاوەی ناوخۆیانەوە.

میر بەدر تا عضد الدوله ژیاوە هیچ سەرپێچیی نەکردووە، وە لە شەڕو داوادا بە کۆمەکییەوە چووەو خەرجییشی بۆ ناردووە. بەڵام کە عضد الدوله مرد ئەمجا بوو بە ژێردەستی فخر الدولەی برای عضد الدوله. چونکە نەیویست ئیدارەی دەوڵەتەکەی بگێڕێتەوە دەستخۆی لەسەر ئەمە شرف الدولەی کوڕی عضد الدولە لەشکرێکی

قورسی ناردووەتە سەر لەشکری کورد بەسەرداری ئەمیر بەدر لای (قرەمسین - کرماشان) لەگەڵ دوژمنا کەوتووەتە شەڕ. بەدر بە فێڵێکی مەردانە لە کاتی حەسانەوەدا هەڵمەتی بردووەتە سەر لەشکری شرف الدولە زۆر خراپ شکاندوویەتی لە ٣٧٧هـ ٩٧٨م دا. ئەم سەرکەوتنە بووەتە هۆی ژیانەوەی شەوکەت و شانی حکومەتی بەرزیکانی. میر بەدر لەمەولا دەستیکردووە بە داگیرکردنی وڵاتەکانی کوردستان. ئەم ئەمیرە عاقڵە لە شەڕو هەرای سەردارەکانی بۆیەهی، زانیبووی کە ئەبێت لەم هەلەد بێبەش نەبێت. لەبەرئەوە لە هەموولایەکەو دەستیکردووە بە داگیرکردنی سەرزەمینەکانی چواردەوری خۆی. لە باشورەوە سنووری حکومەتەکەی گەیاندە سەر رووباری (کەرخا)و شاری (خوڕڕەم ئاباد)ی گرت. هەموو وڵاتی کرماشان و شارەزووری هێنایەوە ژێر چنگی خۆی. ئەمیرەکانی بۆیەهی خوا خوایان بوو ئەمیر بەدر دۆستیان بێت. خەلیفەی عەبباسی لە ٣٨٠هـ ٩٩٠م دا عینوانی (ناصر الدولە و الدین)ی داوە پێی. بەڕاستی ئەمیر بەدر حوکمدارێکی زرنگو تێگەیشتوو بوو وەنەبێ هەر لەمەیدانی شەڕا بەکردو بزان بووبێت، بەڵکو لە بەجێهێنانی عەدالەت و خێرخواهی بۆ خەڵکو ئاوەدانکردنەوەی مەملەکەت و پێشخستنی ماڵی مسکێنیشەوە شۆرەتی بە هەموو لایەکا ڕۆیشتووە. مێژونووسەکان هەموویان مەدح و ثەنای ئەکەن ناصر الدولە بەدرشاە تاساڵی ٤٠٠هـ ١٠٠٩م بێ هەراو پشێویی، بەسەربەخۆییەکی تەواو حوکمڕانی کردووەو ئەمەش بووەتە هۆی خێرو بەرەکەت بۆ وڵات و خەڵك بەم هۆیەوە میلەتی بەرزیکانی بە تەواوی بە خۆیا هاتووە. بەڵام داخی گرانە ئە خۆشییە لەم کاتە بەدواوە گۆڕاوە. (هیلال)ی کوڕی بەدر بەگژ باوکیا چووەو ئاژاوەی خستووەتە وڵاتەکەوە. بەدر شاە دوو کوڕی بووە (عیسی)و (هیلال) یان ناوبووە باوکیان عیسای خۆشتر ویستووە بۆیە هیلالی کرد بە حاکمی (سامغان)و لەخۆی دوورخستەوە. بەڵام هیلال لەوێ لەگەڵ حاکمی شارەزووردا تێکچووە. هەرچەند باوکی هەڕەشەی لێکرد کاری نەکردووە. ئاخری کار ئەمیر هیلال بە لەشکرەوە چووەتە سەر شارەزوورو داگیریکردووە. باوکی ئەم هەڵمەتەی بە یاخیگەریی دانا لەگەڵ هیلالدا کەوتە خراپە ئەو حەلە هیلالیش بە دزییەوە دەستیکرد بە تەفرەدان

و هاندانی ماقوولانی بۆئەوەی باوکی نەناسن و بە پارەی زۆر ئاخرییەکەی تەفرەیداون. بەمە زۆرکەس لە باوکی تەکیوەتەوە. وایلێهات لەشکریان بەرامبەر یەك وەستان لە قاپیی دینەوەردا. تەنانەت گەلێك سەرکردە لەگەڵ تاقمەکەیا لەکاتی شەڕا چووەتە لای هیلال. ئەمجا سوپای هیلال هەڵمەتی بردووە، باوکیشی و لەشکرەکەشی پێچاوەو هەموویانی بەدیلگرتووە. بەڵام هیلال دەربارەی ئەم دیلە شەریفانە وەکو باوکی بێ دڵیی نەکردووە بەڵکو پیاوەتی نواند لەگەڵیان. لەسەرئەوە ئەمیربەدر چارەی نەما. حکومەتی بۆ هیلال تەرك و خۆی کەنارگیر کرد. تومەز میربەدر بەدڵێکی باش ئەمەی نەکردبوو، بەڵکو چاوەڕوانی هەل بوو کە تۆڵە بکاتەوە لە هیلال، بۆیە لە ژێرەوە کەوتە تەفرەدان و وەرگێڕانی سەرکردەکان تاکو ئاژاوەی خستە ناوچەکانەوە بەدر ئەوەندە قینی هەڵسابوو (بهاء الدولە)ی دەیلەمی مەلیکی عێراقیشی هاندا کە بێت وڵاتەکە زەوت بکا. بەم تەرحە بێمرووەتییە بێگانەشی هێنایە سەر نیشتمانەکەی کەیان دەوڵەتەکەی دا بەدەستیەوە. بەمجۆرە لەشکری بێگانە هاتە سەر وڵاتەکەو شەڕ هەڵگیرسا. لە ئەنجامی ئەم ڕووداوەدا واقعا میر هیلال بە دیلگیراو خرایە بەندیخانەی بهاء الدولە. بەڵام باوکیشی هەموو گەنج و جەواهێری دەوڵەتەکەی لە کیسچوو شارەزووریشی لێسەندرا. جا میربەدر بەم چەشنە بووەتەوە بەسەرداری حکومەتی بەرزیکانی ڕەق و تەق. ناصر الدولە امیر بدر، تازە ئەیویست حکومەتە بەدبەختەکەی زیندوو بکاتەوەو بیژێنێتەوە. جا لە ٤٠٥هـ دا چووەتە سەر میرحوسەین کوڕی مەسعوود ناو سەرۆکی کورد لە قەڵای (کۆسجد). بەدرشاە ئەم قەڵایەی پێچاوە ئەو دەمەش زستان بووە لەبەر سەرماو سۆڵە لەشکرەکەی لێی یاخیبوون. لەوانە چەند سەربازێك هەڵمەتیان بردە سەر میر بەدرو کوشتیان.

ڕەوشت و ئیدارەی میر بەدر

ئەم حوکمداری کوردە ٣٠ ساڵێك پتر بەسەربەخۆیی کیشوەری بەرزیکانی ئیدارەکردووە. بە ئاشکرا پیشەو خوڵق و ڕەوشتی باشی بووە. زۆرخێرەوەمەند بووە. هەموو ساڵێك کۆمەڵێك پارەی لەڕێی حەجدا خەرجکردووە. بۆ ئیدارەی دەولە

ھەموو ساڵێك بە ئەمری ئەو میزانیە كراوە. واریدات و مەسرەفی حكومەتەكەی
ەسەر تەرتیبێكی رێكو پێك و عادلانە رێكخستووە. تا لەگەڵ ھیلالی كوڕیا
ێكنەچووبوو، مەملەكەتەكەی زۆرجوان بەڕێوەبردووە. لە سیاسەتی ماڵو ئابووی و
یداری ولاتەكە مەلیكێكی دانابووە. لەبەرئەوە خوارو ژووری ولات ئاواو خەڵك
ەساوەو تێرو تەسەل بووە. تاخەزێنەكەی بە تالان نەچووبوو ھەمیشە (بەغدانی
.موڵەت) پڕ لە زێڕوزیو بووە، بەتایبەتی لە ئومووری كشتوكاڵی ولاتەكانی
ەپرسییەوە. بۆ پێشخستنی كشتوكاڵ و سەربەستیی جوتیار ھەوڵی ئەدا. ئەوی
كەمتەرخەمی ئەكرد سزا ئەدرا. سەردارێكی ئازاو ڕەزم ئارا بووەو لە شەڕا بەتارەك و
بە تەرتیب بووە. ئەوەندە ھەیە لە ڕووداوەكەی ھیلالی كوڕیا ھەموو ئەم شتە
باشانەی بەبا داوە. ھەر بۆ خاتری تۆڵە لەو كوڕە نازایەی بكاتەوە ھۆشی سیاسەت و
بیری دەوڵەتپارێزیی لە سەرا نەماوە! لەبەرئەوە لە دوای خۆی شەوكەت و ناوبانگی
حكومەتی بەرزیكانی ڕوویكردووەتە نشوستییەكی ئەوتۆ لەكاتی مردنیا ئەم
حكومەتە سامدارە لە قەلافەت كەوتووە، ببووە ئەمارەتێكی نارەحەت و پرئاژاوە.

ھەواڵی دوایی

لەدوای كوشتنی (ناصر الدولە امیر بدر) ئاژاوە كەوتە كیشوەری بەرزیكانییەوە. عەشیرەتەكانی تەرەبوون و خۆیان خستووەتە پەنای ئومەرای دەیلەمییەكانەوە. ھەرچەندە (طاھر) كوڕی میر ھیلال كەوتووەتە داوا گەری تەخت و تاج و چووە بەگژ (شمس الدولە)ی بۆیەھیدا. بەلام لەشەڕا شكاو بەدیلگراو خرایە بەندیخانەی ھەمەدانەوەو بەمە بەشی زۆری خاكی بەرزیكانی كەوتووەتە دەست شمس الدولە وە، ئەگەرچی لەسەر ئەمە (سلطان الدولە) كوڕی بھاء الدولەی مەلیكی بۆیەھی عێراق لە قینی شمس الدولە میر ھیلالی لە بەندیخانە بەردا كە بچێت سەرزەمینەكانی بەرزیكانی داگیربكاتەوە. بەلام ئەو بیرە كەڵكی نەمابوو، چونكە لە شەڕا ھیلال كوژراو لەشكرەكەی پەرش و بلاوبووەتەوە (٤٠٥ھ). لەدوای ئەمانە (شمس الدولە) بەو مەرجە لە پاشانا سەركێشیی تیا نەكرێت ھات میرطاھیری كوڕی ھیلالی لە بەند بەرداو ناردیەوە سەر ولاتی بەرزیكانی. ئەم سەردارە لە دوای ئەم ڕزگارییە

خەریكبوو شتێكی تازە پێكەوە بنێت، بۆ ئەم مەبەستە چووە بە گژ (ابو شوق) ناو سەرۆكی عەشرەتی (عناز)ی كوردا، كەوا لە ناوچەی شارەزووردا ئەمارەتێكی كوردی پێكەوە نابوو. (میر طاهر) ئەبوو شەوقی لە شەڕا شكاندو ئەو مەڵبەندەی داگیركردووەو لە پاشا بوو بەزاوای ئەبوو شەوق و لە گەڵیا ئاشتبوومەتەوە. كەچی لە دوای ئەم ئاشتییە ئەبوو شەوق میر طاهیری كوشتووە. جا بەم ڕووداوە خانەدانی حوسنەوی دوایی هاتووەو سەرزەمینەكانی بەرزیكانی دابەشكراو بەشێكی لەگەڵ شارەزووردا بەئەمارەتی (عەناز)ی كورد بڕاوە ئەگەرچی ئەمیر دەیسم كوڕی (ابو الغنائم) ناو برازای حوسنەوی كەدوا پیاوی خانەدانەكە بوو لەناوچەی زەهاودا خەریكبوو لە قەڵای (كاسان)دا خۆی بگرێت، بەڵام هیچی پێنەكراوە. ئەویش لەناوچووە لە ٤٠٦ هـ دا[١٢].

٤- حكومەتی ئەیوبی:

بنیاتی ئەم حكومەتە نەتەوەی (كورد) لە كیشوەری میسر دایناوە. لە دواییدا وڵاتانی (یەمەن)و (سوریە)و (فەلەستین)و بەشی باشوری خۆرهەڵات لە كوردستانی ئەنادۆڵیشی خراوەتە سەرو بووەتە یەكەمین دەوڵەتی گەورەی ئەوكاتە. مایەو جەوهەری دەوڵەتەكە ئیسلامەتی و پشتیوانیش كوردو عەرەب بووە. كە فەرتەنەی ئەهلی صەلیب لە ئەوروپا ڕوویدا ئەمانە وەك هار ڕوویانكردووەتە خۆرهەڵات، سوریەو فەلەستینیان پلیشاندەوە. وا ڕێكەوت لەو كاتەدا كوردەكان ئەم حكومەتەیان پێكەوە نا. لە ئیسلامەكانا كوردەكان بەرامبەر ئەم دوژمنە دڕندەیە وەستاون كەوتنە بزووتن. سەردارو ماقووڵانی كورد داوێنی مەردایەتییان كردووە بەلاداو ئیسلامەتییان زیندووكردووەتەوە، ئەگینا لەلایەن ئەوروپاییەكانەوە هەر ئەوكاتە كەیانی ئیسلامییەت لەناو ئەبرا. چونكە (ئەهلی صەلیب) كوتوپڕ كە دەستیان وەشاند خەلیفەی ئیسلامی (قاهیرە)ش و عەبباسی بەغداش كە پشت و پەنای

---

[١٢] تەماشای بەرگی دووەمی مێژووی كوردو كوردستانی امین زكی بكرێت.

ئیسلامیەت بوون دەستەوستان دانیشتبوون، هیچ ڕیندوویەتییەکیان نەبواند. بەندو هەر ئەتابوکی زەنگیی موسڵ و کوردەکان بەرامبەر ئەم دەستدرێژییە خۆیان نەگرتووەو بازووی مەردانەیان لێهەڵماڵیوەو پرپیان داوەتە صەلیبییەکان تەفرو توونایان کردوون و نەیانهێشتوون جێگیر ببن. جا ئەو سەرداره بێ هاوتایە کە بەرنگاری ئەم ڕووداوە بووە، سوڵتان (سەلاحەدینی ئەیوبی)ی کوردە، کە بناغەی دەوڵەتی ئەیووبیی داناوەو لە مێژووی میللەتانی خۆرهەلات و خۆراوادا بە بزورگیی ناوی نوسراوە.

سەرگوزشتەی پەیدابوونی ئەم دەوڵەتە

باپیرەی سەلاحەدین (شادی) کوڕی (مروان)ی ناوە. یەکێك بووە لە ماقووڵانی خێڵی ڕوادی کە لکێکی گەورەی ئێلی (هازبەنی) یە لە ناوچەی هەولێردا دانیشتووی شاری (دوێن) بووە. وا دیارە پیاوماقووڵی ئەوناوە خەیاڵی گەورەیان لەسەرا هەبووە، چونکە ناوبانگی حکومەتی (شەددادی)ی کورد کە لەو ناوەدا پەیداببوو هێشتا لەبیرنەچووبوەوە. وازانراوە کە (شادی) لە بنەڕەتا خەڵکی گوندی (ئەجدانکان) بووە، لە دواییدا لەگەڵ (ایوب)و (شێرکۆ)ی کوڕانیا هاتوونەتە شاری (دوێن)، لەوێ بوومتە دۆستی (بهرۆز)ی ڕۆمیی ناو پیاوماقووڵێکی سەلجووقییان. لە دواییدا ئەم کابرایە چووەتە بەغدا لەوێ دەستەڵاتی پەیداکردووە، ئەوسا (شادی)ی بانگکردووەتە لای خۆی و کردوویە بەسەرکارو ناردوویەتە (تەکریت) کە بۆی ئیدارە بکات. لە دوای بەینێك شادی لەوێ مردووە، ئەمجا (نجم الدین ایوب)ی کوڕی دانراوە لە جێی. لەو بەینەدا (عماد الدین زنگی) ئەتابەگی موسڵ چووە بەگژ پادشای سەلجووقیداو (نجم الدین ایوب) کە میوانداری عماد الدینی کردووە حکومەتی بەغدای لێ زویر بووە لەسەرئەمە بە خاووخێزانەوە تکریتیان بەجێهێشتووەو چوونەتە موسڵ. ئەڵێن (سەلاحەدین) لەمکاتەدا لەدایکبووە (٥٣٢هـ - ١١٣٧م). عماد الدین بەرامبەر ئەم دوو برایە وێڵیی نواندوە لەلای خۆی دایمەزراندوون و فەرمانی گەورەی پێسپاردوون. جـ (جەنگی صەلیب) کاتێك لەمەوپێش هەڵگیرساوە لە ١٠٩٥ م دا، هێرشی لەشکری ئەورووپیی مەسیحی بەناو خوێن و وێرانەدا خۆی گەیاندبووە خۆرهەلات. سوریەو

فەلەستینی عەرەبی داگیرکردووە. لەوێ لەسەر لاشەی موسوڵمانەکان چەند حکومەتێکی بچووکیان پێکەوەناوە. ملوك و ئومەرای عەرەب ئەهێزیان تیا بوو نەزیندوویەتی. لەناو ئیسلاما کوردەکان و عەرەبی موسڵ کەوتبوونە تەقەلای تۆڵەکردنەوە لە ئەهلی صەلیب و دەرکردنیان لە وڵاتی ئیسلام. عما الدینی زەنگی ئەتابەگی موسڵ کە (لە لە)ی شاهزادەکانی سەلجووق و بەرەگەز تورك بوو لە باکوری عێراقا حکومەتێکی بەهێزی پێکەوەنابوو، بووە سەرداری ئەم بیرە بەرێزە یەعنی صەلیبییەکان بخرێنە بەحرەوە. جا ئەم شاسواری بەنرخە بەپێو شوێنی ئەم خەیاڵەدا بە لەشکری کوردو عەرەبەوە ڕوویکردوەتە سوریە، شاری بەعلەبەکی داگیرکردووە. نجم الدین ایوبی کردووە بە حاکمی ئەوێ (٥٣٤هـ). بەڵام کە عمادالدین مرد پشێوی کەوتە ناو کوڕەکانیانەوە، ئەوسا (دیمەشق) ییەکان ویستیان بەعلەبەك بسێننەوە، لەسەرئەمە نجم الدین ایوب بەسەلیقەی سیاسیی خۆی لەگەڵ دیمەشقییەکان ڕێکەوت و چووە شام، لەوێ بووەتە سەرکردەی سوپاکەیان. شێرکۆی براشی کە لە موسڵدا مابوەوە بە سایەی زرنگیی و زیرەکیی خۆیەوە لەوێ بووەتە سەرداری سوپای سوڵتان (نورالدین)ی کوڕی عماد الدین کە ببووە جێنشینی باوکی. جا ئەم سوڵتان نورالدینە لە باوکیەوە بیری بەگژ ئەهلی صەلیباچوونی بە میرات بۆ بەجێمابوو. لە شەڕی دووەمی ئەهلی صەلیبدا نجم الدین ایوب زۆر بە مەردی شاری شامی لە هەڵمەتی لەشکری صەلیب پاراستووە، ئەم سەرداره ماقووڵە ئەیزانی تا شام و موسڵ یەکنەگرن هێزێکی وەها پەیدا نابێت بتوانێت بەرامبەری لەشکری صەلیب بوەستێت. لەبەرئەوە لەگەڵ سوڵتان نورالدیندا بیریان یەکیگرتەوە. توڕڕەی شام خراوەتە سەرحیمایەی نورالدینەوە. نجم الدین خۆیشی بووە بە حاکمی دیمەشق و (شێرکۆ)ی برایشی بووەتە سەرداری سوپای ئەوێ.

پێگەیشتنی میر سەلاحەدین

سەلاحەدین بە منداڵیی لە خزمەت باوکیا گەورە بووە. تەمەنی هەرزەکاری لە بەعلەبەك و لە شام بەخوێندن و سواریگەریی ڕابواردووە. باوکی مامۆستای تایبەتی لە زانایانی وەخت بۆ ڕاگرتووە، قورئان، صەرف ونەحو، عیلمی حەدیث، مێژوو و وێژەو ئینشای پێفێرکراوە. زانینی فەقێیەتیشی خوێندووە. هەرمتی جەهێلێتی لە

شاما ڕابواردووه. زیرەکیی و ژیرانەیی و پرسی ...
سەلاحەدین ئەچووه بارەگای سوڵتان نورالدین، ناوبانگی زیرەکیی و ئەدەب و دینداریتیی بڵاو بووبووەوە. جوانێکی هۆشیاربووە. زۆرجار سوڵتان نورالدین یاری (گۆیین)ی لەگەڵ ئەکرد. لە خزمەتی باوك و مامیا زۆرجار چووەتە جەنگ و شەڕ سوارچاکێکی ئازاو لە بیری لەشکرگێڕییدا سەر ئەفراز بووه سوڵتان نورالدین حەیرانی زیرەکیی و بیرجوانیی ئەم قارەمانە بوو. لەمکاتەدا حکومەتی فاطیمی میسر ئێجگار كز ببوو. دوو بەرەکیی و ناکۆکیی پیاوماقووڵانی حکومەتەکەی خستبووه گێژی لە ناوچوون. سوڵتان نورالدین ئاگاداری ئەم کارەساتانە بوو. نجم الدین ایوب وەزیری نورالدین، اسدالدین شێرکۆش سەرداری سوپاکەی بوو. ئەمانە لە نورالدینیان گەیاندبوو ئەگەر میسر بکەوێتە ژێر دەستەڵاتیان و حکومەتێکی بەهێزی تیا دانێ ئەوسا ئەتوانن حکومەتەکانی ئەهلی صەلیبی سوریە بپێچن لەناویانبەرن. جا کە(شاور) وەزیری خەلیفەی میسر داوای کۆمەکی لە سوڵتان نورالدین کرد، زانییان ئەو هەلەی کە ئەیانویست بۆیان هەڵکەوت. نورالدین خێر شێرکۆی بە لەشکرەوە نارد بۆ میسر لە (٥٦٠هـ ١١٦٤م) دا. ئەمیر (سەلاحەدین)یش بەسەرکردەیی قۆڵە سوپایەك لەم لەشکرەدا لە خزمەت مامیا بووە، چونکە مامی لە تێبینیی و تەدبیرو ڕای برازاکەی زۆر ئەمین بوو. تومەز (شاور) ئەم کۆمەکەی بۆ ئەوە ئەویست کە (ضەرغام)ی ناحەزی لەناوبەرێت. جا شێرکۆ گەیشتە میسر، لە شەڕا ضەرغام کوژراو لەشکرەکەی شکاو قاهیرە زەوتکرا. لەدوای ئەمانە ئینجا شاور بۆ لەناو بردنی (شێرکۆ) کەوتووەتە تەقەلاو موئامەرەکردن. ئەمیر (سەلاحەدین لەسەر فەرموودەی مامی هەندێك شاری میسری گرت. لەسەر ئەمە بەرەزامەندی هەردوولا وەها ڕێککەوتوون کە هیچ کامێکیان سوپا نەنێرن بۆ سەر میسر. لەسەر ئەم بڕیارە لەشکری شێرکۆ میسری بەجێهێشت و گەڕایەوە شام. کەچی شاوری فێڵباز لە ژێرەوە لەگەڵ قەڕاڵی قودسدا ڕێککەوت کە بە دزییەوە سوپایەکی بچووك بنێرێت بۆ میسر . ئەم سایەبانێتی (حمایە)ی سوپای صەلیبە لەسەر میسر بۆ حکومەتی شام زۆر خراپ بوو. لەبەرئەوە سوڵتان نورالدین لەگەڵ شێرکۆ بڕیاریاندا کە میسر بگرن و ڕەزامەندی خەلیفەی عەبباسی بەغداشیان جێبەجێکرد. ئەوسا شێرکۆ سەلاحەدین بە لەشکری تازەوە چوونە سەر میسر. لەگەڵ سوپای صەلیبی قەڕاڵی قودسدا کەوتنە موبارەزەی جەنگ. لەسایەی ئیدارەو تەدبیرە جوانەکانی سەلاحەدین و ئازاییەکانییەوە لەشکری صەلیب زۆرخراپ شکا. لەدوای ئەم سەرکەوتنە لەشکری شێرکۆ ئەمجارە (ئەسکەندەرییە)شی داگیرکرد. شێرکۆ، سەلاحەدینی کرد بە

فەرمانڕەوای ئەم قەڵا گەورەیە. ئەمە سفتاحی حوکمڕانی سەلاحەدین بوو. لەشکری قودس بەیارمەتی شاور هێزی تازەی بۆ هات، ئەمجا چوونە سەر ئەسکەندەرییەو پێچپایانەوەو لە دەریاشەوە ئەستۆلیان بۆ هات. ئەمجا جەنگ قورس بوو. لەم شەڕانەدا ئەمیر سەلاحەدین قارەمانێتی نواندو ئەسکەندەرییەی پاراست. نازایی و هۆشیارییەکی بێهاوتای نواند. شێرکۆ بە جیا تاویداوەتە سەر قاهیرە. بەمانە ترس کەوتە دڵی دوژمنەوە، لە تاوانا داوای ڕێککەوتنیان کرد. ئەنجامی کار هەردوولا بە ئاشتیی لە میسر چوونە دەرەوە. کەچی ئەم ئاشتییەش درۆزنانە بوو. قەڕاڵی قودس لەگەڵ لەشکرا هاتەوە سەر میسرو شاری بەلبیسی گرت، کوشتارێکی زۆری لە خەڵکی شارەکە کرد. ئەمجا خەلیفەی فاطیمی پرچی ئافرەتی خۆی بەهاوار نامەیەکەوە نارد بۆ سوڵتان نورالدین، تکای یارمەتی لێکردووە. لەسەرئەمە سێیەم جار لەشکری نورالدین بە سەرداری شێرکۆو سەلاحەدین هاتووەتە میسر. بڕیاری ئەمجارەیان بەتەواوی زەوتکردنی میسر بوو. قەڕاڵی قودس (ئەملەریك) کە ئەم هەڵمەتە کوتوپڕەی دی و زانی کە میسرییەکانیش دۆست و سوێندخواریانن، نەیتوانی بوەستێت بە سوپاکەیەوە گەڕایەوە قودس (١١٦٩م ٥٦٤هـ).

ئەوسا میسرییەکان لەگەڵ خەلیفەدا هاتن بەپیر لەشکری شامەوە شاوری دوو دڵیشیان لەگەڵ بوو. کەچی لەدوای ئەمە شاور لە ژێرەوە خەریکبوو بە فێڵێکی ناپاکانە سەردارانی کورد لەناوبەرێت. هەموو کەس دڵپیسیی شاوری زانیبوو لەبەرئەوە بەفەرمانی (سەلاحەدین) لە کاتی ڕاوا گرتیان و ناردیان بۆ خەلیفەی (عاضد)، ئەویش فەرمانیدا کوشتیان. بەم تەرحە ئەم ناپاکە لەناوبرا کەلەپێناوی ڕقەبەرییدا ئەیویست میسر بدات بە فەرەنگەکان. لەدوای ئەمە خەلیفە عاضد اسدالدین شێرکۆی کرد بە وەزیرو خەڵاتی کردو ناوی نا مەلیك مەنصوور (ئەمیری سوپا)، کەچی زۆری پێنەچوو شێرکۆ ئەمری خوای کرد لە (٥٦٤هـ ١١٦٨م).

وەزارەتی امیر سەلاحەدین

لەدوای مردنی مامی، ئەمیر سەلاحەدین لەجێی ئەو، کرا بەوەزیر، چونکە لەناو سەردارەکانا کەسی تر نەبوو ئەو شوێنە پڕبکاتەوە. خەلیفە ناوی (الملك الناصر المظفر صلاح الدین یوسف ابن ایوب). سوڵتان (نورالدین)یش کردی بە سوپا سالاری میسرو. مەلیك ناصر ئەوکاتە لە تەمەنی ٣٢ ساڵییدا بوو. لە دوای نواندنی کارامەیی سیاسی و لەشکرگێڕی گەیشتووەتە ئەم پایە بەرزە. ئینجا لە دوای ئەوە ناردی بە

دوای باوك و كەس و كاریا بردنیە میسر. بەڕاستی سەلاحەدین لە سیاسەتا زور بالا بوو. لە ئیدارەی فەرمانی دەوڵەتا بە هەڵە نەنەچوو، وە پەلەی مەسڵەحەتی خۆی نەبوو. بۆ ئەوەی دڵی میسرییەكان خۆش بكات ئیشی چاكی بۆ ئەكردن. خۆی كە سوننی مەزهەب بوو دەستی لە فەرمانی مەزهەبی میسرییەكان نەدا كە شیعی مەزهەب بوون، تەنیا فەرمووی بە خوێندنەوەی ناوی (نورالدین) لە دوای ناوی خەلیفەی میسر لە خوتبەدا، ئەمەش سیاسەتێكی ماقووڵ و دڵسۆزانە بوو بەرامبەر گەورەی خۆی وەفای بەجێهێناو پاشە ڕۆژی خوێندووەتەوە. لەم دەورەدا مەلیك ناصر لەشكری صەلیبی لە (دەمیاط) دەركردو شاری (عەقەبە)شی زەوتكرد كە سەرە ڕێگای حەجاج بوو بۆ میسر. بەمانە پایەو نرخی سەلاحەدین لای میسرییەكان زۆر بەرزبووەوەو ناوبانگی ڕۆیشت. سەلاحەدین بە چاوێكی وریا ناحەزەكانی خۆی ئەدۆزییەوە، لەناوی ئەبردن. لەشكری (سودانی) كە یاخیی ببوون تەفرو توونای كرد. بەوە وڵاتی نۆبەی بۆ (میسر) ساغكردەوەو ئەمیر (عادل)ی برای كرد بە حاكمی ئەوێ. بێینەوە سەر ڕەفتاری ئەهلی صەلیب كە وازیان لە میسر نەئەهێنا. دووبارە هاتنەوە سەر (دەمیاط) بەڵام هیچ خۆیان نەگرت شكان. ئەمجا مەلیك ناصر خۆی دەستیكرد بە پەلاماردانی فەلەستین، یەعنی جەنگی لە میسرەوە بردە ئەوێ. ئینجا گۆڕانی باری عەسكەری و سیاسی بەمجۆرە لای میسرییەكان شتێكی عاجباتیبوو، دەمێك بوو لە ترسی فەرەنگ خەڵكی میسر ئارامی نەبوو. بەڵام دەستی پۆڵایین و بلیمەتیی سەرداری كورد ژیانبوونیەوە. ئەوسا میسرییەكان بە دڵ و بەگیان تەسلیمی سەلاحەدین بوون. لەدوای ئەم سەركەوتنە جوانانە ئەمجا سەلاحەدین دەستیكرد بە تەدبیرو ڕای فەرمانی سەربەخۆیی بۆخۆی. ویستی مەزهەبی سوننییەتیی بخاتە میسرەوە بۆ ئەم مەبەستە دوو (حوجرە) یەعنی دوو (مەدرەسە)ی گەورەی ئایینی كردەوە یەكێكیان (ناصرییە)و ئەویتریان (كاملیە)ی ناونا. لەمانەدا بەرنامەی مەزهەبی شافیعی بەجێئەهێنرا. هەرچی (قاضی) شیعە هەبوو لە میسرا نەیهێشت لە جێی ئەوانە قازی (شافیعی)ی دانا! لەدوای ئەمانە ئینجا كۆمەڵێكی شوورای لە پیاوماقووڵ كۆكردەوە پرسی پێكردن كە پێویستە

خوتبه بـﻪناوی خەلیفـەی عەبباسـی بخوێنرێتـەوەو بـۆ ئەمـەش بڕیـاری پێـدان. بەکورتی: سەلاحەدین بۆ ئەمجۆرە ئاڵوگۆڕی سیاسی و ئیدارییە قورسانە لـە میسـردا بیری خەڵکەکەی خووساندبوو. لەمکاتانەدا خەلیفە عاضد نـەخۆش بـوو سـەلاحەدین نەیهێشت ئەمانە بیبیەنەوەو وا ڕێکەوت لەپاش چەند ڕۆژێك خەلیفەشی بەسەرا مرد لە ٥٦٧هـ دا کەچی سـەلاحەدین ئـەم مردنـەی لا خۆشبوو چونکە مردنـی خەلیفـە عاضد لـەم کاتـەدا بـۆ ڕاگرتنـی مـا بـەینی سوڵـتان نورالدیـن و سـەلاحەدین قـازانجی نـەبوو، بـەڵکو دوو دڵیـی هێنایـە پێشـەوە، چونکـە لـە لایەکەوە سـەلاحەدین وەزیـری خەلیفـە عاضد بـوو، کەچی لـەولاوە سوپا سالاری نورالدیـن بـوو. مـەلیك نـاصر بـۆ دڵخۆشـکردنـی میسـرییەکان هـەرچی گـەنج و سـامانی سـارایی خەلیفـەکانی فـاطیمی هـەبوو بەسـەر پیاوماقووڵانی میسـرا دابەشیکرد. نـێرو مێـی مرۆڤـەکانی خانـەدانی خەلیفـەی لێکجیـاکردەوە بۆئـەوەی زاووزێیـان تێکـەڵ نـەبێت (٥٦٧هـ ١١٧١م). لـەدوای مردنی عاضد مەلیك ناصر بوو بە حوکمداری سەربەخۆیی میسر. قاهیرەی بـە قـەڵا قایمکردوو بـە کۆشـك و سـەرا ڕازاندیـەوە، بـەڵام بـاری سیاسـەتی لـە خوتبـەدا هیـچ نەگۆڕی. ناوی سوڵتان نورالدین هەروەك جاران ئەخوێندرایەوەو سکەی پارەی میسر بەناوی ئەوەوە لێدرا، سەرەڕای ئەمانە دیارییەکی زۆر گرانبەهاشی بۆ نـادر، سوڵـتان سەلاحەدین ئەیویست تا نورالدین بمێنێت لانەدا لێی، بەڵام هیـچ حەزیشی نەئـەکرد بە خزمەتی بگات لەبەرئەوە هەمیشە خۆی لـێ لائەدا. هـەندێك سـەردارو مـاقووڵانی کە حـەزیان لـە سـەلاحەدین نەئـەکرد. دڵـی سوڵتان نورالدینیان لـێ کرمـێ کردبـوو، وایان تێگەیاندبوو کـە سـەلاحەدین لـە سـەودای سـەربەخۆییدایە، بـەڵام سـەلاحەدین قەت ڕێینەداوە کە ناحەزیی لەوەوە داکەوێت. بەڵام هەرچی نورالدیـن بـوو متمانـەی نەمابوو، لەهەل ئەگەڕا کە بیکا بە بیانوو کە سەلاحەدین لە میسر لابەرێت. ئەوەندە هەیـە لـە بـێ تـالیعی سوڵـتان نورالدیـن لای (جزیـرە)وە هەمیشـە ئـاژاوەی بـۆ پـەیدا ئەبوو. لەبەرئەوە نەیپەرژاوە ئەم دوو دڵییەی دەروونی خـۆی لـە تـەك سـەلاحەدینی بـەوەفا ئاشکرا بکات. ئـەوەندە هەیـە کـە سـوڵتان نورالدیـن قاقـەزی ئیطاعـەت و تابیعیەتی لە سەلاحەدین وەرگرت. ئینجا فەرمانی دا کە بە لەشکری میسرەوە بچێت

بۆ هەڵمسین تا پیحەوە بچن (قودس) بگرن. بەڵام لەڕێ سەلاحەدین باسی نەخۆشی باوکی بۆ هات، لەبەرئەوە گەڕایەوە میسر. لەسەرئەوە سوڵتان نورالدین زۆر زویربوو، ویستی بەلەشکرەوە بچێتە سەر میسر داگیری بکاو سەلاحەدینیش عەزل بکات، بەڵام (ئەجەل) نەیهێشت لەو ڕۆژانەدا مرد (٥٦٩هـ ١١٧٣م). لەم بەینەدا سوڵتان سەلاحەدین هیچ ئارامی نەبووە، خەریکی ڕێکخستنی میسر بوو، وە تارمگاتی سوپایەکی گەورەی بە دەستەوە بوو. هێشتا نورالدین نەمردبوو کە تا شاری (قابس) هەموو (طرابلوسی غەرب)و (تونس)ی داگیرکرد لە باکووری ئەفریقیا. تووران شای براشی ناردووە بۆ یەمەن، ئەویشی خستووەتە ژێر دەستەڵاتی خۆیەوە. سەلاحەدین پشتی بە نەتەوەی (کورد) قایمبوو. تیپە سوپای قورسی لە (کورد) بوو. ئەو کاتەی وڵاتەکانی داگیرئەکرد. قۆڵە لەشکری کورد لە سۆرانی و هەکاری و میرانی و حەمیدی و زەرزارییەکان پۆلی هەرە بەجەرگ و بەکاری سوپا گەورەکەی بوون. سەرداری ئەم کۆمارانە وێنەی بەرزو بەشەوکەتی بارەگاکەی بوون. بەکورتی: سوڵتان سەلاحەدین دەوڵەتێکی زۆر بە دەستەڵاتی ئەو دەورەی پێکەوەنابوو، وە خۆشی پادشای بەکارو بەسامی ئەو دەوڵەتەبوو. لە دوای مردنی سوڵتان نورالدین هیچ قورتێک نەمابوو ڕێگای سەربەخۆیی لە سوڵتان سەلاحەدین بگرێت. ڕێکەوت وایهێنابوو حاکمیەتی خۆرهەڵات و سەرداریتیی ئیسلام کەوتبووە عوٚدەی سوڵتان سەلاحەدینەوە، چونکە منداڵەکانی سوڵتان نورالدین و سیف الدینی حاکمی موسڵ و پادشای سەلجووقی ڕۆم هیچیان لەوانە نەبوون کە بتوانن لەڕووی سەلاحەدیندا وەرگەڕێنەوە. پێویستە ئەوەش بزانرێت کە سەلاحەدین نەیئەویست لەگەڵ ئەم حاکمە موسوڵمانانەدا یەکبگرێت تاکو حکومەتەکانی ئەهلی صەلیبی ئەو ناوە لەناوبەرێت. جا ئەم بیرو باوەڕی شاهانەیە بنچینەی سیاسەتی لەمەو دوای سوڵتان سەلاحەدین بووە هەتا مردن لەسەرئەوە ڕۆیشتووە. مەلیک صالح اسماعیل کوڕی سوڵتان نورالدین کە چووبووە سەر تەختی باوکی پانزە ساڵان بووە، لەبەرئەوە سەردارەکان و خزمەکانی کەوتبوونە سەودای سەربەخۆیی بۆ خۆیان. (سیف الدین)ی ئامۆزای ناوچەی موسڵ و جزیرەی بڕ دابوو بۆ خۆی سوڵتان سەلاحەدین لەسەر ئەم پاشا گەردانییە قاقەزی بو

نووسین و لۆمەی کردن. کەچی ئەمیرەکان لە جیاتی گوێگرتن بەرامبەر سوڵتانی کورد، لەگەڵ قەراڵی فەرەنگی قودسدا یەکیانگرت. بەلام سەلاحەدین ئەیزانی باری دنیا بۆ خۆی باشە چونکە لەگەڵ پشێوی ئیدارەی مەلیک صالح اسماعیلدا منالکاری قەراڵی قودس تینی لە پەیمانەکەیانا نەهێشتبوو. جا سەلاحەدین بەبێ هەڵمەتکردن لەلایەکەوە بۆ جەنگ تارەکاتی ئەکردو لەو لاشەوە قاقەزی ئیخلاصی بۆ مەلیک صالح ئەنووسی و لە میسرا خوتبەی بەناویەوە ئەخوێندەوە. ناکۆکی ماقوولان و کارگێرانی مەلیک صالح وایکرد کە خەڵکی شام پەنا ببەن بۆ سەلاحەدین. بەمجۆرە ئاواتی سەلاحەدین بەجێهات. بۆ ئەم مەبەسە ڕەزامەندی خەلیفەی بەغدادیشی وەرگرت. لەدوای ئەمانە ئەمجا سەلاحەدین بە سوپاوە بە چۆڵی تەیهو فەلەستیندا تێپەڕیکرد گەیشتە شام (٥٧٠هـ). خەڵکی ئەم ولاتانە زۆر بە کەیف خۆشی بە پیریەوە چوون، چونکە هەموو کەس هیوای بەو بوو کە ئیسلامیەت لەدەست فەرەنگ ڕزگار بکات، کە هاتە شام ماڵێکی زۆری دەستکەوت، گشتی دابەشکرد بەسەر خەڵکا. سەلاحەدین بەهەموو جۆرێك واینەنواند کە بۆ ڕزگاریی مەلیک صالح هاتوونە ئەوناوە. جا بەم تیژیی بیرو زرنگییە تاق و تەرا نومەرا نەبێ هەموو خەڵکەکەی کردبوو بە دۆستی خۆی. لە دوای ڕێکخستنی ئیش و کاری شام بە سوپاوە ڕوویکردوەتە حەڵەب و حومص و حەمای گرت و شاری حەڵەبی پێچاوە. قەلای حەڵەب زۆر قایمبوو، پێچانەکەی درێژەی کێشا، (کومەشتەکین)ی حاکمی حەڵەب کە مەلیک صالحی لەپەنادا بوو هەندێك فیدایی نارد کە سوڵتان سەلاحەدین بکوژن بەلام فیداییەکان خۆیان گیران و کوژران. دیسان بە فێڵ و دەلەسەی ئەم کابرایە مەلیک صالح لەگەڵ حاکمی فەرەنگی تەرابولس (ڕیمۆند) ئاوا یەکیگرت و داوای کۆمەکی لە حاکمی موسڵ (سیف الدین)ی ئامۆزاشی کرد. سەلاحەدین بۆ تارەکاتی گەورەتر گەڕابووەوە (شام)، کە دەنگی هاتنی سوپای دوژمنی بیست بۆئەوەی خوێن لە بەینا نەڕژێت داوای ئاشتی لێکردن، بەلام مەلیک صالح ڕێنەکەوت. لەسەرئەوە لای شاری حەما شەڕێکی قورس قەوما. لەشکری سەلاحەدین سەرکەوت و دوژمن پەرێشانبوو وتا حەڵەب ڕاوینان. جا لەوێدا هەموویانی پێچا. قۆڵی سیف الدین بەرەو

موسل ویستی خۆی دەرباز بکا، بەلام لەسەری سەرکەوتوو نەبوو،
هەرچەند سیف الدین شەڕێکی تریشی کرد کە دوژمن بوەستێنێت بەڵام خراپتر شکا.
دیل و تالانێکی زۆر دەستی لەشکری موسڵ کەوت و ئەو ناوچەیە بۆ سوڵتان
سەلاحەدین ساغبووەوە، ئەمجا بۆ زەوتکردن حەڵەب سەغڵەتکرا. لەسەرئەمە بە
هەندێك شەرت ئاشتی دروستکرا. هەر شاری حەڵەبو چواردەوری شارەکە بۆ مەلیك
صالح مایەوە. ئیتر هەموو سوریە بە سوڵتان سەلاحەدین بڕا (٥٧٠هـ - ١١٧٤م).
لەدوای ئەم ئاشتییە سوڵتان گەڕایەوە شام، لەوێ خەلاتی خەلیفەی عەبباسی بۆ هات.
بەناوی خەلیفەوە بوو بە خاوەنی میسرو شامو ناویشی بوو بەسوڵتان، وە لەو ڕۆژەوە
لە سکەو خوتبەدا ناوی مەلیك صالح هەڵگیراو بەناوی مەلیك (ناصر یوسف ایوب)ەوە
ناوی سەلاحەدین لەجێیان دانرا. لەدوای ئەمانە هەرچی تالانێك هەبوو بەسەر
سوپادا دابەشکرا.

دەوری سەڵتەنەتی سەلاحەدین

سوڵتان سەلاحەدین ئیشوکاری سوریەی دامەزراندو (تورانشا)ی برای کردە وەکیلی
خۆی و لەگەڵ سوپاکەیا گەڕایەوە میسر. لەوێ قەلاو شوورەی قاهیرەی تەواوکرد.
ئەمجا ئالای سوڵتان سەلاحەدین کە (هەڵۆ)یەکی سوورە لەسەر زەمینی زەرد هەڵکرا
ئیستەش لەسەر دیوارێکی ئەو قەلایە ڕەسمی (ئالا) کە ماوە. لەدوای ئەمانە ئەمجا
بەجێهێنانی فەرمانە گرنگەکە هاتە پێشەوە ئەویش ئەهێشتنی ئەهلی صەلیبە کە
بڕیاردرا لە ولاتی ئیسلام دەرکرێن. حکومەتە وردەڵەکانی صەلیبی سوریەو
فەلەستین لە کردەوەکانی سوڵتان سەلاحەدین زۆر ترسابوون، ئەیانزانی ئەم پادشاهە
شاسوارە بیری وایە کە ئەوان دەرکاو لەناویانبەرێت. لەبەرئەوە خۆیان ویستیان
دەستپێشکەریی بکەن ئەیەڵن موسڵمانەکان بحەسێنەوە. بۆیە لەدوای گەڕانەوەی
سوڵتان بۆ میسر هەڵمەتیان بردە سەر شام و بەعلەبەك و ئەوناوەیان وێرانکردو
تالانەکەیان بردو زۆریشیان لە خەڵك کوشت وەیا بە دیلگرت. بەبۆنەی ئەم هاوارەوە
سوڵتان پەلەپەلی کردو بە سوپایەکی بچووکەوە لە (٥٧٣هـ ١١٧٧م) دا هات، ئەیویست

بۆ شەڕکردن بچێتە شام، بەڵام فەرەنگەکان لای ڕەملە ڕێیان لێگرت و عامبازی بوون، لەم جەنگەدا لەشکری میسر شکا. تۆزێکی مابوو سوڵتان خۆشی لەناوبچێت و گەلێك دیلیشیان دابوو بەدەستەوە کە ئەمیر عیسای (هەکاریی)شیان لەناوابوو، تەنانەت لە دواییدا سوڵتان بە پارە کڕییەوە لە فەرەنگەکان. ئەمجا فەرەنگەکان لە سوریە کەوتنە دەستوەشاندن. موسوڵمانەکانیان زۆر تەنگەتاو کرد. لەسەرئەمە سوڵتان سەلاحەدین لەگەڵ سوپایەکی ئەستوورترا لە میسرەوە هات بۆ سوریە. فەرەنگەکان کە ئەمەیان بیست ترسیان کەوتە دڵەوە، دەستیانکرد بە قایمکردنی سنوورەکانیان. لە دوای ئەمە ئەمیر فەرڕوخشای برازای سوڵتان لەشکرێکی قەراڵی قودسی شکاند. ئەختێکی مابوو قەراڵی قودس بە دیل بگیرێت. ئیتر هەرای سوریە چووبووە تەحری شەڕی نایینییەوە. قەراڵی قودس بۆ تۆڵەسەندن بە لەشکرێکی زۆرەوە لە (برج العیون)دا جەنگێکی خوێنڕێژانە لەگەڵ سوپای سوڵتان سەلاحەدین کرد، بەڵام خۆیان پەرێشان بوون. گەلێك حاکمی ناودارو پیاوماقووڵیان لێرەدا بە دیلگیرا (٥٧٥هـ – ١١٧٩م). لەدوای ئەمە قەڵای بەناوبانگی (بیت یعقوب)یش گیراو تێك و مەکان درا. لەسەرئەمە فەرەنگەکان زۆر ترسان و داوای ئاشتییەکی دوو ساڵەیان کرد لەسوڵتان و ئەویش قبوڵیکرد. سوڵتان ئەیویست موسڵمانەکان هەموو ڕێکبکەون تاکو بەهێزبن، ئەوسا بە ئاسانی ئەتوانن فەرەنگەکان ئەهلی صەلیب لەوناوە دەربپەڕێنن. لەبەرئەمە سوڵتان بۆ پێکهێنانی ئەم ئیازە موبارەکە لەمکاتەدا زۆر هەوڵ و تەقەلایداوە تا بەشێکی ئیازەکەی بەجێهێناوە. لەلایەکی تریشەوە ئەیویست ئیشوکاری کوردەکان ڕێکخا. فەرمانی (جزیرە)و (بۆتان) ساغبکاتەوە، چونکە هیوای گەورەی بە بازووە قەوییەکانی ئێرە بوو. ئەیزانی بناغەی شەوکەتی دەوڵەتەکەی بەمان ئەستوورئەبێت، لەبەرئەوەی کە ئەمان لەگیان وخوێنی خۆیبوون. بەرەکەتدا تەقەلای سوڵتان بە خۆڕایی نەچوو. گەلێك ئومەرای ئیسلام سەریان بۆ سوڵتان دانەواندو شوێن ئییەتە بەرزەکەی کەوتن. دوو ساڵ پەیمانیان لەگەڵا کرد لە ٥٧٥هـ - ١١٨٠م دا. حاکمەکانی موسڵ و جزیرەو هەولێرو حسن کێف و ماردین و سوڵتانی ڕۆم و قەراڵی ئەرمەن تێکەڵاوی ئەم پەیمانە بوون کە تا دووساڵ شەڕ لەگەڵ یەك نەکەن.

بەمجۆرە لەناو موسڵمانەکانا جەنگ بۆ دووساڵ وەستا. جا لەڕووی بە
سەرکەوتنانەوە ناوبانگی گەورەیی سوڵتان بەناو وڵاتانی گوێ (دەریای ڕەش)و
(خەلیجی فارس)و (دەریای سپی)دا بڵاو بووەوە. تواناى بەکارهێنانی زۆربەی هێزی
ئیسلامەتی بەرامبەر بە فەرەنگ پەیداکرد. ئەوسا سوڵتان سەلاحەدین فەڕڕوخشای
برازای بەسەر شامەوە بەجێهێشت و لە ٥٧٦هـ دا بە دڵێکی خۆشەوە گەڕایەوە میسر
لەم کاتەدا حاکمی فەرەنگی (کەرەك) بە پێچەوانەی مەرجی ئاشتی کاروانێکو
ئیسلامەکانی ڕووتکردەوە. سوڵتان لەمە زۆر ڕقی هەڵسا. جگە لەمە سەرکردەکانی
سوریەو جزیرەش هەندێك ئاڵ و گۆڕیان تێکەوتبوو شیرازەی ئیدارەکەیان تێکدابوو..
سەرۆکە تازە قەڵاکان و فەرەنگەکان خەریکی ئاحەزیکردن بوون لە دژی سوڵتان
لەسەر ئەمانە (شاهسواری) ئیسلامیش بە تارەکاتی لەشکرگەرییەوە خۆی
نەخلافاندو چاوەڕوانی تەواوبوونی ماوەی ئاشتییەکەی ئەکرد. کە ماوەی ئاشتی
تەواو بوو، بە سوپایەکی پڕ تارەکاتی گرانەوە سوڵتان لە میسرەوە بەرەو سوریا
کەوتووەتە ڕێ. (تاج الملوك بوری) برای بە بارگرانیی سوپاکەیەوە پێشەکی ناردی بۆ
شام، خۆی و لەشکرەکەشی بەدەم تاڵانکردنی وڵاتی فەرەنگەکانەوە لە(٥٧٨هـ
١١٨٢م) دا گەیشتە شام.

لەگەڵ فەرەنگەکانا ڕێگای ئاشتی نەمابوو. کاتی بەجێهێنانی ئاواتی لەناوبردنی
ئەم بێگانە ئایین دوژمنانە هاتبوو. لەبەرئەوە وردە وردە دەستیکرد بە شپرزەکردنی
فەرەنگەکان. شاری (بیسان)ی داگیرکرد. لەشکرێکی تری نارد، لە وشکانی و لە دەریاو
(بێرووت)یان پێچا. خۆشی چوو بۆ سەمتی جەزیرە لەوێ سنجاری گرت. تیپ
لەشکری کوردی ئەوناوەی شوێن خۆی خست وچوو (دیاربەکر)یشی گرت و گەڕایەو
(حەلەب)یشی خستە ژێردەستی خۆیەوە (٥٧٩هـ ١١٨٣م). بەتەمای ئەوەی
فەرەنگەکان لەناوبەرێت، ئیسلامی ئەوکاتە ئەمجۆرە کردەوانەی سەلاحەدینیان زۆر
لەلاخۆشبوو. کەس نەیئەتوانی سەرپێچیی بکات. عالەمی ئیسلامی ئەو حەل
سەلاحەدینی بە سەرداری هەرە گەورەی خۆی دانابوو، تەنیا موسڵ نەبێ ئیتر گشت
وڵاتانی جەزیرەو سوریەو فەلەستینی ئیسلامی لە ژێر فەرمانیابوو. تەنیا هە

مەرافێکی مابوو ئەویش دەرکردنی فەرەنگەکان بوو. فەرەنگەکان چونکە نەیانزانی سەلاحەدین خەریکی چییە، لەتاوا ئەوانیش ئارامیان نەمابوو. کەوتبوونە تەقەلای دوژمنایەتی لەگەڵ ئیسلامەکانا. بۆیە لەهەموو لایەکەوە ئاگری جەنگ بڵێسەی دابوو. پۆل پۆل بە لەشکرەوە ئەهاتنە سەر وڵاتی ئیسلام، تاڵانیان ئەکردو ئەیانسووتاند. تەنانەت جارێکیان حاکمی (کەرەك) تۆزێکی مابوو شاری (مەدینەی مونەووەرە) زەوت بکا. سوڵتانیش لەشکری ئەنارده سەرگاورەکان زۆر شپرزەی ئەکردن. لەسەر ئەمانە فەرەنگەکان داوای ئاشتییان کردو سوڵتانیش قەبووڵیکرد چونکە لەوکاتەدا حاکمی موسڵ کە لەلای خۆی ئیسلام بوو لە باتی یارمەتیدان ئاژاوەی ئەنایەوەو هەرای ئەخستە کوردستانەوە. جا لەبەرئەوە سوڵتان چارەی ئەما ویستی جارێ ناوچەی کوردستان ساغبکاتەوە، بۆیە داوای ئاشتی فەرەنگەکانی لەگوێگرت. حاکمی موسڵ کە ئەمەی دی ترسا. ویستی رێکبکەوێ، بەڵام سیاسەتی سوڵتان بە جۆرێکی تر بوو، ئەیویست دەوڵەتێکی ئیسلامیی بەرزی بەچنگ پێکەوە بنێت. دەوری بڵندو بەرزی ئیسلامەتی جارانی بژێنێتەوە. لەبەرئەوە بەمجۆرە رێکەوتنە سووکانە (بەڵێن) ئەئەبوو. بۆیە بە سوپاوە چووە سەر موسڵ، دەورەی شارەکەی پێچاو لەشکری نارد (میافارقین)یشی داگیرکرد، کەچی لە بەخت چاکی حاکمی موسڵ لەمکاتەدا سوڵتان تووشی نەخۆشی بوو (١١٨٥م – ٥٨١هـ). سوڵتان چارەی ئەما گەڕایەوە (حەڕران)، لەبەرئەم تەگەرانە ئیتر سوڵتان لەسەر سزاکردنی حاکمی موسڵ نەڕۆیشت، بەشەرتەکانی لای خواروو ڕازی بوو، وە دەستی لێهەڵگرت، وەکو: کوردستانەکەی باکووری موسڵ و جەزیرە بۆ سوڵتان مایەوەو حاکمی موسڵ ڕازی بوو کە بەناوی سەلاحەدینەوە خوتبە بخوێنن، وە هەر بەناوی ئەوەوە سکەی پارەش لێبدات. بەمجۆرە فەرمانی ئەوناوە برایەوەو سەرداری ئیسلامیش گەڕایەوە شام (٥٨٢هـ ١١٨٦م).

سوڵتان سەلاحەدین و ئەهلی صەلیب

سوڵتان کە ئیشوکاری سوریەو جزیرەی بڕییەوەو ئاگری ناکۆکی ئومەراکانی کوژاندەوەو کردنی بە فەرمانبەری خۆی، بۆی گونجا کە هێزە پەرشو بڵاوەکەی

ئیسلام بۆ ئاواته یەرزەکەی بەکاربهێنێ، کە ئەمانـە جاران لەبەرپـەرەکانی ئـاو خـودا خەرج نەکرا. سوڵتانی ئیسلام ئەمجا بەتەواوی بڕیاریدا کـە شاری قودس بگرێـت و ئـەهلی صـەلیب لـە فەلەسـتین دەربـەرێنێت. ئـەمجا بـڕوای بـەهێزی خـۆی کـرد کـە دەتوانـێ ئـەم ئەرکـە قورسـە هـەرچۆنێك بێـت بـەجێبێنێ. لـەناو سـەردارەکانی فەرەنگدا کە فەلەستینیان بەدەستەوە بوو ئـەو کاتـە نـاکۆکی و دووبـەرەکی ئـەوەندە قایمبوو بۆئەوە ئەشیا کە موسوڵمانەکان مەترسییان لـێ نەکەن. حاکمی تەرابولس کە (ڕیمۆنـد)ی نـاوبوو، ئەیویسـت حوکـم بکـا بەسـەر قودسـا وە بـۆ ئـەم مەبەسـتە کـابرا داوای کۆمـەکی لـە سـوڵتان کـرد. لەسـەر ئەمەشـا سـوڵتان نەیئەویسـت لـەپێش تەواوبوونی ماوەی پەیمانەکەدا لەلای خۆیەوە ئاشتیی بشکێنرێت. خواوڕاستان ئـەم کردەوە ناشیرینە فەرەنگەکان خۆیان کردیان. ئەمجارەش حـاکمی (کەرەك) کـە نـاوی (ڕینۆڵە) بوو کاروانێکی گـەورەی ئیسلامی دامـاڵی، هـەموو شت ومەکەکانی بـردن و کاروانچییەکانیشی بەدیلگرت و توخونی ئاینیشیان کەوتن. سوڵتان کە ئەم هاوارەی بۆ هات زۆر سەغڵەت بوو، سوێندی خوارد کە ئەگەر ڕینۆڵدی دەستکەوێ بەدەستی خۆی بیکوژێ. جا لەسەرئەمە بانگی (جهاد)یدا بۆ سەر فەرەنگەکان.

سوڵتان لە ئاقار شاری (بوسرا) بارەگای هەڵدا، لە هەموو لایەکەوە لەشکر ئەهات و کۆبـوەوە. فەرەنگـەکان ئەمـەیان دی هەموو ئاشـتبوونەوەو یـەکگیربوون. سـوڵتان لـە بارەگادا شوورای جەنگی بەست. لە هەموو لایەکـەوە پیـاو مـاقوولی ئیسلام ئـەهاتن و مەجلیسیان ئەگرت. لێرەدا بڕیاری شەڕ درا لەسـەر فەرەنگـەکان کـە هـەتا هەناسـەی دوایی بـەگژیانا بچن. ئـەمجا لەبـەردەمی سـوڵتاندا سـوپای ئیسـلام تیـپ تیـپ بـە ئیستیعراض ڕۆیشـتن (٥٨٣هـ – ١١٨٧م). بـۆ بـەیانی لەشکری سـوڵتان بـەرەو دوژمـن دەستیکرد بە بزووتن، قەڵای (طبریە)یان پێچا. لەولاوە فەرەنگەکانیش خۆیـان ئامـادە کردبوو وە لەشکرێکی زۆریان گرد کردبووەوە. ئەوسا لەگەڵ لەشکری سوڵتانا شەڕێکی مێژوویی دەستیپێکرد لەبـەر (حطـین)دا. ئـەو ڕۆژە دوژمـن لـە تینوانـا پڕووکـەی تێکەوت. ڕۆژی دوایی شەڕەکە دەستیپێکردەوە لەشکری سوڵتان بەهەڵمـەتی شـێرانە دوژمنـی شـکاندو تـەفروتوونایکردن. جـا شکسـتی (حطـین)بناغـەی ڕووخـانی

حکومەتەکانی فەرەنگی فەلەستینە. (دارعاسای پیرۆزی صەلیب) لەناو تالآنا دەست سوپای ئیسلام کەوتووەو ژمارەیەکی زۆر لە سەربازی سوپای صەلیب بەدیل گیراوە. مەلیکی قودس و براکەی و حاکمی کەرەك و گەلێك لە ئەمیرو ماقوولآنی تر لەناو دیلەکانا بوون. سولّتان لەپاش ئەوەی لەڕووی نومەراکانی فەرەنگدا کردەوە ناشیرینەکانی حاکمی کەرەکی هێنایە پێش چاوی، بەدەستی خۆی کوشتی، وە فەرمانی بە کوشتنی هەندێك خراپەکەری تریش دا لەگاورەکان. لە دوای ئەوە دیلەکانی تری بە قەدرو بە شیرینی ناردەوە بۆ شام واتە (دیمەشق). لەمەولا لەشکری سولّتان پێی نایە فەلەستینەوە. فەرەنگەکان هێزیان تیا نەمابوو کە بەرامبەری بوەستن قەلآو شارەکان یەك لە دوای یەك نەکەوتن. بە فەرموودەی سولّتان کردەوەی جوان دەربارەی ئەم لێقەوماوانە ئەکرا. زۆری پێنەچوو (عکا) کەوت و تالآنێکی زۆر دەست ئیسلام کەوت. ئیتر وردە وردە شارەکانی قەراغ دەریا ئەگیران. بەلآم شاری (صوور) کە لەسەر جزیرەیەك بوو نەگیرا. کە پێویستبوو داگیربکرایە، چونکە ئەم نەگرتنە بۆ دوارۆژ خراپەی هێنا بەسەر ئیسلامەکانا، ئەوە بوو لە دواییدا کە جەنگی صەلیبی سێهەم پەیدابوو ئێرە بوو بە شوێنێکی (ستراتیجی) بۆ سوپای فەرەنگ، کردیان بە مەلّبەندی ئارامگرتن و بزووتنی لەشکرەکانیان.

سولّتان ئەمجارە ڕوویکردە (عەسقەلان)و بە زۆرگرتی. ئیتر (غەززە، ڕەملە، خەلیل ڕەحمان، بەیت لەحم) وە گەلێك جێگای تری گرت، ئەم هەموو داگیرکارییە لە دوو مانگدا تەواوبووە کە سەرکەوتنێکی وا بە نرخ بۆ هەموو پادشایەك نەلواوە. ئەمجا ڕێگای (قودس) بۆ لەشکری ئیسلام کرابوەوە. سولّتان ئەیویست بەبێ زیان ئێرە بگرێت نەك شارەکە تووشی ڕووخان بێت. بەبیری ئینسانیەت کاریی دەستەیەك پیاوماقوولّی نارد بۆ شاری (قودس) داوای تەسلیمبوونی لێکردن، بەلآم فەرەنگەکان ڕازای نەبوون. ئەوسا لەشکر کشا بۆ سەر شاری (قودس)و لە گشت لایەکەوە دەوری درا. ڕۆلّەی کوردو عەرەب لە چەند ڕۆژێکا پلّنگ ئاسایی شوورەی شارەکەیان دڕی، فەرەنگەکان کە تێگەیشتن بە کوشت ئەچن کەوتنە ئامان خواستن، ئەمجا تەسلیم بوون. ئەو حەلە مەجلیس گیرا. لە دوای گفتوگۆ بەو مەرجەی لەماوەی چل ڕۆژا

فەرەنگەکان بەسەربەستی لە شارەکە بڕۆن و بۆ هەر پیاوە (١٠) دینارو بۆ ژن (٥) دینارو بۆ منالْ (٢) دینار سەرانەی ڕزگاری بدەن هەردوولا ڕێکەوتن و گفتیشیاندا کە جارێکیتر شەڕ نەکەن. جا بەم قەول و بڕییە شاری قودس تەسلیمی سوڵتان بووە.
ئەو ڕۆژەی سوپای ئیسلام چووەتە شاری قودسەوە قاضی شام(محی الدین) کوڕی (زکی) ناو کە بە فەرموودەی سوڵتان هاتبووە ئەوێ خوتبەیەکی شادیی داوە بۆ ئەوە عەشامە کە لەوێ ڕاوەستاوە. لە سەرەتای خوتبەکەیا ئەم شیعرەی فەرمووە:

الحمدلله : ذلنا دولة الصُلب   و عز بالكرد دين مصطفى العرب

ئەم گاورانەی لە شاری قودس دەرچوون و ئیتر لە وڵاتی ئیسلاما نەئەمان تیپ تیپ بە بەردەمی بارەگای سوڵتانا تێپەڕ ئەبوون. لەمدەرچوونەدا سوڵتان لە گەلێکیان بوردووە. لە فەقیرو هەژارەکان فیدیەی نەسەندووەو لەسەر فەرموودەی ئەو سەرداره قەشەکان تا توانیویانە شتومەکی خۆیان ببەن. مێژوونووسی گاورەکان لە نوسینەکانیانا لەم ڕووەوە زۆر مەردانە ڕاستییان وتووە لە پیاوەتی سوڵتان سەلاحەدین زۆر قسەیانکردووەو لەناو ئەوانا ناوبانگی زیاتر ڕۆیشتووە، کەچی بەرامبەر بەمە کرداری گاورەکان دەربارەی موسڵمانەکان هەمیشە خراپە کردن بووە.
سوڵتان نزیک مانگێک لە قودسا ماوەتەوە ئیشوکاری ئەوێی ڕێکخستووە، مزگەوتەکانی ژیاندووەتەوەو قوتابخانەکانی دامەزراندووەتەوە. لەدوای ئەمانە سوڵتان بە لەشکرەوە چووەتە سەر صوور لە بەرو دەریاوە پێچاویەتی، بەڵام چارێ نەکرا وازی لێهێنا. بەمجۆرە گاورەکان بۆیان لوا لەم قەڵایەدا گردببنەوەو بۆ شەڕێکی تازە خۆ کۆ بکەنەوە. لەولاوە ناوبانگی سەندنەوەی قودس لەلایەن موسڵمانەکانەوە کە گەیشتە ئەوروپا ئاگری تعصب یان دووبارە بڵێسەی سەندەوە، هەموویان بە جارێك بۆ تۆڵەکردنەوە هەڵسانە سەرپێ، دراوێکی زۆریان کۆکردەوە ناویانن (سەرانەی سەلاحەدین)و لەشکرێکی بێدادیان پێکەوەناو لە هەموو لایەکەوە بەرەو خۆرهەلات هاتن بۆ فەلەستین. ئەمجارە پادشاکانیان سەردار لەشکر بوون ئیمپەراتۆری ئەڵمان و مەلیکی ئینگلیز کە (ریچارد شێردل) یان پێ ئەگوت و مەلیکی فەرەنساو گەلێك ئەمیری ناودار هاوڕێی هاتنی ئەمجارە بوون! سوڵتان گەڕایەوە شام

چونکە نەیزانی گاورەکان دێنەوە سەری. لەوێ دەستیکرد بە تارەکاتی سوپاگەری. لە (صوور) بەولاوە هەرچی قەڵای ئەگیراوی فەلەستین مابوو گشتی زەوتکرد. لەدوای ئەمانە ئەمجا پێشایی لەشکری صەلیبی سێیەم دەستیکرد بە هاتن، لە ٥٨٥هـ دا. جۆری سوپاگەریی سوڵتان گۆڕابوو، لەپرکێشییەوە کەوتبووە قایمکاریی. باری گەردوون وایئەگەیاند کە فەرتەنەیەکی خوێنڕێژیی گەورە ئەبێت. ئەو فەرەنگانەی کە بەرەڵا ببوون زۆربەیان لە صورو لە تەرابولسدا بە پێچەوانەی قەول و پەیمانەکەیان چەکیان هەلگرتبووەوە. ئەمانە هاتن دەوری قەڵای (عكا)یاندا، سوڵتان بە لەشکرەوە هات بۆ پارەمەتی قەڵاکە. ئەم پێچانە دوو ساڵ درێژ بووەوە. سوڵتان نەیتوانیی دوژمن بشکێنێ و عەکا ڕزگاربکات، لێرەشا دووبارە کەمتەرخەمی کرایەوە. لەبەرئەمە کۆمەکەکانی دوژمن هەمیشە بەئاسانی ئەهات و لە عەککادا شەڕی خوێنڕێزانە ئەکرا. گەلێجار هێرشی لەشکری سوڵتان فەرەنگەکانی بە پاشا شکاندووەو کۆمەك چووەتە عەککاوە بۆ ئیسلامەکا، بەلام لەسەرئەمەشا دوژمن نەبەزیوە، دووبارە شارەکەی پێچاوەتەوەو قەڵای تازەیان بە دەوریا ئەکردەوە. زاتیان وەها زۆر ببوو ئەمجا ئەوان پەلاماری لەشکری سوڵتانیان ئەدا باری ڕەزم ئارایی بڵاوەی بەهێزی ئیسلام کردبوو. تیپێك لەشکر بەرامبەر (انطاكية) وەستا بوو، تیپێکی تریش لە تەرابولسی شام بوو. لەشکرێکیش بۆ پاراستنی (دمياط) و (ئەسکەندەریە) لە میسر بوو. لەشکری گەورەش لە (حزروبە) دا دووراو دوور بۆ پارمەتی (عكا) زستانی ڕائەبوارد. سوڵتان لە نەبەزیی دوژمن‌و سستیی و خۆ لەشەڕ پاراستنی سەردارەکانی خۆی مەترسی دوا ڕۆژی کەوتبووە دڵەوە. لە تاوا بۆ کۆمەك بە هەموو لایەکا نوسراوی ئەنارد. دوژمنیش لە دەوری عەککا زستانەکەی بە تارەکات کردن ڕابوارد. لە (٥٨٦هـ) دا جەنگ داگیرسایەوە. نوستۆڵی میسر نوستۆڵەکەی دوژمنی شکاندو کۆمەکی گەیاندە عەککا. لەمکاتەدا بەرایی لەشکری ئەڵمان گەیشتە ئەدەنەو وارێکەوت لەوێ ئیمپراتۆرەکەیان لەئاوا خنکا.

سوڵتان کە ئەمەی بیست بەهیوای کۆمەك ناردن قاقەزی بۆ پادشاکانی ئیسلام نارد. کەچی هیچیان بە دەنگییەوە نەهاتن. بەمجۆرە ئەم فارەمانی کوردو پشتیوانی

ئیسلامە بەرامبەر بە لێشاوی ئەهلی صەلیب بەشێوەی پارسەنی خۆی بەرزوو
مەردانەی خۆی مایەوە. لەمبەینەدا هەندێك لەشكری ئەڵمانی گەیشتبووە فەلەستین. ئەو حەلە دوژمن قۆڵێكی خەریكی پێچان بوو، قۆڵەكەی تری پەلاماری سوپای سوڵتانی دا (٥٨٦هـ – ١١٩٠م). لە هەڵمەتی سەرەتاییدا ئیسلامەكان شكاون و هەندێكیان تەرە بوون. بەڵام ئەوی خۆی گرتبوو نەشكابوو ئەمانە وەكو شێر خۆیانداوە بەدوژمناو شەق و پەقیانكردوون. مەیدانی جەنگ بە لاشەی كوژراو داپۆشرابوو. دوژمن بەمە چاوی شكا. لەولاوە لەشكری ناو عەككاش دەستی خۆی وەشاندو هەندێك قەڵای دوژمنی سوتاند. دووبارە لەشكرێكی تازە لە دەریاوە گەیشت بە فریای فەرەنگەكانا. ئەمانە ئینگلیز بوون لای عەككا دابەزین. سوڵتان كە ئەمەی دی گەڕایەوە (حزوربە). ئەو كاتە صەلیبەكان بە دڵێكی قایم دەستیان كرد بە هێرشكردن بۆ سەر قەڵاكانی عەككا. سوپای پێچراوی ناو قەڵا مەردانە شەڕی ئەكرد. زات و زۆری میر (حسام الدین)ی سەرداری، قەڵای دوژمنی حەیران و سەرسامكردبوو، سوپای ناو قەڵاكە تەنگەتاو ئەبوون پەلاماری قولەكانی دوژمنیان ئەداو ئەیان سووتان. وە تاویان ئەدایە سەر دوژمن و ئەیان گەڕاندنەوە بە پاشا. كۆمەكی ئەهلی صەلیب دوایی نەئەهات. لە دەریاوە وەك هەڵقوڵێت هەمیشە لە هاتنا بوو. قەڕاڵی فەرەنسا (فیلیپ ئۆگۆست)یش لە ٥٨٧هـ دا بە لەشكرێكی زۆرەوە گەیشتە بەردەمی عەككا. زۆری پێنەچوو قەڕاڵی ئینگلیزیش لەگەڵ دوایی لەشكرەكەیا گەیشتن و لە دەریا هاتنە دەرەوە. ئەهلی صەلیب ئەوەندە زۆر ببوو سامیان لێئەكرا. لەمبەینەد هەندێ كۆمەكیش بۆ سوڵتان هاتبوو، لەسەر (ئەوەشا) نەیئەتوانی یارمەتی (عەككا) بدات. دوژمن لەبەرو لە دەریاوە شارەكەی ئێجگار تەنگەتاو كردبوو، برسێتی و نەخۆشیی لەلایەكەوەو ئاگری مەنجەنیقی دوژمن لەلایەكی ترەوە هێزی خۆگرتنی لەشەڕكەرەكانی ناو قەڵادا نەهێشتبوو. ئەم قەڵا پڕ شان و شەرەفی ئیسلامە دوو ساڵ بۆ خۆی لەبەر هەڵمەتی صەلیبەكانا گرتبوو، بەهیچ جۆرێك وە لە هیچ لایەكەوە كۆمەكی نەئەگەیشتێ. بەڕاستی كەڵكی خۆگرتن نەمابوو لە قەڵاكەدا. لەبەرئەوە بەناچاری لە هاوینی ساڵی ٥٨٧هـ ١١٩١م دا بە هەندێك شەرت و مەرج قەڵاكە خۆی د

بەدەستەوە. یەکێك لەو مەرجانە ئەوە بوو کە دیل ناکوژرێت، بەڵام لەولاوە لە فەرەنگەکانا هیچ هۆشی ئینسانیەت نەمابوو، چەك دارو بێچەك وەك جانەوەر هەموو خەڵکی شارەکەیان کوشت. لەم خوێنخوارییەدا قەراڵەکانی ئینگلیز و فەرەنسایش بەشداربوون لە مێژوودا دەنگ وابڵاوە لەم فەلاکەتەدا ٦٠ هەزار موسڵمان لەناوچووە. هێشتا عەککا نەگیرابوو کە بەربەرەکانێ و ناکۆکیی کەوتبووە ناو سەردارەکانی فەرەنگەوە. قەراڵی فەرەنسەو قەراڵی ئینگلیز ناخۆشییان بوو . لەسەر قسەی رەقی مەلیکی ئینگلیز مەلیکی فەرەنسە تۆراو لەدوای کەوتنی عەککا فەلەستینی بەجێهێشت. بەکورتی ناکۆکیی و تێکچوونی ئەمانە هێزو پەرۆشی فەرەنگەکانی سست کردبوو کە ئەمە بە کەڵکی ئیسلام هات.

لەمەولا سوڵتان لەگەڵ دوژمنا کەوتە جەنگی چەتەگەرییەوە. دوورو نزیك کێشەی پێئەکردن. هەرچی لە سوپای صەلیب جیا بوایەتەوە لەناوی ئەبردن. تەنانەت جارێکیان وەخت بوو (ڕیچارد)ی مەلیکی ئینگلیز بە دیل بگرێت. مەبەستیش لەمە ئەوەبوو کە فەرەنگەکان بێزار بین و فەلەستین بەجێبهێڵن. جا (ڕیچارد شێردڵ) زۆر چاك تێگەیشتبوو کە سوڵتان سەلاحەدین لە تین ناکەوێت و بەدرێژەی جەنگ بەیدەست ناکرێت. لەبەرئەوە لەگەڵ ئەم دوژمنە گەورەیە لەسەرجەنگ ڕۆیشتن کەڵکی نییە. جا چ ئەم بەروایەو چ ئارەزووی گەڕانەوە بۆ بەریتانیا بە ئەنجام ڕیچاردی هێنایەسەرئەوە کەداوای ئاشتیخوازیی لە سوڵتان بکات ! هەرچەند هیچ شتێك ئەبوو کۆڵ بە سوڵتان بدات، بەڵام بۆ ئەوەی ڕێی خوێنڕشتن نەمێنێ و لەبەر دوورئەندێشیی تر، سوڵتان قبوڵکردنی داوای ئاشتیی بەباشزانی. ئینجا (مەلیك عادل)ی برای سوڵتان و (ڕیچارد) بۆ گفتوگۆی ئاشتیی یەکتریان بینی. لەدوای گەلێك هاتوچۆ وەها ڕێکەوتن کە (ڕیچارد) خوشکی خۆی بدات بە مەلیك عادل و خاکی فەلەستینی فەرەنگیش بە ناوی جیازییەوە بدرێت بەخوشکەکەی وە سوڵتانیش قودس بدات بە مەلیك عادل، بەڵام قەشەکان بەمجۆرە ڕێکەوتنە ڕازی نەبوون. لەمبەینەدا سوڵتان خەریکی هەندێك فەرمان بوو کە ئەگەر هاتوو جەنگ گەرایەوە، ڕێگای هەڵسووڕان لە دوژمن بگیرێت. لەبەرئەوە ناردی (عەسقەلان) و

(ڕەملە)، وە دەبێت جێگای [illegible]

بحەوێتەوە.

لەمکاتەدا هەندێك دەنگوباسی خراپی ناو بەریتانیا لە فەلەستین بڵاوبووەوە، ئەمە لەلایەکەوە. لەولاشەوە بەربەرەکانی سوڵتانیش لە فەلەستین هیچ هیوای لە فەرەنگەکانا نەهێشتبوو. لەبەرئەمانە مەلیکی ئینگلیز دووبارە تەنگەتاو بووەتەوە. مەترسیی شکان و نەگرتنەوەی قودس هیوای ڕیچاردی هیچ نەهێشت. وڵات هەمووی وێران بوو. ئەم ڕووداوانە نوەمراکانی صەلیبیشی بەتەواوی بێزارکرد. لەبەرئەمانە (کۆگایەکی حەربی) گیرا لەوێدا بڕیاریاندا کە واز لە قودس بێنن و بچنە سەر میسر. ئەمجا ڕیچارد بەناوی ئەهلی صەلیبەوە داوای ئاشتی لە سوڵتان کرد لەسەرئەوە لە ڕەملە مەجلیس گیرا. لەدوای گفتوگۆ کردن ڕێککەوتن لەسەرئەوەی کە (یافە)ش بەدەست ئەهلی صەلیبەوە بمێنێت. جا بەوجۆرە هەردوولا جارِی ئاشتییاندا لە ڕەملە لە ١١٩٢م ٥٨٨هـ دا. ئەمە بوو ئەنجامی سێیەم سەفەری ئەهلی صەلیب. ئەم چەند سەد هەزار فیداییە کە بۆ گرتنی قودس هاتبووە فەلەستین و ئەیویست خوێنی هەموو ئیسلامی خۆرهەڵات بڕژێنێت. کەچی بەرامبەر ئەبەزیی و تێکۆشەری بەجەرگی وەك سوڵتان سەلاحەدین هیچی پێنەکراوە. تەنیا دوای لەناوچوونی دوو بەشی ئەم هۆردوە کینەلەدڵە، دوو شاری گوێ بەحریان بەدەستەوەماوە، وە بەشی سێهەمیشی کە گیانی ڕزگار بووە بەسایەی (گەمیی)یەکانیانەوە خۆیان دەربازکردو گەڕانەوە ئەوروپا. جا فارەمانی کوردو ئیسلام لەدوای جەنگ وەشاندنێکی پێنج ساڵە لەگەڵ لێشاوی دەمبەخوێنی ئەوروپاییان، بەشان و شەرەف گەڕاوەتەوە (قودس)و دەستیکردووە بە ڕێکخستنی فەرمانی وڵاتەکە. ئەوی ڕووخا بوو تازەیکردەوە. مەکتەب و نەخۆشخانەی تازەشی دروستکرد، وە بەناوچەکانی وڵاتا گەڕاوە چووەتە بەیرووت و لەوێشەوە چووە شام. کەچی داخیگرانم ئیتر ئەحەسایەوە دوای فەرماندان بۆ ئاوا کردنەوەی جێگا وێرانەکان نەخۆشکەوت.

مردنی سوڵتان:

سوڵتان پێنج شەش ساڵ لەگەڵ فەرەنگەکانا بێئارام لە جەنگدا بووە. ئەم ئەرکە دوورو درێژە شپرزەیکردبوو. لەسەرئەوەشا مشوری فەقیرو هەژاری نەخوارد مەشرووعی بۆ ئەدۆزینەوە کە لەبرسییەتی رزگاریان بکات. جا بەم ئەرکە تازانە وەك لای سەرەوە وتمان ئەخۆشکەوت، ئەمجارە زۆر ئەژیا لە ٥٨٩هـ ١١٩٣ م دا، وە لەتەمەنی ٥٧ ساڵییدا ئەمریخوای بەجێهێنا. مردنی سوڵتان سەلاحەدین بەبێ ڕیا عالەمی خستووەتە گریان. بەڕاستی زوربەی ئەم جۆرە پیاوە بەرزانە لە ناکاوو بێوەخت لەناوئەچن. بەمردنی کوتوپڕی سەلاحەدین و بەتایبەتی ئەتەوەی کورد زیانێکی بێدادیان لێکەوتووە، هەموو کەسێك ئەیسەلمێنێ کە سەلاحەدین ئەبوایە ئەهلی صەلیب، کەیانی ئیسلامەتی لەناوبردبوو، لە ئیسلامەکان زیاتر خەڵکی ئەورووپا کە دوژمنی ئەون هونەرو خزمەتەکانی سەلاحەدین ئەژمێرن و پەسەندی ئەکەن. هەموویان بەیەك زمان ئەڵێن ئەم شاسوارە بلیمەتەبوو ئەیهێشت هیوای فەرەنگەکان بێتەجێ. سەرەڕای ئازاییەکانی کە لە ڕۆژی شەڕا ئەینواند. بەڕەوشتیش نموونەی کەرەم و، وێنەی خوڵقی جوان و سەرچاوەی مەرحەمەت و دڵسۆزیی بووە. لە دوای مردنی بە سێ ساڵ بەفەرمانی مەلیك ئەفضەلی کوڕی نزیك مزگەوتی (ئەمەوی) گۆڕێکی تازە دروستکراوە ئەمجا ئێسکی (سوڵتانی ئەمر) گواستراوەتەوە ئەوێ، لەوێ ناشتوویانە کەوا مەرقەدەکەی ئێستایەتی لە شاری شام (دیمەشق). سەلاحەدین ١٧ کوڕو کچی بووە.

ئەوصافی سەلاحەدین:

مەدح و ثەنای جوانیی سەلاحەدین تەواو نابێ!بە کورتی یەکێکە لە پیاوە هەرە گەورەکانی مێژوو. لەکاتی شەڕا بەرامبەر دوژمن توندو بێئامان بوو، بەڵام لەکاتی ئاشتییدا بۆ ڕەعیەت دڵسۆزو بۆ داماوو لێقەوماو بەمەرحەمەت، وە لە سیاسەتا دووربین و کارئاشنا بووە. ناحەزی زۆردارو پیاوخراپ و خزمەتگوزاری بەدڵ وگیانی ئیسلامییەت بووە، بەڵکو لەتەك دوژمنیشیا لە چاکەکردن دوانەکەوتووە. کاتێك کە

فڕاڵەکانی ئینگلیزو فەرەنسە بە دوژمنایەتی هاتبوونە سەری، لە بیستنی نەخۆشی دوختەرو دەرمانی بۆ ناردوون. لەلایەکی ترەوە پشتیوانی زانست و زانینو زانا بـووە. لە ئیشوکاری دەوڵەتیدا بێ موشاوەرەکردن فەرمانی نەکردووە. ئەنجوومەنی زانستیی و شوورای ناوخۆیی ئیدارەو کۆگای ڕاو تـەدبیرو ڕەزم و جەنگی جیاجیا بووە، هیچ دەعیەی نەبووە. لەگەڵ فەقیرو هەژاردا بێپەرواو زۆر بە سەربەستیی ئـەدوا.. حـەزی لـە دەبدەبـەو دارا نەئـەکرد. کـە کۆچـی دنیـای کـرد پـارەو پـوول و زەوی و زاری بەجێنەهێشت. قیبطییەکانی میسر نیگار (ڕەسـم)ی (سـەلاحەدین)یان لـە تەنیشـت کاسەی موقەددەسی دینی خۆیان داناوە لە کڵێسەدا لەسـەرەمەرگدا فەرموویـەتی. کە مردم بۆنەوەی لە ڕۆژی قیامەتا شاهیدی غـەزاکانم بێـت، شمشێرەکەم لەگـەڵ خۆمـا بنێژن.

خزمەتی بۆ ئاوەدانی: گەورەیی سوڵتان سەلاحەدین هەر ئەوە نییە کە لـە شـەڕدا قارەمانێکی نەبەزو ئـازاو بـەتین بووە، بـەڵکو لـە فەرمانڕەواییشدا زۆرزان و سیاسی بووەو، لەگەڵ ئەمانەدا وڵاتەکەشی بە بینای جوان ئاوا کردوەتەوە. لە هەموو لایـەکی میسردا گەلێك بینای دروستکردووە بۆ قوتابخانـە. لەوانـە ئێستاش هـەندێکیان مـاوە بەناوی دیوانی ئوستۆلەوە بینایەکی شاهانەی پێکهێناوەو هـەر لـە میسـرا دوو بینـای بەرزی بۆ نەخۆشخانە دروستکردووە بۆ میللەت. لە شامیشا نەخۆشـخانە کراوەتـەوەو گەلێك مەدرەسەشی تیـا کراوەتـەوە. ئـەوەندە هەیـە لەبـەر درێـژەی جەنگو ڕەزمـی دوابـڕاوی ئـەهلی صەلیب لەمانـە زیـاتر نەیپـەرژاوە لەسـەر ئاواکردنـەوەی هـەموو ناوچەکانی کیشوەرە گەورەکەی بڕوات.

لەدوای مردنی سوڵتان:

سوڵتان سـەلاحەدین کـە کۆچـی دوایکـرد، کەسـی نـەکرد بەجێنشـینی خـۆی. کوڕوخزمـەکانی هـەر یەکـە فـەرمانڕەوای شوێنێك بـوون. (الملـك الافضـل)ی کـوڕی. حاکمی فەلەستین و سوریە بوو. (الملك العزیز عثمـان)ی کوڕیشی حـاکمی میسـر بـوو. تـوڕڕەی حەڵەبیش (الملـك الظـاهر)ی کـوڕی لەسـەربوو. (مـەلیك عـادل)ی برایشـی بەشێکی جزیـرەی بەدەسـتەوە بـوو. کوڕانـی (شـێرکۆ)ی مامیشـی لـە (حومـوص)

جێگیربببوون. وڵاتی یەمەنیش درابوو بە کوڕانی (سیف الاسلام تەغتەگین)ی برای. کە سوڵتان مرد، هەرکەس لە جێگەی خۆی مایەوە تا ساڵێک، فەرمانڕەوایی مەلیک ئەفضەلیان بەجێهێنا.

تێکچوونی ئیدارە:

بەمێژوو ساغبووەتەوە هەتا میللەتێک ئاژاوەی تێنەکەوێت، ڕژێمی ئەو میللەتە لە خۆیەوە ناگۆڕێت. باری حکومەتانیش بەو پێیە بەبێ ڕووداو لە خۆیەوە تێکناچێت. جاحکومەتی ئەیوبییش ئەوسا (لەسەر) ئەو پێو دانگە ڕۆیشتووە، چونکە ئەوکاتە لە خۆرهەڵات و خۆرئاوادا ڕژێمی (دەرەبەگێتی) باو بووە. هەر کە سەلاحەدین مرد، کوڕان و براو برازاکانی لە تووڕەکانی خۆیانا کەوتوونە سەودای سەربەخۆیی و شیرازەی حکومەتە گەورەکەیان تێکداوە کە خاوەنەکەی بەو هەموو تەقەلاو خوێنی جگەرە دروستیکردبوو. مەلیک ئەفضەل کوڕە گەورەی سوڵتان بەناو (مەتبووع)بوو لەلایەن هەموویانەوە، بەڵام چونکە ئیدارەکەی ڕێکوپێک نەبوو براکانی لێی زیزبوون. (مەلیک عەزیز) لە میسر بانگی سەربەخۆیی بۆخۆی دا (٥٩٠هـ - ١١٩٣م) وە بە لەشکرەوە هاتەسەر سوریە. (مەلیک عادل)ی مامیان کە تێفکریی لە ڕووی بێهوونەریی برازاکانیەوە خەریکە ڕەنجی سوڵتان سەلاحەدینی برای بە باد بچێ و حکومەتی ئەیوبی نشوست بێنێت، ویستی ئیدارەی کیشوەرەکە بگرێتە دەستی خۆی. لەبەرئەوە کەوتە نێوانی برازاکانیەوە، جارجار ئەیکردن بە گژ یەکاو لە دواییدا ئاشتی ئەکردنەوە. بەینێک چووە (میسر)و بووە پشتیوانی مەلیک عەزیز و پێکەوە لە ٥٩٢هـ دا سوریەیان زەوتکرد بە ناوی میسرەوە. ئەمجا مەلیک عادل خۆی فەرمانڕەوایی سوریەی گرتەدەست. ئەگەرچی ئەمە بەپیشەی خزمایەتی شتێکی ناشیرین بوو، بەڵام لەو دەورە تووشەی ئەهلی صەلیبەدا پێویستبوو فەرمانڕەوایەکی بەجنگ و سەردارێکی دنیا دیدە لە سەر کیشوەری ئەیوبی بێت. جا لەبەرئەم قازانجی گشتییە کردەوەکانی مەلیک عادل بەدەستدرێژی ئەژمێرراوە. وا ڕێکەوت لە مێژووی ٥٩٥هـ دا مەلیک عەزیز مرد. کوڕێکی بچووکی هەبوو کرا بە مەلیکی میسرو مەلیک ئەفضەل مامیشی کرا بە نوێنەر(نائب)ی ئەم پادشاهە بچکۆلەیە. بەڵام مەلیک عادل کە ناکۆکی سەردارەکانی میسری بیست بەلەشکرەوە چووە سەریان، میسری گرت و خۆی بوو بە مەلیک و مەلیک ئەفضەل دەرکردو لە ٥٩٦هـ - ١٢٠٠م دا ئیتر مەلیک عادل بەتەواوی حکومەتی ئەیوبی خستبووە ژێر دەستی خۆیەوە. مەلیک

ظاهیر کە حاکمی حەلەب بوو، وە مەلیك ئەفضەلیش کە ئەم دواییە سەلا... (سەرخەد)ی درابوویە لەو ناوچەیەدا بەشتێکی نرخداری ئەوتۆ نەنەژمێرران.

پادشایەتی مەلیك عادل:

لەدوای ئەم ئەنجامانە مەلیك عادل کوڕەکانی خۆی کردوومتە فەرمانڕەوا (حاکم) ی ناوچەکان و ئەوسا دەستیکردوە بە فەرمانڕەوایی گشت کیشوەرەکە. ئیدارەی مەلیك عادل لەسەر پێو دانگی سوڵتان سەلاحەدین ڕۆیشتووە. لە دەوری فەرمانڕەوایی، واتە حوکمداری مەلیك عادلدا هەرای صەلیبییەکان ئەوەندە بەهێز نەبووە. ئەگەرچی لەم چەرخەدا جەنگی چوارەمی صەلیبییان هەڵگیرساندووە، بەڵام سوپای صەلیبییەکان ئەمجارە نەگەیشتوومتە سوریە بەڵکو لەڕێگادا شاری (ئەستەمبوڵ) یان گرتووە، وە جارێ لەوێ نەترازاون. لەسەر ئەوەشا لە دواییدا فەرەنگەکان لە سوریەدا (بێروت) یان هەر داگیرکردووە. مەلیك عادلیش (یافا)ی لێسەندوونەتەوە. ئەم پادشایە لە ڕواڵەتا لەبەر خزمایەتی لەژێرەوە، وەلەبەر سیاسەت دەستی نەبردوە بۆ مافی مەلیك ظاهیری برازای، بەڵام لە (٦١٣هـ)دا کە ئەم برازایەی مرد ناوچەی حەڵەب کە موڵکی ئەو بوو داگیرکرا و ئەوەندەی پێنەچوو (مەلیك ئەفضەل)یش بە کڵۆڵی مرد. بەمجۆرە کوڕەکانی قارەمانی گەورەی ئیسلام دوایی بە فەرمانڕەواییان هات، ئیتر لە ڕووی ئیدارەی مەلیك عادلدا هیچ قۆرتێك نەما.

لەم دواییەدا شەڕی پێنجەم و شەشەمی صەلیب یەك لە دوای یەك دەستیپێکردووەو ئەوروپاییەکان هاتوونەتە ئەوناوەو کەناری دەریای (عکا)یان وەك بەلا، وێرانکردووەو لەوێوە چوونەتە سەر میسر شاری (دەمیاط)یان پێچاوە. مەلیك عادل ئەم کاتانە لە سوریە بوو، بە تاڵووکە سوپایەکی پێکەوە نا، کە بگا بەفریای میسرا. بەڵام مردن مۆڵەتی نەدا نزیك شاری شام لە شوێنێکا مرد لە (٦١٥هـ ١٢١٨م)دا. مەلیك عادل فەرمانڕەوایەکی گەورە بوو نەیهێشت فەرمانڕەوایی ئەیوبییەکان لەناو بچێت، خۆی لە بەردەستی کاکیا گەورە ببوو. لە شەڕا بە جەرگ و لە سیاسەتا زۆر دووربین و وریا بووە، لەگەڵ مەلیکی ئینگلیز (ریچارد شێردل)دا هەمیشە نووسراویان ئەنارد بۆ یەك. لە سکەی پارەدا ناوی (عینوان) (ابو الفداء)ی بۆ خۆی دانابوو.

دەوری فەرمانڕەوایی مەلیک کامل:

لەدوای مردنی مەلیک عادل مەلیک کاملی کوڕی بووەتە فەرمانڕەوای میسر، ئەوسا مەلیک (معظم عیسی)ی برای فەرمانڕەوایی سوریەو مەلیک ئەشرەفی براشی حوکمداری ناوچەی حەڵەب بوو. ئەهلی صەلیب وازیان لە میسر نەئەهێنا، چونکە زانیبوویان تاکو میسر نەگرن فەلەستینیان بۆ ساغنابێتەوە. بەوهۆیەوە لەشکرەکانیان کەتاوی دابووە سەر میسر شاری (دەمیاط)یان ساڵ و نیوێك زۆر بە توندی پێچاوەو لە دوای کوشتارێکی زۆر گرتوویانەو خوێنخوارانە شەڕکەرو شەڕنەکەر گشت خەڵکەکەیان کوشتووە. هەرچەندە لە براکانیەوە کۆمەك هاتووە بۆ مەلیك کامل. دیسان لەشکری ئیسلام بەربەستی دوژمنیان پێنەکراوە، تا گەیشتوونەتە بەردەم قاهیرە. مەلیك کامل ئەیویست بەشەرتێك ئەهلی صەلیب لە میسر دەرچن، فەلەستینیان بداتێ. کەچی ئەوان ڕازی نەئەبوون. خواو ڕاستان وا ڕێکەوت لەوکاتەدا ڕووباری (نیل) زۆر هەڵسا. جا بە فەرموودەی مەلیك کامیل بەندو بناوانی نیلیان سەراپا تێکشکاندووە. لەسەرئەوە لافاو زەوی و زاری دەڵتای داگیرکردووە. ناو پشتی سوپای صەلیبییەکانی گرت. ئیتر خواردەمەنییان نەئەگەیشتێ و لەلایەکی تریشەوە سوپای ئیسلام کەوتە جەتە گەری لێیان. لەسەر ئەوە فەرەنگەکان تەنگەتاو بوون و بەناشتی ڕازیبوون و لە میسر دەرچوون.

لەدوای بڕانەوەی ئەم جەنگانەی ئەهلی صەلیب و کوڕەکانی مەلیك عادل ئەمجا بە گژیەکا چوون. بەڵام لەمکاتەدا مەلیك عیسا بە سەریا مرد، لەسەر ئەوە دوو براکەی تر ڕێککەوتن و کیشوەرەکەیان بەشکرد. ناوچەی سوریەو شام بەر مەلیك ئەشرەف کەوت و میسریش بۆ مەلیك کامل مایەوە لە (٦٢٦هـ ١٢٢٨م)دا. مەلیك کامل هەرێمی جزیرەو بۆتانیشی بۆ خۆی هێشتبووەوە بۆ پاشەڕۆژ. لەمکاتەدا بوو کە کیشوەری ئیسلام تووشی فەرتەنەی (مەغۆل) بوو، پێویستە لێرەدا پێشڕەوێك بۆ ئەم ڕووداوە بنووسین. لەوکاتەدا خوارەزم شاهەکان دەوڵەتێکی ئیسلامیی زۆر بەهێزیان پێکەوەنابوو لە تورکمانستان بە لەشکرو سوپای خۆیانەوە ئەنازین و هەر لەمکاتەشا لە خۆرهەڵاتی خوارەزم دا جەنگیزخان پەیدا بووەوەو دەوڵەتێکی عالەمی زۆر بە

شەوکەتی هێناوەتە کایەوە. خوارەزمییەکان بێنەوەی لە هێزو توانای جەنگیرخان بگەن بە بێ حیساب چوون بە گژ مەغۆلەکانا. لەسەرئەوە سوپای مەغۆل وەك لافاو ڕووی کردووەتە وڵاتی ئیسلام. خوارەزم هەر زوو لەناوچوون. ئەمجا هەموو کیشوەری ئیسلام بوو بەپێخوست لەژێر پێی لەشکری مەغۆلدا. جا بۆ بەربەستکردنی هێرشی سوپاکانی مەغۆل و خوارەزم مەلیك کامل چووەتە (جزیرە - میزۆپۆتامیا) کاروباری ئەوناوەی بەپەلە پەل ڕێکخستووەو مەلیك (نجم الدین)ی کوڕە گەورەی کردووەتە حاکمی ئەوناوە. ئەمیشی لە دوایدا کە لەشکری خوارەزمیان بێخاوەن مانەوەو هاتنە ئەوناوە بووە سەرکردەیان و ئەمجا بۆ بەربەستی لافاوی مەغۆل هەموو لایەك کەوتوونە هەوڵ و تەقەلا. بەڕاستی ئەو ڕۆژانە ڕۆژی ڕەشی ئیسلام بووە. لەلایەکەوە مەغۆلەکان کیشوەرە جوانەکەی ئیسلامیان ژێرەوژەبەر ئەکردو لەملاشەوە فەردریك ئیمپەراتووری ئەڵمانی لەمکاتە قەڵبەدا بە لەشکری صەلیبی شەشەوە ڕوویکردبووە میسرو سوریەو سەرزەمینەکانی ئەشێلاو وڵاتی وێران ئەکرد. مەلیك کامیل دەمێکبوو لەگەڵیا خەریکی گفتوگۆی ئاشتیبوو. بەرەکەمتدا لە (٦٢٦هـ - ١٢٢٩م)داهەردوولا ڕێکەوتن . بەپێی پەیمانی تازە ناوچەی قودس و لە (عکا) وە تا (یافا) پارچەیەك لە کەناری دەریا درا بە فەردریك بەومەرجەی هەتا ١٠ساڵی تر شەڕ نەکرێ پەیمانیان کرد. بەکورتی ئیمپەراتوور ئەیویست بگەڕێتەوە بۆ ئەوروپا، بۆیە بەهەموو مەرجێك ڕازی ئەبوو.

جا لە دوای ئەمە سەلجووقی و ڕۆم و ئەیوبییەکان بەبێسوود سەردەمێك شەڕیانکرد، وە زۆری پێنەچوو مەلیك کامل و مەلیك ئەشرەفیش بەگژیەکا هاتن. بەڵام لە کاتێکا کە سوپای مەلیك کامل هاتە سوریەوە، مەلیك ئەشرەف مرد. ئەوسا بەبێ شەڕ شام کەوتەدەست مەلیك کامل. لە دوای ئەمە زۆری پێنەچوو مەلیك کامیلیش لە شاری شام (دمشق) کۆچی دوایی کرد لە ٦٢٥هـ ١٢٢٨م دا. مردنی ئەم پادشایە سەرەتای نوشستی دەوڵەتی ئەیوبییەبوو. مەلیك کامل پادشایەکی زۆردارو لە سیاسەتا وریابووە. بۆ پێشخستنی فەرمانی کشتوکاڵ لە میسردا زۆرخەریکبوو، لەمەولا وڵات ڕوویکردووەتە ئاوا بوونەوە، قەڵای قاهیرە ئەم تەواویکردووە. جـ

نالەباری زەمانە بوو، قودسی پێدا بە ئیمپەراتووری ئەڵەمانی. ئەگینا مەلیك كامل پادشایەكی ئەوەندە بێكارەو بێ كەڵك نەبووە. كاتەكە زۆر كاتێكی بەئاشووب و پڕ فەلاكەتیی بوو، لەبەر هەراو لێشاوی فیتنەی (مەغۆل)ەكان و چەتوونیی براو كەسەكانی خۆی بوو كە هەمیشە ئەیانویست ئاژاوە بنێنەوە.

مەلیك عادلی دووەم:

لەدوای مردنی مەلیك عادل، مەجلیسی ماقوولان بەڵێنیدا كە شازادە عادل لە جێگای باوكی مەلیك عادلی دووەمەوە ببێتە مەلیكی دەوڵەتی ئەیوبی. ماقوولان ئەم هەڵبژاردنەیان بۆ قازانجی خۆیان كردبوو، چونكە مەلیك كامل بێكارە بوو، پادشایەتی هی نجم الدینی براگەورەی بوو كە لەوكاتەدا حاكمی جەزیرە بوو، وە خەریكی جەنگ بوو لەگەڵ حاكمی موسڵ لەدوای ناشتبوونەوەی خوارەزمییەكان كە ئەو حاكمی موسڵە هانی دابوون. شازادە نجم الدین حاكمەكەی شكاندو چووە سەر دیاربەكرو لەوێ سوڵتانی ڕۆمیشی شكاند. ئەمجا شازادەی ئازا كەوتە بیری سەندنەوەی تەخت و تاجی باوكی كە بەهی خۆی ئەزانی . لە ساڵی ٦٣٦هـ دا شازادە (توورانشاه)ی كوڕی بەسەر جەزیرەوە بەجێهێشت و خۆی بەلەشكرەوە ڕوویكردە سوریەو (شام)ی گرت. لەدوای ئەوە لەگەڵ (میرداود)ی ئامۆزایا كە حاكمی (كەرەك) بوو كەوتنە دووبەرەكیی. ئەوەندە هەیە سەردارەكانی مەلیك نجم الدین لەم كەین و بەینەدا لێی یاخیبوون. ئەمیر داود لەم هەلەدا هەڵیكوتایە سەر (نابولس) كە مەلیك نجم الدینی لێبوو شارەكەی داگیركردو مەلیك (نجم الدین)ی بەدیل گرت. لە دوای ئەم ڕووداوە ئەستێرەی میرداود ڕوویكردووەتە درەوشانەوە دوای ئەمە ئەنجا میرداود لەشكری هەلگرت و چوو شاری قودسی لە فەرەنگەكان سەندەوە. بەڵام بەختی مەلیك نجم الدین چاكی هێنا میرداود لەگەڵ مەلیك عادل و ئومەراكانی ترا ڕێكنەكەوت. لەسەرئەوە میرداود مەلیك نجم الدینی هێناو لەگەڵیا ڕێككەوت. بەپێی پەیمانێك كە كردیان میسر درا بە مەلیك نجم الدین و ناوچەكانی سوریەو فەلەستینیش بەر میرداود كەوت. كە مەلیك عادل ئەمەی بیست بەلەشكرەوە لە میسر هەڵسا ویستی بێت ئەم یەكگرتووانە لەناوبەرێت. كەچی دەستەی لەشكری مەملووكەكانی خۆی لێ یاخیبوون و لە پادشایەتییان خست و لە بەندیخانەشیان قایمكرد. جا پادشایەتی مەلیك (عادل)ی دووەم بەمجۆرە كۆتایی هات (٦٣٧هـ ١٢٤٠م).

مەلیك صالح نجم الدین ایوب:

وەكو لای سەرەوە وتمان لەشكری یاخیی كە مەلیك عادلی لە پادشایەتی خستبوو، لەجێی ئەو مەلیك نجم الدین یان هەڵبژاردو بانگیان كردە میسرو كردیانە حوكمدار.

ئەم پادشایە لە شاهزادەییا وەك لەسەروە دیمان زۆرئازارو ناسۆری دیوە. لەكاتی باوكیا تووشی بوختانی باوەژنی بووەو لەسەرئەوە دوورخراوەتەوە لە میسر. بەڵام لەدواییە دا بەخت باشی بۆ هێناو بوو بە حوكمدار. خەلیفەی بەغدادیش فەرمانی پادشایی بۆ ناردو چووەسەر تەختی میسر. بەمجۆرە كیشوەری میسر بە ئاسانی بۆ مەلیك نجم الدین ساغبووەتەوە (توران شا)ی كوڕیشی وڵاتەكانی جزیرەی بۆخستبووە ژێر ئیدارەی خۆی. هەر سوریە بەدەست سەردارانی ئەیوبییەوە لە شۆڕشا مابووەوە. مەلیك صالح نجم الدین پەیمانەكەی قودس لەمەڕ میرداودی بە شتێكی ڕاستەقینە دائەنا. بۆیە هەر كە بووە فەرمانڕەوا خێرا ئەو پەیمانەی بەتاڵكردەوە. لەسەرئەوەشا جارێ توختی میرداود نەكەوتووە لە میسردا خۆی بە ئیشوكاری دەوڵەتەكەیەوە خەریك كردووە. بەڵام لەملاوە ئەمیرەكانی سوریە لە ترسی تارەكاتی مەلیك صالح نجم الدین كەوتبوونە كۆكردنەوەی خۆیان، تەنانەت لەگەڵ فەرەنگەكانیشا یەكیانگرتووە، هەندێ شاری ئیسلامیشیان پێشەكی داوە بەو فەرەنگە ناحەزانە. بەمجۆرە ڕقەبەرییەوە ئەم سەردارە بێمێشكانە سەلامەتیو كیشوەری ئیسلامیان خستە بەختی فەرەنگەكانەوە. لەولاوە (بدر الدین لؤلؤ) ی حاكمی موسڵیش چووە بەگژ توورانشاهدا، گەلێك شوێنی لێسەندووە. ئەم هەموو فیتنەبازییەش ئەمیر ئیسماعیل مامی مەلیك صالح نجم الدین ئەیگێڕا. لەدوای تەدارەكات (لەشكری) میسر هات بۆ فەلەستین لەشكری ئومەرای ناپاك و فەرەنگەكانیش پێكەوە بەرەنگاریان بوون لای غەززە، جەنگێكی زۆر قورسیان كرد لە گەرمەی شەڕا تاقمێك لە موسوڵمانەكان لایانداوەتە لای مەلیكی میسر. بەو، دوژمنەكان زۆرخراپ شكان. بەڵام ئەم شكستە جەنگەكەی نەبردەوە، دوژمنەكانی ئیسلام هەر بۆئەوەی فەرەنگەكان لەسەریان بكەنەوە، ئەمجارەش لەگەڵ قودسدا هەندێك جێگای تریشیان داوە بە فەرەنگەكان، بەوە سوپایەكی ئەستوورتریان كۆكردەوە. مەلیك نجم الدین ئەیوبیش بەمە لەگەڵ خوارەزمییەكانا ڕێككەوتووەو لە میسریشەوە لەشكری تری هێناوە. ئەمجارەیش هەردوو لەشكرەكە لە بەر غەززەدا شەڕێكی زۆر خوێنڕێژانەیان كردووە. بەخت یاریدەی مەلیكی میسریدا، دوژمنەكانی تارومار بوون، وە تاڵانێكی بێشوماریشیان دابەدەستەوە، لەسەرئەمە لەگەڵ قودسدا

فەلەستینیش گیرایەوە (٦٤٢هـ) ئەم سەرکەوتنە هیوای صەلیبییەکانی لە ڕەگ دەرهێنا، لەوساوە تادوایی شەڕی گەورەی جیهان کە (١٩١٨) ی زاینییە جارێکیتر ئەم وڵاتانە لە دەست ئیسلام نەچووەتە دەرەوە. لەدوای ئەم ئەنجامە بە میر ئیسماعیل و میرداوود هەر بۆ ئەوەی داسەکنێن، هەندێك جێگایان دراوەتێ، بەڵام چونکە ئەم بەدبەختانە خولقی سەلامەتییان لە گیانا نەبووە ئەمجارەش فەسادێکی تازەیان ناوەتەوە. خوارەزمییەکانیان کردووە بە ئالەتی شەڕو ئاژاوەیان خستووەتە ئەوناوە، بەمهۆیەوە گەلێك شەڕی تازە ڕوویان داوەتەوەو زۆرخوێنێی تازە ڕژاوە هەتا خوارەزمییەکان تەفرو توونا کراون، وە سەرداره ناڕەحەتەکان شکاون و بۆ لای حەڵەب رادوویان ناون، کەچی ئەمجارە حاکمی حەڵەب میر یۆسفی دووەم لەسەر ئەمانە هاتووتە کایەوە. مەلیك نجم الدین ئەیوبیش بۆ بڕاندنەوەی ئەم ناڕەحەتییانە لە میسرەوە بە سوپایەکی زۆرەوە هاتووەتە شام ٦٤٦هـ. بەڵام هەر لەمکاتەدا صەلیبییەکان جەنگی حەوتەمیان پەیداکردووە. ئەمجارە قەڕاڵی فەرانسا (لویسی حەوتەم) بە لەشکرێکی زۆرەوە ڕوویکردووەتە میسر. لەسەرئەمە مەلیکی میسر بەناچاریی لەگەڵ ئومەرا یاخییەکانا ڕێکەوتووەو بەنەخۆشی گیانەوە لەگەڵ سوپاکەیا گەڕاوەتەوە بۆ میسر. تا ئەم کەین و بەینە کراوە لەشکری فەرەنگ چووەتە میسرەوە (دەمیاط)یشیان گرتووە. قەڕاڵی فەرنسا (دێوانە)یەکی ئایینی عیسا بوو، خۆی ئەخستە هەموو ئاگرێکەوە لە ڕێگای مەسیحدا. بۆیە هاتبوو کە تۆڵەی ئەهلی صەلیبی ڕابوردوو لە ئیسلامەکان بکاتەوە. داخیگرانە مەلیك نجم الدین ئەمجارە بەخت یاریدەی ئەدا کە دواڕۆژی ئەم قەراڵە دێوانەیە ببینێت، چونکە لە هۆردووگاکەی خۆیا کۆچیدوایی کردووە لە ٦٤٧هـ – ١٢٤٩ زایینیدا. ئەم پادشا بزورگەوارە ئەیویست حکومەتەکەی سوڵتان سەلاحەدین دروستبکاتەوە وە دەوڵەتی ئەیوبی بگەیەنێتەوە پلەکەی جارانی. ئەگەر هەرای فەرەنگ تازە ئەبوایەتەوە حەڵەب و بەلکو موسڵیشی ئەگرت و مەرامی شاهانەی بەجێئەهات. بەڵام مردن هیچی لەگەڵا ناکرێت. مەلیك نجم الدین بەو ئاسۆرانەوە چووە ژێرخاکەوە. لەمدواییەدا تیپێك لەشکری لە (کۆڵەمەن) پێکهێنابوو پڕتەعلیم و پڕچەکی کردبوون. مەلیك پشت و پەنای بەمانە بەستبوو. بەڕاستی ئەم لەشکرە جوانە هەتا خۆی ماوە بەکەڵکی هاتووە.

توران شاه:

کوڕی مەلیك صالح نجم الدین ئەیوبە. کە باوکی مرد حاکمی جزیرەو کوردستان بوو. شارەزای ئەوناوە بوو، وە سەرداری سوپاکەی ئەویش بۆ ئەم پادشایە لە صەنعەتی شەڕا ناوبانگی ڕۆیبوو. هەتا ئەم گەیشتووەتە میسر (شجرة الدر)ی باوەژنی نەیهێشتووە کەس بە مردنی باوکی بزانێت لەم هەنگامەدا بوو کە لەشکری صەلیب دەمی ژەندبووە میسر، خەریکبوون (منصورە) بگرن، تورانشاه کە گەیشتە ئەوێ دەستیکرد بە تارمکاتی لەشکرو خێرا کەوتەخۆی. پەیتا پەیتا کۆمەك بۆ دوژمن ئەهات. لەسەرئەوەشا توورانشا بەدەست و بردتر بوو، لەشکری فەرەنگ هەر خەریکی مەنصوورە بوو، بەرەکەتدا ڕووباری (نیل) ئەو کاتە هەڵسا بوو. ئەما پیلانی فەڕاڵی فەرەنسای تێکداوە. لەملاوە لەسەر فەرمانی تورانشاه پردەکانیان ڕووخاندو بناوانەکانیان تێکداوە. جا بەم بۆنەیەوە لافاو لە هەموو لایەکەوە دەوری سوپای صەلیبی گرتووە، سوپاکەی توورانشاه شارەزا بوون لە هەموو لایەکەوە تەنگیان بە دوژمن هەڵچنی و ڕێگەی (دمیاط) یان لێبڕین. زۆری پێنەچوو دوژمن تووشی برسیەتی و نەخۆشیی بوو. لەمکاتەدا تورانشا بە تەدبیرێکی سەرداران هەندێك (گەمیی)ی بە پارچەپارچەکراویی بە پشتی وشتر گەیاندووەتە سەردەریا لەوێ گەمێکان دووبارە سەریەکخراونەتەوە. بەوجۆرە ئەستۆلێك دروستکرا. ئە گەمییانە لە پڕێکا گەیشتە سەر (دمیاط) و ڕێگای دەریایان لە دوژمن گرت. بەکورتی فەرەنگەکان لەسێ لاوە دەوریان گیرا بوو: لایەك لەشکری میسر، لاکەی تر لافاوی (نیل). سێهەم لا برسییەتی و نەخۆشیی، ئەم سێ هێزە فەرەنگەکانی شپرزە کرد هیچ چارەیان نەما بەرەو پاش دەستیانکرد بە گەڕانەوە. ئەوسا سوپای میسر نێلچارییان لێ کردن و گەلێکیان لێکوشتن و هەرچی مابووەوە بەدیلگیران. جا لەدوای ئەم ئەنجامە فەرەنسە گیانی خۆی و لەشکرە پەرێشانەکەی بە ٨٠٠ هەزار ئاڵتوون کڕییەوەو لە میسر چووە دەرەوە. لەدوای ئەم ڕووداوە، تورانشا کە لە سوپاکەی خۆی ورد بووەوەو هەستی کرد کە تیپە سوپای کۆڵەمەنەکان خەریکی سەرکەشی کردنن ویستی بە گورجی و توندو تیژی عەسکەرایەتی بییان خاتەوە ژێر ڕژێمی عەسکەری چونکە بۆ ئەم فەرمانە بەترسە پشتی بە لەشکری کوردی جزیرە ئەستووربوو کە هێنابوونی لەگەڵ خۆیا. بەڵام کۆڵەمەنەکان هەستیان بەمەکرد. ویستیان دەستپێشکەری بکەن، لەبەرئەوە لە ناکاو توورانشایان کوشت (٦٤٨هـ - ١٢٥٠م). شۆرەت وایە لەم جینایەتەدا دەستی (شجرة الدار)ی باوەژنی توورانشا هەیە، چونکە ئە

نافرمته چاوی له فەرمانڕەوایی ببوو، خۆی بەئاشکرا دۆستی جانییەکانیش بوو، وه تەنانەت لە پاشا شووی کرد بە (عزالدین ئیپەك) کە سەرداری کۆلەمەنەکان بوو، جا بەمانەدا دیارە کە (شجرة الدر) حەزی لە توورانشای هەنەزای نەکردووەو بە کوشتیداوه. بەکورتی کیشوەرە بەدبەختەکەی ئەیوبی فەرمانڕەوایەکی بەسام و سەردارێکی بەکارو ناوبانگی لە کیسچوو، فەرمانڕەوایەکی بەدەستەلات و سەردارێکی مومتازی ئەیوبییانە، پادشایەکی زۆر بە جەرگ و بەلان بووه. ئەگەر ئەم ناپاکی ناوخۆیە ڕووی نەدایە ئەگونجا توورانشا دەولەتی ئەیوبی بژیاندایەتەوه. بەپشتی حوشتر گەمیی گەیاندن بۆ سەر دەریا کاری هەموو جۆرە پادشایەك نەبووه. بێجگە لەمە لەناوبردنی لەشکری صەلیب و بەدیل گرتنی قەراڵی فەرەنسەش خاتریەکی پرشان و هەمیشە زیاوی ئەم فەرمانڕەوایەیە.

دوایی حکومەتی ئەیوبی میسر

سوپای کۆلەمەنی یاخی، لە دوای کوشتنی توورانشا (شجرة الدر) یان کرد بە (مەلیکە)ی میسر بەناوی (المستعصمة ملكة المسلمين)، وه سەردارەکەشیان (عزالدین ایبك)ی ناوبوو. ئیپەك واتە (ئاغە بەگ) کرا بە سەرداری لەشکری میسر. بەلام سەردارەکان ئەیانویست ئەمیرێکی ئەیوبی بێت بە فەرمانڕەوا (حوکمدار). لەسەرئەمە (ملك اشرف موسی)ی کچەزای مەلیك کامل لە جیاتی (شجرة الدر) بەینێك کرا بە مەلیکی میسر. ئەوەندە هەیە دیسان حوکم بەدەستی عزالدین ایبەکەوه بوو کە دواجار هەر ئەم ئەمیره لە ٦٥٢هـ - ١٢٥٥م دا سەربەخۆ فەرمانڕەوایەتی خۆی لە میسر بلاوکردەوەو مەلیك اشرف موسای عەزلکردو ناردییەوه یەمەن. جا حکومەتی ئەیوبی میسر بەمجۆرە لەناوچووەو فەرمانڕەوایی ئەو کیشوەرە کەوتووەتە دەست کۆلەمەنەکان کە پادشاکانی ئەیوبی لەوەپێش بەپارە ئەمانەیان کڕیبوو. جا ئەم هەلە سیاسی و عەسکەرایەتییە کە عەبباسییەکان و ئەمەوییەکانی ئەندەلوس کردبوویان و تووشی فەلاکەتی لەناوچوون بو بوون بە دەستیانەوه، ئەمانیش دووبارەیان کردوەتەوه کە پێویست وابوو پێش ئەوەی ئەمجۆرە لەشکرە بێگانەیە دروستبکرێت ئەبوو پادشاکانی ئەیوبی تەمەشای مێژووی ڕابوردوویان بکردایە، وه پەندیان لێوەرگرتایە کەچی داخم ناچێ ئەمانیش لە مێژوو پەندیان وەرنەگرتووه.

ئەماراتی ئەیوبی:

لەناو خاکی حکومەتی ئەیوبییدا هەندێك وردە ئومەرا هەبوون هەتا بۆیان لواوە سەربەخۆ بوون. ئەمان وەك برین وابوون بەلەشی حکومەتەکەوە هەمیشە جێگای ئازار بوون و لە هێزیان خستوون. بەڕاستی ئەمانە بۆ ئەوە ناشێن کە حکومەتیان پێبڵێن، بەڵکو وەها ئەگونجێت هەر بە ئەمارەتیان دانێین لەبەرئەوە وا لێرەدا زۆر بە کورتی ناویان ئەبەین.

ئەمارەتی حەڵەب: لە ٥٧٩ی هیجرییەوە تا ٦٥٨ی هیجری پایەدار بوو. بناغەی ئەم ئەمارەتە مەلیك ظاهری کوڕی سەلاحەدینی ئەیوبی دایناوە لە حەڵەب، واتە باوکی لەوێ دایناوە. ئەم ئەمارەتە لە ژوور خۆیەوە هاو سنووری دەوڵەتی سەلجووقی ڕۆم بووەو زۆر شەڕو داوایان لە بەینا پەیدابووە، وە لە ٦٣٨ی هیجری بەدواوە لە گەڵ حکومەتی ئەیوبی میسردا کەوتووتە ڕەقەبەریی و دوژمنایەتی و لەمبەینەدا دوچاری هێرشی خوارەزمییان بووە کە ئەمانەش مەغۆڵەکان ڕادوویان نابوون. دوایی جار (هۆلاکۆ) نێرەی داگیرکردو ئەمارەتەکەی لەناوبرد.

ئەمارەتی شام: ئەم ئەمارەتە هەمیشە دەستاوە دەست ئومەرای ئەیوبی کەوتووەو گەلێك شەڕو هەرای دیوە. لەدواییدا بەهێنێکیش چووەتە ژێر فەرمانڕەوایی ئەمارەتی حەڵەب تاکو هۆلاکۆ هەردوو ئەمارەتەکەی لەناو بردووە.

ئەمارەتی حەما: ئەم ئەمارەتە زۆر بچووکە بەدەست برازاکانی سوڵتان سەلاحەدین، واتە کوڕانی مەلیك مظفرەوە بووە. بە پێچەوانەی ئەوانیتر، سەردارەکانی ئەم ئەمارەتە هەمیشە ویستوویانە لە میسر لانەدەن و ئاسوودە بژین. لە دوای هۆلاکۆ بە جارێك بووەتە ژێر دەستەی حکومەتی کۆلەمەنی میسر، ئەو سا خانەدانەکەش لەناوچووە.

ئەمارەتی حومس: ئەم ئەمارەتە بەدەست نەتەوەی (شێرکۆ)ی مامی سەلاحەدینەوە بووەو بەهاتنی هۆلاکۆ لە ٦٦١ی هـ لەناوچووە.

ئەمارەتی یەمەن: لە ٥٦٩هـ دا یەمەن دەست سوڵتان سەلاحەدین کەوتووە هەتا ٦١٩هـ بەدەست ئومەرای ئەیوبییەوە ماوە. لەوە دوا دەست خانەدانی (ڕەسوولی) کەوتووە کە تورکمان بوون. گەلێك هۆزی کورد، واتە خانەدان، بەهۆی ئیدارەی ئەیوبییەکانەوە لە یەمەندا جێگیر بووە.

ئەمارەتی جزیرە: وڵاتی جەزیرە سوڵتان سەلاحەدین داگیریکردووە، تاکو ٦٤٣هـ، بەدەست ئومەرای ئەیوبییەوە ماوەو بە میسرەوە بەستراوە. شاری میافارقین جێنشینی ئەمیرەکانی بووە. ئەمیش مەغۆلەکان لەناویانبردووە. بەڵام لە هەندێك

شاری جزیرەو کوردستانا وردە ئومەرای ئەیوبی تا سەدەی دەیەمی هیجری (کۆچی) ماوە.

خزمەتەکانی دەوڵەتی ئەیوبی

فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ئەیوبی کە جڵەوەکەی بەدەست خانەدانێکی کوردەوە بووەو لەسەر میراتیی خولەفای (فاطمی) و ئەتابەکەکان دامەزراوە. لەگەڵ ئەو هەموو هێرشە قورسانەی ئەهلی صەلیبیشا بە شەوکەتێکی تەواوەو ٨٤ ساڵ پایەدار بووە. ئەمانە لەو کاتە تەنگو چەلەمەیەدا کە یانیعالەمی ئیسلامیان پاراستووە. لەو دەورەدا هەموو حکومەتەکانی سەرزەمین بەدەست ڕژێمی بۆگەنی دەرەبەگییەوە شپرزە بوون. هێزی فەرمانڕەوایی لەناوەرۆکی حکومەتدا نەمابوو. بەگەکان دەستەلاتی پادشاکانیان نەهێشتبوو. لەسەر ئەمانەشا توانای حکومەتی کورد ئەوەندە بەبڕشت بوو لەگەڵ ئەو هەموو شەڕو هەرای ئەهلی صەلیب و یاخی گەری ناو خۆیەدا تا ٦٤٨هـ ئەم دەوڵەتە گەورەیی و دەستەلاتی ناو خۆیی ڕاگرتووە. ئەگەر تەبیات توندی تورانشا نەبوایە کە بووەتە هۆی یاخێگەری لەشکرەکەی و بە ئەنجام لەناوچوونی خۆیو دەوڵەتەکەی، بێگومان ئەم حکومەتە گەلێك کاتی تریش پایەدار ئەبوو. پادشاکانی ئەیوبی تەنیا بۆ سەرکەوتن لە مەیدانی شەڕا هەوڵیان نەداوە، بەڵکو لە مەیدانی زانستیو ئاوەدانیو ئابووریشا بۆ بەرزکردنەوەی بارستی ژیانی ئەهالی تەقەلای زۆریان داوە. کشتوکاڵیان پێشخستووە، جۆگای گەورەیان هەڵبەستووە، برەویان داوە بە فەرمانی تەندروستی، لەگەڵ دەوڵەتەکانی ئەورووپادا پەیمانی بازرگانییان بەستووە. سوپای دەوڵەتی ئەیوبی دووبەشبووە، یەکێکیان لەشکری تایبەتی دەوڵەتەکە بوو کە لە (کۆڵەمەن)ەکان دروستکرا بوون. ئەویتر تیپە لەشکری ئومەرای دەرەبەگ بوو. لەو دەورەدا ئەم جۆرە چەك هەڵگرتن و چەشنە سوپای ڕێکخستنە باو بووە. لەشکری کۆڵەمەن لە تاقمە جەهێلی تورك و چەرکەزو میلەتە بێگانەکانی تر کە بەپارە لەناو بازاڕ ئەکڕران دروست ئەکرا کە کۆڵەمەنی تورك وەیا بەحریان ناونابوون و لە منالییەوە لەسەر تەربییەی عەسکەری پێئەگەیەنران. جا ئەمانە لە پێشا وەکو لەشکری تورکی عەبباسی و (بەنی چەری) عوسمانی و (صقالبە)کانی ئەندەلوسی، زۆرباش و بەکەڵك بوون خزمەتی دەوڵەتەکەی خۆیانکرد، بەڵام لە دواییدا کە حکومەت کزبوو، ئەمانیش خولقیان گۆڕاو بوون بە میقرۆبی کوشندەی ئەوتۆ کە بونیەی حکومەتەکەیان تووشی ئەخۆشی لەناوبردن کرد. دەوری

فەرمانڕەوایی (سەڵتەنەت)ی ئەیوبییەکان بناغەیەکی بەهێزی پێشکەوتنی بەخشیوە بە عالەمی ئیسلام. لە هەموو لایەکەوە زاناو مرۆڤی بەهونەر (فنان)ی ئەوکاتە ڕوویکردووەتە کۆشك و سەرای پادشاکانی ئەیوبی. ئەمانە قەدریان گیراوەو مووچەیان بۆ دانراوەو کردوویانن بەمامۆستای زانیاریو ئاوەدانیی کیشوەرەکە. لەلایەکی تریشەوە لە شارەکانا ئاوەدانییان خستووەتەوە، کۆشك و سەراو قەڵای گەورەیان دروستکردووە، وەستای بەهونەریان لەم فەرمانە گەورانەدا بەکارهێناوە. جۆری ئیدارەو کۆکردنەوەی باج و خەراجی حکومەتییان هێناوەتە ژێر قاعیدەوە، هەڵسان‌و دانیشتنی کۆشك و تەلاری پادشاکان‌و سەرای حوکمەتەکەیان خستوەتە ژێر ڕژێمەوە. بارەگای پادشاکانی ئەیوبی هەمیشە پڕبووە لە نوێنەرای ئەهلی صەلیب. ئەمانە ڕەوشتی ئیسلامەکانی ئەوکاتە فێربوون کە چوونەتەوە بۆ ئەورووپا لەوێ بڵاویانکردووەتەوە. تەنانەت وێنەی دروشمی خانەدانی ئەیوبییەکانیان وەرگرتووەو بردوویانەتەوە ئەورووپا لەگەڵ خۆیان.

حکومەتە وردەڵەکانی کورد

تا ئێرە چوار حکومەتی ناودارمان نووسی. لە سەرەتای ئەم جزمی دووەمەدا وتمان باسی هەموو حکومەتە وردەکان و ئەمارەتە بچکۆلەکانی کورد لەم کتێبەدا نانووسین، بەڵکو هەر باسەو هەواڵی حکومەتە ناودارەکان ئەنووسین، جا وا لایخوارەوە قائیمەیەکی حکومەتە ناودارەکانی کوردمان نووسی، ئەوی لە حکومەت نەچووبێت نەمانتوسیوە، وە لەناو قائیمەکەدا هەندێك حکومەتی بە ناوبانگیش هەیە هەواڵیان نەنووسراوە بەرەو دوا ئەوانیش ئەنووسین:

قائیمەی حکومەت و ئەمارەتەکانی کورد

حکومەت	جێگاو مەڵبەندیان	پایتەختیان	تەئریخی ژیانیان
ڕوادی	ئازەربایجان	تەورێز	لە ٣٣٢ هـ تا ٦٢٠ هـ ١٢٢٣م
دۆستەکی	ناوچەی	دیاربەکرو	٣٨١هـ تا ٤٨٩هـ ١٠٩٥م

مەروانی	دیاربەکرو بیتلیس	میارفارقین	(دموری مەروانی)
بەرزیکانی	کوردستانی عێراق و ئێران	سرماج	٣٣٠هـ تا ٤٠٦هـ ١٠١٥م
ئەیبوبی	میسر، سوریە، فەلەستین، یەمەن، جزیرە	قاهیرە، دیمەشق	بەڵگەکانیەوە لە ٥٦٧هـ تا ٦٨٥ هـ ١٧٨٦م
زەند	خواروی ئێران کوردستانی ئێران	شیراز سنە	١١٦٠هـ تا ١٢٠١هـ ١٧٥٢م تا ١٧٩٤م ٦١٧هـ تا ١٢٨٤هـ ١٨١٧م[١٤]

حکومەتی وردەڵە ومیا ئەمارەت

حکومەت	جیگو مەلبەندیان	پایتەختیان	تەمەنی ژیانیان
شەدادیە	ناوچەی ئەریوان	گەنجە	٣٤٠هـ تا ٥٩٥هـ ١١٩٨م
لوڕی گەورە (فضاویە)	لوڕستان	ئیزاج سووس	٥٥٠هـ تا ٨٢٧ هـ ١٤٢٣م
لوڕی بچووك (خورشیدی)	لوڕی بچووك	خورەم ئاباد	لە ٥٧٠هـ تا ١٠٠٨هـ ١٥٩٩م
برا خوویی	بلووچستان	کیلات	١٢٤٥هـ تا ١٢٨٣ هـ ١٥٩٩م
جزیرە (ئازیزان)	جزیرەو گورگیل	جزیرە	٦٤٥هـ ١٢٤٧م تا ٩٢١هـ ١٥١٥م

[١٤] هەواڵی ئەم دوو حکومەتە لە مەولا نەنووسرێت.

حکومەت	جێگو مەلبەندیان	پایتەختیان	تەمەنی ژیانیان
خیزان	هەرێمی خیزان	خیزان	٦٤٥هـ - ٢٤٧ ١٥١٥م
شیروان	ناوچەی بتلیس	کفره	٩٢١هـ ١٥١٥م
بتلیس	ڕۆژاوای وان	بتلیس	٦٢٧هـ تا ١٠٦٦هـ ١٦٥٥م
ساسۆن	ناوچەی مووش	بتلیس	٦٢٧هـ تا ١٠٦٦هـ ١٦٥٥م
سوێدی	چەباقچوور	گەنج	٦٢٧هـ تا ١٠٦٦هـ ١٦٥٥م
پازۆك	خنس	مەلازگرد	٦٢٧هـ ١٠٦٦هـ ١٦٥٥م
میردەستی	باکوری دیاربەکر	ئاگیل	٦٢٧هـ تاکو ٩٥٠هـ ١٥٤٢م
چەمشکزك	ناوچەی دێرسم	چەمشکزك	٥٩٦هـ تا ١٠٠٠هـ ١٥٩١م
حسن کێف	خۆر هەڵاتی دیاربەکر (لەسەر دیجلە)	حسن کێف	٧٣٦هـ تا ٩٢١هـ ١٥١٥م
سلێمانی	قولپ (ناوچەی گەنج)	قوڵپ	٧٣٦هـ تا ٩٢١هـ ١٥١٥م
زاراکی	ناوچەی ماردێن	ماردێن	٧٣٦هـ تا ١٠١٦هـ ١٦٠٧م

حکومەت	جێگو مەلبەندیان	پایتەختیان	تەمەنی ژیانیان
گلیس	ناوچەی حەڵەب	گلیس	٧٣٦هـ تا ١٠٠٥هـ ١٥٩٦م
حەکاری	حەکاری	باش قەڵا (جولە مێرگ)	
دنبلی	ناوچەی خوو (سەلماس)	خووی	٢٥٠هـ تا ٨٨٠هـ ١٤٧٥م
برادۆست	تەرگەوەڕ	صۆمای	٩٠٠هـ تا ١٠١٧ هـ ١٦٠٨م

موكری	موكری	مەراغە	٨٥٠هـ تا ١٠٥٠هـ ١٦٤٠م
بادینان	بادینان	زاخۆ	٧٠٠هـ تا ١٢٥٩ هـ ١٨٤٣م
سۆران	ناوچەی هەولێر	دوێن ، حەریر، رەواندوز	٧٠٠هـ تا ١٢٦٠هـ ١٥٠٠هـ تا ١٨٤٤م[15]
بابان	ولاتی سلێمانی	قەلا چوالان	٩٠٠هـ تا ١٢٦٧هـ ١٨٥٠م [16]
بانە	ناوچەی بانە	بانە	٩٠٠هـ تا ١٣٣٣هـ ١٩١٥م
شوانكارە	فارس و كرمان	بەردەستێر، كرمان	لە ٤١٦هـ تا ٧٥٦هـ ١٣٥٥م [17]

٥- حكومەتی زەند ١٧٥٣هـ ١٧٩٤م:

ئەم حكومەتی كوردە لە باشوری ئێراناو لە سەدەی(١٨)ی زاینیدا پەیدابووە. شەڕی دوورو درێژی عوسمانییەكانو حكومەتی سەفەوی زۆر كزكردووەو لە سەدەی (١٨) دا وایلێهاتووە لە خۆرهەلاتیشەوە ئەفغانەكان دەستیانكردووە بە داگیركردنی كیشوەری ئێران. جا لەم كاتی پەرێشانیی و كزییەدا (نادرشاە) پەیدابووە. ئەگەرچی ئەم سەردارە ئازایە بە خوێنڕشتن و بە زۆرداریی لە ئێرانا ئیمپەراتۆریەتێكی بەهێزی پێكەوەناوە، بەلام چونكە دەم و دەست نادرشاە كوژراوە، ماوە نەبوو ئێران كۆبكاتەوە. لەبەرئەوە ئێران دیسان ڕوویكردووەتە كزیی. ئەوسا نومەراكانی خاكی ئێران دووبارە دەستیانكردووەتەوە بە تەقەلای سەربەخۆیی پێكهێنانی حكومەت بەناوی خانەدانی خۆیانەوە. لەناو ئەمانەدا سەردارانی كورد لە هەموویان زیاتر بۆ ئەم مەبەستە هەوڵیانداوە. جا یەكێك لەوانە (كەریم خانی زەند) بووە. وەنەبێ

---

[15] هەواڵی ئەم دوو ئەمارەتە لەمەولا ئەنوسرێت.

[16] هەواڵی ئەم دوو ئەمارەتە لەمەولا ئەنوسرێت.

[17] هەرچەندە گەلێك ئەمارەتی كوردیی تریش هەن، بەلام چونكە شتێكی وەها نەبوون ئێمەش نەماننووسین.

کەریم خان سەردارعەشرەت بووبێت، بەڵام متمانەی بە خۆی هەبوو کە حکومەتیکی کوردیی سەربەخۆ پێکەوە بنێت، چونکە خوڵق و تەبیاتیشی جوان بوو و ئازاو مەردو دادپەروەربوو، بە هەموو لایەکا ناوبانگی ڕۆیشتبوو. جا بەم بۆنەیەوە کەریم خان لای ئەسفەهان بناغەی حکومەتێکی میللی ئێرانی داناوە. هەر لەو کاتەشا لە باکوری ئێرانا محەمەد حس خان کوڕی فتح علی خان ناو سەردار عەشرەتی قاجاری تورکی خەریکی پێکهێنانی حکومەتێك بوو بەناوی خۆیەوە لە ١١٦٦هـ ١٧٥٢ م دا. جا کەریم خان لە عەشیرەتی زەند. ئەویش تیرەیەکە لە عێلی لەك ئێستا لە هەرێمی (پشتکێو) دا ئەژین.

کەریم خان:

پیاوێکی بیرو خەیاڵ جوان و دڵپاك و لێبوردوو بووە لە ئیشوکارا. بە بزورگەواریی و خوڵق جوانیی هەموو کەسی منەتباری خۆی کردووە. سەردارەکان بۆ سەرکەوتن یارمەتییانداوە. پیاوێکی ئازاو تێگەیشتوویەکی وەها بووە خێرا هەموو ئەهالی ئەو ناوەی کردووە بە دەستەو دائیرەی خۆی. کەریم خان بەتەمای هەموو ئێران بوو، ئەیویست بیکا بە کیشوەرێکی یەك حکومەتیی کوردو ئاریی. بۆ خاتری بەجێهێنانی ئەم بیرە بەرزە پێویستبوو دوو دوژمنی بەهێز لەناوبەرێت لە باکوری ئێراندا، چونکە ئەمانەش هەر یەکە لەناوچەیەکدا خەریکی پێکەوەنانی حکومەت بوون بۆخۆیان. جا کەریم خان و دوو سەردارەکەی تر هەریەکە ئەیویست ئێران ساغبکاتەوە بۆ خۆی، ئەو دوو سەردارەی تر یەکێکیان (ئەسەد خانی ئەفغانی). ئەویتریان (محەمەد حسن خان)ی قاجاریی بوو. کەریم خان لە پێشا ڕووی کردووەتە ئەسەدخان لای قەزوێن بەرەنگاری بووە. بەڵام لەدوای شەڕێکی خوێنین کەریم خان خۆی شکاوە، لەبەرئەوە ئەسفەهانی بەجێهێشت و کشایەوە ناو چیاکانی شیراز لە باشوری ئێراندا، ئەمجا کوردەکانی ئەوناوە بۆ یارمەتی لێی کۆبوونەوە. بێینەوە سەر (ئەسەدخان). ئەویش بە شوێن کەریم خانا هاتوەتە ئەوناوە، لەوێ لە دوو جەنگد لەشکری ئەسەدخان زۆر خراپ شکاوە. لە دوای ئەوە کەریم خان هاتووەتە شیراز وەها ڕێکەوتووە ئەسەدخان بەرامبەر محەمەد حسین خانی قاجارییش شکاوە. ئەوسە ئەسەدخان ڕایکردووەتە بەغداد، بەڵام لەوێ کەس بە دەنگیەوە نەچووە. لەبەرئەوە بەناچاریی گەڕاوەتەوە ئێران خۆی هاویشتووەتە پەنای کەریم خان. ئەوسا کەریم خان دۆستانە قەبووڵیکردو تەنانەت وەك کەسی خۆی تەماشی ئەکرد. دوژمنی هەر

بەهێزی کەریم خان مابووەوە سەر محەمەدحسین خانی قاجار. سەرکەوتنی دوایی بەسترا بوو بە لەناوچوونی ئەم حسین خانەوە. ئەم هۆزی قاجاری تورکە لە کاتی تەیمووری لەنگدا لە سوریە هێنرابوونە ئێران. ئەمانە عێلێکی ئەستوور بوون یەکێک بوون لەو عەشرەتانە کە شاە ئیسماعیلی صەفەوییان هێنابووە سەر تەختی ئێران. کەریم خان لە پاش ئشوستهێنانی ئەسەدخان، بە ئەسفەهان و عێراقی عەجەمەوە بەشی ئێرانی باشوری بۆ ساغبووەوە. جا لەم کاتەدا محەمەد حسین خانی قاجاریی پەلاماری(کەریم خان)یداوە. لەشکری قاجار ئێجگار زۆربوو، کەریم خان خۆی نەگرت بە لەشکرەکەیەوە کشایەوە هەتا شیراز، بڕیاری وادابوو کە لەوێدا دوژمن بەربەست بکا. کە حەسەن خان بە لەشکرەکەیەوە گەیشتە شیراز، شارەکەی پێچا (١٧٥٦م). لەمکاتەدا شێخ علی خان ناو سەرکردەیەکی ئازاو (زەند) هەڵێ کوتایە سەربارو بارخانەی لەشکری قاجارو داگیریکرد. خەڵکی ئەوناوە بە عێلجاڕیی هاتن بۆ یارمەتی کەریم خان. لە هەموو لایەکەوە دەستیانکرد بە کوشتار لە سوپای قاجار. لەلایەکەوە لەبەر برسییەتیی و درێژکردنی پێچانی شاری شیراز، لەلایەکی تریشەوە هەڵمەت و ئازایی سوپای کەریم خان کە لە دەرو ژووری شیرازدا خۆیان ئەدا بە لەشکرەکەی قاجاردا دوژمنی تەنگەتاو کردبوو. بێجگە لەمانە ئەم لەشکری قاجارە چونکە هەرە مەبوو گشتیان دڵسۆزی حسین خان نەبوون. جا لەڕووی ئەمانەوە لەشکری قاجار شیرازەی تێکچوو بوو، دەستیکردبوو بە بڵاوبوونەوە. ئەوسا حسین خانیش هیچی بۆ ئەماوەتەوە لەگەڵ لەشکرەکەیدا بەرەو باکور شکستیداوەو گەڕاوەتەوە، تەنانەت ئەسفەهانیشی بەجێهێشتووەو خۆی گەیاندووەتەوە مازیندەران. جا لەوێ دەرکەوت کە زوربەی سوپاکەی بڵاوەیکردووە. لەدوای ئەم سەرکەوتنە کەریم خان گەڕایەوە ئەسفەهان. لەوێ ئەهالی بە پیریەوە چوون و پێی شادبوون (١١٧٠هـ - ١٧٥٦م). بەمجۆرە زۆری پێنەچووە هەموو وڵاتەکانی جاران هاتووەتە ژێر فەرمانی پادشای کوردان جا کەریم خان بەمجۆرە بە یەکەم پلەی ئاواتی خۆی گەیشتووەو حکومەتی سەربەخۆی دروستکردووە. لەپاش ئەم ڕووداوانە وردە وردە ئیدارەی جێگیربووە، ئەگەرچی هەندێکجاریش خراپی بۆ هاتووە، بەڵام لە دڵی خەڵکا ئەوەندە خۆشەویست بوو، ئیدارەکەی بەم تۆزە ئەهاتییانە تێك ئەئەچوو. لەدوای ڕێکخستنی ئیشوکاری فەڵەمڕەویی، کەریم خان بە بیری تیژی سیاسیی خۆی زۆرچاك زانیبووی کە هەتا بەسەر محەمەد حسین خانی قاجاردا زاڵ نەبێت پاشەڕۆژی دەوڵەتەکەی قایم نابێت. لەبەرئەوە بەسەرداریی (شێخ علی خان) ناو سەرۆکی ئازای عەشیرەتی زەند سوپای ناردووەتە سەر مازیندەران. بەهۆی تەدبیرە

جوانەکانی کەریم خان کە خۆی ئەیکردو ئازایی ئەم لەشکرە، ئازاوە دەوبوەمە ئاو هۆزەکانی عێلی قاجارەوە. ئینجا لە دوای ئەمە شێخ علی خان هەڵیکوتاوەتەسەر محەممەد حسین خان. ئەمە لەشکری قاجاری خواهی نەخواهی تووشی شەڕکردووەو لە دوای شەڕێکی خوێناویی شکاوەو محەممەدحسن خان بەدیلگیراوە. ئەم سەرکەوتنە بۆ کەریم خان زۆر گرنگ و بەنرخ بووە. گەیلان و ئازەربایجان کەوتوونەتە ژێر حوکمی کەریم خانەوە. لە دوای ئەمە لە شەڕی (قەرەچیمەن)دا فتح علی خانی ڕەئیسی عەشیرەتی هەوشاریش شکاوەو ئەم سەردارەش بەدیلگیراوە (١١٧٤هـ ١٧٦٠م)، لەم شەڕانەدا عەشیرەتە عەرەبەکانی خەلیج یارمەتی کەریم خانیان داوە. لەم دیلییەدا فتح علی خان گەلێك حورمەتی گیرا، کەچی لە دوایدا دەرکەوت کە ئەم کابرایە لەگەڵ هەندێك سەرداری ترا خەریکی موئامەرە کردن بوون کە کەریم خان لەناوبەرن. لەبەرئەمانە هەموو کوژراون. لەدوای ئەم هەموو سەرکەوتنانە ئیتر دەستەڵاتی حوکمی کەریم خان لەئێرانا بەتەواوی جێگیربووە. تەختی پادشایەتی بۆ ساغبووەتەوە. کەریم خان ئەیویست فەرمانڕەوایەکی (داد پەروەر) بێت، زوڵم و زۆر لە ئیدارەکەیا نەبێت. هەرچەندە جاروبار هەندێك لە ئومەراو سەردارەکانی یاخیبوون، کەچی لەگەڵ ئەوەشا زوڵمی لێنەکردوون. ئەوی زۆر پیاوخراپ نەبووبێت لەناوی نەبردووە. جا بەمجۆرە حوکم و ئیدارە جوانە ئێران وای پێهات لە یاخیگەریی پاك بووەتەوە. بەم تەرحە دەوری دوایی پادشایەتی کەریم خان بەر هەمراو بێدەنگ ڕۆیشتووە.. ئەم بێدەنگییە بەشی زۆری خانی برای کەریم خانی تێدایە، چونکە لە ترسی توندو تیژییەکەی ئەم، کەس نەیوێرا یاخی گەریی بکات کەریم خان خۆی ناونەناوە (شاە)، بەڵکو خۆی داناوە بە (وەکیلی شاە). لەوە پێشر (علی مردان خان)ی سەرداری عەشیرەتی بەختیاری منداڵیکی صەفەوی بەناوی (شاە ئیسماعیل)ەوە خستبووە سەر تەختی شای ئێران. جا کەریم خان دەستی لەم (شاە) بێ دەستەڵاتە نەداوەو خۆشی بە (شاە) بانگ نەکردووە. کەریم خان لەمەوا (شیراز)ی کردووەتە پایتەخت و لەسەر داد و ڕاستیی دەستیکردووە بە ئیدارەی کیشوەری ئێران. لەشکرێکی پرچەك و پڕ مەشقی پێکەوەناوە زوربەی ئەم لەشکر، کوڕە کوڕەی عێلاتی کوردەواری بووە، تیپە سوارەو پیادەی عەرەبیشی تیا بووە چونکە هەموو کەس ئەیویست خزمەتی کەریم خان بکات و یارمەتی بدات. صادق خانی برای کەریم خان سەرداری گشتی ئەم سوپایە بووە. لەشکری کەریم خان بەهێنێك چووەتە شاری (بەسرە)و پێچاوپەتی، وە لە ١٧٧٦م دا شارەکە تەسلیم بووە، لەشکری عوسمانییەکان هیچی پێنەکراوە. کەریم خان ئەیویست عیراق داگیربکات

چونکه شاره پیرۆزەکانی شیعە لە عێراقدا بوو، بەڵام هەلی بۆ هەڵنەکەوتووە ئەمە بەجێ بێت.

خزمەتی کەریم خان بۆ ئاوەدانی:

لەکاتی کەریم خاندا بازرگانیی و کشتوکاڵ لە ئێرانا ڕەواجی سەندووە، وە لەپاشا ئەم ڕەواجە بۆ ئەورووپاش پەیدابووە کە ئەمینی و ئاسایش لە سایەی ئیدارەی ڕێکوپێکی کەریم خانەوە دروستبوو، چونکە لەوەپێش لەبەرچەردە کەس نەیەوێرا بە ئێرانا بڕوات. جا بەم خزمەتانە ئێران ئاوەدان بووەتەوە، خەڵك دەوڵەمەند بووەو خۆشیی کەوتووەتە وڵاتەوە. شاری (شیراز) زۆر پێشکەوتووە. بووەتە شارێکی ڕازاوەی پڕ باخ و بێستان و بە کۆشك و سەراکانی بووەتە بەهەشت. لەکاتی کەریم خانا هەموو شارەکانی ئێران پێشکەوتووە، بەڵام هیچیان وەکو شیراز بەخۆیا نەهاتووە. مێژوونووسێکی ئێرانی بۆ ئەم مەبەستە شتێکی جوانی نوسیوەو ئەڵێ: ڕەنگی ئاوەدانییەکان هەموو ئێرانی گرتووەتەوە، بەڵام ڕۆشنایی ئەو ڕوناکییانە لە هەموویان زیاتر بەر شیراز کەوتووە. کەریم خان لە تەمەنی ٨٠ ساڵییدا کۆچی ئەم دنیایەی کردووە ساڵی (١١٩١هـ ١٧٧٩م) یەعنی ٢٨ ساڵێك فەرمانڕەوا بووە.

ڕەوشت و تەبیاتی کەریم خان:

کەریم خان فەرمانڕەوایەکی گەورەو ناودارە لە مێژوودا. خزمەتی ئینسانییەت و ئاوەدانیی و کۆمەڵایەتیی کردووە. شایەکی دادپەروەرو دیموکرات تەبیات بووە، بۆ ڕاگرتنی ڕژێمی کۆمەڵایەتیی هەرچی پێویست بووە بەجێیهێناوە. فەرمانڕەوایەکی دوور ئەندێش بووەو بیرتیژو گیان سووك و ئازا.. سەردارێکی سوارچاك و عەسكەر تەبیات بوو، وەکو سەربازێك لەناو سوپاکەیا ژیاوە، خۆی لێیان جیانەکردووەتەوە. عەشرەتی زەندو هەمووتیرەکانی تری عێلی (لەك) هێشتا کۆچەریی بوون، خوێندنو نوسین لەناویانا باونەبووە. لەبەرئەوە کەریم خانیش نەخوێندەوار بووە. لەسەر ئەوەشا چونکە خوێندواریی زۆر بەنرخ بووە لەلای مەجلیسەکانی هەمیشە بە زاناو خوێندەوارو شاعیر ڕازاوەتەوە. گۆڕی (حافظی شیرازی)و (سعدی شیرازی) بە ئەمری کەریم خان سەرلەنوێ هەڵبەستراوەتەوە. بەکورتی: مێژوو ناوی کەریم خانی بە حورمەتەوە نوسیوەو خەڵکی ئێران لەدوای مردنی زۆر بۆی بە پەرۆشبووە.

دەوری لطف علی خان:

لەدوای مردنی کەریم خان هەرا لەسەر تەخت و تاج دەستیپێکردووەو حکومەتی زەند ئاژاوەی تێکەوتووە. هەرایەکی خوێنینی ئەوتۆ کەوتووەتە ناو کوڕو براو

برازاکانیەوە جارێکی تر نارامیی و بیندمکیی نەهاتوەتەوە بەڕووی ئەم حکومەتە گەورەیەی کورددا. حکومەتی زەند هەمووی ٤١ ساڵێك بەردەوام بووە. ئەویش ٢٨ ساڵی کاتی فەرمانڕەوایی کەریم خان خۆیەتی ١٣ ساڵەکەی دوایی بە ئاژاوەو هەراو هوریا ڕابواردوەو لە ئەنجاما حکومەتەکەی لەناوچووە. کەریم خان چوارکوڕی بەجێهێشتووە. لە بەدبەختی حکومەتی زەندا ئەمانە هیچیان کەڵکی فەرمانڕەواییان نەبووە. بەجارێ یەك لەدوای یەك یەکتریان هەڵکوڵیوە بۆئەوەی تەخت و تاج بۆ خۆیان بمێنێتەوە، ئەمجا یەکتریان لەناوبردووە. لەدوای کەریم خان (فتح علی خان) بەناو لە جێی باوکی بووەتە شای ئێران، بەڵام بەڕاستی حکومەت بەدەستی زکی خانی زڕبراو ئامۆزای باوکییەوە بووە. صادق خانی مامیان کە مردنی کەریم خانی بیست لە بەسرەوە هاتوەتە (شێراز) ویستوویەتی شارەکە بگرێت. بەڵام بۆینەچووەتە سەر، ئەمجا ڕایکردووەتە کرمان، یەکێك لە بەدبەختیی حکومەتی زەند ئەوە بووە (ئاغا محەمەد خان)ی سەرداری عەشرەتی قاجار کە لە شیراز دەست بەسەربوو، لەدوای مردنی کەریم خان بۆی دەرچوو خۆی گەیاندەوە (مازیندەران) ئەوەبوو لە دوایدا ئەم حکومەتەی لەناوبرد، علی مراد خانی خوشکەزای زەکی خان کە بە لەشکرەوە شوێن ئاغا محەمەدخان کەوتبوو دەم و دەست لە خاڵی وەرگەڕاو بە ئیدیعای دانانی کوڕانی کەریم خان لەجێی باوکیانا کەوتە تەقەلا، لەم هەرایەدا زکی خان لەلایەن پیاوەکانی خۆیەوە کوژراوە ئەمجارەش (فتح علی خان) بە شای ئێران ئیعلان کرایەوە (١٧٨٠م). لەسەر ئەمە صادق خان بە ئاشتیی هاتەوە شیراز، بەڵام زۆری پێنەچوو چاوی بڕییە تەختی حکومەت. لەبێدەستەڵاتی فتح علی خان بەمەرامی خۆی گەیشت و ئەم شازادە بەدبەختەی لە تەخت دابەزاند و چاویشی کوێرکرد. ئەوسا بانگی شایەتی ئێرانی بۆ خۆیدا. لەولاوە علی مراد خانیش کە ئەمەی بیست لە تارانا بانگیدا کە خۆی شای ئێرانە. لەدوای ئەوە بە سوپایەکی زۆرەوە ڕوویکردە ئەسفەهان، لای هەمەدان لەشکری صادق خانی شکاندو چووە سەر شیراز، وە دەوری شارەکەیدا، وازی لێنەهێنا هەتا زەوتیکردو صادق خانی لەگەڵ سێ کوڕەکەیدا کوشت (١٧٨١م). لەدوای ئەم علی مراد خان بوو بە شای ئێران. حوکمداری

تـازه ئەسـفەهانی کـرده پایتـەخت. ئـەمجا ئـەختێك ئاسـایش پـەیدابووه. بـەڵام مەسەلەی قاجارەکان هەروا مایەوه علی مراد خان نەیویست لە ئێرانا لەخۆی زیـاتر کـەس نـەمێنێت بەربـەرەکانێی لەگـەڵا بکـات. لەبەرئـەوه لەشـکری نـارده سـەر مـازیندەران و داگیریکرد، کەچی لەسـەری نـەرۆیی وەضعەکەی سـاغنەکردەوه هـەتا لەشکرەکەی بێتاقەت بوو. ئینجا لەو کاتەدا تووشی شەڕبوو لەشکرەکەی شکاو هاتەوه تـاران. لەمکاتـەدا (جعفـر خـان)ی کـوڕی صـادق خـان یـاخیببووەو چووەتـە سـەر ئەصفەهان. بەمجۆره قاجارەکان کە دوژمنی گیانی کوردان بوون ماوەیـان دەسـتکەوت و زۆرچاك بووژانەوه. علی مراد خان لە سەرئەمە بە سوپاوەو بەدەم ئەخۆشییەوه گەڕاوەتەوه بۆ سەر جعفرخان. لەڕێگا ئەخۆشییەکەی و سەرمای زستانیشی هاتەسەر و کوشـتی (١٧٨٥م). لـەولاوه جعفرخـان گەیشتە ئەسـفەهان خـێرا بـانگی شـاهێتییان بۆداو بەهەموو ئێرانا بلاّوکرایەوه. شەڕی دوورو درێـژ (وڵاتـەکانی) شـپرزه کردبـوو. خەڵق هەمووی ماندوو ناڕەزاو بەتەمای ئـارام و ئاسـایش بـوو. خۆخۆریـی و پشـێویی هێزی لە حکومەتی زەندا نەهێشتبوو. لەبەرئەم کارەساتانە (ئاغا محەمـەد خـان)ی قاجار بێ ترس ولـەرز لـە مـازیندەران هاتـە خـوارەوه چووه تـاران و هـەموو بـاکوری ئـێرانی داگیرکرد. ئـەمجا ڕوویکردووەتـە ئەسـفەهان، لەشـکرەکەی ئـەوەنده زۆربـوو جعفرخان بەرامبەری پێنەکرا لەبەرئەوه ئەسفەهانی بەجێهێشت. سەرەڕای ئەمە لـە ناوچـەی شیرازیشـا یاخیگـەریی دەسـتیپێکردووه. خواوڕاسـتان لەمکاتـەدا ئاغـا محەمەدخان تووشی هەرای بەختیارییـەکان بـووەو هیچی تـری پێنـەکراوه بەوانـەوه خەریکبووەو گەڕاوەتەوه تاران. لەملاشەوه حکومەتەکەی (جعفر خـان) هـەر ڕوو لـە کزیی بـوو، وه لـە هـەرای نـاوخۆ هـەرگیز ڕزگـاری نەنـەبوو. هـەتا پیـاو ماقوولـەکانی خـۆی لەپـەناوه موئامـەرەیان دەربـاره کـردو بـە فێـلْ کوشـتیان (١٧٨٩م). لـەدوای جعفرخان ئاژاوەیەکی قورستر کەوته حکومەتی زەندەوه، پاشـا گەردانییـەکی سـەخت بە کیشوەرەکەدا ڕوویداوه. کاربەدەستو مـاقوولان بـۆ نـاگربڕیی (لطف علی خـان)ی کوڕی جعفرخانیان دانا بە شای ئێرانو هێنایانە سەر تەخت.

هەرا لەسەر تەخت و تاج:

شای تازە لە تەمەنی ٢٠ساڵیدا بووە کە چووەتە سەر تەخت. جوانێکی کاریگەری ئازاو نەبەز، لاوچاکێکی عەسکەر تەبیات و خوڵق جوان و باڵا بەرزو سوارچاک و چالاک وەك ئاگری قودرەت بووە، کە چووەتە سەر تەخت. کەچی ئەم هەڵکێشان و خوڵقە جوانانەی لوطف علی خان لەگەڵ حیلەو سەلیقەو کردگاریا لەسەر ئیش یەکی نەگرت و بەجەهێڵێکی سەرچڵ و بێرەحم دەرچوو، وەك هیوا نەکرا وا دەرنەچوو خوڵقە جوانەکانی گەلێکی بەلای خراپییدا گۆڕا، وایلێهاتووە ئەوانەی هێنابوویانە سەر تەخت ئەوانیش پەشیمان ببوونەوە. لطف علی خان لەدوای هاتنە سەر تەخت لەگەڵ ئاغا محەمەد خانی قاجارییدا کەوتووەتە شەڕ سوپای قاجار هاتووەتە سەر شیراز، بەڵام هیچی پێنەکراوەو گەڕاوەتەوە. لە دوای ئەمە لە باتی ئیدارەی حکومەتەکە ڕوو بکاتە چاك بوون و ڕێککەوتن کەچی تە نەهات بەلای خراپییدا ئەڕۆیشت. دووبەرەکیی و خەیانەت و دڵپیسیی و فیتنە ئەنگیزی کەوتە ناو سەردارو کاربەدەستانەوە. لطف علی خان لەگەڵ حاجی ئیبراهیمی وەزیریا لە دڵا ناکۆك بوو، ئەیویست لەناوی بەرێت. بەڵام چونکە وەزیرەکە دەستەڵاتدار بوو (شاە) سڵی لێئەکرد، بەرامبەر ئەمە حاجی ئیبراهیمی وەزیریش هەمیشە لە مەترسییدا بوو. لە ئەنجاما بڕیاریدا کە وڵاتی شیرازبدات بە ئاغا محەمەد خانی قاجارو دەوڵەتی (زەند) لەناوبەرێت. بەمجۆرە ڕقەبەریر حوکمدارێکی نەفامو وەزیرێکی تەماعکار چووەتە خوێنی دەوڵەتێکی گەورەی کوردو بە ئەنجام لە ناویانبرد. حاجی ئیبراهیمی وەزیر لە ژێرەوە لەگەڵ ئاغا محەمەد خانی قاجارا قسەی کرد بەیەك. کەسەکانی خۆی کە بەلەشکرەوە لەگەڵ لطف علی خان چووبوون بۆ سەر ئەسفەهان، ڕاسپاردو تەفرمیدان کە شەو لە ناکاوێك بیکەنە هەڵداو ببنە شکستەو بگەڕێنەوە بۆ شیراز، یەعنی لەشکرەکە بڵاوبکەنەوە. لەدوای ئەم تەدبیرە خۆشی ئەو سەرکردانەی کە لە شاردا مابوونەوە و سەر بە (شاە) بوون ئەوانیشی بە فێڵ گرتو شارەکەی خستە ژێرچنگی خۆیەوە. بەڕاستی ئەم پیلان و

فێڵانــە هــەمووی ســەریگرت. لەشــکرەکەی لطــف علــی خــان لای ئەســـفەهان شـــەو لەناکاوێك تەقەی تێکەوت. شاهی زەند ئەوەندەی پێکرا لەگەڵ چەند سوارێکا خۆی گەیاندەوە شیراز، کەچی تەماشایکرد شارەکە قبوڵی ناکات. لەســەرئەمە ناچار هــەرای کردو چـووە (ئـەبوو شـەهر) لـەوێش جێینـەبووەوە. ئـەمجا پـەنای بـردە (بـەندەر)ێك لەوێ گیرسایەوە (١٧٩١م). ئەم پادشای کوردی کلۆڵە ئەوەندە ئـازاو بەجـەرگ بـوو لـەم ئاوارەبوونـە هیـوای نـەبڕی، بـۆ سـەندنەوەی تـەختو تاجەکـەی کەوتـە تەقـەلادانی قارەمانانە،. لەشکرێکی بچووکی پێکەوە ناو ئەبوو شەهری گرت و هاتـە سـەر شـیرازو پێچای، بـەڵام لـە تـالعی ئـەما ناحەزەکـەی ئەمـەندە وریـاو لەسـەرخۆ و زیـرەك بـوو بەرامبەر ئازایی و ئەبەزیی ئەم پادشـاهە قارەمانـە، (یـەعنی حـاجی ئیـبراهیم خـانی وەزیر) هیچ ئەشڵەژاو تەدبیری بەیەدەستکردنی شاهی زەنـدی بـۆ هەڵسووڕا لەشکرە یاخییەکەی لەمەڕ لطف علی خان بە پەرێشانیی کە هاتووەتەوە شیراز لەلایەن حاجی ئیبراهیمـەوە بـە تـەدبیرێکی زیرانـە چەك و سیلاحیان لـێسەندراوە. لەبەرئـەوە لــە هەڵمـەتی ئـەمجارەیا لطف علی خان هیچی بـۆ نـەکرا. ســەرەڕای ئەمــە لەشــکرێکی قاجاریش لەوکاتەدا گەیشتووەتە ئەوێ هاتووە بە کۆمەکی حاجی ئیبراهیمـەوە بـەڵام قارەمانی کورد پەلاماری لەشکرەکەی داوەو شکاندوویەتی. کە ئەو دەنگە گەیشتووەتە سـەرداری قاجار ئـەوجارە سوپایەکی گـەورەتری ناردووەتـەوە ئەمانـە کــە هــاتوونو چوونە شیرازو لەگەڵ سوپای حاجی ئیبراهیمی ئاپاکا بوون بەیـەك و پـەلاماری تـۆزە لەشکرەکەی لطف علی خانیاندا، کەچی پادشای زەنـد بـە هونـەرێکی سەردارانە ئـەم جەنگەی وەها گێڕاوە لـە ئـەنجاما دوژمـن شکاو کوشـتارێکی زۆری لــێکراو گــەلێك پیاوماقووڵ و سەرداری قاجاریش بـەدیلگیراوە. ئـەم دەنگە ناخۆشـە کـە گەیشـتەوە سەرداری قاجار زانی کە ئەگەر دەم و دەست تـەدبیری بەیدەسـتکردنی ئـەم قارەمـانی کوردە نـەکا هـەموو ئـێرانی لـێداگیردەکاتەوە. لەسـەرئەمە بەهـەموو هێزێکیـەوە کـە مابووی ڕوویکردووەتە شیراز. جا ئەم سوپایە سـەدچەندانەی لەشکرەکەی لطف علی خـان بـوو. هـەردوو لەشـکر نزیـك (ئیستەخر) بـەرەنگاری یـەکبووە، بـێ پـەروایی و قارەمانیی شای زەند ئەوەندە کاری کردبووە سەر سەرداری قاجار زۆر بەترس و لەرز

ەبروایەوە. لطف علی خان زۆر [illegible]

(هەرچی بادا باد). هەڵمەت نەبات تەخت و تاجەکەی لەم کابرا بێگانەیە ڕزگار ناکات. لەبەرئەوە بە جۆرێکی شێرانە عامبازی لەشکری قاجار بوو. بەم هەڵمەتە پێشداری دوژمن شکاو بەرەو پاش توورِ درا بە سەربەشی گەورەی سوپاکەیانا ئەوانیشی شڵەژاندو شکان. جا لەمکاتەدا شەو بەسەرا هاتووە سوپای کوردی دلاوەر کە گەیشتووەتە هۆردووگای قاجار لەوێ وەستاوە نەیزانیوە ئەگەر شەویش بێت ئەبێ لەسەر دوژمنی شکستە بڕوات. جا بەم وەستانە دوژمن هۆشی هاتەوە بەرخۆی، خۆیگرتووەتەوە نیتر نەشکاوە. بەڕاستی ڕۆژی دوایی کە خۆرهەڵاتووە دیویانە دوژمن ڕیزی بەستووەو بۆ جەنگ ئامادەبووە. ئەوسا دەرکەوت کە شکستی ڕۆژی پێشووی دوژمن هەڵکەوتنێك بووەو لەکیسچووە، جارێکیتر ئەو هەلە هەڵناکەوێتەوە، لەبەرئەوە لە خۆ ڕزگارکردن بەولاوە بۆ لطف علی خان چارەیەکیتر نەماوە. جا لطف علی خانیش ئەوەی بەجێهێناوە.

دوایی حکومەتی زەند

وەك لطف علی خان شایستەی سەرکەوتن بوو، ئاغا محەمەد خانیش بەختی باش بوو. لەو ڕۆژەدا تەخت و تاجی ئێرانی بۆ ساغبووەوە، چونکە ئەم حوکمدارە بەخت بەرزە لە پەشۆکاویی ڕۆژی پێشووی لەشکرەکەیا خۆی هیچ نەشڵەژا بوو، وە قەرارگاهەکەشی بەجێنەهێشتووە. لەدوای ئاشکرا بوونی قووەت کەمیی لطف علی خان، ئیتر ئەم پادشا بەخت ئاوەژووە خۆی ڕاگیر نەکردووە، مەیدانی شەڕی بەجێهێشتووە هەتا (کرمان) ڕانەوەستاوە. لەوێ ئێستێکی کردووە بە سوپاە کۆکردنەوە. بەڵام دوژمن بە چالاکی گەیشتووەتە سەری. لەبەرئەوە لەوێیش خۆی نەگرتووەتەوە ڕوویکردووەتە خوراسان، لەوێ دەم و دەست هێزێکی بچووکی پێکەوەناوە، ئەمجا ڕوویکردووەتە یەزدو چەند دەستێکی وەشاندو هێزەکەی پەرەیسەند. بەڵام لەمکاتەدا بەرەنگاری هێزێکی قورسی حاجی براهیمی وەزیر بووەو خۆی پێنەگیراوەو ڕایکردووە بۆ لای سنووری ئەفغان. خانی (نەرمانشیر) هەندێك لەشکری بۆ پێکەوە ناوە لطف علی خان لەگەڵ ئەم ئەختە لەشکرەدا ڕوویکردە

کرمان وەك پڵنگ عامبازی لەشکری نەوناوەی دوژمن بووە سەری لێتێکدان و شکاندنی و کرمانی گرت (١٢٠٩هـ - ١٧٩٤م) خێرا وێنەی شاهێتی داوەتەوە بەخۆی و (سکە)ی لێداوە نەیویست ناوبانگێك دەرکاتەوەو دەستوورێکی سیاسی بخاتە کایەوە. بەڵام داخی گرانم قەیرانی لەناوچوونی دەوڵەتی زەند هاتبوو، چارەی ژیانی نەمابوو. چونکە لەشکرێکی گرانی ئاغا محەمەد خان لەوێ هاتە سەر کرمانو چوون بەگژیەکا. ئەمجارەش گەلێك ئازایی نواند، بەڵام لەناو لەشکرەکەی خۆیدا کە خەیانەت دەرکەوت و چەند بورجێکی شارەکەیاندا بە دوژمن. ئیتر شاهزادە وەك پڵنگ هەڵمەتیبرد کە بورجەکان بسێنێتەوە. بەڵام دوژمن زۆر بوو کارترازابوو. لەبەرئەوە بۆی ئەسەندرایەوە. ئەمجا زۆر تەنگەتاو بوو تا ئێوارە شەڕی لەگەڵ کردن. کە دیی زوربەی کەڵەمێردەکانی بەردەستی کوژراوەو ڕاوەستان کەڵکی نەماوە، لە تاریکی شەوا خۆی و چەند پیاوێکی قۆچاخ کە مابوونەوە پەلاماری دوژمنیاندا، ڕیزی لەشکری دوژمنیان دڕی و بۆی دەرچوون. شەهریار بەدبەخت ئەمجارە ڕوویکردووەتە (نەرمانشیر)و چووە لای جیهانگیرخانی کۆنە دۆستی. کەچی ئەم سەردارە بێ مەروەتە ئەمجارە پیاوەتی لەگەڵا نەکرد، بەڵکو بۆ کارچاکیی خۆی لای ئاغا محەمەد خان بڕیاری گرتنی(لطف علی خان)یداوە چەند پیاوێکی پڕچەکی ناردە سەر. ئەو سا لطف علی خان تێگەیشت کە هەموو شتێك بڕاوەتەوە، ئەمجا بۆ خۆی بڕیاریدا کە بەمەردی بکوژرێت باشترە نەك بە حیزی و زیندوێتی دەست دوژمن بکەوێ. ئەوکاتە دەستی دایە شیرو پەلاماری دوژمنەکانیدا، شەڕێکی مەردانەی لە گەلاکردن و گەلێکی لێخستن. بەڵام خۆشی لە دوو جێگەوە برینداربووەو کەوتووەتە زەوی. بەوجۆرە گرتیان و بردیانە لای ئاغا محەمەدخان. شاهی قاجار باری نامەردی گرت. دوژمنە نازاکەی ئەتك کرد. پەلپەل بەدەستی خۆی هەردوو چاوی هەڵکۆڵی، ئەمجا ناردی بۆ تاران لەوێ بەجۆرێکی زۆر نا ئینسانانە کوشتیان (١٢٠٩ هـ - ١٧٩٤م). ئەم پادشاهە کلۆڵە لە تەمەنی ٢٥ ساڵیدا جوانەمەرگ بووە. ئەگەرچی لە شێرو لە پڵنگ ئازاتربوو، وە کردەوەی زۆر بێباکانەی هەبوو، بەڵام لە ئیدارەی وڵات بەڕێوە بردنی فەرمانڕەواییدا ئەم جوانە مەرگە هیچ دوور ئەندێشیی نەبووەو زۆر بەخۆی نازیوە.

به کوشتنی لطف علی خان حکومەتی زەند دوایی هاتووە. جا ئەم حکومەتـە زۆر زوو لەناوچووە. بەو بۆنەیەوە:

وا سـەبارەت بەکۆسـتی لـەناوچوونی (حکومـەتی زەنـد) لای خـوارەوە نووسـرا حوکمدارانی زەند نزیکەی چل پەنجا سالێك بەسەر بەشی زۆری ئێرانا فەرمانڕەو بوون بەلاّم ڕاستییەکەی ئەوی بیناغەی حکومەتەکەی دانا، تەنیا هەر حوکمی ئە ڕەواجـی تـەواویبووە. ئـەوانیتر لەبـەر زرەزلـێ و نـاکۆکیی نـاو خۆیـان فـەر فەرمانڕەواییان بۆ ساغنەبوومتەوە لەبەرئـەوە ئاغا محەمـەد خـانی دوژمنیـان کـ هەمیشە لە پارێزیانا بوو، بە خوێن ساردیی و هێمنیی لە ئەنجاما بەسەریانا زاڵبووە حکومەتەکەیانی لەناوبردوە. سەبارەتێکیتر بۆ تەمەن کورتیی ئەم حکومەتە ئەوەی کە عەشیرەتی زەنـد تیرەیەکی بچووك بـووە نـەیتوانیوە ئـەم حکومەتـە گەورەیـ بپارێزێت. هەر لەبەرئەمەش بوو کە کەریم خـان هەندێ عەشـرەتی کوردی بـردوو بۆ ناوچەی شێراز دەیەمزراندوون تاکو لە ئیدارەی حکومەتەکەیا پشـتیان پێببەسـتێ عەشـرەتی زەنـد وەکـو کـەم هـێز بـوو لـە کـەریم خـان زیـاتر سـەرۆکی زیـرەك کارناشنایان لێهەڵنەکەوتبوو. بەڵکو هەموو شـەڕانیو فیتنـە بەرپاکـەر بـوون. حـاج ئیـبراهیمی سپلە یـەکێك بـووە لەوانـە. ئـەوەبوو ئـەم کابرایـە لەگـەڵ قاجارەکانـا بـ لەناوبردنی لطف علی خان پەیمانی بەست و بە موئامەرەیەك سوپای حکومەتەکە بێچەك کردو گیانی لە حکومەتی زەندا نەهێشت. بەرەکەتدا حاجی ئیبراهیم خان دوا براویش بێسزا نەمایەوە تووشی ئەو ئەنجامە بووە کە خۆی دەربـارەی خانـەدان زەند ڕەوای بینیوە، یەعنی لەدوای محەمەد خان بەفـەرمانی فتح علی شاهی قاجا چاوی خۆی و کوڕی و کچی هەڵکۆڵراوە، ئەمجا دەربەدەرکراون بۆ شاری قەزوێن لەو سەرگەردان و ماڵوێران بە ناسۆرەوە مردوون.

٦-حکومەتی ئەردەلاّن ١١٢٠م - ١٧٦٨م

لەلایـەن هاتنـە سـەر مەسـرەحی دەوری ئـەم حکومەتـە کـوردەوە وتـاری مێـژو نووسـەکان یـەکناگرێت. بەواتـە واتـەی ئەردەلاّنییـەکان ئـەم حکومەتـە زۆر کۆنـا شـەرەفنامەو مێـژووی چوارسـەد سـاڵی دوایـی عـێراقیش ئـەڵێن: لەناوچـەکان

(ئەردەڵان)دا لەكۆنەوە دەوڵەتێكی بەهێز پەیدابووە، بەڵام باس و هەواڵی ونە. مێژوونووس (مێجەر لۆنگریك) و (دوكتۆر فریچیش) ئەڵێن ئەم حكومەتە بێ شەڕو شۆڕ سەری بۆ جێنگیزخان دانەواندووە. ئەوكاتەش ئاخریی و ئۆخریی خەلافەتی عەبباسی ئەگرێتەوە. كەواتە ئەگونجێ مێژووی (٦١٧ ساڵی كۆچی) دانێین بە سەرەتای پەیدابوونی ئەم حكومەتە. یەعنی كە هێرشی سوپای جەنگیزخان دەركەوتووە وەك دەرەبەگەكانی تر فەرمانڕەوایی ئەردەڵانیش چووەتە لای خاقانی موغوول، سەری بۆ نەواندووە. ئەویش بەپێی یاسای ئەو دەورەی لە ژێرسایەداری ئیمپەراتووریەتی مەغۆلدا حكومەتی ئەردەڵانی ناسیوە. جەنگیزخان لە ساڵی ٦١٧ی كۆچیی دا ئێرانی داگیركردووە كە ١٢٢٠ ی زایینی ئەگرێتەوە. جا لەم تەئریخەوە حكومەتی ئەردەڵان گاە بەسەربەخۆیی و هەندێجاریش لە ڕەنگی تابیع دا شەش سەد ساڵێك ژیاوە، چونكە لە ساڵی ١٢٨٤ ی كۆچییدا لەناوچووە كە ١٧٦٧ای زایینی ئەگرێتەوە. هەر بەمجۆرە ئەم حكومەتە دامەزرانەكەشی لە مێژووەكانا ئاڵۆزكاوە. مێژووناسەكان هەریەكە جۆرێكیان وتووە: (شەرەفنامە) ئەڵێت لە هۆزی میرئەحمەدی مەڕوانیی كە حكومەتی مەڕوانیی كوردی لە كوردستانی ناوەندیدا پێكەوەنا (بابا ئەردەڵان) ناوێك هەڵكەوتووە چووەتە ناو عەشایری گۆران لە ئێران، لەوێ ناوبانگی ڕۆیشتووە. كە جەنگیزخان ئێرانی داگیركرد. ئەم ئەمیرە چووەتەلای و خۆی بە (خاقانی مەغۆل) ناساندووە، ئەویش كردوویەتی بە حاكمی شارەزوور. مێژووی (چوار سەدەی دوایی عێراق)یش بۆ دامەزراندنی ئەم حكومەتە شتێكی وەك نووسراوەكەی لای سەرووی وتووە، ئەڵێت: خاقانی مەغۆل بابا ئەردەڵانی كردووە بە حاكمی شارەزوورو هەورامان. بەڵام دوكتۆر ریچی ئینگلیزیی ئەڵێت: بابا ئەردەڵان سەركردەیەك بووە لە عەشرەتی (گۆران) بە ماریفەتی خۆی بووەتە گەورەیەك لەوناوەدا حكومەتێكی پێكەوەناوە. مێجەر لۆنگریكیش ئەڵێت: (كەلۆڵ بەگ)ی كوڕی بابا ئەردەڵان كە بووەتە حاكم هەولێرشی ناوەتە ژێرحوكمی خۆیەوە ئەوسا حكومەتی تازەی ئەردەڵان بەهێزتربووەو هەتا مەغۆلەكان كزتربوون ئەمان گەشەیان كردووە. لەسەدەی هەشتەمی كۆچییدا لە عێراق لە حكومەتی (جەلایری)ی مەغۆل پەیدا بوو وا ڕێكەوت سەردارەكانی ئەردەڵان ئەوەندە ئازاو هونەرمەند نەبوون بۆیە لە باكور و ڕۆژاوای وڵاتەكەیانا هەندێك ناوچەیان لە كیسچووە. ئەم حكومەتی جەلایری مەغۆلە زۆر ناحەزی حكومەتی ئەردەڵان بوو بۆ لەناوبردنیان هەمیشە تەقەلایداوە. بەڵام سەرداری تازەو ئازاو ئەبەزی ئەردەڵان حەسەن بەگی خدر بەگ

بەربەست کرد. لەسەدەی پانزەمینی زایینی لە دەوری میر مەئموون خانی حاکمی ئەردەڵاندا حکومەتەکە زیاتر هێزی سەندووە. لەشکری ئەردەڵان ناوچەکەی لای سەرەوەی لە جەلایرییەکان سەندەوە. ئەم میرمەئموون خانە تا مێژووی نۆسەدی کۆچی حوکمی پایەداربووە. لە باکورەوە سنووری حکومەتەکە گەیشتووەتە (زێی بادینان) واتە (زای گەورە) تەنانەت لە ڕەواندزدا حکومەتی ئەردەڵان سوپای داناوە لەو دەورەدا لە ئەردەڵان ئەوکاتە، کوتوومت نەتەوەو عەشایرەکانی ئیستە بوون عەشایری (زەنگەنە) و (جاف)و (هەمەوەند)هێشتا لە ئێرانەوە نەهاتبوونە عێراق بەدیار چاومانەوە جۆری کۆمەڵایەتی ئەقوام ڕۆژ بەڕۆژ لە گۆڕاندایە ڕژێمی عەشایری ئەوسا خەریکە نامێنێت. شارستانیەتیی لە برەودایە، خەریکە برە ئەسێنێت. ئەوسا: کۆیە، هەریر، ڕەواندوز، عەقرە (ئاکرێ)، قەڵادزە هەر یەک حکومەتێکی بچکۆلەی قەڵاییبنیی بوون. ئەوکاتە چەك شیرو تیر بوو. ناوچەکانی باکوری عێراق وەکو ئاکرێ، دێر هەریر، زاخۆ، دهۆك لە ژێر دەستەڵاتی ئامیدی (عمادیە)دا هەر یەکە ئەمارەتێك بوون. ئەمانە لە سەدەی دوانزەمینەوە تا سەدەی چواردەمین، یەعنی دوو سەد ساڵێك لەسەر جۆرە ڕژێمێکی (فیدراڵی)دا لە ژێر حوکمی ئەردەڵاندا بوون. دوای ئەم مێژووە چوونە ژێر حوکمی جەلایرییەکانەو وڵاتی موکریانی ئێرانیش لە ژێر دەستەڵاتی ئەردەڵاندا بووە. کە مەئموون بەگ مرد سێ کوڕی هەبوو، گەورەکەیان (بێگە بەگ) بوومتە جێنشینی باوکی. داخم ناچم ئەمانە یەکیەتی حکومەتەکەیان ڕانەگرت، بەڵکو هەر یەکە ناوچەیەکی بۆ خۆی برد. ئیتر لێکهەڵوەشان. وا دیارە لەمکاتەدا یاوز سوڵتان سەلیمی پادشای تورکیا پەیدابووە چونکە مێجەر لۆنگریك ئەڵێ: لە دوای ڕووداوی (چاڵدیران) ئەردەڵانیش لەگەڵ ئەمارەتە کوردەکانی ترا بوونە تابیعی. دەوڵەتی عوسمانی. لە دوای بێگە بەگ مەئموون بەگی کوڕی بێگە بێگ چووەتە سەر تەختی ئەمارەتی باوکی. ئەو کاتە سوڵتان سولەیمانی قانوونی پادشای عوسمانی بوو. لە مێژووی (٩٢٦ - ٩٧٤)ی کۆچی حوکمداری ئەردەڵان مەئموونی دووەم بەپێی بەرژەوەندی سیاسی لەگەڵ صەفەوییەکانا بوو وە ئەمیرێکی بەکاربوو ئەردەڵانی بەرزکردبووەوە. جا دەستداری ئەردەڵانییەکان بە کەڵکی عوسمانییەکان نەئەهات. لەبەرئەوە بە بیانووی ئەمین کردنەوەی ڕێگاوبانی بەغداوە لە (٩٤٥هـ) یەعنی ١٥٣٨ زایینییدا سوپایان ناردە سەر مەئموون بەگ. بەشی زۆری ئەم سوپایە پیادەو سوارەی کورد بوو بە خۆیان

سەرۆکیانەوە هاتبوون. یەکێك لەوانە سوڵتان حسین ناو ئەمیری عەمادیە بوو. ئەم لەشکرە بۆ داگیرکردنی مەریوان و سنە نێررا بوو. ئەگەر ئەوە سەری نەگرت هیچ نەبێ شارەزوور داگیربکرێت. مەئموون بەگ بەرامبەر ئەم لەشکرە مەردانە خۆی ڕاگرت، لە دوایدا کشایەوە قەڵای (زەڵم). عوسمانییەکان قەڵاکەیان پێچا. مەئموونی دلێر تێگەیشت کە دەرەقەت نایە. لەبەرئەوە خۆی گەیاندە ئەستانبووڵ. بەڵام لەوێ خرایە بەندیخانەوە. لەولاوە سوپای عوسمانی وڵاتی شارەزووری بێژاو تاڵانکرد. ئەمجا سورخاب بەگی مامی مەئموون بەگ هاتە کایەوە. ئەم بەگزادە دلێرە لەگەڵ تەهماسیب شای ئێران پەیمانی تازەکردەوە موڵکی برازاکەشی داگیرکرد. کە سولەیمانی قانوونی ئەمەی بیست مەئموون بەگی لە بەندیخانەی ئەستانبووڵ دەرهێناو کردی بە والی (حیللە) براکەشی کرد بە حاکمی (سرووچك). بەڵام بەرامبەر سورخاب بەگ ئەمانە هیچیان پێنەکرا. لەولاوە برای شاە تەهماسبی ئێران لەبەر قەباحەتێك کە کردبووی ڕایکردبووە لای سورخاب بەگ بۆ ئەوەی پەنای بدات. بەڵام لەشکری قزڵباشی ئێران هاتە سەریان و لە قەڵاکەی (مەریوان) ئەمانەی پێچا. دوایی جار سورخاب بەگ چارەی نەما کابراکەی دایە دەستەوەو وڵاتەکەی لە شەڕو شۆڕی قزڵباشەکان پاراست. لەسەر ئەم ڕووداوانە ئەستانبوڵ واتە (بابی عالی)(بالطەچی محەمەد پاشا)ناو والییەکی تازەی نارد بۆ عێراق لە (١٥٤٩م – ٩٥٦م) دا ئەم والییە لەشکرێکی زۆری بە تۆپخانەوە لەگەڵ تیپە سوپای عەشایری کوردا ناردە سەر شارەزوور ئەم لەشکرە لە زەڵم دا سورخاب بەگی پێچا. ئەم پێچانە زۆر درێژەی کێشا. والی بەغداد باڵطەچی پاشا ناچار خۆی هات شەڕەکەی بەڕێوە برد، سیاسەتێکی وەهای کرد بێ جەنگ لەگەڵ سورخاب بەگدا ڕێککەوت. سورخاب بەگ قەڵاکەی بەجێهێشت و ڕۆیشت. بەمجۆرە قەڵای زەڵم کەوتە دەست باڵطەچی بەڵام بەم ئەنجامە سورخاب بەگ و حکومەتەکەی لەناو نەچووە، بەڵکو بە یارمەتی حکومەتی ئێران لە شارەزوورو ئەردەڵاندا دووبارە جێگیربوومتەوەو لە خزمەتی شاهی ئێرانا زۆر بەنرخ و جێگادار بووە. دوکتۆر فریج لە نوسراوی (کوردلەر)دا (لاپەڕە ١٢٣)دا ئەڵێت؛ سورخاب بەگ لە دوای بەینێك دەستی پەیدا کردوومتەوە. ئەمجا سەربەخۆ حکومەتەکەی ئەگێڕا. کاتێکی باش بێ شەڕوهەرا هەر بەوجۆرە ڕایبوارد. ئەم سەرداره مەردە گەورەترین حوکمداری ئەم خانەدانەیە. (شەرەفنامە)ش مەدح و ئەنای ئەکات ئەڵێت: وڵاتەکەی بە ڕێك و پێکی بەڕێوە بردووە. میللەت لەکاتی ئەما خۆشی ڕابوارد. سورخاب بەگ لەگەڵ ئێرانا هەمیشە یەك قەول و یەك دڵ بووە،

چونکە بەرژەوەندی هەردوولا لەوەدا بووە، بەرە هەموو ناوچەکانی سنوورییەکانی ئێستە
لە قەڵەمڕەوی حکومەتەکەیا بووە. دەوڵەتی عوسمانی لەم هێزو دەستەڵاتە مەترسی پەیداکرد. لەبەرئەو هۆیە سەرداری ئەعظەمی عوسمانی لەگەڵ میرو سەردارەکانی کوردستانا بە ئەیروویەکی قورسەوە بەرەو شارەزوور کەوتنە ڕێ لە بەغدادەوە. ئەمانە بەتەمابوون هەموو ئەردەڵان بگرن. قەڵای (زەڵم) یان پێچا. ئەردەڵانییەکان مەردانە تێئەکۆشان. ئەم ڕەزمی بەرقەڵایە دووساڵ درێژەی کێشا. عوسمانییەکان لە تاوانا وازیان لە قەڵاکە هێنا. (تاماسیب) شای ئێران بۆ پایەداریی قەڵاکە یارمەتیی ئەدا. سورخاب بەگ لە ئەردەڵانەوە هەمیشە بەیەکیەتی لەگەڵ ئێرانا ئەم ڕووداوانەی بەڕێوە بردووە. لەمکاتەدا سورخاب بەگ مردو سوڵتان عەلی کوڕی بوو بەجێنشینی باوکی ئەویش مرد. ئینجا لە نێوان (بسات)ی برای و(تەیمورخان) ی کوڕیدا هەراو زەنای حوکمداری دەستپێکرد. لە ئەنجامدا بە یارمەتی حکومەتی عوسمانی تەیمورخان حوکمڕانیتی ئەردەڵانی خستە ژێرچنگی خۆیەوە. سوڵتان مرادی سێهەم پادشای عوسمانی شارەزووریشی بۆ خستەسەرو کردی بە پادشای ئەوناوە لە (٩٨٨هـ – ١٥٨٠م)دا. دوکتۆر فریح لەم تەیمور پاشایە زۆر خراپ ئەدوێ. ئەڵێت: تەریدەو پیاوکوژ بووە، حەزی لە ماڵی تاڵانیی کردووە. دەوری حوکمڕانییەکەی بووەتە مەینەتی بۆ کوردستان هەتا لە شەڕێکا کوژرا (٩٦٨هـ). لە دوای تەیموور پاشا (هەڵۆخان)ی برای بووەتە ئەمیری ئەردەڵان. ئەم خانە فەرمانڕەوایەکی خولق باشبووە. لە فەرمانی حکومەتی عوسمانی دەرنەچووە. لەمکاتەدا لە وڵاتی ئەردەڵان تێکچوون (ئینقیلاب)ێك ڕوویداوە. لە دوای هەڵۆخان حاکمیەتی ئەردەڵان کەوتووەتە دەست (خان ئەحمەد خان) ناو لە (١٠١٤هـ – ١٦٠٥م) ئەم حوکمدارە لەگەڵ (شاە عباس)ی ئێرانا ڕێك کەوت و ئەردەڵانی کرد بە تابیعی ئێران. لای وابوو شاهەنشای ئێران بۆ بەرژەوەندی کورد لە عوسمانییەکان زۆر باشترە. بەو بۆنەیەوە شانازیی ئەکرد، تەنانەت دەستیکرد بە جەنگ هاویشتن بۆ سەر عەشایری کوردو ئەمارەتەکانی کوردستانی عوسمانی. یەکەمجار تاوی دایە سەر موکریان، ڕەواندز، عەمادیە، کۆیەو حەریریشی داگیرکردو پیاوی خۆی لەسەر ئەو شارانە دانا، هەرچەندە ئەم حوکمڕەواییە درێژ نەبوەتەوە، بەڵام لە پرێکا ئەم دەست درێژو هێزدارییە کە (خان احمد خان) حاکمی ئەردەڵان نواندی شەرەفێکی گەورەی بۆ مێژووی حکومەتی ئەردەڵانی کورد دروستکرد. بەوهۆیەوە بەرەکەت و خۆشی کەوتە کوردستانەوە. سەردەمێك بەمجۆرە وڵاتەکانی ئەردەڵانی کۆنی ژیاندەوە

بەکارامەیی و تێگەیشتنی بەجێ و جوانی خۆی شاه عەباسیش لێی مەمنوون بوو. تەنانەت شاه کردی بە زاوای خۆی. خان ئەحمەد خان حاکمێکی زرنگ بوو. بە دووربینیی و فامیدەیی ئەجوولایەوە. دەستی بۆ ئەو ولاتانە ئەنەبرد کە ڕاستەوخۆ لە ئیدارەی عوسمانییەکانا بوون، بەڵکو لەگەڵ ئەمارەتە کوردەوارییەکانا خەریکبوو کە یەکیان پێبگرێت و ببن بە دەوڵەتێکی گەورەو لە ئیستیعماری بێگانە ڕزگار بن. ئەوەندە هەیە کە شاه عەباس لە (١٠٣٤هـ) دا چووە سەر بەغدا. خان ئەحمەد خانیش بەتیپە سوپای ئەردەلانەوە لە تەکیا بوو وا ڕێکەوت بە(کەرکووك - کەرکوویە)دا ڕۆیشت. شارو قەڵاکە هەردووکی داگیرکردو لەگەڵ ئەمانەدا هەموو شارەزووریشی گرت. بەمجۆرە حوکم و دەستەڵاتی خان ئەحمەد خان لە عەمادیەوە تا سنووری کرماشان و هەمەدان و لە لوڕستانەوە تا دەریای ورمێ ئەچوو. ئەم دەوری بەرزی حکومەتی ئەردەلانی کوردە لە دوای مردنی شاه عەباس ئیتر بەردەوام نەبوو، لە ساڵی ١٠٣٩هـ دا سەرەك وەزیر (صدری اعظم)ی عوسمانی بۆ سەندنەوەی ولاتی بەغدا بەسوپایەکی قورسەوە هاتە سەر عێراق، ئامۆژگاریی نامەی بۆ ئومەراکانی کوردی ئەوناوە نارد، ئەمجارە ڕوویکردە هەرێمی ئەردەلان. بەلام خان ئەحمەد خان لە یەکیەتی ئێران جیا نەبوەوە بە ئاشکرا لەگەڵ ئێرانا بوو. تەنانەت هەندێك پیاوماقووڵ و سەرۆکەکانی لای خۆی هەبوون لایەنگری حکومەتی سوونی مەزهەبی عوسمانی بوون. کە لەشکری عوسمانی لەکەرکووك تێپەڕی ئەمانەو گەلێك ئومەرای ئەردەلان و خانەکانی کوردستان هاتنە لای سەرداری عوسمانی دۆستایەتی خۆیان نواند، لە دوای ئەمانە ئەمجا سوپای عوسمانی چووە سەر شارەزوور، یەك دوو مانگێك لەوێ خۆی نواندو قەڵای گوڵ عەنبەری ئاواکردەوە. لە دوای ئەمە بوو لەشکرێکی عوسمانی چوو (میهرەبان - مەریوان)ی گرت. لەمکاتەدا (زەینەڵ خان) بە لەشکرێکی گرانەوە بەرەو مەریوان هات لە هەمەدانەوە، لەوێ جەنگێکی گەورە ڕوویدا لە کاتی جەنگدا لەشکری عوسمانی لە شارەزوورەوە کوتووپڕ بە فریای ئەمانەدا گەیشت، ئەمجا شەڕەکە قورستر بوو. لە ئەنجاما لەشکری ئێران زۆر خراپ شکا. لەسەر ئەمەشاهی ئێران زەینەڵ خانی کوشت، ئەوسا بە سوپایەکی تازەوە کشا بۆ سەر شارەزوور. سەرداری عوسمانی ئەمجارەش بە سوپا زۆرەکەیەوە ڕوویکردووەتە ناو جەرگەی ئەردەلان، قەڵای (حەسەن ئاوا)ی کە پایتەختی خان احمد خان بوو لە دوای تالانکردن وێرانکردو لە ١٦٣٠م ١٠٤٠هـ دا گەیشتە بەردەمی هەمەدان. ئەم شارەو گەلێك جێگای تریشی گرت و پاش تالانکردنیان وێرانیکردن و گەلێکی کەیشی

ـێکوشتن. ئەمجا گەڕایەوە بە پاشا، ڕووی کردووەتە بەغدا، سی چل ڕۆژێک سارەدەی پێچا. پاش ئەوە بەسەر موسڵ دا ڕۆیشتەوە بۆ ناو ئەنەدۆڵ (١٦٣١م) هێشتا سەرداری عوسمانی لە موسڵ دەرنەچوبوو کە خان احمد خان هەڵیکوتایە سەر شارەزوورو زەوتیکرد. لە دوای ئەم ڕووداوانە وا ڕێکەوت (شاه صفی خان)ی ئێرانی چاوی کوڕی خان احمد خانی هەڵکۆڵی. سەبارەت بەوە خان احمد خان ڕووی لە ئێران وەرگێڕاو بەو بۆنەیەوە خۆی خستە پەنای حکومەتی عوسمانی. ئەوسا پادشای عوسمانی لە شاری موسڵ دایناو. لە دوای ئەمە سلێمان خان ناوێک لە زادەکانی ئەردەڵان بووەتە فەرمانڕەوای حکومەتی ئەردەڵان.

وا دیارە ئەم سلێمان خان ناوە ماویەکی زۆر حکومەتی ئەردەڵانی بەدەستەوە بووە. بەڵام حکومەتە کە بڕشتی جارانی نەماوە. لەبەرئەوە سولەیمان بەگی بەبە ئەمەی بەهەل داناو لە مێژووی ١٦٩٤م دا هەڵی کوتایە سەر ئەردەڵان و بەشێکی داگیرکردووە. بەڵام ساڵێک لە دوای ئەوە ئەردەڵانییەکان بەیارمەتی حکومەتی ئێران سلێمان بەگی بەبەیان شکاندو لە ئەردەڵان دەریانکرد. لەسەرئەوە لە ١١٤٣هـ دا والی عوسمانیی لە بەغدا (حسن پاشا) بە سوپایەکی گرانەوە هاتە سەر هەمەدان. ئەو دەمە علی قولی خان بە میراتی حاکمی ئەردەڵان بوو، بەبێ شەڕو هەرا لە خۆیەوە بوو بە تابیعی عوسمانی، چونکە ئێرانییەکان لە حاکمیەتیی عەزلیان کردبوو. جا بەم بۆنەیەوە بە فەرمانی حەسەن پاشا خانە پاشای بەبە چوو ئەردەڵانی داگیرکرد. علی قولی خان و هەندێک ئومەرای تری کورد بەمە ڕازیبوون. خانە پاشای بەبە لە ئەردەڵانا دەورێکی هەیە. لەشکری عوسمانیو سوپای اشرف خانی ئەفغانی لە ئێرانا لەم دەورەیەدا بەرەنگاری یەکبوون. عوسمانییەکان بە فێڵو فیشاڵی خانە پاشا بە هەڵە چوون وشکستیان خواردووەو لەسەرئەوە بە ناچاریی لە ئێران دەرچوون. ئینجا تا پەیدا بوونی (نادرشا)ی بەناوبانگ (خانە پاشا) لە ئەردەڵانا هەر حاکم بووە. لە دەوری (تاماسیب قولی خان)ی ئێرانیدا کە تورکەکانی لە ئێران دەرکرد، حاکمیەتی ئەردەڵانیشی دایەوە بە (سبحان ویردی خان)ی ئەردەڵانی. لەمەولا حاکمەکانی بەبە چاویان بڕیوەتە داگیرکردنی وڵاتی ئەردەڵان. سولەیمان پاشای حاکمی بەبە لە ١٧٩٣م دا بەشێکی ئەردەڵانی داگیرکرد، بەڵام زۆری پێنەچوو سوبحان ویردی خان گرتیەوە ئەمجا کەریم خانی زەند هاتە کایەوە، دەستی خستووەتە ئیشی ئەردەڵانەوە. بەیارمەتی کەریم خان، سولەیمان پاشا ئەمجاریش چووە سەر ئەردەڵان، ناوچەی (سنە)ی داگیرکرد. بەمجۆرە بابانەکان بوون بەدەستەوە دایەری (ئاغا محەمەد

خان)ی سەرداری قاجار، کە دوژمنی خوێنی کوردو خانەدانی زەند بوو. لەبەرئەمانە (ئەردەڵان) لە ژێـر دەسـت و پێی لەشکردا پلیشاوەتەوە، وڵات و ئـەهالی لـەناوچوون. لەدوای سوبحان وێردی خان حاکمیەتی ئـەردەڵان کەوتـە دەست (خەسـرەو خـان) کـە پێییان ئـەوت (خەسرەو خـانی گەورە). (١١٦٨- ١٢١٤). لـە سـاڵی ١١٩٠ هـ دا والی بـەغدا احمد پاشا لە کرماشانەوەو محەمەد پاشای بەبەش لە (سنە)وە لەشکریان برد. پاشای بەبە لە دوو شوێنا لەشکری ئەردەڵانی شکاند، بەڵام زۆری پێنەچوو لەشکری کـەریم خانی زەند تـا دەوری کـەرکووك هات. لێرەدا کـەریم خـان ناحـەزی والی بـەغدا بـوو. بـەکورتی: لـە دەوری بەبـەدا ئـەردەڵان مـاڵوێران بـووە. کوردەکـان بـۆ بـەرژەوەندی (مصلحة)ی بێگانە لە هەردوولاوە خۆیان بە کوشتداوە. لـە دوای خەسـرەوخان (امـان الله خان)ی کوڕی هاتووەتە جێی. لە (١٢١٤هـ تا ١٢٤٠م) میللەت بەمیشی وتـووە گـەورە، چونکـە بەڕاسـتی فەرمانڕەوایـەکی وابـووە بـۆ ئـاوەدانیی و فـەرەحیی و زانسـتیی وڵاتەکـەی زۆر تێکۆشـاوە. شـاری (سـنە)ی ڕازاندووەتــەوە، بووەتـە ناوچـەی شـاعیرو خوێندەوار. (سێرجۆن مالکۆلم) و (ڕیچ) میوانی ئەم حاکمە بـوون، مـەدح و ستایشی بەڕێوەبردنی ئیدارەی ئەکـەن. لـە دوای ئـەم خەسـرەو خـانی کـوڕی هاتووەتـە جێـی. (ماە شەرەف خانم)ی ژنی ئەم فەرمانڕەوایە شـاعیرێکی بـەناوبانگ بـووە (غـوڵام شـاە قوڵـی خـان)ی کـوڕی ئـەم بووەتـە حـاکم لـە جێـی بـاوکی، بـەگزادەکان لـەناوخۆیانا کەوتوونەتـە زرمـە زلـێ و ناخۆشیی. (امـان الله خـان)ی بـرای فـەرمانڕەوای دوایـی ئەردەڵان لە (١٢٦٥ – ١٢٨٤هـ)دا حوکمی کردووە. لەو کاتەدا (ناصر الدین شاە)ی ئێران کە لە بیانوو ئەگەڕا فەرهاد میرزای مامی خۆی دانـا بـە حـاکمی ئـەردەڵان. لـە دوای ئەمـە لـە ئـەردەڵانا حـاکمی کـورد دانەنراوەتـەوە. بـەمجۆرە حکومـەتی ئـەردەڵان دوایيهاتووە. ئەگـەرچی هێشتا لـەم خانەدانـە هـەندێك كـەس مـاوە، بـەڵام هیچیـان بەدەست نییە. حکومەتی ئەردەڵان یەکێکە لە حکومەتـە بـە دەستەڵاتەکانی کوردی ئێران. سەردەمێك بە تەواوی (سەربەخۆ) بووە، پارەی سـکە لێـدراوی خـۆی هـەبووە. فـەرمانڕەواکانیان خوتبـەیان بـەناوی خۆیانـەوە خوێندووەتـەوە. ئەمانــە لــەدوای حوکمڕانیی ئیلخانییـەکان ئـەم دەستەڵاتانەیان بووە. یـەعنی لـە سـەرەتای سـەدەی حەوتـەمی کۆچییـەوە دەسـتپێکردووە تـا دەوری سـەفەوی کـە سـەدەی دەیــەمی کۆچییـە. واتـە ئــەم دەسـتدارییە دوو سـەد سـاڵێك درێژبووەتـەوە. دوای ئەمـە لـە تابیعیەتی سیاسی ئێران‌و هەندێکجار عوسمانیدا دیسان لەناوخۆیانا سـەربەخۆ بـوون

تا له ناوچوونی خان احمد خان. لەدوای ئەمە ئەمجا دەستەلاتی سیاسی ئێران بەسەریانا زاڵبووە تا لە ١٢٨٤ی کۆچیدا بە تەواوی چووەتە گۆڕخانەی تەمەنیخەوە.

٧-حکومەتی سۆران ١٨٤٧م (زایینی)

لە مێژووی کوردیدا (سۆران) بە ناوچەی نێوانی هەردوو (زاب)بێژراوەو بووەتە ناوو نیشان بۆ کوردەکانی ئەوێ و ئەمارەتە سەربەخۆکان کە لەو ناوەدا پەیدابووە. مێژوو زانەکان ئەڵێن (کەوڵۆس) ناو پیاوێکی کورد لەسەدەی یازدەیەمینی زایینیدا هاتووەتە هەرێمی هەولێر لەناحیەی (ناوان)دا ناوی پەیداکردووەو دامەزراوە. لەدوای خۆی کوڕەکانی بوونەتە پیاوماقووڵی ئەوناوە. گەورەکەیان کە عیسای ناوبووە لە هەرایەکا زۆر ناوبانگی سەندووە بووەتە سەردارو بەناوی جێگای شەڕەکەوە ناوبانگی (سووران)ی بۆماوەتەوەو بە (میر عیسا)ی سۆران شۆرەتی ڕۆییوە.لە زاناکانا هەشە ئەڵێت سورخاب بەگی حوکمداری ئەردەڵان بارام بەگی کوڕی خۆی ناردووەتەوە (ڕەواندز) کردوویە بەفەرمانڕەوای ئەوێ لە سەدەی دەیەمی کۆچیدا. جا حکومەتی سۆران ئەم بەگزادەیە پێکەوەیناوەو لە دوای خۆی میرعیسا ناوی کوڕی بووەتە جێنشینی. وە ئەم ڕووداوەش لە کاتی فەرمانڕەوایی (شاە تەهماسب)دا دروستبووە. میرعیسا بەمجۆرە کە بووەتە سەردار بە سەربەخۆیی دەستیکردووە بە حوکمڕانیکردن وە لە دوای مردنی خۆی (شاە علی بەگ)ی کوڕی چووەتە جێی ئەمیش کە مردووە وڵاتەکەی بەسەر چوار کوڕیا دابەشکردووەو پایتەختی ئەمارەتەکەی ئەوسا حەریر بووە. ئەم دابەشبوونە بووەتە هۆی کزبوون و بێهێزیی ئەمارەتەکە. لە مانە میر عیسا ناوێکیان تووشی هەڵمەتی (پیربۆداق بەگ)ی بابانی دراوسێیان بووەو لە ناوچووە. لەسەر ئەمە ئینجا شا علی بەگ ناوێکیان هاتووەتە کایەوەو بابانەکانی دەرکردووەو ئەمارەتەکەی یەکدگیرکردوەتەوەو خستوویەتە ژێر فەرمانڕەوایی خۆیەوە. بەم ڕەنگە بووەتە میرێکی ئازاو بە شەوکەتو هەموو ناوچەی هەولێرو موسڵ و کەرکووکی لە قزڵباشەکان سەندووەتەوەو ئەمارەتێکی بەناوبانگی پێکەوەناوە. ئەم حوکمدارەش مردووە (میرعزالدین شێر)ی کوڕی جێی گرتووەتەوەو هەولێری کردووەتە پایتەختی حکومەتەکەی. ئینجا لەمکاتەدا بوو،

(سوڵتان سولەیمانی قانوونی) پادشاهی عوسمانیی بۆ داگیرکردنی بەغداد هاتووەتە ئەوناوە. وا دیارە میرعزالدین نەبووەتە مسکێنی پادشای عوسمانی. بەڵام داخەکەم ئەم بەخۆنازینەی بۆ نەچووەتەسەر. میر عزالدین گیراوەو کوشتوویانە لە (٩٤١هـ - ١٥٣٤م) دا. لەدوای ئەو ئەمارەتی سۆران کزبووەو زۆرداریی و دەستەڵات زیادیی حکومەتی عوسمانی لەمناوەدا برووزی سەندووە تاکو لە دوایدا (قول بەگ) ناو ئەمیرێکی ئەم خانەدانە بە ڕەزامەندێتی عوسمانییەکان حوکمی سۆرانی هێناوەتەوە ژێر دەستی خۆی. ئەوەندە هەیە ئەمارەتەکە تازە هێزی جارانی نەگرتووەتەوەو هەمیشە بە حکومەتی عوسمانی ژیاوە. پایتەختی ئەمارەت جارجار گۆڕاوە. گاە لە (دوێن)و گاە لە (حەریر) یا لە (کالیفانی) واتە (خەلیفان) و ڕەواندوز بووە. سەرەڕای ئەم نشوستانەی ئەمارەتەکە لەمەولا ناژاوەو چەرمەسەریی ناخۆشی بووە. بە پێی دەستەڵات وەیا کەمدەستیی ئەمیرەکانیان، گاە ناوبانگی ئەمارەتەکە بەرز بووەتەوەو گیانێکی دەرخستووە. جارو باریش کزیی و بێهێزیی ڕووی تێکردوونەتەوە. لە سەدەی ١٨ ای زاینییدا ئەم ئەمارەتە لەگەڵ حکومەتی بابانی سلێمانیدا بەشەڕو هەرا ڕایبواردووە. لەکاتی (سولەیمان بەگی کوڕی شەکەل بەگ) ناو حاکمی سۆراندا وڵات فەرەحیی و خۆشیی تێکەوتووە. زانست باڵای سەندووە. تەنانەت قەڵاو شتی دروستکراوی ئەم سەردەمە ماوە. (حەریر) پایتەختبووە. (خانزاد) ناو خوشکی ئەم ئەمیرە سەردەمێك ئەمارەتەکەی بەناوی کاکییەوە بەڕێوەبردووە، چونکە حکومەتی عوسمانی بەغداد لەناوبانگی سلێمان بەگ سڵەمیوەتەوە. بەفێڵ بانگیانکردووەتە بەغداد لەوێ گرتوویانەو لە بەندیخانەدا مردووە. کوردەوە چاکەی ئەم شازنە بەجێماوە بەچیرۆك ئەیگێڕنەوە. لەدوای ئەمان علی بەگی سلێمان بەگ لەتاو دەستدرێژیی بەبەکان لە دەوری ڕەواندزدا قەڵای دروستکردوە. جا بەم بۆنەیەوە لە دوایدا ئەم شوێنە بەناوی (گەل عەل بەگ) ناوبانگی ڕۆییوە. لە (١٢٠١هـ - ١٧٨٧م) لەمکاتەدا ڕەواندز بووەتە پایتەختی ئەمارەت. لە کاتی میر مصطفی بەگدا لەگەڵ بەبەکان ناشتبوونەوەو بوون بەخزمی یەکتری. ئینجا ئەم ئەمیرە وڵاتەکەی ڕێکخستووەو هێزێکی تازەی پێداوەتەوە (١٢٤٢هـ).

حەمەد پاشا کوێرە:

حەمەد (محەمەد) پاشای ڕەواندزی ناودار کوڕی ئەم مصطفی بەگەیە. لەدوای مردنی باوکی بوومتە (ئەمیری سۆران) لە ١٨٢٦م دا. ئەم بەگزادە مەردە بەڕاستیی ئەمیری هەرە گەورەی سۆرانە. هەر لە منالییەوە بیری سەربەخۆیی چووەتە مێشکیەوە. ویستوویە دەستەلاتی حکومەتی عوسمانی لە ئەمارەتەکەیا نەهێڵێ و ئەمارەتەکەی بکا بە حکومەتێکی سەربەخۆو خۆشی ببێت بە پادشای ئەو حکومەتە. میر محەمەد پاشا هەوێنی پادشایەتیی تیا بوو. توندو نازاو بەکاربوو. ئەگەر دەورمکە کەلکی بگرتایە، ومیا سەرۆکەکانی کورد پاڵیان بدایەتە پاڵی و لە قسەی دەرنەچوونایە، بێگومان ئاواتەکەی ئەهێنایەدی. ئەم سەردارە هەڵکەوتووە چاوێکی کوێربووە. بۆیە پێیان وتووە (پاشا کوێرە). ئەم سالارە بیربەرزە کە بوومتە (میر) لەبەرنەوەی کە سەرکەشییان کردبوو، دوو مامی خۆی گرتوومو هەڵیواسیون، ئەمجە دەستیکردووە بە گەورەکردنی ماوەی ئەمارەتەکەی. عێلاتی شێروان و سوورچی و برادۆستی خستوومتە ژێردەستەلاتی خۆی. باباتەکانی لە حەریر دەرپەڕاندو شاری هەولێری داگیرکردووە. ئەمجا ناوچەکانی دزەیی و پردێ و ڕانیەی داگیرکرد. ڕووباری زێی بچووکی لە ناومند سۆران و بابانا کردووە بە سنوورو لە(١٨٣٠ م)دا تەپڵی سەربەخۆیی لێداوە. لەسەر ئەوە والی بەغدا کەوتوومتە مەترسییەوە، بەلا، بەرامبەر ئەم سەرداری کوردە کوتووپڕ هیچی پێنەکراوە، بەڵکو ڕووداوەکەی جاری بە شیرینی بڕیوەتەوە. پێشەکی دانی بەحکومەتەکەشا ناوەو مەرتەبەی (میری میران)یشی لە پادشای ئەستەمبووڵ بۆ سەندووە. میری سۆران لەشکرێکی ڕێکو پێکو پڕچەکی پێویستبوو، چونکە ئەیزانی بەبێ لەشکری ڕێکوپێک هیچی پێناکری لەبەرئەوە تا ساڵی ١٢٤٩ه‍ ١٨٣٣م لە کوڕە کوڕەی عێلاتی کورد سوپایەکی باشی پێکەوەناوە. ئەمجا ڕوویکردووەتە (بادینان) لە دوای چەند شەڕێك (عەمقرە، عەمادیە، دهۆك و، زاخۆ)ی زەوتکردوودو بایداوەتەوە، یەزیدییەکانی باکوری موسڵیشی خستوومتە ژێردەستەلاتی خۆیەوە. لەدوای ئەمانە لە تەك سەرۆکەکانی

(جزیرەو ماردین و نوسەیبین)یشا پەیمانی یەکیەتی بەستووە. بەمجۆرە بۆ ئەوکاتە حوکمڕانییەکی فیدراڵی بۆ دروستبووە. جا میر محەمەد پاشا لەتوورەی ناوەندی هەردوو زاب و ئەرزەکانی خۆرهەلات و باکوری موسڵدا حکومەتێکی بەهێزی لە ماوەیەکی کەما پێکەوە نا. لەسەر ئەم پێشکەوتن و برووز سەندنەی حکومەتی سۆران تورکەکانی عوسمانی تەنگەتاو بوون. لەبەرئەوە خێرا کەوتوونەتە تەقەلای ئەهێشتنی ئەم هێزە. جا بە سەرداریی صەدری ئەعظەم لە ئەستەموولەوە لەشکرێکی تورك نێردراوە بۆ عێراق. ئەم سوپایە لەگەڵ لەشکرەکانی والی بەغداو موسڵ یەکانگیربووە بەرامبەر ئەم لەشکرناراییە سەرداری کوردەواری بە باشیزانی کە بکشێتەوە بۆ ڕەواندز. تا لەناو چیاکانی ئەوێدا جەزرەبە (ضربە) یەك لە دوژمن بدات و بیشکێنێ. ئەگەرچی ئەم جۆرە دووربینی عەسکەرایەتییە زۆر بەجێبووە، بەلام چ فائیدە؟ لە جێی عێلاتی کورد لەم تەنگانەیەدا بگەنە فریای سەرداریان و خاکی کوردستان بپارێزن کەچی هاتوون بە کۆمەکی دوژمنەوەو لەشکری پادشای کوردانیان پێچاوە. میر محەمەد پاشا (گەلی عەلی بەگ)و ڕێبازەکانی تری بەردەمی ڕەواندزی گرتووە. دوژمنیش هاتووەتە حەریرو دیانە لەو دەشتانەدا هەڵیداوە. ئینجا لێرەدا صەدری ئەعظەم فرو فێڵی خستووەتەکارو لە ڕێی (ئایین)ەوەو بە یارمەتی (مەلاکان) ویستوویەتی لەشکری میر محەمەد پاشان لەشەڕکردن ساردبکاتەوە. لەسەرئەمە جاڕدراوە کە بە گژ خەلیفەدا چوون و لەسەرئەوە خوێنی موسڵمان ڕشتن گوناهە. جا ئەم تەدبیرو فێڵە لە دڵی سەربازە نەخوێندەوارەکانی لەشکری سۆراندا خێرا کاریکردووەو محەمەد پاشا بەچاوی خۆی دیویە کە لەشکرەکەی بیری شەڕکردنی نەماوەو لای ئاشتی گرتووە بەوجۆرە بە ناچاریی تەسلیمی دوژمن بووە. ئەوانیش ناردوویانە بۆ ئەستەمبوڵ. لەوێ بەڕواڵەت عەفوکراوەو ناردویانەتەوە بۆ عێراق، بەلام لە ڕێگا کوژراوە (١٢٥٣ھ ١٩٣٧م). بەمجۆرە هەوڵ و تەقەلای چەند ساڵەی ئەم سەردارە گەورەیە کە بە خوێنی ڕۆڵەی کوردی سۆران بەرهەمی هێنابوو، بە هۆی ناتەواویی بیری سیاسی میللەتەکەوە بەبادچووە. لەدوای میر محەمەد پاشا ئەمارەتی سۆران تینی تیانەماوە. ئەگەرچی هەر لەم خانەدانە چەند میرێك لەمەودوا بە پێی

دەستووری پێشوو بوونەتە حاکمی سۆران. بەڵام دەستەڵاتێکی ئەوتۆیان نیشان نەداوەو حکومەتی عوسمانییش هێزی پێنەهێشتوون. تەنانەت دەوڵەتی عوسمانیو هەربەوە وازی لێنەهێناوە. بەڵکو سوپای تازەشی بردووەتە سەریان و شەڕی پێفرۆشتوون. بەو بۆنەیەوە میری دواییان (ڕەسول پاشا)ی بەدبەخت تووشی چەند شەڕێك بووەو شکستی خواردووە. لە تاوانا وڵاتەکەی بەجێهێشتووەو چووەتە (شنۆ لە ئێران. بەمە حکومەتی سۆران لەناوچووە. (١٢٦٤هـ ١٨٤٧م). کتێبی مێژووی نوێ کە بەنیزنی وەزیری زانستی عێراق بۆ قوتابی پۆلی شەشەمی سەرەتایی لە چاپدراوە دەوری (محەممەد پاشای ڕەواندزی) وەها ئەگێڕێتەوە وەك لای خوارەوە نووسراوە[٩]:

شۆڕشی محەمەد پاشای ڕەواندز:

لەسەرەتای چەرخی نۆزدەهەمدا محەمەد پاشا فەرمانڕەوای ئەمارەتی ڕەواندز بوو. پیاوێکی وریای ئاوات بەرزی بەکاربوو، ئەیویست کوردستان لە کۆتی عوسمانییەکان ڕزگاربکاو دەوڵەتێکی بە دەستەڵات و سەربەخۆ لە کورد دروست بکا جارێ سوپایەکی بەهێزی پێکەوەناو ئەمارەتە بچکۆلەکانی دراوسێی خستە ژێرچنگی خۆیەوە. لە پاشئەوە لە ساڵی ١٨٣٠م دا جاری سەربەخۆیی و جیابوونەوەیدا لە دەوڵەتی عوسمانیی. بەمەڕەنگە بوو بە فەرمانڕەوای لیوای هەولێرو ناوچەی کوردەکانی موسڵ و هەندێك شوێن لە کوردستانی تورکیای ئەوساکە.

دەستیکردووە بەڕێك خستن و چاککردن:

لەدوای ئەمە محەمەد پاشا خەریکی ڕێکخستنی فەرمانی دەوڵەتەکەی بووە. بە یارمەتی پیاوە زرنگەکانی ئەوساکەی وڵاتەکەی ڕێکخستووە. بەهەموو شوێنێکدا ئاسایشی بڵاوکردووەتەوە. بەڕەنگێك کە دانیشتوان دڵنیای سەروماڵیان بوون محەمەد پاشا لە فەرمانڕەواییدا پەیڕەوی ئاسایی نەکرد. دەستی دزیان ئەبڕی پیاوکوژیان ئەکوشتەوە. لەبەرئەم توندوتیژییە پیاو خراپان لە خراپەو بێدینی دوورئەکەوتنەوە.

---

[٩] کتێبی ڕەسمی مێژووی نوێ، بەندی شەشەم لاپەرە ١٤٦.

جیهانگەڕێك هەواڵی لیوای هەولێری ئەوسا ئەگێڕێتەوە:

جیهانگەڕێك کەلەمکاتەدا لە بەغداوە چووە بۆ ڕەواندز، ئەڵێت: وڵاتی ژێردەستی عوسمانییەکان بە ئاشکرا پەرێشانبووە. گوندەکان چۆڵ وەیان زۆر کەم دانیشتوویان تیابوو. زەوی هەمووی بەیاربوو. جوتیارەکان لە دەست پۆلیس و کاربەدەستان ڕایاننەکرد. بەڵام کە لە (پردێ - ئاڵتوون کۆپری) پەڕیوەتەوە چووەتە سنووری محەمەد پاشا، دیویەتی گوندەکان ئاوەدانو کشتوکاڵ لەگەشەدایەو دانیشتوان بە کۆمەڵ هاتوونەتە سەر ڕێگە بۆ بەخێرهاتنی خۆی و ئەو سەردارەی کە لەگەڵیابوومو لاوەکانیان گوڵیان کردبوو بەسەریانا، هەر لە(پردێ)وە تا هەولێر بەپانایی ئەو دەشتە هەموو کشتوکاڵ و پاوان بووەو گوڵاڵە دایپۆشیبوو. گوندەکان پڕبوون لە دانیشتوانی پۆشتەو پەرداخ.

عوسمانییەکان ئەمارەتەکەی محەمەد پاشا لەناوبەن:

عوسمانییەکان هەستیان بە تەلزگەی شۆڕشەکەی محەمەد پاشا کرد، ترسان بتەنێتەوە بە کوردستانا. بۆیە خێرا لە بەغداو موسڵو دیاربەکرەوە سوپای گەورەیان نارد کە بەربەستی بکەن. بەرە بەرە دەستیانکرد بە داگیرکردنی وڵاتەکانی تا نزیکبوونەوە بە ڕەواندز. لەوێ تێگەیشتن کە ڕۆیشتن بە گەڵ عەلی بەگدا شتێکی ئاسان نییە. نوسراوێکیان بۆ محەمەد پاشا نووسی و داوای ڕێککەوتنیان لێکرد، وتیان ئەگەر ژێر ڕکێفی عوسمانی قبوڵ بکات نەبەخشرێت. محەمەد پاشا بۆ ئەوەی زیاتر خوێن نەڕژێت، بەو مەرجانە ڕازیبوو بڕوای بە بەڵێنی سەردارەکە کرد، خۆیدا بە دەستەوە. لە پاشئەوە زۆر بەڕێز بردیان بۆ ئەستەمبوڵ. لەدوای مانگی ئایندە ١٨٣٦م پادشای عوسمانی لێیخۆشبوو ڕێگەیدا بگەڕێتەوە جێگای خۆی. بەڵام لە گەڕانەوەدا کوشتیان. بەم ڕەنگە ڕووناکی ئەو بلێسەیە کوژایەوە کە بەشێکی کوردستانی ڕووناککردبوو، وە ئازادی و ئاسایشی تیا بڵاوکردبووەوە.

٨- ئەمارەتی بابان ١٦٥٠م- ١٨٥١م

حکومەتی کوردیی بابان لە وڵاتی موکری و سلێمانی ئیستەدا پەیدابووە. سەرجەم سێسەد ساڵێك زیاتر ژیاوە. جاروبار سەربەخۆ بووەو هەندێجاریش یا تابیع (مسکێن)ی دەوڵەتی عوسمانی بووە یا هی ئێران. لە پێش بابانەکانا وڵاتی سولەیمانی (کە پێشینان پێیانوتووە) لە ژێر فەرمانڕەوایی حکومەتی کوردی ئەردەڵاندا بووە کە پایەختەکەی شاری سنە بووە. بنچینەی ئەم ئەمارەتە بەگزادەکانی عەشایری موکری لە توورەی موکریان و پژدەردا دایانناوە. وادیارە عێلاتی موکری لە زۆ زووەوە پەیوەندییان بە شارەزوورەوە بووە. ئومەراکانی بەبە-(بابان)ی سولەیمانی خۆیان بە بەگزادەی تیرەیەکی عێلی کرمانج داناوە گوایا ناویان (بەبە- بابان) بووە بە کورتی مێژوو هێشتا ناوی (بەبە)ی ساغنەکردووەتەوە کە لەچییەوە داهاتوو، کرمانجو موکری شتێکی جیاجیا نین ناوو نیشانەی یەکترین. وا دیارە ئەمناوە یا لە خانەدانی بەبەی پێشووی موکری وەیا ڕاستەوخۆ لە (بابە سولەیمان) ناو دانەر خانەدانی دواییەوە داهاتووە. مێژوونووسەکان لە نووکەوە تا دوایی بەڕێکوپێک

باسی ئەدواری مێژووی بابانەکانمان بۆ ناکەن. بەڵام گشتیان ئەڵێن ئەمیر (بۆداق بەبە) سەرداری یەکەمی بابانەکانە. گەرچی ناوی بۆداق تورکییەو بەوەدا گومان ئەکرێ کە ئەم سەردارە ئەبێ تورک بووبێ. بەڵام ڕاستییەکەی وەها نییە. بە مێژوو ساغبووەتەوە کە ئەتەوە موسوڵمانەکان ئەم جۆرە فەرقەیان نەکردووەو تێکڕا ناوونیشانی یەکترییان بەکارهێناوە وەکو: لەوسەردەمەدا لەناو ئیسلامەکانا چونکە تورکەکان دەستەڵاتدار بوون ئومەرای ئەتەوەکانی تر ناوی ئەوانیان بە شانازییەوە بەکارهێناوە. لە مێژوودا دەنگ وەهایە بابانەکان سەرجەم پێنج خانەدان بوون، سەرەتای حوکمیان لە سەدەی نۆیەمی کۆچییەوە دەستیپێکردووە. یەکەمین سەرۆک لە خانەدانی یەکەمە (میر بۆداق بەبە)ی کوڕی میرئەبدالْ بووە. ئەم بەگزادە سەرڕەشك و ئازایە لە موکریانا ناوی دەرکردووە. وڵاتی (لاجان)ی لە خێڵاتی (زەرزا) و ناوچەی (سێوێ)ی لە ئەمارەتی سۆران و (سەڵدۆز)ی لە قزلْباشەکان سەندووەو لەگەڵ موکری و بانەدا ئەمارەتێکی بەهێزی پێکەوەناوە. لە دوای ئەمە شارباژێڕی لە ئەمارەتی ئەردەڵان و کەرکووکیشی لەحکومەتی بەغدا سەندووەو هەردوو حکومەتی تورك و ئێرانی خستووەتە مەترسییەوە. بەڵام بێباکانە لە وڵاتی سۆرانا کە خەریکی ڕاوکردن بووە تووشی بۆسەی بەگزادەی سۆران بووە کوژراوە. لەدوای ئەم (میر بۆداق)ی برازای چووەتە جێی، بەڵام زۆری پێنەچووە مردووەو بەمە یەکەم خانەدان کۆتایی هاتووە. خانەدانی دووەم لە (پیرنەزەر بارام) ناو ئەمیرێکەوە دەستپێئەکا. ئەم بەگزادەیە لە (پیر بۆداق) بووە. ناوچەی (کفری) لە حکومەتی بەغدا سەندووەو خستوویەتە سەرخاکی بەبە. بەمردنی پیرنەزەر خانەدانی دووەم دواییهاتووە. لەمەولا وڵاتی بەبە ئاژاوەی تێکەوتووە، نزیکەی ١٥٠ ساڵ زیاتر یەکێتی بەخۆیەوە نەدیوە لە ٩٢٦ەوە تا ١١٠٠ ی کۆچی. لەم سەردەمەدا وڵات بەدەستی دوو ئاغاوە بووە. ئەم دوو ئاغایە کیشوەرەکەیان بەشکردووە. خانەدانی سێیەم و چوارەم لە بەری ئەم دوو ئاغایەن. ئەم دوو خانەدانە لەدوای ئەختێك ڕێکیی ئیتر بەگژ یەکاچوون. هەرلا ویستوویە خاکی (بەبە) ساغبکاتەوە بۆخۆی جا لەبەرئەم هەراو پشێوییە وڵاتەکە شپرزەبووەو ئیدارەیەکی بنج بەستراو بۆ هیچیان پێکەوە نەنراوە، لەم ناکۆکییەش

حکومەتەکانی عوسمانی و ئێران خێریان نەدیوە، چونکە بەدرادەی ئەم دوو خانەوادانە پەنایان بردوەتەوە لای پادشاکانی عوسمانی و ئێران و لەشکریان هێناوە بۆ سەر یەکتری. هەر کامێکیان سەرکەوتبێ ئەویتری دەرپەڕاندووە، بەڵام خۆشی بووەتە مسکێن، واتە تابیعی حکومەتە مەحمییەکەی. بەمجۆرە ئەم دووبەرەکیی و ناکۆکییانە وەکو بووەتە مەبەستی لەکیسچوونی سەربەخۆییان، ماڵوێرانییشی هێناوە بۆ حاکمەکانی و دواییش بەمیرات بەجێماوە، وەکو لە ئەنجامی کارا ئەمارەتەکەشی پێ لەناوچووە. ئەم هەراو هوریایە لە کاتی حوکمداری سولەیمانی قانوونی ناو پادشای عوسمانی و طەهماسیب شای ئێراندا دەستیپێکردووەو لەدوای ئەوانیش هەر بەردەوام بووە تاکو خانەدانی بەبەی سولەیمانی پەیدابووە.

خانەدانی پێنجەم

بابانی سولەیمانی

مێژووی بابانی سولەیمانی بەوێنەی چیرۆك لە (فەقێ ئەحمەدی دارشمانە) وە دەستپێئەکا. بنەچەی ئەم فەقێ ئەحمەدە بەتەواوی ساغنەبووەتەوە. بێگومان لە ئاغاواتی پژدەرەو لەبەری بەگزادەکانی موکرییە، کە مەرگەو پژدەریان لەژێرحوکمە بووە. فەقێ ئەحمەد لەوانە لە یەکێکیان بووە. لە پژدەرا قاو وەهایە باوکی ناوی کاکە شێخ بووە. ئەم فەقێ ئەحمەدە پیاوماقوولێکی ئازاو زیرەك و بەکاربووە. لە شەڕێکا خزمەتێکی زۆری بۆ حکومەتی عوسمانی کردووە، ئەوانیش ناوچەی پژدەریان ئێجگاری داوەتێ. بەم تەرحە بناغەی خانەدانی پێنجەم کە (بابانی سولەیمانی) یە ئەم مرۆڤە ناودارە دایناوە. ئەگونجێ ئەم ئەمارەتە لەسەردەمی پێشوودا لەژێرحوکمی (سۆران)دا بووبێت، چونکە شەڕو هەرای بابانەکان لەناوخۆیانا نەپساوەتەوە. بەوبۆنەیەوە کزییان هێناوە. بۆیە حاکمەکانی سۆرانی دراوسێیار بەسەریانا زاڵبوون. لەدوای فەقێ ئەحمەد (سولەیمان بەبە)ی کوڕی وەیا کوڕەزای هاتووەتە جێگەی. لەمکاتەدا جێ و شوێنی ئەمارەت (دارشمانە) بووە لە پژدەر وەك دەرئەکەوێ بناغەی ئەمارەتەکە بەڕاستیی ئەم (سولەیمان بەبە)یە دایناوە لەدوای مێژووی (١٠٨٠هـ - ١٦٧٧م). ئەم بەگزادەیە لەو سەردەمەدا یەکەمین پیاوی هەڵکەوتووی ئەوناوە بووە. لە دوای ئەوەی بووەتە سەرداری (مەرگە) و (پژدەر دەستیکردووە بە گەورەکردنی سنووری قەڵەمڕەوەکەی. هەموو وڵاتی شارەزووری (کە گشت لیوای سلەیمانی ئێستایە)، داگیرکردووە. ئەمجا چاوی بڕیوەتە کەرکووك،

ئەویشی زەوتکردووە. دلاوەر پاشای موتەصەریفی کەرکووکی لەشەڕا کوشتووە ۱۱۰۲هـ ۱٦۹۰م وە هەموو بارگرانی لەشکرەکەی بەتالان بردووە. لەسەرئەوە لە بەغداو موسڵەوە لەشکرێکی زۆربەی هاتووەتە سەر، بەلام هیچیان پێ نەکراوەو گەڕاونەتەوە.

پایتەختی گواستووەتەوە بۆ قەلاچوالان

لەمەولا میرسولەیمان تەختێك ئارامیگرتووە، ئینجا دەستیکردووە بە ڕێکخستنی فەرمانی وڵاتەکانی. لە دوای ئەوە ڕووی کردووەتە وڵاتی ئەردەڵان. بەڕاستیی ئەم سەرداره نیازی بووە حکومەتێکی گەورەی کورد پێکەوە بنێ. لەبەرئەوەش بووە چاوی بڕیوەتە ئەردەڵان کە ئەم تورڕە گەورەی کوردە بخاتە ژێرحوکمی خۆیەوە. بەلام لە ئەنجامدا ئەم ئاواتەی سەرینەگرتووە. بەرامبەر لەشکری ئێران و ئەردەڵان کە بەگژ یەکاچوون خۆی شکاوەو گەڕاوەتەوە. تومەز عوسمانییەکانیش چاوەڕێی هەلێکی وابوون کە بۆیان هەلکەوێ. کاتێك کە دەنگی ئەم شکستەیان بیستووە سوپایەکی ئەستووریان ناردووەتە سەر ئەمیری بەبەو شەڕێکی خوێنینیان لەگەڵ کردووەو شکاندویانە (۱۱۱۱هـ – ۱٦۹۹م). میرسولەیمان بەم نشوستە هەموو شتێکی لەکیسچووە. ئەوەندەی پێکراوە سەری خۆی هەلگرتووەو چووەتە ئەستانبوول. لەوێ لە پاش بەینێك حکومەتی عوسمانی لێیبوردووەو ناردوویانەتەوە بۆ وڵاتەکەی خۆی کە ناویاننابوو (سنجاقی بابان)و خستبوویانە سەر ئیدارەکەی کەرکووك. لەمەولا میرسولەیمان لە قەلاچوالان لە ژێر مسکێنایەتی حکومەتی عوسمانییا ئیدارەی وڵاتی بەبەی کردووە. چیرۆکی زۆر گەرم و بەناوبانگی ئەم چەرخە (دەور)ە هەرای (ئەحمەد کولوان)ە کە لەوێ دوانزە سواری کەڵە مێردی بابانەکان لەشکرێکی چەند هەزار کەسیی ئێرانی شکاندووە. لەناو کوردانی سولەیمانیدا بەناوی (دوانزە سوارەی مەریوان)ە، وە ئیستەش ناوبانگی ئەم ڕووداوە ماوە. لەدوای نشوستهێنانی سوپای بەبە، ئەمیر سولەیمان هاتووەتەوە بۆ قەلاچوالان و لەوێ مردووە. لەم کاتە مەینەتییەدا هەندێ عەشرەت کەوتووەتە سەودای جیابوونەوە لە ئەمارەتەکە. خێڵی زەنگەنە یەکێکبووە لەو عەشرەتانە. ئەمانە هەڵیانکوتاوەتە سەر کەرکووك و

گیرپانکردووه. کاری ڕاست بێت لەوکاتەدا بەکر بەگ ناو نەمیرێکی نازای بابان بە مدبیری جوان وبەجێ، هۆشێکی هێناوەتە بەر ئەمارەتەکەو ڕایگرتووە. بە ڕێکەوت مکاتەدا عوسمانییەکانیش گیرۆدەی ناوخۆیان بوون، هەر لەم چەرخەدا عێلی جاف ، ئێران کۆچی کردووەو خزاوەتە شارەزوورو لەسەر ڕژێمی کۆچەریی دامەزراوە. ەپێی بەڵێنی ئاشتی کە لەناوەند حکومەتی ئێران و عوسمانییدا بەستراوە لە ساڵی ١٠٤هـ - ١٦٣٩م دا، کوردستانی خواروو لە ناوەند شیعی و سوننیی دابەشکراوە، ەرێمی ئەردەڵان و عێلانی کەڵوڕ بەتەواوی بەر ئێران کەوتووە. ناوچەی موکرییش ووەتە دوو بەش. بەشی لای باشووریان کە شارەزوور بوو بەرعوسمانییەکان کەوتووە ەمجا ئەمارەتی بابانی شارەزوور، واتە سولەیمانی ئیستە، کە لای سەرەوە باسکرا، لەم ەردەمەدا بنیاتنراوە. بەڵام داخیگرانم لەبەر دووبەرەکیی و ناکۆکیی بەگزادەکانی وای میرسولەیمان بەبە تەقەلای دامەزراندن و هێزسەندنی ئەم ئەمارەتە هیچ سەری ەگرتووەو لە ناحەزیی ناوەندی ئێران و عوسمانییەکان قەت خێری نەدیوە. ەگەرچی (بەکر بەگ)ی ناوبراو تینی ئەمارەتەکەی هێناوەتەوە قەوام و هەموو ەرزەمینی شاخستانی خۆرهەڵاتی ڕێگەی کفری - پردێی خستوەتە ژێرحوکمی ئۆیەوە. جا پەلەی ئەوەی بووە کە کەرکووکیش داگیربکات. بەڵام کە چووە بەگژ والی ەغدادا، لەشکرەکەی بەرگەی نەگرتووە، خۆی شکاوە (١١٢٦هـ ١٧١٤م) ئەمجارە بەتەمای ێبووردن ڕوویکردووەتە بەغدا بەڵام کەڵکی نەگرتووە دەست و برد کوشتوویانە. ەمە ئەمارەتەکەی سەرلەنوێ کزبووەتەوەو کەوتووەتە ژێر دەست حکومەتی عوسمانی. تەنانەت سەردەمێك ئەمارەتەکە ئەمیریشی نەبووە. لەمکاتەدا ەگزادەکانیش بێدەستەڵات بوون. لە دواییدا عوسمانییەکان بۆ ئیدارەی وڵاتەکە چارەیان نەما لەگەڵ بابانەکان ئاشتبوونەوە. ئەمجا پلەی پاشایەتییان داهێنا بۆ ومەرای بابانەکان. ئەوەندە هەیە لە هەرای تازەی تورك و ئێرانا کە لە ئەسفەهان ەشکریان پێکهەڵپژا تیپە سوپای بابان کە بۆ کۆمەکی عوسمانییەکان چووبوو، ەگەرمەی شەڕا دەستی لەشەڕهەلگرتووەو کشاوەتەوە. لەسەرنەوە سوپای عوسمانییەکان شکاوە. بەمجۆرە خانە پاشای بەبە تۆڵەی خوێنی بەکربەگی مامی لە

حکومەتی عوسمانی کردووەتەوە. بەڵام ئەم خانە پاشایە ساڵی دوایی سەرلەنوێ چووەتەوە ژێر دەستەڵاتی عوسمانییەکان. گەلێك فەرمانی باشی لە ئازەربایجان بۆ بەجێهێناون. کەچی لەسەرئەمەشا والی بەغدا لە تەوریز بە کوشتی داوە. لەدوای بەینێك خالد پاشای برای خانە پاشا کراوە بە حاکمی بەبە. لەمکاتەدایە (نادرشا)ی ناودار لە ئێراندا پەیدابووە (١١٤٣ هـ ١٧٣٠م). خاکی بابان لەمەولا بووەتە سەرەڕێی سوپای (نادرشاه) هەمیشە بەڕێوەبووە بۆ سەرخاکی عوسمانی. هەندێك بەگزادەی بەبە هەبوون لەوکاتەدا ببوونە دەستەو دائیرەی نادرشاه. سەلیم پاشای کوڕی بەکر بەگ سەرکردەی ئەم دەستەیە بووەو لە قەڵاچوالانا جێگیرببوو. لەمەوە کۆمەلگیریکردنی ئێرانییەکان لەناو بەگزادەی باباندا پەیدابووە. بەم هۆیەوە لە ١١٦٧هـ ١٧٥٣م دا والی بەغدا بە لەشکرەوە هاتووەتە سەرخاکی بابان. لەشکری سەلیم پاشا لای کفری ڕێی لەم لەشکرە گرتووە. بەڵام چونکە دەرەقەتی نەهات خۆی شکاو ڕایکردە ئێران. ئەوسا والی بەغدا سلێمان پاشای کوڕی خالد پاشای داناوە بەحاکمی بەبە. لەدەوری ئەم سلێمان پادشایەدا ئەمارەتی بابان دیسان هێزی پەیاکردوەتەوە، سەلیم پاشا دووجار بەلەشکری ئێرانەوە هاتووەتە سەر خاکی بەبە. بەڵام هەردوو جارەکە خۆی شکاوە. ئەمجارە والی تازەی بەغداد لەباتی خەڵاتی بکا کەچی شەڕی بە سلێمان پاشا فرۆشتووە، چونکە لێینەترساوە. ئەوسا سوپای هەردوولا لای (قەشقە-شاخی حەمرین) بەگژیەکاچوون. کەچی لەشکری سلێمان پاشا شکاوەو خۆشی نەوەستاوە ڕایکردووەتە (ئێران). لەوێ شای ئێران و کوردان کەریم خانی زەند قەدری گرتووەو کردوویەتی بە حاکمی ئەردەڵان. بەڵام لەدوای بەینێك بەڕەزامەندی والی تازەی بەغداد دیسان بە حاکمییەتی هاتووەتەوە قەڵاچوالان. لەسەرئەمە ئەمجا ئەحمەد پاشای برای ڕایکردووە. بەمجۆرە ئەمارەتی بەبە دیسان بۆ سولەیمان پاشا ساغبووەتەوە. بەڵام چ فائیدە؟ زۆری پێنەچووە لە قەڵاچوالان لەخەوا کوژراوە (١١٧٩ هـ ١٧٦٥م). لەدوای ئەمە لەسەر خۆخۆریی بەگزادەکان و تەقەلادانیان بۆ حوکمکردن لەسەرخاکی بابان، دووبارە هەراو هۆریا پەیدابووەتەوە، وە بەم بۆنەیەوە لە ناوەند حکومەتی بەغداو حکومەتی کەریم خانی زەندا گەلێك خوێن ڕژاوەو لە ژێرپێی

لەشکری هەردوولادا خاکی بابان پەرێشان بووە، لە جیاتی ئەم کوێرەوەریی ئ
مەینەتییانە بەگزادەکانی بەبە ئەوەیان پێبڕاوە کە جارو دووجار و سێ جار ببر
بەحاکم، وە دەرپەڕێنرێن لەوڵات و دوورخرێنەوە لە حوکم. ئەمانە هەمووی
لەسەردەمی حوکمی قەڵاچوالاندا روویداوەو تا مێژووی ١٠٩٩هـ ١٧٨٤م درێژەی کێشاوە
لەمکاتەدا هێزو برشتی حوکومەتی بەغدا کزبووەتەوە. بەم بۆنەیەوە بەگزادەکانی
بابان لە بەغداد قەدریان پەیداکردووە، گەلێکیان لەوێ دانیشتوون، وە بە پارەو ب
ماڵ والییەکانیان کردووە بە دۆستی خۆیان و بوون بە پشتیوانی حاکمەکانی
قەڵاچوالان و هێزسەندنی ئەمارەتەکەیان. پشتی حکومەتی بەغدا بە لەشکری بابان
و بەگزادەکانیان قایمبوو کە بیانکا بەگژ ئێرانا وە یا عەشایری یاخی عەرەبی
عیراقیان پێ تەمێ بکات. کوردەکانی بابان زۆر ئازابوون، گەلێك جار ئەم جۆر
تەکلیفانەی حکومەتی بەغدایان بەجێهێناوەو حکومەتی ئەوێیان لە تەنگوچەڵەمە
رزگارکردووە. سوپای بابانەکان رێکوپێك وپڕچەك بوو. ئەفسەرو بەگزادەی بەبە
بەجلی جوانو ڕازاوەی عەسکەرییەوە لە بەغداد بە حورمەتەوە ئەژیان. ئەمر
فەرمان و مەشقو تەربییە بەکوردی بوو. لەبەرئەوە لە عەسکەرایەتی زۆر چال
تێگەیشتبوون. بەڵام بەرامبەر ئەم جەوهەرو ئیمتیازە جوانانە شەڕو هەرا
ناوخۆیان وجاروبار هێنانی لەشکری بێگانە بۆ سەر وڵاتەکەیان نرخی قەومایەتی
کەمکردبوونەوە، وە هیوای پاشەڕۆژی ئەمارەتەکەیان کەوتبووە تاریکییەوە
بەکورتیی: حاکمەکانی بەبە لەبەر ناکۆکی ناوخۆیان ئەیان پەرژاوە بارستی
ئەمارەتەکەیان بەرزبکەنەوەو لەولاشەوە لەگەڵ حکومەتی بەغدادیشا لەدوا
ئاشتیی، زوو تێکچوونەوە. لەبەرئەوە سلێمان پاشای والی بە لەشکری بەغداد
بەگزادە ناحەزەکانەوە هاتووەتە سەرخاکی بابان. مەحموود پاشای حاکم کە ئەمە
دی، زانی ناتوانێت بەرامبەریان بوەستێ، وڵاتی خۆی بەجێهێشت و چوو بۆ سنە
لەسەر ئەمە سلێمان پاشای والی، ئیبراهیم پاشای برازای مەحموود پاشای کرد ب
حاکمی بابان (١١٩٨هـ - ١٧٨٣م). ئەم بەگزادە تێگەیشتووە ئەمیرێکی زیرەك بوو و
لەبەغدادا ژیابوو، پەسەندکراوی والی بوو. حەزی لە ژیانی شارستانی ئەکرد

لەبەرئەوە نەیویست لە دێی (قەڵاچوالان)دا بژی، بەڵکو ئەیویست شارێك بنیات بنێت. لەسەرئەوە هیچ نەوەستا لەجێی ئیستەدا شاری (سولەیمانی)ی بنیاتناو کردی بە پایتەختی حکومەتی بابان.

بینای سولەیمانی ١١٩٩هـ ١٧٨٤م

شاری سولەیمانی ئیبراهیم پاشای بابان لە مێژووی ١١٩٩هـ ١٧٨٤م دا لای دێی (مەلکەندی)وە لەکن سەرای مەحمود پاشای مامی بناغەی داناوە. هەر لەو ساڵەدا دەزگاو دائیرەی فەرمانڕەوایی براوەتە ئەوێ. مزگەوت، حەمام، بازاڕ، سەراو چەند خانوویەك بۆ ئیش وکاربەدەستی حکومەتیی تیادروستکراوە. ئەمجا گواستوویانەتەوە ئەوێ. یادگاری هەرە جوانی بابانەکانو خزمەتی هەرە پەسەندو پایەداریان بۆ کوردان دروستکردنی ئەم شارەیە. ئیبراهیم پاشاو ناوی شارەکەی بەناوی سلێمان پاشای گەورەی والی بەغداوە ناوناوە. ڕەنگیشە بەناوی کوڕەکەیەوە کە (سلێمان)ی ناوبووە ناوی نابێت. لەم سەردەمەدا یاخیگەرەکانی عەرەب بەهێزی چەکی سوپای بابانیی تەمێکراوە. بەو هۆیەوە بەگزادەی بەبەو هەندێجار حاکمەکانیان هەمیشە بەڕێوە بوون ئەچوونە بەغداو لەوێوە ئەچوونە سەر یاخییەکان. جا بەمبۆنەیەوە بابانەکان بڕوایان بەخۆیان پەیداکردبوو، تیایانا هەبوو ئەیویست حکومەتێکی سەربەخۆ پێکەوە بنێت. بەڵام ئەخۆشییە میراتییەکەیان، واتە ناکۆکییەکەی ناوخۆیان هیچ کاتێك بواری نەئەدان کە ئەم بیرە پیرۆزەیان سەربگرێت. لەبەرئەوە ئیبراهیم پاشاو عوسمان پاشاو ئەوڕەحمان پاشای حاکمانی بابان دووجارو سێ جار چوونە سەرمەسنەدی ئەمارەت و عەزلکران، والی بەغدا بە فکرێکی سیاسی هەمیشە تێکیداون و ناکۆکیی خستووەتە ناو بەگزادەکانی بەبەوە. کە یەکێکیان دانایە لەسەرتەختی ئەمارەت تاقمێکی تریان ئەکردە ئەدیمی خۆیان و بۆ تەنگانە لە بەغدا دایانئەنان. وایلێهاتبوو لە سلێمانی ببووە عادەت کە حاکمێکی بەبەی تازە ئەهات دەستەو دائیرەی حاکمی پێشوو لەشارو لەخاکی بابان ئەچوونە دەرەوە. بەڕاستیی کوردەکانی عێراق لەمکاتەدا بۆ هێز پەیدا کردنی حکومەتی بەغدا هەمیشە خوێنی خۆیان بەختکردووە. کەچی بۆ پاشەڕۆژی قەومی خۆیان تۆزێك هۆشیارییان نەنواندووە. ئەمجۆرە ڕەوشتە هەتا ١٢١٩هـ ١٨٠٤م بەردەوام بوو لەم ساڵانی دواییەدا (وەهابییەکان) حکومەتی عوسمانیی خستبووە ترسەوە. وەهابییەکان دەمیان

ژمندبووه عێراق. ئەورەحمان پاشای بەبە دووەمجار کەبووەتە حاکم، لە سلێمانییەوە لەگەڵ لەشکری خۆیا چووە بۆ بەغداو بەسرەو ئەحساو چووە بەگژ وەهابییەکاناو بەربەرستیکردوون. لەم هەرایانەدا لەبەر گەرما گەلێك لە کوردەکان مردوون. لەسەرئەوەشا کە گەڕاوەتەوە والی بەغدا لە جیاتی ئەوەی خەڵاتی بکات لێی تووڕە بووە. لەسەرئەمە ئەوڕەحمان پاشا یاخیبووە، خەریکبووە بانگی سەربەخۆیی هەڵبدا، بەڵام هەندێك لەخزمەکانی خۆی ئەمەیان بە هەلزانی چوونە بەغداد لەگەڵ لەشکری ئومەرای کوردی باکوری عێراقا هاتن بۆ سەر سلێمانی. ئەوڕەحمان پاشا لە پردێ (ئاڵتوون کۆپری) داویە بەسەر ئەم لەشکرەداو تارومارى کردوون. لەدوای ئەمە ئینجا والی بەغداد بە لەشکرێکی زۆرەوە خۆی هاتووە بۆ سەرسلێمانی. ئەوڕەحمان پاشا کە ئەمەی دی داوای کۆمەکی لە ئێران کرد. ئەنجامی کار لە (دەربەندی بازیان)دا هەردوولا شەڕێکی قورسیان کرد. بەگزادە ناحەزەکانی بابان لە هەردوو تەنیشتەوە پشتی سوپای ئەوڕەحمان پاشایان پێچا. لە ئەنجامی جەنگدا ئەوڕەحمان پاشا شکاو وڵاتی بەجێهێشت و چووش بۆ ئێران لە ١٢٢٠هـ. درێژە کردنی ئەم شەڕانە حکومەتی ئێرانیشی تێوە گلاندووە. لەشکری سلێمانیو بەغداد هاتوومەتە (مەریوان لەوێ لای گۆمی (زرێبار) ئەوڕەحمان پاشا بە لەشکرێکی کەمەوە عامبازیان بووە، بە ئازایی و چالاکی خۆی لەشکری دوژمنی شکاندووەو گەلێکی لەو لەشکرە بە دیل گرتووەو ناردوویەتی بۆ تاران. سەرداری لەشکری بەغدا لەناو ئەم دیلانەدا بووە ئەمجا ئەوڕەحمان پاشا بەشانازیی سەرکەوتنەوە هاتووەتەوە بۆ سلێمانی. لەسەرئەمە حکومەتی بەغداد بەناچاریی پایەی ئەمارەتی دایەوە بە ئەوڕەحمان پاشا کە ئەمە سێهەم جاربووە سەندبوویەوە. بەڵام بە فیتی بەگزادە ناحەزەکانی بەبە، والی تازەی بەغدا سلێمان پاشای لاز بیری تێکچوو. دووبارە لە بەغداوە سوپایەکی قورس ڕێکخراو نێرراوەتە سەر ئەمارەتی بابان. لە (دەربەندی بازیان)دا کوردەکانی بەبە بۆ پاراستنی سەربەستیی نیشتمان ئەمجارەش شەڕێکی مەردانەیان کرد. بەڵام دوژمن دەچەندانەی ئەمان بوو. خەیانەتی ناو خۆشیان سەرباز بووە. دەستەی ناحەز بەدزییەوە ئەمجارەش پشتی لەشکری ئەوڕەحمان پاشای گرت. لەسەرئەوە سەرداری بابان بەناچاریی مەیدانی شەڕی بەجێهێشت و چووە ئێران ١٢٢٣ هـ ١٨٠٨م. حکومەتی ئێران چونکە بۆ سیاسەتی بەکەڵکبوو، دووبارە لە سەر ئەوڕەحمان پاشا هاتەجواب ئەوسا والی بەغدا نەیتوانی بەرامبەر بە ئێران بوەستێت. کەڕەتی چوارەم ئەوڕەحمان پاشای کردەوە بە حاکمی بابان. لەمبەینەدا کۆلەمەنەکانی بەغدا کەلکەڵەی

سەربەخۆیی بۆ خۆیان هەڵی پێچابوون، والی بەغدا خۆی سەرداری ئەم بیرەبوو. لەمکاتەدا دەوڵەتی عوسمانیی زۆر کزببوو. ئەمانەش ئەیانویست خۆیان شتێك بیچڕن. ئەستەمولْ لەمەوە کەوتبووە شکەوە. (حالەت ئەفەندی) ناو پیاو ماقوولێکیان بە سەلاحیەتی زیادەوە نارد بۆ ئەوە کە هەواڵی عێراقیان بە ڕاپۆرت بۆ بنووسێت. ئیشوکار وایلێهات ئەم حالەت ئەفەندییە لەگەڵ لەشکرێکی گەورە لە موسڵەوە چووبووە سەر بەغداد، وە لەسەر داواکردنی ئەم، ئەورەحمان پاشای بەبەش بە ٢٠ هەزار سوارو پیادەوە هاتەسەر کەرکوك، لەوێ یەگدگیر بوون. ئەم لەشکرانە لە نزیك بەغداد شەڕێکی قورسیانکرد، ئازایی کوردەکان شکستی بە لەشکری بەغداد دا. سلێمان پاشا ڕایکرد، بەڵام لە ڕێگا کوشتیان. لەسەرئەمە بەغداد خۆیدا بەدەستەوە. واتە تەسلیم بوو. لەدوای ئەمە حکومەتی عوسمانی ویستی وڵاتی عێراق بدا بە ئەورەحمان پاشای بابان، بەڵام حالەت ئەفەندی ئەمەی بەتەڵزگە (تەهلوکە) داناو ڕای حکومەتی تێکدا. تەنانەت لەجێی ئەم هەموو خزمەت و خەباتە کە ئەورەحمان پاشا کردبووی بۆیان ئەم حالەت ئەفەندییە ئەیویست لەناویبەرێت. بە فرو فێلْ لە بەغداد ئاژاوەیەکی نایەوە، بەدەستو بازووی سەربازەکانی بابان هەراو هەڵلاکە کوژایەوە. ئەمجا حالەت ئەفەندی خۆی لە ترسانا عێراقی بەجێهێشت و گەڕایەوە ئەستەمولْ. حکومەتی بەغدا بە بازووی سوپای ئەورەحمان پاشا ڕاگیرابوو. ئەم تۆزە دەستدارییە خەیاڵێکی تازەی بەحاکمی بابان دابوو، ئەیویست هەولێریش بسێنێ بۆخۆی، بەڵام لەلایەکی ترەوە چونکە حکومەتی عوسمانیی کزببوو، حکومەتی ئێران خۆی لەئەورەحمان پاشا زویرکردبوو. بەرامبەر بەم گۆڕرانی سیاسەتە پێویستبوو ئەورەحمان پاشا عاقڵانە هەڵسوڕێت و لەگەڵ لایەکا بە دۆستی ڕابوێرێت. کەچی پاشا پێچەوانەی ئەمەیکردووە، دڵی والی بەغدای ئێشاندووە. لەسەرئەمە والی بەغداد بێ زانینی حکومەتی ئەستەمبولْ، هەر بۆ ئەوەی ئەورەحمان پاشا بشکێنێ، لەگەڵ حکومەتی ئێرانا یەکیگرت، هەردوولا لەشکریان نارده سەرخاکی بابان، بەرامبەر ئەم گەلە کۆمەکییە ئەورەحمان پاشا خۆی پێنەگیرا، ڕایکردە کۆیە، لەشکری ئێران شوێنی کەوت. ئەوسا والی بەغدا لە چەوتیی بیری خۆی گەیشت و بایدایەوە، تەنانەت ڕاسپێریی عەشایرە کوردەکانی ئەوناوەی کرد واز لە ئەورەحمان پاشا بێنن، بەڵکو لەسەری بکەنەوە. ئەمجا ئەورەحمان پاشا هۆشی هاتەوەبەر وخۆی دەستیکرد بەخۆگرتن بە جۆرێکی وەها ئێرانییەکانیش لە دڵگۆڕینی والی بەغدا گەیشتن (١٢٢٦هـ ١٨١١م). لەسەرئەمە شازادە محەمەد علی میرزای سەرداری ئێران داوای لە والیی

بەغدا کرد کە خالد پاشای بەبە بکرێت بە حاکمی سلێمانی و ناوچەی حەریرو کۆیەش بدرێ بە ئەوڕەحمان پاشاو هەراکە ببڕێتەوە. بەڕاستی هەراو زمناکەش هەروا بەوجۆرە بڕایەوە. ئەم جۆرە کردەوانە تێماننەگەیەنێ کە پیاوی دەوڵەتی ئەوکاتە برشتی ئیداری و سیاسییان زۆر ناتەواو بووە. هەرسێ تاقمەکەی لای سەروو بەرژەوەندیی (مەصڵەحەت)ی دەوڵەتەکەی خۆیانیان نەزانیوە بەجێبێنن؟ لە هەموو لەلایەك زیاتر بابانەکان بە ختوخۆڕایی و هەرلەبەر ڕقەبەرێی ناوخۆ یارمەتی بێگانەیانداوەو نیشتمانیان کردووە بە پێخوستی بێگانە. ماڵو ئازادی میللی خۆیان لەدەستداوە. ڕقی حوکمکردن بە جۆرێك کاری لێکردوون کە هیچ غایەیەکی گشتی و قەومایەتی تریان لەبەرچاو نەماوە. ئەوڕەحمان پاش بەمجۆرە ئاشتییە ڕازیی نەبووە. کارێکی وایکرد والی بەغدای ئاشتکردەوەو جاری پێنجەم بوومەتەوە بە حاکمی بەبە. ئینکار ناکری ئەم سەرداری بابانە زیرەکو وریاو زۆر ئازا بووە. سەودای سەربەخۆیی هیچ دەمێك لە کەللەی نەچووەتە دەرەوە. ئەم هەموو تەقەلایەی بۆ ئەوە بوو کە ئەمارەتەکەی بکات بە حکومەتێکی ڕاستەقینەو سەربەخۆ. بەڵام نە بەگزادەکانی تری بەبە نرخی ئەم بیرەیان زانیوەو نە کۆگای خەڵکی بەبەش ئەوەندە بیرڕووناکبوون کە ڕێی ئەم حاکمە بیربەرزەی خۆیان بگرن و گشتیان پشت بدەنە پشتی، تا کاری خێری سەربەخۆیی ئەگەیەننە ئەنجام. بێجگە لەمە خەیانەت و دووڕوویی خزمەکانی و فێڵ و فەرەجی والییەکانی بەغداو ئومەرای ئێران و بەد هەڵکەوتنی جوغرافیایی وڵاتەکەش ببووە دوژمنی ئەم سەربەخۆییە. لەبەرئەمانە ئەوڕەحمان پاشا کە بووەوە بە حاکمی بابان و لە سلێمانی دامەزرایەوە، ئەمجە ئێرانیکرد بە دۆستی خۆی پەلاماریدا هەولێری داگیرکرد تەنگی بە کەرکوکیش هەڵچنی. لەسەرئەمە والی بەغدا کەوتە مەترسییەوە، لەشکرێکی زوربەی هەڵگرت و هات بۆسەر سلێمانی. لەملاشەوە ئەوڕەحمان پاشا بە سوپای بابانەوە ڕووی کردووەتە بەغدا، لە کفری هەردوو لەشکر تێکئالان. ئازایی و بەجەرگیی سوپای بابان لەشکری بەغدایی شپرزەکرد. دەستەی کۆڵەمەن و پیادەکانیان شکاند. سوارەی کورد خەریك بوو پشتی دوژمن بگرێت، بەڵام ئاگری تۆپخانەی دوژمن لەمساتەدا بووتە هۆی کوشتارێکی زۆر لە سوپای بابان. ئەم کارەساتە هێرشەکەی وەستاندووە. گەلێك بەگزادەی بابان و پیاوماقووڵ و ئەفسەران لەمکاتەدا کوژراون. هەر لەودەمەدا ئەوڕەحمان پاشا لە باتی خەریکی ڕزگاربوونی لەشکرەکەی بێ کەچی کەوتووەتە سەودای ڕزگارکردنی گیانی خۆی لەگەڵ چەند سوارێکا ئەو لەشکرە ئازایەی

بەجێهێشتووەو چووە بۆ ئێران. بەڕاستیی ئەم کردەوەیەی دوایی ئەوڕەحمان پاشا پێچەوانەی دەستوورو ڕەوشتی قوماندارێتیبوو. لەدوای ئەمە سوپای بابان تەفرو توونا بووە، تا ئێرە سێ جار خالید پاشاو پێنج جاریش ئەوڕەحمان پاشا ببوونە حاکمی سلێمانی. پەنا بردنی ئەمجارەی ئەوڕەحمان پاشا هەلێکی تازەی دایەوە بە ئێران کە لە خاکی جوانی باباندا دەستەڵاتیان تازە ببێتەوە بەوهۆیەوە ئێران دەستیکرد بە شەڕفرۆشتن بە حکومەتی عێراق، بەڵام بۆ ئەوەی شەڕ دانەمەزرێت حکومەتی عێراق بە تەکلیفی ئێران ڕازیبوو. جاری شەشەم ئەوڕەحمان پاشای کردووەتەوە بە حاکم لەسەر وڵاتی بابان لە ١٢٢٨هـ – ١٨١٢ زایینی دابەڵام ئەوڕەحمان پاشا لەمەودوا ئەوەندە نەژیاوە لە دوای ساڵێك مردووە. بەڕاستی ئەم سەرداری کوردە یەکەمین زرنگ و ناوداری بابانە، بەدبەختیی خۆی و وڵاتەکەی مەیدانی نەداوە بە هیچ ئاواتێك بگات. ئەوڕەحمان پاشا تێکڕا ٢٤ ساڵێك حاکمییەتی کردووە. حاکمێکی زۆر دینداربووە، قەدری شەریعەتی ئیسلامی گرتووە، زانستی و زانایی زۆرخۆشویستووە. هۆشی قەومایەتی ئێجگار بەرزبووە. لەدوای ئەوڕەحمان پاشای گەورە مەحموود پاشای کوڕی بووەتە حاکم. لەم مێژووەوە ئەمارەتی بابان ٣٩ ساڵی تر ژیاوە. بەڵام نەك ژیانێکی وەك جاران، بەڵکو لە جاران گەلێك بێهێزتر ژیاوە. لە بەگزادەکانا ئێرێتی و ئازایەتی قەومایەتی جاران نەماوە، بەڵکو هەموو ئاواتیان هاتووەتە سەر ئەوە کە حوکم بەدەستی خۆیانەوە بێت نەك بە دەستی ناحەزیانەوە. بیری سەربەخۆیی وەیا کوردایەتی لەکەللەیاندا نەماوە. سەیرئەوەیە هەموو پێیان لە چەوتیی ئەم حاڵەتە ناوە، کەچی ڕێگای ڕزگاربوونیان نەدۆزیوەتەوە. لەم سەردەمەدا لەبەر دەستەڵاتی زیادیی ڕووسەکان هێزی حکومەتی عوسمانی لە جاران زۆر کەمتر بووەتەوەو هەر لەبەرئەوە حکومەتی بەغدادیش وەك جاران بەرامبەر ئێران هیچی پێ نەئەکرا. بە کورتی نشوستییەکی گشتی پەیدا ببوو. ئێرانییەکانیش تینی جارانیان نەمابوو، بەڵام هێشتا لە عوسمانییەکان چاکتربوون، وە هەر لەم سەردەمەدا وڵاتی بابان بەنەخۆشیی تاعوون و ڕشانەوە زۆر شپرزە بووە. ئینجا لەبەر ئەم هەموو هۆیانە ئەمارەتی بەبە نرخی جارانی نەماوە. مەحموود پاشا حاکمێکی زۆر ژیرو تێگەیشتوو ولەسەرخۆ بووە. ویستوویەتی خاکی بابان بەمەردیی ئیدارە بکاو بەرزیکاتەوە. بەڵام ئەم گیانپاکیی و دەروون چاکییەی بۆ نەئەچووە سەر چونکە سیاسەتی وەخت دوو ڕوو بوون خزمەکانی خۆیشی لەو سیاسەتە دووڕووتربوون. لەبەرئەوە هەموو گێرۆدەی دووڕوویییەکە ببوون کە بۆ ئەنجام خراپیی ئەمارەتەکە

ئەمە لە هەموویان کوشندەتر بوو. حکومەتی بەبە لە ناوەند مەحموود پاشاو عەبدوڵڵا پاشاو سلێمان پاشادا کەوتبووە گێرەوە. ئەم ئەهات ئەو ڕایئەکرد. یەکێکیان خەریکی دامەزران بوو، ئەویتریان بە لەشکری بێگانەوە ئەهاتە سەری. بەکورتی مەحموود پاشا تا دوا ڕۆژ دڵسۆزی ئێران بووە، زۆرجار لەگەڵ پاشا کوێرەی ڕەواندوزیشا بەشەڕهاتووە، جا بەم هەراو زرمە زلێیانە ئەمارەتەکە ئەوەندە وێران بووە زیانی ماڵ و گیان ئەنەهاتەوە حیساب. بەڕاستی خاکی بابان لەکیس نومەرای بابان چووبوو. دەستەڵات و حوکم ڕەوایی کەوتبووە دەست ئێران و بەغداد ئەو موڵکە پڕ خوێنەی بابان کە جاران سەری لە بەغداد تێکدا بوو ئێرانیشی ئەسڵەماندەوە ئیستە بەدەست چەند هەزار عەجەمێکەوە دامابوو لەوکاتەدا کە سلێمان پاشا حاکم بووە هەرای (حەمە شەریف هەمەوند) پەیدا بووەو سلێمانی پێچاوەتەوە. ئەم سلێمان پاشایە لەسەر حوکم ماوە تا مردووە، ئەوسا أحمد پاشای کوڕی چووەتە جێی لە ١٢٥٤هـ ١٨٣٨م دا. ئەم ئەحمەد پاشایە زۆر زیرەك و هۆشیار بووە. ویستوویەتی حکومەتی بابان بژێنێتەوە، لەشکرێکی بچووکی بە تۆپخانەوە پێکەوەناوە، بەڵام حکومەتی بەغداد لەم تارەکاتە کەوتووەتە مەترسییەوە. ئەمجارە والی بەغداد ویستوویەتی بەیەکجاری ئەم ئەمارەتە ناساغە لەناوبەرێت. بۆیە بەلەشکرەوە بەسەرکۆیەدا چووەتە سەر سلێمانی. سوپای سولەیمانییش بۆ شەڕکردن چووە بە پیریەوە. کەچی لەدوای ئەوە ئەم لەشکرە بێ شەڕکردن بڵاوەی لێکردووە ئەوکاتە ئەحمەد پاشا ڕایکردووە بۆ ئێران و لەوێوە چووە بۆ ئەستەمبوڵ. ئەمجا عەبدوڵڵا پاشا کراوە بە قائیمقام نەك بە حاکم، وە لە دوای چوار ساڵ بانگکراوەتەوە بەغداو نێراوە بۆ ئەستەموڵ وە پاشایەکی تورکیان لەجێی ئەو لە سلێمانی داناوە بەمجۆرە ئەمارەتی بابانی سلێمانی لە دوای حوکمڕانییەکی دوو سەد ساڵیی گیانی بە ئیستیعمار سپاردووە.. (١٢٦٧ هـ – ١٨٥١م)[1].

شارستانیەتی وڵاتی بابان:

لەلایەن هەواڵی ناوخۆیی ئەمارەتی بابانەوە هەتا ئێرە گەلێك باس نوسراو، قسەمان لەهەواڵی ئەهالی و تەبەقەی ماقوڵانی قەومەکە کرد کە چەندە ناحەزی یەکبوون و چییان بەسەریەکتری هێناوە، پیاو کە کردگاریان ئەگێڕێتەوە ماتەمێنێ

---

[1] هەموو باسەکانی جزمی دووەم.

نەیگرێ. هەر زانای وەك (مستەر ریچ)و (مستەر لۆنگریك)و (فرازەر) كە لە كوردستانی بابانا بەساڵەها ژیاون، نەزانن ئەمانە چییان بەسەرهاتووە چونكە بۆ ئەم مەبەسە زۆریان توسیوە. کەسێك گەردشەکانی ئەم زانایەنەو مێژووە جوانەکەی (تەئریخی سلێمانی) ی ئەمین زەکی بەگ بخوێنێتەوە لەمەینەتی ئەهالی و ماڵوێرانی و بەدبەختی وڵاتی بابان ئەگات. ئەوانەی هەوەسی موتاڵایان زۆرە با ئەونوسزاوانە بخوێننەوە بەڵام تەنیا ئەوەشم بە پێویستزانی لێرەدا تۆزێك لە چەندوچوونی هەواڵو جوغرافییاو کشتوکاڵو پیشەسازیو ئابووری وڵاتی بابان بدوێم. وڵاتی بابان کە ناوچەیەکە لە کوردستان سەرزەمینێکی کەژو کێودارو ئاودارە، سروشت هەموو چاکییەکی پێبەخشیوە. بۆ کشتوکاڵ مانەندی نییە. بە ملیۆنەها مەردوم ئەژێنێت. هەموو جۆرە دەغڵودان و کشتوکاڵی زستانەو هاوینەی تیا ئەکرێت وەکو پەموو، توتن و مەرەزەو دارو درەختی میوەدار بەرهەمئەهێنێ. بەڵام لەبەر نائەمینیی و رەفتاری جەنگی ناوخۆ ئەم خاکە جوانە ئەوکاتە وەك چۆڵی لێهاتووە. وەهەرلەبەرئەوە بۆ پیشەسازییش ئەهالییەکە مەیدانی نەبووە. لەبەرهەراوزەنا کێ توانیویەتی دابنیشێت تەونو جۆلایی تیابکات. بۆ لەبەرکردن ئەگەر فریاکەوتبن بەجۆلایی لە خوریی و لە مەرەزە شاڵیان ئەکردو لە دەزووی لۆکەش جاویان ئەکرد. بەڵام لەبەر زرمەزلێ و هاتوچۆی شەڕکردن بازرگانی و کاسبیی پەکیکەوتووە لەسەرئەوەشا نەختێك دەرفەت بووبێت میوەیان پێگەیاندووە لەوڵاتی کەرکووك فرۆشتوویانە.

بێینەوە سەر جوغرافیای وڵاتەکە:

خاکی بابانو سنوورەکانی لەبەر شەڕو هەرا هەمیشە گۆڕاوە. خاکی (کفری) سنووری باشوری وڵاتەکە بووە. زەنگەنەو زەندو ناوچەی چەمچەماڵو سەنگاو و شوان و قەڵا سێوکەو هەموو سەرزەمینی لیوای سلێمانی ئیستەو جوانڕۆو تا ڕووباری سیروان و لای ڕۆژاوا تاکو زێی بچووك و قەرە حەسەن و بەرێکەوت زەنگا باد و مەندەلی و بەدرەو جەسان و پردێ و هەولێر کەوتۆتە ژێرحوکمی بابانەوە و لە

هەنگامی خانە پاشادا ناوچەی سنەشیان بەدەستەوە بووە جا بەمجۆرە هەواڵی هەشت حکومەتە سەر بەخۆکانی کورد لێرەدا تەواو بوو[١].

لەدوای بێهێزیی خەلافەتی ئیسلام هەواڵی کوردو کوردستان

١- کورد لە سەردەمی بۆیەهییەکانا: لە ٣٣٠هـ تا ٤٤٧هـ (٩٤١ - ١٠٥٥م):

کاتێك کە عەبباسییەکان بێدەستەڵاتبوون، نەتەوە موسڵمانەکان دەستیانکرد بە تەقەلادان بۆ سەربەخۆیی. هەوەڵ کۆ ئەم جووڵەیە لەئێرانا پەیدابووە، چونکە لەناو هەموانا نەتەوە کۆنەکانی ئێران بۆ ئەهات. یەکێ لەو نەتەوانە (بۆیەهی)یەکان بووە (٣٣٠هـ). پادشاکانی بۆ زیندوو بوونەوە ئازادیی ئێران و سەربەخۆیی جارانیان کسپەیان لێوەهاتووە، ئەمانە ویستوویانە هەموو کیشوەری ڕۆژهەڵاتی عەبباسییەکان بخەنە ژێرچنگی خۆیانەوە. لەبەرئەوە دەستیان لە شەڕ هەڵنەگرتووە تا هەموو ئێران و عێراقیان داگیرکردووە. مسکێنی هەرە زۆری ئەو حکومەتە کوردەکان بوون کەوا سەرۆکەکانیان ئەیانویست بە سەربەخۆیی بژین. ئەوەبوو لە ئازربایجانا سەردار (مەرزەبان) خەریکی دامەزراندنی حکومەتی (ڕوادی) بوو ٣٢٢هـ وە (شاباز) شای دۆستەکیش لە دیاربەکردا خەریکی پێکەوەنانی حکومەتی (دۆستەك) بوو (٣٧٠هـ) هەروەها میرحوسنەوییش لەناوچەی شارەزوورو کرمانشای ئێستەدا خەریکی پێکهێنانی حکومەتی (بەرزیکانیی) بوو (٣٥٠هـ). ئەم حکومەتی کوردە بە درێژایی ژیانیان بۆ پاراستنی سەربەخۆیی خۆیان بەگژ حوکمدارانی بۆیەهیدا چوون. کە تەنگەتاوبووبن مسکێنێتییان کردوون و لە هەلکەوتا بایانداوەتەوەو بوونەتەوە بە سەربەخۆکەی جاران. مەلیکەکانی حەمدانی موسڵ و حەلەبیش لەمساتانەدا لە کوردستانەکەی دەوری خۆیانا خەریکی ئەوەبوون کوردەکان بخەنە ژێرچنگی خۆیانەوە. (٣٥٤هـ) لە ساڵی (٣٦٩هـ ٩٧٩م)دا کوردەکانی شارەزوور بۆ بەرژەوەندی یەکتری لەگەڵ عەشرەتی (بنوشیبان) ی عەرەب کە لەوناوچەیەدا دامەزرابوو

---

[١] هەموو باسەکانی جزمی دووەم و چەرخی سەربەخۆیی مێژووی نەتەوەی کورد لەمێژووی کوردو کوردستانی ئەمین زەکی بەگ وەرگیراوە.

یەکیانگرتبوو. (عضد الدولە)ی پادشای بۆیەهی لە بەغداوە لەشکری ناردوونەتە سەر. عەرەبەکانیان بۆ ناو چۆڵی عەرەبستان دوورخستۆتەوەو، کوردەکانیشیان بێدەستکردووە. لە ٣٨١هـ دا لەشکری ڕۆم کە هاتبووە سەر سوریە (احمد کوڕی فحان) ناو سەردارێکی کورد شکاندوونی و ولاتەکەی لەم دین دوژمنانە ڕزگارکردووە. لەم چەرخەدا واتە لە ٣٨٠هـ ٩٩٠م دا حکومەتی (بنوعیاز – عیار)ی کورد لە (شارەزووروو ماهیدەشت) دا پەیدابووە. سەربەخۆ وە نیوە سەربەخۆ (٧٠) ساڵێك ژیاوە ٤٥٢ هـ ١٠٦٠م.

بەکورتی، کوردەکان لە هەنگامی حوکمی بۆیەهیدا لە شۆڕشەکانا چنگیان گیڕاوە. مەرامیشیان ئەوەبووە کە دەستەلاتی بۆیەهییەکان کزبکەن و دەستەلاتی خۆیان بەرزبکەنەوە. لە ساڵی ٣٩٧هـ ١٠٠٧م دا لەشکری بۆیەهی چووەتە سەر کوردەکانی (بەندنیجان)، بەلام لە مەیدانی شەڕا بۆیەهییەکان خۆیان شکان و گەلێك تالان دەست کوردەکان کەوت لە ساڵی(٤١١هـ ١٠٢٠م) یشا کە تێپە سوپای تورکی (شمس الدولە)ی بۆیەهی لە هەمەدان یاخیبوو بە سایەی بازووی لەشکری کوردەوە ئەو تورکە یاخییانە لەناوبراون و فیتنەکەیان کوژاندووەتەوە.

لەسەردەمی هەڵمەتی تورك و مەغۆلدا:

٢- کورد لە کاتی تورکەکانی سەلجووقیدا ٣٢٤هـ تا ٦٠٦هـ

ئەوانەی ڕوانیویانەتە مێژووی ئیسلام، تێگەیشتوون کە شەوکەت و شانی ئیمپراتۆریەتی عەباسیی ڕاستەوخۆ تورکەکان لەناویانبردووە. لە تورکستانی دیمەڕۆکەوە جاروبار عێلاتی تورك ڕوویکردووەتە ولاتە ئاوەدانەکانی ئیسلام. ئەمانە لەدوای دەرفەتێك سواری حکومەتە مەحەللییەکان بوون و داگیریانکردوون. بە هەڵمەتی ئەمانە وەك خەلافەتی عەبباسی لە تینی حوکمڕانێتی کەوتووە سەربەخۆیی کوردەکانیش نشوستی هێناوە. ئێمە لێرەدا تەنیا باسی هەواڵی پاش ئیسلامییەت ئەکەین. عێلاتی (غەز - ئۆغۆز)ی تورکمان پێشڕەوی سەلجووقیەکان بوون. ئەوەبوو لەباسی حکومەتی (ڕوادی)و (دۆستەکی)دا خراپەی ئەم عەشرەتە وەحشەمان دی، کە بە زۆری زووی عێلاتی کورد پێشانی ئەمانە گیراو کوردستان

لەبەربادبوون ڕزگارکرا. بەڵام دیسان خراپەی ئەمانە کاریکردبوو، تینی لەنەتەوەکانا نەهێشتبوو (٤٢٠ هـ ١٠٢٩م) و لەساڵی ٤٦٣هـ ١٠٧١ م دا کە ئالپ ئەرسەلانی پادشای سەلجووقی لە شەڕی (مەلازگرد)دا سوپای ڕۆمی شکاندو ئیمپەراتووری بێزانس (ڕۆمانۆس)ی بەدیلگرت بەرەبەرە هەموو کوردستانیشی داگیرکرد. بەمە گشت حکومەت و ئەمارەتەکانی کوردی ئەوحەلە بووەتە مسکێنی دەوڵەتە گەورەکەی سەلجووقی. کوردەکان وەکوو بوونە مسکێنی سەلجووقییەکان و لەگەڵیشیان ڕاهاتن سەربەستی عەشرەتییەکەیان بۆمایەوە. سەلجووقییەکانیش لەگەڵیانا بەنەرمیی و موداراکردن ڕایانبواردووە. تەنانەت وتەی (کوردستان) لەوکاتەدا (ڕسما) بەکارهێنراوە. هەرچەندە داگیرکردنی کوردستان لە لایەن تورکەکانەوە نەگبەتییەکی گەورە بووە بۆ کورد، بەڵام لەسەرئەوەشا چاویان نەشکاوە. تینی نەتەوایەتییان ئەوەندە قایمبووە بەمانە ورەیان بەرنەداوەو لە هەلکەوتا بۆ ڕزگارکردنی ئازادیی و مافی خۆیان و سەندنەوەی سەربەخۆیی خۆیان هەوڵیانداوەو تۆڵەیان لەناحەز کردووەتەوە. کورد قەت بەتەواوی گیرۆدەی حوکم و هێزێك نەبووەو لە سەدەی ١١ و ١٢ هەمی زایینیدا دووبارە وریابووەتەوە. لەگەڵێك شەڕو هەرادا ئازایی و نەبەزۆکی خۆیان نواندووەتەوە. پادشاکانی تورك لە کاتی تەنگانەدا ناتاجی یارمەتی کوردەکار بوون لە (٤٩٦هـ ١١٠٢ م. ٥١٠- ١١١٦م) لەگەڵ جێگادا (مەلکیشا)ی سەلجووقی و جێنشینەکانی لەڕاو تەدبیری ئومەرای کورد قازانجیان دیوەو بە یارمەتیی و پشتیوانیی سوپای کورد هێزی حکومەتەی خۆیان پێراگیرکراوە.

٣- کورد لەکاتی ئەتابەگەکانا (باوکی گەورە) ٥٢١ هـ ١١٢٧م – ٦٢٢هـ ١٢٢٥م

بەشی زۆری ئەم ئەتابەگانە لە ناوچەکانی کوردستانا حکومەتیان دامەزراندووە ئەوانەی ئەمجۆرە حکومەتەیان دامەزراندووە پیاوماقووڵ و لەلەی شازادەکانی سەلجووقی و خولامەکانیان بوون. لە پێشا پادشاکان بۆ ئیدارەکردن ئەمجۆرە پیاوانەیان ناردووەتە وڵاتەکان. ئەمانە وردە وردە لەوێ دەستەڵاتداربوون، ئینجا لە مسکێنایەتی پادشاکان دەرچوون، لە ئەنجامی کارا پادشاکان چارەیان نەماوەو لە گەڵیانا ڕێکەوتوون. جا ئەمجۆرە حوکمڕانە لە ئەورووپاوە دەستیپێکردووەو بە هەموو

وڵاتی ئیسلامیشا بڵاوبووەتەوە. لە مێژووی گشتییدا ئەمە سەردەمێکی تەئریخییە بەسەردەمی (دەرەبەگی) ناوبانگی ڕۆیشتووە لەوڵاتی ئیسلاما گەورەو بچووك حکومەتی وردەڵەی وەها زۆربووە. هەموو وڵاتی تورك و کوردو عەرەبی گرتووەتەوە جا لێرەدا تەنیا باسی ئەوانە ئەکەین کە لە کوردستانا دروستبووە وەکو:

عمادالدین زەنگی: یەکێکە لەوجۆرە حاکمانە (ئەتابەگی زەنگی) عینوانی حکومەتەکەیەتی ئەم کابرایە ویستوویەتی لە کوردستانا حکومەتێکی گەورە دروست بکات. ئینجا هاتووە لە وڵاتاکانا لەشکری گێڕاوە. لە ساڵی ٥٢٨ ھ – ١١٣٤ م دا چووەتە سەر ناوچەی (بۆتان) شاری (تانزا)ی داگیرکردووە، لە دواییدا ڕوویکردوەتە (دیاربەکر) شارەکەی پێچاوە بەڵام بۆینەگیراوەو لەشکرێکی تری ناردووەتە سەر عێلی حەمیدی کورد گەلێك قەڵاو شاری لێداگیرکردوون (شووش)و (ئاکرێ – عەقرە) لەو قەڵایانەبوون. ئەمەشی بۆیەکرد چونکی سەرداری ئەم عەشرەتە لە دژی عماد الدین یارمەتی خەلیفەی بەغدادیداوە. عمادالدین لە ٥٣٧ھ ١١٤٢م دا پەلاماری ئەمارەتی کوردی هەولێریشیداوە. لای عەمادیە قەڵای (ئاشیب)ی گرت و وێرانیکردووە. گەلێك پیاوماقووڵ و ئاغاواتی کوردی کوشت لەم هەڵمەتانەیانا. ئەمجا ڕوویکردووەتە ناوچەکانی (هەکاری)و (زۆزان) گەلێ قەڵاو شاری ئەوناوەشی گرتووە.

شۆرەت وایە لەم سەردەمەدا لە جێگای قەڵای (ئاشیب)ی کۆن بە ناوی خۆیەوە قەڵای (عمادیە – ئامێدی)ی دروستکردووە، بەڵام ئەڵێن ئەم ناوە لەناوی (ئامادی – امیدی)یەوە هاتووەو ناوەکە کوردییەو زۆرکۆنترە. عمادالدین لە ٥٣٤ ھ ١١٣٩م دا ڕوویکردووەتە شارەزوورو گرتوویەتی، وە لە دوای سێ ساڵ هەڵمەتی بردووەتە سەر کیشوەرەکانی (بۆتان)و (سعرد)و چووەتەسەر (ئامەد)و (ماردێن) شارو قەڵای ئەهێشتوون هەمووی زەوتکردووەو تاکو لە کاتی پێچانەوەی (فنك) دا بەسەریا مردووە لە ٥٤١ھ ١١٤٦م دا. لەم دەورەدا خەلیفەکانی عەبباسی بۆ شکاندنی شەوکەت و دەستەڵاتی تورکەکان لەشکری کوردییان بەکارهێناوەو کوردویانن بە گژیانا. لەم ساڵانەدا لە میسر بناغەی ئەیوبیی کورد دانراوە (٥٦٩ھ – ١١٧٣م) کەوا لە باسی حکومەتی ئەیوبییدا دوورو درێژ قسەی لێکراوە. هەروەك ئەتابەگەکانی موسڵ

کەوتوونەتە گیانی کوردەکان و سەربەخۆییان نەهێشتوون، حوکمدارانی ئەیوبیی کوردیش تۆڵەیان لەم زەنگییانە کردوومەتەوەو لە ناویانبردوون. لەسەدەی حەوتەمی کۆچییدا حکومەتی (ئازیزان)ی کورد لەناوچەی جزیرەدا پەیدابووە، هەتا پەیدابوونی دەوڵەتی عوسمانی پایەدار ماوە. لە(٥٨١ هـ ١١٨٥م)ەوە کوردو تورک بەینیان تێکچووە لە سوریەو کوردستان و ئازەربایجانا کردوویانەتە شەڕێکی میللی ئەوتۆ هەردوولا تووشی زیان بوون. تەنانەت ئەرمەنییەکان ئەو ڕووداوەیان بەهەل زانیوە لێیان ڕاپەڕیون تاکو پەرێشانیان بکەن. لەسەرئەوە هەردوولا لە ترسان بەناوی ئیسلامییەتەوە ئاشتبوونەوە. بەڵام لەسەرئەوەی حوکم بە دەست کاملاو بێت دیسان تێکهەڵچوونەوەو خوێنی یەکتریان ڕژاندووە. کوردەکان بەناچاریی هەندێ جێگای (سوریە)و (ئەدەنە) یان بەجێهێشتووە. لەناوچەی (موسڵ)یشدا ئەم جەنگە میللییە پەیدابووە .

بەکورتی: لە مێژوودا ساغبووەتەوە کە کوردەکان هەمیشە لەگەڵ تورکەکانا لە شەڕدا بوون. کەچی لەگەڵ ئەرمەنیی و (فەلەکان)ی تردا کە دین دوژمنیش بوون بەم پێیە ناکۆک نەبوون. بەڕاستیی بۆئەوەی حوکم بە دەست کاملاوە بێت ئەم دوو نەتەوەیە لەگەڵ یەکا هەمیشە لە ڕقەبەرییدا بوون، تاکو لە سەردەمی عوسمانییەکان بە تەواوی ساغبووەتەوە حوکم کەوتووتە دەست تورکەکان. هەر بەبۆنەی ئەم ناخۆشییانەوە کوردەکانی ناوچەی موسڵ‌و ئامێدی لە ٦١٩هـ ١٢٢٢م دا داویانەتە کۆمەکی موسڵ‌و تورکەکانیان لەوناوە دەرکردووە ئەمجارەش کوردە بەدبەختەکان بوونە ژێردەستە و مسکێنی موسڵاوییەکان. لەسەر ئەم هەموو ناسۆرانەدا ساڵی ٢٢ هـ ١٢٢٥م سروشتیش لە کوردستان تووڕە بووە. بە بوومەلەرزەو باوبۆران و قات قڕیی نیشتمانەکەی کورد وێرانبووەو بە هەزاران گیانی بێچارەی تیا لەناوچووە لەدوای ئەمەش سەلجووقییەکانی ئەنادۆڵ داویانە بەسەر ناوچەی دیاربەکرا زەرەر زیانێکی زۆریان پێگەیاندوون و خوێنیشیان ڕشتوون.

٤- کورد لەکاتی خوارەزم و ئیلخانی مەغۆلدا: ٦٢٢هـ-٧٨٥هـ=١٢٢٥م -١٣٨٢م:

خوارەزم سەرزەمینێکە لە تورکستان لای گۆمی ئۆراڵ. بەم ناوەوە لەوێ حکومەتێکی تورکی شیعی پەیدابووە، پادشاکەیان سوڵتان (محەمەد علاء الدین تەکش)ی خوارەزمی ناوبووە. ئەم مەلیکە لە ٦١٤هـ ١٢١٧م دا لەشکرێکی زوریەی ناردووەتەسەر خەلیفەی عەبباسی عیراق، چونکە ڕقەبەریی یەکتریان ئەکرد. ئەمە بە ئەنجام بووەتە بەربەرەکانێ لەناوەند شیعەیەتیی و سوننیەتییدا. جا کوردەکانی کەژوکێوی زاگرۆس بەهۆی ئەم بەربەرەکانێیەوە تووشی تاڵان و بڕۆی ئەم خوارەزمییانە بوون بەسەروماڵەوە تیاچوون بەرەکەتدا لەشکری ئەمان کە چووەتە سەر عێراق، لەبەر سەرماوسۆڵە لای کرماشان پەرێشان بووە، ئەوسا کوردەکان تاویانداوەتە سەر ئەم لێقەوماوانە. ئەمە پێش ئەوسەردەمە ڕوویداوە کە سوپای جەنگیزخانی مەغۆل وەك بەلاّ ڕوویکردووەتە سەر زەمینی خوارەزم و هەموو وڵاتەکانی ئیسلامی یەك لە دوای یەك داماڵیوە، لە پاشا جلال الدینی کوڕی سوڵتان محەمەد بە لەشکری شکستەوە زۆر بەپەرێشانی ڕایکردووەتە ئەفغان و هیندوستان و لەوێوە بایداوەتەوە بۆ ئێران و ڕوویکردووە بۆ عێراق. لە ڕێگا دەستیکردووە بە تاڵان و وێرانکردنی (هەمەدان، کرماشان، بەدرە، بەعقوبە، تاوغ) وە ئەهالییەکەشی کوشتووە، چونکە خەڵك نەیئەوێرا چەك هەڵگرێ و لەسەر جلال الدین بکاتەوەو بچێت بەگژ سوپای جەنگیزخانا. کوردەکانی هەولێر کە دڕندەیەتی لەشکری خوارەزمیان بەمجۆرە دی، لە تاوا بە پیرلەشکرەکانیانەوە چوون و گیانی خۆیان پاراستووە. کەچی لەسەر ئەوەشا جلال الدینی خوێنخوار ڕوویکردووەتە ئازەربایجان و مەراغەو تەورێزو داگیریکردوون (٦٢٢هـ ١٢٢٤م) وە لەوێوە چووە بۆ گورجستان، ئەمجا بایداوەتەوە بۆ کوردستان، کە دووبارە تاڵانی بکات. بەڵام کوردەکانی (خێلاّت) مەردانە گێڕاویانەتەوە. لەسەرئەوە چووە بۆ لای (عمادیە)و (زۆزان) بە شەڕکردن وڵاتی ئەو کوردانەشی تاڵان و وێرانکردووە. سەرەڕای ئەمانە لە (٦٥٦ هـ ١٢٢٩م)دا جلال الدین لە (خێلاّت -- ئەخلات)ەوە هەڵمەتەکەی دووبارە کردووەتەوە ئەمجارە بەلای (مووش)و (جوودی)دا هەر وەك ئاگر بەربووبێتەوە هەمووولایەکی کاولکردووە.

له تاوا بەشێکی خەلکەکە ولاتی بەجێهێشتووەو چووە بۆلای حەلەب و سوریە. لەسەر ئەمە ترسی گشتیی خەڵکی والێکردووە، کەلەدژی ئەم خوێنخوارە مەلیکەکانی سەلجووقی ڕۆم و مەلیك ئەشرەفی ئەیوبییە یەکیانگرتووە. ئەوکاتە کوردەکان بەدڵی پڕ لە خوێنەوە لای ئەم حوکمدارانە کۆبوونەوە. سەردار عەشیرەتێکی کوردی (هەکاری) بووەتە قوماندانی گشت ئەم لەشکرانەو پەلاماری (جلال الدین)یانداوەو تا شاری (خووی) ڕایان فڕاندووە، بەڵام بەم سەرکەوتنە دیسان کوردستان ڕزگاری نەبووە، چونکە لەشکری مەغۆل لەوێ تەنگیان بە جلال الدین هەڵچنیوە، ڕایان فڕاندووەتەوە بۆ لای ئەخلات (٦٢٨هـ ١٢٣١م). ئەم بەخت ناوەژووە لێرە بەدواوە داوای یارمەتی لە کوردەکان کردووە کە وەك برا هەڵمەت بەرنە سەر مەغۆلەکان، بەڵکو لەناویانبەرن.

ئەمجا بە کورتی:

ئەم حوکمدارە لە خوا نەترسە، لەشکری مەغۆل و تاتاری بەدواوە، سوکوترو تاکو ناوچەی دیاربەکر هاتووە، لەوێ دوژمن هەرچوار دەوری گرتووەو کوشتارێکی زۆریان لە لەشکرەکەی کردووە، تەفرو توونا کراون. ئەو کاتە عێلاتی دڵ پڕ لە ئاسۆری کورد لە هەموولایەکەوە دەوری ئەم سەربازە پاشماوانەیان داوە قەلاچۆیان کردوون. ئەمجا جلال الدین کەس لە دەوری نەماوە، ناچار خۆی هاویشتووەتە ناو خێڵێکی کورد بە تەمای ڕزگاربوونی گیانی، بۆ؟

کاتێك کە دنیا لە (جلال الدین)یش ئاوا بوو، ئەوەندە سەرمەستی شەراب خۆریی بووە لەماڵە کوردێکا سەری شاهانەیان بڕی و ئاگای لە خوێ نەبوو (٦٢٨هـ ١٢٣١م). ئەوەندە هەیە بەختی کوردستان لەگەڵ ئەم سەرئەنجامە خوێنرێژانەشا لە کلۆلیی ڕزگاری نەبووە، بەڵکو کاولکردنی موقەددەر بووە لەلایەن سوپای مەغۆلەکانەوە لەدوای لەناوچوونی جلال الدین ئەمانە لە دیاربەکردا گیانداریان نەهێشت. هەرچی کەسێکیان بەردەست کەوت هەموویان قەلاچۆکرد. ئەگەر عێلی (کریشیە)ی کوردی ئازا ڕێگای لەمانە نەگرتایە گیان لەبەرێك نەئەما هەموو ئەکوژرا. مەغۆلەکان لە خوێنڕژاندن تێرنەئەبوون، قۆڵە لەشکرێکیان خۆیگەیاندە ماردین و ئەصیبین

ئەوناوەشیان وێرانکرد. قۆڵێکی تریش لە ئازەربایجانەوە ویستی بێتە سەرهەولێر. بەڵام سەردارە ئازاکانی ئەوناوە خۆیان ئامادەکردبوو، بەرایی لافاوی هێرشەکەیان گرتن، ئەو ناوە ڕزگارکرا.

بەکورتی: هاتنی جلال الدین بۆ کوردستان ئاوە ڕەشمەیەکی زەهراوی بووە بۆ کوردەکان، چونکە هاتنی مەغۆل و تاتارەکان بە هۆی ئەم تاوانبارەوە بووە، تەنانەت ئەوی لە کوشتن ڕزگاریبووە لە تاوان خۆی کوتاوەتە ناو کەژو کێوەکان، وەیا تەرە بووەو وڵاتەکەی بەجێهێشتووەو دەربەدەربووە بۆ جێگایەکی تر!! ئەم حوکمدارە بەدخووە ئەوەندە بیرمزا نەبوایە، بەهۆی کەڵەمێردیی و ئازاییەکەیەوە ئەیتوانی خۆی لای کوردەکان خۆشەویست بکا تا ببن بە پشتیوانی و بچن بەگژ تاتارەکانا. بەڵام زوڵم و زۆر و خوڵق و پیشەی ناڵەباری بووەتە هۆی لەناوچوونی خۆشی و وێرانبوونی کوردستان بەجۆرێکی وەها تا کاتێکی دوور ئاوا نەبێتەوە.

پەیدابوونی مەغۆل لەگەڵ سەردارە جیهانگیرەکەیانا لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا نەگبەتیەکی زۆر گەورەیەو بەسەر ئینسانیەتا هاتووە بەتایبەتی لێقەومانو قوڕبەسەرییەکە بەسەر موسوڵمانەکانی ڕۆژهەڵاتا هاتووە مەگەر مێژوو بتوانێ بیگێڕێتەوە. لەناویانا کوردەکان تەواو تووشبوون. ئەو کوردانە کە لەسەر ئەوەشا هێشتا وازیان لە ناکۆکییەکانی ناوخۆیان نەهێناوە. ئینجا ئەم مصیبەتە (کەیان)ی نەتەوایەتی خستووەتە مەترسییەوە، هیچ ئیدارەو سیاسەتیان نەماوە. ئاوبانگی بەرزیان کەلەکاتی دەوڵەتی ئەیوبییەوە بۆیان مابوو نشوستی هێنابوو.. لە کاتێکی وادا تووشی هێرشی خوارەزم و مەغۆلەکان بوون و لەپەلوپۆ کەوتن. لە هەموولایەکەوە منالێ بێباوك، ژن بێمێرد، نیشتمان بێ پیاو مابووەوە. ئەوی کە ماشبوو لەوانە ئەبوو بتوانێ پێکەوە بنوسێ، وە یا بە فەرمودەی سەرۆکێك بۆ بەرژەوەندی نیشتمان تێبکۆشێت بۆیە ئەبینین کە دەوڵەتی (ئێلخانی) لەسەر کیشوەرە وێرانەکەی عەبباسییەکانو هەموو دەوڵەتە وردەڵەکانی کوردو ئیسلام دامەزرا، کوردەکان ئەوەندە پەککەوتووبوون، تا بەمێنێك ناوونیشانی نەتەوایەتییان دیارنەبوو. لەشکرەکانی هۆلاکۆ کە چوو بەغدا بگرێت، لای کرماشان و هەولێرەوە بە کوردستانا بەسەرلاشەی دلاوەرانی کوردا تێپەڕبوو لە (٦٥٦ هـ ١٢٥٨م)دا. کە بەغدا دەست دوژمن کەوت و هێرشەکان دواییهات، لەتاو کوێرەوەریی، کوردی شارەزوورو هەندێ جێگای تر وڵاتیان بەجێهێشتووە وچوونەتە شام و میسر. (ابن خلدون) ئەڵێ

خێڵاتی (بادین)و (لادین)ی کورد له جوملەی ئەم دەربەدەرانە واتە (مهاجرانه) بوون که چوون بۆ جەزائیرو لەوێ دانیشتوون. دوای لەناوچوونی خەلافەتی عەبباسی هۆلاکۆ تەورێزی کردووە بە پایتەختی دەوڵەتەکەی خۆی. لەوێوە بەسەر کوردستانی ژووروودا لەشکرێکی ئەستووری ناردوومەتە سەر سوریە کە داگیری بکات و دەوڵەتی مەملووکی میسر لەناوبەرێت. لە ڕێگا ئەوی ئەم لەشکرە بێڕەزاییە هێناویە بەسەر کوردەکانی حەکاریو میافارقین و دیاربەکرو جزیرەو ماردیندا بە زمان ناگێڕرێتەوە، مەگەر مێژوو بیگێڕێتەوە. لەشەڕەکانی سوریەدا کوردەکانی ئەوێ لای مەملووکی میسریان گرتووە، وە لەشەڕی (عین جالوت) دا بە یارمەتی هەڵمەتی کوردەکان سوپای مەغۆل شکستی خواردوە، بەوە وڵاتی ئیسلام لە خراپەی ئەم خوێنخوارانە ڕزگاری بووە (٥٨٠هـ ١٢٨١م). کەچی بە پێچەوانەی دوژمنایەتیی قەومی- کوردەکانی فارس لە ترسانا لەگەڵ مەغۆلەکانا بوونەتە یەك. زوربەی لەشکری مەغۆل کەچوومتە سەر گێلان و داگیریکرد لەم کوردانە بووە. گومان نییە کە ئەمانە بۆ بەرژەوەندی ژیانی خۆیان ئەم یەکێتییە نابەجێیەیان ئیختیارکردووە چارو ناچار وڵاتەکانی تری غەیری کوردیش سەری بۆ ئیدارەی مەغۆل دانەواندووە لەسەر ئەوەشا بەپێی ڕەوشت و خووی قەومایەتییەکەیان، ئەم کوردانە هە کەهەڵکەوتووە چوون بە گژ مەغۆلەکانا، وە لە تەقەلای سەندنەوەی سەربەخۆیی قەت دوانەکەوتوون. تەنانەت هەندێ لە سوپای مەغۆلی گاور کە لە هەولێر یاخی ببوو لە سایەی یارمەتی کوردەکانەوە لە هەراکەیانا خۆیان زۆرگرتووە. هەروەها لە ئێرانا کە ئەمیر ئەورۆز یاخیی بووە لە ئێلخانییەکان کوردەکانی وڵاتی (جیبال یارمەتییانداوە. لەسەرئەوە (غازان خان)ی پادشای ئێلخانی چووەتە سەر ئەم کوردان زۆر نائینسانانە سزایداون. جا ئەم کوردانە تووشی تاڵان و چەرمەسەرییەکی وەها بوون هیچیان نەماوە، وەکو[٢]:

سوپای غازان خان لە دوای شەڕ کە تاڵانەکەیان فرۆشتووە کوڕ بە (١٢)و گایەك بە (٥) و بزنێکیان بە (١) درەم فرۆشتووە. بەڵام لە شوێنێکی ترا کە (خودابەندە)ی پادشای ئێلخانی لەشکری ناردووەتە سەر کوردەکانی (گێلان). ئێلخانییەکان شکاو (٧٥٠هـ). ناوچەی هەولێرو مەراغە بۆ سوپاکانی مەغۆل ببوو بە شەقام، چونکە بێرەدا هات و چۆیان ئەکرد.

---

[٢] ئەم حکومەتە تورکمانە لە (١٣٩٠ەوە تا ١٤٦٨م) پایەداربووە، پایتەختیان لە شار (دیاربەکر) بووەو حوکمی بەسەر بەغداشا کردووە.

بەکورتی: کوردستان لە سەردەمی ئەم ئێلخانییانەدا بە تەواوی پەرێشانبووە. واریداتی لە چاو دەوری سەلجووقیدا دەچەندانەی جاران کورتی هێناوە. ئەو کاتەی دەوڵەتی ئێلخانییش نشوستی هێنا ئێلخانییەکان لە ناوخۆیانابوون بە دووبەرەکیی و بەگژیەکا چوون. لەدواییدا ئەمانە کیشومرەکەشیان بەشکرد لە ٧٣٨هـ ١٣٣٧م دا. کوردستانی ئێران‌و خوزستان بەر تاقمی (سەلدۆز)ەکان کەوت، وە لە (٧٨٥ هـ ١٣٨٢م)یشا عێراق بۆ هۆزی (جەلاییری)یەکان ساغبووەتەوە. ئیتر دەوری ئێلخانی نەماوە.

سەردەمی تورك و مەغۆلی دوایی:

٥-کورد تا پەیدا بوونی صەفەوییەکان: (٧٩٨ - ٩٢٠هـ - ١٣٨٠-١٥١٤م):

ئەو نەتەوە دەستەڵاتدارانەی لە چواردەوری کوردستانا ئۆقرەیان گرتووەو حکومەتیان پێکەوەناوە، هەمیشە خەریکی داگیرکردنی کوردستانەکەشبوون، چونکە ویستوویانە بەوە کەیانی حکومەتەکەیان بپارێزن و پایەداربن. جا لەم باسەمانا بۆ ئەم مەبەستە تەقەلای تورکەکان زۆر چاك دیارە. حکومەتی تورکمانی ئاسیای ڕۆژاوا کە ناحەزو دوژمنی مەغۆلەکانبوون لەگەڵ ئێلخانییەکانا هەمیشە لە زرمە زلێدا بوون. دوای لەناوچوونی ئەم حکومەتی مەغۆلە ئەمجا کەوتوونەتە تەقەلای ئەوە وڵاتەکانی کوردستان بخەنەژێر حوکمی خۆیانەوە. (قەرە قۆینلی)یەکان یەکێکن لەو حکومەتانە. ئەمانە تا ناوەڕاستی کوردستان حوکمیان ڕەواجی بووە. لەوشوێنانەدا شەڕو هەرای سیاسیی و مەزهەبییان ناوەتەوە. زوربەی ئەم تورکانە رافضی بوون. لە ڕووی ئەم دوژمنایەتییەوە هەندێك عەشایری کورد تەنگە تاو بووە، وڵاتەکەی بەجێهێشتووە. ئەم بزووتنەوەیە ڕژێمی دانیشتنی کوردەکانی ئەوناوەی تێکداوە. بەو بۆنەیەوە موکریانییەکان چوونە سەرزەمینی (مەهاباد)ی ئیمڕۆ وڵاتەکەیان داگیرکردووە. لەدوای هورووژمی مەغۆل پێویستبوو کوردەکان پشوویەك بدەن‌و خەریکی ئەوە بوون بێنەوە سەرخۆیان، کەچی بەڵای تەیمووری لەنگ ڕووی تێکردوون. ئەم پادشاهە زۆرداره لە دوای ئەوەی لەناوچەی ئەسفەهاندا لە هەزاران سەری ئینسان منارەی دروستکرد، ئینجا ڕوویکردووەتە عێراق. لەم ڕێبازەدا هەتا چووەتە بەغداد بێڕەحمانە خەڵکی کوشتووە. حاکمی بەغداد سوڵتان ئەحمەد

جەلایری مەغۆل ناچاربووە ولآتی بەجێهێشتووە ئینجا سوڵتان تەیموور بەسەر کوردستانا بەرەو قافقاس ڕوویکردووەتە باکور، ئەوناوەشی شێواندووە سەرو شوێنی لە کوردەکان تێکداوە. جەزیرەو دیاربەکری وێرانکردووە ئەهالی لە تاوانا داویەتە کەژو کێو بەگژوگیا ڕاییبواردووە. لە ڕاڕەوی (٧٦٩هـ - ١٣٩٤م)یدا کە دەهشەتی ئەم کابرا دڕندەیە دەرکەوت، سەردارانی کوردی (هەولێر، جەزیرە، حەسەن کێف ماردین‌و ئەرزەن) بەهیوای پارێزگاریی سەرو ماڵ چوون بە پیریەوە، خوا کرد خەڵکەکە بەمجۆرە ڕزگاری بووە، تەیموورخان (میران شا)ی کوڕی کردووە بە حاکمی کوردستان، ئەوسا بەجێیهێشتووە. ئەم شازادە خوێنخۆرە لە خوڵقی باوکیا بوو. لە ولآتەکەدا وەك جانەوەر دەستیکردووە بە کوشتار. ئەهالی (حسن کێف، دیاربەکر نوور عابیدین)ی وەك دڕندە پارچە پارچە کردووە. لەسەرئەوە خەڵکەکە لە گیانی خۆی بێزاربووە. لە تاوانا چەکی هەڵگرتووەو یاخیی بووە. تەیموور لەبەر بێرادی و بێ ڕەزایی ئاشتیی نەبووە بێ پرسینەوە لە کوردەکان تووڕە بووە. قەراریدا تۆڵەیان لێبکاتەوە. لەسەرئەوە لە (٨٠٤ هـ ١٤٠١م)دا گەڕاوەتەوە سەر کوردستان، تووشی هەرچی ئاوەدانییەك بووە وێرانیکردووە. هەرچی گیاندارێکی دەستکەوتووە هەڵیدڕیوە. کوردستانی والێکردووە ئەوی بەوێدا ڕۆیشتبێ لەبەر چۆڵ و هۆڵیی ولآتەکە سامی لێنیشتووە. ئەمیر شرف الدینی بیتلیسی بۆ ڕزگارکردنی ولآتەکەی چوو بەپیر تەیموورەوە. لای دیاربەکرو مووش تووشی بووە. خواو ڕاستان تەیموورخان ئەم سەردارەی لا خۆشهاتووە، لەبەرئەوە قەدری گرتووەو لەسەر ئەمارەتەکەی خۆی دایناوەتەوە. لەپاش مردنی تەیموور خاقان لە (٨٠٨هـ = ١٤٠٥م)دا ئەمیری عەشرەتی (قەرەقۆینلوو) قەرە یۆسف ناو کە لەترسی تەیموورخاقان ڕایکردبوو هاتووەتەوە کوردستان و خۆیخستووەتە پەنای سەرداری کورد شمس الدینی بیتلیسیی. ئەم ئەمیرە دڵسافە کچی خۆیشی داوەتێ و کردوویە بە زاوای خۆی. بەم فێڵەو بە یارمەتی ئەم سەردارە قەرە یۆسف سەرلەنوێ حکومەتێکی تازەی پێکەوە ناوە. جا لەبەر دڵسافیی و کەمهۆشی سەردارەکانی کورد لە تەربیەی سیاسییدا بە دەستی خۆیان دوژمنی خۆیان سەرلەنوی ژیاندووەتەوە. تەنانەت ئەم شمس الدینە لە

(٨٢٠هـ ١٤١٧م)دا بێ لێكدانەوەی دوارۆژ ئەمارەتی بیتلیسی رسماً بۆ قەرە یۆسف تەسدیقكردووە، كەچی ئەمیر یۆسف شیعی مەزهەب بوو، زۆر رقی لە كوردبوو، وە لەدوای ئەم یارمەتیدانەشی هەر بە ناحەزی كورد مایەوە.

لە (٨٢٤هـ ١٤٢١م)دا (شاهرۆخ میرزا)ی كوڕی تەیمووری لەنگ كە بە لەشكرەوە گەیشتە ئەرمەنستان، سەردارانی كورد وەكو میر شمس الدینی بیتلیسیی و مەلیك محەمەدی (حەكاری) و مەلیك خەلیلی حاكمی (حسن كێف)و ئەمیری (خێزان)و سەردارانی (خووی) بە پیریەوە چوون و ئاشتی و دڵسۆزیی خۆیان عەرض كرد بەوجۆرە خۆیان لە شەڕی تەیمورزادە پاراست. لەم دەورەدا حكومەتی (بایندەر)ی پەیدا بووە. ناوی ئەصلی ئەمانە (ئاق قۆیۆیلی)یە، عێلێكی ترە لە توركمانەكان. ئەمانە حكومەتی قەرە قۆیۆنلییان لەناوبردو لە شاری دیاربەكردا هاتوونە ساحەی مێژووەوە، بوون بە ملۆزمێكی تازەی كوردەكان (حەسەنە درێژ) ناو مەلیكی ئەمانە زۆر بەچنگ بوو، (ئەبوو سەعید میرزای كوڕی تەیمووری لەنگ)ی لە جەنگێكدا شكاندو حكومەتەكەیانی لەناوبرد. ئەمجا مەلیك حەسەنە درێژ پایتەختی گواستەوە تەورێز لەوێ فەرمانڕەوایی دەوڵەتەكەی كردووە. ئەم مەلیكەدرێژە زۆر ناحەزی كوردەكان بووە. ویستوویەتی حكومەتی وردەڵەی كورد لەناوبەرێتو حكومەتێكی توركمانی بێگەرد پێكەوە بنێت. ئەم سیاسەتە لە بناغەی حكومەتی ئاق قۆیۆنلیدا رەگی داكوتاوە. پادشاكانیان هەمیشە شەڕیان بە سەردارەكانی كورد فرۆشتووە. گاه لایەنگیری (قەرەقۆیۆنلی)یان لێكردوون بە بیانوو و چوون بەگژیانا، جارجاریش بە سەرزاریی لایەنگیری هەندێك لە كوردەكان ئەبوونو ئەیانكردن بەگژ ئەوانی ترا. لەمەشا مەبەسیان ئەوە بووە خۆ بەخۆ بەیەكتری بیانفەوتێنن. حەسەنەدرێژ زۆر بەژیریی ئەم سیاسەتەی بەكارهێناوە. جا بەم سیاسەتی (لێكیان كەرەوەو تێكیان بەرەوە) یەعنی سیاسەتی (فرق تسد)ە گەلێك حكومەتی كوردی لەناوبردووە. بەڕاستی مایەی ئازاری دڵە كەبەهۆی ئەفامیی و ناكۆكییەوە ئەم هێزی پەرشو بڵاوی كوردە بووەتە ناحەزییەی و خزمەتكاری بەرژەوەندی بێگانە. هیچ كاتێك لە كردەوە نابەجێكانی خۆیان تەمێخواردوو ئەبوون، بەڵكو لەم سەردەمەدا بوونەتە

ئالەتێکی وشك‌و بێدەنگ‌و بێهۆش بەدەست حەسەنە درێژەوە. گەلێك سەردارو ئەمارەتی کوردی بە ئەمیرێکی تری کورد لەناوبردووە. بەرەگەتدا لەمبەینەدا صەفەوییەکان‌و دوا بەدوای ئەوانیش حکومەتی تورکی عوسمانی پەیدابوون لە کوردستاناو دەستیانکردووە بەڕقەبەریی لەگەڵ یەك. جا بەو بۆنەیەوە ژیانی سیاسیی کوردەکانیش بۆ سەردەمێکی تر ژیاوەتەوە.

٦- کورد لەکاتی صەفەوی‌و پەیدابوونی عوسمانییەکانا (٩٢٠ -١٠١٤هـ١٥١٤-١٦٠٥م):

دەوڵەتی صەفەوی لە کیشوەری ئێرانا پەیدابووە. ئەمانە شیعە مەزهەب بوون. لە تەکیە نشینیی و شێخیەتییەوە پێگەیشتوون بوون بە پادشاه، (شێخ صفی الدین)ی ئەردەبێلی باپیرەیان. (جنید)ی کوڕی لە ترسی (جیهانشاه)ی قەرەقۆیۆنلی ڕایکردووەتە لای حەسەنە درێژی ئاق قۆیۆنلی لە دیاربەکر. لەوێ حەسەنەدرێژ کچی خۆی بەحەیدەری کوڕی ئەم شێخ جونەیدە داوە. جا لەم ژن و مێردە شاه اسماعیلی صەفەوی هاتووەتە دنیا. شاه اسماعیل کە حکومەتی ئاق قۆیۆنلی لەناوبردو تەورێزی کرد بە پایتەختی دەوڵەتەکەی، تێفکری بەشی زۆری مەملەکەتەکەی (کوردستان)ەو ئەهلەکەشی سوننی مەزهەبە هیچ حەز لەشیعەناکات، لەبەرئەوە شاه اسماعیلیش (کورد)ی خۆش نەویستووەو لێیان ئەمین نەبووە، جا لەبەرئەوە خێرا دەستیکردووە بە تەقەلای لەناوبردنی ئەمارەتەکانی کورد. بەکردەوە ئەمانە لە ئاق قەرەقۆیۆنلییەکان زۆردارتربوون لەگەڵێیان لەبەرئەوەی کوردەکان سوونی بوون هیچ متمانەی پێنەکردوون، بەڵکو متمانەی بە تورکەکان بووە چونکە وەك خۆی (ڕافضی) بوون. لەهەچ کوێیەك ئەمیرێکی کوردی دەستکەوتبێ بواری نەداوە بە کوشتن وەیا بە حەپس کردن لەناویبردووەو لە جێگای ئەوانە خێرا ئەمیرێکی تورکمانی قزڵباشی ڕافضیی داناوە. بەرەگەتدا لەمکاتەدا حکومەتی عوسمانی برووزی سەندووەو لەشەڕی (چاڵدیران)دا یاوز سوڵتان سەلیم شاه اسماعیلی شکاندووە (٩٢٠هـ - ١٥١٤م) . بەمە کوردەکان هۆشێکیان هاتووەتەوە بەبەرداو لە سیاسەتی لەناوبردن بەدەستی صەفەوییەکان ڕزگاریان بووە. لەدوای ئەم شکستی چاڵدێرانە هەرچەندە حکومەتی صەفەوی لە ئێراندا هەرماوە، بەڵام جارێکیتر هێزو دەستەڵاتیان بەسەر ڕۆژاوای شاخەکانی زاگرۆسدا پەیدانەبووەتەوە.

ئەم سەردەمە دەوری ڕقەبەری مەزهەب بووە. ئەتەوە موسوڵمانەکان بەهۆی شیعەیەتی و سوننییەتییەوە بەلێشاو خوێنی یەکتریان ڕشتووە بەم بۆنەیەوە

عوسمانییەکان کە سوننی بوون بوونەتە پشتیوانی کوردەکان، وە ئەمانیش بوونەتە (هێزو ئەیروو) بۆ ئەوان، لەبەرئەوە کوردەکان بەرامبەر شەڕو شۆڕی صەفەوییەکان لەمەولا هەمیشە بوون بە پێشڕەوی عوسمانییەکان و کوردستانیش بووەتە جەولانگای لەشکرو سوپای هەردوولا. عوسمانییەکان بۆ ئەوەی کوردەکان بکەن بە لایەنگری خۆیان ئەمیر ئیدریسی بیتلیسی ناو سەرکردەیەکی زاناو هۆشیاری کوردیان کردووە بە واسیطەی تەفرەدانی کوردەکان کە لە شاە ئیسماعیلی صەفەوی (شای شیعە) هەڵسنە پێ. جا ئەم سەرکردە پڕ هونەرەش ئەم فەرمانەگرانەی زۆر بەرێکی و مەردانە بەجێهێناوە کوردەکانی هەڵساندووەو کردوونی بەگژ ئێرانییەکانا. بۆیە لە پاش جەنگە ناودارەکەی چالدێران سەردارەکانی کورد والییەکانی ئێرانیان دەرکردو ئاڵای عوسمانییەکانیان هەڵکردووە. بەمجۆرە سیاسەتی زوڵم و زۆرکارانەی ئێرانییەکان بووەتە یارمەتیدەری سەرکەوتنی سیاسەتی عوسمانییەکان. ئەوسا سوڵتان سەلیمی عوسمانی ئەمیر ئیدریسی بیتلیسی ناوبراوی داناوە بە نوێنەر (نائب)ی خۆی تا هەموو کوردستانی گەورەی بۆ ساغبکاتەوەو بە دڵدانەوەو دیاریی و خەلات گشت سالارەکانی کورد بکا بە مسکێن (تابع)ی دەوڵەتی عوسمانی. لەمەڕەوە ئەمیر ئیدریسیش دڵسۆزانە هەوڵیداوەو کوردەکانیش بە دڵ و بە گیان قسەی ئەویان بەجێهێناوەو لە ڕێی فەرمانەکانیان خوێنی خۆیان بەختکردووە. کە سوڵتان سەلیم شەڕە گەورەکەی چالدێرانی بردەوە، تەورێزی بەجێهێشتو گەڕایەوە (ئاماسیە) لە ڕۆژاوای کوردستانی گەورەدا، شا ئیسماعیلیش هاتەوە تەورێز دەستیکرد بە تەدارەکی لەشکرو سوپای بۆ تۆڵەکردنەوە. کە تەدارەکات تەواوبوو، لەشکری ئێران لە باکوور و باشوورەوە بە دوو قۆڵ ڕژایە کوردستانی گەورەوە دەستیانکردەوە بە شارداگیرکردن هەتا هاتووەتە (دیاربەکر)، ئینجا سەرکردەی بەناوبانگی ئێران (قەرەخان) ناو ئەوێشی پێچاوە. ئەگەرچی کوردەکان زۆر شێرانە شەڕیانکردووەو خوێنیان ئەڕژابێت بستێك زەمینیان بەجێنەهێشتووە، ئاڵاونە دەوری ئەمیر ئیدریس‌و بۆ هەموو لایەك هەڵمەتیان بردووە. بەڵام ئێرانییەکانیش لە شێرکۆیان نەئەکرد بۆ سەرکەوتنی شاە ئیسماعیل گیانیان بەختنەکرد. لەبەرئەوە بە ساڵەها جەنگ درێژەی کێشاوە،

یەکتریان هێناوەو بردووە، شاران و دێهاتیان وێرانبووە، لەمکاتەدا (سوڵتان سەلیم)یش هەمیشە یارمەتیداوە گەلێك جار لەگەڵ سەرداری ناودارا لەشکری زۆری بۆ یارمەتی ناردووەو ئێرانییەکانیان شکاندووە. لەسەرئەوەشا ڕەدو خورد کۆتایی نەهاتووە، ناوچەی ئەو شەڕانە شاری دیاربەکرو ماردێن بووە، لەبەر قەڵای ماردێن ئێجگار خوێنرژاوە، لە دواجارا کە شاری حەڵەب زەوتکراوە، ئەمجا سوڵتان سەلیم پەرژاوە لەشکرو تۆپی زۆری ناردووە، ئێرانییەکانیان بە تەواوی شکاندووە وە تا شاری موسڵ هەموو وڵاتەکانیان لێسەندوونەوە. لەدوای ئەمە هەردوولا هەستی بە ماندوویەتیی کردووەو ئەوسا ئەمیر ئیدریس سەرفراز دەستیکردووە بەڕێکخستنی وڵاتو شارەکانی کورد، بە سەلیقەیەکی تەواو بەپێی سیاسەتی ڕۆژو ئەریتی زەمان بۆ ئاوابوونو پێشکەوتنی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتییەکی زۆر بەجێ و ڕێک پێکەوەناوەو، تامی سەربەخۆیی لەناو حکومەتە کوردەکانا هێشتووەتەوە، ئومەرای کوردی دامەزراندووەو سەربەستییەکی ماقووڵی داونێ و بۆساغکردنەوەی ئاغایەتی واتە سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانییش لەوڵاتەکانا تەشکیلاتی تایبەتی تری کردووە. ئەم هەموو ڕێکخستنو پێکەوەنانە بە فەرمانێکی سوڵتان سەلیم قبولکراوەو بە دەرخستنی ئەم کاروبارانە ١٧ ئاڵا (بەیداخ)و ٥٠٠ خەڵاتی شاهانە نێرراوە بۆ سەردارەکانی کورد. ئەمانە بەسەریانا دابەشکراوە، ڕەسمیاتیش بەجێهێنرا. لەگەڵ ئەمانەدا خەڵاتێکی نایاب و (٢٥) هەزار زێڕیش بەجیا نێرراوە بۆ (ئەمیر ئیدریس بەخۆی بەخشراوە. سەرەڕای ئەم تەرتیبو داهێنراوە تازەیە لەناوچەکانی: دیاربەکر، بیتلیس، وان، هەکاری و خەرپووتدا گەلێك حکومەتی کورد هەبوو لەجێی خۆیا بەتەواوی سەربەخۆبوون، جا بەپێی ئەم ڕژێمە تازەیە فەرمانڕەوایی لە باوکەوە بۆ کوڕ بەمیراتی ئەچوو، وە لەشکری تایبەتی کورد بەپێی پەیمانەکە لە کاتی شەڕ ئەچوو بە کۆمەکی لەشکری عوسمانییەکانەوە، بێجگەلەمانە لەوڵاتەکانی تریش ئیدارەی مەدەنی واتە (شارستانی) دانراوە کە سەرەکی ئەو ئیدارەیە لەلایەن پادشای عوسمانییەوە دائەنرا، هەرچەندە بەهۆی ئەم تەرتیباتە تازانەوە گەلێك ئەمارەتی نیشتمانی کورد لەناوبراوە، بەڵام بەڕاستی ئەمانە هەمیشە سەرمایەی ئاژاوەبوون

نرخێکی میللی و سوودێکی نیشتمانپەروەرییان نەمابوو. جا ئەم تەرتیباتانەی لای سەروو بەپێی پەیوەندی و پەیمانێك کە لەمیانی حکومەتی عوسمانی و حکومەتە نیشتمانییە تایبەکانی کورددا بەستراوە دروستبووە لە (٩٢٠هـ - ١٥١٤م)دا لەدوای بەجێهێنانی ئەم ئیدارە جوانە. ئەمیر ئیدریس بەدەستی خۆی و بەناوی سولتان سەلیمەوە، ئاڵاو چەك و تەپڵی بەسەر نوەراكانی كوردا دابەشكردووە كە ئەمانە بەپێی نەریت و ڕەوشتی ئەوكاتە نیشانەی سەربەخۆیی بوون. سولتان سەلیم ئەمیر ئیدریسی زۆر پەسەندكردووە بۆئەوەی لە بیرو پێشنیارەكانی كەڵك وەستێنێ كە چووە بۆ داگیركردنی (میسر) لەگەڵ خۆیابردوویەتی. جا بەمجۆرە بەسایەی وریایی و ژیریی (ئەمیر ئیدریس)ەوە كیشوەرێكی زۆر سەخت و بەرئەركی وەك كوردستانی بێشەڕو شۆڕو بە ئارەزوو و ڕەزامەندیی خەڵكەكەی بۆ حكومەتی عوسمانی ساغكردەوە، كە ئەمە لەمێژوودا كەم بینراوە، چونكە ئەم وڵاتی كوردە لە دەوری ئاشوورییەكانەوە تا ئەوڕۆژە بەرامبەر هەموو جیهانگیرەكان وەستاوە كە بەنەوێدا ڕۆیشتوون، هیچ كاتێك بەتەواوی سەری بۆ یەكێك لەمانە دانەنەواندووە، ئەیرووی دەوڵەتە جیهانگیرەكانی ئاشوور، ئێران، پارت، یۆنان و ڕۆما كە بەكوردستانا ڕۆیشتوون هەمیشە بە پەرێشانی لێیدەرچوون، وەك ئەمیر ئیدریس بۆ سولتان سەلیم كوردستانی ساغكردووەتەوە بۆ دەوڵەتەكانی لای سەروو ساغنەكراوەتەوە. بەڵام حكومەتی توركی عوسمانی لە پاش ١٥ ساڵ ئەم خزمەتانەی لای سەرەوەی لەبیرچووەتەوە لە پەیمانەكەی لایداوە، دەستیكردووە بە بادانەوەو زۆرداریكردن لەگەڵ حكومەتە كوردەكان یەكە یەكە هەموو ئەو دەوڵەتە بێتاوانانەی لەناوبردووە تاكو لە (١٢٦٦هـ ١٨٥٠م)دا دوایی بە حكومەتی كورد هێناوە. لەدوای مردنی شاە ئیسماعیل حاكمی عەشرەتی (كەڵهوڕ)و سەرداری خێڵی (مۆسڵۆ)ی كورد (ذوالفقار خان) بەلەشكرەوە هات بەغدادی گرت و ناوی سولتان سولەیمانی قانوونی لە خوطبەدا خوێندەوەو لە بەغدادا بەڕێوەبەرایەتییەكی كوردی سەر بەحكومەتی عوسمانی هێنایە مەیدان.ئەم سەردارە ئازاو كارامەیە ئەوناوەی خستبووە ژێرحوكمی خۆیەوە. بەڵام ئێرانییەكان دەستبەرداری عێراق نەبوون. شاە تەهماسبی صەفەوی لە ساڵی

٩٣٦هـ ١٥٣٠م)دا به لەشكرێكی زۆرەوه هاتەسەر بەغداد. لەدوای شەڕێكی دوورودرێژ بەفێڵ ذو الفقارخانی به براكانی بەكوشتدا. ئەمجا بەغدادی گرت. براخانینەكانی ذوالفقارخانیش هیچیان دەستنەكەوت و شارەكەشیان بەوێرانكردندا. لەبەرئەوەی حكومەتی عوسمانی و صەفەوی هەریەكە لەسەر هێڵێكی سیاسی پێچەوانە ئەڕۆیشتن بوبوونە دوژمنی گیانیی یەكتری. هەراو هوریای سنوورو دووبەرەكیی و نەفامیی كوردەكان هەموو كاتێك مەبەستی بەگژیەكاچوونی بۆ ئەم دووحكومەتە نەدۆزییەوە. ئەگەر لەكوردەكانا تەربییەی سیاسی ببوایە لەم كێشمەكێشانەدا بە جۆرێك هەڵئەسووڕان كە هەردوو حكومەتەكە زەبوون بكەن بەڵام بیرو هۆشێكی وەها بەكەڵك لەسەری سەردارانی كورددا نەبووە لەبەرئەوە ئەم دوو حكومەتە بەسەد ساڵەها لە كوردستانا بەگژیەكا چوودو لەئەنجامی كارا (كوردو كوردستان) لەوان زیاتر لەناوچووە. لەناوەند سوڵتان سولەیمانی قانوونی و (شاه طەهماسیب)ی صەفەویید كە دوو شای هەرە گەورەی ئەم دووحكومەتە بوون بۆ بەیدەستكردنی یەكتری گەلێك جەنگ و هەرا ڕوویداوە. سوڵتان سولەیمان بە سوپای زۆرەوە بە كوردستانی گەورەدا فاتیحانە چووەتە تەورێزو لەوێوە بە كوردستانی ئێرانا وەرگەڕاوەتەوەو هاتووە بەغدای داگیركردووەتەوە لە ٩٤١ هـ ١٥٣٤م دا، سولەیمان پاشای والی عوسمانی دیاربەكر لەم سەفەرەداكراوە بە والی بەغداد كە ئەمە یەكەم والی حكومەتی عوسمانییە لەعێراقدا. سوڵتان سولەیمان لەم سەرەیدا كەگەڕاوەتەوە لەباتی پاداشی چاكە، هەندێك سەردارو ماقووڵی گەورەی كوردی كوشتووە. قەڵای خورماڵ لەو سەردەمەدا بە ئەمری سوڵتان سولەیمان لە شارەزوور دروستكراوە. برای تەهماسیب شاه (ئەلقاس میرزا) لەمكاتەدا لە شاه یاخیی بووە. شاهزادەی یاخیی بە سوپای كوردەوە زۆر دەردیسەریی شای داوە. ئەنجامی كار سورخاب بەگی كورد لە قەڵای (مەریوان)دا ئەڵقاس میرزای گرتووەو پێشكەشی شاه طەهماسیبی كردووە.

لە (٩٦١هـ ١٥٥٤م)دا شاه تەهماسیب هەڵیكوتاوەتەوە سەر كوردستانی گەورەو هەتا دیاربەكر هەموو وڵاتەكان بەر تاڵان كەوتووە. ئەمجارە ئێرانییەكان لە كوردستان خوێنی زۆریان ڕشتووە بە تەحریكی وەها كە كوشتارەكانی سەردەمی هۆلاكۆی

تەيمووری لەنگيان هێناوەتەوە بيری خەڵك. لەمكاتەدا شاهزادە حەمزە ميرزا ناو سەردارێكی زرنگ و ئازا لە ئێرانييەكانا هەڵكەوتووە. لە هەمووﻻيەكەوە تەنگی بە عوسمانييەكان هەڵچنيوەو زيانی زۆری لە كوردستانيش داوە (٩٩٤هـ - ١٥٨٥م). لە دوای ئەم هەموو شەڕو داوايانە (شاە عباس)ی صەفەوی ئينجا ئاشتيخوازيی نواندووە. لەسەرئەوە لە (٩٨٨هـ ١٥٩٠م)دا لە ئەستانبوول ئاشتيانبووەتەوە. بەپێی پەيمانی ئەم ئاشتييە وڵاتانی ئازربايجان، شيروان، گورجستان و لوڕستان و شارەزوور بۆ حكومەتی عوسمانی ماوەتەوە. بەندێك لەم ئاشتييە ئەوەبووە كە ئێرانييەكان واز لە شيعەيەتی بێنن كە ئەمەش ديارە خەياڵێكی خاوبووە. لە (١٠١٢هـ ١٦٠٣م)دا شەڕو هەرای دەوڵەتی داگيرسايەوە. شاە عباس خێرا تەورێزی داگيركردووە. ئەمجارە لە خزمەت شادا گەلێك سەرداری كورد شمشێری وەشاندووە وەكو لەبەری عوسمانييشا تاقمە سەردارانی تری كورد خوێنی خۆيان بۆ توركەكان ڕشتووە. لەم هەڵاّ تازەيەدا مستۆ بەگی سەردار عەشرەتی (مەحموودی)ی كورد لە قەڵای (ماكۆ) دا شەڕێكی ڕۆستەمانەی لەگەڵ ئێرانييەكانا كردووە، بەڵام وڵاتەكە لەناوچووەو لە ئەنجامی كاريشا لەشكری عوسمانی شكاوە. لەسەرئەوە سەردارەكانی كورديش تەقەيان تێكەوتووە هەر يەكە بەرەو مەڵبەندی خۆی كشاوەتەوە (١٠١٤هـ ١٦٠٥م).

تازەبوونەوەی سەودای سەربەخۆيی لە كوردستان

هەڵسانی كوری (جان پۆلاّ)

خانەدانی (جان پۆلاّ) بەميراتی فەرمانڕەوای ناوچەی (كليس) بوون (جغالە) پاشای سەردار لەشكری عوسمانی لەم خانەدانی كوردە (ميرحسين ناوێكی كردبوو بەحاكمی حەڵەب، لەبەرئەوەی ئەم ئەميرە لەگەڵ جغالە پاشادا نەچوبوو بۆ شەڕی ئێران. كە پاشا لەشەڕەكەدا شكاو گەڕايەوە ميرحسەينی كوشت لەسەرئەوە ئەميرعەلی برای ميرحسەين چووە حەڵەب لەوێ ياخيبوو، وحكومەتێكی سەربەخۆی پێكەوەناو تەرابلوس وشاميشی گرت و چواردەوری شامی تاﻻنكرد. ئەم ئەميرعەلييە لەشكرێكی ئازاو چاﻻكی پێكەوەنابوو، بەناوی خۆيەوە خوتبە ئەخوێندرايەوەو سكەيشی لێدا كە ئەمانە نيشانەی سەربەخۆيی بوون لەوسەردەمەدا. وە لەگەڵ قەڕاڵی (تۆسقانا)ی

ئیتالیا کە (فەردیناند)ی ناوبوو لە (١٠١٦ هـ ١٦٠٧م) دا پەیمانی یەکیەتی بەست و خەریکبوو لەگەڵ حکومەتی تریشا لە دژی عوسمانییەکان قەول و بڕ بکات. لەمکاتەدا لە ئەنەدۆڵ (خێلاتی جەلالی)ی کوردیش هەڵسابوون. (قۆیۆجی مراد پاشا)ی سەرداری عوسمانی بەم بۆنەیەوە لەتەك لەشکرێکی زۆردا هات، لەپێشا ڕوویکردووەتە میرعەلی جان پۆلا. سەرداری کورد بە چل هەزار سوارو پیادە ڕەوەوە لە دەربەندی (باغرس) ڕێی لە سەرداری عوسمانی گرت. لە سوپای عوسمانیدا ٤٠ هەزار چەکدارێك هەر کورد هاتبووە سەر ئەمیرعەلی، هەردوو لەشکر لەدەشتی (ئورۆج) دا بەرەنگاری یەکبوون، شەڕێکی قورس لە ناویانا قەوما. میرعەلی هەتا نیوەی لەشکرەکەی کوژرا خۆی پێگیراو لەوەدوا شکا. ئەوسا گەڕایەوە حەلەب، بەلام سەیریکرد گونجایشی نابێت ڕایکردە ئەستانبوول خۆی هاویشتە پەنای سوڵتانی عوسمانی لەسەرئەوە سوڵتانی عوسمانی لێیبوردو کردی بە حاکمی (تم شوار) لە (مەجارستان). بەلام ئەم لێبووردنە ڕقی مورادشای خوێنخواری دانەمراندبوو، ڕایسپارد لە (بولغەراد) ئەمیر عەلییان کوشت کەوا خەریك بوو ئەچوو بۆ (تم شوار).

هەرای قەلای دمدم ١٠١٧هـ - ١٦٠٨م

هەندێ سەرگوزشتی پێشینان هەیە قەت نامرێت، بۆ پشتاو پشت ئەبێتە داستانی شانازیی و لەبیرناچێتەوە. وەك ئەستێرەیەکی بەشەوق لە ئاسمانی مێژووی نەتەوەدا هەمیشە ئەدرەوشێتەوە. تیشکێکی خوایی لەدڵی لاوانیا پەیدائەکاو بۆیان ئەبێت بە میراتیی ئازایەتی، ئەگەر لەسەری بڕۆن وایان لێئەکا، کۆ لە شێرنەکەن و پاشەڕۆژی نەتەوەکەیان ڕووناك ئەکەن. قەت ڕێ بەناهومێدی نادەن و بۆ بەرزیی و پێگەیشتن ئامادە ئەبن. لە کوردیدا باسی وا هەیە زۆر کەشخەوجوانە بەچیرۆك ئەیگێڕنەوە. غەزەلیاتی تەرمۆکی و سەرگوزشتی (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی لەوانەیەو بۆ ئەمجۆرە مەبەستە هەڵبەستراوە. ئەوی ئێمە لێرەدا ئەمانەوێ باسی ڕووداوێکی ڕاستەقینەی مێژوویییە، کەکوردەکانی قەلای دمدم لە موکریان بەسەریانهاتووە. چونکە ئەم قارەمانانە لەڕای ئازادیدا هەتا مردن شەڕیانکردووە. ئەم داستانە بلندە باسی ئازایەتی عێلی برادۆستی موکرییە. ئەمانە بۆنەوەی قەلاکەیان دەستی دوژمن

ئەکەوێ خۆیان بەکوشتداوە. بەڕاستیی پێویستە ئەم ڕووداوە کەشخەیە لە کتێبێکی سەربەخۆدا بنوسرێ و بۆ یادداشت بەجێبمێنێ. نەك لەم مێژووە گشتییەدا بەچەند وتارێکی کورت تێپەڕێنرێت. ئەوی ئەم ڕووداوەی لە مێژووی (عالەم ئارا)دا نوسیوە (ئەسکەندەری مونشی) ناو چیرۆکنووسی شاە عەباسە. ئەگەرچی بەپێی جیایی مەزهەبی ولایەنگیریی دەوڵەتیەوە ئەم چیرۆکنووسە ناحەزی کوردە، بەڵام چونکە ڕووداوەکە ئازایەتییەکی بێهاوتایە ئەم ڕووداونووسە غەرەز کاری تیانەکردووە، ناچاربووە زۆر بەشیرینی مەدح و ثەنای ڕووداوەکە بکات و مێژونووسەکانی تریش بخاتەجۆشوخرۆش. قارەمانی ئەم داستانە سەرۆکی سەردارەکانی خێڵی (برادۆست)ە کەناوی ئەمیرخانی زێرین)ە. یەکەمین سەرداری خێڵەکە بووە، سەردەمێك بە ناوانا گەڕاوە چووەتە لای عومەربەگی حاکمی سۆران بەڕێکەوت ئەم عومەربەگە تووشی شەڕبووە ئەمیربەگ یارمەتییداوەو دەستی بەر شمشێر کەوتووەو پەڕیوە. لەو ڕۆژەوە بەئەمیرخانی یەکدەست ناوی بڵاوبووەتەوە. لەوبەینەدا شاە عەباسی یەکەم هاتووەتە ئەوناوە کە بچێ بۆ ئەریوان. ئەمیربەگ ئەمەی بەهەل زانییبوو چوونە خزمەت شاە.

شاە عەباس ناوبانگی ئازایی و ئەبەزیی ئەمیربەگی بیستبوو. بەوبۆنەیەوە شاە قەدری گرتووە. ڕوتبەی خانێتی و ئەمارەتی خێڵانی برادۆستی داوەتێ و کردوویەتی بەحاکمی ناوچەی (ورمێ)و (شنۆ)و (مەرگەوەڕ)و (تەرگەوەڕ). ئەمجا بەفەرموودەی شاە دەستێکی زێڕینی بۆ دروستکراوە. جا لەدوای ئەمە بە(ئەمیرخانی زێڕین دەست) ناوبانگی ڕۆیشتووە. ئەمیرخان لە سایەی ئازایی و ڕەشیدی و بەڕێوەبەرایەتی جوانیەوە بەئافاقا ناوبانگی بڵاوبووەتەوە. لەماوەیەکی کەما سوپایەکی پڕەشق و پڕچەکی پێکەوەناوە فەرمانی مەزن و کردەوەی باشی بەجێهێناوە چووەتە ڕێزی سەردارە پایەبەرزەکانی سەفەوی. ئەم ناوبانگە بەخیلیی و ناحەزییەکی خراپی بۆ ئەمیرخان ناوەتەوە. سەردارە ڕافضییەکان پێشکەوتن و بەرزبوونەوەی ئەم ئەمیری کوردی سوننی مەزهەبەیان لا گرانبووە. ئەمیرخان ئاگای لەم ناحەزییانەبوو، بەڵام چونکە دڵسۆزانە خزمەتی شای ئەکرد باکی نەبووە. بە تێکۆشانی بەرز و بەجێ گەلێك خێڵ و کۆماری کوردی عوسمانی هێناوەتە ژێر ئیدارەو حوکمی خۆی. بەم

کردەوە باشانەی شاە عەباسی مەمنوون کردووە. بە کورتی ئەمیرێکی ئازاو بەسام و گەورەیەکی دڵ باش و ئالیکاری لێدەرچووە. ئەهالی لەژێر ئیدارەی جوانی ئەمیرخان حەساوەتەوە. ئەم ڕووداوانە دوژمن‌و ناحەزەکانی ئەمیرخانی خستۆتە ترس و لەرزەوە. لەبەرئەوە ویستوویانە دەستەڵاتی ئەم ئەمارەتە بەشموکەتەی کورد بشکێنن بەتایبەتی سەردارە بێباکەکەی کە ئەمیرخانە لەناوی بەرن. جا چاوەڕوانی ئەو ڕێکەوتەبوون. لەسەر ئەمەشا دڵسۆزیی ئەمیرخان بۆ شاە عەباس ئەوەندە ئاشکرا بووە، قسەی ناحەزەکان لەلای شاە کاری نەکردووە. وا ڕێکەوت ئەمیرخان لەو دواییەدا لە سنووری دەوڵەتی عوسمانییا بە ئیزنی شاە قەڵایەکی بۆخۆی دروستکردووە. چونکە ئەو شوێنە هەمیشە بە گۆبەند بووە پێویست بووە ئەو قەڵایەی لێبکرێ. ئەمجا ئەمە هەلێك بوو ناحەزەکانی بۆ فیتنەبازی گرتیان بەدەستەوە هەتا دڵی شاە عەبباسیان لێ کرمێکرد. ئەم قەڵایە لەسەر باسکێکی سەخت و بەرز لای شاری ورمێ لە جێگا قەڵایەکی نێجگار کۆنا لە (۱۰۱۷هـ ۱٦۰۸م)دا دروستکراوەو بە ناوە کۆنەکەیەوە ناوی قەڵای (دمدم). ئەمیرخان بە بەرژەوەندی ئەمارەتەکەی ئەبوو ئەم قەڵایە دروستبکا نەك ویستبێتی بەربەرەکانێی شاە عەباس بکا. بەڵام ناحەزەکانی ئەوەندە تێکۆشان هەتا شاە عەباسیان دوودڵکرد لەسەرئەوە ئەمری شاهانە دەرچوو کە قەڵاکە تێکبدرێ نەك تەواوبکرێ. ئەمیرخان زانی کە بەرامبەر بەخۆی دڵی شاە عەباس گۆڕاوە. ئەمجا ئەمیرخان تێگەیشت کە لە دوو شت ئەبێ یەکێکیان بکات: یا بەبێ دەنگ تەسلیمی دوژمن بێت و لەناوبچێت وەیا بەئاشکرا تێبکۆشێت هەتا بەمەردیی ئەمرێت. ئەمیرخان لای دووەمی گرتووە قەڵاکەشی تەواوکردووە. لە دوای ئەمانە ئەمیری برادۆست دەستیکردووە بە تەدارەکی شەڕ. ئەگەر هاتنەسەری و تەنگیان پێهەڵچنی لەهیچ کۆ نەکا، هەتا مردن شەڕ بکا. لەمکاتەدا جەلالییەکان لەدوای شەڕێکی زۆر لەگەڵ عوسمانییەکان شکستیان خواردووە. خۆیان هاویشتووەتە ئێران. هاتنی ئەم شۆڕشگێڕانە بووەتە هۆی ئاشکرابوونی ئەمیرخان‌و حکومەتی ئێران لە یەکتری. ئەمانە ۲۰ هەزار کەسێکبوون شاە بە بیرێکی نهێنی ویستی لەم شۆڕشگێڕە هەڵاتوانە هەشت هەزارێك لە برادۆستی

دامەزرێنێت. لەبەرئەوە لەگەڵ لەشکرێك ئەمانەی نارده لای ئەمیرخان کەلای خۆی دایان بمەزرێنێ. ئەمیرخان لەترسی دواڕۆژو هەوزانی ناڕەزاییەکانی برادۆست ئەمرەکەی شاه عەباسی بەجێنەهێنا. کوردو جەلالیی‌و قزڵباشییەکان بە دوو دڵیی و قین لەدڵ پێکەوە لەوێدا ڕاوەستا بوون لەناویانا ورده شەڕ داگیرسا. ئەمجا بەسەرداریی وەزیری گەوره (معتمد الدولە) لەشکرێکی زۆر هاتەسەر ئەمیرخان کە بترسێت‌و جەلالییەکان بەزۆر لەوێ دامەزرێن. ئەم سوپا زۆره قەڵاکەی پێچا!. هەموو لەشکرەکە لە ٢٥ هەزار سوارەو پیاده زیاتر بوو، چەکی باش و تۆپی زۆریان پێبوو کە قەڵاکە بکوتن‌و بیڕوخێنن‌و بیگرن. بەرامبەر بەمە هەموو لەشکری ئەمیرخان لەیەك هەزار کەس زیاتر نەبووە، چونکە لەوە زیاتر نەیروو نەنەحەوایەوە، واتە قەڵاکە زیاتری نەئەگرت. جگە لەمانە ورده ناتەواویی تریش هەبوو لە قەڵاکەدا بۆ جێبەجێکردنی ئەوانەش ماوه نەمابوو. لە بیناغەدا دەوری قەڵاکە کانی و ئاوێك هەبوو ئەویش بەرێگایەکی ژێرزەمینا خرابووە سەر قەڵاکە پاسەوانی بۆ دانراوە. هەرچەنده ماوەی ئەم هەراو شەڕە بەتەواوی نەزانراوە، بەلام بەپێی مێژووی (عالم آرا)ی ئێران بەلای کەمەوە حەوت مانگێکی خایاندووە. کە شەڕ هەڵگیرسا ئێرانییەکان بە ژمارەی زۆری خۆیان نازیون، گەلێك هەڵمەتیان بردووەو بۆ گرتنی قەڵاکە عامبازی برا دۆستییەکان بوون، بەلام زۆریان لێکوژراوەو بە پاشا گەڕاونەتەوە. ئەوسا تێگەیشتوون کە ئەم جنگە (کورده) تا بێدەرەتان نەکرێن و بەرێکی نەپێچرێن (محاصره) بێدەست ناکرێن. جارێ بە چوار مانگ دەستڕێژی تۆپ و هەموو رۆژێك شەڕو کوشتار. ئینجا قزڵباشییەکان توانییان ڕێگای کانیاوەکە بگرن. لەم شەڕانەدا گەلێك خوێنی ئەم ڕافزییانە ڕژاوە، هەڵمەتەکانیان جار بە هەڵمەتی بەرامبەری کوردەکان بەرەو پاش گەڕاوەتەوە لەکاتی ئەم شەڕە قورسانەدا جەلالییەکان ورده ورده خۆیان دزیوەتەوەو بلاوەیان لێکردووە، وە چوونەتەوە بۆ ولاتی عوسمانی. لەگەڕانەوەکانیانا ولاتیان تالانکردووەو تووشی قزڵباشی بووبن کوشتوویانە. لەدوای گرتنی کانی و ئاوەکە سەردەمێك ناوی لیخنی ئەستێڵی قەڵاکەیان خواردوومەتەوەو ئاوه بۆگەنەکەش خەریکی تەواوبوون بووه. خوا

کردی لەوکاتەدا کە سەرەتای زستان بوو بارانێکی زۆر باریوە، لافاو ئەستێلی ناو قەلاکەو چاڵە بەفرەکەی پرکردووە. ئەو ئاوە پێویستی شەش مانگی قەلاوانەکانی جێبەجێکردووە. لەسەرئەوە (برادۆست)ییەکان گەشاونەتەوە، بەلام ئێرانییەکان ئەمەیان زۆر پێناخۆش بووە. سەرداری سوپای ئێران چاری نەما، بەڵێنیدا کە بە هێرش و زۆرداریی قەلاکە بگرێت. بۆیە دەستیان بە کوتانی قەلا بە تۆپەکانیان و خەندەك لێدان بۆ نزیکبوونەوە لە بورجەکان. لە دوای چەند مانگێك ئازارو کوشتار ئەمجا توانییان بورجێك تەنیا هەبوو بیرووخێنن و بیگرن و شەڕکەرەکانی بکوژن ئەم سەرکەوتنە بوو بە رووناکی و هیوا بۆ قزلباشەکان و مەراقیشیداوە بە قەلاوانەکان. هەرچەندە شەڕکەرەکانی ناو قەلا پەلاماریانداوە دەرپەڕیونەتە دەرەوە سنگ بەسنگ لەگەڵ ئێرانییەکانا شەڕیانکردووەو ئەمە زۆرجار وەهاکراوە، بەلام ئەمجارە سەری نەگرتووە بورجەکە بۆ ئێرانییەکان ماوەتەوە. لەم کاتەداو لە دوای ئەم رووداوە، وەزیری گەورەی ئێرانییەکان مردووە. شاه لەجێی ئەو محەممەد بەگی بیکدلی کردووە بە سەرداری لەشکر. ئەمجا شەڕو ئەبەردیی دەورەی قەلا بە توندیی دەستپێکردووە. بە گوللەباران بورجێکی تریش شپرزەکراو بەنەبەردیی شەوو رۆژ قەلاوانەکان هەموو کوژران. قزلباشەکان هەموو بورجە رووخاوەکانیان داگیرکردووە زۆری پێنەچووە بورجێك کە بەدەست کوڕی ئەمیرخان بوو لەلایەن پیر پۆداق خانی حاکمی تەورێزەوە زەوتکراوە. لەلایەکەوە ژمارەی زۆرو کەمیی شەڕکەری هەردوولا ئەوەندە زۆربوو بە خەیاڵیش دەرەتان ئەبوو بڵێین برادۆستییەکان ئەم جەنگە ئەبەنەوە. لەسەرئەوەشا بەشەڕی شەوو رۆژو ئەبەردیی سنگاو سنگ و گوللەبارانی تۆپ و تفەنگ و لەغەم و خەندەك لێدان ئێرانییەکان ئەو بورجانەی مابوون لە قەلاکەدا ئەوانەشیان رووخاند. بەمانە توانای خۆراگرتنی قەلاکە زۆر کەم بووەتەوە جێگاکە زۆر تەنگە بەربوو، مەیدانی جووڵانەوە نەمابوو. لەهەموو لایەکەوە دیواری قەلاکە رووخابوو، لەشکری عەجەم چوبووە ناویەوە. بێجگە لەمەنزڵی ئەمیرخان کە قەلای (نارین)بوو جێگای تر بە دەست برادۆستییەکانەوە نەمابوو. ئەمجا لەوێدا دەستکرایەوە بە شەڕ، بەرامبەر ئەم قارەمانییە سەرداری صەفەوی حەیران ماو،

نەیزانیوە چی بکات. سەرەڕای ئەمە لەمکاتەدا کۆمەکی تازە بۆ نێرانییەکان هاتووە، کوردەکانیش هیوایان هەر بەخواو بە گیانی بەرزی خۆیان بووە. بەڵام ئەمیرخان تێفکری لەسەر شەڕ ڕۆیشتن هیچ سوودێکی نەماوە. لەبەرئەوە دوای موزاکەرەیەکی کورت لەگەڵ ڕەفیقەکانیا بەڵێنیاندا کە دەست لەشەڕ هەلگرن. ئەمجا ئەمیرخان خەبەری بۆ سەرداری عەجەم نارد کە تەسلیم ئەبن. ئەمانە بێنەوەی چەك لە خۆیان داماڵن و بەومەرجەی نەیانکوژن تەسلیمی ئەلیاس خانی سەرۆکی قزڵباشەکان بوون. لەدوای ئەوە هانیویانن بۆ بارەگای سەرداری سوپای عەجەمەکان کە هەموویان سەد کەسێك ئەبوون. لەدوای ئەمە عەجەمەکان بیریان گۆڕی، بەڵێنیاندا بیانکوژن. کە قارەمانەکانی برادۆست بەمەیانزانی خۆیان وریاکردەوە بۆ شەڕ. لەمەولاوە دەستەی ئەلیاس خانی سەرۆکی قزڵباشەکان ویستیان چەك لە یەخسیرەکان بسێنن. لەسەرئەوە شەڕ داگیرسا. یەخسیرەکان ئەلیاس خان و چەند قزڵباشێکیان کوشتووە. ئەمجا لەشکری قزڵباشیی چواردەوری ئەم کەڵە مێردانەیانداوە. لەدوای شەڕێکی وەحشییانەو کوشتارێکی زۆر لە قزڵباشەکان ئەم پاڵەوانانە هەموو کوژراون. ئەمیرخان و ڕەفیقەکانی بەجیا لە خێوەتێکا بوون لە درزو کونی خێوەتەکەوە، چاویان لەم قەسابخانەیە بوو. تێگەیشتن کە کار لە کار ترازاوەو ماوەی پینەو پەرۆ نەماوە. لەبەرئەوە ویستوویانە دەستپێشکەریی بکەن و لەخۆیان زیاتر لە دوژمن بکوژن ئەمجا بمرن. لەبەرئەوە کوتوپڕ قزڵباشەکانیان داوەتە بەر تفەنگ. ئەوانیش لە هەرچوار لاوە ئەمانیان داوەتە بەر شێلگی تفەنگ. لەدوای ئەمە ئەمیرخان و ڕەفیقەکانی دەستەوخەنجەر شەڕیانکردووە. ئەوی لەبەر برینی زۆری خۆی نەگرتووە کەوتووەتە زەوی لە پاڵەوە هەر شەڕیکردووە هەتا مردووە. گەلێجار هەڵمەتی هارانەی قزڵباشەکان لەڕووی هێرشی ئەم ڕەوە شێرانەدا خۆی نەگرتووە وەستاوە، یەك لەسەریەك لاشەی قزڵباشەکان لەسەر زەوی بووەتە گردۆڵکە. بەڵام قزڵباشەکان ئەوەندە زۆر بوون نەئەبڕانەوە، بەڵکو کەڵەمێردەکانی برادۆست کە هیچ پەناو کۆمەکێکیان نەبوو بە ئەنجام ئەوان بڕانەوە. کاتێك دوایی ئەم شەهیدە نازایانە هات لوورە لووری شادمانی دوژمن لەوناوەدا دەنگی ئەدایەوە. تومەز خۆشی و

سەماکردنی ئەمانە نیشانەی ئەوەبوو کە هەرای (دمدم) بڕاوەتەوە! لەدوای ئەوە بورج و تەلاری دەمدم کە حەوت مانگ بوو سەیری ئازایی و قارەمانێتی ئەم شێرانەی ئەکرد، بەسەر لاشەی کوژراوەکانا ڕووخێنرا. جا لاشەی ئەم شەهیدانە کە لە ڕێی ئازادیدا بە کوشتچوون، لە ژێرزەمینی قەڵا ڕووخاوەکەدا بەوجۆرە شارراوەتەوە.

قەلاچۆی خێلاتی موکریان (١٠١٩ هـ ١٦١٠م)

هەر لەسەردەمی لای سەرەوەدا بەبیرێکی سیاسی کێوی و ڤینی مەزهەبیی لەلایەن حکومەتی شاه عەباسەوە عێلەکانی کوردی موکریان قەلاچۆکراوە لە ٩٩١هـ ١٨٥٤م دا. (ئەمیرە پاشا) ناو سەردارێکی کورد کە حاکمی موکریان بووە، لەبەرڤین‌وخراپەی شیعەکان لەدڵدا ڕقی لێیانبووە. لەبەرئەوە لە کاتی شەڕەکانی عوسمانی و ئێراندا کە لەشکری عوسمانی هاتووەتە دەوری تەورێز، ئەم ئەمیرە پاشایە ئەهالی شیعەی وڵاتی (سلدۆز)و (میاندوا)و (مەراغە)ی ئازارداوەو (قەرە چۆق) ناو موڵکی تایبەتی شای ئێرانیشی تاڵانکردووە. لەسەرئەمانە، شا چونکە شێخ حەیدەری کوڕی ئەم ئەمیرە کە ببووە سەرەکی بەشێکی موکریان سەربە شا بووەو لە ڕەزمی (ڕوان)دا لە پێناو حکومەتی ئێرانا بەکوشت چووە. لەبەرئەوە شا جارێ دەنگی نەکردووە بەڵکو لە پاداشتی ئەمەدا (قوبادخان)ی کوڕی شێخ حەیدەری لەجێی باوکی داناوە بەلا لەلایەکەوە بەهۆی ناکۆکی دائیمی نێوان شیعی و سوننییەتی و لەلایەکی تریشەوە لەبەر بوختانکردنی ماقووڵانی شیعە بە ئومەرای کورد لای شاهی عەجەم ڕابواردنی وەها لێکردبوو دۆستایەتی بە هیچ لایەکیان ڕانەنەگیرا، لە حاڵەتێکی، وەهادا لە موکریانا یاخیگەرییش پەیدابووە!.

سەرەڕای ئەمە لە هەرای دمدمدا قوبادخان بە کۆمەکی شاهەوە نەچووە. جا ئەم هەموو نالەبارێتییە وایکردبوو لە شاه عەباس لە ساڵی ١٠١٩هـ – ١٦١٠ م دا بڕیاریدا کە ڤڕی عێلەکانی موکریان بێنێت. جا لەسەرئەمە هەر ئەوساڵە شاه عەباس بەلەشکرەوە ڕوویکردووەتەوە وڵاتی موکریان، جارێ شاه قوبادخانی خلافاندووە بەرەو ڕووی خان بەخۆشیی دواوە هەتا قوباد بەمانە تەفرەی خواردووە. وەتە بەخۆی و سوارەکانییەوە چووەتە بارەگای شاه ئەوسا ئەمری بە کوشتنیانداوە ماقووڵەکانی کورد کە ئەم نامەردییەیان دی، پەلاماری چەکیانداوە تا مردن شێرانە شەڕیانکردوە. لەدوای ئەوە سوپای شاه پۆل پۆل ڕوویکردووەتە نیشتمانی موکریان

دەستیانکردووە بە قەلاچۆکردنی ئەهالی بەسەزمان. بەوجۆرە کوشتارێکی زۆریان لەو ئەهالییە بێدەرەتانــە کــردووەو نــافرەت و منداڵــەکانیان بەخسیرکردووە. شیعەکان لــەدوای ڕۆژێکــی وەهــا ئەگــەڕان کــە لــە موکریانــا هیــچ نەیــەڵن. جــا بەڕاســتیی خوێنخوارییەکی وەهایانکرد کە لە مێژووی ئادەمییدا بە شەرمەوە باس بکرێت، بەمجۆرە تینوێتی خوێنخواریی شای صەفەوی نامەرد شـکاوە. لەدوای ئـەم قەلاچۆیـە کوردستانی ئێران وەها شپرزەکراوە، حکومەتی شاە عـەباس لەوتۆڕەیـەدا نـەیتوانیوە لەگــەڵ دەوڵــەتی عوسمــانیدا لەسەرشــەڕ بــڕوات. لەبەرئــەوە بــەناچاریی داوای ئاشتییکردووە. لە ئـەنجامدا لەسـەر بڕیارەکانی سوڵتان سەلیم دەستوبرد ئاشتییان پێکـهێناوە، بـەڵام لەبــەر گــیروگرفتی بێئــەندازەی میــانی ئــەم دوو دەوڵەتــە ئاشــتبوونەوەکەیان سـەری نـەگرتووە. بـەڵکو لـە(١٠٢٤هــ - ١٦١٣م)دا دیسـان شـەڕ داگیرساوەتەوە. سەردارەکانی کوردی عوسمانی پێشڕەوی لەشکری ئــەمجارە بــوون، هاتوونەتەسەر سنوورەکان و ئاژاوەیان ناوەتەوە. لە هـەرای ئازربایجانا زەمینـەڵ خـان سەرۆکێکی کورد سەرداری ئێرانی بریندارکردووە. ئینجا لەشکری شایان شکاندووە. لەسەرئەوەشا شەڕ زۆر درێژەیکردووە، گەلێکجار لەشکری ئێران هاتووەتە کوردستانی عوسمانییەوە. ئومەراکانی کورد لەناو بەدبەختی ئومـەرای شیعەی ئێران کەوتوونـە سەودای پارێزگــاری مــاڵ وموڵکــی تایبــەتی خۆیــان و بڵاوەیــانکردووە. لەبەرئــەوە نەیانتوانیوە لەشکرێکی ئەستوور پێکەوە بنێن و بەرەنگاری لەشـکری ئـێران بوەسـتن و لە کوردستان دەریانکەن و تۆڵەیان لێبکەنەوە. جا بەهۆی ئەم جیاجیا بوونـەوەیان زەرەریان لێکەوتووەو کوردستان وێران بووە. تەنانەت لـە ڕووی ئـەم بڵاوبوونـەوەیان وا ڕێکەوتووە کوردو تورك بەگژ یەکا چوون و زۆریان لەیەك کوشتووە، لە ئـەنجامی کــارا هــەردوولا لــەم ڕووەوەو کــورت وەســتاوە وە لــە (١٠٢٧هــ ١٦١٨)م) دا ئــەم دوو حکومەتە ئەمجارەش ئاشتیانبووەتەوە. حکومەتی ئێران لەسەر ئەم هەموو خراپانەدا کە دەربارەی کوردەکانی کردووە، کـەچی بناغـەی هێزی سوپاکەی لەڕۆڵەکانی کورد بووە. سنووری وڵات ئەمان پاراستوویانە لەشـەڕی دەوڵەتییدا پشـتو پـەنای عەجـەم عەشیرەتەکانی موکریی بووە. گەلێك پۆلە لەشکری دایمی شاە عەباس لە کوڕە کوڕەی کورد دروست ئەبوو. لەمانە ئەفسەرو سەردار لەشکری زۆر هەلکەوتووە وەکو (عـەلی جان سوڵتانی شوکاکی، گەدایی سوڵتان کۆڵانـی. قەلـەندەر سوڵتانی کەڵەگیری. ئیمام قولی سوڵتانی چنگنی) لـەو سـەردارە بـە ناوبانگانـەن کـە لـە سـەردەمی شاە عەباسی یەکەما پێگەیشتوون. هەر ئەم شاە عەباسە بۆ بەربەستکردنی هێرشی تورکمانـەکان

پانزه هەزار ماڵێکی کوردی بۆ خۆراسان دەربەدەر کردبوو، لەشەڕی بـەغدادو موسا
تیپی هەرە بـەکاری لەشـکری شـاە عـەباس کوردەکـان بـوون و شـارەزووروو قـەڵا
کەرکووکیش سوپای خـان احمـد خـانی حـاکمی ئـەردەڵان کەسـەردارێکی بـەناوبانگ
کوردە بـۆ شـاە عـەباس زەوتکـردووە. شـاە عـەباس لـە ١٦٢٤م دا کەلەشـکری ئـێرا
سەرلەنوێ ڕێکخستووەتەوە گەلێك پۆلی ئەم لەشکرەی لە عەشایری موکری کو
دروستکردووەو بـەم لەشـکرە زۆرجـار سـوپای دەوڵـەتی عوسمـانیی شـکاندووە. ل
ئومەرای موکری تەنیا (شێرخان) ناوێك مابوو کە بەرکوشتار نەکەوتبوو، ئەویش ا
ماقووڵانی شاە عەباس بوو خۆی و براکەی ئێشکگری شاە بوون، لەبەرئەوە شاە خۆ
ئەمانـەی بەخشـیوەو نەیهێشـتووە بکوژرێـن. جـا قـەلاچۆی موکریـان بـەمجۆ
دواییهاتووە.

تـازە بوونەوەی هەرای موکریان و ئە نجامەکەی ١٣٠٤هـ - ١٦٢٥م

لەدوای کوشتارە گەورەکەی موکریـان کـەلای سـەرەوە باسـکرا، بەفـەرموودەی شـ
(شـێر خـان)ی نـابراو کـراوە بەسـەر کۆمـاری عەشـایری موکـری، بـەڵام بـەهۆ
زۆرداریکـردن‌و دەسـتدرێژیی قزڵباشـەکان و دوژمنایـەتی بـەینی شـیعەیەتیی
سوننییەتی کە ڕێگای نارام و ناسایشی گرتبوو، ئەم شێرخانەش خۆی پێنـەگیراو
بەرامبـەر بەحکومـەتی ئـێران یـاخییبووە لـە ١٠٣٤هـ ١٦٢٥ م دا شـێرخان لەپێش
بەلەشکرەوە ڕوویکردووەتـەوە مەراغە. لەوێ گـەلێك شـیعەی کوشـتووەو ئـەوناو
تالانکردووە. لەدوای ئەوە کـە بیستی لەشکری شاە عەباسی هاتووەتە سەر، چارە
نەماوە بە خۆی و عەشایرەکەیەوە کشاوەتەوە ناو شاخەکانی ئەوناوە. بـەوە خۆی
سـوپاکەی لـە تۆڵەکردنـەوەی عەجەمـەکان ڕزگـارکردووە. ئێرانییـەکان هەرچـە
هەوڵیانداوە ئەمانە تووشـی سـزا بکرێـن، بـەڵام لـە تـالانکردن و سووتاندنی وڵاتەک
زیاتر هیچی تریان پێنەکراوە. لەسـەرئەوە سوپای ئـێرانیش لـەوناوەدا ئیش و کار
نـەماوەو گەڕاوەتـەوە. لـەدوای مردنـی شاە عـەباس لـە ١٣٠٩هـ ١٦٢٩م دا شـەڕی ئـێران
عوسمانییەکان دووبارە دەستپێکردووەتەوە، سەرداری ئەعظەمی عوسمانی (خوسر
پاشای بەناوبانگ) بۆ سەندنەوەی بـەغدا بـە لەشـکرەوە هاتووەتـە موسـڵ، لـەو
ئومـەراکانی کـوردی لـەخۆی کۆکردووەتـەوە لـە سـازمانێکی گشتیدا. خوسـرەو پاشـ

ئومەرای کورد وایان پێباشبووە لە پێش بەغداد چوونا جارێ کوردەکانی هەرێمی ئەردەڵان بخەنە ژێر دەستەڵاتی خۆیان. لەدوای ئەوە ئینجا بچن بەغدا بگرن. لەسەر ئەم بڕیارە دەستە لەشکرەکەی عوسمانی بەسەر شارەزووردا ڕۆیشتووە بۆ ئەردەڵان. خوسرەو پاشا لە ڕێ قەڵای (خورماڵ)ی پینەو پەڕۆ کردوومەتەوەو لەگەڵ هەندێک لەسەر کۆمارەکانی کورددا پەیوەندی بەستووە. ئەوەندە هەیە ئەم سەرکۆمارانە لە هێزدارە دەستەڵاتدارەکان نەبوون وەکو (زەینەڵ خان)و (خان ئەحمەد خان)ی ئەردەڵانی کە سەر بەعەجەم مابوونەوە، یەعنی وەک ئەمانە بەهێز نەبوون. لەشکری عوسمانی لەدوای چەند دەستوەشاندنێک بایداوەتەوە سەر بەغدادو شارەکەی پێچاوە. بەڵام بۆی زەوت نەکراوە. لەسەرئەوە گەڕاوەتەوە بۆلای شاری موسڵ. ئەوسا خان ئەحمەد خان بەلەشکری کوردەوە شوێن عوسمانییەکان کەوتووەو شارەزووری داگیرکرووەتەوە (١٠٤٠هـ ١٦٣١م).

لە ساڵی (١٠٤٨ هـ ١٦٣٤م)دا پادشای عوسمانی مرادی چوارەم کە بە (فاتیحی بەغداد) ناودارە، هاتووەو بەغدادی داگیرکردووەتەوە، واتە لە عەجەمەکانی سەندووەتەوە. سەردارە کوردەکانی ناوچەی (عەمادیە، هەولێر، بادینان، کەرکووک، شارەزوور) بەلەشکریانەوە لەم فەتحەدا لە خزمەت سوڵتانی عوسمانیدا بوون و بۆ سەرکەوتنی پادشاه گیانی خۆیان بەختکردووە. یەعنی بەسایەی خۆبەکوشتدانی کوردەکان بەغداد گیراوەتەوە. لەدوای ئەمە ئینجا هەردوو حکومەتەکە ئاشتبوونەتەوەو، تەنانەت ئەمجارە سنوورەکانیش ساغکراونەتەوە، وەتا سەدەی نۆزدەیەم ئیتر نەگۆڕاوە. وە بەم کەین و بەینە کوردستانی خوارووی (زاگرۆس)ەکان بۆ دەوڵەتی عوسمانی یەکلایی بووەتەوە. جا تا ئەم مێژووە ناوچەکانی (بیتلیس، عەمادیە، هەکاری) هەریەکە بەجیا لە حوکمی سەردارێکی کوردا سەربەخۆ بووە، بەڵام لە (١٠٧٠هـ ١٦٦٠) بەدواوە ئەم وڵاتانە بە مسکێنایەتی بوومتە موستەعمەرەی دەوڵەتی عوسمانی. بەڕاستی ئەم هەرا دوورو درێژەی دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوییەکان ڕووداوێکی گرنگە لە مێژووی ڕوژهەڵاتی نزیکدا. نرخی سیاسی کوردو کوردستانی بەتەواوی بۆ نەتەوەی کورد ساغکردووەتەوە. بەڵام کوردەکان ئەمجارەش لەم هەڵە باشانەی مێژوو پەندیان وەرنەگرتووە. نەیانتوانیوەو نەیانزانیوە کۆمەڵێکی یەک دڵ و یەک سەرۆک پێکەوە بنێن و دایمەزرێنن کە بەرامبەر لافاوی بێگانە وەک کێوە پارە ڕابوەستێ. ئەو مەینەتانەی کوردی لەم خۆ کۆکردنەوەیە دواخستووە هەموومان

نەیزانین فەقیریی و نادانیی و ناکۆکیی بووە. نەبوونی تەربیەی سیاسیی و نەفرەخواردن بەهەڵاتی کاربەدەستان کوردی تووشی نوغرۆی خۆخۆریی کردووە. لە باتی پاڵبدەنە پاڵ یەك بە دڵسۆزی هەوڵی ڕزگاربوونی خۆیان نیشتمانەکەیان بدەن، کەچی بە پێچەوانەی ئەوەوە هەمیشە بەگژیەکا چوون وە یا شمشێریان لەیەك سووە. بەرئەوە ئەو دەوڵەتانەی پێکیانهێناوە هەمووی لەناوچووە. شەرەفخانی بیتلیسی بە سکالاکانیا دیارە دەرکی بەم کوێرەوەرییانە کردووەو ڕێگای باشی پیشانی کوردەکانداوەو پێیوتوون کە نەبێ یەکێتییەکی سیاسی پێکەوە بنێن و لە حکومەتەکانیان دەوڵەتێکی یەك پارە (فەدەراسیۆن) دروست بکەن و شاری جزیرەش بکەن بە پایتەختی ئەم دەوڵەتە، یەعنی ئەم وەسیەتانەی هەموو کردووە. بەلام داخی داخانە فیتی حاکمەکانی ناوخۆ کە پەرش و بلاویکردوونەتەوەو نەیهێشتووە ئەم پەندە جوانانە بچێتە مێشکی سەردارەکانی کوردەوە، بەڵکو هەر لەسەرشوێنی کۆن رۆیشتوون و بەرە بەرە گشتیان لەناوچوون.

لە سێ سەدەی دوایی ڕۆژهەلاتی نزیکا

١- هەواڵی کوردستان ١٦٠٠هـ - ١٨٥٠م

هەواڵی مێژوویی سێ سەدەی دوایی کوردو کوردستان بریتییە لەو سەرگوزشت و سەرئەنجامە کە لەبەینی دەوڵەتی عوسمانیی و دەوڵەتی ئێراندا بە ڕقەبەری یەکتری لە خاکی کوردستانا ڕوویداوە. لەوسەردەمەدا ئەم دوو حکومەتە بۆ داگیرکردنی کوردستان بە گژ یەکاچوون و بۆ نەهێشتنی بیری سەربەخۆیی لە کوردەکانا زۆر خوێنیان ڕژاندووە. بە پێی بژارەی (شەرەفنامە) لە پێشا کوردستان زۆرگەورە بووە، بەلام بە سیاسەتی ناوخۆی تورکەکان لە دواییدا بچووككراوەتەوە. لە هەوڵ و تەقەلادانی سیاسیی و عەسکەری ئەم سێ سەدەیەدا تورك لە ئێرانی زیاتر دەستکەوتووە. زۆربەی سەرزەمینەکانی کوردستانی ڕۆژاوا لەگەڵ کوردستانی ناوەند بۆ تورکەکان ماوەتەوە. تەنیا تەقەلاکانی (نادرشاه) نەبێ نەختێك دەستەلاتی لە ئێرانا نواندووە، ئەگینا دەوڵەتە بەچنگەکەی ئێرانی پێشوو نەماوە. وایلێهاتووە کە عوسمانییەکان لەئێران پەروایان نەماوە، بەڵکو لەوکاتانەدا خەریکی بەجێهێنانی سیاسەتی مەرکەزیی ناوخۆیانبوون، ، یەعنی شکاندنی دەستەلاتی ئەمارەتەکانی کوردو لەناو بردنیان ئامانجی حکومەتی عوسمانیبووە. ئەمەش بە ئەنجاد

سەریگرتووە. کە مرادی چوارەمی پادشای عوسمانی بەغدادی گرت، ئەحمەد پاشا زاوای کرد بە والی دیاربەکر. ئەمجا ئەم پیاوە دڵڕەقە بووەتە ملۆزمی سەربەخۆیی ئەمارەتەکانی کورد. بەهەموو جۆرێك شەڕی پێفرۆشتوون، لەناویبردوون، تەمر وڵاتانی کردوون. وڵاتەکانی لەدەست سەندوون. ئومەرای (عەمادیەو بیتلیس شووشیك)و جێگایانی تری لەناوبردووە. ئەم کابرایە ٢٠ ساڵ زیاتر لەتەك کورد بەخراپەکردن ڕایبواردووەو سەیر ئەوەیە کە دووبەشی ئەم خراپانەی خۆ بەخۆ بە کوردەکان ئەکرد. تاقم تاقم لەگەڵ خۆیا ئەیبردن و بەگژ یەکیا ئەکردن، تاکو بە سیاسەتە لە (١٠٧٠هـ ١٦٥٩م) دا کوردستانی بەتەواوی بچووککردووەتەوە. لەبەرئەو بەشی زۆری ئەو دەرەبەگانە لەوێنەی ئەمارەتیی دەرچووە، وەیا خراوەتە وڵاتەکانی تری تورکیا. ئەمارەتی بابان لەپاش ئەم سەردەمە لە (شارباژێڕ) پەیدابووە. لەمەوا کوردی عێراق زۆر خزمەتی دەوڵەتی عوسمانیی کردووە. گەلێکجار لەشکری کورد بە سەرۆکایەتی سەرداری خۆی ڕوویکردووەتە ئێران بۆ بەرژەوەندی عوسمانییەکان لەشکری عەجەمی شکاندووەو بەرشتنی خوێنی خۆیان ویستوویانە هەموو کوردستانی ئێران بخەنە ژێرحوکمی عوسمانییەکانەوە. کەچی والییەکانی عوسمانی بەغداد لە دوای ئەم سەرکەوتنانە لە باتی پاداشتی چاکە ئەکەوتنە تەدبیرو تەقەلای زیان لێدان و لەناوبردنی ئەمارەتەکانی کوردی (سۆران)و (بابان). (١١٣٥هـ ١٧٢٢م) لەم سەردەمەدا دەستەڵاتی صەفەوییەکان لە ئێرانا ئێجگار کزبووە. ئەمیرەکانی ئەفغان خەریکی داگیرکردنی هەموو خاکی ئێران بوون. بەڵکو ئەیانویست کوردستانی ئێرانیش لە حکومەتی عوسمانیی بسێننەوە بۆخۆیان. بەڵام عوسمانییەکان بەیارمەتی لەشکری کورد هەمەدانیان لە ئەفغانەکان سەندووەتەوە، ئەمجا ڕوویانکردووەتە (تاران) ویستوویانە پایتەختەکەش بگرن و حکومەتی ئێران بەتەواوی لەناوبەرن. لەملاوە ئەشرەف خانی ئەفغانی بە سوپای خۆیەوە هاتووە بەپیر ئەم سوپا سەرکەوتووەی عوسمانییەوە. بەناوی سوونییەتی ئەفغانەکانەوە، بە چاوڕا سەردارانی کوردی سەربە عوسمانی تەفرەداوەو بە هیوای مەسنەدو ڕوتبەو نیشانو خەڵاتی گەورە ئەشرەف خان ئەمانەی هەڵخەڵەتاندووەو لە مەیدانی شەڕ

.ووریخستوونەتەوە، وەك لە باسی بابانا وتمان ئەوەبوو (خانە پاشا)ی بابان
ەمەیدانی شەڕا لە عوسمانییەکان جیابوەوە. بەوە لەشکری عوسمانی شکاوەو زۆریان
ێکوژراوەو ئەوی دەرچووە گەڕاوەتەوە بەغداد. لەدوای ئەم ڕووداوانە هەردوو
حکومەتی عوسمانی و ئەفغان ئەمجا لای ئاشتییانگرتووە. لە بریتی ئەوە کە
حکومەتی عوسمانی شاهێتی ئێرانی بۆ ئەشرەفخان بەڵێنداوە، حکومەتی ئەفغانیش
ولاتی کرماشان و هەمەدان‌و ئەردەلان و لوڕستانی داوە بە حکومەتی عوسمانی. جا
بەوجۆرە لە بەینی هەردوولادا (پەیمان) بەستراوە. جا بێینەوە سەرەوکاری
کوردەکان. بەشی ئەمانیش لە شەرمەزاریی و بێبەهرەیەتی تەربییەی سیاسی زیاتر
هیچیان بۆ نەماوەتەوە.

٢- کورد لە سەردەمی(نادرشاه)دا (١٧٣٠م):

نادرشاه لە مرۆڤە هەڵکەوتووەکانی مێژووە. لە دوایی سەدەی ١٧ ی زاینیدا لە سەرزەمینی ئێران لە عێلی ئەفشار پەیدابووە. لە هەرزەکارییدا جارێ بووەتە شوان. لە دواییدا بووەتە جەردەو هاتووەتە کایەوەو خۆی ناوناوە (تەهماسب قولی). لەبەرئەوەی ئێرانییەکان حەزیان لە حوکمی ئەمەرای ئەفغان نەئەکرد. تەهماسب قولی زۆر بە وریایی ویستوویەتی لەم دژوێنی خەڵکە قازانج بکات و شوێنی خۆی لەئێرانا بەرزبکاتەوە. لەبەرئەوە بە داوای هێنانەوە کایەی مافی خانەدانی سەفەوییەکانەوە هاتووەتە مەیدان. جا بەو هۆیەوە شاهزادە (تەهماسبی دووەم)ی کردووە بە شاهی ئێران لە ١١٤٢هـ ١٧٢٩م دا. (نادر قولی) دووجار ئەشرەف خانی ئەفغانی لە شەڕا شکاندووەو لە دواییشا لە شیراز گرتوویەتی و کوشتوویەتی. بەمجۆرە حکومەتی ئێرانی سەربەئەفغانی لەناوبردو حکومەتی سەفەوی بەناو ژیاندەوە. بەلام ئەمە ڕاست نەبووە، بەڵکو بەڕاستی حکومەتی (نادریی) پەیدابووە. لەپەیدابوونی شتی تازەی مێژوویی ڕۆژهەلاتی نزیکا کوردەکان هەمیشە لە نارادا بوون و بەخوێنی ئەمانە - ئەو کارەساتە مێژووییانە هاتووەتە بەرهەم. لە حکومەتی نادرشاه هەمان شت ڕوویداوە، یەعنی بە زۆری بازووی کوردان بناغەی ئەم حکومەتەش دانراوە. تیپی هەرە ئازاو بەکاری لەشکری نادرشاه ڕۆڵەی کوردو ئەفشارە

بووە. لەدوای ئەمە نادرقولی کە لەحکومەتی شاە تەهماسبی دووەمدا هەرخۆی حیساب بوو- داوای وڵاتەکانی خوارووی ئێرانی کرد کە ئەشرەف خان دابووی بە حکومەتی عوسمانی، بۆیە لەناکاو لای هەمەداندا دای بەسەر لەشکری عوسمانیداو شکاندی وە تا لای خانەقین بە شوێنیەوە بووە. لەسەر ئەمە لەمیانی هەردوو دەوڵەتدا ئاگری شەڕ لە ١١٤٠هـ ١٧٣١م دا داگیرساوەو زۆر درێژەیکردووە. گەلێجار نادر قولی بە لەشکری گرانەوە هاتووەتەسەر عێراق، (بەغداد)و (موسڵ)ی پێچاوەو لەگەڵ لەشکری عوسمانی لەگەڵێك جێگادا شەڕیکردووە. جاروبار شکاوەو گەڕاوەتەوە ئێران، بەڵام دیسان لەگەڵ لەشکری قورسا هاتووەتەوەو عێراقی شێلاوە. لەم شەڕانەدا کوردستان تووشی ماڵوێرانیی بووە. لەبەر دڵڕەقیی و زۆرداریی و زەلالەتی (نادر قولی) سەردارانی کورد لێی ڕەنجاون، لەبەرئەوە هەتا توانیویانە لای عوسمانییەکانیان گرتووە. لەسەرئەمە نادرقولییش بووەتە دوژمنی کورد. نادرشاە ئەم جۆرە کوردانەی لە دوای تاڵانکردن دەربەدەر کردووە وە یا کوشتوونی. بەم بۆنەیەوە گەلێك خێڵی کورد لە ڕۆژاوای ئێرانەوە بۆ ڕۆژهەڵات وە یا باشووری ئێران دەربەدەرکراوە. ئەم شەڕە قورسانە هەتا ساڵی (١١٤٧هـ ١٧٣٤م) درێژەیکردووە. ئەوسا لەسەر مەرجی ئاشتی پەیمانی (سوڵتان مرادی چوارەم)ی پادشای عوسمانی هەردوولا ئاشتبوونەتەوە، وە سنووریان وەك جاران داناوەتەوە، یەعنی ڕیزەچیای زاگرۆس بووەتەوە بە سنووری هەردوو دەوڵەتەکە. لە ١٧٣٨ی زایینیدا تەهماسب شای دووەم مردووە. نادر قولی خان کوڕێکی بچووکی ئەم تەهماسب شایەی بەناوی شاە عەباسی سێیەم خستووەتە سەر تەخت. بەڵام زۆر زوو ئەم منداڵەی دەرکردووەو خۆی داناوە بە شاە یەعنی بووەتە (نادرشاە). لەساڵی ١١٥٤هـ ١٧٤١م دا شەڕی دووبەرەکیی ئێران و عوسمانی دەستیپێکردووەتەوە، لەشکرێکی گەورەی تریشی بەسەر شارەزوورو کەرکووکا ناردووەتە سەر موسڵ چووە ئەوێشی پێچاوە. ئەم زرمە زلەو هەرایە دیسان چەند ساڵێك درێژەیکردووە. بەڵام بەئەنجام هەر کوردستان پەرێشان بووە، چونکە لەشکری ئێران لەم جەنگانەدا سەرنەکەوتووە گەڕاوەتەوە دواوەو ئەم شکستانەشی لە چاوی کوردەکانەوە دیوە. بۆیە لە ١٧٤٧ی زایینیدا بۆ تەمێ کردنی ئەم کوردانە بۆ خۆراسان

دەربەدەری کردبوون نادرشاه بەلەشکرەوە چووەتە سەریان، بەرەگەتدا بەم ئاواتا پیسەی نەگەیشتووە، لە رێگا کوژراوە..

لەدوای نەمانی نادرشاه ئێران شێواوە، هەلێکی تازەی سەربەخۆی بۆ کورد پەیدابووەتەوە. بەراستی ئەم هەلە زۆر بەجێ و بەڕێ بووە، چونکە لە ئێرانا حکومەت نەبووەو حکومەتی عوسمانییش لەبەر تەکانی ڕووسەکاندا زۆر بێتاقەت بووە. هۆشی یەکگرتن و بزوتنەوەیەکی بەجێ لەمکاتەدا بخرایەتەکار، بێگومان یەکیەتی سیاسی میللەتی کورد دروستئەبوو. بەراستی کوردی ئێران لەمکاتەدا کەوتووەتە تەقەلاو (حکومەتی زەند) لە ١٧٥٢ی زاییندا دامەزراوە. ئەگەر ئەو دەوڵەتەو حکومەتی سۆران و ئەمارەتی بابان لە کوردستانی عوسمانیدا یەکگیر ببوایەو ئەم سەرحکومەتە سنووری یەکترییان دانایە بە بناغەو بۆ پاراستنی کەیانی نەتەوایەتی دەستیان بدایەتە دەستی یەك و (کونفەدراسیۆن)ێکی جمهووریيار پێکەوەبنایە هیچ نەتەوەیەکی تر نەیئەتوانی بەرامبەریان بوەستێ. بەلام سروشت لە کوردستانا تالعی هاوڕێی عەقڵ و تەدبیر دروستنەکردووە. لەبەرئەوە ئەم سێ حکومەتە هەریەکە لە خاکەکەی خۆیا گیرۆدەی فیتنەو ئاکۆکیی ناوخۆی بووە نەیپەرژاوەتە سەر بەرژەوەندی گشتی حکومەتەکانی تر، بەڵکو ئەمە هە بەخەیاڵیشیانا نەهاتووە. کە حکومەتی کوردی زەند لەناوچووە و ئاغا محەمەد خانی قاجار هەموو ئێرانی خستە ژێرحوکمی خۆیەوە، بۆ کزکردنی دەستەڵاتی کورد ئە ئاغا محەمەدخانە زۆر هەوڵیداوە. جارێ تیرەی زەندی لەناوبردووە. ئینجا تیر کوردەکانی تریشی بەملاوبەولای ئێرانا دەربەدەرکردووەو حکومەتی قاجار ب دەستەڵات پەیداکردن لە ئیشوکاری ئەمارەتەکانی بابان و سۆرانا لەگەڵ حکومەتی عوسمانیدا گەلێك شەرێکردووەو بەهۆی ئەمەوە کوردستان وەك هەموو جارەکانی ئەمجارەش ماڵوێرانی پێبڕاوە. عێلانی (شوکاك) لەم سەردەمەدا ناوی پەیداکردووە.

٣- کورد: لە ١٥٠ ساڵی دواییدا ١٧٥٠ – ١٩٠٠ی زاییني:

کورد لەم ١٥٠ ساڵی دواییەدا بیری سەربەخۆیی و دەماری نەتەوایەتی زۆر تەند بووە. لەوەپێش هیچ کاتێك بەمجۆرە کزو بێدەستەڵات نەکراوە. گومان نییە ئە

نشوسته لـه ڕووی نـاكۆكیی و بەربـەرەكانی سـەردارەكانیانەوە بەسـەریانهاتووە. ئـەوە حكومەتـە دەستەڵاتدارەكانی بەسـەرا زاڵكـردوون كـە عوسمانی و ئێرانییــەكانن. لــە كوردستانی عـێراقدا ئەمكاتـەی لای سـەروو دەوری فـەرمانڕەوایی ئـەمارەتی سـۆران و بابانـەو لـە ئێرانیشا سـەردەمی حكومـەتی زەنـدە كـەوا باسمـانكرد. بێینـەوە سـەر كوردستانی ڕۆژاوا لەوێشا تەقەلای عێلاتـی میللی كـە سـەرۆكەكانیان بـۆ ئـازادی و سـەربەخۆیی لـە ناوچـەی ئۆرفـەو مـاردینـدا كردوویانــە. دیـارە بـەهۆی هەڵسـوڕانی ئـەمیرەكانی بابانـەوە هاتوچۆی لەشـكری ئـێران و عوسمانییـەكان بۆسـەر یـەكتریی كوردسـتانی عـێراقی بێـژاوە. خـەڵكی كوردسـتانی ڕۆژئـاوا لەناوچـەی شاخسـتانی مـاردێن و تـوری عـابیدیندا لـە وێنـەی كۆمەڵـە عەشـیرەتیدا بـوو وە بەشـی زۆری ئەهالییەكەش كورد بووە. ئەمانـە تێكڕا ناویـان عەشایری (میللی) بـووە كۆگایـەكی قورس و دەستەڵاتداربوو هەر پێویستی بەسەردارێكی زیـرو نەبـەز بـوو. لـە ۱۲۰۰ھ ۱۷۸۵دا ئەم سەردارەشیان بۆ پەیدابووە ناوی تەیموور پاشا بووە. ئەم پاشـایە خانـەدان زادەیەكی بـەناوبانگی كـورد بـووە. لـە ئەسـتەمبوڵ خوێندوویـەو لـەوێ گـەورە بـووە. سەردەمێك هاتووەتە ناو عەشایری میللی و بووەتە سەرداریان. لەشكرێكی ژیركەلـەی لـە كـورە كـوڕەی كۆمارەكـان پێكـەوەناوەو ئیشـوكاری ئـەوناوەی خسـتووەتە ژێــر دەستەڵاتی خۆیەوە. بەڵام ئەمە مەترسیی والییـەكانی توركی ئـەوناوەی زیادكردووە لەسەرئەوە خێرا كەوتنەخۆیان لە هەمووڵایەكەوە بە لەشكرەوە كە بەشی زۆری ئـەم لەشكرەش كورد بـوو لـە ۱۲۰٦ھـ ۱۷۹۱م دا هاتوونەتـە سـەری وە شـەڕیان لەگـەڵا كردووەو شكاندوویانە. سلێمان پاشای والی بەغداد كە سەرداری گشتی ئـەم لەشـكرانە بـوو لـە دوای ئـەم سـەركەوتنە عەشایرە میللییـەكانی زۆر بەسـەختی تــەمێكردووەو گـەلێكی لـە ماقووڵەكانیان كوشتووە. بناغـەی ئـەم هەرایانـە لەبـەر خراپیـی جـۆری ئیدارەی حكومەتی عوسمانییەوە قەومابوو چونكە ناوچـەی مـاردێن كـە لەبنـدەستی دیاربەكرا بـوو، بـەو دوورییـە بـە بـەغداوە بەسـترابوو، زۆرداریـی و بـەرتیلخۆریی لـە ئـەندازە بـەدەربوو. بێئیداریـی و پاشـاگەردانیی، ئـارامی لـەوناوەدا نەهێشـتبوو. حكومـەت بەسایەی یارمـەتی عەشایرەكانەوە توانیویـە پاخیگـەرێك تـەمێ بكـات.

لەدوای سێ ساڵ حکومەتی عوسمانی تەیموور پاشای بەخشی بەڵام نەیانناردەوە ئەوناوە جارێکیتر. لەمسەردەمەدا کە هەرای محەمەد علی پاشای خدێوی میسر بەدەستەوە بوو نەگونجا شتێکی تازە بکرێ، کەچی هیچیان بۆ نەکراوە، چونکە محەمەد علی پاشای خدێو کە بەرەگەز کوردە لە محەمەد پاشا کوێرەی سۆران داوایکرد کە پەیمانێك ببەستن و خاکی عوسمانی لەناوخۆیانا دابەشبکەن. لەسەرئەوە خەریکبوون شتێك بکەن. بەڵام ئینگلیزو فەرەنسییەکان ئەمەیان بیست نەیانهێشت سەربگرێت. عێلی (حەیدەرانلی)ی کورد لەم سەردەمەدا لەتاو زەبرو زۆری حکومەتی ئێران نیشتمانی خۆیان بەجێهێشتووەو هاتوونەتە ناوچەی مووش لە ئەنەدۆڵ. ئەمە بووەتە هۆی ناخۆشیی سیاسیی لە میانی حکومەتی ئێران و عوسمانیدا. یەکیەتی فەرمانڕەوای ئێران لەمسەردەمەدا بەتەواوی شڵەقاوە. حاکمی ناوچەکانی ئێران لەبەر ئەپرسینەوەی حکومەت وەك سەربەخۆیان لێهاتووە بۆ دەستدرێژیکردن لە سنووری عوسمانیدا. ئەمانە لەبەر بێئاگاداری (تاران) هەمیشە لە بیانوو ئەگەڕان بەلەشکرەوە ئەهاتنە خاکی کوردستانی عوسمانی و قەڵاکانی سەر سنووریان داگیرئەکردو ماڵو ئاژاڵی ئەهالییان بەتاڵان ئەبرد. تومەز شەڕە کوشندەکەی ڕووس کە عوسمانییەکانی تیا شکابوو و زۆرداریی کاربەدەستانی، حکومەتی عوسمانی ئەوەندە شپرزە کردبوو بەرامبەر دەستدرێژییەکانی ئێران هیچی پێنەمابوو (١٨٥٠م) . جا لەم کاتی کزێتی حکومەتی عوسمانییەدا کوردەکان بۆ سەندنەوەی ئازادیی جارانیان تەقەلایانداوە. هەروەکو زاناکانی ڕۆژاوا وتوویانە لە بەینی هەراو هوریای دوو سەدەی دواییدا هەندێك لە ئەمارەتەکانی کورد چەندجارێك بەهۆشێکی میللی و بە هیوای سەربەخۆیی هەستاونە پێ وەك لای خوارەوە بە کورتی باسیان ئەکەین.

بەکورتی تەقەلای دوایی کوردەکان

لە سەدەی نۆزدەهەمەوە کیشوەرەکانی عوسمانی زۆر پەرێشان بوون. حکومەت نەیئەتوانی دانیشتوانی وڵاتەکان لە دەستدرێژیی دەرەبەگ و ستەمکارو جەردەو سەرداره زۆردارەکان بپارێزێت. جا بۆئەوەی لەدەست ئەم عوسمانییانە ڕزگاربن گەلێك شۆڕش پەیدابووە لەوڵاتی عوسمانییدا. یەکێ لەوانە شۆڕشەکەی محەمەدعلی

گەورەیە لە میسر. دەنگی ئەم شۆڕشە ڕزگارییانە بەهەموولایەکی وڵاتەکەدا بڵاوبووەتەوە لەبەرئەوە سەردارەکانی کوردیش گەلێك شۆڕشی نیشتمانپەروەرانەیان کردووە[4] لە کوردستانەکاندا تاکو لەحوکمی عوسمانییەکان ڕزگاربین. لە وڵاتی ئێرانا حاڵ بەدتر بووە وەك لە عوسمانیی. بۆیە لەوێیشا کوردەکان بۆ سەربەخۆیی گەلێك شۆڕشیان بەرپاکردووە. ئەم شۆڕشانە لەسەرەتای چەرخی نۆزدەهەمەوە دەستپێنەکا تا ئێستا نەپساوەتەوە. ئەوا لای خوارەوە گرنگەکانیان بە کورتی ئەگێڕینەوە. (بەکر بەگ)ی کوڕی سلێمان بەبە لە ١٧١٦ی زایینیدا بۆ ڕزگاربوونی کورد لە چنگ بێگانە بەرامبەر بەحکومەتی عوسمانی هەڵساوە. بەلام بۆی نەچووە سەرو کوژرا. لە بابانەکان سلێمان پاشای خالد پاشا لە ١٧١٦ی زاینیدا بە هیوای ئەوە سەربەخۆ بژی بەلەشکرەوە چووەتە سەر بەغداد. بەلام لە قەشقە (جەبەل حەمرین) شکاو گەڕایەوە دواوە. لەسەرئەوەشا هەتا مردن سەربەخۆ ژیاوە. (عوسمان پاشا) کوڕی مەحموود پاشای بەبەش لەگەڵ والی بەسرەدا پەیمانیکردووە کە هەریەکە لە جێی خۆیا ببێتە سەربەخۆ. بەلام دەنگەکە ئاشکرابوو، وە تەدبیرەکەیان بۆ نەچووەتەسەر (١٧٨٩م). (ئەورەحمان پاشای بابان) ئەم ئەمیری کوردە لە ١٧٨٨ی زایینییەوە ٢٤ ساڵێك پچڕ پچڕ حاکمی بەبە بووە، بۆ ئەوەی سەربەخۆیی و حکومەتێکی گەورەی کوردی پێکەوە بنێ، سێ جار لەگەڵ سوپای بەغدادا شەڕیکردووە، ڕووداوەکان وا ئەنوێنن کە لەبەر نالەباریی خزمەکانی و چەکی زۆرو هێزی زیادی دوژمنەکەی دەرەقەت نەهاتووە. هەرچەندە کە یەکەمجار شکا هیوای نەبڕی. دووجاری تریش پەلاماریدانەوە، بەلام بە مراد نەگەیشت نەیتوانی دەوڵەتێکی بەهێز پێکەوە بنێ.

تەقەلای حەمەد پاشای ڕەواندوزی:

ئەم ئەمیرە بەرزە کە ناوبانگی لەناو کوردەکانا بەمیرە کوێرە بڵاوبووەتەوە لە ١٨٢٦ی زایینیدا بووەتە حاکمی سۆران، وەکو لە باسە تایبەتییەکەیا درێژمان

---

[4] ئەو داستانە لە کتێبی (مێژووی نوێ)ی وەزارەتی زانیاریی عێراق وەرگیراوە. کە بۆ قوتابییانی پۆلی شەشەمی مەکتەبەکەیان لە چاپیداوە لە ١٩٦٠دا، لاپەڕە ١٤٥ تا ١٦٥.

ردووەتەوە، ئەم ئەمیرە بەرزە بە بیرێکی میللی زیندوو ویستوویەتی حکومەتێکی ۆرگەورەی کوردیی سەربەخۆ پێکەوە بنێ. جا بەم بیرەوە هەر لە (زێی کۆیە) وە تا اوچەی ماردێن هەموو وڵاتانی کوردی خستە ژێر حوکمی خۆیەوە، ئەوەبوو حکومەتی عوسمانی لەم دەستەڵاتە ترسی پەیداکردو لەشکرێکی گەورەی نارده سەر میری سۆران خەریکی تەدبیری شکاندنی ئەم سوپا قورسە بوو. ئەوەبوو بەناوی یانەتەوە بەفێڵ لەشکرەکەیان لێهەڵگێڕایەوەو ئەو هەموو رەنجەیان بەبادا.

شۆڕشی ئیسماعیل پاشای بادینان:

ئەم ئەمیری کوردەش بۆ ئازادیی زۆر هەوڵیداوەو لەگەڵ لەشکری والی موسڵدا گەلێ شەڕیکردووە گەلێ جار قەڵاکەی سەندووتەوە. پایتەختی بوو پێچاویانەوە دەربازبووە. بەڵام قەڵاکەی سەندووەتەوە. ئەمجا خۆی بە لەشکری بادینانەوە چووەتە سەر موسڵ، دەورو پشتی شارەکەی تاڵانکردووە لە دواییدا لە ١٨٣٤ی زاییینیدا لە موسڵەوە لەشکرێکی گەورە چووەتە سەر ئامێدی. لە دوای پێچان دوژمن قەڵاکەی گرتووەو ئیسماعیل پاشا بە دیلگیراوەو لە بەندیخانەی بەغدادا ماوەتەوە هەتا مردووە. بەمجۆرە تەقەلاکانی ئەمیش بەسەرچووە کە ئەبوایە ئەم مەردارانە وەك برا یەکیان بگرتایە نەك تاکو تووك لەناو چوونایە.

شۆڕشی بەدرخانیەکان:

پەیدابوونی ئەمیربەدرخان و مەبەستەکانی:

لە ساڵی ١٨١٢دا ئەمیربەدرخان بەڕێوەبردنی ئەمارەتی بۆتانی گرتووەتە دەست ئەم ئەمارەتە ئەمارەتێکی کۆنی بچووکبوو لە دەوڵەتی عوسمانیدا. بەڵام بەڕێوەبردنی ناوخۆ بەدەست سەردارەکانی ناوخۆیانەوە بووە. ئەمیرەکان لەشاری جەزیرە دائەنیشتن لە باکوری رۆژاوای زاخۆ لە تورکیای ئیستەدا. میر بەدرخان ئەیویست ئەمارەتەکەی گەورە بکاو دەسەڵاتی بۆگەنی عوسمانی لەناو بەرێت، نەك هەر لە ئەمارەتەکەی خۆیدا بەڵکو لە هەموو کوردستانا. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە یەکەم هەنگاوی ئەوەبوو لە پایتەختەکەیا کارگەیەکی چەك و کەرەستەی جەنگ

دروستبکات. دووەم هەنگاوی ئەوە بوو هەموو ئەمارەتە کوردەکان بانگ بکات بۆ یەکگرتنێکی گشتی ولاتی کورد، تاوەکو لە چنگ فەرمانڕەوا بۆگەنەکەی عوسمانی ڕزگاربین. بۆ ئەم مەبەستە هەندێ لە سەردارانی گەورەی کوردو زانایانی ئاینییش ئەم بیری نەتەوایەتییەیان پەسەندکردبوو. ئەمیر بەدرخان دەستیکرد بە تارەکاتکردن. بەلام بەهاندانی کاربەدەستانی تورك نەستوورییەکانیان لێ یاخییکرد. بەدرخان ئەمانەی تەمێکرد. حکومەتی عوسمانی کە چاوی بەمە کەوت ترسا. لەلایەکی تریشەوە ئەوروپاییەکان لەسەر تەمێکردنی نەستوورییەکان هاتەجواب و حکومەتی ئەستەمبولیان تەنگەتاوکرد.

ئەمیر بەدرخان جاڕی سەربەخۆیی ئەدات:

عوسمانییەکان کە کارگەیشتە ئەم پلەیانەو لە بیری ئەمیربەدرخانیش گەیشتن، سوپایەکیان ناردەسەر جەزیرە کە لەناویبەرن ئەمیر بەسوپا بچکۆلە ڕێکوپێکەکەی خۆی توانی ئەم سوپای عوسمانییە بشکێنێ. دوای ئەوە جاڕی سەربەخۆیی خۆی و جیابوونەوەی لە عوسمانیی دا. بەناوی خۆیەوە پارەی کوردیی دەرکرد. لە دیوێکیا نوسراو بوو (ئەمیر بەدرخانی بۆتان) وە لە دیوەکەی تر نوسرابوو (سالی ١٢٥٨هجری) کە ڕێکەوتی ١٨٤٢ی زایینییە. لە دوای ئەوە دەستەلات و هێزی بلاوبووەوە لە باکووردا تا (دیاربەکر) وە لە خۆرهەلاتا تا(رضائیە)، یەعنی (ورمێ) لە ئێرانا. وە لە باشوردا هەتا نزیك شاری موسلْ دەستەلاتی ڕۆیشتبوو.

عوسمانییەکان شۆڕشەکەی لەناو ئەبەن:

کە عوسمانییەکان تێگەیشتن دەولەتەکەیان کەوتووەتە مەترسییەکی سەختەوە، لەڕووی دەستەلات زۆریی بەدرخانییەکان، هێزێکی زۆرو پڕچەکیان نارده سەریان. میربەدرخان ئازایانە شەڕی لەگەلا کردن، بەلام چاری نەکردن. لەبەرئەوە خۆی کێشایەوە جزیرەی پایتەختی و لەوێشەوە چووە قەلایەکی زۆر سەختی ئەوناوە. شێرانە هەشت مانگ بەربەرەکانی ئەو لەشکرەی کرد کە دەقات لە لەشکرەکەی خۆی زیاتر بوو. دوای ئەمەش کە خواردن و تفاقیان ئەما بێئەوەی هیوا ببڕێ لە قەلاکە هاتنە دەرەوەو لەگەلْ چەند سەردارێکا خۆیاندا بە سوپای عوسمانییەکانا کە دەوریان گرتبوون. لەئەنجاما خۆی و دوو کوڕی بەدیلگیران. وە لە سالی ١٨٤٨م دا نێردرانە ئەستەمبولْ پایتەختی دەولەتی عوسمانی. بەم ڕەنگە ئەمیربەدرخان نەگەیشت بە ئاواتە پیرۆزەکەی کە ڕزگارکردنی نەتەوەی کوردبوو لە دەست عوسمانییەکان. عوسمانییەکان ئەم سەرکەوتنەیان زۆر لاخۆشبووە. تەنانەت بەم بۆنەیەوە (نیشانی شەڕی کوردستان)یان بۆ یادگاری داهێناوە.

کوڕەکانی بەدرخان لەسەر خەباتی باوکیان ئەڕۆن بۆ سەربەخۆیی کوردستان:

لـەدوای ئەمــە بەدرخانییــەکان تــا شــەڕی تــورك و ڕووس کــە ســـاڵی ١٨٧٧ بەبێدەنگمان. بەڵام کە شەڕەکە هەڵگیرسا کوڕانـی بـەدرخان لەسـەر داوای حکومـەتی عوسمانی بـەناوی (مجاهد)ی کورد چوون بۆ ئـەم شـەڕە. لەسـەر ئەوەشـا ئەمانـا چاوەڕوانی هەڵکەوت بوون. ئەگـەر ڕێکەوت مەرامەکەی باوکیان زینـدوو بکەنـەوە لەبەرئەوە بە دزییەوە خۆیان گەیاندە جزیرە، لەوێ جاڕی سەربەخۆییانداو کوڕ گەورەکـەی بـەدرخان (عوسمـان پاشـا) کـرا بـە ئـەمیرو بـەناوی ئــەوەوە خوتبـە خوێندرایـەوە، ئـەمجا دەستـەڵاتیان بەوناوچەیـەدا بڵاوبووەتـەوە تـا (جۆڵـە مـێرگ) (عەمادیە)و (ماردین) حوکمیان ئەڕۆیشت. لەسـەرئەوە چـەندجارێك عوسمانییـەکان لەشکریان ناردوونـە سەر. بـەڵام بەدرخانییـەکان سەرکەوتن. ئـەم شکستانە سوڵتان حـەمیدی خستە مەترسییەوە، لـە تـاوا سیاسـەتی گۆڕی. بـەفێڵ لای ئاشـتیی گـرت هەموو بەدرخانییەکانی بەرداو پیاوی نارده لای ئەمیر عوسمـان و پێی وت کـە بـەبێ خوێن ڕشتن ئامادەیە گشت داواکانی کورد بە ئاشتی قبوڵ بکات و خزمەکانیشـیان لـە ئەستـەمبوڵ بـەرەڵڵا کران. جا ئـەم قسـانەیان بەڕاسـت دەرخسـت. ئـەمیر عوسمان دەستەو دایرەکەی بەم هەڵاتانە بڕوایان کردو لەگـەڵ تورکـەکان کەوتنـە گفتوگۆ. لـە ڕواڵەتا حکومەتی عوسمانی لە بابـەت ئیمتیـازاتی (کوردسـتان)ەوە سووك هەڵسووڕا تومـەز ئەمانـە بـۆ دڵنیـایی بەدرخانییـەکان بـوو. لـە پـڕ ڕۆژێـك لـەکاتی قسـەکردنا تورکەکان هەڵاتنـە سـەر ئـەمیر عوسمـان‌و براکـەی، هـەردوکیان گرتـن و ناردیـانن بـۆ ئەسـتـەمبوڵ لــەوێ دایاننـــان. بەدرخانییــەکان لــە دوای ئەمــە جــارێکی تریــش تەقەلایانداوە لە ساڵی (١٨٨٩م)دا کوڕانی بەدرخان ئەمین عەلی بەگ و مەدحەت بـەگ تێهەڵچوونەوە. لە ئەستەمبوڵەوە چوونە (ترابزوون)و هەندێك لە کوردەکان هاتن کە بیانبـەن بۆ کوردستان تـا لـەوێ شتێك پێکـەوە بنێن. بـەڵام حکومــەت وریـابووەو بەهــەموو لایـەکا لەشــکری ئــەنارد ڕێگایــان لــێئەگرتن‌و شــەڕیان پێئەفرۆشــت ئەیانشکاندن. وە لەدوایدا ئـەمیر زادەکانیش گیران و تەقەلاکەیان بێسـەرو شـوێن مایەوە.

هەوڵ و تەقەلای ئەمیر عزالدین شێری بۆتانی:

ئەمە سەرداره ناحەزەکەی لەمەڕ بەدرخانــە. بــەهۆی نامەردییەکــەی ئەمــەوە ئەومبوو بەدرخان لەناوچوو. لەدوای تــەفروتوونابوونی بەدرخانییــەکان ئــەم کابرایــە وایەزانی ئیتر دنیا بۆ ئەو تەخت ئەبێ. کەچی لە دواییدا تێگەیشت کە حکومــەتی عوسمانی بەتەمای لەناوبردنی ئەویشە. ئەوسا حاڵیی بوو کە کردەوەکەی پێشووی شــتێکی نابــەجێبووە. لەبەرئــەوە لــە ئەمارەتەکــەی خۆیــا لــە (بۆتــان) بەرامبــەر بەحکومــەت، هەڵسا، وە سەردەمێك لــەوناوەدا بەســەربەخۆیی مایــەوە. لەســەرئەوە حکومەتی عوسمانی دووجار لەشکری ناردووەتــە سەر. هــەوەڵجار لەشکری حکومــەت شکاوە. بەڵام دووەمجار عزالدین بە خۆی و سوپاکەیەوە تــەفروتوونا بــووە (١٢٨١هـ ١٨٦٤م).

تەقەلای شێخ عوبەیدیللا ١٨٧٧م:

لــەدوای شــەڕی عوسمــانی و ڕووس، ســاڵی ١٨٧٧م لــە قــەزای (شــەمدینان) یشــدا بــۆ سەربەخۆیی سەندن شۆڕشێکی گــەورە بــەرپاکراوە ســەردارو ڕێکخــەری ئــەم هەرایــە شێخ عوبەیدللا ناوە. شۆڕشەکە بەناوی ئایینەوە هەڵگیرساوە وەك دەستپێکردنەکەی شاه ئیسماعیلی صەفەوی. کەلە ئێران دەستیپێکرد. ئەمیش وایە چونکە هەردوولا بە کینــەو ڕقەبــەری (مەذهــەب) شۆڕشــەکانیان هەڵگیرســاندووە. پێشداری هــەردوکیان مریدو دەروێش بووە بەو هۆیەوە ویســتوویانە دەستەڵاتێك بۆخۆیــان پێکەوە بنێــن. ئەگەر شێخ عوبەیدوڵلاش وەك شاه ئیسماعیل بەکردو بزان بوایە بەئاوات ئەگەیشت، بەڵام وەها دیارە شانس بۆ شێخ عوبەدیللا ڕێکنەکەوتووە لە ئازایی و زیرەکییشا وەك شاه ئیسماعیل نەبووە. بۆیە تەقەللاکەی ئــەم هیــچ سەرینەگرتووە. ئــەگینا ڕێکەوت بۆ شێخ عوبەیدڵلا زۆرباش هاتووە. چونکە لــەپاش شەڕی ڕووس لــە ســاڵی ١٨٨٠م دا حکومــەتی عوسمــانی زۆر هیلاكو بێــهێزبووە کــە شۆڕشــەکەی شــێخ دەســتیپێکرد. لەوکاتەدا لەشکری شێخ زۆر بــەکاروئازا بــووە و بــۆ شــێخ گیانفیدا بــوون. لەبەرئــەوە هەر کە شێخ ئیشارەتیکرد وەك برووسکە پــەلاماری (ورمــێ)و (ســابلاغ) – مــەهابادی ئیستە- و (موکری) یان داو گرتیانن. خەڵکی ئەوناوە هەموو کوردو سوننی مەذهەبو

مریدی شێخ بوون. لەبەرئەوە فەرمانی شێخیان خێرا بەجێهێنا. بەڵام لەدوای ئەم بەرهەمە کورتە کینەو ڕقەبەری مەزهەب خۆیدەرخست. ئەمجا چوون بەگژ شیعەکاناو زۆریان لە یەکتری کوشتووە. ئەم گوشارە دەریخست کە ئەم هەرایە ناکۆکیی مەزهەب هەڵیگیرساندووە. جا لەبەرئەوە سیاسەتی حکومەتەکانی عوسمانی و ڕوس‌و ئێرانی ئەوکاتە بۆ لەناوبردنی ئەم ئافەتە یەکیگرت هەرسێ لا سوپایان ناردە سەر شێخ. لەدوای شەڕو خوێنڕشتنی دوورو درێژ شێخ بەلەشکری شکستەوە گەڕایەوە (شەمدینان) لە ١٨٨٤م دا جارێ بردیان بۆ ئەستەمبوڵ لە دواییدا ناردیانە (حجاز) لەوێ لە (طائف) لەناویانبرد.

وتاری تەئریخی

ئەم هەوڵ و تەقەلایانە کە باسمانکردن لەگەڵ تەقەلاکانی (جان پۆلاد)و (ئەمیرخانی برادۆست)و ئەوانی تر گشتی بۆ یەك ئاوات بووە. ئەویش بۆ ئازادیی و سەربەخۆیی نەتەوەی کورد کراوە. کەچی هیچیان سەرینەگرتووەو لەسەرئەوەشا زەرەرو زیانێکی سەرو ماڵیی زۆری بۆ کورد تیابووە. هەموو کەس ئەیزانی کە فەرمانی دنیایی لەهەوڵ و تەقەلاو سەبارەتی ڕێکەوە پێکدێ وە ئەگەر ئەم شتانە ڕێك نەبوو، ئەو فەرمانەش پێکنایەت. ئەمجا تەقەلای ئازادی‌و هەوڵی سەربەخۆیی کوردیش کە سەرینەگرتووە گیرۆدەی ئەم یاسایە بووە. ئەگەر ئەختێك لەم هەرایانە وردببینەوەو لە دەوری درێژەو کوژانەوەیان سەرنج بدەین ئەبینین سەبارەتی سەرنەگرتنیان لەڕووی ناهەمواریی ناوخۆیانەوە بووە چونکە نەتەوەکە هێشتا بۆ ئەمجۆرە شتانە پێنەگەیشتووە وە لەجۆری سیاسی دەورو پشتیان ئەوەندە ئاگادارنەبوون. بە کورتی لە تەربییەی سیاسی و ئیدارییدا ناتەواوبوون وەکو: لە هەرای جان پۆلاددا زوربەی لەشکری حکومەتی عوسمانی تاقمی کورد بوو کە بە گژ (میر علی)دا چوون و لەناویانبرد. واتە بەچەکی خۆیان خۆیان لەناوبرد. تەماشای مێژووی بابان بکەین ئەبینین ئەو هەموو هەراو خوێنڕشتنە کە پاشان بابان لە پێناوی سەربەخۆییدا کردوویانە گشتی بە هۆی ناحەزیی و دووڕوویی و خەیانەتی خزمەکانیانەوە سەرینەگرتووەو ماڵوێرانیشیی بەجێهێشتووەو تەقەلای سەربەخۆی

حەمەد پاشای ڕەواندزی کە بەو بەرزیی و پەسەندییەوە دەستیپێکرد لەبەرسەبارەتەکانی لای خوارەوە ئەوەبوو ئەویش سەرینەگرت:

أ- کینەی ئایینو مەزهەب. بەپێی دەستووری ئایین لەسەر سیاسەت ڕۆیشتنو بە قسەی مەلا (کە لەسیاسەت بێخەبەرن) ئیدارەی وڵاتکردن.

ب- لەتەك ئومەرای خۆیەتیدا با دراوسێیش بێت پەیمانو یەکیەتی بەستن نابێ فەرامۆش بکرێت.

ج ڕقەبەرییو ناهەمواریی ئومەرای بابانو بادینانو جزیرەو بۆتان لەگەڵ یەکدا. ئینجا ئەمانە بوو کە نەیانهێشت شۆڕشەکان سەربگرن.

بەڕاستی ئەگەر محەمەد پاشا ئەوەندە بەخۆناز نەبوایەو ئومەراکانی کوردی دراوسێیشی لەڕێی بەرژەوەندی گشتیدا وازیان لە حەسوودیی و ڕقەبەریی بهێنایەو هیچ نەبوایە هەر لەبەرئەوەی کە لەشکری بێگانەیان هاتبووە سەر، با بۆ ئەو کاتەش بوایە دەبوو یەککەوتنایە. بە طەبیعەت، ئەوسا حکومەتی عوسمانی بەزەحمەت دەرەقەتیان نەدەهات، بەڵکو کارەکەشیان سەرینەگرت. بەڵام ناڕێکیی و لەیەکهەڵپچڕانی ناوخۆ لە قینی یەکتریی و لەگەڵ دوژمنا یەکگرتنو هاتنیان بۆ سەر نیشتمانی یەکتری، بووەتە هۆی لەناوچوونی هەموویان. بەڕاستی کردەوەی عوسمان پاشای میری بادینان لەم هەرایەدا داخی سەرداخانە، بۆئەوە ئەشێت کە بۆ پەندی پێشنان هەمیشە بیگێڕینەوە، کاتێك کە لەشکری عوسمانی لەگەڵ محەمەد پاشا تێکهەڵچوو، ئەم سەرکردەی کوردە لە دوورەوە سەیری لەناوچوونی محەمەد پاشای ئەکرد، کەچی ئەوەندەی پێنەچوو هەرئەو لەشکرە هاتە سەرخۆشی لە (عەمادیە)و گرتیانو بە قۆڵبەستراوی ناردیان بۆ بەغداد. جا بەمجۆرە ئەمارەتی (سۆران)و (بادینان) لەناوچوون و ئەمارەتی بابانیش هەر بەمجۆرە قینەبەریی و دووبەرەکییانە لەناوبرا. بێینەوە سەر سەرنەگرتنی تەقەلای (بەدرخان). هۆی ئەمیش دیسانەوە هی ناوخۆیە: ئەوە بوو (عزەالدین شێر)ی خزمی کە لەگەڵ تورکا یەکیگرتو چوون جەزیرەیان داگیرکرد، ئەمیشبوو بەهۆی شکان و لەناوچوونی بەدرخان. کەچی هەمان لەشکر لەپاش بەینێك چووە سەر عزالدین و ئەویشی لەناوبرد. دیسان لەبەر نیفاقو ناکۆکیی ناوخۆو هەستنەکردنی بەرژەوەندی نەتەوایەتیبوو کە حکومەتی عوسمانی توانی سوپای کورد بنێرێتە سەر ئەمارەتی بیتلیسو تەنگی پێهەڵچنێت، ئەوە بوو شەرەف بەگی ئاخرین سەرداری ئەم ئەمارەتە گەلێك شەڕی لەگەڵکردن،

بەڵام چ فائیدە؟ هەر بەیارمەتی چەکی کورد بەنەنجام ئەم ئەمارەتەش لەناوچوو لە ۱۸٤۹م دا. بەکورتی پیاوێکی بێگانەو لایەنگیری نەکەری وەك (مێجەرسۆن) لەم ڕووەوە ئەڵێ: ((کورد هەمیشە سەرکێش، نەبەز، بەخۆ نازو دوور لە ئیطاعەت بووە تەنها بەشەڕوشۆڕو داوی ناوخۆی شکاوە. وە لە سایەی ئەم جۆرە کردەوانەوە دەستەڵاتی موستەولییەکانیان زیادکردووە. بەڕاستی مێژوو ئاوێنەی عیبرەتە پەندوەرگرتن لە سەرگوزشتەکانی بۆ ئادامیزادو ئەقوام ناچارییە. چونکە هۆی سەرنەکەوتنی ئومەوور لەژیانا ئەومیە. ئەویش وردبوونەوەی ئەوێ بۆئەوەی ناهەمووارییەکان دووبارە نەبنەوە. هۆی سەرنەگرتنی تەقەلاکانی کورد لەمەوپێش چی بووبێت، ئیمڕۆش هەر ئەومیەو لەمەودواش هەر ئەوە ئەبێت. بۆ پێکەوەنانی ئازادییەکی سەربەخۆ لە پێش هەموو شتێکا دوانیان زۆر پێویستن: ((پوولو زانستی - علیم مال)) هەر نەتەوەیەك نابووتی ئەم دوو گەنج و جەواهیرە بێت سەربەخۆیی چنگ ناکەوێت، هەوڵەکانی بەباد ئەچێت، سیاسەتی گشتی یارمەتییشی بدات بەئەنجام خێر نابینێت و ناحەسێتەوەو بە جۆرێکی تر تووشی (دیلیی) ئەبێتەوە جا خوێندنەوەی مێژوو ڕاستیەتی ئەمانە بە ئینسان ئەسەلێنێ.

نەتەوەی کورد هەموو کاتێك بەکەڵك هاتووە

ئەومتەی حکومەتی (فارس)ی کۆن (ماد)ی لەناوبردووە لە (٥٥٠پ.م)دا، نەتەوەی کورد تووشی یەخسیریی بووەو ئازادیی لەدەستچووە. لە مێژوودا گەلێك نەتەوە تووشی دیلیی وەهابووە، هەندێکیان بەجارێك نەماوە هەشە ژیاوەتەوە. جا نەتەوەی کورد لەمانەیە. بەڵام ئیستعمار وازی لێناهێنێ هەمیشە بە شوێنییەوە بووە نەیهێشتووە بە ئاوات بگاتو ئازادیی تەواو لە باوەش بگرێت. لەمێژوودا کە ئیمپەراتۆریەتە گەورەکان داهاتن، نەتەوەکان تووشی ئەم جۆرە ستەمانە بوون ئەمجۆرە ئیمپەراتۆریەتانە وەك مێژوو باسی ئەکا هەوەڵ کەڕەت لە عێراق و لە میسردا پەیدابووە وەکو حکومەتی (سۆمەر)و (ئاکاد) لە عێراق. ئەوەبوو لەشکری ئەکاد چووە سەر نیشتمانی نەژادی کورد کە (گوتی)و (لۆللۆ) بوو داگیریانکرد لە (۲۷٥٠)ی پێش میلاد دا، وە ئازادییان لەدەست سەندن. لەدوای ئەوان ئیمپەراتۆریەتە گەورەکەی ئاشۆر پەیدابوو. کوردەکان ئەوسا خراپتر تووشی یەخسیریی بوون. لەدوای

نەوە (خێڵی نەخەمەنی)ی ئێران هاتنە پێشەوە، ئینجا ئەوان کوردستانیان داگیرکرد. لەو ڕۆژەوە کە ئەم مەینەتو کلۆڵییانە هاوشانی گەلی کورد بووە تا ئیمڕۆ ئەم نەتەوە گیان پاکە لە خزمەتو یارمەتیکردنی گەلان و کاربەدەستانی باش درێغی نەکردووە. هەر نەتەوەو حاکمێك چاودێریی کردبێ ولەگەڵیا بەچاکیی و دادپەروەریی هەڵسووڕابێ، هەمیشە خێری تووشبووەو لە ئازایی و توانایی جەنگی کورد کەلکی دیوە. وە هەرنەوەیەکیش ویستبێتی سزای بدا، ئەویش لە ڕوویا وەستاوەو بەگژیاچووە. لەشەڕو هەرای دەوڵەتە ئیستعمارییە کۆنەکانا کە (ئەشکانی و ساسانی و ڕۆمەکان)ن، دووبەشی مەیدانی شەڕ (کوردستانەکان) بووە. کورد لەمانە هەر لای نەتەوە ئارییەکان وەستاوە، هەتا توانیویانە خۆیان لەشەڕیان لاداوەو هەمیشەش ئامادەبوون کە ئازادییان لێبسێننەوە. کە ئیسلامییەت پەیدا بوو، دیسانەوە لەتەك ئێرانا ماوەتەوە. هەتا لەناوچوونی حکومەتەکەی، پێکەوە بەگژ لەشکری ئیسلاما چووەو زیانی زۆریان لێداون. بەڵام لەدوای گرفتاربوونیان بە لەشکری عەرەب، ڕەوشتو گوزەرانی باشی عەرەبەکان وای لەکوردکردووە موسوڵمانبوون. ئەمجا بوون بە پشتیوانی عەرەب، بەڵام هەر ئەوکوردانە لە گوزەران و سیاسەتی ئەمەوییەکان دڵگیربوون. سەبارەت بەوە کوردەکان بوون بە دۆست و پشتیوانی عەبباسییەکان. تەنانەت سەرکردەی سوپای عەبباسی (ابو مسلم) ڕۆڵەی کورد بوو، وە سوپای هەرە باشی ئەبوو موسلیمیش لە کوردەکان بوو. ئەمەش بە شیعرەکانی (ابو دلامە)ی شاعیری (ابو جعفر المنصور)دا دیارە وەکو ئەڵێت:

أبا مجرم ما غير الله نعمة على عبده حتى يغيرها العبد

أفي دولة المنصور حاولت غدره الا ان اهل الغدر آباؤك الكرد

کەچی کوردەکان زۆر ئیشوکاری ئەبووجەعفەریان لەکاتی وەلی عەهدیدا بەجێهێناوە هەتا بووەتە خەلیفە. سەلجوقیەکان لەگەڵ کوردەکانا باشبوون. مەلیك شای سەلجووقی لەسایەی بازووی کوردەوە لە وڵاتەکانیان ئیشی بۆ هەڵئەسووڕا. وتەی کوردستان لە دەوری سەلجووقییەکانا بڵاوبوەتەوە. شاە باز (ابو شجاع)ی مەلیکی کورد خەلیفەکانی عەبباسی لە زۆرداریی (آل بویەهی)یەکان ڕزگارکرد. کەلافاوی

تایەفەی غەزوی تورك دای بەسەر وڵاتی ئیسلاما، کوردەکان گیانی خۆیان بەختکرد
وە لە شەڕەکانی ئەهلی صەلیبدا کورد گیانی خۆی لە ڕێی ئیسلامەتییدا بەخت
نەکردایەو سوڵتان سەلاحەدین و ئومەراکانی کورد فریانەکەوتنایە لە ئەفەریقای
باکوردا ئیسلامەتی دەستەڵاتی نەئەما، مەسیحییەکان هەموویان داگیرئەکرد، لە پاش
ئەمارەتە مەسیحییەکانی (خەصیب)یش زۆری کورد لەناویبردن. وەفاو یارمەتی
بەنرخی کوردەکان نەبوایە یاوز سوڵتان سەلیم پادشای عوسمانی بەزەحمەت بەسەر
(شاە ئیسماعیل)ی صەفەویدا زاڵئەبوو صەفەوییەکان لە هێزی کورد زۆر کەڵکیان
دیوە. لەوسەردەمەدا کوردەکانی موکریان بناغەی هەرە قایمی لەشکری ئێران بوون
لەسایەی بازووی کوردەوە (شاە عەباس)ی صەفەوی لە (١٦٤٤م)دا توانی ئاسایش
بداتەوە بە کیشوەری ئێران. بەرامبەر بە لەشکری ئێران حکومەتی عوسمانی
هەمیشە کوردستانی کردووە بە بناغەی ڕەزمارایی بۆخۆی، سوپای لێدروستکردوون و
لە سەرزەمینی ئێرانا سوپاکانی ئێرانی پێشکاندوون. حکومەتی عوسمانی هەرا
هوریای عەرەبەکانی باشوری عێراقی هەمیشە بە هێزی کورد دامرکاندووە. مێژووی
ئێران و عوسمانیی پڕە لەمجۆرە ڕووداوانە کە ناتوانین لێرەدا گشتی بنووسین. خۆیان
پێ لەم داستانە ڕاستانە ئەنێن. تەنانەت ڕووسەکانیش لەساڵی ١٨٢٩دا تیپێك
لەشکریان لە نەتەوەی کورد دروستکردووە. حکومەتی عوسمانی کە ئیستە ناوی
بووەتە (تورکیا) هیچ وەختێك وازی لە کورد نەهێناوە لە هێزو توانایان کەڵکی
سەندووەو ئەیسێنێ. ئیمڕۆ بەشی بەکاری سوپای تورك ڕۆڵەی کوردە وە لەم سەدە
بیستەمەدا حکومەتەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیك وەك تورکیا و ئێران و عێراق
سوریا، بەڵکو (ڕووس)یش بەناوی هاونیشتیمانییەوە خوێنی کوردەکانی ناو خۆیان
ئەمژن و سوپای پڕ چەکیان لێدروست ئەکەن و ئەیانەوێ بە زۆری بازووی ئە
کوردانە ئاسایش ڕاگرن!.

کورد لە چەرخی بیستەما پاش شۆڕشی ناوخۆیی ١٩٠٨م

لەسەرەتای چەرخی بیستەما، حکومەتی عوسمانی زۆر بێتین بوو، لەناو دەوڵـەتانا کەس لەحکومەتەکەی ڕازیـی نـەبوو. هـەموو لەسـەر پلەی شۆڕشکردن بـوون. کـورد، لەناو زۆرو ستەمی زیاد شۆڕشیکردووە. هیـچ کاتێك ئـەم نەتـەوە بەدبەختـە سـەری دانەناواندووە بۆ فەرمانڕەواییەکانی عوسمانیی و ئـێران. بەرامبـەر بـە زۆرو سـتەمی والییـە بـــەرتیلخۆرەکان خۆیـــان پێرانـــەگیراوەو ڕاپـــەڕیون. چـــەندجار شۆڕشـــیان هەڵگیرساندووە داوای سەربەخۆیی تەواو ومیان سەربەخۆیی ناوخۆیان لەناو دەوڵەتی عوسمـانیدا کـردووە کە بییاندرێتێ. لـەم کاتـەدا عـەرەبیش بـۆ سـەربەخۆیی وریـا بووەتەوە ئێرانییەکانیش لەناوخۆیانا کەوتبوونە تەقەلا لەدژی حکومەتەکەیان. لەم هەنگامەدا لە دەوڵەتی عوسمانیدا لە دژی حکومەت شۆڕش پەیدابوو و مەشرووتیەت داهات، یـەعنی ئیدارەی (دیموکراتـی). لە دوای ئەمـە نـاوی دەوڵەتەکـەیان کـرد بـە تورکیا (١٩٠٨م) ئـەمجار ئـەم تورکیـای تازەیـە لەگـەڵ ئەڵمانـەکانا بـوون بـە دۆسـت و کردیانـە ناحـەزیکردن لەگـەڵ نەتـەوەکانی تـری ناوخۆیـان. لەوکاتـەوە دوژمنایـەتی قەومی داهاتووە لە تورکیادا. ئەم (بیرە) بریتییە لەوەی هەوڵبدرێ بۆ بەرزکردنەوەی نەتـــەوەی خـــۆ لەســـەر لاشـــەی نەتـــەوەکانی تـــر. واتـــە دوژمنایـــەتی نەتـــەوەیی بـەجێبێنرێت. کـاتێك کـە تورکـەکان بـیری دوژمنایـــەتی نەتـــەوەییان دەرخســـت، دەستیانکرد بە زۆرکردن لە عەرەب و لە کوردو لە ئەرمەنی و گشت نەتـەوەکانی تـر، کە فێری زمانی تورکی ببن و گفتوگۆ بە زمانی خۆیان لە قوتابخانەو دائیرەکانی تری میریدا نەکەن، تەنانەت قەدەغەشیان لێکردن. ئەم کردەوە ستەمکارانەیە کوردەکان و نەتەوەکانی تری ناو دەوڵەتی تورکیای ڕاپەڕاند بـۆ ئـەوەی ئاگایـان لـەخۆیانبێت تـاکو بتوانن پارێزگاریی زمانەکەیان بکەن و نەتەوەکەیان بپارێزن[5].

---

[5] باسی ئەم شۆڕشانە لە کتێبی مێژووی نوێ وەرگیراوە کە وەزارەتـی زانیـاری عـێراق بڕیاری خوێندنی داوە لە پۆلی شەشەمی سەرەتایی مەکتەبەکاندا بخوێنرێت.

لە پێش جەنگی یەکەمدا کورد لە بارەی سیاسییەوە وریا بووەتەوە:

لـەم دەورەدا کوردەکــان دەســتیانکرد بــە دەرهێنــانی ڕۆژنامــەی سیاســی بـ
بڵاوکردنــەوەی بیرو پێکهێنانی کۆمەڵ کە خـەریکی خـەبات بێ بۆ ڕزگاربوونیـا
یەکەم ڕۆژنامەیان ناوی (کوردستان)بوو* لە(١٨٩٧م)دا، لەدواییدا برایە (قاهیرە) لـە
دەرنەچوو. کوردەکان لە ساڵی ١٩٠٨م دا لە ئەستەمبول کۆمەڵێکی سیاسییان پێکەو
(کۆمـەڵی بەرزکردنـەوەو پێشخستنی کورد) وە کۆمــەڵێکی تریشـیان دامــەزراند بـ
خزمـەتی ئــەدەب و زانستیی بــەناوی (کۆمــەڵا بڵاوکــەرەوەی زانسـتی کـورد). لـ
ئەســتەمبولدا قوتابخانەیــەکی کوردیاییــان کــردەوە کــە منــاڵی کوردەکــانی ئــە
تیـابخوێنن. قوتـابی کوردیش بـەناوی (هیڤی - هیوا)وە کۆمـەڵێکیان پێکـەوەنا. بـ
ڕەنگە کوردەکان تـا جـەنگی گـەورەی یەکـەم لەسـەر تەقـەلای سیاسیی ڕۆیشتن.
جەنگ هەڵگیرسا ئەمانە بڵاوکرانەوە، نێرران بۆ جێگای جیاجیا بۆ جەنگ.

مەینەتیی کورد لە جەنگی گەورەی یەکەمدا:

کوردەکان لەجەنگی جیهانی یەکەمدا بەرەنگاری مەینەتی زۆرگەورەبوون، چونـ
لەجەنگەکـەدا زۆر لــەلاوەکانیان کـوژران. دانیشـتووەکانیش لەبەرئــەوەی ســو
عوسمانی هەموو خواردەمەنییـەکی لـێ زەوت نـەکردن گـەلێکیان لـە برسـانا مـردر
گرانیـی و قـات و قڕیش کەوتـە نـاو وڵاتەکـەوە. سـەرەڕای ئەمانــەش عوسمانییـە
کوردەکانیان لە کوردستانی تورکیاوە ئەبرد بۆ خۆرئاوای (ئەنەدۆڵ) بۆ ئەوەی هۆش
نەتەوایەتییان لە بیربچێتـەوە. ئەم زۆر وستەمە بێپایانە بووە هـۆی مردنـی هـەزا
کوردی بەدبەخت لەبەر برسیەتی و ماندوو بوون و سەرمای زستان لە ڕێگاوباندا.

---

* ڕۆژنامەی (کوردستان) لەساڵی (١٨٩٧) لـە قاهیرە دەرچوو لـە وڵاتـی میسر لەلایـ
مقداد مدحت بەدرخان.

لە پێش جەنگی یەکەمدا کورد لە باری سیاسییەوە وریا بووەتەوە:

لەم دەورەدا کوردەکان دەستیانکرد بە دەرهێنانی ڕۆژنامەی سیاسی بۆ بڵاوکردنەوەی بیرو پێکهێنانی کۆمەڵ کە خەریکی خەبات بێ بۆ ڕزگاربوونیان. یەکەم ڕۆژنامەیان ناوی (کوردستان)بوو* لە(١٨٩٧م)دا، لەدواییدا برایە (قاهیرە) لەوێ دەرئەچوو. کوردەکان لە ساڵی ١٩٠٨م دا لە ئەستەمبوڵ کۆمەڵێکی سیاسییان پێکەوەنا (کۆمەڵی بەرزکردنەوەو پێشخستنی کورد) وە کۆمەڵێکی تریشیان دامەزراند بۆ خزمەتی ئەدەب و زانستیی بەناوی (کۆمەڵا بڵاوکەرەوەی زانستی کورد). لە ئەستەمبوڵدا قوتابخانەیەکی کوردییان کردەوە کە منداڵی کوردەکانی ئەوێ تیابخوێنن. قوتابی کوردیش بەناوی (هیڤی - هیوا)وە کۆمەڵێکیان پێکەوەنا. بەم ڕەنگە کوردەکان تا جەنگی گەورەی یەکەم لەسەر تەقەلای سیاسیی ڕۆیشتن. کە جەنگ هەڵگیرسا ئەمانە بڵاوکرانەوە، نێرران بۆ جێگای جیاجیا بۆ جەنگ.

مەینەتیی کورد لە جەنگی گەورەی یەکەمدا:

کوردەکان لەجەنگی جیهانی یەکەمدا بەرەنگاری مەینەتی زۆرگەورەبوون، چونکە لەجەنگەکەدا زۆر لەلاوەکانیان کوژران. دانیشتووەکانیش لەبەرئەوەی سوپای عوسمانی هەموو خواردەمەنییەکی لێ زەوت ئەکردن گەلێکیان لە برسانا مردن و، گرانیی و قات و قڕیش کەوتە ناو وڵاتەکەوە. سەرەڕای ئەمانەش عوسمانییەکان کوردەکانیان لە کوردستانی تورکیاوە ئەبرد بۆ خۆرئاوای (ئەنەدۆڵ) بۆ ئەوەی هۆشی نەتەوایەتییان لە بیربچێتەوە. ئەم زۆر وستەمە بێپایانە بووە هۆی مردنی هەزاران کوردی بەدبەخت لەبەر برسیەتی و ماندوو بوون و سەرمای زستان لە ڕێگاوباندا.

---

* ڕۆژنامەی (کوردستان) لەساڵی (١٨٩٧) لە قاهیرە دەرچوو لە وڵاتی میسر لەلایەن مقداد مدحت بەدرخان.

رێك كەوتنی كوردو ئەمەرنی:

كاتێك جەنگەكە بـە شكستی توركـەكان دواییـهات و وڵاتـی عـەرەب لـە توركيـا جيابوونەوە كوردەكـان و ئەرمەنييـەكان بيريـانكردەوە كـە هەريەكـەيان حكومـەتێكی سەربەخۆ دروستبكەن. (شەريف پاشا)ی سەرۆكی كورد لەگەڵ (بۆغۆص نۆبار پاشا)ی سەرداری ئەرمەنی رێككـەوتن، ئينجا بەياننامەيـەكيان دەركـردو دايـان بـە كۆنگـرەی ئاشتی لە ئەورووپادا. لەناويا سنووريان بۆ مافی نەتەوەكەيان كێشابوو.

پەيمانی سيڤەر:

لـە ئـەنجاما دەوڵەتـە سـوێندخۆرەكان لـە ئـەوروپا لـە سـاڵی ١٩٢٠دا (پـەيمانی سيڤەر)يان مۆركرد. لەم پەيمانەدا بڕياردرا بـوو كـە لـە بەشـی بـاكووری خۆرهـەڵاتی توركيادا دەوڵەتێكی ئەرمەنی پێكەوە بنرێت و لە بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی توركيـادا لە بەينـی دەوڵەتی ئەرمەنی و عێراقدا دەوڵەتێك بۆ كورد دروستبكرێت.

كوردەكان بە بەڵێنی توركەكان تەفرە ئەخۆن و يارمەتی ئەتاتورك ئەدەن:

بەڵام كوردەكان لە بڕيارو پەيمانەكەی دەوڵەتان هيـچ سوودێكيان وەرنـەگرت. بـە قەوڵ و بەڵێنی توركەكان خەڵەتان كە ئەيانوت جارێ ئەبێ كوردو تورك ببن بە يەك بۆ ڕزگاركردنی وڵاتەكە لەدەسـت (گـاور) ئينجـا لـە دواييـدا تەماشـای پێويسـتيی نەتەوەی كورد بكرێت. مەبەستيان لە (گاور) ئەو يۆنانييانە بوو كە بەشێك لە ڕۆخی خۆرئـاوای توركيـان داگـيركردبوو. بـەم ڕەنگـە كوردەكـان خەڵـەتان و يـاريدەی (مصطفى كمال) ياندا تا يۆنانييەكانيان لە وڵاتەكە دەركرد.

توركەكان دەست ئەكەن بە ئازاردانی كوردەكان:

هەركـە موستەفا كـەمال و هاوڕێكانی لـە جـەنگی يۆنانـا سـەركەوتن و پـەيمانی (لۆزان) يـان بەسـت، بەرامبـەر كوردەكـان كردەوەيـان گۆڕرا. جـاران كـە وەك (بـرا) تەماشايان ئەكردن و لە فەرمانی ميردا وەك هاوبەش وابوون، كـەچی دوايـی بـەچاوی

بێگانەو دوژمن سەیریان نەکردن. نە قەبارەیان هێشتن نەبیری نەتەوایەتیی و زمان. بە پێچەوانەی پەیمانی (لۆزان) کە لەوێدا تورك دەستەبەر ببوو کە مافی نەتەوەی کورد بپارێزێت. دیسانەوە حکومەتی تازەی تورك بیرەکەی پێشووی لەگەڵ کوردەکان خستەوەکار کە ئەویش ئەوەیە (کورد نەبێت تورك بێت، نابێ بە کوردی قسە بکات). واتە بە زۆر بکرێت بە تورك. تورکەکان پلەی زۆرداریی و ستەمیان لەگەڵ کورددا زۆر بەرزکردەوە. بە ئاشکرا نەیانهێشت بە کوردی گفتوگۆ بکەن. تەنانەت قەدەغە کرابوو کە لە رۆژنامەو پەڕاو یەعنی (کتێب) و قوتابخانەکاندا (ناو)ی (کورد و کوردستان) بنوسرێت!.

شۆڕشی شێخ سەعید ساڵی ١٩٢٥:

کوردەکان بەرامبەر ئەم هەموو خراپەو زۆرداریيە خوێناوییانە نەیانتوانی ئیترخۆیان بگرن. بە سەرۆکایەتی خالد پاشاو شێخ سەعید ناوان شۆڕشێکی گەورەیانکرد. زۆر لە پیاوە گەورەکان و خوێندەواران دایانە کۆمەکیان. لە حەوتی مارتی ١٩٢٥م دا بڵێسەی ئاگری شۆڕش هەڵگیرساو بەگورجی بە ناوچەکانی (دیاربەکر)و (مووش)و جێگاکانی ترا بڵاوبوەوە. هەرچەندە شۆڕشگێڕەکان بەژمارە چەك زۆر لەسوپا رێکەکەی تورك لەخوارتربوون، لەگەڵ ئەوەشا دیسان تورك لە زیانی زۆر رزگار نەبوون. (فەڕەنسەکان) لەم تەنگانەیەدا نامەردانە رێگایاندا کە سوپای تورك بەخاکی سوریەدا برواو لە پشتەوە لە شۆڕشگێڕەکان بدات. بەم رەنگە تورکەکان توانییان بەسەر شۆڕشەکەدا زاڵ ببن. دوای ئەوە بەشی زۆری گوندەکانی ئەوناوەیان وێرانکردو بە هەزاران کوردیان دەربەدەرو ئاوارەکرد بۆخۆرئاوای تورکیە کە هەر ئاگاشیان لە شۆڕشەکە نەبوو. لەم هەزارانە زۆریان لەرێگەو بان بەبرسیەتی و سەرما مردن.

شۆڕشی ئاگری داغی ساڵی ۱۹۳۰:

بەڵام شۆڕشی کوردەکان بەمە نەبڕایەوەو دوایی نەهات. بەڵکو بۆ پسانەوە شۆڕشی وردە ناوبەناو تا ساڵی ۱۹۳۰م هەر ڕوویداوە. لەم ساڵەدا کوردەکان باشتر ڕاپەڕین و بنکەی شۆڕشیان لە (ئاگری داغ) دانا کە جێگایەکی زۆر سەختە لە چیای (ئارارات) کە کەوتووەتە بەینی تورکیاو ئێران‌و وڵاتی قافقاسی سۆڤیەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵدا. لەوێوە دەستیانکرد بە هێرش بۆ سەر ناوچەکانی ترو زیانێکی زۆریاندا لە سوپای تورک. ئەم سوپایە نەیتوانی بەسەر شۆڕشگێڕەکانا زاڵبێ، هەتا لەگەڵ سوپای ئێران ڕێککەوت. ئەوسا هەر چوارلای شۆڕشگێڕەکانیان پێچاو ئیتر لە کوردی ئێرانەوە یارمەتییان لێبڕا، سەرکردەی ئەم شۆڕشە (احسان نوری پاشا)ناو بوو. لە دوای ئەم ڕێکەوتنە ئێران و ڕووسەکان ڕێگایاندا بە سوپای تورک پشتی کوردەکانی گرت. جا لە دوای ئەم ئەنجامە احسان نوری پاشاو رەفیقەکانی خۆیان خستە پەنای ئێرانییەکانەوەو بەمجۆرە ئەو شۆڕشەش بڕایەوە.

شۆڕشی دێرسیم ۱۹۲۷- ۱۹۲۹

دوای ئەوەی حکومەتی تورک شۆڕشی ئاگری داغی کوژاندەوە، کوردستانی تورکیای خستە ژێر فەرمانڕەوایی سەربازەوە، واتە ئیدارەی عەسکەری پەتییەوە. دیسانەوە دەستیکردەوە بە دەربەدەرکردنی کوردەکان بۆ خۆراوای ئەنەدۆڵ. کاتێک کردەوەی دەربەدەرکردن بە زۆرو ستەم لەساڵی ۱۹۲۷م دا گەیشتە ناوچەی (دێرسیم) ی بێدەنگ کە ئەکەوێتە باکووری خۆراوای دیاربەکر ئەو ساکە دانیشتووانی ئەوێش شۆڕشیان کردو شۆڕشەکە لە ساڵی ۱۹۲۷ موە تا ساڵی ۱۹۲۹ درێژەی کێشا. حکومەتی تورک نەیتوانی ئەم شۆڕشە بکوژێنێتەوە تا بە بۆمبابارانی فڕۆکە هەموو ناوچەکەی وێرانکردو سوتاند، وە بە هەزاران جووتیاری داماوی کوشت. ئینجا تورکەکان سەرکەوتن.

لەسەر ئەوەشا کوردەکان سکالای خۆیان ئەبەنە لای گەلانی یەکگرتوو:

کوردەکـان لـەم زۆرداریـی و قەلاچۆکردنـە بێدەنـگ نـەبوون. کۆمەڵـەی کــورد دداشـتێکیان دا بەسـکرتێری کۆمــەڵی نەتــەوە یــەکگرتووەکان لــە ١٩٤٨/١١/٢٩دا، وە ،وێدا توانییان خراپیی باری کوردو کوردستانەکانی ئێران‌و تورکیا دەرخەن بەدوای ،مەدا چەند (یادداشت)ێکی تریشیاندا هەر بۆ ئەم مەبەستە داوایـانکرد لـە کۆمـەڵی ەتەوە یەکگرتووەکان کە بەپێی ماددەی ٧٣ لە یاسای ئەو کۆمەڵەیەدا باسی مافی ئەو ڵاتانە کراوە کە ژێردەستی ئەقوامی ترن، بۆ ئەوەی بەڵکو هەڵبداتێ.

هەواڵی کوردستانەکانی تر

تـا ئێرە باسی شۆڕشـەکانی نەتــەوەی کـوردی بێچـارەی تورکیـا کـرا کـە لـەناو ۆرداریەکانی حکومەتی عوسمانی کردوویانە. لێرە بەدواوە باسی کوردستانەکانی تر ەکەین تـا بزانـین ئـەوان چییـان بەسـەرهاتووە. وەکو لـە باسـەکانی پێشــوودا وتــرا یستیعمار کوردستانی دابەشکردووە بە چوار پارچـە. بەشـی هـەرە گـەورەو پەرێشـان ەر تورکیا کەوتووە. ئەوە بوو لای سەرو شۆڕشـەکانمان باسـکرد بۆتـان. بەشـی دووەم وردستانی ئێرانە. بەشی سێهەمیش بەر عـێراق کەوتووە. بەشـی چوارەم تێکەڵاوی وریە بووە.

عوسمانییەکان کێن؟

ئەم تیرەیە نەتەوەیەکی تورکمانن. جنسیان تورکە. ڕەگـەزیان مەغۆلـە. لـە سـاڵی ١٦٣م بە تەواوی عێراقیـان داگیرکردووەو لـە ژێـر فـەرمانڕەواییانا ماوەتـەوە تاسوپا ـەهێزەکانی بـەریتانیا لــە جــەنگی یەکــەمی گێتییــدا کــە ١٩١٤-١٩١٨ بــە بەسـەریانا اڵبوون‌و لە (عێراق) دەریانکردن. ئەوسا عێراق کەوتە ژێر چەپۆکی (بەریتانیا)وە.

ئـەم تورکی عوسمانییە کۆچەریی بـوون کـە هـاتوون، تـیرەی هـەرە دوایـین لــە ورکەکان، لـەڕۆژاوای ئەنـەدۆڵ دامـەزراون لـە ١٣٠٠م دا ئـەمجا هێزیـان زیـادبووە لــە ١٣٢م دا بـوون بـە دەوڵەتێکی سـەربەخۆ. ئەمانــە خـەڵکی ئاسـیای ڕۆژاوا نــین وەك یپـەکانی پێشووتر لـە ناوەڕاستی ئاسیاوە هاتوون بۆئـەوەی وڵاتـان بـەزۆربگرن و

حوكميان بەسەرابكەن. وە خۆیان زانایيان نەبووە، بەلكو لە دانیشتووانی ولاتە داگیرکراوەکانەوە فێری شت بوون، نەك وەك ئینگلیزەکان کەویستیان ولاتێك بگرن پێشەکی جارِ ئەدەن ئەلێن بۆیە هاتووین خەلکی ولاتەکە لە زۆردارەکان رزگار بکەین. کەچی لە پاشا ئەکەونە مژینی رزق و رۆزیی ولاتەکە بە زۆرو بەهێز نەبێ لێی دەرناچن. ئەمجا ئینگلیزەکان بەمجۆرە جارِدانە هاتنە سەر عێراق تورکەکانیان دەرکرد. ئینگلیزەکان لە دەمێکەوە خۆیان ئامادەکردبوو کە عێراق داگیربکەن چونکە عێراق لە سەررێگای هیندوستانایە، (نەوت)ی زۆریشی هەیە. بۆیە کە شەڕی گەورەی یەکەم ڕوویدا ئینگلیزەکان خێرا لە عێراق دابەزین، جەبهەی شەڕیانکردەوە. سوپایان لە بەحرەوە هێنایە (بەسرە) دەستیانکرد بە داگیرکردنی ولاتەکە. بەئەنجام کوردستانی عێراقیش بوو بەجەبهەیەك لەوێ. خەلکی عێراق بە کوردو عەرەبەوە بەشداربوون لەم جەنگەدا. کوردی عێراق دەشنێرران بۆ سوریەو میسر وە بۆ (چەناقە قەلعە) و (قافقاس) و ئێران. تورکەکان هەرچی خواردەمەنی کوردستانی عێراق هەبوو بردیان. بەمە ئەهالی قڕی هات. سەدی حەفتا (٧٠٪)ی خەلك لە برسان و لە شەڕا مردن. ئەوەندە هەیە وەك کوردی تورکیا دەربەدەر نەکران چونکە ئەوە پێویست نەبوو ئەوی لە عەسکەرێتی ڕایکردووە بە دەسترێژی تفەنگ کوژراوە. بە هەزاران هەرزەکاری کورد بەم دەسترێژانە لەناوبراون. عێراقی عەرەبی زوو لەدەست تورك رزگاربووە. بەلام کوردستانی عێراق هەتا دوایی جەنگ بەدەست تورکە زۆردارە ستەمکارەکانەوە ماوەتەوە. حکومەتە سوێند خوارەکانی ئەورووپا عەرەبەکانیان بەتەمای سەربەخۆیی و ئازادیی تەفرەدا. کەچی لە ژێرەوە لەناوخۆیانا دابەشیانکردن. زۆرداریی و ستەمی زیادیشیان دەربارەکردن. هەرچی کوردستانی عێراق هەیە هەمووی بەر ئینگلیزەکان کەوت. ئەمانە جارێ بەفەرمانڕەوایی حاکمەکانی خۆیان کوردستانەکەی عێراقیان ئیدارەکرد. لەدواییدا وازیانهێنا لەوە کەحکومەتێکی سەبەرخۆ بۆ کوردەکان دروست بکەن وەکو لەپێشانا بەلێنیاندابوو. هاتن چوار لیوایان لە کوردستانی عێراقا دروستکردو حکومەتێکی مەلیکی کوردو عەرەبیان پێکەوەنا. لەسەرئەوە کوردەکانی لیوای سلێمانی بە

سەرۆکایەتی (شێخ حەموود) ناو زەعیمێکی خۆیان شۆڕشیانکرد. سەربەخۆیی و ئازادییان داواکرد کە بیاندەنێ. ئینگلیزەکان بەتەنیا خۆیان ئەومیان پێ نەئەکرا هیچ دەوڵەتێکی تریش هاوفکریان نەبوو پێکەوەحکومەتێکی کورد بنیات بنێن لەبەرئەوە ئەم شۆڕشە لە ١٩٢٠م ەوە تا ١٩٣٠م کەم و زۆر هەر بەردەوامبووە ئینگلیزەکان بۆئەوەی ناخۆشی بخەنە بەینی کوردو عەرەبەوە زۆرجار سوپای عیراقی عەرەبییان هێناوەو کردوویانە بەگژ ئەم شۆڕشگێڕانەدا لە لیوای سولەیمانی لەلایەکی ترەوە عێراقی عەرەبی زۆر لەدژی حکومەتە مەلیکییەکەی خۆیان بوون چونکە ئینگلیزەکان عێراقیانکردبوو بە جۆرە موستەعمەرەیەك لە شێخەکانی عەرەب و پیاوماقووڵانی ترو خوێندەوارانی سەر بەئیستعمار چینێك خەڵکیان دروستکردبوو. ئەمانە حکومەتیان بەدەستەوە بوو، وە یا خۆیان حکومەتبوون لەسایەو پەنای ئینگلیزدا حکومەتەکەیان ئەگێڕا. جا بۆ ئەوەی حکومەتەکە لە چنگ ئیستعمارو خراپە کەران رزگاربێ وە ئیدارەیەکی دیموکراتیی و ڕاستی پێکەوەبنرێت میللەت زۆر هەوڵیدا، شۆڕشەهای بەرپاکردو خوێنی ڕشت. بەڵام رەفیق و برادەرانی ئیستیعمارو نۆکەرەکانی و پیاوەکانی خانەدانی مەلیکیی لەپا پارمەتی ئینگلیزدا نەیانئەهێشت ئەم تەقەلایانە سەربگرێت. ئەم کێشمە کێشانە زۆر پایەدار ما هەتا ئازار کەوتە دڵی ئەفسەرە ئازاکانی سوپاوە. ئینجا ئەمان هاتنە مەیدان بەڵێنیاندا کە ئەم میللەتە لەم ئیدارە پیسەو بۆگەنە ڕزگارکەن.

ڕۆژی ئینقلاب ١٤ ی مانگی گەلاوێژ ساڵی ١٩٥٨ م

ئەمجا سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٤ی گەلاوێژ (تەمووز) ١٩٥٨م ئەم ئەفسەرە بەڕێزانە سوپا هەڵیانکوتایە سەرخێزانی پادشایی عێراق گشتیان کوشتن لەگەڵ پیاو فەرمانڕەوا گوناهبارەکان کە لەژوور هەموویانەوە نوری سەعید وەزیری حکومەتەکەش لەناو کوژراوەکانا بوو. بەوجۆرە حکومەتی عێراق لەخراپی ئیستیعمار رزگارکراو (حکومەتی کۆماری) عێراقی ئیستا لەو ڕۆژەوە دروستبو کوردەکانی عێراقیش بە ئاواتی مێژوویی خۆیان گەیشتن چونکە هەر ئەو بەیانیی

جاڕدرا کە ڕژێمی تازەی حکومەتی عێراق کۆمارییە واتە جمهوریەتە. عەرەب و کورد بە شەریکیی وەکو برا حکومەتەکە ئیدارە نەکەن بەپێی مادەی (٣) هەم لە دەستووری موەقەتی حکومەتی عێراق. وە هەموو عێراقییەکان مافیان وەك یەك وایە لەم حکومەتەدا. جا کوردەکانی عێراق پشتیان بەستووە بەم ئینقیلابە، وە بە تەمای پاشە ڕۆژی بەرزی پایەدارن.

بێینەوە سەر هەواڵی کوردستانی ئێران:

کوردستانی ئێران کیشوەرێکی زۆر گرنگە. نیشتمانی سەرەتایی نەتەوەی کوردە. لەوێوە بڵاوبوونەوە بەسەر زەمینەکانی تری کوردا. دوابەدوای کوردستانی تورکیایە. ڕۆژهەڵاتی چیاکانی(زاگرۆس) هەمووی ئەم کوردستانی ئێرانەیە. باس و هەواڵی پێش سەدەی بیستەمی ئەم نیشتمانە لە نووسینەکانی پێشوودا نووسراوە. حکومەتەکانی پێشووی ئێران لەگەڵ کوردا هیچ باش نەبوون، بە بێگانەیان ژماردوون. کە نەبوو لە ناومرۆکی نەتەوەی خۆیانی بژمێرن، چونکە پایەداربوونی ئێران بە سایەی کوردەوە ئەبێت نەگینا ئەبێت بە دەوڵەتێکی بچووکی بێ مایە. شاهەنشایەتی ئێران بە کوردەوە نەبێت و نەمێنێت. حکومەتەکانی ئێران کوردیان زۆرهێناوەو بردووە. بە دەربەدەری ڕەوانەی هەموو لایەکیان کردوون. کوردەکانی ڕوسیەو ئەفغان و بلوجستان و هەندێکی عێراق و تورکستان هەمووی سەرەنجامی ئەم جۆرە ئاوارە بوونانەن. ئینجا ئەمانە هەمووی ڕۆیشتووەو بڕاوەتەوە. ئێمە لێرەدا ناتوانین لەو هەواڵانە بدوێین، بەڵکو باس و هەواڵی سەدەی بیستەمیان ئەنووسین.

کۆماری مەهابادی کوردی (١٩٤٥ ١٩٤٦) م:

لە سەرەتای سەدەی بیستەما جووڵانەوەیەکی ئینقیلابی لە ئێرانا پەیدابووە. خەڵکی ئێران لەحکومەتی (شاهەنشاهی) قاجارەکانی دوایی، داوای ئازادیی و ئیدارەی دیموکراتیکرد. میللەت شۆڕشی هەڵگیرساند، شاه ئێرانی بەجێهێشت و نەختە نەختە ئازادی دیاریدا. بەڵام لە دیمەنێکی هیچ و پووچا. وا دەرنەکەوی لە ئێرانا پێشکەوتن

و بڵاوبوونەوەی زانیاریی و گەشەکردنی ئابووریی و بەرزبوونــەوەی کۆمەڵایـەتی زۆر بەسستی ئـەڕوات ئیدارەکردنـی وڵات هێشتا لەسـەر ڕەوشتی پێشووە نـەگۆڕاوە. کـە جـەنگی گـەورەی دووەم دواییـهات لـە کـانوونی یەکـەمی سـاڵی ١٩٤٥دا کوردەکـان بەیارمەتی رووسیەی سۆڤیەتی لە مەهاباد کە کەوتووەتـە بـاکووری خۆرئـاوای ئێران کۆمارێکی کوردیان دامەزراند. (قاضی محەمەد) کە یەکێك بوو لەپیاوە دیارەکانی ئەو ناوە، کرا بەسـەرۆکی ئـەم کۆمـارە. ئـەم کۆمـارە بچکۆلەیـە لـە ژیانـە کورتەکـەیا زۆر هەواڵیدا کە وڵاتەکە بەرەو پێشکەوتن بەرێت و باری زانیاری و تەندروستی وڵاتەکە پێشبخا، (قاضی محەمەد) زۆرجار ئەیوت: فەرمان بەرێتی حکومـەتی ئێران ئـەکات و کۆمارەکەی تـەنیا خـاوەنی سـەربەخۆیی نـاوخۆی هەیـە لـەناوئێرانا. لەگەڵ ئەمەشا حکومـەتی ئێران دانـی نــەنا بــەم سـەربەخۆیی نـاو خۆییـەداو دنیایـان هوروژانـد بەرامبەر ئەم کۆمارەو کۆمـاری ئازربایجانی ئـێرانی. بۆیـە دەوڵەتـە خۆرئاواییـەکانی ئەوروپا یاریدەی حکومەتی ئێرانیاندا بەو ناوەوە کە گوایە ڕووسیە یاریدەی ئەو دوو حکومەتە ئەدات، لەبەرئەوە ڕووسیە چارەی ئەما یاریدەکەی وەستاندو سوپاکەی لە ئێران کێشایەوە. ئەمجا هێزی ئێران چووە ناو ئازەربایجانەوەو کۆمارەکەی لەناو برد لەدوای ئەوە هێزی تـری ئـێرانی لـە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦دا چووە مـەهاباد، کۆمـارە بچکۆلەکـەی ئەویشی لـەناوبرد، وە حکومـەتی ئـێران لـە پیـاوە گـەورەکانی مـەهاباد لـە پێـش هەموویانــەوە پێشـەوای مـەزن (قـاضی محەمـەد) ی خنکـاندو هەرێمەکەشی خستە ژێـر بـەڕێوەبردنێکی سـەربازانەی توندوتیژ کە هـەتا ئێستاش ئەم جۆرە بەڕێوەبردنە هەر لەکاردایە.

باری کوردەکان خراپە لە تورکیاو ئێران دا :

جـا بـەم ڕەنگـە کوردەکـان لــە ئـێران و تورکیـادا کەوتوونـە ژێـر چنگـی جـۆر حکومەتێکەوە کـە بیری بـاش نییــە بەرامبـەریان و نایانـەوێ پێویسـتی کوردەکـان جێبەجێبکەن کـە ئـەویش بریتییـە لـە پاراستنی قـەبارەو زمانیان لەگەڵ خزمـەتی ناوچە کوردەکان لە ڕووی هەڵسووڕاندنو تەندروستی و زانیارییەوە جیاوازی نـەبێت

لەنێوان نەتەوەکاندا. یەعنی هەموو وەك یەك بژین. کەچی پیاوی دیاروخوێندەواری فارسەکان و هەموو کاربەدەستانی ئێران بۆنەوەی پیاو لە کورد هەڵنەکەوێ نایەڵن قوتابی کورد لە جامیعەکانا بخوێنن!!.

شارستانیەتی کورد پاش ئیسلامیەت، ڕەوشت و خووی کۆمەڵایەتییان

کورد کە داوی بوو بەداوی نەتەوەی عەرەبەوەو نیشتمانەکەی داگیرکرا، ئیتر وردەوردە بوو بە ئیسلام، وە بە هۆی بەڕێوەبردن و ئایینی تازەوە ڕەوشتو خوویان زۆر گۆڕرا. لە عەرەبەکانەوە گەلێك خولق و پیشەی تازەیان وەرگرتووە. بۆیە کوردی پاش ئیسلامیەت زۆر فەرقی هەیە لەگەڵ کوردی پێشوودا. ئەگەرچی ناتوانرێت لەسەر ئەم باسە شتی زۆر بنووسرێت، چونکە ئەم حاڵەتە گۆڕاوانە کامی کۆنەو کامی تازەیە بۆمان جیا ناکرێتەوە. لەبەرئەوە بە کورتی تەبیات و ڕەفتاری ئەمانە لای خوارەوە بەیانکرا.

١- بەرودوا کوردەکان ڕەوشتیان وابوو پیاوی ئیختیار لە هۆزا سەرەکی هۆز بووە. لەمانە کامیان زۆر بەکاربووبێت کراوە بە گەورەی تایەفەکە. ئەم جۆرە ماقوولانە قسەیان فەرمانڕەوا بووە. کەس نەیتوانیوە بەجێی نەهێنێ. لە کاتی پشێوی ومیا جەنگدا کەس لە قسەیان دەرنەچووە. پشتی ئاغاوات و ئەم بەگانە قایمبووە. ڕەنگە ئەم نەریتە کرداری پێشووتریان بوو بێت.

٢- ئەوانەی لەسەر ڕەوشتی عەشیرەتیی ژیاون، بەشێکیان هێشتا لەسەر کرداری کۆچەرێتی ماون وەك باوك و باپیرەکانیان. بەڵام لەمانە بەشێکیان بەرە بەرە فێری کشتوکاڵ کردن بووەو لە دێهاتا دانیشتووە. ئەمانە ئەمجا بوون بە (دێ کان)ی کۆچەرییەکان بۆ لەوەڕ گەرمیان و کوێستانیان کردووە بە خوو. ئەوی چووەتە ناوشار بووەتە (شارستانی).

٣- ئەوانەی لە شارا ژیاون لەگەڵ هەموو جۆرە پیشەسازیی و فەرمانی شارستانیدا خەریکبووە ئەوانی دێکانی بوون، بە کشتوکاڵ و ئاژاڵ بەخێوکردنەوە گیرۆدەبوون، وەرزێرییشیان کردووە. شارستانییەکان لەسەر تەبیاتی عەشرەتایەتی نەماون، بوون

بە کۆمەڵێکی شارستانی بەڵام دێکانییەکان هێشتا لەسەرخوی عەشیرەتی ماون و نەبوون بە شارستانی بێجگە لەمە هێشتا لە کوردا عێلانی گەڕۆك ماوە لە ساڵێکا بەرێکو پێکی گەرمیان و کوێستان ئەکەن. یەعنی بۆ بەخێوکردنی ئاژاڵەکانیان بەهاوینان ئەچن بۆ کوێستان و لەزستان ئەهاتنەوە گەرمیان. ئەمانە کشتوکاڵیان نەزانیوە، بەڵکو لە هاتوچۆ کردنەکانیانا دێکانییەکانیان ئازارداوە وەرزێرەکانیان تەنگەتاو ئەکرد. هەندێك عەشایر لەمانە بوون بە نیوە گەڕۆك، بنەیان هەبووە کشتوکاڵیان بۆبکا. ئەمە مانای ئەوەیە کە خەریکن واز لەگەڕۆکیەتی ئەهێنن. قەومی کورد هەندێك ڕەوشتی تایبەتی خۆی هەیە. ژن و پیاویان فەرمان کەرە. گەلێك جۆر یاری و گەمەیان هەیە وەکو هەڵپەڕکێ و سەما، جەژن و سەیران، لەگەڵ ڕاوکردن لەکەژو کێوا. لە بابەت ڕابواردنی کۆمەڵایەتی کوردەوە، زاناکان لە ژیانی عەشایرەکانیان زۆر وردبوونەتەوە گەلێك نوسراویان هەیە دەربارەیان نوسیون وەکو ئەڵێن: ئافرەتی کورد هونەروەرە لە ژیانی دێکان و گەڕۆکیدا نیوەی فەرمانی خێزان لەسەرشانی ئافرەتە. لە ماڵا ئافرەت هەرخۆی حیسابە. جگە لەمانە لە ئیشوکاری گەورەشا ئافرەتی کورد خۆی نواندووە. گەلێك ئافرەتی ناودار هەیە لە مێژووی کوردا ناوی نوسراوە. ئافرەتی کورد ڕوو لە سفوورە. خوڵقی ژنهێنانی زۆر لە کوردا گەلێك کەم بووەتەوە ئەم خوڵقە لەبەر فرە ئیشیی هێشتا لەناو خەڵکی دێهاتا ماوە. لەناو شارەکانا تاکوتەرا هەیە. چۆنیەتی ناوماڵ و ژیانی ناوخێزان لە نەتەوەی کوردا ڕوو لە پێشکەوتنە. ڕووخۆش، دڵپاك، بە ناموس و میوانپەروەرو بەرچاو فەرەحن. چاوکراوەو ئەمین و بەوەفان. خزمایەتییان قایمە. پارێزگاریی گەورەو بچووك ئەکەن. کورد بەئازایی خوڵقاوەو بە جەرگ و وریایە. حەز لە سواریگەریی زۆر ئەکات. هەمیشە لاسایی (تقلید)ی شتی چاك و بەکەڵك ئەکاتەوە. ئامادەیە بۆ ئەریت فێربوون و پێشکەوتن. بەڵام لە زانیندا لەدوایە. بەشێکی ئەم ناتەواوییەشر لەبەرئەوەیە ئیستیعمار نایەڵێ (کورد) بە زمانی خۆی بخوێنێ.

ئایین و بڕوا:

بـەڕێوەبردنی سیاسـیی و کۆمەڵایـەتی عەرەبـەکان، نەتـەوەی کـوردی لـە (زەردەشتی)یەوە کردووە بە ئیسلام، ئەگەرچی ئەمان سەردەمێك لەگەڵ یەکا ناکۆك بوون و بـەڵکو بـەهاندانی موتەعصیبەکانی ئـایینی پێشوو بەرامبـەر ئیسلامەکان جاروبار کوردەکان یاخیەتییشیان کرد، بـەڵام بـە ئـەنجام هۆگری موسڵمانێتی بوون، چونکە کوردەکان بـاش تێگەیشـتن کـە ئەمـەیان باشـترە لـە ئایینەکـەی پێشـوو و ماقوولـترو ڕێکەوتووتریشـە، وە لـەدوای چەند پشتێك وایلـێهات نەتـەوەی کـورد لـە نەتەوەکانی کە ساغترو دڵسۆزتر بوو بۆ ئیسلامیەت. لە مێژووی ئیسلاما خزمـەتی نەتەوەی کورد بۆ ئیسلامییەت بە ئاشکرا دیارە. لە دوای سـاغبوونەوەی ئیسلامیەت) زۆربەی کوردەکان بوون بە (سـوونی)و (شـافیعی مەذهـەب). لـە تورکیـاو لـە ئـێراندا هـەندێکیان بـوون بـە (شـیعە) وە لـە شیعەکانیشا بەشـێکیان بـوون بـە(علـی اللـهی)و (کاکەیی) وەیا (شەبەك). سوننییەکان هەموو بڕواکانی دوایی بـەباش نـازانن. بێجگـە لەمانە لەناوچەی موسڵ و وڵاتـی ڕووسـیەدا هـەندێك کورد هـەن (یـەزیدی)یـان پـێ نەڵێن، موسوڵمان نین. جا لێرەدا باسی بڕوای (علی اللهی)ی و (یەزیدیـەکان) بکـەین بێکەڵك نییە.

بڕوای علی اللهی:

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران، پێش ئیسلامیەت، بڕوای سەیریان بووە. کە بـوون بـە ئیسـلامیش وازیـان لـەم بـڕوا کۆنـە نـەهێناوە، بـەڵکو تێکـەڵاو ئیسلامەتییەکەیان کـردووە. خـەڵکی (ئـەرنیل) وەیـا (رمـال) لـەوەوپێش بڕوایـان بـە (تناسخ) بووە. لەگەڵ ئەوەشا ڕۆژیـان پەرتسووە، ئەمانـە کـە بـوون بـە موسـوڵمان و ناوبانگی ئازایی ئیمامی عەلییان بیستووەو چووە بە مێشکیانا وایانزانی کە بڕواکـەی پێشوویان بەمە زیندوو بووەتەوە، دەستیانکردووە بە پەرستنی ئیمامی عەلی، ئەمانـە لایانوایە (خوا) کە ڕۆحانییە بۆنەوەی پایەیەکی بـەرز بدا بـە ئینسانییەت چووەتـە لەشی ئیمامی عەلییەوە، وەکو لەمەوپێشیش چوبووە لەشی (بـەنییامین و مووسـی و عیسا)، وە لە دوای ئیمامی عەلی چووەتە گیانی (سـەلمانی فارسی و ئیمام حوسـەین و

ئەفت تەن)ەوە. بێجگە لەمە ئەم ئەفام و گەوجانە بڕوایان وایە کە پێغەمبەر
ەلایەن ئیمامی عەلییەوە نێرراوە بە پێغەمبەریی ! لەمانە (احمد) ناوێکیان وتوویە
ەم قورئانەی کە ئیستە بەدەستەوەیە، بڕوای پێناکرێت، چونکە قورئانەکە لەمەڕ
یمامی عەلی نیە کە بۆ پێغەمبەری نارد، بەڵکو ئەو قورئانەیە کەئیمامی (ابو بکر،
عمر، عثمان) سووتاندیان و هینەکەی ئیستەیان ڕێکخست. جا ئەمانە لەبابەت
قورئانەوە درۆو دەلەسەیان زۆرە، وە هەچ قورئانێکیان دەسکەوتووە سووتاندوویانە.
ئەم بڕوا چەوتە لەخۆشەویستی ئەهلی بەیتەوە دەستیپێکردووە، بە ئەنجام چووەتە
سەر شڵی بەخوا دانانی ئیمامی عەلی و لەمەشا نەوەستاوە، هاتووەتەوە سەر بڕوای
کۆنیان کە (ڕۆژ پەرستیی) بووە. ئەم ئەفامانە لایانوایە کە ئیمامی عەلی
بەرزبووەتەوە چووەتە ناو ڕۆژەوە، وە بەڕۆژ ئەڵێن (علی الله)! پێشینانیان گۆشتیان
لا حەرام بووە، ئەمانیش ئیستە گۆشت ناخۆن. بەڵام خواردنی گۆشتی ئەوانەیان لا
حەڵاڵە کە (ابو بکر)و (عمر)و (عثمان) یان خۆشئەوێ !.

بڕوای (لەك)و (فەیلی) یەکانی لوڕستانیش لە (علی اللی) ئەچێت، ئیسلامەتییان
کزە، لەناو عێلاتی (کەڵهوڕ)و (گۆران)دا هەندێك بڕوای ئایینی هەیە لەهی
جوولەکەو مەسیحی ئەچێ. ئەمانەش ئینسانی موقەددەسی وەك (بابا یادگار)و
(هەفت تەن) بە پێغەمبەر دائەنێن، ڕەنگە ئەم بڕوایە لە جوولەکەکانی (بخت
نصر)ەوە ڕێکخرابێت کە برابوونە ئەوناوە!.

بڕوای یەزیدی:

هەندێ تیرەو تایەفەی کورد هەیە (یەزیدی)یان پێئەڵێن. بڕوایەکی تایبەتییان
هەیە. لەناوچەی (حەڵەب)و (وان)و (ئەرزڕۆم)دان. بەشی هەرە زۆریان لە ناوچەی
(موسڵ و سنجارو شێخان)دا دانیشتوون. ڕەنگە ژمارەیان بگاتە چارەکە ملیۆنێك.
مێژوونووسەکان ئەڵێن ئەمناوە بۆ ئەم ئەتەوەیە لە (یەزد)وە یا لە (یەزدان)ەوە کە
ناوی(خوا)ن بۆیان ماوەتەوە. ئەبێ باوەڕ ببێ کە ئەمناوە زۆرکۆنە. ئەڵێن لە
قەفقاس و چین و (کامچاتکا)شدا ئەمانە هەن، بەڵام ناویان جیایە. گۆیا بناغەی ئەم
بڕوایە ئەچێتەوە بۆ سەردەمی (مانی) وەیا ئایینی زەردەشتی کۆن، چونکە

یەزیدییەکانیش بڕوایان بە دووخوا هەیە کە (ڕۆژ)و (شەیتان)ە وەکو زەردەشتییەکان کە (تاریی)و (ڕووناکی) یان پەرستووەو پێیانوتوون (هورمز)و (ئەهریمەن). ئەم یەزیدیانەش بڕوایان بە خوای خێر هەیە کە ئەڵێن بڵندیی و ڕەحمەتی ئەم خوایە قەت دوایی نایەت و بڕوایان بە شەیتانیش وایە کە مادەم هەموو خراپەیەك لەوەوەیە پێویستە پەرستش بکرێ تاوەکو ئادەمیزاد لە شەڕوخراپەی دوورکەوێ وە ئەڵێن چونکە خوای خێر، قەت خراپەی نابێت، ئاتاجی پەرستش نییە. بەڵام ئەگەرخوای خراپە ئەپەرسترێ دەستئەوەشێنێ، هەرچی خراپەو مەینەتێ هەیە بەسەرمان دەهێنێ...لەبەرئەوە ئەم ئەفامانە بەناوی مەلیکی گەورەوە شەیتان ئەپەرستن و ئەڵێن چەند هەزارساڵێك ئەم پیشەیە دەوام ئەکا، لەپاشا هەردوو خواکە ئەکەونە جەنگەوە، وە لەئەنجامی شەڕەکەیانا ئەگەرخوای خراپە سەرئەکەوت، لەگەڵ خوای خێرا ڕێکئەکەوێ. کەواتە لەهەردووحاڵەکەدا دەستەوداپەرەی ئەم خوایە ئەیباتەوە. ئەم قەومە گەورەیەکی هەیە (میری شێخان)ی پێئەڵین و لە(شێخان) دائەنیشێ. دەستەڵاتی تەواوی بەسەر قەومەکەداو لەخۆی بچووکتر هەیەو پیاوماقووڵیشی هەیە. فەرمانەکانی شێخ ئەمانە بەجێی ئەهێنن. سەرۆکی ئایینەکە جیایە ناوی (بابە شێخ)ە، نوێژو ڕۆژوو بەدەست ئەمە. هەندێ وردە شێخی لەژێردەستایە فەرموودەکانی ئەم شێخە بەجێئەهێنن. هەر بابەشێخە، کەبتوانێ (فتوا) بداو ماوەی نوێژو ڕۆژوو حەرام وحەڵاڵ دانێ. ئەم دوو مەرتەبە گەورەیە کە باسمان کردن میراتییە. ئەم یەزیدییانە خۆیان وەها ئەنوێنن کە بڕوایان بە ئایینەکانی تریش هەیەو ئەڵێن (مەزهەبی مانی) ڕاستە. لەکاتی هەڵاتن و ئاوا بوونا (سەجدە) ئەبەنە بەر ڕۆژو لەڕۆژی خۆیا، گای بۆنەکەن بەقوربانی. لایانوایە خواردنی گۆشتی (زیندەوەر) و بڕینی داری (دۆڵی موبارەك) گوناهە. ژن و ژنخوازی هەر بۆ خۆیان ئەبێت کچ نادەن بە بێگانە. بە کەسێکی بێگانە مەزهەب ناڵێن (برا)، بەڵکو پێیئەڵێن (صاحب)، هەندێك پیشەی سەیریان هەیە، ڕقیان لە ڕەنگی (شین)و (کاهوو) زۆرە، پیتی (ط)و (ش) بەکار ناهێنن، ئەسپ و ماین بار ناکەن. ڕۆژی جەژن و زیارەتکردنیان زۆرە وەکو هەموو یەکەم چوارشەممەی مانگی نیسان بە

دەهۆڵ و زورناوە ئەچن بۆ سەر گۆڕستان. لەوێ ئەخۆن و ئەخۆنەوەو نان بەفەقیر ئەدەن. لەهەندێ ڕۆژی جومعەدا بۆ سەماکردن لە (بەعشیقە)وە لەسەر گۆڕی (حسن فردوش) کۆ ئەبنەوەو جومعەی دوایی بە دەهۆڵ و زورناوە ئەچن بۆ سەر گۆڕی (شێخ بابەکر) وە ساڵیی (٣) ڕۆژیش بە ڕۆژوو ئەبن!.

یەزیدییەکان سوجدە ئەبەنە بەر(بت)ێک کە لە شکڵی (باڵندە)دایە، (مەلەکە تاووس)ی پێئەڵێن. وتەی (تاووس) لە وتەی (تیئۆس)ی یۆنانییەکانەوە هاتووە کەناوی خوایەک بووە لای ئەوان. لە دواییدا ئەمان لە مەسیحییەکانەوە وەریانگرتووە. یەزیدییەکان لایانوایە ئەم خوایە لەپێش هەموو شتێکا هەبووەو لە هەموو شوێنێکیشا هەیە، وە بەردەستەکانی بەهەموو لایەکا ئەنێرێ کە چاکوخراپ لەیەک جیابکەنەوە. وەلایان وایە (تناسخی ارواح) ڕاستە وە لەوەوە بڕوایان وایە کە لەهەمووکاتێکا پیاوی گەورەی ئاینییان هەبووە. (شێخ عەدی) لەگەڵ (مەلەکە تاووس) بەیەک دائەنێن. بڕوایان بە (دۆزەخ) و (شەیاطین) نییە. وە لایانوایە نەخۆشیی تاعوون و گرانیی و مردن ئافاتی سروشتیین. دوو کتێبی موقەددەسیان هەیە یەکەمینیان (جلیوە)ی ناوە، وە (شێخ عەدی) دایناوە باسی هەواڵی کۆنی یەزیدییەکان ئەکا. دووهەم (کتێبی ڕەش)ی ناوە لە (٧٤٣هـ- ١٣٤٢م) دا نوسراوە باسی پەیدابوونی یەزیدییەکانی ئێستا ئەکا. ئەم دوو کتێبە هەردوکیان بە زمانی کوردی نوسراوە؟

مێژووی گەلی کورد

تەواو

نەتەوەی کورد تورکمان نیە

وەلامی وتارە مێژووییەکەی مامۆستا شاکر عمر- کرکوك

پێشکەش بە ڕۆڵەی گەل و تەنها خۆشەویستی کوردو عەرەب قارەمانی نەبەز عبدالکریم قاسم

وەلآم :

ماوەیەك لەمەوبەر لەرۆژنامەی (الاهالی) خۆشەویستدا ژمارە ۱-۳-۹۵۹ بەسەر لەوحەی (تاریخ الأقوام في العراق)بەخامەی مامۆستا شاکرعمر- کرکوك- ناو وتارێکی مێژووییم خوێندەوە بەونیازەی وتارێکی مێژوویی بەنرخە و کەڵکی لێوەرنەگرم ، بەلآم داخمناچێ کەنەوناواتەم نەهاتەدی چونکە وتارێکی ناتەواوی نارێکە بەهیچ جۆرێك بەمێژوودا نالکێت، بەتایبەتی دوای ئەوەی بۆمدەرکەوت بەبەراوردکردنی وتارەکەی لەگەڵ ئەو نوسراوەمێژووییانەی کە شارەزاییم تیایانا هەیە ئەوسا بۆم ساغبووە کەوتارەکەی لە گۆترە نوسیوە، چونکە ڕەگەزوبناغەی نەتەوایەتی نەوقەومانەی ناویبردوون بەشارەزووی خۆی گۆڕیونی وەکو : جنسیەتی ئەونەتەوانەی کە لەعیراقدا دانیشتوون ومیان خۆی ویستویەتی بەدانیشتوانی بزمێرێت بەبێ مەبەستێکی مێژوویی جنسیەتەکەی گۆڕیون، جنسی (قۆقاس) ومیا (ئاری) کردووە بە (توورانی) سەرگوزشتەی چەند نەتەوەیەکی ناونووسکردووە کە هیچ نەهاتوونەتە عیراق هەندێ ڕووداویش ئەنووسێت کە لەنێو دوونەتەوەدا ڕوویدابێت کەچی ئەونەتەوانە تەنانەت هاوسەدەی یەکیش نین . بە کورتی بۆمدەرکەوت کە وتارەکەی بۆ نیازێکی تایبەتی و نابەجێ وە تێکەڵ و پێکەڵ نوسیوە ، جا بۆئەوەی خوێنەوارانی بەڕێز ناوەرۆك و چۆنیەتی وتارەکەیان لا ڕوونبێتەوە لەلای خوارەوە وتارەکە بە زبانی عەرەبی نوسراوە پارچە پارچە ئەینوسم وەك لەژێریا خۆمان ئەیخەینە پێش چاو:-

مامۆستا شاكر ئەڵێت:

(تاريخ الأنسان في العراق (ميزوبوتاميا) او حضارة مابين النهرين، تاريخ الاتراك الهونيون (التركمان) تاريخ الاتراك السومريون (التركمان) متى يبدأ التأريخ؟.

لقد هاجرت جماعة من الاتراك (التركمان)الهونيون من اواسط اسيا اي توركستان فكونومدينة تركية(تركمانية) قديمة سموها بالمدينة الهونية (هون- اون) اي الدقيق. وبعدها هاجرت جماعة من الآتراك (التركمان) الاسكيتين الى العراق القديم فكونو المدينة التركية (التركمانية) الاسكيتية وبعدها تشكلت المدينة السومرية في جنوب العراق وشيدوا المدن التركية القديمة، اور، اوران، لاغاش..!متى يبدأ التاريخ القديم؟. يبدأ التأريخ بأيجاد الكتابة من قبل الآتراك (التركمان) السومريين في العراق (ميزوبوتاميا) ولقد اوجدوا الكتابة والأحرف قبل عصرنا هذا بسته آلاف سنة، فعمر الانسان في التأريخ قليل جداً بالنسبة لعمره ما قبل التأريخ حيث ان الأرض والشمس والنجوم والقمر والجاذبية اي الفلك والمجموعة الشمسية قديم جداً و يقدر بملايين السنين.

ومعنى السومر باللغة التركية (سومر) (مص).

****

ناوی وتارەکانی کاك شاكر (تاريخ الأقوام في العراق) وايلێكردم چاوەڕوانی ئەوەبم كە مێژووی کۆنی عیراق ئەنووسێت وە ئەونەتەوە کۆنانەی عیراق ناونووس ئەكا، باسی(سۆمەری‌وئاکاد)ییەکان و نەتەوەکانی تری ناوچەی شاخەکانی شیمال‌و شیما شەرقی ئەکات، جنس‌و ڕەگەز و کۆچ و دامەزراندن و پەیدابوونی شارەکانیان‌و..هەراوهۆریاو بەیەکاچوونی ئەونەتەوانە ئەنووسێت وەك ئەبینین و ئەیخوێنینەوە لە ناو ئەو نوسراوە مێژووییانەی کە ئیمڕۆ گشتمان ئەیخوێنینەوە لە قوتابخانەکان‌و دانیشگاکانی جیهاندا لەژێرچاودێریی مامۆستاومێژوونووسەکان ئەخوێنرێت..ئەونوسراوانەی کە ئێمە مافی دەستکاریی وگۆڕین و هەڵگێرانەوەمان نیە هەرچەندە ئەملاوئەولامان کردو کون‌وقوژبنی وتارەکەیمان پشکنی بەونیازە باسێکی مێژوویی نوێ کە تۆسقاڵێك ڕووناکیی تیابێت تاچەند لاپەڕەیەك

ئەومێژووە تاریکە رووناک بکاتەوە..چاومڕوانی ئەوە بووین کە مامۆستا شاکر لە وتارەکەیدا ڕووداوێك یان بەڵگەیەکی مێژوویی ونبوو بدۆزێتەوە و بیخاتە کایەوە. کەچی داخیگرانم ئەمانەمان هیچی نەدی ، لەوە بەولاوە کە ناوی تورك‌و تورکمان بێنێو هەموو جنس‌و نەتەوەکانی کۆنی عیراق بە ئارەزووی خۆی بکاتە تورك هیچی ترمان نەهاتە بەرچاو . وە بۆ شارەزایی وا وتارەکە کە بەشی یەکەمیمان بە عەرەبی نوسی ئەیکەین بە کوردی:-

ئەڵێت:-

کۆمەڵێك لە ناوەندی ئاسیاوە لە تورك‌و تورکمان کەنەتەوەی (هونی)یان پێئەڵێن هاتوون وە شارەوانیەتێکی تورکمانی کۆنیان پێکەوەناو ناویاننا (شارەوانی-هۆن) کە بەزمانی تورکی مانای (آرد)ە کە ئەکرێت بە ((نان)) وە لەپاشا کۆمەڵێکی تر هاتن بۆ عیراق دیسان لە تورکەکان کە (سکیت)یان ناوە وە شارەوانی (مەدەنیەت) (اسکیت)یان پێکەوەنا لەپاش ئەمانە..شارەوانێتییەکی تر دروستبوو کە شارەوانێتی (سۆمەر) ی پێئەڵێن لە جنووبی عیراقدا. ئەمانە گەلێك شاری تورکیان دروستکردوە وەکو (أور، أوران، لاغاش).

لێرەدا وتارەکە ئەپچڕم وە ئەڵێم مامۆستا شاکر هەوڵئەدات کە وشەی (سۆمر) بکات بە تورکی ئەڵێت (سۆمر) لە (سومرمك)ی تورکیەوە کە بە کوردی یەعنی ((مژین)) تا ئێستا هیچ مێژوونووسێك باسی ئەمەی نەکردووە وە ئەم باسە لە دەستکردی تورکەکان بەولاوە هی کەسی تر نییە!.

ئەمجا ئەڵێت: کەی مێژوو دەستیپێکرد؟ وەڵام ئەداتەوە مێژوو لەوڕۆژەوە دەستیپێکرد کە سۆمەرە تورکمانەکانی عیراقی دۆزیانەوە ئەمانە نووسین‌و پیتیان پێش ئەم سەدەیەی ئێمە تیا ئەژین بە شەش هەزار ساڵ لەمەوپێش دۆزیوەتەوە..وە تەمەنی نادەمیزاد لە مێژوودا زۆر کورتە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ تەمەنی پێش مێژوو چونکە تەمەنی مانگ‌و ڕۆژ و ئەستێرەو زەوی‌و جازبیەت زۆر کۆن‌و درێژە ئەگاتە ملیۆنەها ساڵ. ئێنجا بابێینەوە سەر چەند بەڵگەیەکی مێژوویی..ئەم وتارەی مامۆستا شاکر وا ئەگەیەنێ کە مامۆستا هیچ شارەزایی لە مێژوودا نییە.

بـەڵكوو زۆر هـەژارو بێدەسـەڵاتو پەككەوتەیــە لــە مــەیدانی مێــژوودا. (هــۆن نەتەوەیـەكن لــەمێژوودا ناویــان بــەكردگاری پــڕ دڕندەیــەتیو كوشــتارو بڕیــر دەركردووە..ناوچەی اوراسیایان وێرانكردو تەختو تاراجیان تێكدا. بەڕەگـەز (تـورك، مەغۆل) تێكەڵاون بـەڵكوو بە بناغـە لـە تیرەی توركمانـەكانن وە لـە ئاسیای نـاوەند ژیاون . هۆزێ لە خۆیان دڕو بەهێزتر پەلاماریدان نەمانیش لە تاوانا بەرەو رۆژئاوا هەڵهاتن وە كۆچیانكرد. سـەردەمێك لـە جنووبـی روسیای ئێسـتە ئارامیـانگرت نیشتەجێبوون ، لە سـاڵی ٤٤٥ ی میلادییا (اتیلا) سەرۆكی بەناوبانگیان لـە مێـژوود پەیدابووە ئـەم سـەرۆكە لـە مێـژووی ئـەوروپادا زۆر بەناوبانگـە ، لـە (فولگـا) وەتـ روباری (راین) كە رۆژئـاوای ئەوروپایـە داگیریكردووە ، وە لـە رۆژهەڵاتیشا قفقاس، ئـەنادۆڵی گرتـووە ، وە لـەپاش كوشـتنو بڕینێكی زۆر ئـەم ناوچەیـەی بەجێهێشـتو ئەوروپای كرد بەمەركەزی ئیمپراتۆریەتەكەی لە وڵاتانی مجارستانی ئیستەدا وە هەر لەوێ لە ساڵی ٤٥٣دا مردووە..لەپاش مردنی ئەو، ئەم ئیمپراتۆرییەتە گەورەیە پەرش بڵاوبوەوە هەر هۆزوتیرەیەك ئاڵای سەربەستیی هەڵكرد وجیابووەوە . سەروبەر هـە مجارستانی ئیستە ماوە كە جێگاگری ئەوان بێت هەتا مجارستان ناوی ئەوانی لێـدراو وە ئیستە (هونگاریاشی) پێئەڵێن .

جا كردەوەی تأریخی ئەم هونانە لە مێژوودا بە تەنیا ئەوەیە بوونە هۆی لـەناوبردنی ئیمپراتۆریـەتی رۆمـای كۆن وە پـەیدابوونی حكومـەتی ئـەوروپای ئیسـتە . چونكـ هێرشـی هونـەكان خێڵوهـۆزی (جێرمانـەكانی) ئـەورووپای تیكوپێكـدا هەریەكــ بەلایــەكدا بــەرەو رۆژئــاوای ئــەوروپا هەڵــهاتن..وە دەوڵــەتی رۆمــاش بــو بەژێردەستوپێوە. جا ئەم رووداوانە پەیوەندیی چیە بەسەر مێژووی كۆنی عیراقەو مێژووی هون بۆچی بێتە ناو سۆمەرەوە كەوا لەپێش مێژوودا لە عیراقدا بوون وە لـ (٢٥٠٠) پێش لەدایكبوونی مەسیحدا لە عیراقدا پێشكەوتووبوون گەلێك شاری رازاوە ئاوەدانیان پێكهێناوە. وە بە هیچ جۆرێك پەیوەندییان بە (هونەكانی) كاك شاكرەو نیە. لە كاتێكا سۆمەریەكان لەوپەڕی پلەی مەدەنییەتانـەژیانهونـەكان لـەتاریكیـ نەزانینودواكەوتنا پەلەقاژێیان بوو، بەڵكو هەتا ئیمپراتۆرییەتەكەشیان تلیسایەوە ب مردنی ئەتیلای سەرۆكیان.

جا مامۆستا شاكر نەیەوێت بە زۆر مێژوو سەرەوژێر بكاتو سۆمەرو هون لەیەك نزیك بخاتەوە هەتا دەنگی شارەوانێتی توركمان بلاَوبێتەوە.

كاك شاكر ئەلێت: ناوی هون لە (أونی) توركییەوەیە كە بە كوردی یەعنی (نارد) وە هەر بەمەدادیارە كە كورد خزمی هون نیە چونكە لە جێیەكی تردا هەر بۆنەوەی ناشارەزایی خۆی دەرخات ئەلێت كە گوایە كوردیش لە جنسی توركە واتە كوردو هون دووتیرەن لەتورك . ئنجا ئەلێت دوایی ئەم هونانە ئەسكیتیەكان هاتن بۆ عیراق لەگەلْ ئەوەشا كەپێچەوانەی قسەكەی مامۆستا ئەسكیتیەكان پێش هۆنەكان هاتوونەتە عیراقەوە . نازانم مامۆستا شاكر بۆچی هەر خەریكی ئەوەیە هۆزو تیرەو درِندەكان بكات بە خزمو هاوخوێنی خۆی..وادیارە خوویەكی كۆنە لە خوێنیایە رزگاربوونی لێی نییە .

هەرچەندە مێژوو نووسەكان بە تەواوی نەژادی ئەم تیرەیەیان ساغنەكردۆتەوە بەلاَم با ئێمە وا بلێین كە ئەمانەش (توركمان) بوون..بەلاَم لەلایەن كردەوەیانەوە لە هونەكانی خزمیان درِترو خوێنرِێژتر بوون.. جوولەكەكان لە نوسراوە ئاییینیە كۆنەكانیانا ئەلێن:- ئەم نەتەوەیە زۆر خوێنرِێژ بوون بەلْكو هەتا نەتەوە مەدەنیەكانی ئەوسا وەك ئاشووریەكان ومادیەكان(باووباپیری كورد) وە فارسەكانو ئەرمەنیەكان بەرەودوا لەگەلْ ئەم تیرەیەدا بەجەنگ هاتوون و خوێنیان لەیەك رشتوە لەماوەی ٦٠٠-٥٠٠پێش میلادەوە تا لەناویان بردوون لە ناوچەكانی كوردستانی توركیای ئیستە . بە هەرجێكیش هێرشو شەری ئەم تیرەیە بۆ تالاَنو تێكدانی تەختی عیراق بووە . خوا بەوەی باشكرد لەگەلْ لەناوچوونی ئەسكیتیەكاندا ئاشووریە زۆردارەكانیش لەناوچوون.

كاك شاكر باسی مەدەنییەتی (سۆمەری) خستوومتە دوای ئەم (سكیتییانە) بەوەمەرجەی سۆمەرو شارەكانیان كراون بە توركمان . كەچی بەپێی مێژووی جیهانی ئەوكاتە لەودەمەدا سۆمەرییەكان لە عیراقدا ژیاون هیشتا تورك و توركمانێتی دروستنەبووە. وە هەتا ئێستا جنسیەتی سۆمەرییەكان لای مێژوونووسەكان ساغنەبۆتەوە.

هەموویان وتوویانە وە ئەڵێن کە جنسیەتی (سۆمەر) دیار نیە . هەندێکیان ئەڵێن کە سۆمەرییەکان لە بەرەی (ققفاس)ن وە هەندێکی تریشیان ئەڵێن کە سۆمەریەکان هاتوونەتە عیراق واتە (ئەرزی شنعار)) وە دامەزراون لە دەوری پێش مێژوودا بوون وە لەوێ واتە لە عیراق چوونەتە دەوری مێژووەوە. هەروەها سۆمەرییەکانیش نەیانوتووە کە لەکام جنسن؟ . لەبەرئەمە ناتوانرێت جنسیەتیان بۆدابنرێت. کەواتە کردنی سۆمەریەکان بە تورکمان لەلایەن کاك شاکرەوە شتێکی نارەواو ناتەواوەو لەجێی خۆیدا نییە . تورانیەتیی و تورکمانێتی لە جنسی مەغۆلن خزمیی هۆلاکۆو هاوخوێنی جەنگیزخانن لە ناوچەی (مەغۆلستان) جێگایان بۆتەوە هەر تورکەکانی تورکیای ئێستە تورکمانێتییان راستە..بەتەنها بۆ ئەوان ساغبۆتەوەو پڕ بە پێستی خۆیانە .

مێژووی سەدەکانی کۆنی (برستید) وە مێژووی (طە باقر) هەردووکیان لەوەدا یەکن بۆ ساغنەبوونەوەی جنسیەتی سۆمەر . برستید ئەڵێت : ئەگەر هەر جنسیەتێکیان بۆ دابنرێت بەپێی سەروسیماو سەکوتداو ئاساری دەرکەوتوویان ئەبێ سۆمەریەکان لە جنسی سپی قافقاس بن ئەگینا هیچ جنسێکی تر نین.

مێژووە گەورەکەی احمدرفیق کە هەرچەندە جێی باوەڕ نیە ئەڵێت: نەتەوە هەرە کۆنەکانی عیراق(سۆمەرو ئەکاد)ن کە ئەمانەش تورانین . وە لە رۆژهەڵاتی دیجلەدا کاشیەکان دانیشتوون کە نەژادی کوردەکانی ئێستەن وە لە جنسی (هیندو ئەوروپایە) واتە(ئارِیی)ن.

هەتا ئیمڕۆ بە تایبەتی بە ناو و زبانو ئایینداساغبۆتەوە کە (آکادەکان) لە جنسی سامینو تورانی نین . بەراستی لە مێژووی کۆندا هیچ کاتێك نەتەوەکانی تورانی نەهاتوونەتە عیراقەوە لەوێ نیشتەجێ نەبووە . بەڵکو هەموو کات سەرمڕێی جەولانگای نەتەوەکانی سامیو هیندۆئەوروپی بووە. وە پێویستە بزانین کە تورکمان هەوڵ زۆر ئەدەن بۆئەوەی هەرچی نەتەوەکانی ئەوروپا و آسیا هەیە بیانکەن بە تورك و ناوی تورکمانی بخەنەسەر وەکو بەم یاریکردنە بە مێژوو بەڵکوو بە دزین و تێکدانی مێژوو بەرز ئەبنەوەو شتێکی لێئەسێنن .

ئینجا با بێینەوە سەر چەند دێرێکی وتارەکەی مامۆستا شاکر کە ئەڵێت:-

(اما في شمال العراق فقد تشكلت مدينة كوردية وهم فرع من فروع الأتراك (التركمان) القديم فتخالفوا في ما بينهم وتفرقوا عنهم فكونوا مدينة كوردية مستقلة و شكلوا الدولة العيلامية اي المدنية العيلامية (ال -- آم) وشيدوا عاصمتهم وهي مدينة (سوس) الكردية فيعني لكلتا اللغتين الكردية القديمة والتركية القديمة (الزينة) وهم من نفس الجنس والعرق فكلاهما آريون.

واما بعدها فقد هاجرت جماعة اخرى وهم قوم ساميون ويعتبرون جد العرب فكونوا ملكية سموها بالملكية الأكدية ومن اهم مدنها مدنية اكد وبابل العربية.

وبعدها تشكلت دولة سامية عربية سموها بالدولة الآسورية من اهم مدنها نينوى العربية . وبعدها تشكلت الأمبراطورية الأيثية بأواسط الأناضول (المدنية الأيثية) اي (المدنية اللحمية).

كاك شاكر لەسەرەتای باسەکەیدا لە گەڵ جێگادا ناوی(مسیو پوتامیا) ئەهێنێت بێنەوەی لە بنوبنچینەی وشەکان بکۆڵێتەوە..وادیارە کە ئەم وشانەی بیستووە بەبێ شارەزایی دایەنێت . وە لەجێگایەکدا ئەڵێت (حضارة ما بين الرافدين) وە لێیونبوە کە ئەم وشەیە اصطلاحێکی یۆنانیە و پێکهاتووە لە دوو وشە (میسو) بەمانای بین وە (پوتامیە) بە مانای (دوو رووبار) واتە (بەینی دوو روبار) یۆنانیەکان بە ناوێکی جغرافیەوە ئەم ناومیان ناوە چونکە هاتوچۆیان بەسەر ئەم ناوچەیەدا زۆر کردوە وە بەناوی هەڵکەوتی شکلی زەوییەکەوە ناویانناوە تەنانەت عەرەبەکانیش پێینەڵێن (الجزيرة).

ئینجا بابێینەوە سەر باسە عەرەبییەکەی لای سەرووی کاك شاکر کە ئەڵێت:

لە شیمالی عیراقدا شارەوانیەتێکی کوردی کۆن پەیدابووە کە ئەم کوردانەش تیرەیەکن لە تیرەکانی (تورك ، تورکمان)ی کۆن بەڵام نارێکیی کەوتە ناویانەوە لێکجیابوونەوە هاتن شارەوانییەتی عیلامی (آل- ام) یان دروستکرد ئەمانە پایتەختی خۆیان دروستکردووە کە شاری (سوسی) کوردییە . بە هەردوو زمانەکە کوردی کۆنو تورکی کۆن یەعنی (رازاننەوە) کە هەردووکیان یەك جنسو یەك ڕەگەزن کە ((ئاری))یە.

لێرەدا كاك شاكر نازانێت ئەڵێ چی؟ لەلایەكەوە عیلامی وكورد دائەنێت بە دووتیر لەكوردوتورك لەلایەكی تریشەوە هەردووكیان ئەكات بە ئاری. سەیرە كاك شاكر وەك سەری لەخۆی تێكداوە نیازی هەیە بەم مێژوونوسینە سەر لەئێمەش تێك بدات تێناگەم ئەم نووسەرە لە كوێوە پەیدابووە ، هیچ شوێنێكی تری نەدۆزیوەتەوە توخنی بكەوێت مێژوونەبێت . بە نوسینەكانیا كە هەرچەندە لە نووسین ناكات یەك شتم بۆدەركەوتووە كەمامۆستا هەوڵ وتەقەلا ئەدا هەتا دەستی بڕوا لە هەموو لایەك پارچەیەك دادڕێتوو بیكا بە تورك و توركمان .

بە درێژایی وتارەكەی ناوی مێژوونووسێك نابات ..وە ناڵێت ئەم مێژوونوسە ئەڵێت و ئەویتریان وەها ..وەكو لەوەبترسێت بەدرۆبكەوێتەوە..! لەبەرئەوە هەرچەندە وتارەكەی ئەوەناهێنێت وەلام بدرێتەوە بەلام لەبەر روونبوونەوەی مێژو چەند بەڵگەیەك و رووداوێكی مێژوویی ئەخەینە بەرچاو هەتا مامۆستا شاكر پەندێ لێوەرگرێت.

كاك شاكر ئەڵێت كورد وعیلام لە جنسی توركمانن وە پێكەوەبوون، كورد لە شیمال وە عیلامیش لە جنوبدا لە (عێراق) . بەلام ئەوەی شایانی باس بێت و هەتائێستا ساغبووبێتەوە بۆ هەموومێژوو نووسەكان كە ئەم دوو نەتەوەیە هاوسەدەی یەك نین . بەڵكو عیلامیەكان هاوسەدەی سۆمەریەكانن . كەچی كاك شاكر ئەڵێت ئە دووتیرەیە ناكۆكی كەوتە نێویان و لەیەكجیابوونەوە . نیشتمانی عیلامیەكان حەوزی رووباری كارون لای وڵاتی سۆمەرەكانی عیراق كە بە هەزارەها ساڵ دراوسێیان بوو لەكاتێكدا بەرە نەتەوەكانی (كوردو ماد) هێشتا نەهاتبوون وە پەیدانەبووبوو بەڵكو لەلای رۆژهەڵاتی دەریای خەزەرەوە خەریكی مەڕومالأت بوون وە ناوبانگ یەكتریان نەبیستووە كەچی عیلامییەكان هەمیشە لەگەڵ سۆمەرو ئەكادەكان خەریكی شەڕو جەنگ بوون . ئەم شەڕو جەنگانە لەبەینیانا نەبڕایەوە بەڵكو لەگەڵ ئاشوورییەكانیشا بەیەكداچوون ئەم شەڕانە ٣ هەزار ساڵ پێش میلاد دەستیپێكردو هەتا (٦٥٠)پێش میلاد لەكاتێكا پاشای ئاشوورییەكان (كە ئاشوور بانیپاڵ)بە پەلاماری عیلامییەكانیداو پایتەختە جوانەكەیان (سوس) ی گرتو وێرانیكرد

هەتا ئیستەش كەس نەیدیوە لە مێژوودا بوترێت كە كورد لای عیلامیەكانەوە بووە .
بێجگە لەمە كورد وعیلام لەیەك تیرە نین چونكە هەتائێستا زبانی عیلامی نەزانراوە چیبووەو ساغنەبۆتەوە بنچینەكەی چی وچۆن بووە؟ كەچی زبانی كوردی لەكۆنەوە ساغبۆتەوە كە لەكۆمەڵە زبانەكانی (ئاری)یە ئەمە بەڵگەیەكی مێژووییە. وە كەس ناتوانێ چاوی لێ بپۆشێتو بەدووری بخاتەوە . زبانە ئارییەكان وەكو هەموو مێژووناسەكانی رۆژهەلاتو رۆژئاوا ئەڵێن ئەچنەوە سەر یەك. وە لەبەرئەوەی زبانی كوردی لە توركی ناچێتو ناچنەوە سەر یەك كەواتە هیچ كاتێك كورد تورك نەبووەو نییە . بە كورتی نەكورد، نە سۆمەر نە عیلام، توركو توركمان نین . وە ئەگەر مامۆستا شاكر نوسراوێكی مێژوویی وە یا بەڵگەیەكی مێژوویی هەیە ئەم قسانەمان بەدرۆ بخاتەوە زۆر سوپاسی ئەكەین كە بیخاتە پێشچاو هەتا پەشیمانببینەوەو ئەو شارەزاییەی لە مێژووشا هەمانە بیگۆڕین

با بێینەوە سەر وتارەكەی كە ئەڵێت:-

لەدوای ئەمانە كۆمەڵێكی تر هاتۆتە عیراق لە نەتەوەی (سامین) وە بە بنچینە بەنەتەوەی عەرەب ئەژمێررین دەوڵەتێكیان دروستكرد كە ناوی (اكد) بو وە شارە بەناوبانگەكانیان (اكدو بابل)ی عەرەبین لە دوای ئەمانیش دەوڵەتێكی تری سامی عەرەبی دروستبووە كە ناوی (ئاشووریە) وە جێگایان شاری (نەینەوای) عەرەبییە .
لەدوای ئەمانیش ئیمپراتۆرییەتێك پێكهاتووە لە ناوەندی ئەنادۆڵ كە پێیئەڵێن دەوڵەتی (اینی) وە یا (حث..هیت) كە كاك شاكر (اللحمی)یشیان پێئەڵێت كە من ئەم ناوەم نەبیستووە.

كاك شاكر لەسەر وتارەكەی ئەروات و ئەڵێت:-

(وفي تلك الأونة كانت تحكم مصر ملكية قويه جداً وكان ملكها رعميس الثاني ، واما سورية فكانت ، مطمع الأنظار الدولية فهاجمت الدولة الأيثية المصرية القدماء في زمن ملكها (مواناليش) وكانت الجيوش الأيثية مؤلفة من ثلاثة الاف عربة للقتال مع عشرون الف جندي ليستولوا على سوريا فانهرمت الجيوش المصرية وبعدها اعلنو الهدنة في مدينة (كاداش) في اواسط سوريا سموها (بالمعاهده الكاداشية)اي المعاهدة

الأخوية وهي اقدم المعاهدات والصداقة التي نعرفها عن التأريخ ويمكننا ان نفهم بنود المعاهدات عن اللوحات المكتوبة والموجودة في كل من مصر وفي بوغاز كوي بتركيا اي قرية الحنجرة وهي الآن مترجمة الى اللغة التركية الحالية .!انظر كتاب الفيلسوف التركي الشهيد العلامة شمس الدين كون الطاي (شمس) (الدين) (الطاي) الشرق القريب صحيفة (١١١ودومه) وهذه الصداقة و الأخوة لم تتزعزع الى انهيار المدنية الأيثية . وحتى تزوج ملك مصر بنت الملك الأيثي.

و اما العبرانيون اي الأسرائليون او اليهود منهم قوم ساميون وقد سكنوا بين العراق و سوريا في حالة رحالة ثم اتى نبيهم (موسى) عليه السلام فذهبوا الى فلسطين الحالية (الأرض الموعود) وذهبوا ايضاً الى مصر ثم رجعوا الى فلسطين وهاهم يعيشون في فلسطين .

كاك شاكر ئەڵێت لەوكاتەدا لە مصر دەوڵەتێكی بەهێزی بەدەسەڵات پەیدابوو فرعەونەكەیان ناوی (رەعمیسی دوهەم بوو) وڵاتی سوریە كە لەبەینی ئەم دوو دەوڵەتەدا بووە واتە (حیث و مصریەكان) بۆتە مەبەستی شەڕ و هەرا لەسەر دەستكێشان بەسەریاو داگیركردنی . (حیث)یەكان لە زەمانی (موتالیش) ی شایان پەلاماری مسریەكانیاندا ، لەشكرەكەیان پێكهاتبوو لە ٣هەزار گالیسكەی جەنگ و ٢٠هەزار سەربازی چەكدار . وەخت بوو میسریەكان شپرزە بكەن و بیانشكێنن لەمكاتەدا دەوڵەتی آسوریەكان

پەرمیسەندبوو ترسی خستبووە كایەوە لەبەرئەوە هەردولا ڕێككەوتن وە لە شاری (كادەش) لە ناوەندی سوریادا (پەیمانیان) بەستو ناویان نا پەیمانی (كادەش).

ئەم باسەی مصرو (حیث)یەكان پێویست نەبوو كاك شاكر بینوسێت چونكە باسەكانی لە مێژووی كۆنی عـراق ئەدوێت نابێت باسی شوێنێكی تر بكاتەوە پەیوەندی نیە هیچ بە مێژووی كۆنی میسرەوە بەڵام بڵێین چی ماموستا شاكر چەقۆی هەڵگرتووەو كەوتووەتە گیانی مێژوو لە هەموو لایەكەوە دەلاقەی تێكردوو ..ئێمەش هەر بەوەدا ئەگەین بیدوورینەوە و پینەی بكەین بەڵام ئەمەی بۆچو

کردووە؟ لەبەرچی لە سنوری وتارەکەی دەرنەچێت؟ بێگومان مامۆستا هەروا فێربووە کە زانستیی‌و زانیاریی لەبازاڕی مەرامی خۆیدا بە فرۆشتن بدات .

بەراستی لەبەینی میسری و حیثیەکاندا لەسەر داگیرکردنی سوریە گەلێك شەڕوشۆر وهەرابووە، فیرعەونەکان زۆر بەهێزبوون هەروەها حیثیەکانیش ، مسریەکانیش لەشکرەکەیان بە چۆڵی سینادا کێش ئەکرد بۆسەر سوریا لە ڕێگا ئەزیەتو نازارێکی زۆریان کێشا ...هەتا کە تووشی شەڕبوون لەگەڵ حیثیەکان دەرەقەت نەهاتن‌و شکان . لەمکاتەدا وەکو وتمان ئاشووریەکان سەریان دەرهێنابوو پەرەیان سەندبوو بازوویان بەهێز بووبو ترسیان خستبووە ئەوناوچەیەوە وە لەترسی آشوریەکان مسری‌و (حیث)یەکان کەوتنە گفتوگۆ و لەیەك نزیکبوونەوە وە پەیمانی ئاشتییان لە(قادەش) بەست بۆ بەرهەڵست‌و بەربەرەکانیی ئاشوریەکان . لە ساڵی ١٢٦٠ ١٢٦٨دا

کاك شاکر ئەڵێت کە ئەم پەیمانە برایانە بووە و وائەزانێت کە (قادەشی) لە (قارداشی)ەوە هاتووە واتە (هاوڕێ –برا) وە ئەم قسەیەی بۆنی ئەوەی لێدێت بەلکوو واشی داناوە کە حیثیەکان (تورکن) . بەلآم ئەوەی راست بێت شوێنەکە ناوی (قادەشە) وە پەیمانەکەش بەو شوێنەوە کە لێیگیراوە ناونراوە . وە بووەتە (پەیمانی قادەش) .

مامۆستا شاکر لەوتارەکەیدا کات و ساڵی مێژوو نانووسێت..ڕووداوەکانیشی بە تأریخ لەیەك جیاناکاتەوە کە ئەمە بنچینەیەکە هەموو مێژوونووسێك لەسەری رۆیشتووە . چونکە ئەگەر وەها نەبێت مێژوو نەبێتە سەرگوزشتەی مندالآن . هەر لەبەرئەوەبوو کە ئەو تأریخانەم داناوە ئایا مامۆستا مێژووی نێو ئەم دوو دەوڵەتە کە پتر لە (٥٠٠) ساڵە بۆچی بەتەنیا ئەم ڕووداوەی هەڵبژاردووە کە هیچ پێویست نییە چونکە هیچ جۆرە پەیوەندییەکی بەمێژووی عیراقەوە نییە، لامواییە هەرلەبەرئەوەیە کە مێژوونووسەکانی ئیمڕۆی تورك (حیثیەکان) بە تورکمان دائەنێن . ئەمانەی لە ئەنادۆڵی ئیستەدا ژیاون وە پەیمانی (قادش) لە مێژوودا نرخێکی بەرزی هەیە وە وێنەیەکی ئەم پەیمانە لای حیثیەکان بووە لە (بوغاز کوی) کەلای (سیواسی)ئیستەوەیە گوایە ئەم پەیمانەش گۆڕاوە بۆ زبانی تورکی . لەبەرئەمەیە کاك شاکر ئەم تایبەتییە ئەدا بەم پەیمانە- وەکو کاك شاکر ئەڵێت- کۆنترین پەیمانی مێژوو نیە

. چونکە پەیوەندی مێژووی عیراق و میصر زۆر لەم پەیمانە کۆنترە ئەچێتەوە ٠ هەزار ساڵ پێش میلاد وە لەو کاتەدا لەهەردوو لا واتە (مصرو عیراق) نووسیر داهاتووە. گەلێك کاروباری سیاسی و ئابووری وعەسکەری پێنوسرابوو . هەروەها گەلێك شەروهەراو هوریا کە لە مێژووی کۆندا ڕوویداوە بە بەستنی پەیمان کۆتایی پێهاتووە . کە هەموو ئەو پەیمانانە لە پەیمانی (قادەش) کۆنترن .

لەم لایەنەوە ئاشکرا دەرئەکەوێت کەنوسینەکەی کاك شاکر بێبەشە لە هەموو جۆر نرخێکی مێژوویی .

لەدوای ئەمە با بێینەوە سەر باسی جنسیەتی (حیثیەکان -هێت- ایپییە) کان هەتا ئێستا لەمێژوودا دان بەوەدا نەنراوە کە ئەمانە تورانین ..وهەموو مێژوونووسەکان ئەڵێن.. جنسیان ونەو وئاشکرا نییە ! بەڵام هێندێکیان ئەڵێن (قەفقاسی)ن تەنانەت هێندێك نوسراویان دۆزراوەتەوە کە بەخەتی هیرۆگلیفی نوسراون بەڵام هەتائێستا نەخوێندراوەتەوە . هەروەهابەخەتی(مسماری)ش نوسراویان هەیە دیسان دەرنەکەوتووە کە حەل بووە یان نە ..لەمە بەولاوە بەڵگەی تر نییە کە بزانین چین ! لە مێژووی (مصرو ئاشور)دا زۆر ناویان هێناون و باسیانکردوون ، بێنەوەی باسی ڕەگەزو جنسیان بکەن ..وە ئەگەر ئەم نوسینانەی مصرو ئاشووریەکان نەبوایە ناونیشانمان نەئەزانی ئنجا نازانم نوسراوێکی مێژوویی تایبەتی لای مامۆستا شاکر هەبێت یان نا کە ئەمانە بەتورانیی دابنێت . ئاخۆ فەیلەسوفی بەناوبانگی تورا (شمس الدین گون الطای) لە نوسراوەکەیدا لە جنسیەتی حیثیەکان و هەموو ئە نەتەوانەی کاك شاکر باسی کردون دواوە یان نا ؟ کاشکی ئەو نوسراوە بەنرخەما دەستبکەوتایە .

کاك شاکر لە بابەت مێژووی (جوولەکە)شەوە لەژێرپەردەی هەندێ وشەی بێمانا داپۆشراودا خۆی شاردۆتەوە . ئەبوایە کەمێك لە مێژووی کۆنی ئەم میللەتە بدوایە چونکە ئەم خێڵە بەدبەختە زۆر نوشوستی دیوە گەلێجار هیجرەتیان پێکردوون بەڵکو هەتا عیراقیش بەشداربووە لە موهاجرینی جوولەکە ..لە ئالەباری خۆیانەوە توشی گەلێك مەینەت بوون .

دەوری کۆچەری (جوولەکە) کە هێشتا (بدو-رەوەکیی) بوون لە دەشتی شامدا لە بەینی عیراق‌و سوریەدا هاتوچۆیان کردووە . بەراستی مێژووی ئەم کۆچ‌و رەوەیان زۆر رووناك نییە . مەگەر (تەورات) ی خۆیان بیگێڕێتەوە کە پڕە لەئەفسانە . ئەگینا مێژووی ئیمرۆ ئەو رۆژانەی نەنوسیوە . چونکە بەڵگەکانیان هەموو قسەو گێڕانەوەیە کە جێی باوەڕ نییە .

وەکو لە مێژوودا باسکراوە بنچینەی (جوولەکە) لە حەزرەتی (ابراهیم)ەوەیە. کە بەخێڵەکەیەوە لەلای (اور المقیر) لە عیراقەوە هەڵاتون بۆ لای (سوریە) لە دەوروپشتی (١٥٠٠) ساڵ پێش میلاد ..وە لە ئاخرو ئۆخری ئەم دەورەدا هاتوونەتە وڵاتی (فلستین) لای (اوردون) دانیشتون نزیك سنوری دەشتی شام لێرەدا دانیشتوانی ئەوناوچەیە ناویانناون (عیرانی) وە وا ئەزانم کە تیرەیەکن لە عمۆریەکان، لەو رۆژانەدا ئەوناوچەیە پڕبووە لە نەتەوەی سامییەکان وەکو (ئارامییەکان ، کەنعانییەکان، فینیقییەکان ، ئادوم و ئامون، عمالقە وفەلەستینییەکان) جوولەکەکان بۆ خۆژیاندن لەوناوەدا خەریکبوون ، جارجاریش گەلێکیان لێ ئەڕۆیشت بەرەو مصر هیجرەتیان ئەکرد ، تەنانەت سەرگوزشتەی حەزرەتی (یوسف)وە مهاجەرەتی خۆی و براو کەسەکانی لەم دەورەیەدا بووە . بەمجۆرە جوولەکە لە مصردا پەرەیسەندووە ژمارەیان زیادبووە . لەوبەینەشا مصرییەکان رۆژی دەسەڵاتو دەستدارییان بوو فیرعەون رعمسیسی دووەم پادشایان بووە ئەمە پێش میلاد لە دەوری (١٢٠٠-١١٠٠)دا.

مصریەکان حەزیان لە نەتەوەی بێگانە نەئەکرد لەبەرئەوە بەتایبەتی جوولەکەکان کە ئیشکەروخاوەن سامان بوون مصریەکان رقیان لێیان بوو وە زۆر ئازاریان ئەدان وە گەلێك جار ئەیانکوشتن ! ئنجا (موسا پێغەمبەر) پەیا بوو وە ئەمانەی لە دەردو ئازار رزگارکرد وە لەمصر دەریهێنان بردنی بۆ فەلەستین واتە (ئەرزی مەوعود) ئەم هجرەتە تازەیەشیان پڕ لەئەرك‌و مەینەت بوو دەردو ئازاریان زۆرکێشا هەتا گەیشتنە فەلەستین.

جا لێره بەدواوه جوولەکەکان بوون بە نەتەوه . بە شەرو بەزۆر جێگای خۆیان کردەوه نەتەوەکانی ئەو ناوەیان شکاند خۆیان لەفەلەستین نیشتەجێکردو دامەزراند . دوا بەدوای ئەمەش دەوڵەتە بەناوبانگەکەی حەزرەتی (داودو سلیمان) پەیدابووه و شاری (قدس) کراوه بەپایتەخت (٩٥٠) ساڵ پێش میلاد .جوولەکەکان دوای ئەمە کەوتنە زرمە زڵێ و ئاژاوه لەناوخۆیاندا . لە ئەنجامدا جیابوونەوه بوون بەدوو حکومەت . دەوڵەتی یەهود لە جنووبدا لە (قدس) وەدەوڵەتی اسرائیل لە شیمالدا لە شاری (سامرەی)یە .

ساڵی (٩٣٠) پێش میلاد . تا حەزیو دووبەرەکی هەردوو لایانی بێ هێزو بێ دەسەڵات کرد ، لەدواییدا دەوڵەتی (اسرائیل) بە هێرشی لەشکری ئاشوریی لەناوچوو لەساڵی (٧٢٢)ی پێش میلاد، وه ساڵی (٥٨٦)ی پێش میلادیشا (نبوخذ نصر)ی مەلیکی (بابل) شاری قدسی زەوتکردو وێرانی کرد وه بەمە دەوڵەتی یەهودیش لەناوچوو.

لەمانە ١٠٠هەزار کەسێك پتر بە یەخسیری برانە بابل لە عیراق . وه هەرچەندە کەیخەسرەوی گەوره) کە جوولەکەکان (کورشی) پێ ئەڵێن کاتێك هاتوو بابلی داگیرکرد ئەم جولەکانەی ئازادکردو ناردنیەوه بۆ فەلەستین بەلام جوولەکەکان جارێکیتر یەکیان نەگرتەوه و سەربەخۆییان نەدیوەتەوه لە کارەساتی بابلەوه (٢٥٢٥ ساڵ جوولەکە بە ولاتەکانی چواردەوری دەریای سپیدا بلاوبۆتەوه بە ئازارو سەرگەردانی رایبواردووه . وه ئێستە بەناو هەموو ولاتانی سەر زەمیندا بلاوبوونەتەوه تێکەڵ بە نەتەوەکانی جیهان بوون بەلام لە پەرشوو بلاویو مەینەت رزگارنەبوون هەتا ساڵی ١٩٤٨م بەزەبرو کوتەکی ئەمەریکاو ئینگلیز هێنرانەوه فەلەستین دوای ئەوەی عەرەبەکانی ئەوێیان بە زوڵمو بە زۆر ئاواره کرد ..جوولەکە لە فەلەستین دامەزراو حکومەتیان بۆ دروستکرا لەژێر پاسەوانێتی چەکو جبەخانەی ئەمەریکاو ئینگلیزدا بەلام هێشتا ناتوانین دوارۆژ بخوێنینەوه ..وه نازانین ئەم مەسئەلەیە چۆن ساغئەبێتەوه، چونکە عەرەبەکان داوای مافی خۆیان ئەکەن لەدوای باسی جوولەکەکان کاك شاکر لە مێژووی (هەولێر اربیل) ئەدوێ بەبۆنەی باسی ئەسکەندەری گەورەوه ئەڵێت:

(وبعد ذلك هاجم جيوش الأسكندر الكبير المكدوني (جنا قلعة)_بوغازايجي- في استانبول بتركيا ومنها دخلوا العراق (ميزوبوتاميا) في عهد الملكية الفريكية وقد حاربه الملك (بيرس) لكي لا يدخل الأراضي السورية ولكنه دخل ثم حاربه الملك داريوس في مدينة (اربيل) العراقية الحالية ولكنها خضعت الى الملك الأسكندر المقدوني الكبير ، وتقدم الأسكندر الكبير على مدينة بابل ودخل مدينة (سوس) الايرانية واعلن نفسه ملكا على الأمبراطورية (البيرسية) وعندما دخل بابل اعلن من قبل جيوشه بملك آسيا .

وبعد ان ضبط الأسكندرية مدنية اربيل التركية الحالية (آر-بيل) متركبة من كلمتين توركيتين (آر-((الجندي))- او (الرجل))- او (الزوج) او السيد او ((افندي)) و ((بيل- اعرف) وبعد ذلك اراد ان يفتح بلاد توركستان في اواسط آسيا الكبرى مواطن الأتراك الأصلي وامهم الحنون ووطنهم الأقدم . ففتح مدينة (سمرقند)) التركية الحالية وبعد ان تعاهد معهم لراد أن يفتح بلاد الهند ولكن جيوشة عصوا عنه وثاروا عليه لأنهم ابعدوا عن ديارهم مدة ستة سنوات فرجعوا ثانية الى مدينة بابل بعد ان خسروا كثيرا من الجند والديار . وبعد ذلك هاجم (الهونيون الأتراك) الى الغرب فكونوا امبراطورية هونية تركية قديمة في الغرب تحت قيادة ملكها (أتيلا).

كاك شاكر ئەڵێت: دواى ئەوە ئەسكەندەرى گەورەى مەكدۆنى بە لەشكرەكەيەوە لە گەروى (بوغازايچى) پەڕييەوە بەرى ئەنادۆلْ ئەوكاتە ئەستانبۆڵ هێشتا نەبوو ، بێجگە لەوەی اسكندر لە بوغازايچييەوە نەپەڕييەوە بەڵكو لە چەناقلعە پەڕييەوە ئنجا چونكە كاك شاكر تەقەى سەرى دێت لەمەيدانى مێژوودا هەر لەبەرئەوەى گەلێك نەتەوەو شوێن بكات بە توركو توركمان ئەم ئەركە قورسەى خستە سەر شانى و ئەم وتارەى نوسيوە . باشتر ئەوە بوو يەكسەر بيوتايە هەموو نەتەوەكان و جيهان توركن و نيشتمانى توركە چاتر بوو .ئنجا اسكندر كە پەڕييەوە بەرى ئەنادۆڵ لەگەڵ لەشكرى ئێراندا بەشەڕهات ، لەشكرى ئيران شكا لە (٣٣٤پێش ميلادا) وە ئەنادۆڵى ئەمجا بڕى وە بۆجارى دووهەم لەگەڵ لەشكرى دارا لە سنورى سوريەدا لە شەڕى (ايسوس) بەشەڕ هاتو لەشكرى داراى شكان (٣٣٣پێش ميلاد) لەوە بەدواوە مصرو سوريەى گرت وە شارى ئەسكەندەريەى لە مصر دروستكرد لەباتى شارى (صور) كە

ئەختو تاراجی تێکدابوو لە سوریە. ئەمجا وە ڕوویکردە عراق وە لە ساڵی (٣٣١) پێش میلاد لە (اربیل- هەولێر) بۆ جاری سێیەم لەگەڵ لەشکری دارا بەشەڕ هاتو شکاندی وە بەم شکاندنو تەفروتونایە دەوڵەتی (ئەخمینی) لە ایران لەناوچوو ، وە لە شاری (بابل) دا لەلایەن لەشکرەکەیەوە بانگیشاهێتی ئاسیای بۆ درا. لەدوای ئەمە مامۆستا شاکر دێتەوە سەر بنچینەی وتارەکەی کە مەبەستی ئەوەیە هەموو شوێنێك وە نەتەوەیەك بکاتە تورك ئەڵێت: -شاری (اربیل- هەولێر) کە شارێکی تورکە بەناوەکەیدا کە پێکهاتووە لە (ار) یەعنی (پیاو، افندی، جندی) وە (بیل یەعنی (اعرف) بە کوردی (بزانە، تێبگە) واتە مانای شاری أربیل (جندی-اعرف) ئەگرێتەوە، ئا بەم قسە پڕوپووچانە کاك شاکر ئەیەوێت شارێکی کوردی کۆن بکات بە تورکی . لەکاك شاکر ئەپرسین..ئایا ئەونەتەوە تورکەی ئەم شارەی دروستکردو ناوینا (جندی- اعرف) (سەرباز-بزانە) چییان لێهاتو ناویان چیەو چۆن ئێستە هەموو بە کوردی قسە ئەکەن ! ئەوەی جێی بڕوایە ئەوەیە کە زبانی کوردی لە تورکیەوە دوورەو لەیەك ناگەن..کەواتە چۆن دانیشتوانی ئەم شارە هەموویان بوون بە کوردو فێری قسەکردن بوون بەکوردی . وادیارە لای کاك شاکر بە تەلیسە گۆڕاون..چونکە وتارە پڕئەفسانەکەی کاك شاکر لە تەلیسمەوە زۆر نزیکە . لەو بڕوایەدام ئەگەر مامۆستا شاکر باش وردبێتەوە وە لەمێژوو تێبگات و شارەزایی تیـ پەیدابکات زۆر پێکەنینی بە وتارەکەی دێت.

هەرچی ڕاست بێت وە بۆ مێژوو نووسەکان ساغبوبێتەوە ئەمەیە کە ئاشوورییەکان (أربا أیلو)یان بە (أربیل- هەولێر)ی ئێستە وتووە . ئەم وشەیە بە زمانی سامی (ئەربا یەعنی- أربعە- چوار)) وە ناوی (ایللو) کە ناوی خوایە (بت) پێکهاتووە واتە شاری چواربتەکان . چونکە بتپەرست بوون وە لە بتخانەکەیان هەر ئەو چوار بتەیان تیاداناوە کە زۆر لایان مقدس بووە. وە بۆ سوککردنی ئەم وشەیە لەسەر زبان بۆتا (اربللو)..وە دوایی بۆتە أربیل- وە کوردەکان کردوویانە بە (هەولێر) .(١)

---

(١) چونکە لەشکری (ماد) کە هەڵمەتی بردو شاری نەینەوای داگیر کرد وە دەوڵەتی ئاسوری لەناو برد . دەستە لەشکری (کوردوخ) ی مادیش ڕوویکردە (اربللو) شارەکەی

پێچاوە و داگیریکرد لە ساڵی (٦١٢)ی پێش میلادا. ئنجا کورد لەوحەلەوە لە شاری (أربللو)دا دانیشتووە بە درێژی وەخت ناوی (أربللو) بەدەم خەڵقەوە بۆتە (أربیل) وە لە دواییدا سووکتر کراوە کوردەکانی لادێ کردوویانە بە (هەولێر) .
ئەوەتی کوردۆخییەکان کە ئەزادی کوردن (اربیل)یان داگیرکردووە لە تأریخ ی (٦١٢)ی پ.ز دا تا ئێستا (٢٥٧١) ساڵە کوردەکان شاری أربیل و ولآتەکەیان بەدەستەوەیە کە کون‌وقوزبنی هەموو بۆتە کورد دەخلی تورکمانێتیی بەهیچ جۆرێك تیانییەو تیانەبووە ئنجا قەومایەتی ولآتی (أربیل) لە ئاسورێتییەوە بۆ ئەتەوەی (کوردایەتی) بەمجۆرە وەرگەڕاوە و ساغبوومتەوە...

ئیمڕۆ کورد لای سووك و ناشرینە شاری أربیل بەدەستکردی خۆی بزانێت چونکە لەکاتێکا شاری أربیل بنیاتکراوە ئەوکاتە هێشتا کورد نەهاتبووە ئەوناوچەیە. کاشکی مامۆستا شاکر ئەم خووە لە کوردەوە فێر ببوایە . لەدوای باسی هەولێر کاك شاکر ئەگەڕێتەوە سەر باسی ئەسکەندەر ئەڵێت :-
ئەسکەندەر بە لەشکرەکەیەوە چوو بۆ تورکستان نیشتمانی باووباپیری تورك وە ئەو ولآتانەی داگیرکرد وە پەیمانی لەگەڵ نەتەوەکانی ئەو ناوەبەست.
ئەمانە ڕاستە نیشتمانی تورکە، کەس لاری لەمە نییە وە بە درۆی ناخاتەوە . ئینجا ئەسکەندەر گەلێك شاری تازەی لەوناوەدا دروستکردووە لەسەر ڕووبارورێبازەکان جا پێویستە بۆ زانین تەماشای ئەخشەی مێژوویی ئەم داگیرکردنەی ئەسکەندەر بکەین تا شوێنی ئەو شارانە ببینین.
هەروەها چونە هندستانیش ڕاستە لەوێ لەشکرەکەی مانی لێگرت ئەچوون لەگەڵی لەسەر ئەوە بە چۆڵی جنوبی ئێراندا وە بە دەریای هیندیدا گەڕایەوە بابل . لە گەڕانەوەدا لەشکرەکەی تووشی ئەندێشەو زیانێکی زۆربوو ئەمجا کاك شاکر جارێکیتر بانەداتەوە سەر باسی هونەکان، کە بە دوورو درێژی باسمان کردولێیدواین . بەلآم مامۆستا وازناهێنێت وە لەسەر ئیمپراتۆرییەتەکەی (ئاتیلا) ئەڕوات کە بریتییە لە سەردەمێکی کەم وە ماوەیەکی بچوك . ئەویش هەر ئەوەیە هەتا (ئاتیلا) مرد ئەوسا

ئیمپراتۆریەتەکەشی پەرش‌وبلاّوبووەوە . هەر شوێنە حکومەتێکی محلی سەربەخۆی تیا دروستبوو . قەومەکەشی کە هونەکان بوون، بەرەو رۆژهەڵات گەڕانەوە وچوون بۆ لای رووسیەی ئیستە تێکەڵ بە بلغارو ئاوارەکانی لای روباری ڤۆلگا بوون . بەکورتی دوای ئەم شەڕو تەقەلایە تەنانەت ناوو نیشانیشیان نەما. ئنجا نەتەوەکانی (تورك ومەغۆل وتاتار) لەهەموو جێیەکا ئەمە ئەنجامیان بووە.بەهەرچی شوێنێکا رۆیشتبن ژێرەوزەبەریان کردووە هەتا دوایی ئنجا خۆیان لەناوچوون. مێژوو ئەمە بەم جۆرە ئەگێڕێتەوە لە (٤٣٢ – ٤٥٣م)دا ئەو کاتە سەردەمی ئیمپراتۆریەتەکەی ئاتیلایە. ئنجا مامۆستا شاکر ئەڵێت:« ثم تشكلت امبراطورية الأتراك الزرقاء " كوك تورك امپراتوريتى" فامتدت من سيبيريا الى العراق وحتى حدود الصين والهند والتبت وفي المرة الثانية مشى الأتراك(الاويكوريون) " اويگورلر توركلرى" الى الغرب فكونوا امبراطوريتهم،فقد هاجرو ايضا الى الصين فكونوا امبراطورية وهم قوم من المغول فقد تعاونوا وتاجروا مع الصين والهند وايران.

وقد قبل الأتراك الغربيون الدين الأسلامي الحنيف أولاً ثم بعدهم بأزمان طويلة قبلو الدين الأسلامي الأتراك(الاويكوريون)وبعدهم دخلوا ضمن الأمبراطورية المغولية واليوم يوجد ملايين من الأتراك في الصين وهم من نفس القوم والجنس والنسل وقد ذهب الأتراك مرة ثانية الى الغرب وهم " اوارلر ،بولغارلر، ماجارلر، پچنكلر، اوتموزلر كومابنكر" .

مامۆستاشاکر لەوتارەکەیدا وەکو وەکو لەلای سەرەوە نوسراوەبەناسانی وبە خاوێنی وبێگرێ باسی عەشایەری تورکەکان ئەکاو ئەڵێت: ئیمپراتۆریەتی تورکی زەرقا (گوگ تورك) ئیمپراتۆریەتی پەیدابووە لەهەموو مێژووەکانی رۆژئاوادا وەلەهەموو نوسراوە مێژوویەکانی رۆژهەڵاتدا کەلە ڤوتابخانەوکۆلیج ودانشگاکان ئەخوێنرێت، نەوەشەیە نەخوێنراوەو باسی ئیمپراتۆریەتێکی گەورەی وەها جیهانگیرانە نەبیستراوە هەرچی هەیە ونیە ئیمپراتۆریەتە خەیاڵییەکەی(اوغوزخان)ی باپیری تورکەکانە بێگومان نیازی ئیمپراتۆریەتەکەی (جەنگیزخان) نیە چونکە جەنگیزخان مەغۆلە تورك نیە. کاك شاکر ئیمپراتۆریەتی زەرقا بە تورك دادەنێت و اوغوزخانیش زۆر

کۆنە لەپێش میلاددا بە هەزاران ساڵ پەیدا بووە. باسەکانی گشتی خەیاڵیین.. بەکورتی ناتوانین پتر لەمە لەو ئیمپراتۆریەتە جیهانگیرە بدوێین کەهەموو جیهانی ئەوسەردەمەی تێکەوە پێچابێ.

اویغورەکان مەغۆل وتورك تێکەڵاون نەتەوەیەکی ماقول بوون لای اوغزخان وە لە کیشوەری تورکستانی چینی ئێستەدا دانیشتوون ونەتەوەیەکی مەدەنییان لێدەرچووەوناسەواری جوانیان بەجێهێشتووە، مەرکەزیان شاری (تورفان) بووە، سەربەخۆبوون ولەکاتی(٨٥٠)ی میلادیدا هێزو دەسەلاتیان پەرمیسەندووە، وە لە شیمالی دەریای (خەزەر) لە تورەی (قیچاق) دەوڵەتی (ئالتون ئەردۆ) دروستبووە . ئەوسا رووسەکان هێشتا هیچ نەبوون نەیانئەتوانی لە دەشتە ساردەکانی رووسیا بێنەخوارەوە لەتاو عەشایەرە دڕندەکانی تورك‌و مەغۆل ئەوسەردەمە سەددە(شورا)ی چینی بەناوبانگ لەتاو پرکێشیی‌و هەڵمەتی عەشایری تورکمان . خاقانەکانی چین دروستیانکردووە بۆئەوەی بەربەست بکرێن نەچنە ناو چینەوە لە دەوری ٢٢٠ی پێ.م دا سەددەکە تەواوبوو .

وە ئەم سەددەیەش هەر بەینێك کەڵکی بووە لەدوای بەینەکە تورك‌ومەغۆلەکان دڕیویانەو هێرشیان بردۆتە ناو چین . بە کورتی لە زەدو خوردو لەشکر نارایی‌و حوکم‌کردن و سەرکەوتنا تورکەکان مانەندیان نەبووە و دەستێکی باڵایان هەبووە، بەلام لەپێشکەوتن و ئاوەدانکردنەوەدا بێکەڵك و بێبایەخ بوون . لە جیهانگیرییدا هیچ قەومێك لەبەریانا نەوەستاوە لە ناوەندی ئاسیاو ڕۆژهەلاتی ئەوروپادا لە ژمارە نایەت ئەوەندە حکومات ونیداراتی چەتەگەرییان پێکەوەناوە بەلام لەئەنجامی کارا هیچ دەوڵەتێکیان نەگەیشتۆتە ئیمڕۆ هەمووی لەناوچووە، تورکیای ئێستە نەبێت ئەویش گەورە نەبووە بەڵکو بچوکتربۆتەوە مجارستانیش کە چووە سەر ئایینی (عیسی) تامی مەدەنییەتی تێگەڕا و نەفەوتا چونکە تورك هەر جەنگی لەدەستدێ . وە لە دوا ڕۆژدا بچوکتریش ئەبێت ..

لەپاش ئەم هەموو گردەوبردەیە کە ئیسلامییەت پەیدابووە لە سەدەی دووەمی هجری بەدواوە(کە ٨٥٠ی میلادی ئەگرێتەوە) بەرەبەرە ئەبوون بەئیسلام. ئەوسا

نەهاتنە ولاتی ئیسلامەوە..نەبوونە سەربازو نەچوونە لەشکری حکومەتە ئیسلامییەکانەوە ! هەرچەندە لەپێشەوە خزمەتی خەلیفەکانی عەباسییان کردوو بەلام لەدواییدا بوونە بەلاو چوونە ملی دەولەتی میللەتە ئیسلامەکانەوە، کار دەسەلاتێکیان خستە ژێردەست خۆیان ..خەلافەت نرخی نەماو لەناوچوو ئەوسا کۆمەڵ کۆمەڵ بەخێڵ و سەروماڵیانەوە رژانە ولاتە ئیسلامەکان و هەموو تورکستان و ئێران وعیراق ونەنادۆلیان خستە ژێرچنگیانەوە هەر ئەمانە بوون دەرەبەگییان پەرە پێداو دروستیانکرد (دەوری ئالتونی) عەباسیەکان تەفروتوونا بوو، ئیسلامییەن قازانجی لەمان نەدی لەسزا و زیان بەولاوە . تەنانەت لە دەوری جەنگیزخان نەتەوەکانی کە لەمەغۆلەکانن وە تەیموری لەنگ کە تورکە هەموو نەتەوە ئیسلامییەکان ئەو حەلە کە رۆژئاوای نزیکو ناوەند نەگرێتەوە پەرێشان سەرگەردان بوون . ئەمانە لە کوشتار بەولاوە هیچیتریان نەئەزانی لە کەللەسەری ئادەمیزاد منارەیان دروست ئەکرد..وە ئەمەش بە شانازییەوە ئەینووسن ئەگێڕنەوە . کەوتن و لەناوچوونی مەدەنیەتی بەرزی ئیسلامییەت لە کردەوە ناپەسەندەکانی ئەم تازە موسوڵمانانە بووە بە لایەنی کەمەوە نزیکەی ٢٠ ملیۆن ئادەمیزادیان کوشتووە . دەستیان لە منداڵو پیرو پەککەوتەو ئافرەت نەپاراستوو بەڵکو نەیانکوشتن چونکە هێندە چاوبرسی و بەرچاوتەنگ بوون . ئەمانەیان ئەکوشت هەتا نانخۆر نەمێنێو هەمووی بۆ ورگی خۆیان بێت .

ئەمجا با بێینەوە سەر باسی (مجارو ئاوار) ئەمانە دوو تیرەی ترن لە جنوبی روسیەی ئیستە لای رووباری فۆلگاو دینیەپەرادا ژیاون ئەمانە بە رەگەز وجنسیەت تورکمانن وە تێکەلاو بەیەکتری بوون، وە نەتەوەی ((خەزەر) یش هەر تێکەڵ بە مجار بوو، لەکاتی ئارامگرتنو کۆچ و رەوی دەشتەکانی جنوبی رووسیەدا لە (٨٩٠) میلادی .

زۆری نەبرد کۆمەڵی عیلانی (پەچەنك) پەلاماری ئەمانەیداوە، ئەمانە لەترسی پەچەنکەکان بەرەو رووباری طونە ((دانوب رایانکردووە وە لەوێوە چوونەتە مجارستانی ئێستە لەوێ گیرساونەتەوە. تا ئێستا نەزانراوە کە ناوی مجار لە چییەوە هاتووە، ئەڵێن مجارەکان خۆیان بە خۆیان وتوە مجار (٩٠٧) میلاد.

ئەو حەلـە ئەمانــە درِنــدە و كێویـی و كۆچـەر بــوون ، تەنانــەت لـە مجارستانیشا ماوەیەكی زۆر هەر لەژێر هەواردا ژیاون . گۆشتیان بە ئاگر گەرم ئەكردو ئـەیانخوارد وە ((٥٠)) سالێك بە تالأن‌و هێرش بردن ئەوروپای ناوەندیـان پەرێشانكردوە ئەمانـە سالّی (٨٧٠) میـلادی چوونـە سەر ئـاینی عیسایی وە لـە سایەی ئـەم ئایینـەوە هێمن بوونەوە و گرِوكەی كێوێتییان كەمبووەوە دامەزرانو تێكەلأو بەنەتـەوەكانی ئـەوروپا بوون‌و وەك هۆنەكانی خزمیـان بەسـەرهات . كـە ئـەتیللا مـرد پەرشوبلأوبوونـەوە و كەس بە سەروشوێنی ئەزانین كەمێكیان نەبێت كە خۆیان گەیاندەوە رِووبـاری ڤۆلگا لە شیمالی دەریـای خـەزەردا بـەلأم بولغارەكـان كـە ئـەمانیش تورانـین سـەردەمێك لـە شیمالی دەریای (خەزەر)دا ژیاون وە لەتاو هەلّمەتی تیرەكانی لای رِۆژهەلأتیان رِوویـان كردۆتـە رِوبـاری گونـە (دانـوب) وە لێــی پەرِیونەتــەوە بــۆ بــەری بالّقانــەكان وە لــە بولغارستانی ئیستەدا دامەزراون (٦٨٠) میلادی.

ئەم بولغارانە ئەگەرچی بەرِەگەز توركن، بــەلأم لەگـەلّ سلاڤەكاندا زۆر پێكـەوەژیاون ..خوورِەوشتی ئەوانیان هەلگرتووە ...بەرە بـەرە هـەتا زمانیشیان گۆرِاوە چۆتەسـەر زمانی سلاڤەكان، بەم چەشنە بولغاریەكان ئەگەرچی بەرِەگەز توركن بـەلأم بە زبـان سلاڤن وە هیچ ئاساری توركیان تیانـەماوە بوونەتـە تیرەیـەك لـە سلاڤەكانی بالّقان. سـەردەمێك بـەهێز بـوون بـەلأم بیزانسـەكان كزیـانكردن وە ئیستە خۆشیان شـانازی بەرِەگەزی سلاڤەوە ئەكەن.

****

ناوەڕۆك

ژ	بابەت	لاپەڕە
١	زمان	١١٨
٢	کورد لە چەرخی بیستەما	٢٩٤
٢	پەیدا بوونی حکومەتی هەرە کۆنی زاغرۆس	٤١
٣	شۆڕشی ئاگری داخ	٢٩٨
٤	مـاددو فورس	٨١
٥	سەرەتا	٧
٦	کورتەی تگوراتی مێژوویی زمانی کوردی	١٢١
٧	حکومەتی بەرزیکانی	١٦٨
٨	قەڵاچۆی خێلاتی موکریان	٢٧٣
٩	شارستانییەتی کورد پاش ئیسلامیەت	٣٠٤
١٠	نەتەوەی کورد تورکمان نیە	٣٣٨
١١	ناوەرۆك	٣٦٢
١٢	پێش ڕەو	٩
١٣	سەرەتای پەیدا بوونی ئادەمیزاد لە سەرزەمین	١١
١٤	ئینسانی پێش مێژوو چۆن ژیاوە	١٥
١٥	کوردستان کوێیە	٢٠
١٦	باسی جوغرافیای کوردستان و نەتەوەکانی	٢٢
١٧	هەڵکەوتنی سروشتی مەڵبەندی کوردستان و تەئثیر کردنی لەگیانی کوردا	٢٧
١٨	ئاوو هەوای کوردستان	٣١
١٩	کورد لە کوردستانا پەیدا بووە	٣٥
٢٠	نەتەوە هەرە کۆنەکانی ڕۆژاوای ئێران و ڕۆژهەڵاتی عێراق	٣٧
٢١	رەگەزی نەتەوە کۆنەکانی عێراق و پەیابوونی مەدەنیەت	٤٢
٢٢	شارستانیەت مەدەنیتی (عیلام)	٤٩
٢٣	مەدەنیەتی لۆللۆ و گۆتۆ	٥٩
٢٤	دەوری بەرز بوونەوی کاسی	٦٢
٢٥	دەوری نوشوست	٦٣

٢٦	مەدەنیەتی کاسیەکان	٦٥
٢٧	مەدەنیەتی میتانیەکان	٦٨
٢٨	ئەهالی کۆنی رۆژهەلاتی (ئەنەدۆل)	٧٠
٢٩	کۆچ و رەوی دوایی هاتنی ئەقوامی ئاری تازە	٧٦
٣٠	ووتاری تەئریخی	٧٨
٣١	وەستانندنی کۆچ و رەوو پەیدابوونی نەتەوەی دوایی (ئاری) ی ئێستا	٨٠
٣٢	حکومەتی مـاد (٨٦٠ – ٥٥٠) پ . م	٨٤
٣٣	پشێوی وولاتی مادو هەلسانی قەومی (پارس – فورس)	٩٢
٣٤	لەناوچوونی مێدیە	٩٢
٣٥	حکومەتی (فارس – ئێران) ی کۆن (٥٥٠ پ . م)	٩٦
٣٦	ناوی کورد چۆن ساغ بووەتەوە	٩٧
٣٧	دوای لەناوچوونی (ماد) مێژووی کورد	٩٩
٣٨	مادی بچوك	١٠٤
٣٩	مەدەنیەت و نەژادی کورد	١٠٥
٤٠	ئایین و بروا	١٠٨
٤١	زەردەشت	١١٣
٤٢	پەیدا بوونی ئاینی ئیسلام و لەناو چوونی کەیانی ئاری کۆن	١٢٦
٤٣	رووخانی ئیمپراتۆریەتی ئێران	١٢٨
٤٤	سەرنەوانندنب کوردستان	١٣٩
٤٥	موسولمان بوونی قەومی کورد	١٤٢
٤٦	دوای ئیسلامەتی هەوالی مێژوویی کوردو کوردستان	١٤٥
٤٧	دەوری سەربەخۆیی کورد	١٤٨
٤٨	حکومەتی سالاریە	١٤٩
٤٩	حکومەتی روادی لە ئازەربایجان	١٥٠
٥٠	حکومەتی دۆستەکی و مەروانی	١٥٩
٥١	حکومەتی ئەیوبی	١٧٤
٥٢	حکومەتی وردەلەکانی کورد	٢٠٧
٥٣	حکومەتی زەند	٢١٠

تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

نووسەر لەچەند دێڕێکدا :

- ساڵی ١٨٨٥ لەسلێمانی لەدایك بووە.
- قوتابخانەی روشدیەی عەسکەریی لەسلێمانی تەواو کردووە.
- ئامادەیی عەسکەریی لەبەغدا تەواو کردووە.
- کۆلێژی عەسکەریی سوڵتانی لە ئەستەنبوڵ تەواو کردووە.
- لەسوپای عوسمانیدا بووە بە ئەفسەر، لەکۆتایی شەڕی یەکەمی جیهانیدا مولازمی یەکەم بوو کە خانەنشین کرا.
- لەسەردەمی پێکهاتنی حکومەتی شێخ مەحمودا بووە بەمامۆستای جوگرافیا و مێژوو لە قوتابخانەی مەحمودیە.
- بەڕێوەبەری قوتابخانەی فەیسەڵیە بووە. پاشان بەڕێوەبەری قوتابخانەی سلێمانی.
- لەساڵی ١٩٣٥ لەسەر کوردایەتی خانەنشین کرا.
- یەکێ بوو لە دامەزرێنەرانی رۆژنامەی بانگی کوردستان لەسلێمانی ساڵی ١٩٢٢.
- لەساڵی ١٩٣٧ رۆژنامەی (ژیان)ی لەسلێمانی دەرکردووە.
- لە ئابی ساڵی ١٩٦٨ لە شاری سلێمانی کۆچی دوایی کردووە.

لەبەرهەمەکانی :

- مێژووی گەلی کورد لەکۆنەوە تا ئەمرۆ.
- بەراوردێکی تەئریخی.
- نەتەوەی کورد تورکمان نیە.
- لەولاتی گولە زەنبەقی سپیا.
- لەگەلّ کۆمەلّێك وتاری مێژوویی لە گۆڤارو رۆژنامەکاندا.

نرخی(6000) دینار